عبدالکریم فتاح

١٧

حیکمەتی ئیران پیران

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

رۆمان

چاپی دووەم 2017

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

"حیکمەتی پیران"

"رۆمان"

نووسینی

مامۆستا عبدالکریم فتاح

چاپی دووەم ١٤٣٨ ك - ٢٠١٧ ز

ناوی کتێب: "حیکمەتی پیران".

بابەت: رۆمان.

نووسینی: مامۆستا عبدالکریم فتاح.

نەخشەسازی ناوەوە: احمد خالد

تایپ: وەرگێڕ.

نۆرەو ساڵی چاپ: دووەم ٢٠١٧ زایینی.

تیراژ: (١٠٠٠) دانە.

نرخ: (٨٠٠٠) دینار

چاپخانە: هێڤی

بەسەرپەرشتی: نەهرۆ محمود

ژمارەی سپاردن: (١٤٨٧)ی ساڵی ٢٠١٠ لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی دراوەتێ.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

نووری حەقیقەت

١٧

نووری حەقیقەت

Nuri.haqeeqat@gmail.com



به ڕۆحی مەزنی

"مەولانای شارەزووری"

پێشکەش بێت...

نووسەر لە چەند دێڕێکدا :

❖ لە دایکبووی ساڵی "١٩٦٣"شارەزوور، قوتابخانەی سەرەتایی ساڵی "١٩٧٦"لە گوندی "نەوێ"ی بناری شارەزوور تەواو کردووە، قوتابخانەی ناوەندی لە دواناوەندی "سەیدسادق"ساڵی "١٩٨٢"بڕیوە، قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەی "هەڵکەوت" لە سلێمانی ساڵی "١٩٨٦" تەواو کردووەو لە زانکۆی "موسڵ" وەرگیراوە و دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی ئینگلیزی- ساڵی "١٩٩٢"ە...

❖ نووسەر خاوەنی چەندین باس و لێکۆڵینەوەی فیکری یە و لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسیدا ئامادەبوونی هەیە، پێش نووسینی ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی "گەڕانەوە بۆ مەرگ"ی دەرکردووەو کەوتنە بازاڕی ڕۆمانی "حیکمەتی پیران" دووەمین ڕۆمانییەتی...

E- mail :abdulkareemfatah@yahoo.com

کەسایەتییە دیاریەکانی ناو ڕۆمانەکە:

- موهتەدا
- مەنسووری عەتتار
- مەریەمی مەلەکووتی
- میهری
- مەعسومە
- مەلای گەورە
- نازداری مەلەکووتی
- سمکۆ
- کاك عەبدوڵڵای مەنگوری
- مەلا عاسی
- ڕاز
- ڕاوێژ
- شاروخ
- جوتیار
- یوسوف
- سەیوان
- مامۆستا ئەحمەد
- خاڵە مەولود
- فاتمە

- لاڤه
- سێبەر خان
- ئالان
- کەمال
- شاسوار
- نەسرین خان

بەشی یەکەم

-١-

مەنسووری عەتتار

"مەنسووری عەتتار"یەکێك لە ناودارانی شارەکەی خۆی بوو، بە ئیش و کاری عەتتارییەوە خەریك بوو، خاوەنی بنەماڵەیەکی ناودار و خانەدان بوو، باپیرانی- یەك لە دوای یەك- بەشداری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستانیان کرد بوو،"مەنسوور"پیاوێکی ژیر و عەتتارێکی لێزان بوو، لە"ئەستەمبوڵ و حەڵەب و دیمەشق"ەوە بۆنی جۆراوجۆری بە کوپە و مەرکانەی گەورە بۆ ڕەوانە دەکرا و ئەویش بە جوانترین شێوە و زانستییانەترین ڕێگا ماددە سەرەتاییەکانی تێکەڵ دەکرد و بۆنی سەیر و فێنکی لێوە بەرهەم دەهێنان...

کەسانێك هەبوون هەوڵیان دەدا- لە چەند ڕێگەیەکەوە- نهێنی ئەو پیشەیەی لێوە فێر ببن و پاشان کێبەرکێی بازاڕی ئەوی پێ بکەن، بەڵام نهێنی ئەو تێکەڵکردنانە تەنانەت نزیکترین کەس لە"مەنسوور"ەوە پەی پێ نەدەبرد و نەیان دەتوانی ڕێژە و جۆر و ڕادەی تێکەڵکردنەکان شارەزا بن،"مەنسوور" بە هەموو ئەوانەی دەیانویست نهێنی پیشەکەی لێ بدزن دەیوت : وەرن ئێوەش دوکان دابنێن و من هەموو جۆرە بۆنێکتان پێ دەدەم و بازاڕتان بۆ دەکەمەوە...

"مەنسور"دەستی زۆربەی عەتتاری ناوچەکەی گرت بوو، ئەو بوو فێری کەسابەتی کرد بوون، بە بەردەوامی بە پێدانی بۆنی جۆراوجۆر کە خۆی بەرهەمی

دەهێنا کۆمەکی دەکردن، بەڵام چەند کەسێك لەوانە چاوچنۆك بوون و دەیانویست نهێنی ئەو زانستە دەگمەنەی بۆنی دڵڕفێنی پێ بەرهەم دەهێنێت فێر ببن، هەموو ئەو کەسانە هیچیان دروێنە نەکرد و لە کار و کاسپی بازاڕپشدا پاشەکشێیان کرد، مەگەر کەسانێك دەستی خۆیان بخستبایەتە ناو دەستی"مەنسووری عەتتار"و وەك بازرگانێکی لێزان و مامۆستایەکی عەتتار کاری لێوە فێر بوونایە...

عەتر و بۆنی"مەنسوور"بە ئەندازەیەك ناوبانگی دەرکرد بازرگانیی پێچەوانەی بۆ دروست بوویەوە و زۆرجار هەر ئەوانەی لە ئەستەمبوڵ و حەڵەب و دیمەشقەوە کەرەستەیان بۆ دەنارد داوایان لێ دەکرد دوای دروستکردنی بۆنی ناوازە لەو کەرەستانە جارێکی تر"مەنسوور"بۆیان ڕەوانە بکاتەوە، چونکە لە لای ئەوان بۆنەکانی ئەو داواکارییەکی زۆری لەسەر بوو، جارێك لە حەڵەبەوە دەستەیە عەتتار کۆ دەبنەوە و دێنە سەردانی"مەنسوور"و چەند شەو و ڕۆژێك لە لای دەمێننەوە تاکو لە نهێنی زانستی تێکەڵکردنی ئەو بۆنانە تێ بگەن و بتوانن لە دوای گەڕانەوەیان بۆ خۆیان دروستی بکەن، دەڵێن"مەنسوور"پێی وت بوون: (گەر بەبەرچاوتانەوە و لەبەردەم ئێوەدا بۆنێك دروست بکەم دواتر دەتوانن وەکو ئەوەی من ئامادەی بکەنەوە؟)

ئەوانیش دەڵێن: (تەنها یەکجار لەبەردەم ئێمەدا کارەکەت ئەنجام بدە و بڕ و ڕێژەکانمان پێ بڵێ)

ئەویش پێیان دەڵێت: (بەڵێن دەدەن دوای ئەوە هیچی ترم لێ داوا نەکەن؟)

ئەوانیش دەڵێن : بەڵێن بێت...

"مەنسوور"دەیانباتە تاقیگە فراوانەکەی تەنیشتی ماڵەکەیان و پێنج کەمۆڵەی گەورەی عەتر لە ڕەفەکان دادەگرێت و لە هەریەکەیان بە ڕێژەیەك دەچۆڕێنێتە کەمۆڵەیەکی خاڵی یەوە و پاشان بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سەری

کەمۆڵەکـە دادەپۆشـێت و ئـەوجا سـەری بـەرز دەکاتـەوە، هەنـدێکی لـە دەسـتمالێك دەدات و دەیـدات بـە لـووتی عەتتارەکانـدا، پـاش کـەمێك هـەموو خـەویان لێدەکـەوێتت و کاتێـك بـە ئاگـا دێـن هیچـیان دەربـارەی ماددەکـان و ڕێژەی تێکەڵکردنەکان لە بیر نەماوە، لـەو کـارەی"مەنسـوور"ەوە عـەتتارەکان بۆیان دەرکەوت"مەنسـوور"زۆر زانـاترە لـەوەی ئـەوان بیریـان لـێ دەکـردەوە، بۆیە بە ڕێگەیەکی تر بـۆی دێـن و دوو خـاڵ دەخەنـە بـەردەمی: یەکـەمیان پـێ فرۆشتنی نهـێنی ئـەو زانسـتە بـە پارەیـەکی زۆر، دووەمیـان ماڵەکـەی بهێنێتـە حەڵەب و خانوو و دوکانی لەسەر ئەوان بێت و هەر هەموو پێکەوە بازرگـانی بـە بۆن بکەن، لـە وەلأمیانـدا"مەنسـوور"دەڵێـت: نـاتوانم ولأتـی خـۆم بـەجێبهێڵم، فرۆشتنی ئەو زانستەش ناپاکی و پەیمان شکێنی یە بەرانبـەر بـەو بەڵێنـەی بـە مامۆستاکەم داوە، چونکە داوای لێکردووم نهێنی پیشەکە بپارێزم و تـەنها یـەك کەس– ئەویش گـەر پێویست بێـت– ئـەو کـارە لـە منـەوە فێـر ببێـت، دیـاری کردنی ئەو کەسەش دیسان لە دەستی منداا نی یە...

بازرگانـەکان بـۆ ولأتـی خۆیـان دەگەڕێنـەوە و تـەنها بـەڵێنی ئـەوەی لـێ وەردەگرن بـە بـەردەوامی کۆمـەکیان بکـات و لـەو جـۆرە بۆنـە نایابانـەیان بـۆ بنێرێت،"مەنسوور"یش داوا لەوان دەکات لە ناردنی کەرەستەی خاو و مـاددەی سەرەتایی دەستیان نەگۆڕن و هەروەك جاران بۆی ڕەوانە بکەن...

"مەنسووری عـەتتار"چـەندین نەخۆشـی بـە بـۆن چارەسـەر دەکـرد، جـۆرە بۆنێکی دروست دەکرد مرۆڤی خەمۆکی دەهێنایـە پێکـەنین و سـەما و سـروور، دەیتوانی لە ڕێگەی بۆنەوە ئـەو ژن و مێردانـەی بەرانبـەر یـەکتری سـارد و بـێ مـەیلن گـەرمیان بکاتـەوە و خۆشەویسـتی بخاتـەوە نێوانیـان، بـەهۆی جـۆرە بۆنێکەوە شەوق و هیوای بە پیرەمێردەکان دەبەخشی و نەیدەهێڵا ڕووبـەڕووی خەمۆکی و تەنهایی تەمەنی پـیری ببنـەوە، بـۆنی گەنجانـەی دروست دەکـرد و هـەموو گیانیـانی پـڕ لـە خۆشـی و جـوانی دەکـرد، کەسـی تـووش بـوو بـە

نەخۆشی"دوو کەرتبوونی کەسایەتی"لە لای"مەنسوور"بە بۆنێکی تایبەت ئارام دەکرایەوە و دەبوویەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی...

ناوبانگی"مەنسوور"بۆ بۆنی دڵرفێن هەروەک بۆنە خۆشەکانی بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاو بوو بوویەوە، لە"شام و ئێران"دا مەنسووری عەتتار دەناسرا و قسە و باس لەسەر بۆنەکانی دەکرا بە تایبەت دوای هاتنی ئەو کۆمەڵە عەتتارە و بڵاوە کردنی ئەو ڕووداوە سەیر و سەمەرەی لە عەتتارەکان ڕوویدا و"مەنسوور"بە بۆن خەوی لێ خستن...

جارێک"شاژن"ی ئێران چەند پیاوێکی خۆی ڕەوانەی لای"مەنسووری عەتتار"دەکات، ئەوانیش داوای لێ دەکەن بانگهێشتێکی شاهانە قبوڵ بکا و سەردانێکی"ئێران"بکات،"مەنسوور" ترسێک گیانی دادەگرێ و دەچێتە لای"پیری مەزن"و لەو بارەوە پرسوڕای پێ دەکات، ئەویش مۆڵەتی دەدا و پێی دەڵێت: دەتوانیت بەدەم بانگهێشتەکەوە بڕۆیت، بەڵام لە بیرت بێ ئەوەی پێت دراوە زانستێکی زۆر تایبەتە و بەهرەیەکی خودایی و مامەڵەی دونیایی لەگەڵ دەسەڵاتداران لەسەر ناکرێت، بە عیززەتی شاهانەوە بڕۆ و بە سەربەرزییەوە بگەڕێرەوە، ئەگەر کارێکت بۆ کرد و ویستت بەرانبەری لێوەربگریت ئەوا داوای بەردانی ئەو گوندنشینانە بکە بە تاوانی پشتگیری کردن لە نەیارانی"شا"ی ئێران زیندانیی کراون...

"پیری مەزن" لە بنەماڵەیەکەوە هات بوو بە زانست و عیرفان بەناوبانگ بوون، ئەوان ئەو سەرچاوەیە بوون بە بەردەوامی ئارامی و ئاسودەیی بەسەر مەردووماندا پەخش دەکردەوە، ئاوێکی سازگار بوون سارا و بیابانیان پاراو دەکرد، نوورێکی ڕۆشنی سەر لووتکەی چیاکەک بوون لە شەوە نووتەکەکاندا هەزاران ڕێبواری وێڵیان ڕێنموویی دەکرد...

"مەنسوور" لەگەڵ ئەو چەند پیاوەدا بۆ"ئێران"بەڕێ دەکەوێت و پاش چەند ڕۆژێک دەگەنە بەرەوە و پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێدەکرێ و دەیبەنە

جێگەی حەوانەوە، بۆ بەیانی"شاژن"پیاوێك لە دووی دەنێرێت و دەیبەن بۆ کۆشکەکەی، دوای بەخێرهاتن "شابانوو"پرسیاری نهێنی ئەو زانستەی لێ دەکات و ئەویش لە وەلآمدا دەڵێت: ئەوە زانستێکە تایبەتە بە خۆم و ناتوانم لای کەس باسی لێوە بکەم، چونکە بەڵێنم بە مامۆستاکەم داوە بۆ کەسی نەخەمە ڕوو...

"شابانوو"پرسیاری مامۆستاکەی دەکات، لە وەلآمدا "مەنسوور"دەڵێت: ناتوانم ناوی بهێنم و دیسان ئەوەش ئەمانەتە...

شاژن پێی دەڵێت: زانینی ئەو نهێنییە و ناوی مامۆستاکەت لای من گرنگ نی یە، ئەوەی لە لام گرنگە ئەوەیە مالّت بهێنی بۆ"تاران"و لێرە کار و کەسابەت بکەیت، هەرچی تۆ دەتەوێ من بۆت جێبەجێ دەکەم: خانوو، دوکان، تاقیگە، شاگرد... هەموو ئەوانە لە خزمەتت دادەنێم..)

ئەویش لە وەلآم دا دەڵێت: خاتوون، من ناتوانم ولآتی خۆم بەجێبهێڵم، خودا بۆ ولآتی خۆمی دروست کردووم، گەر بەشی ئەم ولآتە بوومایە لێرە نیشتەجێی دەکردم، بێ حیکمەت نییە لە نیشتمانێکی هەژاری وەك ولآتی خۆم لە دایك بووم...

وەلآمەکەی مەنسوور بە دڵی"شابانوو"نابێت و بە توانجەوە پێی دەڵێت: خەڵکی ئێوە گوندنشین و دواکەوتوون لە کوێ دەزانن بۆنی خۆش بەکار بهێنن؟! بۆن تایبەتمەندی خەڵکی شار و پێشکەوتووانە...

"مەنسوور"لە وەلآمدا دەڵێت: ئێمە کە دەزانین دروستی بکەین بڵێی نەزانین بەکاری بهێنین؟!

"شاژن"هەست دەکات قسەیەکی ڕەق و بێ تامی لە ڕووی ئەم عەتتارە کوردە داوە، بۆیە بە قسەکەی خۆیدا دەچێتەوە و دەڵێت: مەبەستم سووکایەتی کردن نەبوو بە میللەتەکەت، نەخێر تەنها دەمویست بڵێم لە شارە گەورەکاندا بازاڕی بۆن و کاری عەتتاری سەرکەوتووە...

مەنسوور دەڵێت: خاتوون، ئێمەی میللەتی هەژار تەنها خودامان هەیە..

"شاژن"وا هەست دەکات ئەم عەتتارە زیاد لە بەڕەی خۆی پێ ڕادەکێشێت، بۆیە پێی دەڵێت: من تۆم بۆ ئێرە نەهێناوە باسی سیاسەتم بۆ بکەی، تۆ تەنها عەتتارێکی و بەس...

مەنسوور – هەندێك بە تونـدی– : خـاتوون، تـۆ دەزانیـت مـن بۆخـۆم نەهاتوومەتە ئێرە و ئێوە لەدووی منتان ناردووە، لەگەڵ ئەوەش مـن غـەریبم و خەڵکی ولاتێکی ترم...

"شاژن"هەندێك بایدایەوە و وتی: تۆ میوانی ئێمەیت و بـەخێر بێیـت، ئێسـتا پێم بڵێ دەتـوانی چ جـۆرە بۆنێکمـان پێشـکەش بکـەیت تـاکو توانـا و زانسـتی خۆتی تیا بنوێنیت؟

مەنسوور: هەر بۆنێکی سەراسیمە دروست بکەم هیچ ئازایەتییەکی منی تێدا نی یە و گەورەیی بۆ مامۆستاکەمە و من تەنها شوکری خودا و ئەوم لەسەرە..

شاژن: هەرچۆنێك بێت، دەمەوێت توانای تۆ لە عەتتاریدا ببینم...

مەنسوور: بۆ دروستکردنی چ جۆرە بۆنێك منت بانگهێش کردووە، دەرونـی خۆت والاّ بکە و نهێنی خۆتم بۆ بدرکێنە...

کاتێك "شاژن"ئەو قسەی"مەنسوور"ی بیست زانی ئەم عەتتارە کوردە– لە پاڵ زانستی وردی عەتتاریدا– پیاوێکی دەروونناسە و کەسێکی سادە نـی یـە وەك ئەوەی ئـەو وێنـای کـرد بـوو، بۆیـە سـەیری یـەکێك لـە پیاوەکـانی کـرد و ئاماژەی دا بەوەی بچنە دەرەوە، ئـەوانیش چـوونە دەرەوە و تـەنها خـانمێکی بەردەستی"شـاژن"مایـەوە و پـاش ماوەیـەك لـە بێـدەنگی"شـاژن"وتـی: بـرای عەتتار تۆ کەسێکی شارەزا و لێزانیت و زۆر بە جوانی لـە مەبەسـتی هاتنەکـەت گەیشتووی، من گرفتێکم هەیە و دەبێ بۆم چارەسەر بکەیت...

مەنسوور: (چ جۆرە گرفتێك؟)

شاژن: (من بەرانبەر بە"شا"ساردم و دەمەوێت بەو جۆرە نەبم، وام بیستووە تۆ دەتوانیت بۆنی سەیر و سەمەرە دروست بکەیت و بەهۆیەوە خۆشەویستی بخەیە نێوان ژن و مێردەوە)

مەنسوور: (دەمەوێت زۆرتر گوێت لێ بگرم)

"شاژن"بە دوور و درێژی باسی پەیوەندی ژن و مێردایەتی نێوان خۆی و"شا"ی بۆ کرد و پاشان وتی: (کۆی ئەم قسانە نهێنین و چوونە دەرەوەیان دەبێتە هۆی تیاچوونت، خۆت دەزانی ئەم باسانە پەیوەندی بە ئەمنی دەوڵەتەوە هەیە و لێرە و لەوێ درکاندنی باسی سەرە)

مەنسوور: (خاتوون، باس نەکردنی ئەم قسانە و نەبردنە دەرەوەی لە لایەن منەوە لە ترسی هەڕەشە و گوڕەشەی تۆ نی یە و ناشزانم ئەمنی دەوڵەت یانی چی، باس نەکردنی نهێنییەکان تەنها لەبەر یەك شتە ئەویش پارێزگاری کردنە لە ئەمانەتی مەردوومان، من سالآنە دەیان و سەدان شتی لەو جۆرە دێتە بەر دەستم، پزیشك و حەکیم مەحرەمە و وەك باوك و برا و خوشك و دایك گوێ بۆ نەخۆشەکان دەگرێت)

شاژن: (باوەڕت پێ دەکەم)

مەنسوور: (گەر ئەو گرفتەت بۆ چارەسەر بکەم تۆ چ بەڵێنێك بە من دەدەی؟)

شاژن: (داواکاریت چی یە؟)

مەنسوور: (بەردانی کۆمەڵێك گوندنشین بە تاوانی کۆمەکی کردنی نەیارانی"شا"حوکمی زیندانی هەتا هەتاییان بەسەردا دراوە)

شاژن: (داوایەکەت جێبەجێ کردنی ئاسان نی یە)

مەنسوور: (هەموو شتێك هەر چەند گران بێت لای خاتوونی گەورە ئاسانە)

شاژن: (لە پاڵ بەهرەی عەتتاریدا زمانیشت پاراوە)

مەنسوور: ("شاژن"خەڵکی نەزان بانگهێشی کۆشکی خۆی ناکات)

شاژن: (ئەمەشت لەویتر بەهێزتر بوو)

مەنسوور: (مرۆڤ کەسی گەورەی لە پشت بێت هەمیشە بەهێزە)

"مەنسوور"مەبەستی بە کەسی بەهێز"پیری مەزن"بوو، بەڵام لەبەرئەوەی"شاژن"لەسەر مەدح و سەنای مەردوومان ڕاهاتبوو وای دەزانی مەبەستی بە کەسی بەهێز"شاژن"خۆیەتی، بۆیە بە بزەیەکی کاڵ وەڵامی"مەنسوور"ی دایەوە و وتی: (من هەوڵی خۆم لە لای"شا"دەخەمە گەڕ، بەڵام گەر پێشتر بۆنەکەی تۆ بە دەستم بگات دەبێتە هۆی سەرکەوتنم لە کارەکەم)

"مەنسوور"لە قسەکەی"شاژن"حاڵی بوو، ئەو مەبەستییەتی بڵێت: بۆنەکەم فریا بخە بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ"شا" کەشێك بڕەخسێنم و تیایدا داواکەی تۆی پێ بڵێم...

"مەنسوور"دەترسا دوای پێدانی بۆنەکە کاریان پێی نەمێنێت و پەلی بگرن و فڕێی بدەنە دەرەوە، بۆیە بیری لە دوو شت کردەوە، یەکەمیان: دەبێت بڕێکی زۆر کەمی لەو بۆنە بۆ دروست بکات و پاشانیش بەڵێنی لێ وەربگرێت بۆ بەردانی ئەو گوندنشینانە و بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی خۆی بەتەواوی بەگەڕ بخات، مەنسوور ئەوەی بە بیردا هات"شاژن"ناتوانێت داواکەی جێبەجێ نەکات، چونکە نهێنی ژن و مێردایەتی ئەو و"شا"ی کەوتۆتە ژێر دەست، سەرێکیش بیری لەوە دەکردەوە"بڵێی"شاژن"بۆ شاردنەوەی ئەو نهێنییە ناپاکی لەگەڵ بکات و بیکوژێت؟! باشتر وایە نهێنی دروستکردنی بۆنەکە نەخاتە ژێر دەستی و تەنها بەشی یەکجاری بۆ دروست بکات...

پاش ئەو بیرکردنەوە وردە بە"شاژن"ی وت: (تۆ دەبێت کەسێك بۆ من تەرخان بکەی بۆ ئەوەی لەگەڵم بێتە بازاڕ و لای عەتتارەکان ماددە خاوەکانی دروستکردنی ئەو بۆنە بەدەست بخەم..)

شاژن: (له دەرەوە دوو کەس لە خزمەتی تۆدان و بۆ ئەو کارە چاوەڕوانن)

مەنسوور: (تەنها یەک کەسم بەسە)

شاژن: (با دوو کەس لە خزمەتت دا بێت)

"مەنسوور"داوای مۆڵەتی لە"شاژن"کرد و لەگەڵ دوو پیاوەکەدا چوونە بازاڕ، ئەو ماددانەی کە پێویست بوون بە دەستی هێنا وچوار پێنج ماددەی تری ناپێویستی بەگەڕخست تاکو سەریان لێ تێک بدات، چونکە وای هەست دەکرد یەکێک لەو دوو پیاوە عەتتاریکی زۆر لێزانە و بۆ دزینی نهێنی دروستکردنی بۆنەکە"شاژن" بەدووی خستووە، هەموو ماددەکانی هێنایەوە بۆ جێگەی حەوانەوە، لە سێ کەمۆڵەدا دەستی بەتێکەڵکردنیان کرد، بەجۆرێک ڕێژە و جۆری ماددەکان و شێوەی تێکەڵکردنەکەی ئاڵۆز کرد بە پەنجا عەتتاری لێزان نهێنییەکە نەدەزانرا و پەی پێ نەدەبرا، پاشان لەو گشتە بۆنە تەنها بەشی یەکجار بۆنکردنی جیا کردەوە، لە دەست ماڵێکی نا و بۆ شاژنی برد و پێی وت: (هەرچەند ئەم بڕە زۆر کەمە، بەڵام گەر ئەو کۆمەڵە گوندنشینەم بۆ بەر بدەی لەم بۆنە بەهێزتر و کاریگەرترت بۆ دروست دەکەم)

شاژن: (ئەی بۆ ئەم جارە دروستت نەکرد؟)

مەنسوور دەیزانی بۆچی"شاژن"ئەو پرسیارە دەکات، بۆیە وەڵامێکی دروستی دۆزییەوە و وتی: (ماددە ڕەسەن و کەرەستە ئەسڵەکانی خۆمم لەبەر دەستدا نی یە)

شاژن: (یانی لەم"تاران"ە مەزنەدا لەو بۆنانەی تۆی تێدا نەبوو؟!)

مەنسوور: (ئەو بۆنانەی لە ژێر دەستی منداید بەشێکی لە حەڵەب و دیمەشق و ئەستەمبوڵەوە بۆم دێت و بەشێکی تریشی لە گوڵ و گوڵزاری ولاتی خۆمان دروستی دەکەم)

شاژن: (من سبەینێ لەسەر بەندییەکان وەلامت لێ دەگێڕمەوە و ئەم شەویش نهێنی ئەم بۆنە سیحرئامێزەی تۆ دەردەکەوێت)

سـبەینێ"شـاژن"لـە دووی"مەنسـوور"ی نـارد و لەگـەڵ هاتنـە ژوورەوەیدا"شاژن"هەستایە سەر پێ و فەرمووی لێکرد، مەنسوور لە دڵی خۆیدا وتی: (دیارە بۆنەکەی پێکەوتووە، بۆیە ئەوەندە بەگەرمی پێشوازیم لێ دەکا)

"شاژن"ڕووی لە مەنسوور کرد و وتـی: (بەڕاسـتی تـۆ کەسـێکی زانـا و بـە توانای، نەم دەتوانی باوەڕ بکەم کـە بـۆنی خـۆش مـرۆڤ دەگۆڕێـت، بـەڵام ئـەو بۆنەی تۆ پێی سەلماندم، خاوەنشکۆ لە من سەراسـیمە بـوو بـوو، ئـەو هـەرگیز منی بەوجۆرە نەبینی بوو، چەند جارێك دای لە قاقای پێکەنین، پرسیاری نهێنی ئەو گەرمۆ و گوڕییەی لێکردم، منیش باسی بۆنە دڵڕفێنەکەم بۆکرد، بـەڵام نـاوی تۆم لا نەهێنا، لە کۆتاییدا داوایەکەم پێ گەیاند و ئـەویش بـە میهرەبـانی خـۆی بڕیاری لێخۆش بوونی بۆ دەرکردن، تـا تـۆ دەگەڕێیـەوە زێـدی خـۆت ئـەوانیش دەگەنەوە ناو خانەوادەی خۆیان، بەڵام دەبێت بەڵێننامە پـڕ بکەنـەوە جـارێکی تر ناپاکی بە مەملەکەتی"شا"ی مەزن نەکەن)

مەنسـوور: (خـاتوون، ئەوەنـدەی مـن بـزانم ئەوانـە جوتیـار و کاسـبکارن و پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نی یە و نەبووە)

شاژن: (هەرچۆنێ بێت دەبێ ئەوانە سوپاسی مەقامی بـەرزی شـاهانە بکـەن کە لێیان بوراوە و پزگاری کردوون)، پاشان"شاژن"باسەکەی گـۆڕی: (بەڕاسـت کەی بڕێکی زۆرترمان لەو بۆنە سەیرە بۆ دەنێریت؟)

مەنسوور: (هەر ئەم شەو بڕێکی زۆرترت بۆ دەنێرم)

"شاژن"سوپاسی"مەنسوور"ی کرد و داوای لێکرد ناوبەناو سەردانی بکـات و بە بۆنە خۆشـەکانی بەهرەمەنـدی بکـات،"مەنسـوور"بـەڵێنی دووبـارە سـەردان کردنەوەی نەدا و خواحافیزی لێکرد و بەو دەستکەوتە گەورەیەوە بۆ لای"پیری مەزن" گەڕایەوە، ئەو هەموو سەربوردەکەی بۆ"پیری مەزن"گێڕایەوە و مژدەی بەربوونی گوندنشینەکانی پێ ڕاگەیاند..

"مەنسووری عەتتار"عاریفێکی مەزن بوو، جێگەی پرسوڕای ئەهلی دڵ بوو، هەر لە گەنجییەوە ڕێگای سەیر و سلوکی گرتبووە بەر و لەو کاروانەشدا ڕێگای زۆری بڕی بوو، بەڵکو نزیك بوو بە شوێن و جێگەی سەرقافڵە و هەنگاوەکانی نزیك بوو بە هەنگاوەکانی"پیری مەزن".

ئەو خۆشەویستیی بۆ"پیری مەزن"گەیشت بووە ڕادەیەك ئۆقرە و ئارامی لێ بڕا بوو، کاتێ لێی دوور دەکەوتەوە شەوق و تامەزرۆبوونی بۆ"پیر"سەوداسەری دەکرد و دەبوایە لە شارەکەی خۆیەوە بۆ لای"پیر"بەگەڕبکەوتبایە و خۆی بگەیەندبایەتە کانیاوی ئارامی، کە دەگەیشتە بەرەوە نەدەحەوایەوە و وەك پەپوولە بە دەوری"پیری مەزن"دا باڵەتەپێی دەکرد...

بازاڕێکی سەراسیمە و جیهانێکی پڕ لە مەستی! ئەمەیە حەقیقەتی ئەو مەملەکەتەی عاشقان ڕووی تێ دەکەن و بۆ تەنها ساتێکیش ڕۆحیان لە باڵەتەپێ ناکەوێت، لە مەشرەبی ئەهلی دڵدا سەرمەستی و ئۆقرە لێ بڕان سروشتی هەموو ئەو کەسانەیە پێ دەنێنە مەملەکەتی عیشقەوە...

هەموو جارێك پیری مەزن دەیوت:

"مەیدانی مە مەیدانی عیشقە نە جەدەل،

عاشق دووڕە لە هەوا و دەردی مەلەل،

مەیدانی مە مەیدانی عیشق و مەیە،

لە دەروونا نالّەیە وەکو نەیە...."

مەنسووری عەتتار جێگە سەرنجی شەو و ڕۆژی"پیری مەزن"بوو، ئەو هەمیشە بیری لە"مەنسوور"دەکردەوە، لە قوولایی دڵی خۆیدا ئەوی دانا بوو، ئەم حاڵەتە ڕۆحییە "مەنسوور"ی مەست و عەودالّ کرد بوو، ئەو لە لایەن"پیر"ەوە پەلکێشی مەیخانەی دڵی"پیر"کرا بوو، لەو جێگەیەش جگە لە نۆشینی مەی و بادە چیتر هەیە ئارامی بە مرۆڤ ببەخشێت..!

"پیر"که"مەنسوور"ی دەبینی دەیوت:

وەرە سەیری هەناوم چەند بەجۆشە

وەرە لە مەیخانەی دڵ مەی بنۆشە..

ئەوەی"مەنسوور"ی مەست و عەوداڵ کرد بوو ئەو مانا قوواڵنانە بوو"پیر"هەندێك جار بە دێڕێك هۆنراوە گوزارشتی لێ دەکردن، ئەو بۆ زیاتر سووتاندنی"مەنسوور"پێی دەوت:

دەمەوێ ببمە میوانی دڵت

کەچی تۆ دەرگام لە ڕوو دادەخەی؟!

هیجر و بێ مەیلی بۆ خۆشەویستان

بۆ ئەویش سینەی سافت ڕادەخەی !

مەنسوور گریان و لەرزین هەموو گیانی داگیر دەکرد و ئەو سێ نیوە دێڕە هۆنراوە عەرەبییەی دەوتەوە کە دەڵێت:

مرضت و أنت طبيب

فهل لي من ودك نصيب

و أنت دون العالمين حبيب..

(نەخۆش کەوتم، تۆ حەکیمی گیانمی، ئایا لە خۆشەویستی خۆت بەشم دەدەی، کە جگە لە تۆ هیچ خۆشەویستێکی ترم نی یە؟)

"پیری مەزن" لە نامەیەکی عاشقانەدا بە مەنسووری سووتاوی وت بوو:

خۆم دایە ژێر باڵی عیشقێك

وام دەزانی

بەر لە هەموو عاشقانت

دەبم بە میوانی دڵت...

کاتێ هاتم

میوانان مەییان دەنۆشی

دەرگا بە ڕووما داخرا

دەریان کردم بە سەرخۆشی...

"مەنسوور"ی پەروانە لە وەڵامی نامەکەی"پیر"دا نووسی بووی:

میوانانم بەجێهێڵا

سەرقاڵی نۆشی خۆیان بن

– بۆ پێشوازیت–

منت لە خانەی دڵی خۆ

وەدەرناوە،

بێ دڵ ماوم– بێ ماڵ و حاڵ–

عاشقێکی ڕووت و ڕەجاڵ..

زۆر دەمێکە لە دووت وێڵم

دەرگای دڵم دەلەرزێنی و

خۆت وەن دەکەی،

گوایە بۆ کەلاوەی دڵم

فەرمووم لە تۆ نەکردووە !

ئادابی میوان پەزێریم

بە دڵ بەڕێ نەبردووە

گوڵم نازانی جێگەی تۆ

وێرانەی دڵی من نی یە؟

بۆ سوڵتانی مەملەکەتێ

ئەو شوێنە لام بێ ڕێزی یە...

خۆت ون مەکە،

بەهانەم بۆ مەهێنەوە،

لە هەر کوێ بی دەتدۆزمەوە

خۆم دەکەمە قۆچی قوربانی بەری پێت،

سەرم دەخەمە سەری ڕێت...

"مەنسووری عەتتار"داوای دەستی کچی خاڵی خۆی- بەناوی مەعسومە خاتوون- کرد، دوای زیاتر لە دوازدە ساڵ تەمەنی ژن و مێردی هێشتا منداڵ نەکەوتبووە نێوانیانەوە، مەعسومە خاتوون(هاوسەری مەنسوور) جۆرێک بێ هیوایی لەخۆی- بۆ منداڵ بوون- لە لا دروست بوو بوو ئەوەش خەم و ئازاری لا خولقاند بوو، بەڵام هێشتا لە قاپی بەزەیی خودا بێ هیوا نەبوو بوون و بەردەوام لە پاڕانەوەدا بوون...

"مەنسوور"دوو بەرە خانووی دروست کرد بوو، یەکێکیان بۆ خۆی و هاوسەرەکەی و ئەویتریان بۆ مانەوەی"پیری مەزن"و میوانەکانی کە سالێ یەکجار بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی موریدان و دۆستانی خۆی سەردانی شارەکەی"مەنسوور"ی دەکرد، بە درێژایی ئەو ماوەیەی دەمایەوە"مەنسوور"نەیدەهێلا ڕوو لە هیچ شوێنێکی تر بکات، بۆیە داوای لە خۆشەویستانی"پیری مەزن"دەکرد با ئەوان بێن و لەو جێگەدا سەردانی"پیر"بکەن و لای بمێننەوە، چونکە"مەنسوور"ماڵەکەی خۆی بە ماڵی"پیری مەزن"دەزانی، سوێندنی دەخوارد و دەیوت: (ڕۆژێک لە ڕۆژان وام نەزانیوە خاوەنی مالّ و پارەم، بەڵکو هەمیشە"پیر"م بە خاوەنی هەموو ئەوانە زانیوە، ئەم ماڵەش تیایدا دەژیم وادەزانم ئەوە خاوەنەکەی و بەمنی بەخشیوە، ئیتر بۆ دەبێت خزمەتی"پیر"و میوانەکانی منەت و شاباشی تێدا بێت.."

هەرواش بوو"مەنسوور"لە دڵەوە ئەو قسانەی دەکرد، ئەو پیاوێکی وەفاداری بە ئەمەك و بە نمەك بوو، هەموو ئامۆژگاری و ڕێنموونییەکانی"پیر"ی لە یاد بوو، هەر لە گەنجییەوە"پیری مەزن"دەستی گرت و ڕێگەی خێر و چاکەی نیشاندابوو، لە دونیای کەسابەتی عەتتاریشدا زۆر شت لە"پیر"ەوە فێر بوو بوو، بەڵکو مامۆستای هونەری عەتتاری مەنسوور"پیری مەزن"بوو، ئەو بوو نهێنی ئەو بۆنە دڵڕفێنانەی فێر کرد، لەگەڵ ئەوەش "پیری مەزن"نەیدەویست ناوی بهێنرێت، تەنها"مەنسوور"و چەند کەسێکی زۆر کەم ئەو ڕاستییەیان دەزانی...

لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ شارەکەی مەنسوور شەوێك"پیری مەزن"مەنسوور و مەعسومەی هاوسەری بانگ کرد و پرسیاری منداڵی لێکردن، ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: (تاکو ئێستا خودا نەیداوە و هەندێکیش لە خۆمان بێ هیوا بووین)

"پیری مەزن"لە وەڵامیاندا وتی: (دەرگای بەزەیی خودا دانەخراوە، خودا بە پیری و نەزۆکی منداڵی بە حەزرەتی"ئیبراهم"و حەزرەتی"زەکەریا"بەخشی، هەر ئەو خودایە دەتوانێت منداڵ بە ئێوە ببەخشێت)

پاشان سێوێکی پێدان و وتی: (بە یەکسانی بیکەن بە دوو لەتەوە و هەریەکەتان لەتێکی بخوات، بەڵکو منداڵێکتان پێ ببەخشێ و منداڵەکەش یەکێك بێت لە مورادانی خودا...

ئەم مژدەیەی"پیر"جێگەی دڵ خۆشی مەنسوور و مەعسومەی هاوسەری بوو، بە تایبەت مژدەی منداڵێك مورادی خودا بێت، چونکە لای ئەهلی عیرفان کەمن ئەو کەسانەی دەبن بە مورادی خودا، لە فەرهەنگی ئەهلی دڵ دا موریید کەسێکە بە دوای خودادا وێڵە و خودادۆزی دەکات و دەیەوێت پێی بگات، بەڵام مووراد کەسێکە خودا بۆخۆی پەلی دەگرێت و سەرۆکاری دەکات، خودایە ڕێگاکانی عیرفانی پێ تەی دەکات تا بە دیداری خۆی شادی بکات...

پـاش سـالێك لـه مژدەكـەی"پـیر"خـودا كـورێكی پـێ بەخشـین و دوای هەفتەیـەك"مەنسـوور"و هاوسـەرەكەی هـەڵیان گـرت و بردیـان بـۆ لای"پـیری مەزن"، ئەویش دوای دوعا و پاڕانەوە لەبەر خودا بۆ منداڵەكە و دایـك و بـاوكی ناوی لێنا"موهتەدا"و، پاشان وتی:

"موهتەدا"ش مورادی خودایە...

"موهتـەدا"تەمـەنی دوو سـاڵان بـوو"پـیری مـەزن"دونیـای بـەجێهێڵا و كەسـێكیش نـەبوو لـە دوای ئـەو جێگـەی پـڕ بكاتـەوە، بـۆ پڕكردنـەوەی ئـەو بۆشاییە ڕۆحییەی لە دوای مردنی"پـیر"ڕووی تـێ كردبـوون موریـدان لـە هـەر شارێكدا جێگەیەكیان تەرخان كرد بـوو بـۆ ئـەوەی هەفتەیـە جارێـك تیایـدا كـۆ ببنەوە و یادی خودای تیادا بكەن، مااڵی"مەنسووری عەتتار"یەكێك بوو لەو ماڵە دەگمەنانەی زانایان و موریدانی"پیر" تیایدا كۆ دەبوونەوە و یـادی خـودای تیـا دەكرا و زانستە شەرعییەكانی تێدا تاوتوێ دەكرا ...

"مەنسووری عەتتار"و خێزانەكەی ماڵێكی میوانپـەزێری خانـەدان بـوون، لـە ماڵیاندا هەفتەیە جارێك جوانترین میوانداری بـۆ میوانـەكان ئامـادە دەكـرا و بـە دڵێكـی گوشـاد و پـڕ لـە میهرەبانییـەوە پێشكەشـیان دەكـردن، "مەنسـوور" پێیخۆش بوو بە دەستی خۆی خزمەتی میوانەكان بكات، بەاڵم چـەند گـەنجێكی ڕۆح سووك خزمەت كردنەكەیان دەگرتە ئەستۆ و نەیانـدەهێاڵ "مەنسـوور" ئـەو كارە بكات...

-٢-

موهتەدا:

زانست و عیرفان، ئەرکی مامۆستایی

"موهتەدا"ی موده‌ڕیس پیاوێکی تەمەن"بیست"ساڵانی ڕەقەکاری موو ڕەش، ڕووخسارێکی سپی بە لای ڕەنگی زەرددا دەیڕوانی، لە سیما و شێوەیدا نەجابەت و جوانخاسی و پێکەوتوویی دەبینرا، ئەو کوڕە تاقانەی دایك و باوکی بوو، بۆ جوانخاسی و لێهاتوویی لە ناو ژناندا باو بوو دەیانوت: یەك منداڵت ببێ و"موهتەدا"دا بێت...

خۆشەویستی دایك و باوکی بۆ"موهتەدا"بێسنوور بوو، زۆرجار باوکی بە"مەعسومە"ی هاوسەری دەوت: (ئافرەت، دەترسم خۆشەویستی زۆرمان بۆ ئەم تاقە کوڕەمان ڕووبەڕووی لێ پرسینەوە و تاقیکردنەوەی خودامان بکاتەوە)

ئەویش دەیوت: (باوکی"موهتەدا" خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەم کوڕە سروشتییە و بە دەستی ئێمە نی یە، ئەوە بەزەییەکە خودا لە دڵ و دەروونمان داناوە، گرنگ ئەوەیە لەسەر ئەو بەخششە مەزنە شوکری خودا بکەین، ئێمە لە منداڵ بێ هیوا بوو بووین، بەڵام دوعای"پیری مەزن" بۆ ئێمە گیرا بوو... شوکر بۆ تۆ ئەی خودایە ،ئێمە ناتوانین سوپاسی بەهرە و نیعەتەکانت بکەین..)

هەر لە منداڵی یەوە "موهتەدا" لە فەزایەکی لێوان لێو بە ئایین و عیرفانی ئایینیدا پەروەردە بوو، سەردەمی منداڵی بە قوتابخانە و خوێندنی زانستە ئایینییەکانەوە بەسەر برد، ئەو منداڵێك بوو کەمتر لەگەڵ حەزی منداڵی خۆی دەژیا، کاتەکانی لە ناو قوتابخانە و حوجرە و دیوەخانە بەرینەکەی باوکیدا بەسەر دەبرد، ئەو دیوەخانەی شەوانە بە زانایان و عاریفان دەڕازایەوە و تا درەنگانێکی شەو زانستی دڵ و سەرجەم زانستە شەرعییەکانی تری تیادا باس دەکرا...

"موهتەدا" منااڵێك بوو زۆر حەزی بە خزمەت کردنی میوانەکانی باوکی بوو، بەڵکو جۆرێك لە هۆگری لەگەڵ میوانەکان و سەرجەم ئەو باس و خواسانە بۆ دروست بوو بوو، شەوان لەگەڵ سەرکردنە سەر سەرین دەکەوتە نێو جیهانێکی ترەوە، کۆی ئەو بابەتە ڕۆحییانەی لە دیوەخانەکەی باوکی باسیان لە بارەوە دەکرا بە ڕۆح و دڵ تاوتوێی دەکردن، ڕادەی دروستی و نادروستی ئەو قسانەی بۆ دەردەکەوت، پلە و پایەی سەرجەم ئەو کەسانەی نیشان دەدرا قسەیان لە بارەی عیرفانەوە دەکرد، کێشانە و پێوانەکانی دونیای عیرفان بەو جۆرە نەبوو کە لە دیوەخانەکە باسی لێوە دەکرا، تەنانەت ئەو کەسانەی هەمیشە سەری باسەکانیان دەگرتە دەست و قسەیان بۆ دەوروبەر دەکرد پلەوپایەی عیرفانیان زۆر نزمتر بوو لەو کەسانەی هەمیشە گوێیان دەگرت و بێدەنگییان هەڵدەبژارد، پیاوە هەژارەکەی دەم دەرگاکە – لەو جیهانەدا – مامۆستای ئەو زانا گەورەیە بوو هەمیشە لەسەرەوە جێگەی بۆ دادەنرا و هەتا ئەو لە مەجلیسدا بوایە کەسێك ڕووی نەدەهات دەمی بکاتەوە، جارێك ئەو زانا ئایینی یە لە گەرمەی قسە و باسدا بوو "موهتەدا" لێی هاتە دەنگ و وتی: (مامۆستا ئەوەی تۆ باسی لێوە دەکەیت بەو جۆرە نی یە، بۆچی بە هەڵە شتەکان باس دەکەی؟)

ئەو قسەیە بە بێئەدەبییەکی گەورە لە مەجلیسەکەدا لێکدرایەوە و لۆمەی "مەنسوور" ی باوکی "موهتەدا" یان کرد بۆچی ڕێگە دەدا

منداڵه"ده"سالانەکەی بێته مەجلیسێکی ئاوا شکۆدارەوە، چۆن دەبێت ئەو منداڵه بێئەدەبی بەرانبەر زانایەکی مەزن بنوێنێت؟!

زانا ئایینییەکە دەوروبەری هێور کردەوە و داوای لێکردن بێدەنگ بن، پاشان بە زمانێکی شیرین بە"موهتەدا"ی وت: (کوڕی خۆم"موهتەدا" تۆ ڕاست دەکەیت من هەڵەم و نەمپێکاوە،، ÷بەڵام پێم بڵێ چۆنت زانی من بە هەڵەدا چووم؟

"موهتەدا"بوێرانە هاتە وەڵام و وتی: (بە ڕەنگی وشەکانتدا دەزانم)

لێرەدا دیسان ژاوەژاوێکی تر سەری هەڵدا و زانا ئایینییەکە داوای پاراستنی ئارامی دانیشتنەکەی کرد و وتی: (تێناگەم، چۆن؟ بۆم باس بکە..)

موهتەدا: (ئەو وشانەی لە دەمی بەڕێزت دێنە دەرەوە ڕەنگیان هەیە، هەر قسەیەك تیایدا بە هەڵەدا چووبیت ڕەنگی وشەکانی ڕەشن، ئەو قسانەی پێشتر کردت هەموو ڕەنگیان ڕەش بوو)

زانا ئایینییەکە پیاوێکی مەزن بوو هەستایە سەرپێ و هات بۆ لای"موهتەدا"و ناوچاوانی ماچ کرد و وتی: (سوپاس بۆ ئەو خودایەی بە منداڵێك هەڵەی زانایەك ڕاست دەکاتەوە)

"موهتەدا"دەستی زانایەکەی گرت و ماچی کرد و پاشان باوکی داوای لێکرد ئەوان بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ژوورەکەی خۆی..

مامۆستا ئایینییەکە ڕووی لە پیاوانی مەجلیس کرد و وتی: (ماوەیەك لەمەوبەر لە شەودا ئاگادار کرام و پێیان وتم:"لەو دانیشتنەدا چاودێرمان لەسەر داناوی و ئاگاداری دانە بە دانەی قسەکانت بە".. لەراستیدا ئەو قسانەی"موهتەدا"لێی هاتە دەنگ لای خۆم ساغ نەبووبوونەوە و تەنها قسە بوون، مانا و مەرام و دروستی و نادروستیانم نەدەزانی، منداڵەکەی"مەنسووری عەتتار" ئەو چاودێرە بوو خودا بەسەرمەوە دابنابوو، لە خودا دەپارێمەوە تەمەن درێژی بکات و لەسەر ئەم ڕێگەیە بەردەوامی بکا..)

بـەو چـەند قسـەیە مەجلیسـەکەی ئـەو شـەوەیان کۆتـایی پـێ هـات و "مەنسوور"یان بە تەنها جێهێڵا، ئەویش دیوەخانەکـەی جـێ هێشت و ڕۆیشت سەرێکی دا لـە ژوورەکـەی"موهتـەدا"، بـینی خـەریکی خوێندنـەوەی وانـەکانی قوتابخانەیـە و هێشـتا نەنوسـتووە، بـاوکی چـووە ژوورەوە و پرسـیاری ئـەو ڕووداوەی لێکرد و پێی وت: (کوڕم من زۆر شەرمەزار بووم کاتێ تۆ ئەو قسانەت بە زانای پایە بەرز وت)

موهتەدا: (بابە پێیان وتم ئەو قسەیە بکەم!)

باوکی: (کوڕم کێ پێی وتی؟)

موهتەدا: (پیاوێکی ڕیش سپی هەر دەتوت"پیری مەزن"ە..)

باوکی: (جا کەی تۆ"پیری مەزن"ت بینیوە؟!)

موهتەدا: (دایکم وێنەکەی نیشان دام..)

باوکی: (لە کوێدا وەستا بوو؟)

موهتەدا: (بۆچی بابە تۆ نەتبینی؟ خۆ لە تەنیشتی تۆ دانیشت بـوو، زۆر لـە تۆ وردبوویەوە، تۆش سەیری ئەوت کرد..)

باوکی: (کوڕم گەر ئەم جارە بینیت ئاگادارم بکە)

موهتەدا: (ئەگەر ڕازی بوو، باشە)

باوکی: (ئێستا درەنگە و بنوو تاکو بەیانی زوو بە ئاگا بێیت..)

موهتەدا: (باشە بابە..)

"مەنسوور" لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و کەوتـە بیرکردنـەوە لـە"موهتـەدا"، تێگەیشت نهێنی ئەو بینیینە چی یە و"موهتەدا"ی کوڕی بەرە و کۆێ هەنگاوی پێ هەڵدەگیرێت، قسەکانی"پیری مەزن"ی کەوتەوە یاد کـە دەیـوت:"داواکـارم خـودا منـدالێکتان پـێ ببەخشـێت مـورادی خـودا بێـت، ئـەو کـارە سـەیر و

سەمەرانەی"موهتەدا"تەنها لە کەسانێك دەوەشێنەوە مورادی خودا بن، بەلأم پێویستە ئاگاداری بێت و چاودێری حالّەتەکەی بکات....

"مەنسوور"شەو و ڕۆژ"موهتەدا"ی خستە ژێر سەرنجی خۆیەوە بێ ئەوەی دەست بخاتە نێو ئەو قەدەرەی"موهتەدا"ی ئاراستە دەکرد، ئەو دەیویست بزانێ"موهتەدا"بە چ ئاقارێکدا دەبرێت، نەیدەویست ڕۆژانە بانگی بکات و لێپێچینەوەی لەگەلّ بکات یان بەو جۆرە باوکی دەیەوێت هەلّسوکەوت بکات، بۆیە ئازادییەکی تەواو بە"موهتەدا"درا بوو، بەلأم ئازادییەك کەسێك شەو و ڕۆژ چاودێری دەکات تا بزانێت چۆن لە فەزای ئازادییدا ئەو مندالّە هەلّسوکەوت دەکات و ئاراستە وەردەگرێت،"مەنسوور"باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو ئەو مندالّە بۆ قەدەرێك دروست کراوە، بۆیە هەرکاتێت بیویستبایە دەستێوەردانێکی ژیانی ئەو مندالّە بکات شەوانە دەهاتنە گیانی و ئازاریان دەدا و هەڕەشەیان لێ دەکرد بۆ ئەوەی جارێکی تر دەست تێوەردان لە ژیانی مندالّەکەدا نەکات...

ڕۆژێك چەند کەسێکی نەناسراو دەبن بە میوانی"مەنسوور"و داوای لێ دەکەن"موهتەدا" بهێنێت بۆ ئەوەی چاویان پێی بکەوێت، ئەویش دەچێت"موهتەدا" بهێنێت، بەلأم تا دەگەڕێتەوە دەبینێ میوانەکان دیار نەماون،"مەنسوور" شپرز دەبێت و دەست بە گەڕان دەکات، بەلأم"موهتەدا"بە باوکی دەلّێت: (بابە میوانەکان ڕۆیشتن، نەتبینین کاتێ ئێمە هاتینە ژوورەوە ئەوان لە ژوورەکە چوونە دەرەوە؟!)

"مەنسوور"حالّی دەبێت ئەوانە کەسی ئاسایی نەبوون و تەنها بۆ دیداری"موهتەدا"هاتوون...

جارێك باس و خواسی"مەنسوور و موهتەدا"بە نێوان چەند کەسێکدا گوزەر دەکات، یەکێك لەوانە دەلّێت: پاکێتی ئەو خێزانە بۆ حەلاّل خۆری دەگەڕێتەوە و پێ ناچێت لە هەموو تەمەنیاندا تێکەلّ بە حەرام بوو بن، یەکێکیان دەلّێت: من بۆ ڕاستی و دروستی ئەو قسانەی ئێوە خواردنێکی حەرامیان بە دیاری بۆ دەبەم

تاکو بزانم وەریدەگرن یان نە، کابرا ڕۆیشتە بازاڕ و مەنجەلێك ماستی لای ماست فرۆشێك هێنا بێ ئەوەی پارەکەی بدات، پاشان هەلێگرت و بە دیاری بۆ مالّی "مەنسووری عەتتار"ی برد، تەقە لە دەرگا درا و "موهتەدا" ڕۆیشت بەدەم دەرگاوە، لەبەر دەرگا پیاوەکەی بە مەنجەلّە ماستەکەوە بینی، فەرمووی لێکرد و ئەویش لە وەلاّمدا وتی: (نایەمە ژوورەوە تەنها ئەم مەنجەلّە ماستەم بە دیاری بۆ ئێوە هێناوە)

موهتەدا: (بیبەرەوە بۆ خۆت، ئێمە ماستمان هەیە)

پیاوەکە: (ئاخر بۆ ئێوەم هێناوە)

موهتەدا: (ئاخر نامانەوێت)

پیاوەکە: (بۆچی خۆ دیاری وەرگرتن ناشەرعی نی یە؟)

موهتەدا: (ناشەرعی چی یە؟ دیاری لە تۆ وەرناگرین)

پیاوەکە: (بۆچی لە من وەری ناگرن؟ من چیمە وا دیاریم قبولّ ناکەن؟)

لەو قسانەدا بوون "مەنسوور" بۆخۆی هات بەدەم دەرگاوە و فەرمووی لە پیاوەکە کرد، ئەویش وتی: (مەمنونم تەنها ئەم مەنجەلّە ماستەم بە دیاری بۆ هێناون، بەلاّم کوڕەکەت لە جێگەی سوپاس کردنم سووکایەتیم پێ دەکات)

مەنسوور: (داوای لێبوردنت لێ دەکەم ئەوە منداڵە نازانێت، لێی مەگرە)

پیاوەکە: (بەهەرحالّ ئەم دیاریە کەم بایەخەم لێ قبولّ بفەرموو)

مەنسوور ماستەکەی لێ گرت و زۆر سوپاسی پیاوەکەی کرد، تکای لێکرد بێتە ژوورەوە، بەلاّم داوای لێبوردنی کرد، مەنسوور بەڵەوەی خواحافیزی لە پیاوەکە بکات مەنجەلّە ماستەکەی دایە دەستی "موهتەدا"و داوای لێکرد بیباتە ژوورەوە، ئەویش لە دەستی گرت و لەبەرچاوی باوکی و پیاوەکە مەنجەلّە ماستەکەی قلّپ کردەوە و بە شێوەیەکی هەڕەشە ئامێز بە کابرای وت: (جارێکی تر ئێمە تاقیمەکەرەوە)

"مەنسوور" شەرمەزاری دایگرت و هەندێك لە"موهتەدا"تووڕە بوو، بەڵام"موهتەدا"مەنجەڵەکەی بۆ پیاوەکە هەڵدایەوە و بە بێدەنگی چووە ژوورەوە، باوکی زۆر داوای لێبوردنی لە پیاوەکە کرد و شەرمەندەیی خۆی بۆ دەربڕی، کابراش ڕاستی و نهێنی هێنانی ئەو مەنجەڵە ماستەی بۆ "مەنسوور"باس کرد، داوای لێکرد لەسەر ئەو کارە لە کوڕەکەی زوێر نەبێت، چونکە ئەو کارەی تەنها بۆ تاقیکردنەوە کردووە و ئامادەیە بچێت پارەی مەنجەڵە ماستەکە بە دوکاندارەکە بدات...

"مەنسوور"خواحافیزی لە پیاوەکە کرد و هات بۆلای"موهتەدا"و وتی: (کوڕم چۆنت زانی ئەو کابرایە تاقیماندەکاتەوە و پارەی ئەو مەنجەڵە ماستەی نەداوە؟)

موهتەدا: (بابە من لە ژوورەکەم دانیشت بووم پیاوە ڕیش سپییەکە هات و هەموو ئەو شتانەی لەسەر ئەو پیاوە پێ وتم)

مەنسوور: (ئەی من نەموت ئەگەر ئەم جارە پیاوە ڕیش سپییەکە هات ئاگادارم بکە؟!)

موهتەدا: (بابە ناتوانم!)

مەنسوور کوڕەکەی گرتە باوەش و تێر لە ئامێزی گرت...

شەوێك"مەنسوور" بە ئاگا هات و بینی"موهتەدا" لەسەر جێگەی نووستن نەماوە، ڕۆیشتە باخچەکە و چاوێکی گێڕا و کوڕەکەی نەبینی، گەڕایەوە ژوورەکانی پشکنی و دیسان نەیبینییەوە، دواتر هەڵی کردە سەربانی ماڵەکەیان و بینی"موهتەدا"ڕوو بە ئاسمان هاتووە بە چۆکدا و لە بێدەنگییەکی پڕ لە ئارامیدایە، پەلاماریدا و پەلی گرت و بەرزی کردەوە، لە باوەشی خۆی نا و هێنایەوە بۆ ناو جێگەی نوستنی...

"مەنسوور"تا بەیانی بە دیاریەوە دانیشت، بەڵام"موهتەدا" لە خەوێکی قوولا بوو، بۆ سبەینێ باوکی پرسیاری ئەو ڕووداوەی شەوی لێکرد، بەڵام دیار

بوو"موهتەدا" هیچی لە بیر نەما بوو، بۆیە باوکی باسەکەی لێ گۆڕی تاکو ترس نەچێتە گیانی...

"مەنسووری عەتتار" لە وەرزی بەهاردا زۆرجار مەعسومەی خێزانی و موهتەدای هەڵ دەگرت و بۆ گەشت و سەیران دەگەڕانەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و چەند ڕۆژێکیان بەخۆشی بەسەر دەبرد، باوکی مەنسوور: (عوبەیدوڵڵا) لەو گوندەدا چەند ملکێکی کڕی بوو، سالانە لە ڕێگەی چەند جوتیارێکەوە بەرهەم دەهێنران و بەشەکەی خۆی بۆ خزمەتی مزگەوت و خوێندنگەکان و هەژارانی شارەکەی تەرخان کرد بوو، لە دوای عوبەیدوڵڵا مەنسووری کوڕی لە دەستووری باوکی لای نەدا و بەرهەمی ئەو زەویانەی بۆ هەمان مەبەست تەرخان کرد بوو...

لە سەیرانێکدا بۆ ئەو لادێیە لە جێگەیەکی پڕلە گوڵ و گوڵزار بارگە و بنەیان خست، ئەفسوونی جێگەکە بێسنوور بوو، هەتا چاو هانا بکات سەوزی هەموو دەشت و دۆڵ و چیای داپۆشی بوو، بەهارێکی تەڕ، ناوە بەناوە پەڵە هەورێك لە ئاسماندا گڕی دەخوارد و تاوێك بارانی نەرم بەسەر زەویدا دەباری و لێوی گوڵ و گیای تەڕ دەکردەوە، هەوایەکی تێکەڵ بە نمەی باران بەسەر گڕ و گیادا گوزەری دەکرد و بیری وشك و دڵی مردووی زیندوو دەکردەوە، ئەوان لە دامێنی چیایەکدا بارگەیان خست بوو، لە لاپاڵی چیاکەوە ئاوێکی سپی بە خێرایی هاتنەخوارەوەی کەف دەچڕاند و بەسەر گژو گیای سەوزدا جاری دەبوو، لەو جێگەیەدا مرۆڤ بە سەیری ئەو دیمەنانە بە ئەندازەیەك مەست و مەدهۆش دەبوو بە چەندین کاتژمێر نەدەهاتەوە هۆش خۆی و لە دەوروبەری خۆیدا نوقم دەبوو، ئەوان سەرلەبەیانی گەیشتبوونە ئەو جێگەیە و تا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ حەزی خواردن و خواردنەوەیان نەمابوو...

"موهتەدا"لە دایك و باوکی دوورکەوتەوە و بەرەو دارستانی خۆرهەڵاتی چیاکە ڕۆیشت، سەیر لەوەدا بوو دایك و باوکی سەیریان دەکرد و پرسیاریان نەدەکرد کوڕەکەیان بۆ کوێ دەچێت، ئەو تا لە چاوانیان ون بوو لێیان دوور کەوتەوە،

پاش ماوەیەك"مەنسوور و مەعسومە"بە ئاگا هاتنەوە و پرسیاری"موهتەدا"یان لە یەکتر کرد، باوکی هەستا و بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی ڕووی لە دارستانەکە کرد، ماوەیەك بە ناو دارەکاندا چاوی گێڕا و لە ناکاو"موهتەدا"ی لە پاڵ دارقەزوانێکدا بینی، هەردوو دەستی لە قەدی دارقەزوانەکە ئالاند بوو بە کوڵ دەگریا و لەبەری دەپاڕایەوە،"مەنسوور" لە دار قەزوانەکە نزیك بوویەوە و بینی لە شێوەی پیرەمێردێکدایە و پرچ و ڕدێنێکی سپی بەرداوەتەوە و سەری داخستووە بەسەر"موهتەدا"دا، ئەو نەیتوانی بە تەواوی لە"موهتەدا"و دارقەزوانەکە نزیك ببێتەوە، لەو جێگەدا بە چۆکدا هات و کاتێك بە ئاگا هاتەوە سەری لەسەر ڕانی"موهتەدا"بوو، پرسیاری لە باوکی کرد: (بۆچی لە دووی من هاتی؟)

مەنسوور – بە بێ وەڵام– هەستایە سەر پێ و پەلی"موهتەدا"ی گرت و بۆ لای"مەعسومە"ی هێنایەوە...

کار و هەڵسووکەوتە نامۆکانی"موهتەدا "لای"مەنسوور"ی باوکی و"مەعسومە"ی دایکی ئاسایی بوو بوویەوە، بە تایبەت ئەوان کەسانێکی بە ئاگا بوون لە دونیای پڕ لە نهێنی عیرفان و دەیان ڕووداوی لەو جۆرەیان بەسەردا تێپەڕی بوو...

"موهتەدا"تەمەنی منداڵی بەڕێ کرد و لە قوتابخانە منداڵێکی لە ڕادەبەدەر زیرەك بوو، کاتێك لە قوتابخانە دەگەڕایەوە پاش کەمێك پشوو دەچوو بۆ حوجرەکەی"مەلای گەورە"، وانە ئایینییەکانی لەو جێگەیە وەردەگرت، حوجرەکەی"مەلای گەورە"بە بەردەوامی زیاتر لە"سی" فەقێ بە پلەی جۆراوجۆر وانەی ئایینیان تیادا وەردەگرت، ئەو فەقێیانەی لە پلەی بالآدا بوون دەبوون بە مامۆستا بۆ ئەوانەی پلەی خوێندنیان نزمتر بوو...

زیرەکی و خێرا تێگەیشتنی"موهتەدا"و لەبەرکردنی وانەکانی لە زانستە جیاجیاکانی ئایینیدا"مەلای گەورە"ی سەراسیمە کرد بوو، ئەو لە سەرەتاوە"موهتەدا"ی دابوویە دەست یەکێك لە فەقێکان، بەڵام دواتر بۆی

دەرکەوت توانای ئەو منداڵە لە ڕادەبەدەرە و هەندێ جار بەهۆی زاڵ نەبوونی فەقێیەکە بەسەر بیر و زانستی ئەودا لە"موهتەدا"تووڕە دەبوو،، بۆیە"مەلای گەورە"موهتەدای هێنایە ژێر باڵی خۆی و کەوتە پەروەردە و تێرکردنی بە زانستە هەمەڕەنگەکانی ئایین، ئەو دەیزانی"موهتەدا"منداڵێکی ئاسایی نی یە و لە داهاتوودا زانایەکی مەزنی لێ دەردەچێت، بۆیە دەیویست شەرەفی وانە وتنەوەی بەو منداڵە دەست بکەوێت، هەموو جارێك مامۆستا لای فەقێکانی تر دەیوت: (گەورەترین شەرەفی پاش مردن بە من ببڕێت –دوای پاداشتی خودا– ئەوەیە لە ژیاننامەی"موهتەدا"دا بنوسرێت یەکێك لەو مامۆستایانەی وانەی بە"موهتەدا"وتووە"مەلای گەورە"یە..)

ئەم قسەیەی مامۆستا هەندێك ئیرەیی لای فەقێکان بەرانبەر بە موهتەدا دروست کرد بوو بە تایبەت"فەقێ عاسیی بەرقەلا"، ئەوان لایان سەیر بوو مامۆستا ئەوەندە گرنگی بەو منداڵە دەدات، هەیان بوو دەیوت: باوکی"موهتەدا"دەوڵەمەندە، هەبوو لە مامۆستا دەگەیشت و دەیزانی ئەو قسانەی لەخۆوە نی یە و بە چاوی دڵ "موهتەدا"ی خوێندۆتەوە و دەزانێت لە داهاتوودا چ گەورە زانایەکی لێ پەیدا دەبێت....

تەمەنی"نۆزدە"سالآن بوو خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد و پلەیەکی زۆر بەرزی بەدەست هێنا و هاوڕێکانی وایان دەزانی"موهتەدا"یان بۆ کۆلێژی پزیشکی دەچێت یان کۆلێژی ئەندازیاری، بە پێچەوانەی ئەو دوو ئەگەرەوە"موهتەدا"چوو بۆ کۆلێژی زانست لە کاتێکدا نمرەکانی لە کۆلیژی پزیشکی وەردەگیرا، دوو ساڵ بەر لە گەیشتن بە زانکۆ–کە ئەو کات پۆلی پێنجەمی زانستی بوو– لای"مەلای گەورە"مۆڵەتی مامۆستایی لە حوجرە پێ درا و بوو بە یەکێك لەو مامۆستایانەی دەیتوانی بەرزترین زانستی ئایینی– کە زانستی کەلام، یاخود زانستی باوەڕ بوو– بڵێتەوە سەرباری مەلە کردن لە زانستی فیقە و ئوسوڵی فیقە و تەفسیر و زانستی فەرمووده و زمانی عەرەبی بە هەموو بەشەکانیەوە، لەگەڵ هەموو ئەو

زانستانەشدا خوێنەرێکی بێوچانی سەرجەم ئەو کتێبانە بوو لەسەر عیرفان و فەلسەفە و سیرە و مێژووی گەلانی ئیسلامی نووسرا بوون، ئەو زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بە تێر و تەسەلی دەزانی و دەیتوانی قسەی پێ بکات و پێی بنووسێت، کاتێك بە عەرەبی و فارسی قسەی دەکرد دەتوت ئەو دوو زمانە زمانی دایکی ئەون و بە شیرەوە لەسەریان گۆش کراوە، لە ناو زمانی شیرینی دایکدا(زمانی کوردی) ئەوەندە گفتوگۆی پاراو و شیرین بوو گوێگر حەزی دەکرد چەندین کاتژمێر گوێی بۆ بگرێت...

بە"چوار"ساڵ کۆلێژی زانستی لە زانکۆی"بەغدا" تەواو کرد و لە قوتابخانەیەکی نزیك بە مالّی خۆیان وەك مامۆستای زانست دامەزرا،"مەلای گەورە"حەزی دەکرد"موهتەدا"لە قوتابخانە دانەمەزرێت و پۆلّی مامۆستای ئایینی ببینێت، بۆیە داوای لێکرد لە مزگەوتەکەی ئەودا بەردەوامی بە حوجرە و وانە وتنەوە بدات، بەلاّم"موهتەدا"ئەوەی پێ خۆش نەبوو"مەنسوور"ی باوکیشی لەسەر ئەوە ڕاهات بوو دەست نەخاتە نێو کار و بارەکانی"موهتەدا"وە، چونکە لە ژیانیدا چەندین جار ویستبووی دەستێوەردان بۆ بڕیارەکانی بکات، بەلاّم ڕووبەڕووی هەڕەشەی توند بوو بوویەوە و پاشانیش هەڵە و نەپێکانی بڕیارەکەی خۆی بۆ دەرکەوت بوو، چەند جارێك"مەلای گەورە"داوای لێ دەکرد بە"موهتەدا"ی کوڕی بڵێت نەبێتە مامۆستای قوتابخانە و وەکو زانایەکی ئایینی لە لای ئەو بەردەوامی بە کار و باری زانستی ئایینی بدات، بەلاّم"مەنسوور"داوای لێبوردنی لە"مەلای گەورە"دەکرد و دەیوت: (ناتوانم دەست لە کار و باری"موهتەدا"وە بدەم)

کاتێك"مەلای گەورە"دەیوت: (تۆ باوکی ئەویت، مافت لەسەری هەیە و بۆت هەیە لە ژیانی ئەو دا قسە و بڕیارت هەبێت)

مەنسوور دەیوت: (ئەوە ڕاستە، بەلاّم"موهتەدا"نابێت هیچ کەس دەستێوەردان بۆ کار و باری ژیانی بکات، تەنانەت هاتنی بۆ حوجرە و خوێندنی

زانستە ئایینییەکان بە بڕیاری مـن نـەبووە، هەرچـەند هاتنەکـەی زۆر دڵخۆشـی کردووم...)

"موهتەدا"لە دوای تەواو بوونی دەوامی قوتابخانە بۆ خوێندنگەکـەی"مـەلای گەورە"دەڕۆیشت و لەوێ وانەی بە فەقێیەکان دەوتەوە و پاشـان بـە نـاوەوەی منـارەی مزگەوتەکـەدا سـەر دەکـەوت و لـە لووتکـەی منارەکـەدا کـە وەک خەڵوەگایەکی لێکرد بوو بـۆ چـەندین کاتـژمێر دەمایـەوە و درەنگانێـک دەهاتـە خوارەوە و بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە...

هیچ کەس نەی دەزانی"موهتەدا"لە نێو منارەکەدا خەریکی چییە، بـەڵام وا بـاو بـوو خـەریکی پێـدا چـوونەوەی وانەکانیـەتی، چـەندجار فـەقێکان سـەریان دەنایە سەری و داوایان لێ دەکرد لەگەڵ خۆیدا سەریان بخات و بزانن لـەوێ بـە چـی یـەوە سـەرقاڵە، بـەڵام بـە زەردەخەنەیـەکی شـیرین بـەڕێی دەکـردن و دەڕۆیشتەوە بۆ خەڵوەگاکە و دەرگای منارەکەی لەسەر خۆی قایم دەکرد تاکو هیچ کەس ئارامی تەنهاییەکەی نەشێوێنێت...

فەقێکان لای"مەلای گەورە"ئاماژەیان بەو حاڵەتەی"موهتەدا"دەدا و ئەویش دەیوت: (لە"موهتەدا"بگەڕێن، ئەوەی لەسەر ئێوە پێویستە ئـەو زانسـتە ورد و دانسقەی لە لای"موهتەدا"یە وەربیگرن و مەهێڵن لە دەستتان بچێت...)

"فەقێ عاسی"بەردەوام تانە و توانجی لە"موهتەدا"دەدا، بە فەقێکانی تـری دەوت: (بەو خۆ دوور خستنەوە لـە ئێمـە دەیـەوێت خـۆی گـەورە بکـات، ئـەو نازانێت گەورەیی بە زانستە نەک بە خۆ جیاکردنەوە لە مەردووەمان..)

هەندێک فـەقێ لێـی دەهاتنـە دەنـگ و پێیـان دەوت: ("موهتـەدا"خـاوەنی زانستێکی ورد و عیرفانێکی قوواڵە و هەموومان لێـی سـوودمەند بـووین تەنانـەت تۆش..)

"فەقێ عاسی" لە وەڵامیاندا دەیوت: (من خۆم بە منـەتباری کـەس نـازانم و کەسیش جگە لە"مەلای گەورە"لەخۆم بە زاناتر نازانم، کەمی زانسـت و نـەزانی

ئێوەیە"موهتەدا"ی لاتان گەورە کردووە، ئەگەر بێت و ئێوەش وەکو من پـەرە بە زانستی خۆتان بدەن ئەوتان لا بچووك دەبێتەوە...)

بەڵێ ئەو موجادەلە بێ مانایەی"فەقێ عاسی"درێژەی دەکێشـا و فـەقێکانی تر ناچار دەبوون لێی بێدەنگ بن،، چونکە دەیـان زانـی دەردی ئێرەیـی هـەموو گیانی"فەقێ عاسی"ی داگیر کردووە و بە قسە چارەسەر ناکرێت....

"موهتەدا"لە ژووری سەرەوەی منارەکەدا خۆی بە وەرزشێکی دەروونی و بە قوولاچوونێکی فیکریی دا تێ دەپەڕاند، ئەو تەنهایی و گۆشە نشینی بوو بوو بە حـەز و خولیـای، دابـەزینی لـە ژووری منارەکـە و گەڕانـەوەی بـۆ نـاو خێـزان و کۆمەڵگە تەنها لە بارێکی زۆر پێویست دا بوو....

بە درێژایی چەند ساڵ"موهتەدا"توانی زۆرێك لـە ئاسـۆکانی دونیـای عیرفـان لەناو ئـەو منارەیـەدا تـەی بکـات و بتوانێـت – وەك عـاریفێکی زۆر مـەزن– بـە وردەکارییەکانی دڵ و دەروون و مانا قوواڵەکانی عیرفان ئاشنا ببێت....

"موهتەدا"بۆ تەکانە ڕۆحییەکانی و سەیر و سـلوکی عاریفانـە بـە مەزهـەب و مەشرەبێکی تایبەتەوە پابەند نەبوو، ئەو سـازبوونی دڵ و دەروونـی کـرد بـووە پێوەر بـۆ وەرگـرتنی کـۆی ئـەو تەجروبـە ڕۆحـی یـە مەزنانـەی کەسـانیتر وەك پێڕەوێك پێیەوە پابەند دەبوون، ئەمـە و سـەرباری ئـەو تەجروبـە ڕۆحـی یـەی تایبەت بوو بە خۆی...

"موهتەدا"دوور بوو لە دەمارگیری نەك بۆ مەزهەبی زانستی زاهـیری ئیسـلام بە تەنها، بەڵکو بۆ مەشرەب و ڕێچکە عیرفانییەکانیش بـە هـەمان پێـودان، لـەو ڕاستی یە گەیشت بوو ئامانجی کۆی ئەو ڕێچکە عیرفانیانە یەك ئەنجامە و هەموو لە چاوگەی سازگاری عیرفاندا بە یەکتر دەگەنەوە، بۆیە باوەڕی وابوو ململانێ و بە خراپ زانینی یەکتر تەنها مرۆڤە کورتبینـەکان و موریـدە پاراونـەبووەکان لـە کانیـاوی عیرفـان پێـی هـەڵ دەسـتن،"موهتـەدا"بۆخـۆی ڕێچـکەیەکی عیرفـانی

سەربەخۆ بوو، بەڵام میتۆد و پـەیڕەوی بـۆ ڕێچـکەکەی نەنووسـی بـوەوە و بـە مەردوومانی ڕانەگەیاند بوو...

خۆشەویستی و ڕێز بۆ هەموان و بوونی پەیوەندی تونـدوتۆڵ لەگـەڵ گـەورە پیـاوانی سـەرجەم ڕێچـکە و ڕێبـازە عیرفانییەکانـدا"موهتـەدا"ی گێـڕا بـوو بـە کەسێك میانگیری و کۆبەندی بۆ هـەموان دروسـت بکـات، ئـەو ناکۆکییانـەی لـە نێوانیانـدا سـەری هـەڵ دەدا"موهتـەدا"بـە جۆرێـك لێـی دەچـووە پێشـەوە و چارەسەری دەکـرد هـەموان بـە بەشـی خۆیـان ڕازی دەبـوون و ئەنجامەکەشـی دەست کردنە گەردن و خۆشەویستی و وەرگرتنی تەجروبەیەك بوو بۆ داهاتوو...

جاربەجارێك مامۆستایانی ئایینی و گەورە پیاوانی تەریقەت لەسەر"شەریعەت و تەریقەت"کێشە دەکەوتە نێوانیانەوە وجەدەلی نەزۆك و گفتوگۆی دڵ ڕەنجێن سەری هەڵ دەدا،"موهتەدا"لە ڕێگەی زانستە وردەکـەی و تەجروبـە عیرفانییـە قووڵەکەیـەوە دەیتـوانی بـیر و بۆچـوونەکان یـەك بخـات و ئـەو تـەم و مـژەی دەمەقاڵەی لەسەر دروست بوو بوو بڕەوێنێتـەوە، ئـەو بـاوەڕی چەسـپاوی بـەو ڕاستی یە هێنا بوو کۆی ناکۆکی و ململانێکان لە ناو ئایینـدا بەشێکی بـۆ نـەزانی و بەشـێکی تـری بـۆ ئـارەزوو و بەرژەوەنـدیبازی دەگەڕێتـەوە، گـەر کەسـەکان بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان وەلا بنێن و بە ئـارامی گـوێ بـۆ زانایـەك بگـرن عیلم و عیرفانی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە هەموو ناکۆکییـەکان لـە بـەین دەچـن و جێگەی بە قبوڵ کردنی یەکتری دەگیرێتەوە..

جارێك لە ماڵی خۆیاندا- بە ئامادەبوونی باوکی و"مەلای گەورە"-مەلایەکی ئـایینی لەگـەڵ شـێخێکی تەریقـەت دا لەسـەر گرنگـی و گـەورەیی"شـەریعەت و تەریقـەت"کەوتنـە گفتوگـۆوە، جگـە لەسـەر هەڵـدانی نـاکۆکی و ڕق و کینـە قسەوباسـەکەیان شـتێکی تـری لێـوە بەرهـەم نـەدەهات، مەلایەکـە دەیـوت: (شەریعەت ئەسڵ و مەبنایە و تەریقەت لقێکە و لە ناو شەریعەتدایە)

بابه شێخیش لێی هاته دەنگ و وتی: (شەریعەت بە بێ تەریقەت جەستەیەکی بێ ڕۆحە و مانا و مەرامی تیادا نامێنێت)

مەلایەکە: (بە پێی ئەم بۆچوونەی بەڕێزت بێت هەر کەس تەریقەتی نەبێت ئەوەی ئەنجامی دەدات بێ ناوەڕۆکە و لێی وەرناگیرێت؟)

بابه شێخ: (بەڵێ وایە و گومان لەوەدا نی یە، دووڕووەکان کرداریان هەبوو، بەڵام بێ ناوەڕۆك بوو، چونکە باوەڕیان بە ئەنجامدانی ئەو کردارانە نەبوو)

مەلایەکە: (جەنابی شێخ، مامۆستا و زانایان بە دووڕووان مەشوبهێنە..)

بابه شێخ: (من تەنها ڕاستییەکم وتووە)

لێرەدا"مەلای گەورە"ڕووی لە"موهتەدا"کرد و وتی: (دەمەوێت بزانم"موهتەدا"لەسەر ئەو قسانە ڕاو بۆچوونی چی یە؟)

موهتەدا: (مامۆستا گیان، تا بەڕێزت وەستا بێت لە مەجلیسدا بێئەدەبییە بۆ من قسان بکەم)

مەلای گەورە: (بەڵام من داوات لێ دەکەم قسە بکەی)

موهتەدا: (ئەگەر فەرمانە ئەوا ناچارم)

پاشان ڕووی لە مەلایەکە و بابه شێخ کرد و وتی: (بۆ ئەوەی بزانین گفتوگۆ لەسەر چی دەکەین پێویستە پێناسەی ئەو دوو زاراوەیە بکەین...

"شەریعەت": ئەو دەستوور و پەیڕەوەیە باس لە پەیوەندییەکانی مرۆڤی باوەڕدار دەکات لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵ و ژیان و گەردوون و خودا دا، بەم پێناسەیە"شەریعەت"بریتی یە لە کۆی ئایین و ڕێنموویيەکانی) .

مەلایەکە: (ڕەحمەت لە باوك و دایکت)

"موهتەدا"زۆر لای بەلای پیا هەڵدانەکەی"مەلا"یەکەدا نەکردەوە و بەردەوام بوو لە قسان و وتی: (تەریقەتیش بریتی یە لە ڕۆح و جەوهەری ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و خەڵك و خاك و خوادا دەی بەستێت،

پەیوەندی یەکان بە بێ ڕۆح و جەوهەر وەکو لاشەیەکە بە بێ گیان، نە لاشە بە بێ گیان دەتوانێ زیندەگی خۆی پارێزگاری لێ بکات نە گیانیش بە بێ جەستە مانایەك لەم ژیانەدا وەردەگرێت، کەوابوو وەکو چۆن ڕۆح و جەستە تەواوکاری یەکترن ئەم دوو چەمکەش هەر بەو پێودانەیە، دروشمەکانی پەرستش مەبەستم: (الشعائر التعبدية) لە ئایینداً دوو ڕوویان هەیە: ڕوویەك لە دەرەوەیە و جەستە پێی هەڵ دەستێت، ڕووی دووەم لە ناوەوەیە و دڵ کاری تیادا دەکات،"شەریعەت"– بە مانا فیقهییەکەی – ڕووی دەرەوەی کردارەکان ڕێك دەخات و تەریقەتیش ئیشی لەسەر ڕووی ناوەوەی کارەکەیە، تاکو کردارەکەپڕ بێت لە باوەڕ و دڵسۆزی و لێوان لێو بێت بە عیشق و مەحەببەت...

پیاوانی"شەریعەت"کاتێت باس لە"شەریعەت"دەکەن هەندێکیان مەبەستیان پێی ڕشتەی"فیقهی"یە کە یەکێکە لە زانستەکانی ئایین، لە ڕاستییدا بەم مانایە – کە شەریعەت زانستی فیقە بێت – تەریقەتی تیادا جێ نابێتەوە و بۆمان هەیە بڵێین تەریقەتیش زانستێکی تڕە و دەتوانین بەرانبەر بە"شەریعەت"دای بنێین، بەڵام گەر"شەریعەت"ئەو پێناسەیە بێت من لە سەرەتاوە باسم لێوە کرد ئەوە مانای"شەریعەت و تەریقەت"یش دەگەیەنێت، بەڵکو مانای کۆی ئەو دەستوور و یاسایانەیە ئایین بەیانی کردووە...

"تەریقەت"یش گەر مەبەستی ئەو ڕێچکە و ڕێبازو تەریقەتە دیاری کراوانەیە لە مێژووی گەلانی ئیسلامیدا سەریان هەڵداوە دیسان بەشێکە لە ئایین و هەموو ئایین نیە، خۆ ئەگەر مەبەست پێی ئەو ڕۆح و جەوهەرەیە لە قووڵایی دەستوورەکانی ئاییندان ئەوا بەشێکی فرە مەزنی ئایینە، بەڵکو ئایین بە بێ ئەو بەشە کاڵ و کرچە و مانا و مەرامی خۆی لە دەستداوە، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت ئەو بەشە فرە بنچینەیی و گرنگە لە دەقی پیرۆزی سەرجەم کتێبە ئاسمانییەکاندا بە"ڕەببانییەت"ناو زەد کراوە، پاشان لە مێژووی ئیسلامیدا تایبەتمەندی کولتوور و کۆمەڵگە جیاجیاکانی وەرگرتووە و ناوی"تەسەوف"ی

بـۆ بـەکار بـراوە، دواتـریش"تەسـەوف"قـاڵبی مەزهـەب و مەشـرەبی ڕۆحیـی جۆراوجۆری وەرگرتووە و ناوی تەریقەتی لێ نراوە، لەم گەشتە دوور و درێژەی مێژووی ڕۆحانییەتدا بۆمان ئاشکرا دەبێت چۆن لە گەردوونییەت و ڕەهابوونەوە ڕۆحانییەت وردە وردە دابـەزیوە و سـنوور دار کـراوە و قـاڵبی جۆراوجـۆری بـۆ خولقێنراوە، گـەر بمانـەوێت جـارێکی تـر ڕۆحانییـەت بـەرە و گـەردوونی بـوون ببەینەوە –کە لە ئەمڕۆدا سـەراپای ڕەهەنـدەکانی ژیـانی مـرۆڤ بـەرەو جیهـانی بـوون بەڕوات– سـەرەتا دەبێت نـاوە جۆراوجۆرەکـان فـەرامۆش بکـەین و لـە سـنووری بچـووکەکانی ڕۆحانییـەت ببینـە دەرەوە و بـەرە و ڕۆحانییـەتێکی گـەردوونی هـەنگاو هـەڵ بگـرین، گەرەکـە لـەم مەیدانـەدا تەجروبـەی ڕۆحیـی ئایینەکانی تریش بە کەم سەیر نەکەین، چونکە تەنها خاڵێك کۆی ئایینەکان بـە یەکتر دەگەیەنێت و دەتـوانن لـە سـەری کـۆ ببنـەوە و گفتوگـۆی لەسـەر بکـەن بریتی یە لە ڕۆحانییەت، یاخود عیرفان، ئایینەکان ناتوانن لە فیکر و فەلسەفەدا یەك بگرنەوە، ناتوانن لە دروشمەکانی پەرستشدا وەکو یەك وابن، بەڵام دەتوانن سـوودی تـەواو لـە تەجروبـەی ڕۆحیـی یـەکتر وەربگـرن، تەجروبەیـەك هـەموو ئایینەکان بە بەرز و بڵنـد تەماشـای دەکـەن و بـۆ پابەنـدبوون پـێ یـەوە هـانی شوێنکەوتوانیان دەدەن...

مـەلای گـەورە: (ئـەو بـەرەو گـەردوونی بردنـەی ڕۆحانییـەت چ نـاوێکی بـۆ دەدۆزییەوە؟)

موهتـەدا: (نـاوی دەنـێین"عیرفـان"، عیرفـان ئـەو پانتاییەیـە ئایینـەکان و بیرمەندان و ڕۆشنفکران و فەیلەسوفان و عاریفان بە یەکتر دەگەیەنێت)

مەلای گەورە: (کوڕم"موهتـەدا"، ئـەم زانسـتە نایابـەت لـە کـوێ بـەر چـنگ کەوتووە؟)

موهتەدا: (لە بەڕێزت و خەڵوەنشینی ناو منارەکە)

مەلای گەورە: (چەند خەونێکی مەزنە گەر هەموو مرۆڤایەتی لەسەر پانتایی"عیرفان"بە جیاوازی ئایین و زمان و ڕەنگ و ڕووبان کۆ ببنەوە!)

موهتەدا: (بان هیچ نەبێت گەورە پیاوانی ئایینی و ئەندێشمەندانی مەزن لەو ڕاستی یە بگەن، گەر ئەو خەونەش نەتوانرێت بهێنرێتە دی ئەوا مەزنانی ئەم ئایینە با لەسەری کۆ ببنەوە، ئەگەر نە، با مامۆستایانی ئایینی و ڕابەرانی ڕۆحیی لەسەر ئەو سفرەیە دابنیشن، گەر هەموو ئەوانەمان نەتوانی خۆ دەتوانین پیاوانی ئەم دانیشتنە لە یەکتر تێ بگەین و لە کانیاوی سازگاری "عیرفان"پاراو ببین)

"مەلای گەورە"سەیرێکی مەلایەکە و بابە شێخی کرد و وتی: (پێم وایە هەموومان ئەوەندەمان بەس بێت)

ئەوانیش سوپاسی خۆیان بۆ"مەلای گەورە و موهتەدا"دەربڕی و کۆتایی بە دانیشتنەکەیان هات...

لە قوتابخانە وانەکانی"موهتەدا"لەناو قوتابیان و مامۆستایاندا ناوبانگی دەرکرد بوو، ئەو کاتێك دەچووە پۆل و دەستی بە وتنەوەی وانەکەی دەکرد هەست و نەستی قوتابیانی داگیر دەکرد و گەشتێکی گەردوونی و زانستیی پێ دەکردن، وانەی زانست بە تایبەت فیزیا لای قوتابیان ئەو باخچە دڵگیرە بوو حەزیان نەدەکرد لێی بێنە دەرەوە و زۆرجار کاتی پشوەکانیان لە"موهتەدا"ی مودەڕیس دەگرت و نەیاندەهێڵا بۆ ژووری مامۆستایان بگەڕێتەوە، مامۆستایانی تر لە"موهتەدا"یان دەکردە شۆخی و دەیانوت:"لە جێگەی"پێنج"وانەکە قوتابیان پێیان خۆشە"پێنج"کتێبی فیزیا لەگەڵ خۆیان بهێنن.."

"موهتەدا"یە بزەیەکی شیرین مامۆستایانی بەرێ دەکرد، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانە لە جێگەی ئەو وەڵامی مامۆستایانی دەدایەوە و پێی دەوتن:"ئێوەش با وانەکانتان تەڕ و پاراو بێت و بتوانن هەست و بیری خوێندکاران داگیر بکەن..."

زانستی"فیزیا"لای"موهتەدا"حەز و شەوق و ئارەزوو بوو، بۆیە هەموجارێك دەیوت:"چەندە قوتابیان چێژ لە وانەکان وەردەگرن من دوو ئەوەندە.."

ئەو پرسیاری لای قوتابیان دروست دەکرد و هزر و بیریانی دەشلەقاند و دەیهێنانە قسە و گفتوگۆ، زۆرجار"موهتەدا"وەك قوتابییەك دادەنیشت و یەکێکی لەوان هەڵدەستان و داوای لێ دەکرد لە جێگەی ئەو وانە بڵێتەوە، ئەمەش وای لە قوتابیان دەکرد بۆ وانەکان خۆیان ئامادە بکەن و فێری بوێری ببن...

ڕۆژێك قوتابی یەك لە مامۆستای پرسی: (مامۆستا دەربارەی دروست بوونی گەردوون زانست چی دەڵێت؟، یاخود گەردوون چۆن دروست بووە؟)

موهتەدا: (لە ناو زانستدا چۆنێتی دروست بوونی گەردوون ساغ نەبۆتەوە، بۆیە زانایان بە باسێکی فەلسەفی تەماشای دەکەن و خۆیانی پێوە سەرقاڵ ناکەن، ئەوان دەڵێن گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کاری فەیلەسوفانە و پێویستە ئەوان بە دوایدا بگەڕێن)

قوتابییەك: (ئەدی فەیلەسوفان چی لەوبارەیەوە دەڵێن؟)

مامۆستا: (فەیلەسوفان و گەردوونناسان بۆ چەند بیرێك – لەمەڕ سەرهەڵدانی سەرەتای گەردوون – دابەش بوون: هەندێکیان پێیان وایە گەردوون هەربووە و سەرەتایەك بۆ بوونی نیە، گەردوون – هەر وەك مۆمێك– بە پێی قۆناغەجۆراوجۆرەکانی دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە و جارێکی تر هەڵ دەگیرسێتەوە، بەوجۆرە لە سوپی بازنەیی خۆیدا بەردەوام دەبێت، ئەم باوەڕە

هەندێك لە فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن و فەیلەسوفە ماتریالیستەکانی چاخی نوێ دەگرێتەوە، ئەوان باوەڕیان بە دیالێکتیکی ماددی هێناوە، واتە ماددە لە بن نایە و لە جوولّە و گەردشێکی بەردەوامدایە و قابیلییەتی ئەوەی تێدایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوێزێتەوە...

بەشێکی تر لە فەیلەسووفان لەسەر ئەو ڕایەن لەو دیوی ماددەوە بوونێکی ڕەها لە دۆخێکی تردا بوونی هەیە و سەراپای گەردوون لەوەوە هەلّقولاّوە و سەرچاوەی وەرگرتووە، لێرەدا هەلّگرانی ئەم ڕایە دەبن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان مادییەت زاڵە بەسەریاندا و دەلّێن: ئەو سەرچاوەی دەکەوێتە ئەو دیوی ماددەوە هەر ماددەیە، بەلاّم لە دۆخ و شێوەیەکی تریدا، واتە ماددەیە، بەلاّم ماددەیەکی بالاّ و بلّند، ئەوان دەلّێن لەو دیوی مادوەوە تەنها ماددە بوونی هەیە،، بەلّکو هیچ شتێکی تر جگە لە ماددە بوونی نی یە، بەشی دووەمیان زانایانی ئایینین و دەلّێن: ئەو بوونەی ئەو دیوی ماددە خودایە و هەربووە و سەرچاوەی هەموو بوونەکانی تره، زانا ئایینیەکانیش دیسان لەناو خۆیاندا بۆ دوو بەرە دابەش دەبن: بەرەیەك کە زانایانی دەقی پیرۆز و شرۆڤەکارانی زانستەکانی ئایینن پێیان وایە خودا لە نەبوون (عدم)ەوە گەردوونی دروست کردووە، بەرەی دووەم هەندێك لە فەیلەسوفانی دونیای ئیسلامن و ڕایەکەی خۆیان بە بیری فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن بەهێز دەکەن و پێیان وایە گەردوون وەك ئامادەیی (الاستعداد) و وەك زانست (العلم) لە زاتی خودادا هەرهەریی (أزلی)ە و هەر بووە و سەرەتایەکی بۆ نی یە، بەلاّم ئەو"ئامادەیی و زانست"ە لە چرکە ساتێدا لە زاتی خوای بەرز و بلّندەوە هەلّ دەقوولّێت و دەبێت بە کردار (الفعل)، لای ئەم دەستەی دووەمە گەردوون دوو ڕووی هەیە: ڕوویەك هەربووە و سەرەتایەکی بۆ نی یە کە ئەو جۆرە بوونەیە لە زاتی خودادا هەی بووە: (ئامادەیی و زانست)، هاوڕێ لەگەلّ بوونێك سەرەتایەکی هەیە و لەگەلّ یەکەمین چرکەساتی زەمەندا لەدایك دەبێت و

ئامادەیی بۆ کردار دەگۆڕێت، واتە ئامادەیی لە زاتی خـوداوە بـۆ کـردار (خلـق) دەگۆڕێت، ئەم بەرەی دووەمە میانەگیرییان کردووە لـە نێـوان ئەوانـەی پێیـان وایە گەردوون هەر بووە و ئەوانەی پێیان وایە گـەردوون لـە نەبوونـەوە هاتۆتـە بوون، ئەم بەرەی دووەمەش دیسـان بـۆ چـەند بۆچـوونێکی تـر دابـەش دەبـن: هەیانە پێیان وایە گەردوون خودایە، یاخود گـەردوون جیلـوەکردن (تجلیـات) ی خودایە، وەکو چۆن ماددەگەراکان وتیان ئەو شتەی لەو دیوی ماددەوەیـە هـەر ماددەیـە، بـەلأم لـە دۆخێکـی تریـدا، ئـەم دەسـتەیەش کـە خـاوەنی مەزهـەبی یـەکێتی بـوون (وحـدە الوجـود) ن بیرۆکەکـەی فەیلەسـوفە ماددییـەکان هـەلّ دەگێڕنەوە و بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەلّێن: گەردوون خودایە، بەلأم لـە دۆخ و شێوەیەکی تریدا، یاخود لە تەجـەللیاتێکی تـری دا، بەشـێکیش دەلّـێن: ڕاسـتە گـەردوون لـە زاتـی خـوداوە هـەلّقولأوە، بـەلأم گـەردوون گەردوونـە و خـوداش خودایـە و نـاتوانین ئـەو دوانـە تێکـەلّ بـە یـەکتر بکـەین، تیـورە زانسـتی و فەلسەفییەکەی"هنری برغسن"دەچێتەوە سەر ئەم ڕایـە و پێـی وایـە سـەراپای گـەردوون لـە چـرکە سـاتێکدا و لـە یـەک خاڵـەوە و لـە وجـوودێکی ڕەهـاوە هەلّقولأوە و هاتۆتە بوون..)

قوتابییەکی تر: (مامۆستا، ئێمە بەم گشتەڕا پێچەوانە و دژ بە یەکانە ئاڵۆزتر بووین، تۆ کام لەم ڕایانەت لا پەسەندە؟)

مامۆستا: (هەلّبژاردنی ڕایەك بەسەر ڕایەکی تردا کارێکی هەوانتە و ئاسان نی یە، من نامەوێت ڕای زانستی بۆ ئێوە بە ئایدۆلۆژیا بکەم، هـەموو ئـەوەی باسـی دەکەم ڕا و بۆچوونە و وەك ڕاستییەکی زانستی وەرناگیرێت)

قوتابییەکە: (بەلأم خۆ دەبێت لەمەڕ پرسیارێکی چارەنووسسازی لەو جـۆرە خاوەنی ڕای خۆت بیت)

مامۆستا: (بەلّێ ڕای تایبەت بەخۆم هەیـە، بـەلأم دەترسـم ڕایەکـەی مـن بـە لاسـایی کردنـەوە لای قوتابیـان وەربگیرێـت، وەلأمـی ئـەو پرسـیارە خـۆ

مانـدووکردنی شـەو و ڕۆژی گەرەکـە بـە لاسـایی کردنـەوە و چـاولێکەری وەرناگیرێت، من لای خۆمەوە تەمەنێکم بۆ بەدەست هێنانی ئەو وەلأمـە بـەخت کردووە، ئێوەش دەبێ هەریەکە و لە جێگەی خۆیەوە خۆی ماندوو بکات ئەگینا لە وەلأمەکەی من ناگات)

قوتابیەکە: (لەگەڵ ئەوەشدا پێمان خۆشە – وەک یەکێک لە ڕایـەکان– گـوێ بیستی ڕای تۆش ببین)

مامۆستا: (سەرچاوەی ڕایەکەی من بریتی یە لە زانست و فەلسـەفە و ئـایین، من هاتووم ڕایەکەی خۆم بـەم سـێ سەرچـاوەیە قـایم کـردووە، واتـە لـەم سـێ مەیدانەدا ڕایەکەی من جێگەی دەبێتەوە....

سەرەتا بە پرسیارێک دەست پێ دەکەم: ئایا ئێمە گومانمان هەیە لـە بـوونی خۆمان و لە بوونی گەردوون؟)

بەشێک لە قوتابیان: (نەخێر)

مامۆستا: (گەر هەندێکیشتان بڵێن بەڵێ گومانمان لە بوونی خۆمان و ژیـان و گەردوون هەیە و ئێمە نازانین بەڕاستی هەین یان نین مافی خۆتانە، چونکە پـێش ئێوە فەیلەسوفێکی مەزنی وەکو"دیکارت"هەمان گومانی لا دروست بوو، ئەو لە بوونی هەرچـی شـتەکانی دەوروبـەرە کەوتـەگومان تـا وای لـێ هـات لـە بـوونی خۆشی بکەوێتە گومان و بڵێت: گومانم لە"بوون"ی خۆم هەیە، بەڵأم دواتـر ئـەو لۆژیکـەی بـەکار هێنـا کـە دەڵێـت: بـۆ هـەموو گومانێـک گومانبـەرێک بـوونی هەیە،"گومان"لە کوێ بوونی هەیە گەر یـەکێک نـەبێت گومـان ببـات؟، واتـە بـۆ بوونی گومان دەبێت گومانبەر بوونی هەبێت، من لـە بـوونی خـۆم گومـانم هەیـە کەوابوو یەکێک هەیە گومان دەبات و لە بوونی خۆی گومانی هەیـە کـەوابوو مـن گومان دەبەم من هەم، بۆیە گەیشتە ئەو یاسایەی کە دەڵێت: من بیردەکەمـەوە کەوابوو من هەم، ئەو کاتێک گومانی دەبرد لە پرۆسەی گومانگەرایی دا بوو، کـە بیری دەکردەوە، واتە لە بیر کردنەوەدا بوو، بۆ بیرکردنەوەش پێویستە کەسێک

هەبێت بیر بکاتەوە کەوابوو یەکەم بوونی جێگیر کرد کە بوونی خۆی بوو: (بوونێکی بیرکەرەوە) کەوابوو خۆی بوونی هەیە، بەوجۆرە لە بوونی خۆیەوە بوونی بۆ سەراپای ژیان و گەردوون گێڕایەوە، واتە خۆی: (بیرکردنەوەی خۆی) بوو بە سەرچاوەی هەموو بوونەکانی تر، ئێستا مافی خۆمانە بڵێین: ئێمە و ژیان و گەردوون هەین و بوونمان هەیە، با لێرەدا ئەمە ناو بنێن یاسای یەکەم، یاسای یەکەم: گەردون بوونێکی پاستەقینەی هەیە و وەهم و ئەندێشە نی یە...

پرسیارێکی تر: ئایا گەردوون لەو کاتەوەی هەیە لەم دۆخ و شێوازەی ئێستایدا بووە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە زانست دەڵێت: گەردوون بەشێکی گازە و بەشێکی تری خۆرە و بەشێکی تری هەسارە و مانگ و کلکدار و بەردی گەڕۆکە لە کۆمەڵەکانی خۆردا، خۆرەکان دەکوژێنەوە و خۆری تر دادەگیرسێت و لە دایك دەبێت، خۆری ئێمە هێشتا لە تەمەنی لاوێتیدایە و ملیارەها ساڵی تر دەبات ئەوجا پیر دەبێت و دەمرێت، یاخود دەکوژێتەوە و دەچێتەوە دۆخێکی تری، خۆر بەرهەمی ئەو تەقینەوە ناوەکییانەی لەسەری پووەدا بە بەردەوامی لە بارستایی (الکتلە)ە کەی کەم دەکات و دەبێت بە وزە، بۆیە پۆژێك دێت تەقینەوە ناوەکی و هایدرۆجینییەکانی کۆتایی پێ دێت و لەوێشەوە کۆتایی بە تیشك و پووناکی و گەرمییەکەی دێت، کەوابوو یاسای دووەم دەڵێت: گەردوون لە چەندین دۆخدایە و بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، بەشی زۆری گەردوون لە دۆخی پلازمادایە و بەشێکی تریشی گاز و ماددەی پەقە و هەموو ئەمانەش لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر لە گۆڕانێکی سەرومڕدایە...

ئایا گەردوون ڕاوەستاوە یان لە جوڵە و گەردشێکی بەردەوام دایە؟ زانست دەڵێت: سەراپای بوون لە جوڵەیەکی سەرو مڕدایە، ئەمەش یاسای سێیەمە و یاسای چوارەم: یەکبوونی سەراپای گەردوونە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم سەراپای گەردوون لە گەرد و گەردیلە پێك دێت و گەردیلەکانیش بۆ ئەلەکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن و هەندێك تەنۆلکەی وردی تر دابەش دەبێت، کەوابوو بنچینەی

گەردوون وزەیە، بەڵکو گەردوون تۆپەڵێکە لە وزە، بەڵام وزە لە چەندین دۆخیدا : پلازما، گاز، شلی، ماددەی ڕەق...

یاسای پێنجەم: گەردوون بریتی یە لە تۆپەڵە وزەیەکی زەبەلاح لە هەزاران بەشی چرکەیەکدا دەکوژێتەوە و پاشان دادەگیرسێتەوە، واتە بوونی گەردوون لە شێوەی قوواڵپەدایە، بوونی گەردون بوونێك نی یە لەسەر هێڵێکی ڕاست و بەردەوام، بەڵکو بوونێکە لە کوژانەوە و داگیرسانێکی هەمیشەیی دایە، ئەم ڕاستی یە زانستی یە لە ناو فیزیای چەندێتی (فیزیاء الکم) دا باسی لێوە کراوە، کوژانەوە و داگیرسانی گەردوون تەنانەت لە وزەی گلۆپدا بوونی هەیە و ئەویش – لە کاتی پێ بوونیدا– بە خێرایی و بەردەوامی دەکوژێتەوە و دادەگیرسێتەوە، ئەوەندە کاتی کوژانەوە و پێ بوونەوەکە کەم و خێرایە ئێمەی مرۆڤ وەهممان لا دروست دەبێت و پێمان وایە گلۆپەکە بە بەردەوامی دەگڕێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو گولۆپە لە کوژانەوە و پێ بوونەوەیەکی بەردەوامدایە...

لێرەدا زانایان دەڵێن: سەراپای گەردوون بە بەردەوامی دەچێتە دونیای نەبوون (عدم) و جارێکی تر دێتەوە ناو جیهانی بوون (وجود)، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا گەردوون کاتێك دەبێت بە نەبوون و دەچێتە دەریای"عەدەم"خۆی خۆی دێنێتەوە بۆ ناو جیهانی بوون (وجود) یان هێزێکی تر بوونی پێ دەبەخشێتەوە؟ ئاشکرایە ئەگەری یەکەمیان لە ڕووی لۆژیکەوە بێ مانایە، چونکە گەر گەردوون بچێتە دەریای"عەدەم"بوونی نامێنێت، جا ئەگەر بوونی نەما چۆن دەتوانێت خۆی بهێنێتەوە ناو بوون و وجوود بەخۆی ببەخشێتەوە؟ دیارە دەبێت هێزێکی هەرهەری هەبێت تاکو بوون بە گەردوون ببەخشێتەوە، ئەو هێزەی گەردوون دەهێنێتەوە ناو جیهانی وجوود دەبێت بوونەکەی خۆی بوونێکی هەتا هەتایی بێت، ئەگینا گەر ئەویش بچێتە ناو دەریای عەدەم ئەدی کێ بوون بەو دەبەخشێەوە؟ بۆیە بە ناچاری دەبێت دان بە بوونێکی هەرهەرییدا بنێین، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن گەردوون یەکەمین جار لەو

بوونه هەرهەرییەوە هەڵقوڵا؟ لێرەوە پرسیارەکە لە دونیای زانست و فەلسەفەوە پەلکێشمان دەکات بۆ ناو فەزای ئایین و دەقە پیرۆزەکان..)

قوتابییەک: (مامۆستا، بۆچی ئایین لەو مەیدانەدا قسەی تایبەت بەخۆی هەیە؟)

مامۆستا: (قسەی هەیە، بەڵام قسەکانی ئایین قسە هەڵ دەگرن)

قوتابیەکە: (مەبەستت چی یە؟)

مامۆستا: (قسەکانی ئایین لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت)

قوتابییەکی تر: (دروستترین لێکدانەوەی ئایین لای بەڕێزت لەم مەیدانەدا بە پەسەندی بزانیت کامەیە؟)

مامۆستا: (با ڕایەکان ناوی دروست و پەسەندی لێ بنێین، بەڵام ئەوە بیر و تێڕوانینی ئێمەیە دەگونجێت کەسانێ هەبن ئەو بیر و باوەڕەی ئێمەیان قبوڵ نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا من ڕا و سەرنجی خۆم لە دونیای ئاییندا بۆ ئەو بابەتە دەخەمە بەردەمتان)

قوتابییەک: (مامۆستا بۆ دەڵێیت ڕاو سەرنجی خۆم و نااڵێیت ڕا و سەرنجی ئایین؟)

مامۆستا: (کاتێك بە ئێوە بڵێم ئەمە قسە و بۆچوونی ئاییئە لەمەڕ ئەو بابەتە، واتە ئەوەی وتم قسەی خودایە و حەقە و دروستە و دەبێت باوەڕی پێ بهێنن، ئەمەش گەورەترین ستەمە لە ئێوە و لە ئاییئی دەکەم، ستەمم لە ئێوە کردووە، چونکە قسە و بۆچوونەکانی خۆمم بە ناوی خوداوە بە ئێوە فرۆشتووە، لە هەمان کاتدا ستەمم لە ئایین کردووە، چونکە قسەی ناپیرۆزی خۆمم – وەك قسەی خودا– پیرۆز کردووە و تێکەڵم بە ئایین کردووە، ئەمەش شێواندنی حەقیقەت و ڕووخاندنی پایە دامەزراوەکانی ئاییئە...

با لەسەر هێڵی باسەکەمان لا نەدەین و بگەڕێینەوە سەر مەبەستە سەرەکییەکە، خودا کاتێك باس لە دروستکردنی گەردوون دەکات باس لە

ئەفراندن (خلق) دەکات، ئەفراندن، واتە ئەندازەگیری (تقدیر) و دروستکردن (صنع)، ئەفراندن لەناو دەقی پیرۆزی قورئاندا مانای دروستکردن نی یە لە"عەدەم"ە وە، دەبێ ئەوە بزانین "عەدەم"زاراوەیەکی ناو دەقی پیرۆز نی یە و تەنها لەناو فەلسەفەدا گفتوگۆی لەسەر کراوە،"عەدەم"جگە لە بێمانایی مانایەکی تری نی یە، بەڵکو دەقی پیرۆز دەچێت بە گژ بیرۆکەی"عەدەم"دا و دەفەرموێ:

"أم خلقوا من غير شيء أم هم الخالقون"الآیة... ئایا لە هیچ (عەدەم)ەوە دروست کراون یان خۆیان دروستکەری خۆیانن...؟

لێرەدا دەقی پیرۆز دوو ئەگەر دەخاتە بەردەمی مرۆڤ: یەکەمیان لە هیچ (عدم)ەوە خولقێنرا بن، ئەگەری دووەم خۆیان خالقی خۆیان بن، بۆیە لۆژیکی بیرکردنەوە هەردوو ئەگەرەکە ڕەد دەکاتەوە و تەنها یەک لۆژیک دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە مرۆڤ و تەواوی گەردوون لە شتێکەوە بوونی پەیدا کردبێت و سەرچاوەی گرتبێت، لێرەدا هیچ چارەیەکی تر نی یە جگە لەوەی دان بنێین بەو ڕاستی یەدا تەواوی گەردوون لە بوونێکی هەرهەرییەوە هەڵقوڵاوە و ئەم شێوە و دۆخەی ئێستای وەرگرتووە...)

قوتابییەک: (مامۆستا ئێستاش لام ڕوون نی یە چۆن ئەم گەردوونە لەو بوونە هەرهەرییەوە هەڵقوڵاوە!)

مامۆستا: (دەبێ ئەوە بزانین ئەو بوونە هەرهەرییە لەناو ئایینەکاندا ناوی جۆراوجۆری لێ نراوە، ئێمە وشەی"خودا"ی بۆ بەکار دەهێنین، ئەم خودایە تەنها خۆی بوو، شتێکی تر بوونی نەبوو جگە لە ئەو، ئەم خودایە لە گەورەیی و مەزنی و شکۆمەندی و جوانی خۆیدا نوقم بووە، ئەم خودایە جیلوە"تجلی"دەکات و لە شاراوەکان (مکنونات) ی زاتی بەرز و شکۆمەندی دەخاتە دەرەوە، یەکەمین جیلوە بریتی یە لە دەرکەوتنی"بۆهەیەکان"(ممکنات) لە زاتی خودادا و لەوێشەوە سەرهەڵدانی تەواوی ئەکوان و بوونەکانی تر لەو سەرچاوە بەرز و بڵندەوە...)

قوتابییەك: (ئایا دەتەوێت بڵێیت ئەم گەردوونەش هەروەك خودا بوونەكەی هەرهەری یە یان گەردوونیش خودایە؟)

مامۆستا: (هەرچی بوونی تـرە لـەخوار خـوداوە دوو جـۆر لـە بـوونی هەیـە: بوونێك وەكو زانست و ئامادەیی لە زاتـی خـودای بـەرز و بڵند دا – كـە پێشـتر ئاماژەمان پێ كرد– ئەم بوونەیان هەرهەری یە و لەگەڵ بوونی خـودادا زانسـتی خودا بوونی هەیە، چونكە گەر وا نەبێت ئەوە نەزانینمان داوەتە پاڵ خودا، واتە سەردەمێك هەبووە خودا شتێكی نەزانیوە و دواتر زانستەكەی لەلا دروست بووە كـە بـریتی یـە لـە زانسـتی بـوونی گـەردوون، پووی دووەمـی بـوون ئەوەیـە سەرەتایەكی هەیە و دەچێتە خانەی"بۆهەیەكان"(ممكنات)ە وە، ئەمەش بریتی یە لە گۆڕانی ئەو ئامادەیی و زانستەی خودای بەرز و بڵند بۆ كردار بە فـەرمانی ببە(كن) لەوێشەوە هەڵقوڵانی هەرچی بوونە لەو بوونە بەرز و بڵندەوە (فیكون) كە لە شێوەی گەردوون و ژیان و مرۆڤدا دەردەكەوێت، گەردوون خـودا نـی یـە، چونكە پێ یەكی لە نـاو"وجـوود"دایـە و پـێ یەكـەی تـری لـە نـاو"عـەدەم"دا، بوونێك لە نێوان"وجوود و عەدەم"دا بێت ناكرێت پێی بوترێت خودا)

لەگەڵ گەیشتە ئەم خاڵە زەنگی پشـوو لێـی دا و قوتابییـەكان هەناسـەیەكی قوواڵیان هەڵمژی و لە ئاسمانەوە بۆ ناو زەوی گەڕانەوە و لەوێشەوە هاتنەوە بۆ ناو پۆلەكەیان...

عەسرەكەی هەمان ڕۆژ"موهتەدا"ڕۆیشت بۆ خوێندنگەكەی"مەلای گـەورە"و دوای وتنـەوەی چـەند وانەیـەك بـە شـاگردەكان لەگـەڵ هەنـدێك لـە شـاگردی پێشكەوتوو كەوتە گفت وگۆ لەسەر یەكێك لە مەسەلە كەلامییـەكان كـە"قـەزا و قەدەر"بوو..

یـەكێك لـە شـاگردەكان پرسـیاری كـرد: (ئایـا"قـەزا و قـەدەر"بـریتی یـە لـە بڕینەوەی هەموو شتێك لە جیهانی نادیار (عالم الغیب) دا بەر لەوەی لەم ژیـان و گەردوونەدا ڕووداوەكان ڕوو بدەن و بێنە پێشەوە؟)

موهتـەدا: ("قـەزا و قـەدەر"یەکێکـە لـەو مەسـەلە زۆر ئاڵۆزانـەی قسـە و گفتوگۆی زۆری لەسەر کـراوە و زۆرتـرین ڕاو بۆچـوونی جیـاواز لەسـەری پەیـدا بووە، لەوێشەوە چەندین گروپ و ڕێچکەی کەلامی سەریان هەڵ داوە، مەزهەبـە کەلامییـەکانی مێـژووی گـەلانی ئیسـلامی زۆرن لەوانـە"موعتەزیلـە و جـەهمی و جەبری و قەدەری و ماتریدی و ئەشعەری"و چەندین گرووپگەلی تـر، پرسـیاری گەوهەری لەم مەسەلە زۆر ئاڵۆزەدا ئەوەیە: ئایا مرۆڤ خاوەنی ویسـتە- کـە بـە عەرەبی (الارادة) ی پێ دەوترێت- یـان نـە؟ ئایـا مـرۆڤ بەرپرسـیارە لـە کـار و کردەوەکانی خۆی یان نە؟ ئایا ئـەو کارانـەی مـرۆڤ ئـەنجامی دەدا بـە ئـیرادەی ئازادانـەی خـۆی ئـەنجامی دەدا یـان خـودا پێـی ئـەنجام دەدات و مـرۆڤ تـەنها ئـامرازێکی دەسـتی خودایـە؟ ئایـا بەرلـەوەی مـرۆڤ بێتـە سـەر شـانۆی ژیـان چارەنووسـی لێـرە و لـە پاشـەڕۆژدا بـۆ دیـاری کـراوە، یـاخود مـرۆڤ خۆیـەتی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات؟ ئەگەر هەموو شتێکی لەسـەر نوسـراوە، ئـیتر مرۆڤ بۆ لەبەردەم خودادا لە کەمتەرخەمیی و گوناە و خراپەکانی بەرپرسـیارە؟ ئەمانە و دەیان و سەدان پرسـیاری تـری لـەم جـۆرە لەمـەڕ مەسـەلەی"قـەزا و قەدەر"سەر هەڵ دەدەن...)

یەکێك لە شاگردەکان هاتە وەلأم و وتی: (مامۆستا هەموو ئەو پرسیارانە ناخ و بیری ئێمەشی داگیر کردووە و پێویستمان بە ڕۆشن کردنەوە و وەلأمە...)

موهتەدا: (لـە ڕاسـتی دا کێشـەی مێژوویـەکی"چـواردە"سـەدەیی بـە چـەند کاتژمێرێك و لە حوجرەیەکـدا نـاتوانرێ بـە چـەند ڕوون کردنەوەیـەك چارەسـەر بکرێت، ئەو مەسەلەیە پێویستی بە دەیان باس و لێکۆڵینەوە هەیە هاوڕێ لەگەڵ مانـدووبوون و خوێندنـەوە و بیرکردنـەوەی سـەر و مـڕی خـودی خـاوەن پرسیارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا من لێرەدا هەندێك ڕوون کردنەوە دەخەمە ڕوو:

ئێمە تا لە مرۆڤ و گەردوون نەگەین لە ڕاستی ئەو پەیوەندی یە ناگەین مـرۆڤ و گەردوون بە خوداوە دەبەستێتەوە، ئایا گەردوون بە مرۆڤ و ژیانەوە لە کـوێی

بوونی خودادایە، ئایا گەردوون بەشێکە لە خودا یان لە دەرەوەی خوداوەیە، یاخود گەردوون و خودا دوو حەقیقەتی سەربەخۆن و بە هیچ شێوازێك بە یەکتر تێکەڵ نابن،، واتە خودا حەقیقەتێکی فرە بالآیە و پاك و بێ گەردترە لەوەی تێکەڵ بە دروست کراوەکان (مخلوقات) ی خۆی ببێت، یاخود دروست کراوەکانی بەشێك بن لەو؟، ئەمەش کۆمەڵێك پرسیاری ترە...)

شاگردێکی تر: (مامۆستا تۆ دەتەوێت ئەو پرسیارانە لەسەر قەزاو قەدەر دەیخەیتە ڕوو بکەی بە وەڵأم بۆ کۆمەڵە پرسیارەکەی یەکەمت؟)

موهتەدا: (نەخێر دەمەوێت ڕێگەخۆش بکەم بۆ بیرکردنەوەیەکی دروست لەمەڕ ئەم مەسەلەیە پرسیارەکان دیاری کردنی ئاراستەی باس و خواسەکانە، بە باوەڕی من تەواوی بوون و گەردوون لە بوونی خودی بەرز و بڵندی خوداوە سەرچاوەی وەرگرتووە، خودا خاوەنی جیلوەکردن (تجلیات) ە، واتە بە بەردەوامی خودا لە نهێنییەکانی خودی خۆی دەخاتە دەرەوە، قۆناغێکی ئەو تەجەللیاتە بریتی یە لە سەرهەڵدانی بوون و گەردوون، یاخود سەرهەڵدانی هەرچی بوونی ترە لە خوار زاتی بەرز و بڵندی خۆیەوە، خودا بەو تەجەللیاتانە هەر ڕۆژێك لە شان و شەوکەت و مەزنییەك دایە، مەگەر خۆی بە ئایەت نەیفەرموو: ئەو – خودا – هەر ڕۆژێك لە شان و شەوکەت و هەیبەتێکدایە (كل يوم هو في شأن)؟!

شاگردێك: (مامۆستا گەر بەم بۆچوونەی بەڕێزت بێت خودا لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، ئەدی ئێمە لە زانستی کەلامدا وەرمان نەگرتووە کە خودا ڕووداو (حدث) ی بەسەردا تێ ناپەڕێت و لە ڕەهایی و کەمالێکی بێسنووردایە؟!)

موهتەدا: (ئەوەی لە زانستی کەلامدا هاتووە بۆ پاك ڕاگرتنی خودایە، چونکە پێیان وایە گەر خودا ڕووداوی بەسەردا تێپەڕیت، واتە لە گۆڕاندایە گەر لە گۆڕاندا بوو، واتە نەزانی و کەم کەمالێی بەسەردا هاتووە، خوداش نابێت نەزانی ڕووی تێ بکات، نابێت زانستێك هەبێت ئەمڕۆ خودا بیزانێ و دوێنێ نەیزانی بێت،

هەر بەو جۆرە بۆ خودا شیاو نی یە لە ئاستێکی"کەمالّ"ەوە بگوێزێتەوە بۆ ئاستێکی بالآتر لە کەمالّی پێشوو، چونکە ئاستی یەکەم دەبێت بە"کەم کەمالّی"بەراورد بەو ئاستەی خودا لە ئێستادا تێی دایە ئەو کارەش بۆ خودا دروست نی یە، ئەمەی من دەیلّێم جیاوازە و پەیوەندی بەو جێگەیەوە نی یە...

خودا لە ئەزەلەوە لە کەمالّێکی"ڕەها"دایە و ئەو کەمالّە"پەتی"یە کەمی نەکردووە، سەرنج بدەن نالّێم"کەم و زیاد"ی نەکردووە، چونکە زیادێك لە کەمالّ بوونی نی یە کە خودا خاوەنی نەبێت، کەمالّی ئەو ڕەهایە و کەمالّێك لە پشتیەوە بوونی نی یە، بەلاّم خودا بەو کەمالّە ڕەهایەوە لە تەجەللیاتێکی بەردەوامدایە و لە دەریای نهێنی بێ پەی و بێسنووری خۆی دەخاتە دەرەوە و هەتا خودا خودا بێت کۆتایی بەو تەجەللیاتانە نایەت...

ئەمەیە مەزنی ئەو خودایە لە ئەزەلەوە هەتا"ناکۆتا"تەجەللیات دەکات کەچی کۆتایی بە نهێنییەکانی نایەت و لە کەمالّی ڕەهای خۆی دانابەزێت و لە مەزنی و هەرهەری خۆی ناکەوێت....

تەجەللیاتێکی تری خودای بەرز و بلّند بریتی یە لە دروستکردنی مرۆڤ لە شێوەی خۆیدا، خودا خاوەنی دوو جیهانە کە بە"جیهانی خەلق و جیهانی ئەمر"ناسراوە)

شاگردێك: ("جیهانی خەلق و جیهانی ئەمر"چی یە؟)

موهتەدا: (جیهانی خەلق: بریتییە لە سەراپای گەردوون کە لە زانست و ئیرادەی خودای بەرز و بلّندەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، جیهانی ئەمریش: بریتی یە لەو گیانە بەرز و بلّندەی بە بەری جیهانی خەلقدا کراوە و لە ڕۆحی خوداوە سەرچاوەی گرتووە، جیهانی "ئەمر"تەجەلییاتێکی پێشینەی جیهانی "خەلق"ە، واتە خودا یەکێك لە تەجەللیاتەکانی بریتی یە لە سەرهەلّدانی جیهانی"ئەمر"و پاشان تەجەللیاتێکی تر بەدوایدا دێت کە بریتی یە لە پەیدابوونی جیهانی"خەلق"لە جیهانی ئەمرەوە، هەرچی ها لە بووندا جەستە و

ڕۆحی هەیە، جەستەکەی سەر بە"جیهانی خەلق"ە و ڕۆحەکەی سەر بە"جیهانی ئەمرە...")

شاگردێك: (وتت تەجەللیاتێکی تری خودا بریتی یە لە دروستکردنی مرۆڤ لە شێوەی خۆیدا، دەمەوێ بپرسم"لە شێوەی خۆیدا"چ مانایەکی هەیە؟)

موهتەدا: (لە شێوەی خۆی دا، واتە لە شێوەی خودا دا،"خۆی"ە کە بۆ خودا دەگەڕێتەوە، خودا ئادەمی لە شێوەی خۆیدا دروست کردووە، کە دەڵێین شێوەی خۆی مەبەستمان ئەوە نی یە شێوەی خودا لە شێوەی مرۆڤ دەچێت، یاخود بە پێچەوانەوە، مرۆڤ جەستەکەی لە"جیهانی خەلق"ەوە هاتووە کە بریتی یە لە تووخمی ئەو ماددانەی لاشەی مرۆڤی لێ پێك هاتووە، بەشی دووەمی مرۆڤ ڕۆحەکەیەتی لە"جیهانی ئەمر"ەوە هاتووە،، واتە مرۆڤ بەشێك لە ڕۆحی خودای بە بەردا کراوە، ئەم ڕاستی یەش لە ناو دەقە پیرۆزەکاندا ساغ بووەتەوە هەرچەند هەندێك جار بۆ خۆ لادان لە کۆمەڵێك پرسیار و گومان تەئویل بۆ ئایەتەکان کراوە و مانای تری پێ بەخشراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئایەتەکان ڕوون و ڕەوانە و پێویستی بە هیچ تەئویلێك نی یە، خودا ڕۆحی هەیە (و نفخت فیه من روحی) لە ڕۆحی خۆم بە بەر"ئادەم"دا کردووە، خودا نەفسی هەیە (تعلم ما في نفسي و لا أعلم ما في نفسك)"عیسا"بە خودا دەڵێت: تۆ دەزانی چی لە ناو دەروونی مندا هەیە، بەڵام من نازانم چی لەناو دەروونی تۆدا هەیە...

بەڵێ خودا ڕۆح و نەفسی هەیە، بەڵام ڕۆح و نەفسێك لە کەمالێکی ڕەهادایە و شایستەیە بە مەزنی و گەورەیی ئەو خودایە و بالاترە لەو ڕۆح و نەفسەی بە مرۆڤی بەخشیوە، خودا لە سیفەتەکانی خۆی بەشی مرۆڤی داوە: (بینین، بیستن، زانست، حیکمەت، ڕەحمەت، ویست) ئەمانە و هەزاران سیفاتی تری مرۆڤ کە لە هەژمار کردن نایەن، سەرچاوەکەیان لە خوداوەیە و ئەوە بە مرۆڤی بەخشیوە، مەزنی مرۆڤ لەم جێگەدایە لە شێوەی خۆیدا دروستی کردووە و لە سیفەتەکانی خۆی بەشی مرۆڤی داوە....

ئێستا دەچمەوە بۆ سەرەتای باسەکەم، پرسیمان ئایا مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە، یاخود ژێربار و بێ دەسەلآتە و خودا هەموو شتێکی پێ ئەنجام دەدات؟ سەرەتا دەڵێم خودا خاوەنی ئیرادەیە و بەشێك لە ئیرادەی خۆی بە مرۆڤ بەخشیوە..)

شاگردێك: (ئەگەر ڕۆحی مرۆڤ بەشێك بێت لە ڕۆحی خودا ئەوا ئیرادەکەشی بەشێکە لە ئیرادەی خودا؟!)

موهتەدا: (بەشی یەکەمی قسەکەت دروستە، ڕۆحی مرۆڤ بەشێکە لە ڕۆحی خودا، بەڵآم بەشی دووەمی قسەکەت دەبێت بە ووریاییەوە لەسەری بوەستین، بەڵێ کە ڕۆح بەشێك بێت لە ڕۆحی خودا ئیرادەیەکیش ئەو ڕۆحە هەیەتی هەر لەو سەرچاوەوە بە دەستی هێناوە و وەری گرتووە، بەڵآم دەبێ ئەوە بزانین تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆحە لەو جێگەدایە: دەبێت جارێکی تر بۆ کەماڵی سەرچاوەی یەکەمی خۆی کە خودایە بگەڕێتەوە، ئەو ڕۆحە بە هۆی دابڕانی لە سەرچاوەکەی خۆی: (خودا) و هاومل بوونی لەگەڵ مادەی ئەم گەردوونەدا بەشێك لە کەماڵی خۆی لە دەست داوە و گەڕانەوەشی بۆ ئەو سەرچاوەیە بەوە دەبێت ئیرادەکەی بە گەڕ بخات و بکەوێتە کار و کردار و لە جوڵەیەکی بەرەو کەماڵ چووندا بۆ لای خودای خۆی تەکان بەخۆی بدات و جارێکی تر کەماڵ بە دەست بهێنێتەوە...)

شاگردێك: (جوڵەی"بەرە و کەماڵ چوون"چی یە؟)

موهتەدا: (جوڵەی بەرەو کەماڵ چوون (الحرکة نحو الکمال) ئەوەیە: هەروەك خودا مرۆڤیش لە تەجەللیاتێکی بەردەوامدا بێت وهەموو نهێنی و پەی پێ نەبراوەکانی ناوەوەی خۆی بهێنێتە دەرەوە و کۆی ئەو ئامادەییەی لە ناو ڕۆحەکەیدایە بیخاتە دەرەوە و بیکات بە کردار وەك نموونەی ئەو دەنکە تۆوەی لە وەرز و زەمینەیەکی تایبەتدا ئامادەیی و هێزەکانی خۆی بۆ کردار دەگۆڕێت و دەگاتە ئەو کەماڵە دیاری کراوەی تەکانی بۆ دەدا، لەوێوە دەبێت

بـه دره‌خنێکـی قه‌شـه‌نگ یـان ڕووه‌کێکـی کامـڵ، ئه‌مـه‌ش مانـای ڕاسـته‌قینه‌ی پاکژبوونه‌وه (تزكية) یـه، لێـره‌دا ده‌بێـت ئـه‌وه بڵێن سـه‌رجه‌م ئـه‌و کردارانـه‌ی تـه‌کان بـه مـرۆڤ ده‌ده‌ن بـه‌ره‌و کـه‌مالّ و گه‌ڕانـه‌وه بـۆ سه‌رچـاوه‌ی یه‌کـه‌می خه‌سـڵه‌تی ئـه‌و ڕۆحه‌یـه و به‌شـێکه لـه‌و تایبه‌تمه‌ندیانـه‌ی لـه خـوداوه وه‌ری گرتووه، به‌ڵام کۆی ئه‌و کار و ئاراستانه‌ی که به‌ره و پـه‌ستی ده‌یبـات و ده‌بێتـه هـۆی چـڕبوونه‌وه‌ی مـاددە لەسـه‌ر ڕۆحه‌کـه و بـوون بـه تـه‌وقێك لـه گـه‌ردنی ڕۆحه‌که‌دا له تایبه‌تمه‌ندی ئـه‌و ڕۆحـه نـی یـه و کـه‌م کـه‌مالّی و چـڕی مـاددە و نه‌فس و ئاره‌زوو به مرۆڤی ده‌کات، لێره‌دا ئیراده دوو جۆر لـه کـاری ئه‌نجامـدا: کارێك له تایبه‌تمه‌ندی ڕۆحه‌وه‌یه و لـه خـوداوه بـۆی هـاتووه له‌گـه‌ڵ کارێـك لـه دابه‌زینی ئه‌و ڕۆحه و سه‌رهه‌ڵ دانی چه‌ندین نـیرووی تـره‌وه بـۆی پـه‌یـدا بـووه، یه‌کـه‌میان پێـی ده‌وترێـت کـرداری چـاکه (العمـل الصـالح) و هـه‌موو کردارێکـی چاکه‌ش بۆ خودا ده‌گه‌ڕێتـه‌وه و لـه‌وه‌وه بـه ده‌سـت هـاتووه، دووه‌میـان پێـی ده‌وترێت کرداری خراپه (العمل الصالح) له ئاره‌زوو و ده‌روونه‌وه‌یه و هێزه دژ و نه‌یاره‌کان بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ی ڕۆح بۆ سه‌رچاوه‌ی پێی ئه‌نجام ده‌ده‌ن، کـه‌وابوو دوو جۆر ئیراده بوونی هه‌یـه ئیراده‌یـه‌کی چـاکه‌کار لـه ڕۆحه‌وه‌یـه و مـرۆڤ لەسـه‌ری پاداشـت وه‌رده‌رگرێـت له‌گـه‌ڵ ئیراده‌یـه‌ك لـه نـه‌فس و ئاره‌زووه‌وه‌یـه و هێـزه دژه‌کان کۆمـه‌کی ده‌کـه‌ن، ئه‌مـه‌یان مـرۆڤ لەبـه‌رده‌می دا به‌رپرسـیاره و سـزای لەسـه‌ر وه‌رده‌گرێـت، "تاقیکردنـه‌وه" (الأبـتلاء) ی مـرۆڤ لـه‌م جێگه‌دایـه کـه ئیراده‌ی چاکه‌خوازی به‌گه‌ڕ بخات و جـوانی و مانـا قووڵـه‌کانی نـاوه‌وه‌ی خـۆی بخاتـه ده‌ره‌وه و بیکـات بـه کـرداری چـاکه و لـه هـه‌مان کاتـدا ئـیراده‌ی شه‌ڕه‌نگێزی و سه‌رچاوه‌گرتوو له هێز و نیرووه دژه‌کـان وه‌لا بنێـت و خـۆی لـه ئه‌نجامدانی خراپه‌کاری و شه‌ڕه‌نگێزی به دوور بگرێت، خودا له قورئانـدا پێمـان ده‌ڵێت: ئێمه توانامـان بـه مـرۆڤ به‌خشـیوه بـۆ گرتنه‌بـه‌ری هـه‌ردوو ڕێگه‌کـه – ڕێگه‌ی چاکه و ڕێگه‌ی خراپه– (و هديناه النجدين...)

یەکێکی تر لە شاگردەکان: (چەند جارێك ئاماژەت بە وشەی دەروون، یاخود"نەفس"کرد ئایا جیاوازی چییە لە نێوان"نەفس و ڕۆح دا"؟)

موهتەدا: ("ڕۆح" گەوهەر و کرۆکی مرۆڤە بەرلەوەی جەستەیەکی ماددی بە دەوردا بۆ دروست ببێت، بەڵام"نەفس"ئەو هێز و نیرووانەیە لە تێکەڵ بوونی ڕۆح و ماددەوە بەرهەم دێت،، یاخود نەفس ڕۆحە، بەڵام بەو چوارچێوەوە خراوەتە ناوی یان دەتوانین بڵێین نەفس ڕۆحە، بەڵام لەو بارەدا کە بەشێك لە کەماڵی خۆی لە دەست داوە، ئەوەش بەهۆی ئەو دابەزینەی لە"جیهانی ئەمر"ەوە بۆ"جیهانی خەلق"بە سەری دا هاتووە...)

شاگردێکی تر: (بۆیە خودا لە ناو دەقە پیرۆزەکاندا هەموو چاکەیەکی داوەتە پاڵ خۆی و هەموو خراپەیەکی بۆ خودی مرۆڤ گێڕاوەتەوە!)

موهتەدا: (بەڵێ، چونکە ئیرادەی چاك و چاکەکاری بە سروشت و خۆڕسك (فگرە) لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، بەڵام ئیرادەی خراپە و خراپەکاری لە سروشتی مرۆڤ نی یە و هەل و مەرجەکانی ناوەوە و دەرەوە پێی ئەنجام دەدەن)

شاگردێك: (کەوابوو چاکەکاری لە مرۆڤدا ئەسڵ و بنچینەیە و خراپەکاری بارێکی کاتی و تێپەڕیو و تووشهاتووە؟!)

موهتەدا: (نەك تەنها لە مرۆڤدا، بەڵکو لە تەواوی گەردوون و ژیاندا حەق و ڕاستی بنچینەدار و پایەدارە و ناحەق و ناڕاست بارێکی کاتی یە، حەق ڕیشەدارە و ناحەق بێ ڕیشە، حەق وەك ئاوی زوڵاڵ دەمێنێتەوە و ناحەق وەك کەف سەر شەپۆلی دەریا لا دەکەوێت، بە مانایەکی تر ئەو کردار و کارانەی لە نەفسەوەیە بێ ڕیشەن و ئیرادەیەکی شەڕەنگێز بەرهەمی هێناوە، بەڵام ئەو کار و کردەوانەی لە فیترەتی پاك و خۆڕسکەوەیە و لە ئیرادەیەکی چاك و پاکەوە سەرچاوەی وەرگرتووە مانادار و ڕیشەدارن)

شاگردێکی تر: (مرۆڤ چۆن هێزو نیرووەکانی خۆی بخاتە دەرەوە و پەردە لەسەر نهێنییەکانی خۆی لا بدات و بەرە و کەماڵ بۆ سەرچاوەی یەکەمی خۆی بگەڕێتەوە؟)

موهتەدا: (ئەم پرسیارە باسێکی تری و بریتی یە لە چۆنێتی پاکژبوونەوە و"پرۆسەی پاکژی"ئەمڕۆ مۆڵەتمان نی یە باسی لێوە بکەین و بۆ وانەیەکی تر هەڵی دەگرین)

"موهتەدا"باسەکەی لەگەڵ شاگردەکاندا کۆتایی پێ هێنا و مۆڵەتی لێ خۆاستن و بە عادەتی جارانی هەڵی کردەوە سەر منارەکە و تا ئێوارەیەکی زۆر درەنگ لەوێ مایەوە....

بۆ سبەینێ رۆژی هەینی بوو، سەرلەبەیانییەکەی رۆیشت بۆ دوکانی عەتتارییەکەی باوکی و چەند کاتژمێرێك لەگەڵ باوکی مایەوە، باوکی حەزی دەکرد ئەگەر لە هەفتەیەکدا چەند کاتژمێرێکیش بێت"موهتەدا"سەردانی دوکانەکەی بکات و تاوێك پێکەوە کات بەسەر ببەن....

"مەنسوور"ی باوکی هەرجارە و تەجروبەیەکی ژیانی خۆی بۆ کوڕە تاقانەکەی دەگێڕایەوە، ئەو دەیویست بە گێڕانەوەی ئەو سەربوردانەی ژیان پردێکی پەیوەندی تۆندوتۆڵ لە نێوان خۆی و کوڕەکەیدا دروست بکات و داهاتووی ئەو بە ڕابردووی خۆیەوە ڕیشەدار بکات..

"مەنسووری عەتتار"باوەڕی وابوو مرۆڤی بێ ڕیشە و بێ ڕابردووی چاك وپاك داهاتووی ڕۆشن چاوەڕوانی ناکات، هەر مرۆڤێك لە ڕیشەی خۆی هەڵ بکەنرێت با لە قۆناغێکیشدا بچێتە پێشەوە، بەڵام سەرئەنجام ڕۆژێك باڕەشی ڕۆژگار لێی هەڵدەکات و دەی پێچێتەوە...

ئەمجارەیان"مەنسوور"باسی ڕیشەی بنەماڵەی خۆی بۆ"موهتەدا"کرد، ئەو لە پرسیارێکی"موهتەدا"وە چووە ژوورەوە کە پرسی: (بابە، ئارامی و سووکناییەك- بە بیرەوەری من- باڵی بەسەر ئەم شارەدا کێشاوە پێم بڵێ لە

چی یەوەیە و لە کوێوە هاتووە، بۆچی شوێنان و شارانی تر ئـەم جـۆرە ئـارامی یە بەخۆیانەوە شك نابەن؟)

مەنسوور: (بە بیرەوەری منیش ئەم شارە هەمان ئارامی تیادا هەبوە و کەمتر ئالۆزی و وێرانکاری و هەڵچوون و داچوونی بەخۆوە بینیوە،، ئەمـەش بەشـێکی بۆ ئارامی دڵ و ڕۆحی هەموو ئەو زانا و عاریفانە دەگەڕێتـەوە کـە بـە زانسـت و عیرفان بیر و دڵی خەڵکی شاریان لێوان لێو کرد بوو، ئەوان تا لە ژیاندا بوون بـۆ مرۆڤەکان سەرچاوەی ئارامی بوون و لە دوای مردنیشیان ژیان و کار و کـردەوە و زانستیان وەکو خۆیان کاریگەری لەسەر مەردوومان بەجێهێڵاوە، بەشێکی تری ئەو ئارامی یە لە ئارامی قەڵا مەزنەکەوەیە کە هەزاران ساڵە لەبـەردەم هێـرش و پەلامارەکان و گۆڕانەکانی ڕۆژگاردا خۆی ڕاگرتووە و ئارامی خـۆی پاراسـتووە، مرۆڤ کاتێك لەبەردەم کەسێکی مەزن یان شتێکی مەزن دا دەوەستێت هەست بە مەزنی خۆی دەکات، قەڵا مەزنەکە مەزنیی بە خەڵکی ئەم شارە بەخشیوە، ئەو قەڵایە بریتی یە لەو چەقەی تەواوی خەڵکی شار دەخاتە فەلەکی خۆیـەوە و بـە دەوری خۆیدا دەیان سـوڕێنێتەوە تەنانـەت ئەوانـەی لـە فەلـەکێکی تـرەوە ڕوو دەکەنە ئەم شارە زۆر بە زەحمەت دەتوانن لە هێزی ڕاکێشـانی قەڵاکـە خۆیـان قوتار بکەن و ڕوو لە نیشتمانێکی تر بکەن، ئەو کەسانەی لەخولگەی ئەم قەڵایە دەردەچن و بۆ شارێکی تر دەگوێزنەوە پاش ماوەیەك خۆیان پـێ نـاگیرێ و بـە ناچاری بۆ فەلەکی قەڵاکە دەگەڕێنەوە یان هیچ نەبێت هەتا مردن خۆشەویستی و حەنانیان بۆ قەڵاکە لە لا ماوە....

سوڕانەوە بـە دەوری مـاڵ و قـەڵا و شـوێنی کۆنـدا کاریگـەری قـوڵ لەسـەر هەست و بیری مرۆڤ بەجێ دەهێڵێت، بێ حیکمەت نی یە خودا داوا لە باوەڕداران دەکات حەج بکەن و بە دەوری ئەو ماڵە دێرینـەی خـودادا بسـوڕێنەوە، دەور و خول خواردنی مرۆڤ بە دەوری ئەو ماڵەدا جوولـە و ئاراسـتەی لەگـەڵ جوولـە و ئاراستەی سەرجەم گەردوون دا ڕێك دەخات و هەماهەنگی دەخاتە نێوان مرۆڤ و

ژیان و گەردوونەوە، پۆژانە خەڵکی شار بە دەوری ئەم قەڵایەدا خول دەخۆن، خول خواردنی ئەوان لە یەك فەلەکدا جۆرێك لە تەبایی و هەماهەنگی خستۆتە نێوان خەڵکی ناوشارەوە،، ئەمەش دەریایەك ئارامی بەوان بەخشیوە، خەڵکی نازانێت نهێنی ئارامی و خامۆشییەکەی بۆ ئەو قەڵا مەزنە دەگەڕێتەوە، ڕمان، یاخود وێران کردنی ئەو قەڵایە وێران کردنی تەواوی شارەکەیە و بە ماوەیەکی کەم ئاڵۆزی و نائارامی سەرهەڵ دەدات و پشێوی ڕوو لە شار دەکات و ئەنجامەکەی چۆڵ کردن و تەفروتوونا بوونە...

ئارامی خەڵکی ئەم شارە وەکو یەك نی یە، ئەوانەی وەکو قەڵای مەزن ڕیشەدارن و خاوەنی بنەماڵەیەکی چاك و پاکن ئارامییان زۆر زیاترە لەوانەی ڕیشە و ڕەگی خۆیان لێ بزر بووە، ئەو کەسانەی لەم شارەدان و بێ ڕیشەن سەنگینی ئەم قەڵایە ڕایگرتوون و ناهێڵێت لە خولگە دەربچن ئەگینا ئەو جۆرە کەسانە گەر لە شارێکی تردا بن وەك پووشی بەربایان لێ دێت و هیچ نیشتمانێك نایان گرێتە ئامێز....

موهتەدا: (بابە مێژوویەکی دیاری کراو هەیە لە هاتنی باپیرانمان بۆ ئەم شارە؟)

مەنسوور: (باپیرەگەورەمان ناوی"مەروان"ە یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازییەکانی"میری ڕەواندز"ئەو جێگەی ڕێز و متمانەی"میر"بووە، لە دوای ڕمانی شۆڕشەکەی"میری ڕەواندز"و شەهید بوونی"میر محەمەد"، باپیرە گەورەمان ڕوو لەم شارە دەکات و تێکەڵ بە گەورە پیاوانی قەڵا دەبێت و پاش ماوەیەکی کەم دەبێت بە یەکێك لە پیاوە دیار و ماقوولەکانی شارەکە و دیوەخانەکەی دەبێتە یەکێك لەو جێگایانەی کۆڕی زانست و عیرفانی تیادا گیراوە و زانایان و عاریفانی شار تیایدا کۆ بوونەتەوە)

موهتەدا: (لە لام سەیرە پیاوێك سەرکردەیەکی سەربازی"میری کۆرە"بوو بێت دواتر دیوەخانەکەی ببێتە جێگەی کۆڕی عاریفان و زانایان؟!)

مەنسوور: (باوکم لە باپیرانیەوە دەی گێڕایەوە و دەیوت:"کاتێت لە"ڕەواندز"ەوە"مەروان"ی باپیرە گەورەمان ڕوو لەم شارە دەکات بە کۆڵێك خەم و پەژارەوە لێرە نیشتەجێ دەبێت، ئەو ئازاری شکستی ڕاپەڕینەکەی"میر"و پاشان شەهیدکردنی"میر"ەتا دوایین هەناسەی تەمەنی لێی جیا نەبوویەوە،، بەڵکو خەم و ئازار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی هەناسە توندی و هەر بەو نەخۆشییەش سەر دەنێتەوە، ئەو لە بێ هیواییدا سەری خۆی هەڵگرت بوو، بێ هیوا بوونیش لە ژیان بەرە و کۆڕی زاهیدان و زانایانی برد بوو، دەیویست ئەو بەشەی تەمەنی لە ئارامی دا بەسەر بەرێت..."

دەڵێن شەوان هەڵدەستا و بە کوڵ دەگریا، کاتێك هاوسەرەکەی دڵنەوایی دەکرد و دڵی دەدایەوە لە وەڵام دا دەیوت:"ئەگەر پیاوێکی جوامێر بوومایە ئێستا دەبوو منیش لەگەڵ"میر"دا لە ژێر خاك ئەسپەردە بکرابامایە، من بۆ ناپاکی و ترسنۆکی خۆم و هەموو ئەوانە دەگریم ڕێگەمان دا"میری گەورە"خۆی تەسلیمی"ڕەشید پاشا"ی عوسمانی بکات و بە دیارچاوی ئێمەوە بیبەن و بە ناپاکی شەهیدی بکەن..."

"مەروان"ی باپیرم هەرگیز ئەو شەوەی لە بیر نەدەچوو بۆ سبەینێ"میری ڕەواندز"خۆی بە دوژمنەکانی تەسلیم دەکرد، دەڵێن لە کۆشکی"میر"ەوە چەندجار گوێیان لە دەنگی"میر"بوو پڕ بە قوڕگی هاواری دەکرد و دەیوت:"کەی من ئەو"میر"ە بووم خیانەتم لێ بکرێت؟ من هەموو شتێکم لە پێناوی ئەمارەتەکەم دا بوو، هەوڵ و کۆششم بۆ سەربەرزی خەڵکی ژێر سایەی ئەم ئەمارەتە بوو..."

ئەو شەوە تا بەیانی گریان و شیوەن لە کۆشکی میرەوە بەرز دەبوویەوە، سەرکردە سەربازییەکانی"میر"بەچۆکدا هات بوون و دەیان پرسی:"ئەو کەسە کێ بێت خیانەتی لە میر کردووە؟ حەقیقەتی ئەو خیانەتە چی بێت وا بەم جۆرە پشتی"میر"ی شکاندووە؟"

دەڵێن داپیرە گەورەم لە"مەروان"ی باپیرمی دەپرسی:"بۆچی ئێوەش لەگەڵ"میر"دا نەچوون؟ بۆ هێلاکتان بە تەنها بڕوات و خۆی بە دوژمنەکانی تەسلیم بکات؟"

ئەو لە وەڵامدا دەیوت:"من یەکێك بووم لەوانەی زۆر تکام لە"میر"کرد لەگەڵ خۆی بمبات، بەڵام"میر"دەیزانی سەرئەنجامی چوونەکەی ڕۆشن نی یە، بۆیە دەیویست کەمترین کەسی لەگەڵدا بێت.."

دیسان داپیرە گەورەم پێی دەوت:"نەدەبوا بهێڵن بەو جۆرە بڕوات و خۆی تەسلیمی دوژمن بکات، با سەرکردە سەربازییەکان بڕیارێکتان لە نەچوونی بدابایە؟"

ئەو – بە هەڵ کێشانی هەناسەیەکی قوواڵەوە– دەیوت:"میر"ئەحمەد"ی برای لە جێگەی خۆی دانا و ئەمارەتەکەی دابووە دەستی ئەو، لە لایەکی تردەوە بەڵێن بە میر درا بوو لەگەڵ خۆ تەسلیمکردندا سەری سەلامەت دەبێت و ڕێزی"سوڵتانی عوسمانی"بەدەست دەهێنێت، هەرچەند"میر"لە بەڵێنەکە دڵنیا نەبوو، لە لایەکی ترەوە خەڵکانێکی سادە و هەندێکیش ناپاك لە سەربازگەی "میر"دا بوونیان هەبوو، بە چەندین شێوە سەربازەکانی"میر"یان لە جەنگ سارد دەکردەوە،"چوار"مانگ بوو سێ هێزی گەورە دەوری سوپای"میر"ی دابوو، سوپای یەکەم لە"دیاربەکر"ەوە و دووەم لە"موسڵ"ەوە و سێیەمین سوپاش سوپای والی بەغدا"عەلی پادشا"بوو، ئەوان دەیان زانی لە ڕووی سەربازییەوە نایبەنەوە، بۆیە کەوتنە کۆمەڵێك فێڵ و حیلەی سەربازی و سیاسی دژ بە"میری ڕەواندز"، تا سەرئەنجام فێڵەکانیان سەری گرت و ڕاپەڕینەکەی"میر"یان کپ کردەوە و"میر"یشیان بەو دەردە برد..."

"مەنسوور"بۆ"موهتەدا"درێژەی بە باسەکەی دەدا و دەیوت: (باپیرە گەورەم نەیدەویرا لەناو خەڵکیدا و لە مەجلیسەکانیدا بەسەرهاتی شۆڕشەکەی "میر"بگێڕێتەوە، چونکە دەیزانی لە لایەن دەسەلاتدارانی قەلاوە چاودێری

دەکرێت و نایانەوێت خەڵکی مەیل و بەزەیی بۆ مەزڵوملییەتی"میری کۆرە"لە لا دروست ببێت، بۆیە تەنها کەسێك سنگی خۆی بۆ والاّ دەکرد و دەرگای ئازارەکانی بۆ دەکردەوە بریتی بوو لە هاوسەرەکەی، ئازاری ئەو شکستە گەورەیە لە جێگەدا خستی و بۆ دواین جار چاوی لێك نا و تەنها دوو کوڕ و کچێکی لە دوا بەجێما، یەکێکیان بە ناوی"میران"دەبێتە باپیرە گەورەی خۆمان....)

موهتەدا: (دەبێت ئەو مرۆڤە بێ هیوایە بە چ ئازارێکەوە سەری نابێتەوە؟!)

مەنسوور: (ئازاری شکست گەورەترین ئازارە، شکستێك سەرکردەکەت لە پێناوی تۆدا سەری دانابێت و تۆش لە ژیاندا مابیت، لای پیاوی جوامێر ژیان لە دوای مەرگی سەرکردە نەنگییەکی گەورەیە، ئەوان پێیان وابووە تەنها ژن و منداڵ لە دوای سەرکردە مافی ژیانیان هەیە، بەڵام جەنگاوەر دەبێت هەنگاوی ژیانی لە دوای سەرکردەوە بێت و هەنگاوی مەرگی لە پێش ئەوەوە بێت، دەڵێن: لە داپیرە گەورەیان پرسیوە بۆچی تەنها سێ منداڵتان هەیە و منداڵی ترتان نابێت؟ ئەویش لە یەکێك لە جارەکاندا لای خوشکێکی خۆی نهێنییەکە دەدرکێنێ و دەڵێت:"دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی"میر"و شەهیدکردنی"میر"، مەروانی هاوسەرم چەك و شمشێر و خەنجەرەکەی لە گۆڕێك دەنێت و دایان دەپۆشێت.."

درکاندنی ئەم نهێنییە مانای زۆر دەبەخشێت، لە گۆڕ نانی چەك و شمشێر لای مرۆڤی جەنگاوەر لە گۆڕنانی جوامێری یە، ئەو لە دوای"میری ڕەواندز"خۆی وەك مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست تەماشا نەکردووە و وای زانیوە شەرەفی جوامێری و جەنگاوەریی لێ وەرگیرابێتەوە، دەڵێن: بەهاران بۆ سەردانی گۆڕی جوامێریی خۆی دەچووە دەشتی هەریر و بەسەر خەنجەر و چەك و شمشێری لە گۆڕنراویدا دەگریا، تەنانەت دەڵێن: لە دوای لە گۆڕنانی ئەو چەك و شمشێرە کە هێمای جوامێری و جەنگاوەری ئەو بوو پێی شەرم بووە وەکو پیاوێك ماف بە

خۆی بدات له هاوسەرەکەی نزیك ببێتەوە و له ناو یەك جێگەدا پێکەوە بنوون، ئەمەش هۆی کەمی ژمارەی منداڵەکانی بووە،، بەڵکو جارێك بە هاوسەرەکەی دەڵێت:"تۆ لەمن مەردتر و سەربەرزتری ماق خۆتە و بڕیار لە دەستی خۆتدایە لەلام دەمێنیتەوە، یاخود لێم جیا دەبیتەوە.."ئەو قسە و داوایە بۆ پیاوی جوامێر لە تیغی مەرگ بە بڕشتترە، بەڵام دیارە ئەو لە دوای مەرگی"میر"خۆی وەکو مرۆڤێکی زیندوو تەماشا نەکردووە...)

موهتەدا: (بابە بەم باسەی ئەمڕۆ ئازارێکی زۆرت لە ناخم دا بەرپا کرد)

مەنسوور: (ئەو ئازارە ئازاری تێگەیشتنە لە ڕاستییەکان، ئەو ئازارە مرۆڤ گەورە دەکات، وای لێ دەکات بە بایەخەوە سەیری ژیان بکات و لە ژیاندا مرۆڤێکی بە هەڵوێست بێت..)

موهتەدا: (دەبێت"میری کۆرە"کاریگەری گەورەی لەسەر سەرکردە و سەربازەکانی بەجێهێڵا بێت؟!)

مەنسوور: (میر بۆخۆی جەنگاوەرێکی قارەمان بووە، ئازایەتی و جوامێری"میر"خۆشەویستی و مەزنیی لای سەربازەکان بۆ دروست کرد بوو، وەك ئەوەی مێژوو بۆمان باس دەکات"میر"مرۆڤێکی ئاسایی نەبووە، شۆڕشەکەی"میر"دەوڵەتی عوسمانی خست بووە بەر مەترسییەکی گەورەوە بەڵگەش بۆ ئەو ترسە کۆ کردنەوەی سوپایە لە سێ لاوە بۆ سەر"میر"، زۆر کەمن ئەو ڕاپەڕینانەی لە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکاندا سەریان هەڵ دابێت و بووبێتە مەترسی بۆسەر ڕمانی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ڕاپەڕینەکەی"میری کۆرە"ئاسایی نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لەو ڕاپەڕینانەی عوسمانییەکان بە وردی پیلانیان بۆ داڕشت و پیاوانی قەسری خەلافەت بۆخۆیان هاتن و سەرکردایەتی هێزە سەربازییەکانیان کرد، ئەمەش بەڵگەی ئازایەتی و لێزانی"میر"و مەترسی ئەو شۆڕشە بووە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی..)

موهتـەدا: (بابـە پـێم باشـە لـە جـاری داهـاتوودا باسـی "مـیران"ی بـاپیرە گەورەمان بکەیت و لە ژیانی ئەویش شتێك ئاگادار ببم)

مەنسوور: (منیش پێم خۆشە گەر تۆ ئامادەیی گوێ گرتنت هەبێت)

نزیك بە نیوەڕۆ "مەنسوور و موهتەدا"ی کوڕی دوکانەکەیان داخست و بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە...

سبەینێ عەسرەکەی "موهتەدا" ڕۆیشـت بـۆ خوێندنگەکـەی "مـەلای گـەورە" و چەند وانەیەکی لە زانستە جیاجیاکاندا بە قوتابییەکانی وتەوە و پاشـان لەگـەڵ شاگردە بالاکاندا کەوتەوە گفتوگۆ، سەرەتا یەکێك لە شاگردەکان پرسیارەکەی دانیشـتنی پێشـووی وەبیرهێنایـەوە و وتـی: (مامۆسـتا ئـەو ڕۆژە پرسـیارێکم لێکردی، بەڵام دیار بوو کاتت بۆ وەڵام دانەوەی بەدەستەوە نەبوو، مـرۆڤ چـۆن هێز و نیرووەکانی خـۆی بخاتـە دەرەوە و پـەردە لەسـەر نهێنییـەکانی خـۆی لا بدات،، یاخود چۆن خـۆی هـەڵ بکۆڵێـت تـاکو دەگاتـە کانیـاوی سـازگاری مانـا جوانەکانی ناوەوەی خۆی؟ چی بکات بـۆ ئـەوەی بکەوێتـە گـەردش و گـەڕان و لەوێشەوە بەرەو سەرچاوەی یەکەمی خۆی – لە تەکانی بـەرەو کەمالْچـووندا – بگەڕێتەوە؟)

موهتەدا: (وشەی "پاکژیی" لە زمانی عەرەبیدا (تزکیة) ی بۆ دانراوە، پاکـژیی زانستێکی بـەرز و مەزنـە، بـەڵکو کـرۆك و کاکڵـەی سـەرجەم زانسـتەکانە، ئـەم زانستە میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە، سەرەتاکەی لە مرۆڤ ناسییەوە دەست پێ دەکات و کۆتاییەکەشی گەیشتنە بە دەریای ئارامی و لاوازبوونی کۆی ئەو حـەز و غەریزە شەڕەنگێزانەی لە ناخی مرۆڤدا ڕیشەیان داکوتیوە، مرۆڤناسی لـە لای زانا و فەیلەسوف دونیای ئیسلام "محەمەد حامید غەزالی" بە وردی قسەی لەسەر کراوە، ئەو پێی وایە مرۆڤ دارای سێ هێزە ئەوانیش: هێزی "زانست و تورەبوون و ئـارەزوو"ە، ئـەم "سـێ" وشـەیە لـە زمـانی عەرەبیـدا "سـێ" زاراوەی "العلـم،

الغضب، الشهوة"ی بۆ بەکار براوە،"غەزالی"دەڵێت: تەزکیە بریتی یە لە هێنانە ژێر باری ئەو سێ هێزە ئامازە بۆ کراوانە، مرۆڤ دەبێت ئەو سێ هێزە بهێنێتە ژێر باری میانەگیری و لە زیادەڕەوی و کەمڕەوی، یاخود هەڵچوون و داچوون قوتاریان بکات، ئەو دەڵێت: گەر ئەو سێ هێزە تووشی زیادەڕەوی بن مرۆڤ تووشی کۆمەڵێك دەردی دەروونی و ئەخلاقی دەکەن، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە تووشی کەمڕەوی هاتن دیسان دەبنە سەرچاوەی کۆمەڵێك دەرد و پەتای دەروونی...

پاکژی ئەو سێ هێزە دەهێنێتە ژێر باری میانەگیری و لە هەڵچوون و داچوون ڕزگاریان دەکات،"غەزالی"پێی وایە کاتێك ئەو سێ هێزە لە مرۆڤدا میانەگیر دەبن ئەوا هێزی چوارەم – بەهۆی ئەو میانەگیرییەوە – سەرهەڵ دەدات ئەویش هێزی داد و میانەگیرییە"العدل و الاعتدال"، غەزالی وا بۆی دەچێت: سەرچاوەی هەرچی سیفەتی چاك و پاکە لە میانەگیری ئەو سێ هێزەوەیە لە مرۆڤدا، کاتێك هێزی"زانست"میانەگیر دەبێت حیلم و دانایی"الحلم و الحکمة"لە مرۆڤدا سەرهەڵ دەدات، لێرەدا نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت میانەگیر بوونی زانست مانای کەم وەرگرتنی زانست نی یە، بەڵکو میانەگیری ئەوەیە: ئەو سێ هێزەی مرۆڤ بهێنرێتە ژێر باڵی ژیری و بە فەرمانی ئەو ئاراستە وەربگرێت و کارەکانی ئەنجام بدات....

کە هێزی"تووڕەبوون"دێتە باری میانەگیری و ژێر و ئاوەز ئاراستەی دەکات سیفەتی"ئازایەتی و جوامێری و بەجەرگی"لە مرۆڤدا سەرهەڵ دەدات، هەربەوجۆرە هێزی ئارەزوو دەکەوێتە باری میانەگیری و دەبێتە هۆی پەیدابوونی پاکی، یاخود"عیففەت"پاکی زمان، پاکی داوێن، پاکی ڕەفتار....

ئەم سێ سیفەتە (دانایی، ئازایەتی، پاکێتی) – کە لە میانگیربوونی هێزی"زانست و تووڕەبوون و ئارەزوو"ەوە سەریان هەڵدا، لە زمانی عەرەبیدا

زاراوەی"الحکمة، الشجاعة، العفة"ی بۆ بەکار براوە، سیفەتی چوارەم کە سیفەتی"داد و میانەگیری"یە دەچێتە پاڵیان و بە هەرچواریان: (دانایی، ئازایەتی، پاکێتی، میانەڕەویی) سەرچاوەیەك بۆ کۆی سیفەتە چاك و پاکەکانی مرۆڤ دروست دەکەن، واتە دەبن بە دایکی سیفەت و ئاکاری چاك و پاك....

تاکو ئەم جێگە"غەزالی"قسە لە مرۆڤناسی دەکات و پرۆسەی"پاکژی"لە لای ئەو دەستی پێ نەکردووە)

شاگردێك: (مامۆستا منیش ویستم ئەو پرسیارە بکەم: چۆن و بە چ ڕێگە و میتۆدێك ئەو سێ هێزەی مرۆڤ بهێنینە ژێر باڵی ژیری و میانەگیرییان تیادا دروست بکەین؟)

موهتەدا: (بەڵێ، ئەو پرسیارە کرۆك و گەوهەری باسەکەی ئێمەیە، بەڵکو کاکڵە و ڕۆحی پاکژی یە، بۆ پیادە کردنی پرۆسەی پاکژیی و پاکبوونەوە هەر ئاینێك سرووت"گقوس"ی تایبەت بەخۆی هەیە، پوختەی کاری هەر هەموویان تەنها یەك شتە ئەویش بریتی یە لە یاد"ژکر"، پاکژیی بریتی یە لە گواستنەوە لە باڕێکی ناتەواوەوە بۆ باڕێکی تەواو، لە ئاستێکی کەم کەماڵەوە بۆ ئاستێکی باڵا تر لە کەماڵ،، ئەمەش بەوە دەبێت بە بەردەوامی بکەوێتە یادی خود (ژات) یەکی لێوان لێو بە کەماڵ تاکو لە سیفەتی نزمی مرۆیی دوور بکەوێتەوە و لە هەمان ساتدا لە سیفەتە بەرز و بڵندەکانی ئەو خودە نزیك ببێتەوە، بە بەشێك لە سیفەتەکانی ئەو بڕازێیتەوە، کاتێك مرۆڤ لەو خودە پڕ لە کەماڵە نزیك دەبێتەوە وردە وردە باری ناتەواو و کەم کەماڵی خۆی بەجێ دەهێڵێت و ئەو سێ هێزە بنچینەیی و سەرەکییەی لە ناخیدایە"زانست، تووڕەبوون، ئارەزوو"دەکەونە باری میانەگیرییەوە و بە پێی جوولەی بەرە و کەماڵچوونی سیفەتە پەسەند و ڕەسەنەکان لە ناخیدا سەرهەڵ دەدەن و بنج دادەکوتن....)

شاگردێك: (مامۆستا چۆن یادی ئەو خودە تەواو و پڕ لە کەماڵە بکەین؟)

موهتەدا: (ئەمەش دیسان رێگەی جۆراو جۆری بۆ گیراوەتە بەر، لە چۆنێتی جێ بەجێ کردنی"یاد"دا دەیان تۆ بڵێ سەدان مەشرەب و مەزهەبی جۆراوجۆر لەناو ئایینەکاندا سەریان هەڵداوە، هەندێك پێیان وایە"یاد"بە"زمان"دەکرێت، هەندێکی تر دەڵێن: یاد بە دڵە، کۆمەڵێکی تر دەڵێن: بە دڵ و زمانە، تەریقەتێك پێی وایە دەبێت بە دەنگی بەرز بێت تەریقەتێکی تر دەڵێت نەخێر بەخامۆشی دەبێت یادی ئەو خودە بکرێت، دەستەیەك پێیان وایە یاد تەنها بیرکردنەوە و تێڕامان (تأمل)ە، خەڵکانێکی تر دەڵێن: دەبێت بەوجۆرە"یاد"بکرێت کە پەیامە ئاسمانییەکان بەیانیان کردووە...)

شاگردێك: (تۆ لەم ناوەندەدا چی بەخۆت و ئێمە دەڵێیت؟)

موهتەدا: (من باری تەنهایی و خامۆشی و بیرکردنەوەی قوواڵم پێ باشە بۆ ئەو کاتانەی دەتەوێت بکەویتە ناو"یاد"ە وە)

هەمان شاگرد: (مانەوەت لە ناو منارەکەدا بۆ ئەو مەبەستەیە؟)

موهتەدا: (با ئەوەندە بەس بێت...)

دوای وتنی ئەو قسەیە خواحافیزی لە شاگردەکان کرد و بە عادەتی جارانی خۆی بە ناو منارەکەدا بەرە و لووتکەکەی سەرکەوتەوە و تا نزیکی بانگی شێوان نەهاتەخوارەوە...

ئێوارەیەك"مەنسوور"و"موهتەدا"ی کوڕی لە باخچەی ماڵەکەیاندا چایان دەخواردەوە،"موهتەدا"پێی باش بوو لە کاتەکەی و دانیشتن لەگەڵ باوکی سوود وەربگرێت، بۆیە پرسیارێکی ئاراستەی باوکی کرد و وتی: (بابە پێشتر باسی"مەروان"ی باپیرە گەورەت بۆ کردم و ئێستا پێم باشە باسێکم لەسەر"میران"ی کوڕی"مەروان"ی باپیرمان بۆ بکەیت)

دوای ماوەیەك بێدەنگی"مەنسوور"سەیرێکی پڕ مانای"موهتەدا"ی کرد و وتی: ("میران"کوڕە بچووکی"مەروان"ە و لە منداڵی یەوە بە زیرەکی و

لێهاتوویی ناوبانگی دەرکردووە، بەشێك لە زانستە ئایینییەکانی لە حوجرەدا خوێندووە، ئەو کاتێك باوکی کۆچی دوایی کرد تەمەنی"دە"سالآن بوو، مەرگی باوکی کاریگەری قوولّ لەسەر ئەو مێرد منداڵە بەجێ دەهێڵێت، شەوانە دایکی چیرۆك و سەربوردەکانی باوکی بۆ دەگێڕێتەوە و بە گیانی ئازایەتی و جوامێری گۆشی دەکات، دایکی هەتا مردن خەمەکانی"مەروان"ی هاوسەری و شەهید بوونی"میری سۆران"ی لە یاد ناچێت و بە بەردەوامی لەگەلّ یادگارییەکانی هاوسەرەکەیدا دەژی،"میران"دەبێت بە پیاوێکی جوامێر و خانەدانی شارەکەی و لە لای هەموان جێگەی ڕێز و حورمەت دەبێت، ئەو بە بەردەوامی خۆزگەی بۆ بەرپابوونی شۆڕشێك دەخواست تیایدا بەشداری بکا و وەسێتەکەی باوکی بەجێ بهێنێت، تەمەنی"چل و پێنج سالآن"دەبێت کاتێك ڕاپەڕینەکەی"شێخ عوبەیدوڵلآی نەهری"سەر هەڵدەدا، شێخ عوبەیدوڵلآ کوڕی"شێخ تەهای نەهری"یە و یەکێك بووە لە خەلیفە زۆر گەورەکانی"مەولانا خالیدی نەقشبەندی"،"شێخ عوبەیدوڵلآ"لە دوای مردنی"شێخ تەها"ی باوکی کاروباری ئیرشاد و شێخایەتی دەگرێتە دەست و ڕابەرێکی ڕۆحی مەزنی لێ دەردەچێت...

پارچە پارچەبوونی گەلی کورد و ستەم و زۆری عوسمانییەکان و قاجەرییەکان خەون و خواردن لە"شێخ عوبەیدوڵلآ"حەرام دەکات، بە بەردەوامی بیر لە چارەسەرێك دەکاتەوە،"شێخ"بە ڕێگەی ئاشتییانە و ناردنی یاداشتنامە بۆ خەلیفەی عوسمانی- کە تیایدا زوڵم و زۆری بەرپرسە عوسمانییەکانی باس کرد بوو - ویستی کێشەی گەلی کورد چارەسەر بکات، بەڵآم یاداشتنامەکەی"شێخ"پشتگوێ خرا و هیچ وەڵآمێکی نەدرایەوە...

ئەو دڵنیا بوو لەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەسەرە مەرگدایە و بەرەو تیاچوون دەڕوات، بۆیە دەیویست لەو لاوازی و پیرییەی دەوڵەتی عوسمانی سوود وەربگرێت و یەکێتییەك بخاتە ناو ڕیزەکانی گەلی کوردەوە و بەن بە خاوەنی دەسەلآتی خۆیان و لە زوڵم و زۆری عوسمانی و قاجەری ڕزگاریان ببێت...)

موهتەدا: (بابە وتت:"شێخ عوبەیدوللا"دەیزانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەرە مەرگدایە، بە چیدا دەیزانی ئەو دەوڵەتە بەرەو مەرگ هەنگا و هەڵ دەگرێت؟)

مەنسوور: ("شێخ"ئاگادار بوو لەوەی ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی کرمۆڵ بووە، دەسەلاتدارانی عوسمانی و پیاوانی دیوانی"سوڵتان"بۆ دوو دەستە دابەش بوون: دەستەیەك دەیویست لەسەر ڕەوگەی کۆنی خەلافەتی عوسمانی دەوڵەت بەڕێوە ببەن، دەستەیەکی ترکاریگەری"ئەوروپا"یان لەسەر بوو، ئەم دەستەی دووەمە دەیانویست دەوڵەتی هاوچەرخ و نەتەوەیی بەرقەرار بکەن، دەستەی دووەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کۆشکی"سوڵتان"دا بەهێز دەبوون و"یەهود و ئەوروپاییەکان"یش پشتیوانیان لێ دەکردن...)

موهتەدا: (کوێ ی ئەو هۆیە بەڕێزت باسی لێوە دەکەیت نیشانەی ڕمانی دەوڵەتی عوسمانی بوو؟)

مەنسوور: (سەرکەوتنی بیرۆڕای هەریەکێك لەو دوو دەستەیە مانای ڕمانی دەوڵەتی عوسمانی بوو)

موهتەدا: (چۆن؟)

مەنسوور: (بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر شێواز و ڕەوگە کۆنەکەی مانای دواکەوتن و زاڵ بوونی دەوڵەتانی تر- بە تایبەت ڕووسیا و ئینگلیز- ی دەگەیاند بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا، سەرکەوتنی ڕای دووەمیش، واتە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ مانای ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکانی دەگەیاند، چونکە نەتەوەکانی تر ملکەچی دەوڵەتی خەلافەت بوون نەك دەوڵەتی نەتەوەیی تورکە تورانییەکان، دەستەی دووەم بە بەرنامە کارەکانیان ئەنجام دەدا، سەرەتا هەوڵی مەرکەزییەتی دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانییان دا و نیزامی ویلایەتیان هەڵوەشاندەوە و لە ڕێگەی والی و حاکمە عوسمانییە ستەمکارەکانەوە کەوتنە ڕووخاندنی ئەمارەتەکان و خۆ سەپاندن بەسەر گەل و نەتەوەکانی تردا، لەو سیاسەتەشدا ئەمارەتە

کوردییەکانی بادینان و سۆران و بابان بوونە قۆچی قوربانی دەستی تورکە تورانییەکان...

لە پاڵ گەیشتن لەم ڕاستی یە "شێخ عوبەیدوڵلا" بۆخۆی بەشداری جەنگی ڕووسەکانی کرد بوو، لەو جەنگەدا بۆی دەرکەوت سوپای دەوڵەتی عوسمانی چەندە بێ چەک و کەم وڕەن و چەندە لە دەوڵەتانی تر- لە ڕووی هێز و نەخشەی سەربازی یەوە- دواکەوتوون، ئەمە و ئاگاهی تەواو بەو گۆڕانکاری یە گەورەی بەسەر خۆرئاوادا هات بوو لە ڕێگەی ئەو نوێنەر و قونسوڵ و موژدەدەرانەی "نەسارا" وە ڕوویان لە ناوچەکە کرد بوو، "شێخ" دەیزانی دەوڵەتی عوسمانی بەرگەی ئەو ڕەشەبایە ناگرێت کە لە خۆرئاواوە هەڵی کرد بوو، هاوڕێ لەگەڵ ئەو چەند هۆیەدا من پێم وایە "شێخ" لە سەرچاوەی سازگاری عیرفانەوە بە هەندێك ڕاستی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی گەیشتبێت، چونکە زۆرن ئەوانەی بە خزمەتی "شێخ" گەیشت بوون و شاهیدی مەزن یی پلە وپایەی عیرفانی "شێخ" یان داوە)

موهتەدا: (ڕۆڵی "میران" ی باپیرمان لەو شۆڕشەدا چی بووە؟)

مەنسوور: ("شێخ عوبەیدوڵلا" بەرلە داگیرسانی شۆڕشەکەی بە هاوکاری بنەماڵەی "بەدرخانییەکان" موئتەمەرێکی گەورەیان لە "نەهری" بەست، پێشتر "شێخ" نامەی بۆ کۆمەڵێك سەرکردە و سەرۆك هۆز و کەسایەتی گەورە نارد بوو، نزیکەی دوو سەد کەسایەتی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە بەشداریان تیادا کرد، یەکێك لەو کەسانەی چوو بۆ ئەو موئتەمەرە "میران" ی باپیرمان بوو، ئەو لە ڕێگەی یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانەوە ئاگادار کرابوویەوە، موئتەمەرەکە کۆمەڵەی "پەیوەندی سەرکردەکانی کورد" ی تیا لە دایك بوو، ئەم کۆمەڵەیە بوو بە ناوك بۆ شۆڕشەکەی "شێخ عوبەیدوڵلا"، شێخ و سەرکردەکانی کورد بڕیاریان دا یەکەم جار لە شاری "میاندواو و ئورمێ" وە هێرش بکەنە

سەر"ئێران"و هەموو ناوچە کوردییەکان ڕزگار بکەن، بۆ ئەو مەبەستە سوپاکەیان بۆ سێ هێز دابەش کرد، هێزی یەکەم شێخ"عەبدولقادر"ی کوڕی"شێخ عوبەیدوڵڵا"سەرۆکایەتی دەکرد و نزیکەی"بیست هەزار"سەرباز بوو،"میران"ی باپیرمان لە هێزەکەی شێخ"عەبدولقادر"دا بوو، ئەو سەرکردەی سریەیەکی هێزە"بیست هەزار"کەسی یەکە بوو، ئەو هێزە شاری"میاندواو"یان ڕزگار کرد و بەرەو"ورمێ"یاخود ئورمێ"بە ڕێ کەوتن،"شێخ عوبەیدوڵڵا"بۆخۆشی پەیوەندی بەو هێزەوە هەبوو، چونکە گەورەترین هێزی ڕاپەڕینەکەی بوو، لەگەڵ دەسەلاتدارانی شاری"ئورمێ"دا کەوتە گفتوگۆ تاکو بە بێ جەنگ و ڕژانی خوێن شارەکەیان تەسلیم بکەن، بەڵام"ئیقبال ولدەولە"حاکمی"ئورمێ"لە ڕێگەی قونسولی ئینگلیزەوە"ویلیام ئابوت"و پزیشکێك بەناوی"کۆجران"کەوتە فێڵ کردن و داوایان لە شێخ"عوبەیدوڵڵا"کرد بیست و چوار کاتژمێری تر مۆڵەتیان پێ بدا،"شێخ"یش لە پێناوی ئاشتی و نەڕژانی خوێندا لەسەر داواکەیان ڕازی بوو، بەڵام لەو بیست و چوار کاتژمێرەدا هێزی ئێرانی کە"بیست هەزار"سەرباز بوو بە سەرکردایەتی"حیشمەت ولدەولە"گەیشتە بەرەوە و گەمارۆی سەر"ئورمێ"ی هەڵگرت و سوپاکەی"شێخ"پاشەکشێی کرد و گەڕایەوە بۆ"هەکاری"، دواتر دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر فشاری"ڕوسیا و ئێران و ئینگلیز"دا شێخیان لە زێدی خۆی دوور خستەوە، سەرەتا ڕەوانەی"ئەستەمبوڵ"کرا، بەڵام"شێخ"لە دەست بەسەری هەڵهات و گەڕایەوە بۆ"نەهری"، دواتر دەسەلاتدارانی"تورك"گرتیانەوە و ڕەوانەی"موسڵ"یان کرد و لەوێشەوە بۆ"حیجاز"نەفی کرا و بە غەریبی لەو وڵاتە سەری نایەوە...)

دیار بوو"موهتەدا"تامەزرۆ بوو بۆ ئەوەی بزانێت باپیرە گەورەی ئەو لەو شۆڕشەدا چ ڕۆڵ و کاریگەریەکی هەبووە، بۆیە بە پەرۆشەوە بە باوکی وت: ("میران"ی باپیرمان چی بەسەر هات؟)

"مەنسوور"یش لە هێنانەوە بەریادی مێژووی شۆڕشەکەی"شێخ عوبەیدوڵڵا"چێژی وەردەگرت و نەیدەویست بە چەند ڕستەیەك چارەنووسی"میران"ی باپیری بۆ کوڕە تاقانەکەی دیاری بکات، بۆیە ئاماژەیەکی کوڕتی بە"میران"دەدا و دواتر دەچوەوە سەر باس کردنی"شێخ"و شۆڕشەکەی: ("میران"بۆ ڕزگاری کردنی"شێخ عوبەیدوڵڵا"لە دەستی سەربازە عوسمانییەکان- لە کاتێکدا شێخ بۆ موسڵ دەگوێزرایەوە- لەگەڵ دەستەیەك لە شوێنکەوتووانی "شێخ"هێرشیان کردە سەر کاروانەکە و سەربازەکانیان بە دیل گرت و"شێخ"یان قوتار کرد و بردیان بۆ قەڵای"شەبتان"، دواتر هێزی عوسمانییەکان لە دەوری قەڵاکە کۆبوونەوە و قەڵاکەیان تۆپ باران کرد و نزیکەی"دوو سەد"کەس لە خەڵکی قەڵا و پیاوانی"شێخ"شەهید بوون و جارێکی تر"شێخ"یان بە دیل گرتەوە، یەکێك لەو کەسانەی لە قەڵاکەدا شەهید کرا"میران"ی باپیرمان بوو، ئەو پێشتر وەسێت نامەیەکی نوسراو ئامادە دەکات و دەیداتە دەستی یەکێك لە هاوەڵەکانی و داوای لێ دەکات ئەگەر شەهید بوو تەسلیمی دەستی خێزان و بنەماڵەکەی بکات...)

موهتەدا: (ناوەڕۆکی ئەو وەسێتنامەیە چی بووە؟)

مەنسوور: (خۆشبەختانە ئەو وەسێتنامەیە و چەندین وەسێتنامەی تر لەلام هەڵ گیراوە و ڕۆژێك دەتبەم بۆ لای سندووقەکە و چاوت پێی دەکەوێت)

موهتەدا: (بابە بە ڕای تۆ هۆی شکستی شۆڕشەکەی شێخ"عوبەیدوڵڵا"چی بووە؟)

مەنسوور: (کوڕم وەڵامی ئەو پرسیارە لە لایەن منەوە- ئەگەر وەڵامەکەشم ڕاست بێت- بە بێئەدەبی دەزانم)

موهتەدا: (بۆ بابە؟)

مەنسوور: ("شێخ"و ئەوانەی لەگەڵی بوون نموونەی پیاوەتی و جوامێری بوون، منێك كە هیچم لە دەست نایەت بێئەدەبی یە لە باخچەی ماڵەكەم دا بە دەم چا خواردنەوەوە ڕەخنە لە"شێخ"و سەربازەكانی بگرم...)

موهتەدا: (بابە ئەوەندەی من ئاگادار بم بە قەدەر چەندین مرۆڤی خەباتگێڕ خزمەتت بە شۆڕش پێشكەش كردووە!)

مەنسوور: (كوڕم بەخشینی مالّ و سامان هەرگیز لەگەڵ بەخشینی ڕۆحدا بەراورد ناكرێت، من مالّ و سامانم بە شۆڕشی كورد بەخشیوە، بەڵام خەڵكی گیانی فیدا كردووە)

موهتەدا: (بەڵام جارێك لەخۆتم بیست كە"سەركردەی گەورە"بە تۆی وتووە: لە شاردا بمێنەرەوە و پێویستمان بە تۆیە..)

مەنسوور: (بەڵێ وایە، بەڵام هەرگیز لەخۆم خۆش نابم، من نەوەی"مەروان و میران و محەمەد و عوبەیدوڵڵا"م دەبوا منیش بە ڕەوگەی ئەواندا بچوومایە و ڕازی نەبوومایە لەگەڵ ژن و منداڵ دا لە ناو شارا بمێنمەوە)

موهتەدا: (بەڵام من وەڵامی پرسیاری خۆمم دەوێت)

مەنسوور: (ئەگەر ناچارم بكەی ئەوە قسەیەكی تڕە!)

موهتەدا: (بمبورە بابە، بەڵام زۆر حەز دەكەم وەڵامم بدەیتەوە)

مەنسوور: (ئەگەر وابێت زۆر بە كورتی ئاماژەیەك بەو هۆكارانە دەكەم، شارەزایان بە شۆڕشەكەی"شێخ"شكستەكەی بۆ چەند هۆیەك دەگێڕنەوە لەوانە: نەبوونی یەك پێزی لە نێوان كورداندا، نەبوونی سوپایەكی نیزامی مەشقدراو، باش هەڵ نەسەنگاندنی هێزی سەربازی دوژمن و خەڵەتان بە پیلانەكانی، نەبوونی پشتیوانییەكی نێودەوڵەتی بۆ شۆڕشەكە...)

بـــه وتـــنی ئـــەو قســـەیە خامۆشـــییەك ڕووی لـــە هـــەردووکیان کـــرد و"مەنسوور"داوای یارمەتی لە موهتەدا کرد و پێی وت: (هەست بەسەرما دەکەم مۆڵەتم بدە بچمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم)

"موهتەدا"لەبەر باوکی هەستا و پاشان دانیشتەوە و دەستی بۆ یەکێك لەو دوو کتێبە برد کە بۆ خوێندنەوە لە کتێبخانەکەی دەری هێنا بوون...

"مەنسوور"هەستی کرد بوو کاتی ئەوە هاتووە"موهتەدا"ژیانی خێزانی پێکەوە بنێت، بۆیە کەوتە بیرکردنەوە لە ئافرەتێك شیاوی کوڕە تاقانەکەی بێت،"مەنسوور"بە بەردەوامی بیری لەو گەواهی یە دەکردەوە کە"پیری مەزن"بۆ یەکێك لە موریدە ئافرەتەکانی خۆی دابووی، ئەو کەسە"نازداری مەلەکووتی"بوو، لە یەکێك لە شارۆچکەکان دا دەژیا،"نازدار"هەتا مردنی"پیری مەزن"بە دڵسۆزی و گوێڕایەڵی مایەوە، هەموو جارێك"پیری مەزن"ناوی"نازداری مەلەکووتی"دەهێنا و دەیوت:"ئەو کەسێکە لە خوداوە زۆر نزیکە و هیچ داوایەکی لای خودا ناگەڕێتەوە"

"نازداری مەلەکووتی"هاوسەری پیاوێك بوو بە ناوی"عەبدوڵڵا مەنگوری"، ئەو سەر و سەکوتی لەگەڵ ئەو شێوازە دینداری یەدا نەبوو کە"نازدار"ی هاوسەری پێیەوە سەرقاڵ بوو، بەڵام پیاوێکی سینەساف دەست و دڵ گوشاد بوو، هەموو جارێ لە"نازدار"ی دەکردە شۆخی و دەیوت: (ئەگەر دینداری بەم شێوازەی تۆ بێت ئەوا لە ڕۆژی لێ پرسینەوە دا من تیاچووم خۆ ئەگەر بەم شێوازەی من بێت ئەوا تۆ تەنها ماندوو بوونت بۆ ماوەتەوە...)

"نازدار"ی هاوسەری ئافرەتێکی مەزن و میهرەبان بوو، بۆیە لە وەلامیدا دەیوت: (ئومێد دەکەم خودا لە هەردووکمان قبوڵی بفەرموێ و لە بەهەشتی بەریندا بە دیدارت شاد ببمەوە...)

عەبدوڵڵای هاوسەری دیسان دەی کردە شۆخی و دەیوت: (بۆ دەتەوێت لەوێش لە کۆڵم نەبیتەوە؟)

"نازدار"میهرەبانانە دەهاتە گۆ و دەیوت: (جا دڵت دێت بە بێ من بژیت و پوو لە کەسێکی تر بکەیت؟)

عەبدوڵڵا"میهر و خۆشەویستی"نازدار"بە سەریدا زاڵ دەبوو و دەیوت: (بەخودا"نازدار"بەهەشت بە تۆوە خۆشە...)

"نازداری مەلەکووتی"کچێکی بە ناوی"مەریەم"هەبوو، خەڵکی بە جوانی ناولێنانەکەی"نازدار"ەوە نازناوی"مەلەکووتی"شیان بە"مەریەم"بەخشی بوو،"پیری مەزن "نازناوی" مەلەکووتی "بە"نازدار"بەخشی بوو، ئەو ئافرەتێك بوو دەتوت لە مەلەکووتەوە بۆسەر ئەم زەوی یە دابەزیوە، هەرچی گەرد و تەپوتۆزی ئەو دونیایە لە دەرەوە و ناخی ئەو نەنیشت بوو، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی چەشنی پەری ئاسمان بوو، هەمیشە دڵی بە مەلەکووتەوە وابەستە بوو، دەیویست بە ڕۆحێکی ئاسمانی یەوە لەسەر زەوی ژیان بەسەر بەرێت،"مەریەم"لە ژێر چاودێری و پەروەردەی دایکی دا گەورە بوو بوو، ئەو لە ڕەفتار و کرداریدا هەنگاو بە هەنگاو جێ پێیەکانی دایکی خۆی هەڵگرت بوو،"عەبدوڵڵا"ی باوکی – بەشۆخییەوە– بە"نازدار"ی هاوسەری دەوت: (کچەکەشت وەکو خۆت لێکردووە، کچێ ئافرەت با پیاوێك بۆ خۆی بەدەست بهێنێ و بەسەرمانەوە نەمێنێتەوە)، پاشان ڕووی لە"مەریەم"دەکرد و دەیوت: (ڕۆڵە بە گوێی باوکت بکە و کوڕێکی جوامێر و جوانخاس بۆخۆت بەدەست بهێنە)

"مەریەم"یش ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا و بەدەم بۆڵە کردنەوە باوک و دایکی بەجێ دەهێلاً.. "نازدار"دەهاتە وەلاّم و دەیوت: (خودا پیاوی باش و چاکی بە نسیب دەکات)

عەبدوڵڵاً: (چۆن بە نسیبی دەکات؟ تۆ ئەوەندە لە ژووڕەوەت نـاوە هەندێك لە دۆستە نزیکەکانیش نازانن کچمان هەیە)

نازدار: (خودا چۆن تۆی بۆ من نارد، ئاواش کەسێك بۆ "مەریەم"دەنێرێت)

عەبدوڵڵاً: (تۆ "دە"جار جوابت لێ ناردم و خەڵکت لێ ڕاسپاردم ئـەوجا بـووم بە نسیبت)

نازدار: (کەی وابوو! یەکەم جار بۆخۆت بە براژنتدا جوابت لێ ناردم)

عەبدوڵڵاً: (وابوو، بەلاّم دوای ئەوە ئیتر تۆ کۆڵت لێ نەدام)

نازدار – بـە پێکەنینـەوە –: (دەمزانـی خـەریکی بـۆم شـێت دەبیـت وتم بـا هەندێك بەزەییم پیایدا بێتەوە)

عەبدوڵڵاً: (باشە مالّت ئاوا بێت بەس نەبوو نەتهێلاً شێت ببم)

نازدار: (من دەمزانی بۆ یەکتر دەبین، بۆیە ئەوەندە لێت هاتمە پێشەوە)

عەبدوڵڵاً: (بە چیدا دەتزانی بۆ یەکتر دەبین؟!)

نازدار: (چەند جار لە خەوندا تۆیان نیشان دابووم)

عەبدوڵڵاً: (ئەوەندە شێتم بوو بوویت خەونیشت پێوە دەبینیم!)

هـەردوو دەسـتیان بـە پێکـەنین کـرد و بـە هێنـانی سـینییەك چـا لـە لایەن "مەریەم"ی کچیانەوە باسەکەیان کۆتا پێ هێنا....

"سمکۆ"تاقە کوڕی "نازدار و عەبدوڵڵاً"بوو، لە منداڵییەوە نازی زۆری پێ درا بوو، تەمەنی "بیست"ساڵێك دەبوو، لە خوێندن دا منداڵێکی سەرکەوتوو نـەبوو، بۆیە لە پۆلی سێی ناوەندییـەوە قوتابخانـەی بـەجێهێلاً، بـەلاّم کەسـێك بـوو بـە

بەردەوامی نوقمی خوێندنەوەی کتێبە فیکری و فەلسەفییەکان بوو، دەستەیەک برادەری پێکەوە نابوو هەروەک خۆی سەرگەرمی خوێندنەوەی قوڵ و سەرومڕ بوون، "سمکۆ"بەرانبەر بە دایکی و"مەریەم"ی خوشکی نموونەی زوڵم و زۆر بوو، لەسەر یەک پێ دووسەد جنێوی بەرانبەریان لە دەم دەردەچوو بە بێ ئەوەی بوێرن وەڵامی بدەنەوە، باوکی لێی دەهاتە وەڵام و لۆمە و سەرزەنشتی دەکرد و هەندێك جاریش دەگەیشتە گیانی و پەلاماری دەدا، بەڵام ئامۆژگاری ئەو گەنجە سەر کەشە تکا و ڕجا بوو لە شەپۆلەکانی دەریا تاکو نەکێشن بە ڕۆخ و کەنارەکاندا، "نازدار"ی دایکی بە بەردەوامی لە دوعا و نوێژەکانیدا بۆ"سمکۆ"دەپاڕایەوە و داوای لە خوای خۆی دەکرد لەو سەرکەشی و کەللە ڕەقی یە بیگێڕێتەوە....

"سمکۆ"هەر کارێکی دایکی و"مەریەم"ی بە دڵ نەبوایە جنێوی بەو کەسە دەدا ئەوانی فێری ئایین و خوداناسی کردووە، بەڵکو بەوەشەوە نەدەوەستا دەکەوتە قسە وتن بەو زاتە پیرۆزەی ئەوان نوێژی بۆ دەکەن و دەی پەرستن....

خانەوادەی"سمکۆ"نەیان دەزانی ئەو گەنجە لە دەریایەک دڵەڕاوکێ و نا ئارامی دا نوقم بووە و نا ئارامییەکانیشی بە دەوروبەری خۆیدا دەکێشێت،"نازدار"ی دایکی بە توندی هەردوو گوێیەکانی خۆی دەئاخنی و دەچووە ژوورەکەی پشتەوە و دەرگای لەسەر خۆی دادەخست تاکو گوێی لەو هەموو جنێو و سووکایەتی یە نەبێت"سمکۆ"ی کوڕی بە پیرۆزییەکانی ئەوی دەکات...

"نازداری مەلەکووتی"شەوان بۆ یادی خودا هەڵ دەستا و چەندین کاتژمێر بە ئاگا دەبوو، ئەو ژوورێکی تایبەتی لە ماڵەکەدا بۆ نوێژ و یاد دیاری کرد بوو، هەندێك لە شەوان"مەریەم"یشی بە ئاگا دەهێنا و پێکەوە دوو بە دوو دەستیان بە یادی خودای خۆیان دەکرد....

ژیانی"نازداری مەلەکووتی"بە مانای ڕۆحی بەرز و بڵند لێوان لێو بوو، تـۆوی ئەو مانایانەش بە زەمینەی ناخی کچە شیرینەکەیدا چێنرا بوو،"مەریەم"شەوانە دەتوت بۆ ژووانی عاشقێکی مەزن لە خەو ڕادەپـەڕێت، لەگـەڵ یەکـەمین بـانگی دایکیدا ڕاست دەبوویەوە و دەستنوێژی دەگرت و دەکەوتـە دونیـا تایبەتەکـەی خۆیـەوە و هـەتا ئاسـۆکان ڕۆشـن دەبوونـەوە ئـەوان خـەریکی نـۆش کردنـی شەپۆلەکانی مانا بوو...

"نازداری مەلـەکووتی و مەریـەم"ی کچـی عاشـقی شـەوە تاریکـەکان بـوون، ئەوان لە ناو تاریکیـدا هەسـتیان بـە بـوونی خۆیـان دەکـرد، تـاریکی لای ئـەوان مانای زۆری دەگەیاند: تاریکی واتە: خۆ داڕنین لەو کاڵایانەی لە ڕۆژدا کۆمەڵگـە دەیکات بە بەرماندا و هەتا کاتی نووستن ناتوانین ئەو تەوقە لە گەردنی خۆمـان بکەینەوە، تاریکی واتە: لە پەنهانەوە گەیشتن بەو مەعشـووقەی چـەندین سـاڵە عاریفەکان ئاواتیانە شەوێك حیجابی نووری خۆی بشکێنێت و سەردانێکی ژوورە تاریکەکـەیان بکـات، تـاریکی واتـە: ڕزگـاربوون لـە داواکـانی"سمکـۆ"کـە لـە بەیانییەوە تا کاتی نووستن بە سەریاندا فـەرمانی دەردەکـرد، لـە نـاو تاریکیـدا سکاڵاکانی خۆیان بۆ لای خودا بەرز دەکـردەوە و ڕازەکـانی دڵیـان لای ئـەو واڵا دەکرد.....

"مەنسووری عەتتار"هەمیشە پایەی خوداناسی"نازداری مەلەکووتی"لـە یـاد بوو، ئەو دەیزانی"نازدار"خاوەنی کچێکی خوداناسی وەك خۆیەتی، بۆیە کەوتە بیر کردنەوە لەوەی سەردانێکی ماڵیان بکات و لـە نزیکـەوە کچـەکەی "نـازدار" هەڵبسـەنگێنێت، بـۆ ئـەو مەبەسـتە بڕیـاری دا"مەعسـومە"ی هاوسـەری و"موهتەدا"ی کوڕی لەگەڵ خۆی ببات...

"مەنسووری عەتتار"بە باشی زانی لەمەڕ داواکردنی ژن بۆ کوڕەکەی گفتوگۆ لەگەڵ"موهتەدا"بکات، شەوێك دوو بە دوو باسەکەی لەگەڵ کردەوە و پرسیاری لێکرد: (کوڕم، تۆ بۆ هاوسەری ژیانت کەسێکت لە بەرچاو گرتووە؟)

موهتەدا: (تاکو ئێستا نەخێر)

مەنسوور: (دەتەوێت ڕازی دڵی خۆمت پێ بڵێم؟)

موهتەدا: (بەڵێ بابە گیان)

مەنسوور: (من کچی ژن و پیاوێکی فرە باشم لە بەرچاوان گرتووە، ئەگەر پێت باش بێت سەردانێکیان دەکەین و هیچ لەو بارەوە باس ناکەین تاکو ئافرەتەکەت بەرچاو بکەوێت و بڕیاری خۆتی لەسەر بدەی، ئەوجا یان لێی بێدەنگ دەبین، یان گەر بە دڵت بوو دەچینە داخوازی، بۆ ئەم پێشنیارەش دوو ڕۆژ مۆڵەتت پێ دەدەم، دەتوانی بیری لێ بکەیتەوە و دوا بڕیاری خۆتم پێڕا بگەیەنیت)

موهتەدا: (هیچت لەگەڵ دایکم لەسەر ئەم بابەتە باس کردووە؟)

مەنسوور: (بەڵێ، بەڵام کچێکی تری پێشنیار کردووە من باوکیم بە دڵ نی یە)

موهتەدا: (پێم خۆشە لەسەر هاوسەرگیری من هەردووکتان هاوڕا بن)

مەنسوور: (دواتر کە باسی ئەم ئافرەتەم بۆ کرد ڕازی بوو، بۆ خۆشت زیاتر قسەی لەگەڵ بکە)

بۆ سبەینێ"موهتەدا"لەگەڵ"مەعسومە"ی دایکی لەسەر ئەو بابەتە کەوتنە گفتوگۆ، دیار بوو دایکی ڕا و بۆچوونی"مەنسوور"ی هاوسەری لا پەسەند بوو، بۆیە داوای لە"موهتەدا"کرد دوای دڵنیا بوون لە بڕیاری خۆی قسەی باوکی لەسەر هاوسەرگرتن بە گرنگ بزانێت، چونکە"مەنسوور"ی باوکی لە خۆیەوە بڕیار دەرناکات...

چەند ڕۆژێك"موهتەدا"کەوتە بیرکردنەوەی قوڵ لەو قۆناغەی ژیان و داوای لە خودا دەکرد لەسەر ئەو ئافرەتە دەرگایەکی بەڕوودا بکاتەوە و بزانێت داهاتووی ئەو و هاوسەرەکەی چۆن دەگوزەرێت...

لە یەکێك لەو شەوانەدا بە نموونەیەك لە ژیانی خێزانی تێیان گەیاند"موهتەدا"بینی خۆی و هاوسەرەکەی لە دەشتێکی پڕ لە سەوزی دان، لە

ناو مێرگ و گوڵزاردا هاتووچۆیان دەکرد و ئاسوودەییان هەڵدەمژی، لە ناکاو لە چیایەکی مەزنەوە تیشکێك بەرە و ئەوان هات و بە نێوانیاندا تێپەڕی و هەریەکەیانی بە لایەکدا دوور خستەوە و یەکترییان لێ بزر بوو، کاتێك گەیشتنەوە بە یەکتر وەرزی بەهار تێپەڕی بوو، گژ و گیا وشك بوو بوو، ئەوانیش هەردوو سەریان سپی بوو، لە پەنای چیایەکدا پشتیان بە گابەردێکەوە ناو بێدەنگ لێی دانیشتن...

لە پڕ بە ئاگا هات و بینی ئارەقەیەکی زۆری کردووە و لەسەر جێگەکەی دوور کەوتۆتەوە....

"موهتەدا"دەیزانی ئەو کچەی"مەنسوور"ی باوکی بۆی دیاری کردووە هاوسەری تەمەنیەتی و ژیانیشیان بێ لەمپەر و نسکۆ نی یە، بۆیە وەلاّمەکەی بە دایکیدا بۆ باوکی گێڕایەوە و ئارەزووی خۆی بۆ سەردانی ئەو ماڵە نیشان دا...

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە"موهتەدا"داوای لە"مەنسوور"ی باوکی کرد وەسێتنامەکانی نیشان بدات، ئەویش داوای لە"موهتەدا"کرد لە دیوەخانەکە چاوەڕوانی بکات تا دەچێت وەسێتنامەکان لە ژوورە تایبەتەکەی خۆیدا دەهێنێت،"موهتەدا"تامەزرۆ بوو ڕۆژێك باوکی پەلی بگرێ و نهێنییەکانی ناو ئەو ژوور و سندووقەی نیشان بدات، بۆیە بە باوکی وت: (بابە، ئەگەر دەکرێت با منیش سەرێك لەو ژوورە تایبەتەی تۆ بدەم...)

مەنسوور: (ئەوە ژووری من نی یە، بەڵکو خەزێنەی بنەماڵەکەمانە، لەو ژوورەدا هەرچی لە"مەروان"ەوە تا بابم بۆمان بەجێماوە تیایدا پارێزراوە، ژیان و بەختەوەری من بە مانەوە و تیانەچوونی شتەکانی ناو ژوورەکەوەیە، باپیرانم سەرباری نائارامی و شەڕ و شۆڕ پارێزگارییان لێکردووە و گەیاندویانەتە دەستی من، بۆیە منیش دەبێ بە ئەمانەتەوە تەسلیمی دەستی تۆی بکەم، ئەوە بۆ کاتێکی تر هەڵ دەگرین، ئێستا تۆ لەگەڵم مەیە...)

"مەنسوور"نیو کاتژمێرێکی پێ چوو تا گەڕایەوە، "موهتەدا" پرسیاری کرد: (بابە، بۆ ئەوەندەت پێ چوو؟)

مەنسوور: (کوڕم کە دەچمە ئەو ژوورە حەز دەکەم زۆر بمێنمەوە، ئەو ژوورە ڕام دەکێشێ و بە ئاسانی لە مەوداکانی ڕزگارم نابێت، ئەگەر تۆ چاوەڕوان نەبوویتایە لەوانەیە"چوار پێنج"کاتژمێر بمابامایەوە)

"مەنسوور"سێ کاغەزی لوول کراوی بە دەستەوە بوو، دووانیانی لە تەنیشت خۆیەوە دانا و یەکێکیانی بەدەستەوە گرت و پەتی لوولەکەی کردەوە و کاغەزەکەی والاّ کرد و وتی بە"موهتەدا": (بیخوێنەرەوە...)

موهتەدا سەری بەسەردا شۆڕکردەوە و زۆر هەوڵی دا بیخوێنێتەوە، بەلاّم نەیتوانی،، بۆیە باوکی کاغەزەکەی بەلای خۆیدا وەرچەرخان و وتی: (خۆم بۆتی دەخوێنمەوە، سەرەتا دەبێ بزانیت ئەم یاداشتە بە زمانی کوردی یە و بە ڕێنووسی عەرەبی نوسراوە، چونکە لەو کاتانەدا ڕێنووسی کوردی نەبووە)

موهتەدا: (بەڵێ بابە)

مەنسوور: (ئەمە یەکێکە لە یاداشتەکانی"مەروان"باپیرە گەورەمان، دەمەوێت لە یاداشتەکەی ئەوەوە دەست پێ بکەم و پاشان بە ڕیز یاداشت و وەسێتنامەکانی ترت بۆ بخوێنمەوە،"مەروان"ی باپیرمان لەم یاداشتەدا دەڵێت:

"تەمەنم نزیکەی"پەنجا و پێنج"ساڵە، سەردەمی منداڵیم بەخۆشی و ناخۆشی بەڕێ کرد، لە گەنجێتییەوە عاشقی شۆڕە سواری و شارەزایی جەنگ و کاری سەربازی بووم، لەناو هاوەلاّنی خۆمدا بە ئازایەتی و لێهاتوویی ناوبانگم دەرکرد بوو، سوپا سالارێکی ئەمارەتی سۆران ناوبانگی منی بەرگوێ کەوت بوو، لە دووی ناردم و منیش بە خۆشییەکی زۆرەوە بەدەم داواکەیەوە چووم، سەرەتای گەورەبوونی پلە و پایەی عەسکەری من لەلای ئەو سوپا سالارە بوو، بەشداری چەندین جەنگ و پەلامارم کردووە، هەر کارێکی عەسکەریان

بەسەرمدا بدابایە خوا تەوفیقی دەدام و تیایدا سەر دەکەوتم، لەگەڵ هاتنی "میر محەمەد" بۆسەر کورسی دەسەلآت ئەستێرەی بەختی من هەڵهات و ڕۆژێك "میر" لە دوای ناردم، منیش ئەوەندە خۆشحاڵ بووم دەتوت بۆ فیردەوسم دەنێرن، چوومە خزمەتی "میر" و سەری ڕێزم بۆ نەوی کرد، سوپاسالاران لە خزمەتی "میر" دا دانیشت بوون، "میر محەمەد" فەرمووی لێکردم بۆ ئەوەی دابنیشم، منیش بە شەرمەوە لەسەر کورسییەك دانیشتم، "میر" ڕووی لە سوپاسآلارەکان کرد و فەرمووی: لە ئەمڕۆوە "مەروان" پلەی سوپاسالاری پێ دەدرێت بەهۆی ئەو سەرکەوتنانەی لە مەیدانی جەنگ و پەلامارەدا بەدەستی هێناوە، پیاوانی دیوانی "میر" هەرهەموو هەستانەوە و پیرۆزباییان لە من کرد و منیش دەستی "میر" م ماچ کرد و لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆ بە وەفاداری لە خزمەتی "میر" دا ماومەتەوە")

موهتەدا: (دیارە کاتێك ئەم یاداشتەی نوسیوە "میر محەمەد" لە ژیاندا بوەوە و ئەمارەتی سۆران نە ڕووخاوە؟!)

مەنسوور: (بەڵێ وایە)

پاشان "مەنسوور" ئەو کاغەزەی لوول کردەوە و لە تەنیشتی خۆی دانایەوە و کاغەزی دووەمی هەڵگرت و والآی کرد و وتی: (ئەم کاغەزەی تر وەسێتنامەکەی "مەروان" ە، تیایدا دەڵێت: لە ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنم دا بۆ وەچەکانی خۆم دەنووسم: منی عەبدی گوناهبار سەعات بە سەعات هەموو شتێکم لە دەست دەردەچێت، سێبەری "میر" م لە دەست چوو، "میر" م لە دەست چوو، پلەوپایەی سەربازیم لە دەست چوو، جوامێری و ئازایەتیم لە دەست چوو، وا ئێستاش خەریکە مالّ و سامان و ژن و منداڵم لە دەست دەردەچێت و بەجێیان دەهێڵم، لە خۆم ڕازی نیم، چونکە دەبوا لە دوای "میری مەزن" منیش ژیانم نەویستبایە، هەرچۆنێك بێت وەسێتتان بۆ دەکەم: ڕێگەی چاکان و پاکان بگرنە بەر، جوامێری و پیاوەتی و ئازایەتی لە دەست مەدەن،

میللەتی خۆتان خۆش بوێت، پاڵپشتی گەورە پیاوان بکەن و سەریان بخەن، لە دووبەرەکی و خۆخۆری بە دوور بن...)

"مەنسوور"ئەو کاغەزەشی پێچایەوە و کاغەزی سێ یەمی کردەوە کە وەسێتنامەکەی"میران"ی کوڕی"مەروان"بوو، بە یەکێك لە هاوەڵەکانیدا لە قەڵای"شەبتان"ەوە بۆ خێزانەکەی نارد بوو،"مەنسوور"دەستی بە خوێندنەوەی کرد: (میرانی باپیرمان لەم وەسێتنامەیەدا – کە لە قەڵای"شەبتان"ەوە نووسیوویەتی – دەڵێت:

عەزیزان و خۆشەویستان من ئێستا لەگەڵ"شێخ عوبەیدوڵڵا"دام لە قەڵای"شەبتان"، تورکەکان سەرقاڵی کۆ کردنەوەی هێزن بۆ سەر قەڵاکەمان، موریدان و پیاوانی دەوری"شێخ"بڕیارمان داوە تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگری لە شەرەفی خۆمان بکەین، ئەگەر شەرەفی شەهیدبوونم بە نسیب بوو ئەوا وەسێت دەکەم:

محەمەدی کوڕم بنێرنە بەرخوێندن و هەوڵ بدات پلە و پایەی زانستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆڵم لە خێزانم و ئەو دوو کچەم نەکرێت و حەقی خۆیان بە زیادەوە پێ بدرێت، وەسێتنامەکەی باوکم لە لاتانە و با هەمیشە لە یادتان بێت، خزمەتی فەقیران و لێقەوماوانتان لە بیر بێت، دەست بە مووك و ماڵەوە بگرن و لە رێگەی حەقدا بەکاری بهێنن...و السلام علیکم)

موهتەدا: ("میران"ی باپیرمان ترسی لە کێ بووە زۆڵم لە هاوسەرەکەی و دوو کچەکەی بکات؟)

مەنسوور: (لە بیرت چوو کە"مەروان"دوو کوڕی هەبووە یەکێکیان"میران"و ئەویتریان کە کوڕە گەورە بووە بە ناوی"دارۆ"، جوامێری و پیاوەتی"دارۆ"لە ئاستی گەورەیی و مەردایەتی"میران"دا نەبووە، بۆیە پێ دەچێت"میران"ترسی زۆڵم و زۆری ئەو برایەی هەبوو بێت...)

به خوێندنەوەی ئەو یاداشت و دوو وەسێتنامەیە "مەنسوور"ی کاغەزەکەی زۆر بەجوانی پێچایەوە و وتی: (با ئەمڕۆ ئەوەندە بەس بێت...)

-٣-

خانەوادەی "مەنسوور" لە گەشتێکدا

هەفتەی داهاتوو "مەنسوور" بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی "مەعسومە"ی هاوسەری و "موهتەدا"ی کوڕی هەڵگرت و بەرە و ئەو شارۆچکەیەبەڕێکەوتن مالّی "نازداری مەلەکووتی"لێ بوو، دوای بڕینی زیاتر لە سێ کاتژمێر ڕێگا گەیشتنە بەرەوە و ڕوویان لە مالّی کاك "عەبدوڵڵا" کرد، مالّی کاك "عەبدوڵڵا" بەناو لە شاردا بوو ئەگینا کەوت بووە دەرەوەی شارەوە، خانوەکەیان نزیك بە چیا مەزنەکە و دارستانە چڕ و پڕەکەی باکووری شار بوو، ئەو ناوچەیەی ئەوان تەنها چەند مالّێکی پێ گەیشت بوو، بۆیە هەمیشە لە فەزایەکی ئارامدا نوقم بوو بوون...

"نازداری مەلەکووتی و عەبدوڵڵا"ی هاوسەری زۆر بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی خێزانی عەتتاریان کرد و وایان دەزانی لە ئاسمانەوە بە تایبەتی بۆ ئەوان داباریوون، "مەنسووری عەتتار" سندووقی ئۆتۆمبێلەکەی لە دیاری گران بەها و بۆنی خۆش بۆ خانەوادەی کاك "عەبدوڵڵا" پڕ کرد بوو...

"عەبدوڵڵا مەنگوری" لە ڕێگەی "نازدار"ی هاوسەریەوە ئاشنایی لەگەڵ خێزانی "مەنسووری عەتتار" دا دروست کرد بوو، لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ لای "پیری مەزن" کە لە مالّی "مەنسوور" نیشتەجێ بوو بوو "نازدار" عەبدوڵڵای هاوسەری لەگەڵ خۆی برد، لەو کاتەوە دۆستایەتی لە نێوان ئەو و "مەنسوور" دا

پەیدا بوو، هەرچەندە کاك"عەبدوڵڵا"خۆشی لە سۆفیگەری و سەیر و سلوك نەدەهات، بەڵام هەموجارێك"مەنسوور"بە موریدانی"پیری مەزن"ی دەوت: کەسانێك هەن وەکو ئێمە سەیر و سلوك ناکەن، بەڵام خاوەنی دڵ و دەروونی زۆر مەزنن، کە پرسیاریان لێ دەکرد: وەکو کێ؟

مەنسوور دەیوت: وەك کاك"عەبدوڵڵا"ی مێردی"نازداری مەلەکووتی"، بە ڕاستی کەسێکی مەزنە و خاوەنی دڵێکی گەورە و دەروونێکی فراوان و سینگێکی گوشادە...

ئەو شەوەی مالّی کاك"عەبدوڵڵا"شەوێکی تایبەت بوو، چەندین زانا و پیاو و ژنی گەورەی ئەو شارە بۆ بەخێرهاتنی"مەنسوور"و خێزانەکەی ڕوویان لە مالّی کاك"عەبدوڵڵا"کرد بوو،"مەنسوور"بە زانایان و پیاوانی مەجلیسەکە"موهتەدا"ی ناساند و بۆ دەرخستنی پلە و پایەی زانستی کۆڕە تاقانەکەی داوای لە"موهتەدا"کرد بەشداری گفتوگۆی مەجلیسەکەیان بکات، ئەویش لە ئەوپەڕی ئەدەبەوە هاتە وەڵام و وتی: (کاتێك ئەم هەموو زانا و پیاوە گەورانە ئامادەی مەجلیس بین کەم ئەدەبی یە بۆ من باس و خواسی زانستی بکەم)

یەکێك لە پیاوانی مەجلیس ڕووی لە"مەنسوور"کرد و وتی: (من پرسیارێك لەم کۆڕە بەڕێزەت دەکەم)

مەنسوور: (بفەرموو)

پیاوەکە ڕووی لە"موهتەدا"کرد و وتی: (باشە کۆڕی خۆم دەگونجێت کەسێك گوناە بکات و لە خودا نزیك ببێتەوە و کەسێکی تر هەمیشە لە کوڕنوش و پەرستنی خودادا بێت، بەڵام بەو کارەی لە خودا دوور بکەوێتەوە؟!)

"موهتەدا"ماوەیەك بێدەنگ بوو،"مەنسوور"ی باوکی ڕەنگی گۆڕا و ترسی ئەوەی لێ نیشت وەڵامەکەی لە لا نەبێت، یاخود وەڵام بداتەوە و پڕ بە پێستی پرسیارەکە نەبێت...

باوکی سەیرێکی "موهتەدا"ی کرد و چاوی بڕی یە چاوەکانی و وتی: (کوڕم "موهتەدا" وەلاممان بدەرەوە..)

"موهتەدا" چاوێکی بە مەجلیسەکەدا گێڕا و هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی و وتی: (ئەسڵ و بنچینە لە پەرستشی خودادا ملکەچی و زەلیل بوونە، بۆیە هەر کار و کردەوەیەك مرۆڤ ملکەچی ئەو زاتە بکات لای خودا گەورە و پەسەندە، بە پێچەوانەوە هەر کار و کردەوەیەك مرۆڤ فێری لووت بەرزی و خۆ بە گەورەزانین بکات با پەرستنی خوداش بێت لای ئەو وەرناگیرێت، دەگونجێت ئەو کەسەی گوناھ دەکات گوناھەکانی تووشی شەرمەندەیی و خەجاڵەتی دەرگای خودای بکات و بۆ ئەو مەبەستەش لە ناخەوە ملکەچی و زەلیلی خۆی بۆ خودا نیشان بدات، لێرەدا گوناھ ئەو مرۆڤەی لە خودا نزیك کردەوە، لەم بەرەوەش کەسێك هەیە هەمیشە سەرقاڵی پەرستنی خودایە و ئەو پەرستنەش تووشی لووت بەرزی و خۆ بە گەورە زانینی کردووە و پێی وایە تەنها ئەو بەندەی ڕاستەقینەی خودایە و خەڵکانی تر هەموو ناتەووا و دوور لە خودان، خودا تەنها خودای ئەوە و دەرگای بە تەنها لە ئەو کردۆتەوە و پەرستشی خەڵکانی تر لە جێی خۆی نی یە، ئەو کەسە بە ئەندازەیەك لووت بەرزی و دەمارگیری دەیگرێت پێی وایە خودا ئاتاجی عیبادەت و بەندایەتی ئەوە، ئەم جۆرە کەسانە بە بەندایەتی کردن لە جێگەی نزیك بوونەوە لە خودا لە ئەو دوور دەکەونەوە،، بۆیە ئیمامی "غەزالی" پێی وایە گوناھێك مرۆڤ تووشی ملکەچی و زەلیلی بکات باشترە لە عیبادەتێك مرۆڤ فێری لووت بەرزی بکات، بەڵام ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و هەروا بە سادەیی مرۆڤ لە بنج و بناوانی تێ ناگات..)

یەکێك لە زاناکان: (ئافەرین ڕۆڵە، هەزار ئافەرین بۆ ئەو زانستە قوواڵەی بە دەستت هێناوە، خودا بۆ "مەنسوور"ت بهێڵێت، ئومێد دەکەم وەجاخی هەموو ئەو زانا مەزنانە ڕۆشن بکەیتەوە کە سەدان ساڵە زانست و عیرفان بە مەردوومانی ئەم وڵاتە دەگەیەنن)

یەکێکی تر لە مەجلیسەکە هەڵیدایە و وتی: (زانای لاو پێمان بڵێ پلە و پایەی ئەو کەسانە لە لای خودا چۆنە لەسەر بەرگری لە خاک و خەڵک گیانیان دەبەخشن؟)

موهتەدا: (لە دیدی ئایینەوە خاک و خەڵک هەموو دروستکراو و بەندەی خودان، مرۆڤەکان لە دوو شتدا یەکسانن: یەکەمیان لە ڕەگەز دا هەموو مرۆڤن و هیچ مرۆڤ و گەل و نەتەوە و بنەماڵەیەک لە خەڵکانی تر جیاوازی نی یە، هەموو مرۆڤایەتی دەچنەوە سەر یەک باوک و دایک کە"ئادەم و حەوا"یە، دووەمیان خودا زەوی بۆ هەموویان دروست کردووە و پێویستە بە یەکسانی لێی بەهرەمەند ببن، ئەم دوو بنەمایە مرۆڤەکان لە ئەرک و مافدا یەکسان دەکات و لەسەریان پێویست دەکات مافەکانی یەکتری پارێزگاری لێ بکەن، مرۆڤ بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆی دەتوانێت سنوورێك بۆ دەست درێژکار دابنێت و ڕێگەی پێ نەدات پێ بنێتە ناو بازنەی مافەکانی ئەو، هەموو گەل و نەتەوە و میللەتێك لەسەر خاکی خۆیان مافی ئازادی و ژیانێکی سەربەستانەیان هەیە، هەر هێز و دەسەلاتێك ئەو مافە لەو گەل و نەتەوە وەردەگرێتەوە دەست درێژکارە و چوون بە گژیدا پێویستە، هەموو ئەو کەسانەش لەو پێناوەدا خوێنیان دەڕژێت لە لای خودا گەورە و پایەدارن، هەموو ئەو دەست درێژکارانەش لەو ڕێگەیەدا دەکوژرێن خودا بە ستەمکار و دەست درێژکار سەرزمێریان دەکات مەگەر کەسێك بە زۆر بدرێتە بەر و جەنگی ناڕەوای پێ بکرێت...)

یەکێك لە پیاوانی مەجلیس: (ئەم وەڵامەشت هەروەك ئەوەی یەکەم بەهێز بوو)

مامۆستایەکی ئایینی: (ئەی لاو پێمان بڵێ گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون بۆ حاکمی ولآت و دەسەلآتداری سەردەم دروستە یان نە؟)

موهتەدا: (هەر دەسەلآتێك ژیان و ئازادی و ئاسایشی بۆ کۆمەڵگە دابین کرد پابەند بوون بە یاساکانیەوە پێویستە و لادان لەو یاسایانە دەکەوێتە خانەی

سەرپێچییەوە، هەر فەرمانڕەوایەك نەتوانێت ئەو سێ زەرورەتەی مرۆڤ دابین بکات لەسەر کۆمەڵگە پێویستە هەوڵی گۆڕین و ڕاست کردنەوەی بدەن)

مامۆستا ئایینییەکە: (هەوڵی گۆڕین بەچی و چۆن چۆنی؟)

موهتەدا: (هۆکاری گۆڕین سنووردار نی یە، بەهەر ئامرازێك کەمترین زیانی لێ بکەوێتەوە و زۆرترین قازانجی هەبێت دەتوانرێت هەوڵی ڕاست کردنەوە بدرێت، بەڵام لێرەدا دوو خاڵ زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت:

یەکەمیان ئەوانە کێن بڕیار دەدەن دەسەڵات بە ئاراستەی پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی و مافی کۆمەڵگە هەنگاو هەڵ دەگرێت؟، چونکە ناکرێت هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە ڕاست بێتەوە و بڵێت دەسەڵات و فەرمانڕەوا لایان داوە و دەبێت ڕاست بکرێنەوە...

دووەمیان لە بارێکدا دەسەڵات ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کەسەکانی ئەو کۆمەڵگەدا بەستوویەتی دەشکێنێت و بڕگە و بەندەکانی جێبەجێ ناکات ئەوانە کێن ئامراز و هۆکاری ڕاست کردنەوەی دەسەڵات دیاری دەکەن؟ دیسان پرسیارێکی تر...)

مامۆستا ئایینییەکە: (ئەوانە کێن؟)

موهتەدا: (هەموو زانستێك پسپۆڕی تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە ئەو کەسانەی پسپۆڕن لە زانستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و بەرقەرار کردنی سیاسەتدا بڕیار بدەن ئاخۆ دەسەڵات لەسەر تەوەرەی خۆی ترازاوە و پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە یان نە؟ لە ولاتانی خاوەن یاسا و دامەزراوەدا دەسەڵات دابەشکراوە و لە کەسێك یان چەند کەسێکدا چڕ نەکراوەتەوە و هەر دامەزراوەیەکیش چاودێری دامەزراوەیەکی تر دەکات و بە هەموویان ڕەوتی دروستی دەوڵەت دیاری دەکەن...)

مامۆستا ئایینییەکە: (ئێمە باسی ئەو ولاتانەت لێ ناپرسین، بەڵکو قسەی ئایینمان لە تۆ دەوێت)

موهتەدا: (لێرەدا و بۆ وەلأمی ئەو قسەیەی دواییت دەبێت چەند خاڵێك ڕوون بکەمەوە:

خاڵی یەکەم: ئیسلام نیزامێکی سیاسی دیاری کراوی بۆ مرۆڤایەتی نەهێناوە، ناتوانین بڵێین سیستمی سیاسی ئیسلام سۆسیالیستی، یاخود لیبراڵییە، یاخود هەر سیستمێکی تر، ئیسلام کۆمەڵێك بنەمای بۆ سیاسەت باس کردووە، ئەو بنەمایانە بە چ سیستم و میکانیزمێك پیادە دەکرێت بۆ بڕیاری مرۆڤ و ژیری مرۆڤ بەجێ هێڵراوە، ئایین دەزانێت مرۆڤ و کۆمەڵگە و سەردەم لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و بەستنەوەی بە سیستمێکی تایبەتەوە دروست نی یە و مرۆڤ ناتوانێت پێیەوە پابەند ببێت..

مامۆستا ئایینییەکە: (ئەو بنەمایانە کامانەن؟)

موهتەدا: (دادپەروەری، میانەڕەوی، شووڕا..)

خاڵی دووەم: ئێمە دەبێ بپرسین ئایا دەوڵەتانی خۆرئاوا توانیویانە ژیان و ئازادی و ئاسایش بۆ مرۆڤ دابین بکەن؟ بە دڵنییاییەوە زۆرینەیان توانیویانە ئەو کارە بکەن، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو سیستەمەی خۆرئاوا لە لای ئایین قبوڵ نی یە و ڕەد دەکرێتەوە، بۆ؟، چونکە زۆربەی ئەو مەرامانەی ئایین لە دەسەڵات داوای دەکات لەو سیستەمەدا هاتۆتە دی، ئەمە لە لایەك لە لایەکی، تەوە دەبێ بپرسین بۆچی ئێمەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان ئامێر و تەکنۆلۆژیای خۆرئاوامان قبوڵە، بەڵام سوود وەرگرتن لەو سیستەمە سیاسی و ئابوورییەمان قبوڵ نی یە؟ مەگەر هەردووکیان ئەقڵ و تەجروبە داینەهێناون؟ من دەزانم ڕەخنە لەم ڕایەی من دەگیرێت و دەڵێن: لەخۆرئاوادا خەڵك حاکمە و لەلای ئێمە دەبێت خودا حاکم بێت، لێرەدا من دەپرسم: کاتێك خودا دەبێت بە حاکم بۆ ئەوەیە خەڵکی بچەوسێنێتەوە و قەتڵ و عامیان بکات یان بۆ ئەوەیە بەرگری لە مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشیان بکات؟ بێ گومانم ڕای دووەم هەڵ دەبژێرن،

لێرەدا پرسیارێکی تر سەر هەڵدەدات: ئەو سیستەمەی خۆرئاوا سێ زەرووڕەتەکەی بۆ مرۆڤی کۆمەڵگەکانیان دابین کردووە یان نە؟ لێرەدا دەتوانم بڵێم بەڵێ بەشێکی زۆری دابین کردووە، جا کەوابوو چۆن دەتوانین بڵێین ئایینی ئیمە بە گژ ئەو سیستەمەدا دەچێتەوە؟ پرسیارێکی تر: ئایا کاتێک دەڵێین: خودا حاکمە، خودا بۆخۆی دێت حوکم دەکات یان کۆمەڵێک فریشتە ڕەوانە دەکات، یاخود کۆمەڵێک مرۆڤ حوکم دەکەن؟ بێگومان یەکەم و دووەم نی یە، بەڵکو ئەقڵ و لێکدانەوەیٔ مرۆڤ حوکم دەکات، لێرەدا دەپرسین ئایا ئەو مرۆڤە لە لێکدانەوە و جێبەجێ کردندا تووشی هەڵە و لادان و نەپێکان دەبێت یان نە؟ بێگومان لەبەرئەوەی مرۆڤە بەڵێ تووشی دەبێت، ئایا لە مێژووی دەسەلاتی ئیسلامیدا دەیان و سەدان کوشتوبڕین و ستەمکاری نابینیین لە پاڵ سەدان و هەزاران لاپەڕەی سپی و عەداڵەتی مەزندا؟ دیسان بەڵێ بەرچاومان دەکەوێت، کەوابوو لێرەدا ناوەڕۆک مەبەستە نەک ناو، تەنها ناوی"ئیسلامیی"دەسەلاتێک ناکاتە دەسەلاتێکی شەرعی و یاسایی و لەوبەرەوەش نەبوونی پاشگری ئیسلامیی بە دەسەلاتێکەوە دەسەلات ناگۆڕێت بە دەسەلاتێکی شەیتانی...

خاڵی سێیەم: لە سەرەتای مێژووی خەلافەتەوە دەسەلات بۆ دەسەلاتی خەلیفە و والییەکان و فەقیە و موجتەهیدەکان و دەسەلاتی ئالوبەیت دابەش بوو بوو، بەرانبەر هەموو ئەمانەش دەسەلاتی کۆمەڵگەی مەدینە کە هەموویان لە خزمەتی"پێغەمبەر"دا ژیا بوون و هەریەکەیان بە ئەندازەیەک تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەم چوار دەسەلاتە لە یەک کاتدا کاریان دەکرد و چاودێری ئەدای کاری یەکتریان دەکرد، ئەم ڕێگەی کارکردنە لە سەردەمی "خەلافەتی ڕاشیدین"دا بە ڕوونی دەبینرێت و دواتر"ئەمەوییەکان و عەباسییەکان"دێن و ئاراستەی دەسەلات بە ئاقارێکی تردا دەبەن و ئەو سەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە مێژوو بۆمان باس دەکات...

خاڵی چوارەم: چۆنێتی هەڵبژاردنی خەلیفەیە کە هەریەکەیان بە جۆرێك هەڵبژێرراوە، پێغەمبەر- دروودی خودای لەسەر بێت- لە دوای خۆی کەسی هەڵ نەبژارد و ئەو کارەی بۆ هەموو موسڵمانان بەجێهێڵاوە ئەوانیش لە هەڵبژاردنێکی گشتی کۆمەڵگەی مەدینەدا"ئەبوبەکر"یان بە خەلیفە هەڵبژارد هەڵبەتە دوای پاڵاوتنی لە لایەن عومەرەوە، ئەبوبەکر بەر لە مردنی- دوای ڕاوێژ کردن بە کۆمەڵێك کەسی شارەزا لەو مەیدانەدا- بڕیاری دا حەزرەتی عومەر لە دوای خۆی بە خەلیفە دابنێت، حەزرەتی عومەریش بۆ دیاری کردنی خەلیفە بەر لە مەرگی"شەش"کەس دیاری دەکات و داوایان لێ دەکات لە نێوان خۆیاندا کەسێك هەڵببژێرن ئەوانیش حەزرەتی "عوسمان" هەڵدەبژێرن، لە دوای شەهید بوونی حەزرەتی"عوسمان"دیاری کردن و هەڵبژاردنی خەلیفە دەگەڕێتەوە بۆ دەستی کۆمەڵگەی"مەدینە"و ئەوانیش حەزرەتی"عەلی"بە خەلیفە دیاری دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم چوار ڕێگا جیاوازە لە دیاری کردنی خەلیفە ئەوە ناسەلمێنێت کە چۆنێتی جێبەجێ کردنی دادپەروەری لە حکومڕانیدا بۆ ئەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ بەجێ هێڵراوە؟)

یەکێك لەو زانا مەزنانەی لە دانیشتنەکەدا ئامادە بوو ڕووی لە مامۆستایان و پیاوانی مەجلیس کرد و وتی: (چاکتر وایە لەمە زیاتر زانستی ئەم لاوە تاقینەکەینەوە، چونکە ئەوەندەی من لەم گەنجە ورد دەبمەوە تاکو بەیانی پرسیاری لێ بکرێت دەتوانێت وەڵام بداتەوە و قسەی لێ نابڕێت و قسەی دووبارەشی نی یە)

مامۆستایەکی ئایینی تر: (بەڵام قوربان منیش پرسیارێکم لەم زانا لاوەمان هەیە، ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەی دەمەوێت ئاراستەی بکەم؟)

زانا ئایینییەکە کە ناوی سەید عەبدولڕەحمانی مزوری بوو: (پرسیارەکەت بکە، بەڵام با دوایین پرسیار بێت)

مامۆستا ئایینییەکە: (من لە سەردەمی فەقێیەتی یەوە تاکو ئەمڕۆ کە وانە بە فەقێ دەڵێمەوە گیرم بە پرسیارێکەوە خواردووە و نەموێراوە لای مامۆستاکانیشم باسی لێوە بکەم، بەڵام کۆڕ لەمە گەرمتر نابێت و لەمە زۆرتریش زانا کۆ نابێتەوە، بۆیە بە هەلی دەزانم ئەم شەو دڵی خۆم والا بکەم و گرێی دەروونم بۆ ئێوە بکەمەوە..)

موهتەدا: (بفەرموو، بەڵام مەرج نی یە تەنها من وەڵامی بدەمەوە)

مامۆستا ئایینییەکە: (مرۆڤ بە ئەقڵ و تەجروبەی کەڵەکە بوو دەتوانێت نهێنییەکانی مرۆڤ و ژیان و گەردوون پەی پێ ببات و لەبەردەم ئەو یاسا پەی پێ براوانەدا ژیانی دونیایی خۆی ڕێك بخات بە جۆرێك لە ئەمڕۆدا هەموومان دان بەو نیزامە سیاسی و ئابوورییەدا دەنێین کە ئەقڵی خۆرئاوا بەرهەمی هێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئەقڵ ئەم دەسەلاتەی هەبێت، ئیتر وەحی و هاتنی پەیامە ئاسمانییەکان و ناردنی پێغەمبەران بۆچی یە و لە پێناوی چیدا بووە؟ بەڵام دەبێت ڕێگەم پێ بدەن لەسەر قسەکانتان پرسیار بکەم، چونکە پرسیارەکەی من تەنها ئەوە نی یە، بەڵکو ئەوە تەنها پێشەکییەکە بۆ ئەوەی سەرەتای باسەکەمانی لێوە دابمەزرێنین...)

موهتەدا: (مامۆستای بەڕێز تەنها ئەو پرسیارە چەندین شەوی گەرەکە و بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك لەو مەیدانەدا من پێشنیار دەکەم پاش ماوەیەکی تر سەردانێکی خوێندنگەکەی"مەلای گەورە"بکەیت و لەوێ چاومان بە یەکتر دەکەوێت و لەسەر پرسیارەکە بە تێر و تەسەلی قسە دەکەین)

زانا ئایینییەکە – سەید عەبدولڕەحمانی مزوری–: (ڕەحمەت لە دایك و باوکت بەڕاستی لەمە زیاتر قسە کردن لەو مەسەلە فیکری و فەلسەفیانە هەموومان ئالۆز دەکات و ئەوەی بیستوومانە ناتوانین سوودێکی لێ ببینین)

یەکێکی تر هەڵیدایە: (کاك"مەنسوور"ئێمە سوودی زۆرمان لە"موهتەدا"بینی خودا تەمەنی درێژ بکات و زۆرتر و زیاتر زانستی پێ ببەخشێت، بەڵام ئێمە حەز دەکەین تۆش وەك عەتتارێکی مەزن کە شام و ئێران دەتناسن هەندێك لەسەر ئەو کار و پیشە نایابە قسە و باسمان بۆ بکەیت)

زانا ئایینییەکە – سەید عەبدولڕەحمان –: (کاك"مەنسوور"سبەی نێوەڕۆ لە ماڵی ئێمەیە و ئەو پرسیارە هەڵ دەگرین بۆ ئەو کاتە، ئەم میوانانە ماندوون و پێویستیان بە ئیسراحەت هەیە)

دوای میوە خواردن و هەندێ قسە و باسی تر لەمەڕ ژیان و گوزەرانی شارۆچکەکە میوانەکان هەستان و خواحافیزیان کرد و ماڵی کاك"عەبدوڵڵا"یان بەجێهێڵا..

بە ڕۆیشتنی میوانەکان"مەنسوور و موهتەدا و عەبدوڵڵا و سمکۆ"ی کوڕی تەنها کەوتن و لەبەر ماندوێتی میوانەکان کاك"عەبدوڵڵا"داوای لە"نازدار"ی هاوسەری کرد جێگە بۆ میوانەکان ڕابخات تاکو بحەوێنەوە و ماندووبوونی خۆیان دەربکەن،"موهتەدا"داوای کرد ئەگەر"سمکۆ"بەچاکی دەزانێت پێکەوە لەسەر بان جێگەیان بۆ ڕابخەن،"سمکۆ"دوو جێگەی بردە سەربان و لەگەڵ"موهتەدا" ڕۆیشتنە سەرەوە و لەسەر جێگەکانیان ڕاکشان، "موهتەدا" پرسیاری لە"سمکۆ" کرد: (ئەو قسە و گفتوگۆیانەی دانیشتنەکەت لا چۆن بوو؟)

"سمکۆ"ڕاشکاوانە هاتە وەڵام و وتی: (بێزم لە هەمووی دەکردەوە، کاتێك پرسیار دەکرا و تۆش وەڵامت دەدایەوە لە پرسیار و وەڵامەکەش ئێڵنجم دەهات)

موهتەدا: (زۆرم پێخۆشە ڕاستگۆیانە بیروڕای خۆت دەردەبڕیت)

سمکۆ: (ئاتاجی درۆکردن نیم لە لات)

موهتەدا: (بەڵام پێم خۆشە بزانم تۆ بێز لە چی ناکەیتەوە، یاخود بەچی ئێڵنجت نایەت)

سمکۆ: (بە ئازادبوونی مرۆڤ لە هەموو کۆت و پێوەندێك تەنانەت لە کۆت و پێوەندی ئایین)

موهتەدا: (بۆچی لە ئازادی ڕەها بێز ناکەیتەوە؟)

سمکۆ: (، چونکە مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ، شتەکانی تر مرۆڤبوون لە مرۆڤ وەردەگرنەوە، بەڵام ئازادی مرۆڤبوون بۆ مرۆڤ دەگێڕێتەوە)

موهتەدا: (بەڵام ئازادی کەش و هەوایەکە دەڕەخسێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بیری تیا بکاتەوە و نەخشەی تیا بگرێ و ئاراستە و هەڵوێستی جۆراوجۆر وەربگرێت، دەمەوێت بڵێم ئازادی زەمینەیە، وەرزە بۆ ئەوەی مرۆڤ وەك جوتیارێك تۆوی تیا بچێنێت و بەری تیا بدورێتەوە، ئایا تۆ لە کەش و هەوای ئازادیدا دەتەوێت چ تۆوێك بچێنیت؟)

سمکۆ: (لەوانەیە ئەو پێناسەیەی تۆ بۆ ئازادی دەکەیت من قبوڵم نەبێت..)

موهتەدا: (بۆ؟)

سمکۆ: (، چونکە ئەوە پێناسەیەکی زۆر ئایدۆلۆژیانەیە بۆ ئازادی دەکرێت، لای من پابەندبوون بە ئایدۆلۆژیاوە جۆرێکی ترە لە کۆیلەبوون و لە دەستدانی ئازادی)

موهتەدا: (بەڵام زۆر شت هەیە مرۆڤ پێیەوە پابەندە و لە ئازادییەکانیشی کەم ناکاتەوە)

سمکۆ: (وەکو چی؟)

موهتەدا: (وەك ئەم جل و بەرگەی لەبەر من و تۆدایە)

سمکۆ: (ئەم جلو بەرگە تەجروبە سەلماندوویەتی بۆ سەرما و گەرما سوودی هەیە)

موهتەدا: (یانی تۆ باوەڕت بە تەجروبە هەیە؟)

سمکۆ: (بەڵێ)

موهتەدا: (کەوابوو تۆ پابەندیت بە شتێکەوە ناوی تەجروبەیە)

سمکۆ: (بەڵێ بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت تەجروبە سەلماندوویەتی کە تەجروبە بە کەڵکە و زیان بە مرۆڤ ناگەیەنێت)

موهتەدا: (هەرچۆنێك بێت تۆ باوەڕت بە شتێك هێناوە ناوی تەجروبەیە)

سمکۆ: (هەروایە)

موهتەدا: (چۆنت زانی تەجروبە بە کەڵکە؟)

سمکۆ: (وتم، تەجروبە سەلماندوویەتی کە تەجروبە بە کەڵکە)

موهتەدا: (دەی هەر بەو جۆرە خاوەن بیروباوەڕەکانیش دەڵێن: تەجروبە و زانست و ژیری سەلماندوویانە ئەو باوەڕەی ئەوان مرۆڤ ئاسوودە دەکات و بۆ ژیانیان پێویستە)

سمکۆ: (بەڵام باوەڕی ئایینی بە زانست و تەجروبە ناپێورێت)

موهتەدا: (ڕاستە ژیری پەی بە هەموو بنچینەکانی ئایین نابات و ناتوانێت پێناسەیەکی زانستییانەیان بۆ بکات، بەڵام ئایا لەو دیو ئەقڵ و زانستەوە ڕێگەیەکی تر نی یە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە حەقیقەتی باوەڕی ئایینی بگات و لەو دونیا ئالۆز و پڕ لە گومانە بێتە دەرەوە؟)

سمکۆ: (لەو دیو ئەقڵ و فەلسەفە و زانستەوە شتێکی تر هەیە ئەویش بریتی یە لە ئەفسانە و وەهم و خەیاڵ پلاوییی)

موهتەدا: (هەروا بە ئاسانی ئەو دیوی ئەقڵ بە وەهم و ئەفسانە یەکسان دەکەیت؟!)

سمکۆ: (بۆخۆی وایە من گوناهم چی یە، خۆزگە شتێکی تر هەبوایە؟)

موهتەدا: (بەڵام لە گەورە فەیلەسوفانی یۆنانەوە تاکو ئەمڕۆ زۆر کەمن ئەو بیرمەندانەی ئەو قسەیەی تۆ دەکەن، بەڵکو زۆرینەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەو

دیو ئەم جیهانەی ئێمەوە جیهانێکی تر بوونی هەیە و وەهم و خەیاڵ پلاوێش نی یە تەنها ئەوەیە ئەقڵ ناتوانێت پەی پێ ببات)

سمکۆ: (لای من ئەو شتەی ئەقڵ پەی پێ نەبات ئەفسانەیە)

موهتەدا: (تۆ مافی خۆتە وا بیر بکەیتەوە، بەڵام زانا و فەیلەسوفان ئەم قسەیەی تۆ ناکەن)

سمکۆ: (بەڵام کەمیش نین ئەوانەی ئەم قسەیەی من دەکەن)

موهتەدا: (ماندووم کردی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بنووین...)

هەردوو خامۆشی یەک داگیری کردن و کەوتنە ناو خەوێکی قوواڵەوە...

سبەینێ زوو"موهتەدا"بە ئاگا هات و بۆ ئەوەی سمکۆ بە ئاگا نەیەت بە ئەسپایی لەسەر جێگەکەی ڕاست بووبەوە و بە پەیژە دارینەکەدا هاتە خوارەوە و بەرە و دارستانی پشتی گوندەکە بە تەنها کەوتە ڕێ، دونیا هێشتا بە تەواوی ڕۆشنای نەکرد بوو، چڕی دارستانەکە و لێڵەی بەرە بەیان ناو دارستانەکەی بە دەریایەیەکی تاریک گۆڕی بوو، ئەو تووڵە ڕێگەی گرتبوویە بەر جار بە جارێک لێی بزر دەبوو، هەندێک جاریش تووڵە ڕێگەکە بۆخۆی ئەوەندە باریک دەبوویەوە دەتوت ڕیسی خورییە و ئافرەتێکی لادێ بە تەشییەکی باریک دەیڕێسێت، ئەو لە گەڕان بەناو دارستانەکەدا بەردەوام بوو تا کانیاوێکی سازگاری بن دارقەزوانێکی پیری دۆزیەوە و دەستنوێژێکی هەڵگرت و لەسەر بەردەنوێژە بەردینەکە چەند ڕکاتێک نوێژی بۆ خودای خۆی کرد و پاشان لەسەر بەردە نوێژەکە دانیشت و سەرەتا چاوێکی بە دەوروبەری کانیاوەکەدا گێڕا، بینی لە چوار دەوری کانیاوەکەدا وردە پەڕی"کەو"ی لەسەر کەوتووە ئەوەش بەڵگە بوو لەسەر هاتنیان و خواردنەوەی ئاو لە کانیاوەکە، دواتر کەوتە هەڵمژینی نەسیمی بەرەبەیان، ئەو نەسیمەی دەتوت لە سینەی عاشقێکەوە هەڵدەقوواڵێت و بە دیاری بۆ مەعشوقێکی میهرەبانی دەنێرێت، هەڵمژینی نەسیمی بەرە بەیان کە

گوندنشینه پاك و بێگەردەکان پێی دەڵێن"سەبای سالّحان"یەکێك بوو لە خوی هەمیشەیی"موهتەدا"، ئەو گەر بەرە بەیانێك لە هەڵمژینی ئەو نەسیمە دوا بکەوتبایە تاکو ئێوارە هەستی بە بێزاری و قورسی جەستەی دەکرد، خۆ ئەگەر ئەو نەسیمە لە جێگەیەکی دوور لە شار بێت و لە ناو دارستانێکی چڕدا بێت ئەوا هەرگیز لە یاد ناکرێت و دووبارە بوونەوەی دەگمەنە...

لە دوورەوە گوێی لە دەنگی خوێندنی"کەو"ە سەرکەشەکان بوو، خوێندنی ئەوان هەڕەشە بوو لە لێڵی و تاریکی بەرەبەیان، ئەوان بەو خوێندنە مژدەی ڕۆژێکی نوێیان بە یەکتری دەدا و یەکتریان ئاگادار دەکردەوە لە خیانەتێك زۆر لە مێژە لە ناویاندا ڕیشەی داکوتیوە و هەر هەموو نەفرەتی لێ دەکەن و هەر هەمووش لەگەڵ دیلی و ئەسارەتدا تێی دەکەون، لە یەکتریان دەپرسی: بۆ خۆمان ناپاکین، یاخود ڕاوچییەکانن فێری خیانەتمان دەکەن؟ هەشیان بوو وەڵامی دەدایەوە و دەیوت: ناپاکی چارەنووسە و کەسمان ناتوانێت لە دەستی قوتار ببێت، ناپاکی مەرگە و مەرگیش لە دەرەوەی دەسەڵاتی زیندەوەرانەوەیە...

"موهتەدا"چاوەکانی لێك نابوو لە ناکاو"مەریەمی مەلەکووتی"بە سەرپۆشێکی سپی یەوە هاتە پێش چاو، لە پڕ چاوی کردەوە و سەیری دەوروبەری خۆی کرد، بەڵام کەسی نەبینی و وای لێکدایەوە فراوان بوونی خەیاڵی بوو بێت، بۆیە دیسان چاوەکانی لێکنایەوە ئەمجارەیان گەشتر و ڕۆشنتر"مەریەم"ی هاتە پێش چاوان، بەڵام بە سەرپۆشێکی ڕەشەوە، دیسان چاوی کردەوە و لە چوار دەوری خۆی ورد بوویەوە، دیار بوو کەس لەو ناوەدا بوونی نەبوو، هەستایە سەرپێ و کانیاوەکەی بەجێهێڵا و بەرە و ماڵی کاك"عەبدوڵڵا"گەڕایەوە و ڕووی کردە دیوەخانەکە، بینی باوکی و کاك"عەبدوڵڵا"دانیشتوون و"مەریەم"یش سفرەی بۆ داخستوون و لە پاڵ سەماوەرەکەدا دانیشتووە و چایان بۆ تێ دەکات،"مەریەم"بە بینینی"موهتەدا"بزەیەکی زۆر هێواشی خستە دەرەوە

و"موهتەدا"ش بە تیلەی چاوەکانی بە خێرایی سەیرێکی "مەریەم"ی کرد، سەیر لەوەدا بوو ئێوارە کە"مەریەم"ی بینی سەرپۆشێکی سپی لەسەر نابوو، بەڵام ئەم بەیانی یە سەرپۆشەکەی بە ڕەش گۆڕی بوو، دیار بوو"مەریەم"چاوەڕوانی گەڕانەوەی "موهتەدا" بوو، چاوەڕوانی یەکەشی لەسەر کانیاوەکە بۆ"موهتەدا"لە شێوەی"مەریەم"دا بەرجەستە بوو بوو...

سفرەی بەیانیان لە مالّی کاك"عەبدوڵڵا"لە هەموو ژەمەکان زیاتر دەڕازێنرایەوە، پەنیری کوردی و هێلکەی مریشکی خۆمالّی و ماستی مەڕ و کولێرەی تەنووری گەرم بە هەمیشەیی سفرەی مالّی کاك"عەبدوڵڵا"ی بەجێ نەدەهێلا...

دوای خواردنی ژەمی بەیانی"مەنسوور"و کاك"عەبدوڵڵا"و چەند دۆستێکی تری سەردانی چەند خانەوادەیەکیان کرد، یەکێك لەو خێرخوازانەی هەمیشە لە خەمی هەژاران و کەم دەستانی شارۆچکەکەیدا بوو باسی چەند خێزانێکی هەژاری بۆ"مەنسوور"کرد و داوای کرد بە پێی توانا دەست گرۆییان بکات،"مەنسوور"داوای لە دۆستانی کرد هەموو ئەو خانەوادە هەژار و دەست کورتانەی بۆ دیاری بکەن تاکو بتوانێت کۆمەکییەکیان پێ بکات، هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە ناوی کۆمەڵێك خێزانی هەژاریان ناونووس کرد و پلەی هەژاری و ژمارەی خێزانیان دیاری کرا و"مەنسووری عەتتار"یارمەتییەکانی بۆ دیاری کردن و داوای لە کاك"عەبدوڵڵا"کرد هەموو مانگێك کەسێك بنێرێتە لای و ئەو کۆمەکیانە وەربگرێت و لە ڕێگەی ئەو پیاوە خێرخوازەوە پێیان بدات...

"موهتەدا"لە مالّی کاك"عەبدوڵڵا"وە داوای مۆڵەتی لە باوکی کرد و جارێکی تر بەرەو لووتکەی چیاکە و دارستانە چڕ و پڕەکە بەڕێ کەوتەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوە لە دارستانەکە هەنگاوەکانی خێراتر دەبوو، دەتوت لەسەر سەکۆیەك وەستاوە و زەوی بە ژێر پێیەکانیدا گوزەر دەکات، ئەو هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد، هەناسەدانی زۆر ئاسایی بوو، سەوزی دارستانەکە لەبەرچاوی شەپۆلی

دەدا، شەپۆلێك پەلی بۆ"موهتەدا"دەهاویشت و دەتوت داوای لێ دەکات بچێتە باوەشیەوە، زۆری نەبرد شەپۆلی دارستانەکە "موهتەدا"ی لە ئامێز گرت و بردیە ناو هەناوی خۆیەوە، لەگەڵ کەوتنە نێو دارستانەکە"موهتەدا"شتەکانی دەوروبەری لێ بوو بە جیهانێك کە پێشتر شێوەیەکی لەوجۆرەی بە چاوان نەبینی بوو، ڕەنگەکان هەزار ڕەنگ بوون، سپی تیایدا تەختی ئەو مەملەکەتەی داگیر کرد بوو، ئاوازێکی ئەفسووناویی لە تان و پۆیەکانی ئەو فەرشە هەزار ڕەنگانەوە هەڵدەقوواڵی و مرۆڤی بەرە و کەنارەکانی مەست بوون پەلکێش دەکرد، لە ناکاو بۆنێکی دڵڕفێن کەوتە بەرهەستی و لە جێگەی خۆیدا کەوتە باڵە تەپێو وردە وردە جەستەی گۆڕا بۆ پیرە دارێك کە ڕەگ و ڕیشاڵی بە هەزاران پێ بە ناخی زەویدا ڕۆچوو بوو، پەل و پۆیەکانی لە فەزادا پەرش و بڵاو بوو بوون، بە ملیۆنەها گەڵای سەوز جەستەی داپۆشرا بوو، سەرجەم درەختەکانی دارستانەکە لە شەپۆلە فرە ڕەنگەکانەوە بوونەوە بە درەخت، درەختەکان بە دەوری ئەو پیرە درەختەدا کە"موهتەدا"بوو کەوتنە سەما و سوڕانەوە، دیار بوو"موهتەدا"شای درەختان بوو، بەڵکو شای دارستان بوو، ئەو کاتێك سەرنجی درەختەکانی دەدا ئەوەی لە یاد بوو کە"موهتەدا"یە و جەستەی بۆ پیرە درەختێك گۆڕاوە، درەختەکان لە سەما کردن بەردەوام بوون، تا دەهات خێراتر دەبوون، پیرە درەختیش لەگەڵ ئەوان کەوتە سەماو خولانەوە، هەموو دارستانەکە لە خولگەیەکی بەریندا بە خێرایی دەسوڕایەوە، چەقی خولگەکە پیرە دارەکە بوو، لەگەڵ هەر سوڕانەوەیەکدا شەپۆلێك لە نووری سەوز دەردەپەڕی و هەموو ئاسۆکانی گەردوونی سەوزو ڕۆشن دەکرد، سوڕانەوەی خێرا نێوانی درەختەکانی کەمتر دەکردەوە، هەر هەموویان ئامێزانی پیرە درەختەکە بوون، یەکێك پێی دەوت: بابە، یەکێك باپیر، یەکێك بابە گەورە، هەر یەکێك بە ناوێك بانگی دەکرد، پیرە درەختەکە ئادەمی هەموو درەختەکانی تر بوو، لە پشتی ئەوەوە هاتبوونە دەرەوە و لەوەوە سەرچاوەیان وەرگرت بوو، درەختەکان بە لێشاو خۆیان دەکرد بە جەستەی پیرە درەختەکەدا، ئەم کارەیان بەردەوام بوو تا سەرجەم

دره‌خته‌کان له جه‌سته‌ی پیره داره‌که‌دا بزر بوون، خۆی بـه تـه‌نها مایـه‌وه، بـه قوولاّیی گه‌ردووندا شۆڕ ده‌بوویه‌وه، ئه‌وه‌نده ڕۆیشت تا له بیری چوو ئه‌و دره‌خته یان ته‌نێکی بزر بـووی نێـو قـوولاّیی گه‌ردوونـه، لـه ناکـاو ئاسـۆ سـه‌وزه‌کان بـه ده‌رکه‌وتن، دارستانێکی چڕ و پڕ هاته به‌رده‌می، دوای گه‌ڕان و وردبوونه‌وه بۆی ده‌رکه‌وتن سه‌رجه‌م ئه‌و دارستانه یه‌ك دره‌خته و پـه‌ل و پۆی به هه‌موو لایه‌کدا لێ داوه و پـه‌خشی کردۆته‌وه، ڕۆیشته به‌رده‌می و پرسیاری مه‌زنی و گه‌وره‌یی ئه‌وی کرد، ئه‌ویش به ئاماژه داوای لێکرد زیاتر بێته پێشه‌وه، بـه‌ره‌و پێشـه‌وه چـه‌ند هه‌نگاوێکی نا تاکو پـه‌ل و پۆیه‌کانی به‌ر پـه‌ل و پۆیه‌کانی دره‌خته مه‌زنه‌که که‌وت، له‌گه‌ڵ به‌ریه‌ك که‌وتنیان دره‌خته مه‌زنه‌که پیره دره‌خته‌کـه‌ی گرتـه ئـامێز و لـه ناخی خۆیدا بزری کرد، بزر بوونی ئه‌و توانه‌وه‌ی ئه‌و بوو له کۆی ئه‌و مانایانـه‌ی دره‌خته مه‌زنه‌که له خۆی گرت بوو، له سه‌ره‌تاوه وای ده‌زانی ئـه‌و لـه نـاو ئـه‌و دره‌خته مه‌زنه‌دا بوونی هه‌یه و نه‌تواوه‌ته‌وه، به‌ڵام دواتر بوونی گۆڕا بـۆ بـوونی دره‌خته مه‌زنه‌که و له بیری چـوویه‌وه سـه‌ره‌تای ئـه‌و چـی بـووه، بـه‌ڵکو تـه‌نها دره‌ختی مه‌زن بوونی هه‌بوو، له ناکاو دره‌ختی مه‌زن مانای دره‌ختبوونی له بـیر چوویه‌وه، ئه‌و ده‌یزانی هه‌یه، به‌ڵام نه‌ی ده‌زانی چی یه، زه‌مه‌نێك له‌و سه‌رسامی و حه‌یران بوونه‌دا ژیانی به‌سه‌ر برد، تا وای لێ هات هه‌ستی به بـوونی خـۆی لـه ده‌ست دا و ده‌یزانی که بوونی نـی یـه، تـه‌مـه‌نێکی لـه نه‌بوونـدا به‌سـه‌ر بـرد تـا گه‌یشته ئه‌و جێگه‌ی هه‌ست کردن به نه‌بوونی خۆی کۆتـایی پـێ هـات و هـه‌موو شتێك پێچرایه‌وه و خۆی خزانه ده‌ریـای نـه‌بوون، لـه ده‌ریـای نه‌بوونـدا چـه‌نده مایه‌وه؟ که‌س نازانێت، چونکه بوونی نه‌بوو تـا بزانێـت چـه‌نده ماوه‌تـه‌وه، کـه هاته‌وه هۆشی خۆی له دارستانی دامێنی چیایه‌که‌دا ڕاکشاوه و سه‌ری بـه پـیره داریکه‌وه ناوه، به‌ڵام کات له خۆڕئاوابوونداید، بۆیه به پـه‌له هـه‌ستایه سه‌ر پێـو به‌ره‌و ماڵی کاك"عه‌بدوڵڵا"به‌ڕێکه‌وت و له‌گه‌ڵ بانگی ئێواره‌دا گه‌یشته‌وه ماڵی کاك عه‌بدوڵڵا،"نازدار"ی دایکی"مه‌ریه‌م"هـات بـه پیریـه‌وه و بـۆ ژووره‌وه فـه‌رمووی لێکرد،"موهته‌دا"پرسیاری کرد له دایکی"مه‌ریه‌م"بچـمه کـام ژووره‌وه، ئـه‌ویش

فەرمووی لێکرد بۆ دیوەخانەکە،"موهتەدا"هێشتا خۆی بە پیرە درەختەکە دەزانی و پرسیاری لە دایکی"مەریەم"کرد: بڵێی لەو ژوورەدا جێگەم ببێتەوە؟

دایکی"مەریەم"پێی وت: گەر پەل و پۆیەیەکانت کۆ بکەیتەوە جێگەت دەبێتەوە،"موهتەدا"دەستێکی بەسەریدا هێنا و چووە ژوورەوە، کاتێك ئەو گفتوگۆیە بە نێوان"موهتەدا"و"نازداری مەلەکووتی"دا تێپەڕی"مەریەم"لەو جێگەدا وەستا بوو پرسیاری لە دایکی کرد: (ئەو قسانە چی بوو بە نێوان تۆ و"موهتەدا"تێپەڕی؟)

دایکی مەریەم: ("موهتەدا"شا درەختێکی مەزنە)

دیسان"مەریەم"هیچ تێ نەگەیشت و بڕیاری دا چیتر پرسیار نەکات، چونکە وەلامی پرسیارەکان ئالۆزتری دەکرد....

"کاك عەبدوڵڵا و مەنسووری عەتتار"لە بەیانیەوە نەگەڕا بوونەوە، دیار بوو بۆ ژەمی ئێوارە بانگهێشتی مالّی یەکێك لە دۆستانی کرا بوو،"موهتەدا"لە ڕێگەی دایکی یەوە داوای کرد لە ژوورێکی بێدەنگدا جێگەیەکی بۆ ڕا بخەن و تاوێك تیایدا بنوێ، ئەوانیش جێگەیەکیان بۆ ئامادە کرد و"موهتەدا"تیایدا کەوتە ناو خەوێکی قوواڵەوە، دەتوت چەند سەدەیەکە نەخەوتووە، هەر ئەوەندە سەری نایە سەر سەرینەکە چاوەکانی ئاوا بوون و ڕۆحی جەستەی بەجێهێڵا و لەو دونیا بێسەر و بنەدا کەوتە باڵە تەپۆ گەردش و دەوران، بەیانی زوو بە ئاگا هات و بۆ خۆدانە بەر شەپۆلی بەرە بەیان لە مالّی کاك"عەبدوڵڵا" دوورکەوتەوە...

هەر ئەو ڕۆژە"مەنسووری عەتتار"مۆڵەتی لە کاك"عەبدوڵڵا"و دۆستانی وەرگرت و بەرە و هەواری خۆیان لەگەڵ هاوسەرەکەی و"موهتەدا"بۆ شار گەڕانەوە...

پاش چەند هەفتەیەك مامۆستا ئایینییەکە لە گوندەکەی مالّی کاك"عەبدوڵڵا"وە بە سەردانی"موهتەدا"هات بۆ شار، مزگەوتەکەی"مەلای

گـــەورەی"دۆزییـــەوە و لەگـــەڵ"موهتـــەدا"چـــاویان بـــە یـــەکتر کـــەوت، شەوەکەی"موهتەدا"میوانەکەی بۆ ماڵەوە هێنایـەوە و دوای خـواردنی ژەمـی ئێوارە لە دیوەخانەکە بە ئامادەبوونی "مەنسوور"ی باوکی هەرسێ دانیشـتن و کەوتنە وتوویژ، سەرەتا"موهتەدا"مۆڵەتی لە باوکی خواسـت و"مەنسـوور"یـش فەرمووی لێکرد و وتـی: مۆڵـەتی مـن بـدەن تـەنها گوێتـان لێبگـرم، خـۆ ئەگـەر ناچاریش بم ئەوا قسەیەکم لەو نێوانەدا دەبێت..

موهتەدا (مامۆستای بەڕێز پرسیارەکەی ئەو شەوەت دووبارە بکەرەوە)

مامۆستا ئایینییەکە – پارچە کاغەزێکی دەرهێنا کە دەقی پرسیارەکەی تیا نووسی بوو، وتی (دەقی پرسیارەکە وەک خۆی دووبارە دەکەوە:

مرۆڤ بە ئەقڵ و تەجروبەی کەڵەکە بوو دەتوانێت نهێنییەکانی خۆی و ژیان و گەردوون پەی پێ ببات و لەبەردەم ئەو یاسا پەی پێ براوانـەدا ژیـانی دونیـایی خۆی ڕێك بخات، بە جۆرێـك لـە ئـەمرۆدا هـەموومان دان بـەو نیزامـە سیاسـی و ئابوورییەدا دەنێین کە ئـەقڵی خۆرئـاوا بەرهـەمی هێنـاوە، پرسـیارەکە ئەوەیـە: ئەگەر ئەقڵ ئەم دەسەلاتەی هەبێت، ئیتر وەحی و هاتنی پەیامە ئاسمانییـەکان و ناردنی پێغەمبەران بۆچی یە و لە پێناوی چیدا بووە؟)

موهتەدا (سەرەتا دەبێ بزانین مێژووی ئەم زانسـت و تەکنۆلۆژیایـەی ئـەمرۆ لە"دوو سەد"ساڵ تێناپـەڕێت، مێـژووی مـرۆڤ لەسـەر ئـەم زەویـە سـەدان جـار بەرانبـەر ئـەو مێژوویەیـە، بۆیـە مێـژووی هـەموو مرۆڤایـەتی بـەم دوو"سـەد سـاڵە"ناپێورێـت، لـەم"دوو سـەد"ساڵەشـدا دەیـان جـەنگی خوێنـاوی سـەری هەڵداوە و ملیۆنەها مرۆڤ بوونەتە قوربانی، تەنها قوربانییەکانی جەنگی یەکەم و دووەمـی جیهـانی بـە دەیـان ملیـۆن کـوژراو و برینـدار دەخـەملێنرێت، ئـەوەی قوربانییەکانی جەنگی زۆرتر و زیاتر کرد ئەو تەکنۆلۆژیایە بوو مرۆڤ دایهێنا، ئەو شمشـێری بـە بـۆمبی ئـەتۆمی گـۆڕی و لـە چـەند چـرکەیەکدا گیـانی"سـەدان هـەزار"مرۆڤـی کێشـا، زانسـت و زانیـاری مـرۆڤ زیـادی کـردووە بـەڵام

شەڕەنگێزییەکانی گەر زیادی نەکردبێت کەمی نەکردووە، نابێت ئەو لاپەڕە زێڕین و پرشنگدارانەی مێژووی مرۆڤایەتی لە یاد بکەین کە چەندین زانای پایە بەرز لە مەیدانی فیکر و زانست و فەلسەفەدا نەخشاندوویانە، هەموو مرۆڤایەتی قەرزاری"لویس پاستێر"ن کە بە دۆزینەوەکانی لە مەیدانی پزیشکیدا دەیان نەخۆشی کوشندەی بنبڕ کرد و بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی هێنا، بەڵام ئەوەی"لویس پاستێر"و زانا مەزنەکانی تر دایان هێنا و دۆزیانەوە لە لایەن کۆمەڵێك مرۆڤی شەرشەنگێزەوە بەکارهێنرا و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا قۆرخیان کردووە..

لەم دەستەکەی تردە هاتنی پێغەمبەران لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا کاریگەری گەورەی لەسەر تەکانی زانستی بووە، من نالێم ئەوان زانا بوون چونکە ئەو پۆشاکە بۆ بالای پێغەمبەران تەسك و نەشیاوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی ئەوان تەکانی گەورەی کۆمەڵایەتی و زانستنی و فیکری لێکەوتۆتەوە، دروستکردنی کەشتییەك کە بە قەدەر ئوستولێکی زەبەلاحی سەربازی ئەمرۆ بووە لە لایەن حەزرەتی"نوح"ەوە بۆ ئەو سەردەمە شۆڕشێکی تەکنۆلۆژی گەورە بووە، کارە چاکسازییەکانی حەزرەتی "یوسوف"لە مەیدانی ئابووری و سیاسیدا شۆڕشێکی مەزن بووە بۆ سەردەمی خۆی، داهێنانی پۆشاکی سەربازی لە لایەن حەزرەتی"داوود"ەوە داهێنانێکی گەورە بووە و پێشخستنێکی مەزن بووە لە مەیدانی سەربازیدا، هاتنی حەزرەتی "عیسا" شۆڕشێك بووە دژ بە زوڵم و زۆری دەسەلاتدارانی ئایینی و سیاسی، دەرکەوتنی حەزرەتی"محەمەد"لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا مەزنترین شۆڕشی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایینی بووە، بۆیە هاتنی هەر پێغەمبەرێك تەکانێکی گەورە بووە بۆ ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی و لە دوای ئەوانیش ڕیفۆرمستە ئایینییەکان کاری گەورەیان لەسەر پەیامەکانی ئەوان کردووە..

کرۆك و جەوهەری پەیامی پێغەمبەران ڕاست کردنەوەی بیر و بینشی مرۆڤە لەمەڕ مرۆڤ و ژیان و گەردوون و خودا، پاشان پەیوەست کردنی هەموو ئەمانە بەیەکەوە بە پەتی خۆشەویستی و تەبایی، نابێت پێمان وابێت ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەسەریەتی تەنها ئەقڵی ڕووت دروستی کردووە، نەخێر، بەڵکو پەیامە ئاسمانییەکان کاریگەری قوواڵیان لەسەر ئەخلاق و کولتور و ڕۆشنبیری و عورف یاسایی بەجێهێڵاوە...

پەیامە ئاسمانییەکان هەڵگری بەهای ڕۆحی مەزنن بۆ مرۆڤایەتی، مرۆڤ بە بێ ئایین ناتوانێت خۆشبەخت بێت، ئایینە هاوسەنگی دەخاتە ناو ژیانەوە، ئایینە مانا بە ژیان دەدات، ئایینە مانا بە چاکەخوازی دەبەخشێت، ڕۆح بە بەری دادپەروەریدا دەکات، مرۆڤ زۆرجار لە دەستی یاسا قوتاری دەبێت بەڵام ئایین پێی دەڵێت: ناتوانیت لە دەستی عەداڵەتی خودا دەربچیت...)

ماموستا ئایینییەکە (لێرەدا پرسیارێکی تر دروست دەبێت: بۆچی هاتنی پێغەمبەران کۆتایی پێ هات؟)

موهتەدا (دیاریکردنی پێغەمبەرێك و ناردنی بۆ سەر گەل و نەتەوەیەك بە بڕیاری خودا بووە نەك مرۆڤ، بۆیە هاتن و نەهاتن پێغەمبەران ویستی مرۆڤی تێدا نییە و تەنها بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئێستا دەچمە سەر پرسیارەکەی تۆ، قورئان حەزرەتی محەمەد بە دوایین پێغەمبەری پەیامدار دەزانێت بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە ئیمامە مەزنەکان و نوێخوازان (المجددون) ی ئایینی ئیسلام لە پلە و پایە و گەورەیدا هیچیان لە"ئەنبیا"ی بەنی ئیسرائیلی کەمتر نییە، خودا چۆن بە وەحی پشتیوانی لە دایکی موسا و مەریەم و حەواریيەکانی حەزرەتی عیسا و یارانی ئەشکەوت کرد بە هەمان پێودان کۆمەکی و پشتیوانی هەموو ئەو ئیمامە مەزنانە دەکات کە بەیداخی گەشاندنەوەی پشکۆی ئایین هەڵدەگرن و گیانێکی تازە بە بەر مرۆڤایەتیدا دەکەنەوە، ئێمە نابێت پێمان وا بێت بە مردنی حەزرەتی"محەمەد"پەیوەندی زەوی لەگەڵ ئاسمان پچڕا و تەنها

ڕێگەی ژیری بۆ مرۆڤ ماوەتەوە، خودا کۆمەکی و پشتیوانی خۆی بۆ دەستەیەکی تایبەت بە بەردەوامی دەنێرێت و پەیوەندی خۆی بەردەوام دەکات)

مامۆستا ئایینییەکە (دەتوانیت بەڵگەیەکم لە قورئان بۆ ئەم قسەت پێ بدەی؟)

موهتەدا (مامۆستای بەڕێز چی لەم ئایەت تێدەگەیت؟ خودا کاتێك وەسفی دەستەیەك لە باوەڕداران دەکا دەفەرموێت (أولئك كتب في قلوبهم الأيمان و أيدهم بروح منه)، ئەوانە خودا باوەڕی لە ناو دڵیان دەنووسێت و کۆمەك و پشتیوانیان دەکات بە ڕۆحێك کە لەلای خوداوەیە..

سەرنجی ئەم ئایەتە بدە (ينزل الملائكة بالروح من أمره على من يشاء من عباده أن أنذروا أنه لا اله الا أنا فاتقون)، فریشتە بە ڕۆحێکەوە کە بەشێکە لە ئەمری خودا بۆ سەر هەر بەندەیەك لە بەندەکانی دادەبەزێنێت، بیانترسێنن هیچ خودایەك جگە لەمن نییە و خۆتان بپارێزن..

سەرنجی فەرمانی (ينزل) بدە کە باس لە داهاتووە و قورئانیش بۆ سەر حەزرەتی محەمەد دابەزیوە و ئایەتەکەش باسی چیرۆکی گەل و نەتەوەکانی پێشوو نی یە، دیسان سەرنجی وشەی (من عباده) بدە و دواتر لە مانای (أن أنذروا) بکۆڵەرەوە...)

"مەنسوور"ی باوکی"موهتەدا"کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، هاتە دەنگ و وتی (لەمە زیاتر مەڕۆ، چونکە پەردە لادانە لەسەر نهێنییەك کە ئاشکرا کردنی گرفتی گەورە بۆ مرۆڤە سادەکان دەخولقێنێت)

موهتەدا (دوایین قسەم ئەوەیە کە لە دوای حەزرەتی"محەمەد"هیچ پێغەمبەرێکی پەیامدار نایەت و هەر نوێخواز (المجدد) یێك سەر هەڵدەدات لە ناو ئەو پەیامەدایە کە دوایین پێغەمبەر بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، بەڵام ئەو

نوێخوازانـــه خـــاوەنی پـــەیامی بچـــووك (الرســـالة الصـــغری) ن و تـــەنها حەزرەتی"محەمەد"ەپەیامی مەزن (الرسالة الکـبری) ی پێدراوە، لێرەوە ئـەو بیرە چەوتەی کە مرۆڤ دایهێناوە و قۆناغەکانی بیری مرۆڤایەتییان بۆ: ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە و زانست دابەش کردووە لە خۆیدا ئەفسانەیەکی گەورەیـە و هیچ ئەرزشێکی نی یە، چونکە خودا مرۆڤ و ژیان و گەردوونی وێڵ نـەکردووە و بۆ تەنها ساتێکیش لێی بێ ئاگا نابێت...)

مامۆستا ئایینییەکە (پێم وایـە دەرگایـەکی فـراوان و ئاسـۆیەکی بـەرینت بـە ڕووم دا والآ کرد، بەڵام پێویستم بە بیرکردنەوەی زۆرتر و زیاترە...)

مەنسوری عەتتار (مامۆستا و زانست بـۆ مـرۆڤ تـەنها نیشـاندانی ئاسـۆیەك و کردنەوەی دەرگایەکـە، خـۆ گەیاندنـە ئـەو ئاسـۆیە و تێگەیشـتن لـەو جیهانـەی دەرگاکەی بە ڕووتدا والآ کراوە پـەیوەندی بەخۆتەوە هەیە).

بەشی دووەم

-١-

مانگی هەنگوینی و ژیانی خێزانی

"مەنسوور"لە پێگەی"مەعسومە"ی هاوسەریەوە وەلامی"موهتەدا"ی لەسەر داخوازیکردنی"مەریەم"بە دەست کەوت و پاش ماوەیەك لەگەڵ چەند کەسێکی تر چوونە داخوازی"مەریەم"و داوایان کرد بۆ"موهتەدا"، داواکردنی دەستی"مەریەم"بۆ"موهتەدا"جێگەی دڵخۆشی کاك"عەبدوڵڵا و نازدار"ی هاوسەری بوو، چونکە لە لای ئەوان باشترین هاوسەر و باشترین خانەوادەیان بۆ کچەکەیان بەدەست کەوت بوو...

شەوی بووك و زاوای"مەریەم و موهتەدا"لە شەوی بووك و زاوای خەڵکانی تر جیاواز بوو، ئەو شەوە هەموو گیانیان بوو بوو بە شەرم، هەردوو لایان بۆ خۆ دزینەوە لەوەی ژن و مێرد لەشەوی یەکەمدا لە یەکتری داوای دەکەن بە بەردەوامی خەریکی قسە کردن بوون، قسەیان لەسەر هەموو شت دەکرد، هەریەکەیان بە دوور و درێژی باسی ژیانی منداڵی خۆی کرد، لەگەڵ یەکتر سەرگەرمی قسە کردن بوون تا درەنگانێکی شەو، هەردوو لە قسەکردن ماندوو بوون، دەستیان بە باوێشکدان کرد، چاوەکانیان ئاوابوون و کەوتنە ناو خەوێکی قوولەوە، بەیانی بە ئاگا هاتن لەسەرەتاوە هەندێك لە یەکتر دوور کەوتنەوە، هەریەکەیان بوونی کەسێکی تر لە پاڵیدا ترس و داچڵەکانی بۆ دروست دەکرد،

به تەواوی هۆشیان بەر هاتەوە و ئەوەیان بیر کەوتەوە کە ئەوان ژن و مێردی یەکترن، ئەوان بە یەکتری نامۆن، بەڵام دیسان بیریان لەوە دەکردەوە بـا ژن و مێردی یەکتریش بن، بەڵام دوو مرۆڤی سەربەخۆ و جیاوازن لە یەکتری...

مـانگی هـەنگوینی ئـەو دوو مرۆڤـە نامۆیـە بـە قسـە کـردن بەسـەر چـوو، دایکی"مەریەم"و دایکی"موهتەدا"بۆ ئەو بارە نا سروشتییەی نێـوان"مەریـەم و موهتەدا"کەوتنە ڕاوێژ و بیرکردنەوە، لە سەرەتاوە پەنایان بۆ دوعا و پاڕانـەوە برد...

پاشـــان لـــە یـــەکێ لـــە دیدەنییـــەکانی"مەریـــەم"بـــۆ مـــاڵی بـــاوکی دایکی"مەریەم"کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ"مەریـەم"و پرسـیاری ژیـانی ژن و مێـردی لە"مەریەم"کرد ئەویش لە وەڵامیدا وتـی: (ئێمـە هـەموو شـەوێك تـا درەنگانێـك تەنها باسە ڕۆحانییەکان بە نێوانمانـدا تێدەپـەڕێ و هـیچ کامێکمـان بیرمـان لـە شتی تر نەکردۆتەوە، بەڵکو حەز ناکەین هیچی تر بە نێوانماندا تێبپەڕێت...)

دایکی"مەریەم"باسی ژیانی ژن و مێردی بۆ"مەریەم"ی کچی کرد، ئەوەی بۆ باس کرد کە ژن و مێرد تەنها قسەکردن بە نێوانیاندا تێناپەڕێت، بەڵکو پێویستە مافی یەکتری بدەن...

مەریەم پرسیاری کرد: (مافی یەکتری چی یە؟ ئێمە یەکترمان خۆش دەوێت و لە یەکتری ڕازین و زوڵم و زۆر لە یەکتری ناکەین)

دایکی– نازداری مەلەکووتی– لە وەڵامیدا وتی: (ئێوە دەبێت منداڵتان ببێت)

مەریەم: (ئەگەر خوا بیەوێت منداڵیشمان پێ دەبەخشێت)

نازدار: (کچم گەر تۆ و"موهتەدا"ئەو کارە ئەنجام نـەدەن منـداڵتان نابێـت و هەردووکتان عەیبدار دەبن بە تایبەت"موهتەدا"ی هاوسەرت).

مەریەم: (بۆچی عەیبدار دەبین؟!)

نـازدار: (لـەلای خـەڵکی وا بـاوە ئەگـەر پیاوێـك نـەتوانێت بـڕ، واتـە لای هاوسەرەکەی بە چاوی ناتەواو سەرنج دەدرێت و خەڵکی پێی دەڵێن ئەو کەسـە پیاوەتی نییە، لەم لاشەوە خەڵکی هەزار ناو و ناتۆرە بۆ تۆ دروست دەکەن..)

مەریەم: (من دەبێ چی بکەم؟)

نـازدار: (تـۆ دەبێـت ئـەم شـتانە بـۆ"موهتـەدا"بـاس بکـەیت، زیـاتر لە"موهتەدا"نزیك ببیتـەوە، ئێـوە هاوسـەری یـەکترن، خـودا ئێـوەی بـە چـەند کەلیمەیەك بۆ یەکتر حـەلاڵ کـردووە، ئـافرەت دەبـێ گوێڕایـەڵی هاوسـەرەکەی بێت، گەر دەتەوێت خـودا لـە خـۆت ڕازی بکـەیت داوا ڕەواکـانی هاوسـەرەکەت جێبەجێ بکە)

"مەریەم"بێدەنگییەك داگیری کرد و پاشان هەستاو دایکی بەجێهێڵا...

"مەنسـوور"لـە ڕێگـەی"مەعسـومە"ی هاوسـەریەوە بـە حاڵەتەکـەی "موهتەدا"و" مەریەم"ی زانی بوو، بۆیە بۆنێکی زۆر تایبەتی بـۆ دروستکردن و دای بە"مەعسومە"تا بە"مەریەم"ی بگەیەنێت، ئەویش بۆنەکەی بە"مەریەم"دا و داوای لێکرد شەوانە لە خۆی بدات...

لە یەکێك لە شەوەکاندا"مەریـەم"بۆنەکـەی بـەکار هێنـا و قسـەکانی دایکـی بۆ"موهتەدا"کرد ئەویش لە وەڵامیدا وتی: (من هەموو ئەو شتانە دەزانم، بـەڵام لای من نزیکبوونەوەی پیاو لـە ئـافرەت، یـاخود بـە پێچـەوانەوە تـەنها لـەباری پێویستیدایە، من ئەم ماوەیە کـە بـە یـەکترەوە بـووین هـیچ پێویسـتییەکم بـەو نزیکبوونەوەیە نەبووە، وام هەست دەکرد تـۆش هـەروەك مـن وایـت، بۆیـە لـەو بارەیەوە هیچ بە نێوانماندا تێنەپەڕیوە).

مەریەم: (منیش هەروەك تۆ وام، بەڵام با قسەو باسی خەڵکی لەسەر خۆمـان لابەین، لە زۆر لاوە خزمان و دەورو بەرمان قسە لەسەر من و تۆ دەکەن، هەردوو بووین بە گیروگرفت بۆ دایك و باوکمان...)

که گەیشتنە ئەو بڕیارە جەستەی ئەو دوو فریشتەیە کەوتە لەرزین و ئارەق کردنەوە، هەموو بوونیان بوو بە تنۆکێک لە شەرم، دەرگا و پەنجەرەکانیان کڵۆم دەکرد، پەردەیان دادەدایەوە، گڵۆپەکانیان خامۆش دەکرد،، پاشان گڵۆپەکەیان پێ دەکردەوە و هەریەکەیان چەند قومێک ئاوی دەخواردەوە، گڵۆپەکەیان دەکوژاندەوە، دواتر بۆ هێنانی بەتانییەکی پان و پۆڕ گڵۆپەکەیان هەڵدەکردەوە،"مەریەم"بەتانییەکەی بەخۆیدا دەدا و"موهتەدا"گڵۆپەکەی دەکوژاندەوە، لەسەر جێگەکە ڕاست بوونەوە و بەتانییەکەیان لەسەر خۆیان لادا، مەریەم دەیوت: ئەم بەتانییە زۆر گەرمە با بەتانییەکی تەنک تر بهێنم... دیسان گڵۆپەکەیان هەڵدەکردەوە، بەتانییەکەیان دەگۆڕی،"موهتەدا"خۆی بە بەتانییەکە دادەپۆشی و"مەریەم"گڵۆپەکەی دەکوژانەوە، خۆیان لە ژێر بەتانییەکە دەنا، ماوەیەک بێدەنگ دەبوون،"موهتەدا"دەیوت: تەقەیەک کەوتە بەر گوێم پێدەچێت پشیلە بۆ کەنارییەکان هات بێت، هەڵدەستاو گڵۆپەکەی پێدەکرد و دەچووە دەرەوە و تاوێک بە حەوشەکەدا دەسوڕایەوە و پاشان دەهاتەوە و دەیوت: دەنگی هیچ شتێک نایەت،"مەریەم"دەپرسی سەیری ژوورە بچووکەکەی ئەو لات کرد؟"موهتەدا"دەیوت: نەخێر چاکتر وایە سەیرێکی ژوورەکەش بکەم..پیاسەیەکی تری بەناو ژوور و حەوشەکەدا دەکرد و پاشان دەهاتەوە ژوورەوە و دەیوت: لەم ڕۆژانەدا پشیلە زۆر بووە زۆر کەس دەڵێت بااڵندە و پەلەوەرەکانی ماڵمانان خوراوە... گڵۆپەکەی دەکوژاندەوە و تا دەگەیشتەوە سەر جێگەکەی و پاڵ"مەریەم"ی هاوسەری چەند سەرسمێکی دەدا، مەریەم دەیوت: یا اللە ئازارت نەگەیی؟

موهتەدا: (تۆزێک پەنجە گەورەم ئازار دەکات)

"مەریەم"گڵۆپەکەی دەکردەوە و سەیری پەنجە گەورەی"موهتەدا"ی دەکرد و هەندێک دەیشێلا، پاشان دەیوت: (تۆ بچۆ ژێر بەتانییەکە من گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە)

ئەم جارەیان"مەریەم"شوێنەکەی خۆی لێگۆڕا و بەسەر"موهتەدا"بەر بوویەوە،"موهتەدا"دەیویست لە جێگەکەی خۆی ڕاست ببێتەوە، بەڵام نەیتوانی، چونکە"مەریەم"بەسەریدا کەوت بوو، پرسیاری لە"مەریەم"کرد: (ئازارت نەگەیی؟)

مەریەم: (نەخێر)

بەو دونیا شەرمەوە سەرەتای ژن و مێردی"مەریەم و موهتەدا"دەستی پێکرد...لە دوای ئەو شەوە پڕ لە شەرم و تەریقبوونەوەیە چەند هەفتەیەکی تر بە نێوانیاندا گوزەری کرد بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان بیانەوێت شەوێکی تری پڕ لە شەرمەزاری وەک ئەو شەوە بە نێوانیاندا تێبپەڕێت، ئەوان بەو کارەیان دەمی خەڵکیان بەست و قسەو باسیان کۆتایی پێ هێنا، دایکی"مەریەم و موهتەدا"دونیایەک ئاسودەیی ڕووی تێکردن، نەیاندەویست منداڵەکانیان بە ناتەواو بکەونە بەرچاوانی مەردوومان، شوکر بۆ خودا خودا ئەو گرێیەی دەروونیانی کردەوە و تەم و مژێک کە لەسەر ئەو ژن و پیاوە گەنجە بوو ڕەوییەوە...

"مەریەم"زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنی قورئانەوە بەسەر دەبرد، خوێندنی قورئان تێکەڵ بە خوێن و دەمارەکانی بوو بوو، شەوان بۆ خوێندنی قورئان هەڵدەستا، بە دەنگێکی ئارامی پڕ لە غوربەت کە لە دەنگی بولبوڵێکی بەندکراو دەچوو قورئانی دەخوێند، ئەو لەسەر یەک بەیەکی ئایەتەکان دەوەستا و دووبارە و سێبارەی دەکردنەوە، هەندێک ئایەت چاوەکانی پڕ دەکرد لە ئاو و بە ئارامی فرمێسکەکانی لە چاوانی هەڵدەوەراند، هەندێک لەو شەوانە خەوی لە"موهتەدا"دەتۆراند و ئەویش لەسەر جێگەکەی ڕاست دەبوویەوە و دەستنوێژی دەشۆری و دەهاتە پاڵ"مەریەم"و گوێی لە خوێندنی قورئانەکەی دەگرت،"موهتەدا"بە گوێگرتن لە"مەریەم"دەکەوتە باڵە

تەپێو وەك چۆلەکەی سەربڕاوی لێدەهات و زۆرجار لەگەڵ بانگی بەیانیدا بە ئاگا دەهاتەوە....

سااڵێك لە ژیانی ژن و مێردایەتی"مەریەم و موهتەدا"بەو شێوەیە تێپەڕی، دایکی"مەریەم"پرسیاری منداڵی دەکرد،"مەریەم"یش لە وەاڵمیدا دەیوت: خودا نایدات...

"مەریەم و موهتەدا"لەو باوەڕەدا بوون کە تەنها بۆ دروستبوونی منداڵ و لە کاتی پێویستی جەستەیاندا پێویستە لە یەکتری نزیك ببنەوە، هەردوو وایان دەزانی بە نزیکبوونەوەی یەکەمین شەویان لە یەکتری گەر خودا بیەوێت منداڵیان دەبێت، کە منداڵیان نابێت خودا نایدات و دەستی ئەوانی تێدا نییە...

رۆژێك"موهتەدا"لە"مەریەم"ی پرسی: ("مەریەم"من بۆ خۆم پێویستییەکی جەستەم نییە، بۆیە لە تۆ نزیك نابمەوە، بەاڵم ناشمەوێت ماڤی تۆ بخۆم و تەنها بە ویستی خۆم بکەم، چونکە تۆ هاوسەری منی، خۆشم دەوێیت، شەوێك لەگەڵم نەبیت هەست بە تەنهایی دەکەم، کاتێك ئاسوودەم لە تەنیشتی تۆوە دادەنیشم، تۆ هاوسەر و هاودەمی ژیانی منی...)

مەریەم: ("موهتەدا"ی خۆشەویستم، من نازانم چۆن خۆشەویستی خۆمت بۆ دەربڕم، هەمیشە ئاواتم بوو خودا کەسێکی وەکو تۆ بکات بە هاوسەرم، من کە مێردم بە تۆ کرد وام هەست دەکرد جارێکی تر لە دایك بوومەتەوە، منیش ماوەیەکە دەمویست لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە و گفتوگۆت لەگەڵ بکەم، من بۆخۆم حەزێکی جەستەییم نییە، بەاڵم هەموو جەستەم بۆ تۆیە، نامەوێت تۆ لەخۆم بێبەش بکەم، تۆ پیاویت، پیاو وەکو ئافرەت نییە، با لای خودا بەرانبەرت گوناهبار نەبم، تکا دەکەم شەرم نەتگرێت و حەزی پیاوەتی خۆت جێبەجێ بکە، من حەاڵڵی تۆم، دایك و باوکمان گەر لە یەکتری نزیك نەبوونایەتەوە من و تۆیان نەدەبوو، پێغەمبەران گەر ئەو سوننەتەیان جێبەجێ

نەکردبایە منداڵ و وەچەیان نەدەبوو، من و تۆش مرۆڤین لە پێغەمبەران و دایك و باوکمان چاکتر و پاکتر نین..)

موهتەدا: ("مەریەم"گیان، من هەموو ئەوانە دەزانم، من تۆ بە حەلاڵی خۆم دەزانم، تۆ خۆشەویست و هاوسەری تەمەنمی، بەڵام من هیچ حەزێکم نییە، وا هەست دەکەم ئەو حەزە تیامدا زۆر کز و لاوازە، من تەنها خەمی تۆمە، باسەکەشم بۆ ئەوە بوو مافی تۆ نەخۆم، تووخودا"مەریەم"شەرم مەکە و گەر دەزانیت مافت دەخۆم ئاگادارم بکە...)

"مەریەم"لێی کردە شۆخی و وتی: (جا ئەگەر تۆ هیچ حەزێکت نەبێت با منیش بڵێم مافی منت خواردووە، سوودی چییە؟)

موهتەدا – بە پێکەنینەوە –: (بڵێی مافی تۆم پێنەدرێت؟!)

خەندەیەکی پڕ لە شەرم کەوتە سەر لێوانی"مەریەم"و وتی: (پێوتن و قسە کردن دەربارەی ئەو مافە زۆر گرانە، پیاو زۆرتر لەو کارە بەرپرسیارە...)

ئەم دواپین قسەی"مەریەم"ئەوەی دەگەیاند کە حەزێکی جەستە لە ناخیدا بوونی هەیە، بەڵام زۆریش داگیری نەکردووە و باکێکی پێی نییە، وەلێ گەر"موهتەدا"بیەوێت دەتوانێت ئەو حەزەی"مەریەم"بهرووژێنێ و تێری بکات....

"موهتەدا"زۆر لە ئامازەکەی"مەریەم"نەگەیشت، وایدەزانی"مەریەم"لەو کارە خۆی دەدزێتەوە، بۆیە باسەکەی گۆڕی و پرسی: (کەی حەز دەکەی سەفەرێکی مالّی باوکت بکەیت؟)

مەریەم: (کەی تۆ مۆڵەتم بدەی)

موهتەدا: (هەفتەی داهاتوو خوێندنی قوتابخانە تەواو دەبێت و گەر باوك و دایکم مۆڵەتمان بدەن دەتوانین سەردانێکیان بکەین)

مەریەم: (یانی تۆش لەگەڵم دێیت؟!)

موهتەدا: (گەر کارێکی زەروور نەیەتە پێش ئەمجارەیان بۆخۆم لەگەڵت دێم، پێت خۆشە هاوسەفەرت بم؟)

مەریەم: (تەنها بۆ سەفەری مەرگ حەزناکەم لەگەڵم بیت، چونکە حەزدەکەم خودا مەرگم پێش مەرگت بخات ئەگینا شەو و رۆژ پێمخۆشە لەگەڵم بیت)

ژیانی ژن و مێردی"موهتەدا"و"مەریەم"لەسەر تەرزی جارانی بەردەوام بوو، خۆشەویستی بە بێ حەزی جەستە و نزیکبوونەوە لە یەکتری، هەندێك لە شەوانی زستان"موهتەدا"بە ئاگا دەهات و دەیبینی هەموو لاشەی بە ئاوێکی لینج تەڕ بووە، دیار بوو خەونی بینیوە و لەو خەونەدا خۆی خاڵی کردۆتەوە، ئەو کاتێك ئەوەی بەخۆیەوە دەبینی هەستی گوناە و شەرمەزاری دایدەگرت و بە ئەسپایی هەڵدەستا و دەچووە حەمام و لە جێگەی ئاوی گەرم ئاوی ساردی بۆ خۆشۆرین بەکار دەهێنا و سزای جەستەی خۆی دەدا،، پاشان بە بێدەنگی دەهاتەوە ناو جێگە تاکو"مەریەم"بە ئاگا نەیەت و بە حاڵی ئەو نەزانێت، بەاڵم"مەریەم"لە ناو جێگەکەوە چاودێری ئەوی دەکرد و بە ئاگا بوو لەوەی چی لە"موهتەدا"ڕووی داوە، سەیر لەوەدا بوو هەندێك لەو شەوە ساردانە دووجار و سێ جار دەبوا خۆی بشۆردبایە و هەموو جارەکانیش بە ئاوی سارد سزای خۆی بدابایە،"مەریەم"بۆ ئەو حاڵەی"موهتەدا"هەستی بە گوناە دەکرد، بەاڵم وای نیشان نەدەدا بە حاڵی ئەو ئاگاداراە، شەرم ڕێگەی پێ نەدەدا لەو بارەیەوە بۆ"موهتەدا"قسە بکات...

شەوێك پێی لە جەرگی خۆی ناو وتی: (ئەمشەو زۆر سارده!)

موهتەدا: (گەرم خۆت دابپۆشە با سەرمات نەبێت)

مەریەم: (سەرماکەی لە سنوور بەدەرە!)

موهتەدا: (بچم بەتانییەکی زیادەت بۆ بهێنم؟)

مەریەم: (نا، زەحمەت مەکێشە.... شەوانی سارد چیرۆك گێڕانەوە زۆر خۆشە، چیرۆکێکت لە یاد نییە بۆم بگێڕیتەوە؟)

موهتەدا: (ئێستا شتێکم لە یاد نییە، تۆ شتێکت لە بیرە بۆم باس بکەی؟)

مەریەم: (بڵێم چی؟ چیرۆکێکم دێتەوە یاد کاتی خۆی داپیرەم بۆی دەگێڕاینەوە، بەڵام هەندێکیم لە بیر ماوە).

موهتەدا: (ئەوەی لە بیرتە بیگێڕەرەوە).

مەریەم: (با بیربکەمەوە بزانم لە چییەوە داپیرە دەستی پێ دەکرد، ئا دەیوت: کاتی خۆی ژن و پیاوێك هەبووە زۆر یەکتریان خۆش ویستووە، پیاوەکە حەزی دەکرد شەوان بە تەنها بخەوێت و ژنەکەش بە پێچەوانەوە حەزی دەکرد لە پاڵ هاوسەرەکەیدا و لەسەر یەك نوێن ڕۆژ بکەنەوە، چەندین جار ژنەکە ئەم داوایەی لە مێردەکەی دەکرد، بەڵام ئەو داوای لێبوردنی دەکرد و دەیوت: لە منداڵییەوە وا ڕاهاتووم، تەنانەت دایکم دەیوت کە لە باوەشی ئەویش ئۆقرەم نەگرتووە...

ژنەکە مااڵیان لە ولاتێکی تر دەبێت، وەرزێکی زستان پیاوەکە دەیەوێت ژنەکەی بۆ مااڵی باوکی بباتەوە، لە ڕێگە بەفر و کڕێوە ڕێگەیان پێدەگرێ و ناچاریان دەکات لابدەنە ئەشکەوتێك، ئەشکەوتەکەش زۆر سارد دەبێت، هەردوو لە ناویدا هەڵدەلەرزن، پیاوەکە دەڵێت: ئافرەت با لە پاڵ یەکتردا دابنیشین بۆ ئەوەی یەکتری گەرم بکەینەوە، ژنەکە و پیاوەکە دەچنە پاڵ یەکتر و بە یەکترەوە دەنوسێن، ماوەیەك دەستەکانی یەکتر بە فوو گەرم دەکەنەوە و ماوەیەکیش سەر دەنێن بە لای یەکترەوە).

"مەریەم"قسەکانی زۆر بە هێواشی دەکرد، دیار بوو چیرۆکەکە خۆی دروستی کرد بوو، بەڵام بە ناوی داپیرەوە دەیگێڕایەوە،، بۆیە کە لە قسەکردن درەنگ دەکەوت، ناوە بە ناوە موهتەدا دەیوت: (ئێ؟)

مەریەم: (، پاشان پیاوەکە پشت بە ئەشکەوتەکەوە دەنێت و ژنەکەی لە باوەش دەگرێت، ژنەکە پرسیار لە پیاوەکەی دەکات: پیاوەکە ئێستا خۆشترین شتێك ئاواتی بۆ بخوازیت چییە؟ پیاوەکە دەڵێت: ئێستا خۆشترین شت لە لام جێگەیەکی دوو کەسیی گەرمە کە پێکەوە و لە ژێر یەك بەتانی ڕاکشابین، ژنەکە وتی: بەڵێنم پێدەدەی گەر ڕزگارمان بوو نوێنێکی دوو کەسی بە دروستکردن بدەیی و هەتا مردن پێکەوە لەسەری بنوین؟ پیاوەکە وتی: بەڵێن بێت، خودا وای هێنا کاروانییەك بەو ڕێگەدا تێپەڕی و ژن و پیاوەکەیان ڕزگار کرد)

موهتەدا: (پیاوەکە بەڵێنەکەی بردە سەر؟)

مەریەم: (بەڵێ، بەڵێنەکەی بردە سەر، بەڵام کە هاوین هات وتی: ئافرەت تۆ بەڵێنی زستانت لێ وەرگرتبووم،، بۆیە هاوینان گەرمە و چاکتر وایە دوور لە یەکتری بنووین)

موهتەدا: (ئەی فێڵبازی بەڵێن شکێن!)

"مەریەم"پێکەنینێکی بۆ کرد و لە چیرۆکەکەی خۆی بەردەوام بوو: پاش چەند ساڵێکی تر برپاریان دا سەفەرێکی تری ماڵی باوکی ئافرەتەکە بکەن، وەرزەکەی هاوین بوو، لە ڕێگەدا گەیشتن بە دەستەیە چەتە، سەرۆکی چەتەکان وتی: ئێمە یاسامان وایە ئەگەر لە وەرزی هاویندا ژن و پیاوێك بگرین پیاوەکە دەکوژین و ژنەکە ڕزگار دەکەین مەگەر ژنەکە داوای لێبوردن بۆ مێردەکەی بکات، خۆ ئەگەر لە وەرزی زستاندا بیانگرین ژنەکە دەکوژین و پیاوەکە ڕزگار دەکەین مەگەر پیاوەکە داوای لێبوردن بۆ ژنەکە بکات، ئێستا لە یەکتر جیا ببنەوە...

ژن و پیاوەکە لە یەکتر جیابوونەوە و پیاوەکە تکای لە ژنەکەی کرد داوای لێبوردنی بۆ بکات ئەویش وتی: ئەگەر بەڵێنم پێدەدەی جێگەم لێ جیانەکەیتەوە ئەوا داوای لێبوردنت بۆ دەکەم، پیاوەکە وتی: بەڵێن بێت، ئەو هاوینە پێکەوە نووستن و پایز بە دوایدا هات، پیاوەکە وتی: ئێمە بەڵێنمان تەنها هاوین بووە نەك پایزیشی لەگەڵ بێت، بەوجۆرە پایز جێگەی لە ژنەکەی جیاکردەوە، پاش ماوەیەکی تر وەرزی بەهار هات و بڕیاریان داپێکەوە گەشتێکی چیاکە و دارستانە چڕ و پڕەکە بکەن، ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ زۆر بەخۆشی بەسەریاندا تێپەڕی، پیاوێکی ڕیش سپیان لە دارستانەکە پێگەیشت و سەیرێکی ئافرەتەکەی کرد و وتی: تۆ زۆر میهرەبانی، مێردەکەی خۆتت خۆش دەوێت، بۆیە لە پاداشتی ئەوەدا خودا دوو داوات لێ قبوولْ دەکات، بەڵام ئاگاداربە و بزانە دوو دوعاکانت چۆن بەکار دەهێنی، پیرەمێردەکە ئەمەی وت و لەبەرچاوان ون بوو، لەگەڵ ونبوونی پیرەمێردەکەدا پیاوەکە تکای لە ژنەکەی کرد یەکێك لە دوعاکان بۆ دەوڵەمەندی بەکار بهێنێت، ئەویش وتی: ئاخر دەبێ بەڵێنم پێ بدەی هەر چوار وەرزەکە لێم جیانەبیتەوە و بیانوو دروست نەکەیت، پیاوەکە وتی بەڵێن بێت، ئافرەتەکە دوعای دەوڵەمەندی کرد و پاش ماوەیەکی کەم خەزنەیەکی زێڕیان لە زەویەکەیاندا دۆزییەوە و زۆر پێی دەوڵەمەند بوون، پیاوەکە ناوبانگی دەرکرد و هەستی بە گەورەیی خۆی کرد،، پاشان بڕیاری دا ژنێکی تر بهێنێت، چونکە زۆر زۆر دەوڵەمەند بوو بوو، ژنەکە وتی: تۆ بەڵێن دەشکێنی، چونکە هەندێك شەو لە من جیا دەبیتەوە و دەچیت بۆ لای ژنەکەی ترت، پیاوەکە وتی: من و تۆ بەڵێنمان لەسەر چوار وەرزە بووە نەك هەموو شەوێك، هەرکاتێك لەگەڵ تۆ بمێنمەوە لە هەر وەرزێکدا بێت جێگەمان پێکەوە دەبێت، ژنەکە هەستی کرد پیاوەکەی دەیەوێت زوڵمی لێ بکات، بۆیە هەڕەشەی

لە پیاوەکەی کرد و پێی وت: لە بیرت نەچێت دوعایەکی ترم بە دەستەوە ماوە، پیاوەکە ئەوەندە دەوڵەمەند بوو بوو لە دوعا نەدەترسا و باکێکی بە کەس نەما بوو، ئەو لە بیری چووبوو بە دوعای ژنەکەی خودا دەوڵەمەندی کرد، هەموو جارێك بێ منەتی خۆی دەردەبڕی و دەیوت: ئەو خەزنەیە لە زەوی باب و باپیرمدا بووە و چەندین جار باوکم باسی لە بارەوە کردووە و هیچ پەیوەندی بە دوعای تۆوە نی یە، ژنەکە ئەم هەڵوێستەی مێردەکەی زۆر لا گران بوو،، بۆیە ڕۆیشتەوە بۆ ناو دارستانەکە و لە خودا پاڕایەوە تاکو پیرەمێردەکەی بۆ ڕەوانە بکات، لە ناکاو پیرەمێردەکە دەرکەوت و ژنەکە سکالای خۆی بردە لاو داوای لێکرد تەگبیرێکی بکات، پیرەمێردەکە پێی وت: دوعایەکت لە دەستدا ماوە و ئەگەر بزانیت چۆن بەکاری دەهێنی خودا داوایەکی ترت لێ قبوڵ دەکات، ئافرەتەکە وتی: چۆن ئەو دوعایە بەکار بهێنم؟ پیرەمێردەکە وتی: ئەوەیان تۆ دەیزانی و من ناتوانم لە جێگەی تۆ بڕیار بدەم...

ئافرەتەکە بۆ ماڵەوە گەڕایەوە و کەوتە بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی دوعایەکەی، سەرێك دەیوت: دوعا بکەم ئەوەندە جوان ببم هەرچی ئافرەتی دونیایە لە بەرچاوی هاوسەرەکەم هەڵبخەم، دواتر بیری دەکردەوە دوعا لە مێردەکەی بکات و لە جێگەدا بیخات و کەسیف ببێت لە بەردەستیدا، ئەوجا بیری دەکردەوە داوا بکات ئەوەندە دەوڵەمەند ببێت لە مێردەکەی زیاتر ناو و ناوبانگ دەربکات، سەرێکیش دەیویست داوا بکات خودا هەموو مانڵ و سامانەکە لە مێردەکەی وەربگرێتەوە، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاری دا دوعایەکەی لە هیچ کام لەوانەدا بەکار نەهێنێت، ئەی لە کوێدا بەکاری بهێنێت؟ بیری کردەوە هەموو ئەوانە کاتین و کۆتاییان پێ دێت چاکتر وایە دوعایەکەی لە ڕەزامەندی خودا دا بەکار بهێنێت،، بۆیە دەستی بۆ لای خودا بەرزکردەوە و وتی: ئەی

خودایه تۆ خودای منی من بەندەی تۆم و تۆ دروستت کردووم، لە قاپی ڕەحم و بەزەیی تۆ داوامە خۆشەویستی خۆت لەناو دڵم بنێیت و لە هەرچی دروستکراوی خۆتە بێنیازم بکەیت، خودایە ئەم داواییەم بە گەورەیی خۆت لێ وەربگرە...

هەر ئەو شەوە سینە و دڵی ئەو ئافرەتە خوداناسە بە خۆشەویستی خودا لێوان لێو بوو، پاش ماوەیەك پیاوە ڕیش سپییەکە سەردانی کرد و وتی: ئافەرین کچم، داوایەکەت لە جێگەی خۆی بەکارهێنا، تۆ داوای خۆشەویستی خودات کرد خوداش خۆشەویستی خۆی پێداوی، بۆیە ئەوەی چاوی بە تۆ بکەوێت بەهۆی خۆشەویستی خوداوە تۆی خۆشدەوێت بە تایبەتی هاوسەرەکەت، مژدەت لێ بێت لێرە بەدواوە داوایەکانت لەلای خودا ناگەڕێنەوە و هەمووی لەلای ئەو قبوڵە...

بە ماوەیەکی کەم مێردەکەی هاتە سەردانی و داوای گەردن ئازادی لێکرد و بڕیاری دا تەنها هاوسەری تەمەنی ئەو ئافرەتە خوداناسە بێت و نیوەی سەروەت و سامانەکەشی بۆ ئەو بێت...

موهتەدا: (چەند چیرۆکێکی خۆش بوو پێموایە ئەو شەوە بە ئارامی پێکەوە نووستبن)

مەریەم: (بەڵێ ئەوەم لە بیرچوو ئەو شەوە دەست لەملانی یەکتری بوون و بڕیاریان دا هەتا مردن جێگە لە یەکتر جیانەکەنەوە)

موهتەدا: (بەڕاستی چیرۆك بێژێکی زۆر بە توانای، ئەو ڕووداوانەت چۆن بۆ دەهات و چۆن ڕێکت دەخست؟)

مەریەم: (دووری لە تۆ منی کردووە بە چیرۆکخوان)

موهتەدا: (ئێمەش لە ئەم شەوەوە بڕیار دەدەین جێگە لە یەکتر جیانەکەینەوە)

مەریەم: (منیش هەرجارە و چیرۆکێکت بۆ باس دەکەم)

هەردوو هەستان جێگەکانیان ڕێکخستن و زۆر بە ئارامی ئەو شەوە لێی نووستن....

-٢-

بەگەڕکەوتنی لەتیفەکان و سەرهەڵدانی عیرفانێکی بەڵگەدار

"موهتەدا"بۆ چوون بۆ خوێندنگەکەی"مەلای گەورە"مۆڵەتی لە"مەریەم"خواست و ماڵەوەیانی بەجێهێڵا...

لە خوێندنگەکە لە وانەی عیرفاندا شاگردێك پرسیارێکی ئاراستەی"موهتەدا"کرد کە بوو بە جێگەی قسەکردن و مشتومڕی نێوانیان و دەیان پرسیاری تری بەدوای خۆیدا هێنا...

شاگردەکە: (مامۆستا ماوەیەکە شەوان بە ئاگا دێم و دەچمە حەوشەکەمان و بە ئارامی لێی دادەنیشم، زۆر بە ئاشکرا هەست بەبوونی گورزەیەك لە شەپۆلی نووڕانی دەکەم کە مرۆڤ بە چاوی سەر هەست بە بینینیان ناکات، بەڵام بوونیشیان هەیە، حەقیقەتی ئەو شەپۆلانە چین و لە کوێوە سەر هەڵدەدەن؟)

موهتەدا: (سەرەتا دەبێ هەموومان پیرۆزباییت لێبکەین کە توانات هەیە خەو لە خۆت حەرام بکەیت و بۆ یاد و بیرکردنەوە جێگە بەجێبهێڵیت، شەپۆلە مەعنەوییەکان بۆ هەموو مرۆڤێکە بە بێ جیاوازی ئایین و زمان و ڕەنگ و ڕوو، ئەو شەپۆلانە بە هەمیشەیی بوونیان هەیە، بەڵام هەندێك لە مرۆڤەکان دەتوانن

ئامێری ناخی خۆیان چاك بكەن و ئەو شەپۆلە مەعنەوییانەی پێ وەربگرن، یاخود پێ هەڵمژن، هەندێكیشی ئامێرەكەی ناخی ناخاتە گەڕ و توانای وەرگرتنی ئەو شەپۆلانەی نابێت)

شاگردەكە: (مەبەستت چییە بە ئامێرەكەی ناخی مرۆڤ؟)

موهتەدا: (لای ئەهلی عیرفان مرۆڤ خاوەنی پێنج لەتیفەیە – هەندێكیشیان دەڵێن دەیە – كە لە مرۆڤدا دانراوە، ئەو پێنج لەتیفەیە دەكەونە سەر سنگ و دەوروبەری سنگ، ئەوانە وەك پێنج وێستگەی نووڕانی وان، یاخود پێنج محاویلەن و نوور بە هەموو جەستەدا پەخش دەكەنەوە، سەرچاوەی ئەو نوورە، یاخود هێزی ئەو نوورە كە محاویلەكان – پێنج لەتیفەكە – دابەشی دەكەن لەو شەپۆلە مەعنەوییە گەردوونیانەوەیە كە بە هەمیشەیی ڕوویان لەم زەوییە كردووە...)

یەكێكی تر لە شاگردەكان: (ئەو پێنج لەتیفەیە ناویان چییە و شوێن و جێگەیان لە سنگی مرۆڤدا لە كوێدایە؟)

موهتەدا: (ناو لێنانی ئەو پێنج لەتیفەیە گرنگ نییە، بەڵكو دۆزینەوە و كارپێكردنیان نهێنی كارەكەیە، ئەهلی عیرفان ناویان ناون: دڵ – ڕۆح – نهێنی – شاراوە– شاراوەتر– كە لە زمانی عەرەبیدا (قلب – روح– سر– خفي – أخفى) ی بۆ دانراوە...

جێگەی دیاری كراوی ئەم پێنج وێستگەیە هەردوو ژێر مەمكەی چەپ و ڕاست و هەردوو سەر مەمكەی چەپ و ڕاست و چاڵایی خوارەوەی سەر سنگە...)

شاگردێكی تر: (چۆن ئەم لەتیفانە بەگەڕ دەكەون و بەكاری خۆیان هەڵدەستن؟)

موهتەدا: (پایەكانی پرۆسەی بە گەڕخستنی ئەم پێنج لەتیفەیە ئەمانەن: لەتیفەكان – شەپۆلە مەعنەوییەكان – ئارامی و بێدەنگی– یاد – یەكانگیربوونی ئەم چوار پایەیە...)

هەمان شاگرد: (مامۆستا پێمان خۆشە لەسەر هەر یەکێك لەو پێنج پایەیە قسە بکەیت بۆ ئەوەی بابەتەکە زۆرتر لە لای ئێمە رۆشن ببێتەوە)

موهتەدا: (لەتیفەکان هەر ئەوەندە باسە جێگە و شوێنیان لە مرۆڤدا بزانیت، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ئەم لەتیفانە سەر بە جیهانی ئەمرن نەك جیهانی خەلق،، واتە ئەگەر هەموو لاشەی مرۆڤ توێکاری بکەیت ئەو لەتیفانە وەکو پارچە گۆشتێك یان بوونێکی ماددی نابینیتەوە، بوونی ئەو لەتیفانە بوونێکی مەعنەویە نەك ماددی، لەو لەتیفانە نوور بە هەموو زەرەتی بوونی مرۆڤدا پەخش دەبێتەوە مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ کائینێکی نووڕانی...

شەپۆلە مەعنەوییەکان: ئەو شەپۆلانەن کە لە جیهانی مەلەکووتەوە دادەبارێنە سەر زەوی و ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و سەرجەم بوونەکانی تر بەو شەپۆلە مەعنەوییانەوەیە، مرۆڤ تاکو نەکەوێتە نێو ئەو جیهانە لە حەقیقەت و نهێنی ئەو شەپۆلانە ناگات...

ئارامی و بێدەنگی: مەبەستمان پێی ئەو کات و شوێنەیە بۆ وەرگرتنی شەپۆلەکان تیایدا دادەنیشیت، لە شەودا شەپۆلەکان چڕوپڕترن وەك لە ڕۆژدا، شەوان بەر لە بەرەبەیان بە یەك دوو کاتژمێرێك شەپۆلەکان دەگەنە لووتکەی چڕو پڕییان، مرۆڤ دەبێت لە جێگەیەکی زۆر بێدەنگدا بێت و هەوڵبدات تەنها بێت...

یاد: مەبەستم پێی ئەو کەلیماتانەیە کە یادکار دەیەوێت بۆ بەگەڕخستنی لەتیفەکان بەکاریان بهێنێت...

یەکانگیربوونی ئەو چوار پایە: کەوتنە ناو پرۆسەی یاد و بیرکردنەوە لە کەش و هەوایەکی زۆر ئارام و شیاودا و بەکارهێنانی ئەو کەلیماتانە و دابەزاندنیان بۆسەر لەتیفەکان، هەموو لەتیفەکان دەهرۆژێنێ و دەکەونە گەڕ و دەست بە هەڵمژینی شەپۆلە مەعنەوییەکان دەکەن و نوور بە هەموو لایەکدا پەخش دەکەنەوە...

شاگردێکی تر: (مرۆڤ هەست بە بوونی ئەو نوورە دەکات؟)

موهتەدا: (ئەگەر مرۆڤ ماوەیەکی زۆر کار لەسەر ئەو لەتیفانە بکات بە ئاشکرا ئەو نوورەی لا بەرجەستە دەبێت و دەبینێت کە دوای لێوان لێو بوونی وجوودی خۆی بەو ڕۆشناییە نوورەکە سەردەکات و دەوروبەریشی دەگرێتەوە...)

هەمان شاگرد: (گرنگی ئەم نوورە بۆ مرۆڤ لە چیدایە؟)

موهتەدا: (زیندووێتی باری مەعنەویی مرۆڤ بە بوونی ئەو نوورەوە وابەستەیە، لە دەستدانی ئەو نوورە لە دەستدانی ڕۆشناییەکە کە مرۆڤ لە تاریکستانی وجوودی قوتار دەکات و بۆ جیهانێکی پڕ لە نوور و ئاسودەیی پەلکێشی دەکات...)

کە گەیشتە ئەم جێگەیە مۆڵەتی لە شاگردەکانی خواست و بە عادەتی جارانی خۆی بە منارەکەدا سەرکەوتەوە...

دوای عەسرێك "مەلای گەورە" بۆ حوجرە تایبەتەکەی خۆی "موهتەدا"ی بانگ کرد و دوو بە دوو بەم جۆرە لەگەڵی کەوتە قسەوباس: (کوڕم "موهتەدا" تۆ بۆخۆت دەزانیت من یەکێکم لەو زانایانەی کە لە زانستە شەرعییەکاندا وەك مەرجەعێك مەلایان و زانایان پشتم پێدەبەستن، سوێند بێت بە خودا هیچ زانستێکی شەرعی نییە تیایدا کەسێك لەخۆم بەزاناتر بزانم لەگەڵ ئەوەشدا وا هەستدەکەم کۆی ئەو زانستە جۆرا و جۆرانە ئارامییەکی پێ نەبەخشیوم تاکو لە پەل کوتین بکەوم و ڕێگەی خۆم — لە سەر یەقین— بگرمە بەر، دەمەوێت لەم مەیدانەدا ڕاوێژت پێ بکەم و سەرنج و ڕای خۆتم پێ بڵێیت) .

موهتەدا: (جەنابی مامۆستا من لە تۆوە فێری زانست بووم، ئەوەی لەلای منە سەرچاوەکەی لای بەڕێزتانە، ئێستا چۆن بتوانم لەبەردەمی گەورەی خۆمدا دەم بکەمەوە و قسان بکەم؟!)

مەلای گەورە: (کوڕم ڕاستە لە زانستە شەرعییەکاندا من مامۆستای تۆم، پرسیارەکەی من لە زانستی شەرعی نییە، یاخود ڕاستر وایە بڵێم لەوجۆرە

زانستە شەرعییانە نییە من وەرم گرتووە و بە قوتابییەکانم وتۆتەوە، پرسیارەکەی من لە زانستێکە وا دەزانم لەلای تۆ هەیە و ئەو زانستەش لە منت وەرنەگرتووە، بۆیە وەک مامۆستایەک وەلآم بدەرەوە و وا سەیرم مەکە کە مامۆستای تۆ بم، من زۆر ئاتاجم و پێویستم بە کەسێکە لەو ئالۆزییە گەورەیە قوتارم بکات، من لە"مەولانای رۆمی"مەزنتر و گەورەتر نیم کە لە بەردەم"شەمس"ی شاگردی خۆیدا چۆکی دادا و دیوانێ شیعری بە بالآیدا هۆنییەوە و ناوی لێنا دیوانی"شەمس")

"موهتەڈا"بە بیستنی ئەو قسانە مەزنیی"مەلای گەورە"ی بۆ دەرکەوت، تاکو ئەو رۆژە مامۆستای بەو گەورەیە نەبینی بوو، دەربڕینی ئەو راستییانە ساغی و پاکی"مەلای گەورە"ی نیشان دەدا، ئەوەی دەسەلماند کە"مەلای گەورە"مرۆڤێکە عاشقی حەق و عەودالّی راستییەکانە، ئەو کەسێکە بۆ گەیشتن بە مانا دروستەکان ئامادەیە پێشێلی زۆرێك لەو ناو ونیشانانە بکات کە هەندێك جار دەبێتە هۆی ملپێچی لە راستی و دان نەنان بە حەقدا، ئەو قسانەی"مەلای گەورە"قووڵی و بەرینی زانستی"مەلای گەورە"ی نیشان دەدا، ئەو بە لێوەشاوەیی خۆی کۆی زانستە شەرعی و ئەقڵییەکانی پشکنی بوو، بە وێستگەیەکەوە نەوەستا بوو، بە زانستێکەوە گیرۆدە نەبوو بوو، لە گەشە و گۆڕانێکی بەردەوامدا بوو، گەیشتبووە خاڵێك کە پێی وابوو زانستی زاهیری شەرعی و ئەقڵی ناتوانێت"یەقین"بە مرۆڤ ببەخشن، بەڵکو لەگەڵ قووڵبوونەوە و تەی کردنی ئەو مەیدانەدا مرۆڤ بە ڕووی دەرگایەکی کلۆمدا هەڵدەشاخێ و وا هەست دەکات بیابانێکی پان و بەرینی بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی ئاو بڕیوە و ئێستا گەیشتۆتە بەردەم قەلآ یەك کە نازانێت لەو دیو دەرگاکەیەوە چ جیهانێکە؟ ئایا ئەوەی ئەو بە دوایدا دەگەڕێت لەو دیوی دەرگاکەوەیە؟ ئایا سەرچاوەی ئاوی ڕەوانی لەو جیهانە بەر دەست دەکەوێت؟ ئەو جارێکی تر ناتوانێت بە شوێنی خۆیدا بگەڕێتەوە و دەست بە پشکنینەوەی بیابانەکە

بکاتەوە،"مەلای گەورە"بیابانی زانستە شەرعی و ئەقڵییەکانی تەی کرد بوو، نەیدەتوانی بۆ پاراو کردنی خۆی و بە دەستهێنای ئارامی جارێکی تر نێو ئەو زانستە ئەقڵی و شەرعییانە بپشکنێتەوە...

"موهتەدا"بە باشی دەرکی ئەوەی کرد بوو کە"مەلای گەورە"لە قووڵبوونەوەی بێسنوورەوە ئەو حاڵەتەی بۆ دروست بووە، لە کەمی زانستەوە نییە کە ئەو پرسیارە دەکات، بەڵکو بە ئەندازەیەك زانستەکەی بەرین بووە، تەنانەت لە بیری بردۆتەوە کە ئەو"مەلای گەورە"یە و مەرجەعی ئایینی خەڵکی ئەم ولاتەیە، پاش بیدەنگییەك کە بە نێوانیاندا تێپەڕی"موهتەدا"سەیری مامۆستای کرد و وتی: (مامۆستای بەڕێزم، هەندێك دەرد و ئافەت بۆ زانا دروست دەبێت هۆیەکەی بۆ کەمی زانست دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم حاڵەتەی بەڕێزت دەرد و ئافەت نییە و لە قووڵی و بەرینی زانستەوە سەری هەڵداوە، چارەسەرەکەشی قسە نییە، چونکە من هەر قسەیەك بکەم لە مەیدانی زانستێکەوە بە دەستم هێناوە و لە بەڕێزتەوە زانستەکەشم وەرگرتووە، ئەم حاڵەتەی ئێوە هەمان ئەو حاڵەتەیە کە هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر"غەزالی"بۆی دروست دەبێت، دەرچوونی بەڕێزت لەو حاڵەتە بە یەکێك لەم دوو ڕێگە دەبێت: تەنهایی و یاد و بیرکردنەوەی بەردەوام و سەرومڕ، یاخود بوونی عاریفێك تاکو بتوانێت لەم هەوارەوە بۆ هەوارێکی نوێ بتگوێزێتەوە...)

مەلای گەورە: (چارەسەری یەکەم کە تەنهایی و یاد و بیرکردنەوەی بەردەوامە ئێستا لە ناویدا دەژیم و بەشێکی زۆر لە کاتەکانی داگیر کردووم، بۆ چارەسەری دووەمیش ئەگەر لە ئەمڕۆدا عاریفێك هەبێت ئەوا بە تۆی دەزانم و لەو مەیدانەدا چیت پێ دەکرێت بۆمی ئەنجام بدە...)

موهتەدا: (مامۆستا گیان، هەمیشە متمانەی زۆری تۆ بە منی شاگردی خۆت تەکانی گەورەی پێداوم و وایلێکردووم لە ئاستی ئەو متمانەیەدا بم، ئەوە تۆی گوڕ و تەکان بە من دەدەی...)

مەلای گەورە: (کوڕم ئەم بیرکردنەوەشت نیشانەی عاریف بوونی تۆیە، ئەوەش بزانە خودا زانستی نهێنی و شاراوەی خۆی بە کەسانێك دەدات کە خۆی دەیەوێت، نەك ئێمە دەمانەوێت، زانستە شەرعییەکان دوو جۆرن: زانستی کەسپکراو و بە دەست هێنراو مەبەستم (العلوم المکتسبە) یە لەگەڵ زانستی تایبەتکراو و بەخشراو لە لایەن خودا خۆیەوە کە (العلم اللدنی) پێدەوترێت، زانستی نهێنی زانستێکی کەسبی نییە و بە هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ بەدەست نایەت، بەڵکو بەخششێکە خودا بە بەندە تایبەتەکانی خۆی دەدات، من بڵێم چی خودا بەشێکی گەورەی بە تۆ داوە و بە کەسانی تری نەبەخشیوە، خۆ دەشزانم خودا دادپەروەرە و کار و بڕیارەکانی هەڕەمەکی و لەخۆوە نی یە..)

موهتەدا: (مامۆستا گەر هەموو تەمەنم لەبەر دەرگای بەڕێزتاندا بوەستم و خزمەتت بکەم هێشتا حەقی مامۆستایی و گەورەیی تۆم نەداوە...)

کە ئەو قسەی کرد چاوەکانیان پڕ بوون لە فرمێسك و بێشەرمانە بە ڕوومەتیاندا دابارى و بێدەنگی و خامۆشییەك بالّی بەسەریاندا کێشا و پاشان"موهتەدا"مۆڵەتی لە مامۆستا خواست و بۆ ماڵەوە گەڕایەوە...

سبەینێ عەسرەکەی، پاش وتنەوەی وانەکانی حوجرە"موهتەدا"بۆ ژوورەکەی"مەلای گەورە"ڕۆیشت و زۆر بە ئەدەبەوە داوای لێکرد لەگەڵیدا بە منارەکەدا سەربکەون و بچن بۆ ژوورە بچووکەکەی لووتکەی منارەکە،"مەلای گەورە"دەیزانی داواکەی"موهتەدا"حیکمەتێکی مەزنی لە پشتەوەیە، بۆیە بە بێ دوو دڵیی ڕەزامەندی نیشان داو هەردووکیان بە قادرمە پێچاوپێچەکاندا سەرکەوتنە سەرەوە، لەگەڵ بڕینی هەر قادرمەیەکدا خورپەی دڵی"مەلای گەورە"زیادی دەکرد، ئەو لە سەرەتاوە وای دەزانی ماندووبوونی قادرمەکانە، بەڵام لەڕاستیدا ترسێك هەموو ناوەوەی داگیر کرد بوو، بۆخۆشی نەیدەزانی حەقیقەتی ئەو ترس و بیمە لە چیدایە، بۆ لەو سەرکەوتنە دەترسێت، بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتنی"مەلای گەورە"بە قادرمەکاندا سەرکەوتن بوو بە پێپلە واتە

(مدارج)ه بێشوومارەکانی عاریفاندا، لە سەرەتای سەرکەوتنەوە بە پێپلەکاندا هەستی بە گەرمی و داگیرسانی جەستەی دەکرد، بەلآم لەگەڵ بەرزبوونەوەی زیاتردا هەستی بە دابەزینی گەرمای جەستەی و فێنکی رێگەکە دەکرد، لاشەی بەرە و ئارامی و سووکبوون دەڕۆیشت، هەنگاوەکانی بە کەمترین زەحمەت رێگەی بەرەو ئاسمانیان دەبڕی، لە ناکاو هەستی بە بەختەوەری و ئاسوودەییەکی لە ڕادەبەدەر کرد، چەندین قادرمەی بە ئاسوودەیی بڕی، نوورێك سەرجەم پلەکانی ڕۆشن کردبوەوە، هەتا سەر بکەوتبایە پلەکان نوورین تر دەبوون، نوورینی پلەکان سەرسامییەکی بۆ دروست کرد، نەیدەزانی ئایا بە قادرمەدا سەردەکەوێت یان بە گورزەیەك لە نووردا؟ لە بەرزبوونەوە بەردەوام بوون تۆ بڵێ لە گوزەر کردن بە دەریای نوورییندا ماندوو نەدەبوون، پلەکانی بەختەوەری لە هەژمار نەدەهاتن، دەیان و سەدان پلەیان بڕی و هێشتا نەگەیشتبوونە لووتکەی منارەکە، تەکانیان بەخۆیان دەدا، هەنگاوەکانیان خێراتر دەبوو، هەزاران پلەیان تەی کرد، هێشتا لووتکەی منارەکە دوورە دەست بوو،"مەلای گەورە"پرسیاری لە"موهتەدا"کرد: (کەی دەگەینە لووتکەی منارەکە؟!)

موهتەدا: (گەیشتن بە لووتکەی منارەکە تەنها خەونە و هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بە لووتکەی منارەکە شاد ببێت)

مەلای گەورە: (بۆچی ئەم منارە لووتکەی نییە؟!)

موهتەدا: (ئەم منارە تەنها بەناو لووتکەی هەیە، ئەگینا بە قوولآیی بووندا لووتکەکەی شۆڕ بووەتەوە و هیچ کەس ناگاتە مەنزڵی کۆتا)

مەلای گەورە: (ئەی بۆ لە دەرەوە لووتکەکەی دیارە و هەموومان دەیبینین؟!)

موهتەدا: (لە دەرەوە؟ بەڵێ لە دەرەوە وا دەردەکەوێت، بەلآم لە ناوەوە ناکۆتایە و گەیشتن بە لووتکە خەونێکی بەدی نەهاتووە، ئەوانەی لە دەرەوە سەیری پلەکانی عیرفان دەکەن هەنگاوی یەکەم و کۆتایان لێ دیارە، واتە

سەرەتای قادرمەکان و لووتکەی منارەکەیان دێتە بەرچاوان، بەڵام کاتێک بە مەدرەجەکانی عیرفاندا بەرز دەبنەوە تەنها پلە و پلیکانە دەبڕن و ئەو گەشتەش هەرگیز کۆتایی نایەت)

مەلای گەورە: (تۆ باسی عیرفان دەکەیت یان باسی منارەکە؟!)

موهتەدا: (ئەم منارەیە تەنها لە دەرەوە منارەیە و ناوەوەی عیرفانە و قادرمەکانی ئەو پلە و مەداریجانەن کە عاریفان پیایدا سەردەکەون)

مەلای گەورە: (، واتە ئێمە ئێستا بە پلەکانی عیرفاندا سەردەکەوین؟!)

موهتەدا: (بەڵێ)

مەلای گەورە: (ئەی بۆ هیچ گرانی و ئەرك و ماندووبوونێکمان نەدی؟)

موهتەدا: (ماندووبوونی عیرفان ئەو بەرەژان و ئازار و دڵەڕاوکێیە یە بەر لە پێخستنە ناو یەکەمین پلەی عیرفان بۆ هەموو مرۆڤێك دروست دەبێت، تۆ سەردەمێکە لە ئازاردا دەتلێیتەوە، سەردەمێکە نائارامی و دڵەڕاوکێ ژیانی لێ تاڵ کردووی، ئێستاش کاتی بەختەوەری دونیای عیرفانە، دێرە هۆنراوەی ئەو عاریفە مەزنەت نە بیستووە کە دەڵێت:

مەقامی عاریفان بێ زەحمەت و ڕەنج و مەشەققەت دیم

لە زومرەی عاشقانم، بۆیە عالەمم لێ تەبەڕایە....)

کاتێك"مەلای گەورە"ئەو چەند قسەیەی لە"موهتەدا"بیست پڕ بە قورگی کەوتە هاوار کردن و ڕاکردن بەرەو سەرەوە بە قادرمەکاندا، زۆری بڕی، کول نەدەبوو، هاواری دەکرد، دەنگ و سەدای"مەلای گەورە"فەقێکانی بە ئاگا هێنا و بە پەلە بە قادرمەکاندا سەرکەوتن و"مەلای گەورە"یان لەسەر قادرمەکان بە بوراوەیی بینی و چەند فەقێیەك چوونە ژێر باڵی و هێنایانە خوارەوە و بردیان بۆ ژوورەکەی خۆی و پاش ماوەیەك"موهتەدا"ش لە منارەکە دابەزی و هاتە ژوورەوە،"مەلای گەورە"بە بێهۆشی لە ژوورەکەیدا ڕاکشابوو، فەقێکان دەربارەی مامۆستای گەورە پرسیاریان لە"موهتەدا" کرد، ئەویش لە وەڵامیاندا وتی: (سەرکەوتن بە پلەکاندا ئارامی لێبڕیوە...)

ئـــەم قســـەیەی"موهتـــەدا"دوو ڕووی هـــەبوو، لای خـــۆی مەبەســـتی بە"پلەکان"پلەکانی عیرفان بوو، بەلآم فەقێکان وا حاڵی بوون گوایە قادرمەکان و پیرییەتی مامۆستایان ماندوو کردووە و نەیتوانیوە بەناو منارەکەدا سەر بکەوێت، ئەو بە بێهۆشی هەندێك وشە لە لێوەکانی دەبیستران: ئەو پلانە چەند نوورانی بوون! با سەرکەوین، عیرفان....

"مەلای گەورە"نزیکەی هەفتەیەکی ویست تا کەوتەوە سەر پێی خۆی و توانی هات و چۆی خوێندنگەکەی بکات، هەموو ئەو ماوەیە لە بیری ئەو ڕووداوە سەیرەدا بوو، چەندین جار لە دووی"موهتەدا"ی دەنارد و دوو بە دوو گفتوگۆی گەرم بە نێوانیاندا گوزەری دەکرد، دیار بوو"مەلای گـەورە"بڕیاری دابوو ئـەو بەشـــەی تەمـــەنی لـــە دونیـــای عیرفانـــدا بەســـەر بـــەرێت، بـــۆ دونیـــای عیرفان"موهتەدا"ی بە مامۆستا و ڕێنیشاندەر دەزانی، حەزی لەوە بـوو شـەو و ڕۆژ پێکەوە بن و لەسەر دونیای عیرفان قسەی بۆ بکات...

ڕۆژێك مەلای گەورە"موهتەدا"ی بۆ ژوورەکەی خۆی بانگهێشت کرد و دوو بـە دوو کەوتنە گفتوگۆ.. دیار بوو"مەلای گەورە"تامەزرۆی بینینی"موهتـەدا"بـوو، داوای لێکرد گوێی بۆ بگرێ و کۆمەڵێك نهێنی ئەو چەند ڕۆژەی بـۆ بـاس بکـات: (پێرێ عەسرەکەی زۆر خەستە و ماندوو بووم، نەمتوانی بۆ خوێندنگە بێم و لـە ماڵەوە مامەوە، بۆ سبەینێ کە هاتم بۆ خوێندنگە داوای لێبوردنم لە شاگردەکان کرد و هۆی نەهاتنەکەم بۆ باس کردن و پێم وتن نەخۆش بووم، بۆیە نەمتوانیوە بۆ خوێندنگەکە بێم، هەموو سەیری یەکتریان کرد و پاشان وتیان: مامۆسـتا تـۆ دوێنێ هاتیت و وانەشت بە هەموومان وتەوە، زۆر لەسەر ئەوە چـووم کـە ئێـوە هەڵەن و ڕۆژێکی تر بووە، دیار بوو شاگردەکان ڕاستیان دەکـرد و خـەریك بـوو گومانی ئەوەیان بۆ دروست دەبوو کە یان نەخۆشم یان تێکچووم، بۆیە وتم: لێی گەڕێن و پێم بڵێن بە کوێ گەیشتوون؟ لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو وانەی ئـەو ڕۆژەیان خوێند بوو، پرسیارم لێکردن لە کاتی وانە وتنەوەدا هەستتان بـە هـیچ نەکرد، وتیان:"نەخێر"...

بەڵام شاگردێکیان وتی: مامۆستا من هەستم بە شتێك کرد، تۆ ئەمڕۆ پێڵووی چاوەکانت نەرمن، بەڵام دوێنێ چاوەکانت زۆر توند و تیژ بوون، چەند جارێك وێستم ئەو پرسیارەت لێبکەم، بەڵام قسە دەهات بە بەردا و لە بیرم دەچوویەوە...

ئێستا شاگردەکان لە ترس و پرسیارێکی زۆر گەورەدان و پێویستە تۆ چارەسەرێکیان بۆ بدۆزیتەوە)

موهتەدا: (مامۆستا گیان ئەوەی وێنە میسال مەبەستم (الصورة المثالية) ی مرۆڤ دەیکات هەرگیز مرۆڤ بۆخۆی ناتوانێت ئەو کارە سەیر و سەمەرانە ئەنجام بدات، مرۆڤ لە یەك کاتدا – بە پێی هێز و توانای دڵی– دەتوانێت لە دەیان و سەدان جێگەدا تەجەللیات بکات و ڕۆڵیش ببینێت، عاریفان دەڵێن: کاتێك لەگەڵ وێنە میسالەکەماندا دادەنیشین زۆرجار خۆمان لەگەڵ ئەو وێنەیەدا لێ تێك دەچوو، نەماندەزانی کامیان وێنە میسالەکەیە و کامیان مرۆڤە ڕاستەقینەکەی سەر زەوییە، ئەوەی وانەی وتۆتەوە وێنە میسالەکەتە و بۆخۆشت لە ماڵەوە بوویت، ئەمەیە نهێنی مرۆڤ و مەزنی ئەو هێزە مەعنەویەی کە تێیدایە)

موهتەدا لای مامۆستا هەستا و بۆ لای شاگردەکان ڕۆیشت، بۆ ئەو ڕۆژە بڕیاری دا وانە نەخوێنن و کاتەکەیان بۆ پرسیار و گفتوگۆ تەرخان بکەن، ڕووی لە شاگردەکان کرد و وتی: (ئەگەر کەسێکتان پرسیارێکی هەیە با بیخاتە مەیدانەوە و هەموومان قسەی لەسەر بکەین)

شاگردێك: (جا بە تەنها یەك پرسیار؟! کوڕە دەیان و سەدان پرسیار ناخی داگیر کردووین)

موهتەدا: (یەکێك لەو پرسیارانە بخە بازاڕەوە)

شاگردەکە: (ئەو ڕۆژە مامۆستای گەورە لەگەڵت بە منارەکەدا سەرکەوت چی لەناو ئەو منارەیەدا ڕوویدا کە وای لە مامۆستا کرد ببوڕێتەوە؟ لەو ڕۆژەوە

مامۆستا گۆڕاوە بە کەسێکی تر، چەندین شتی سەیر و نامۆمان لێ بینیوە، ڕازی ئەو نهێنییانەمان بۆ ئاشکرا بکە)

موهتەدا: (مەعریفە و زانستی بەرینی مامۆستا بە بەردەوامی تەکان و بەرەو پێشچوون بە ئەو دەدا، مامۆستا بە ڕشتەی مەعریفەدا گوزەری کردووە و خۆی لە کەنارەکانی دەریای عیرفاندا بینیوەتەوە،، بۆیە ئاساییە چەندین کاری پڕ لە نهێنی و سەیر و سەمەرەی تریشی لێ بوەشێتەوە)

شاگردەکە: (بەڵام چەندین ساڵە مامۆستا شتێکی لەوجۆرەی لێ نەبینراوە؟!)

موهتەدا: (مەنجەڵ کە پڕ بوو لێی دەڕژێت، ئەوە نیشانەی پڕبوونی مامۆستایە بە عیلم و عیرفان)

شاگردەکە: (ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێت مامۆستا لە منداڵییەوە تاکو ئەمڕۆ زانست وەردەگرێت و ئێستا پڕ بووە و لێی دەڕژێت!)

موهتەدا: (ئەگەر وا بێت هیچ نەنگی و ناتەواوییەکی تێدا هەیە؟! مەگەر فەرمانمان پێنەکراوە بڵێین:"خودایە زانستمان زیاد بکە"، پێمان نەوتراوە:"لەسەرو هەموو زانایەکەوە زاناترێك بوونی هەیە"؟)

شاگردەکە: (نالێم نەنگی و ناتەواوییە، بەڵام بۆ دەبێت لە کۆتایی تەمەندا مرۆڤ بە عیلم و عیرفان پڕ ببێت؟!)

موهتەدا: (پڕ بوونی مرۆڤ بە تەمەنەوە نەبەستراوە، هەر مرۆڤە و جۆرە دەفرێکە، هەیانە زوو پڕ دەبن و هەشیانە زۆر دەخایەنێت، نە زوو پڕ بوون نیشانەی گەورەییە، نە درەنگ پڕ بوونیش ناتەواوی و کەم کەماڵییە، هەندێك دەفر بچووکە و زوو پڕ دەبێت، هەندێکی تر فراوانە و تەمەنێکی دەوێت تا لێوان لێو دەبێت، مامۆستای گەورە دەفرێکی بەرینە و زۆری ویستووە تا پڕ بووە)

شاگردەکە: (ئایا لە بنچینەوە پڕبون بوونی هەیە؟)

موهتەدا: (ئێمە ناومان ناوە پڕ بوون، ئەگینا بریتی یە لە گەیشتن بە کەمالّی ڕێڕەیی خۆ و هاتنە بەری داری تەمەن، مرۆڤ وەکو درەختی میوە وایە، هەیانە بە"سێ"سالّ بەردەدات و هەشیانە دە–دوازدە سالّێك دەخایەنێت ئەوجا دەکەوێتە بەر)

شاگردەکە: (مەبەستت چییە بە بەری درەختەکە؟)

موهتەدا: (مەعریفە و زانست درەختەکەیە و عیرفانیش بەری درەختەکەیە، درەخت تا نەگاتە کەمالّی خۆی بەر نادات، مرۆڤ تا داری زانستی ڕیشە دانەکوتێ و پەل و پۆ نەهاوێت بەری عیرفان ناگرێت، بەلاّم دەبێ زانست و مەعریفە تەنها بە خوێندن و خوێندنەوەی کتێب و زانستە گەردوونی و مرۆیی و ئایینییەکان تێنەگەین، زانست دوو جۆری هەیە: جۆرێکیان بەدەست هێنراوە مەبەستم (مکتسب)ە و جۆرێکی تری زانستێکە بە ناخی مرۆڤدا چێنراوە و بە خۆ هەڵگۆڵێن مرۆڤ دەیگاتێ، سەرجەم زانستەکان بەری خۆهەڵگۆڵینە و پاشان میتۆدی بۆ داڕێژراوە و مەیدانی بۆ دیاری کراوە و بە پێی کارکردن لەو مەیدانەدا زانستەکە شێوەی گرتووە و چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە، بنچینەی هەموو زانستەکان ئەو زانستەیە لە قوولاّییەکانی دەریای ناوەوەی مرۆڤدایە و مەلەوانە شارەزاکان دەریان هێناوە و وەك دوڕ و مرواری خستوویانەتە بازاڕی زانستەوە)

شاگردێکی تر: (تەجروبە لەم مەیدانەدا ڕۆڵی چییە؟)

موهتەدا: (تەجروبە ڕاڤەی شتەکانی دەرەوەمان بۆ دەکات، لە چەندین ڕووداو یاسایەکمان بۆ دادەڕێژێت، تەجروبە بە بینین (بصر)ەوە بەستراوە، جگە لە مرۆڤ هەموو گیاندارە بالاّکان ڕووداوەکان بە پچڕ پچڕ لە یەکتر دەبینن، ئەوان ناتوانن پەیوەندی لە نێوان دیاردە و ڕووداوەکاندا بدۆزنەوە، بەڵکو هەر ڕووداوێك بە جیا لە ڕووداوێکی تر بەرچاویان دەکەوێت، تەنها مرۆڤە دەتوانێت ڕووداو و دیاردەکان پێکەوە گرێ بدات و لە کۆی ئەو بە یەکتر بەستنەوەش یاسایەك دابڕێژێت، یاخود مانایەکی نوێ هەڵبهەنجێنێت)

"مەریەم و موهتەدا"پێکەوە سەفەرێکی لای مالّی باوکی"مەریەم"یان کرد،"موهتەدا"ئۆتۆمبێلەکەی باوکی هێنا بوو، بەیانی زوو لە مالّەوە دەرچوون، ڕەنگ و تام و بۆنی ئەو بەیانییە لە ڕۆژەکانی تر جیاواز بوو، بینینی ڕەنگی سەوز لە مالّی خۆیانەوە دەستی پێکرد، باخچە بەرینەکەی مالّیان سەوزی پۆشی بوو، درەختەکان لە سەوز هەلّژەنرابوون، ئەو بەیانییە"مەنسوور"ی باوکی قاتێکی سەوزی ورشەداری لەبەر کرد بوو، پۆشاکەکانی بەری دایکی سەراپا سەوز بوون،"مەریەم"بە جلە سەوزەکانی بەریەوە سفرە سەوزەکەی هێنا و بۆ هەموانی ڕاخست، هەر هەموو سیمایان سەوز هەلّگەڕا بوو، ئایا بۆخۆیان سەوز بوون، یاخود ڕەنگی سەوزی مالّەکەیان لە ڕووپاندا پەخش بوو بوویەوە؟ مالّەکەیان سەراپا سەوز بوو، دەتوت لە ئاسمانەوە بە سەدان قوتووە بۆیاخی سەوز بەسەر ئەو مالّەدا ڕژێنراوە، لە مالّەوە بەڕێکەوتن و سواری ئۆتۆمبێلە سەوزەکە بوون و بە شەقامە سەوزەکاندا تێدەپەڕین تا سەرئەنجام شاری لێوان لێو بە سەوزییان بەجێهێلاّ، لە دوورەوە بینینی شار دەتوت دارستانێکی چڕوپڕە و لە کاولکردنی مرۆڤ بە دوورە و هەزاران سالّە لەناوخۆیدا چڕ دەبێتەوە،"مەریەم و موهتەدا"ئەوەندە ڕەنگی کەسکیان هاتبووە بەرچاوان هەموو شتێکیان بە کەسک دەبینی، ئەو بەیانییە ئەوەندە بارانی سەوز باری بوو تەنانەت تیشکی هەتاو شی دەبوویەوە و ڕەنگی کەسکی تیادا زاڵ دەبوو، وردە وردە لە شار دوور کەوتنەوە و لەگەڵ دوورکەوتنەوەیاندا ڕەنگی کەسک کاڵ بوویەوە و تەنها"مەریەم و موهتەدا"بە سەوزی مانەوە و شتەکانی تر پەردەی سەوزیان لەسەر هەلّگیرا و هەموو شتێك ڕۆیشتەوە دۆخی جارانی،" مەریەم"ڕووی کردە"موهتەدا"و وتی: (بۆچی شتەکان لە سەوزیی خاڵی بوونەوە؟)

موهتەدا: (ئێمەین لە سەوز خاڵی دەبینەوە)

مەریەم: (چۆن؟)

موهتەدا: (لێشاوی شەپۆلی سەوزی ناخی ئێمەیە بە دەوروبەرماندا دەکێشێت، لەگەڵ نیشتنەوەی شەپۆلەکان و کۆتا هاتنی هەڵچوونەکانیان دەوروبەر بۆ دۆخی یەکەمجاری دەگەڕێتەوە...)

مەریەم: (دەتەوێت بڵێیت ئێمەین دەوروبەرمان سەوز دەکەین؟ سەوزی ئێمەیە هەموو شتەکانی بە سەوز گۆڕیوە؟)

موهتەدا: (کاتێك مرۆڤ هەموو بوونی بە شتێك پڕ دەبێت دەوروبەری خۆی لێدەبێت بەو شتە، ئێمە بە ڕەنگی کەسك لێوان لێو بوو بووین، بۆیە هەموو دەوروبەرمان بە کەسك لێگۆڕا بوو)

مەریەم: (مرۆڤ چەند هونەرمەندێکی ناوازەیە! ئەو دەتوانێت بە بێ فڵچە و بۆیاخ سەراپای گەردوون ڕەنگ بکات)

سنووردەکانی شارۆچکەکە بەدەرکەوت و گەیشتنە مااڵی باوکی "مەریەم" و دایکی لە بەردەرگاکەدا چاوەڕوانی دەکردن و وتی: لە بەیانییەوە چاوەڕوانتانم..

"سمکۆ و عەبدوڵڵا"ی باوکی بۆ پاککردنەوەی باخە ڕەزاکانیان ڕۆیشتبوونە الدێ، الدێکەیان زۆر لە شارۆچکەکەوە دوور نەبوو، بە پێیان دوو کاتژمێر ڕێگە بوو، ئەو ماوەیەش دەبوا بەناو چیا و ڕێگە پێچاوپێچەکانیدا گوزەرت بکردبایە، دوانیوەڕۆکەی بۆ ئاگادارکردنەوەی کاك "عەبدوڵڵا"ی خەزوری لە هاتنیان "موهتەدا" بڕیاری دا ڕوو لە ئەو الدێیە بکات، بەرەو چیا مەزنەکە بەڕێکەوت و بە تووڵە ڕێ پێچاوپێچەکانی ناو چیاکەدا بەسەرکەوت، تەنهایی ڕێگەکە و سەختی سەرکەوتن و مەزنی چیاکە زۆر مانای پەنهانی بە بیر هێنایەوە، ئەو چیا مەزنەکە و بڕینی ڕێگەکەی لێگۆڕا بە کاروانی عیرفان و گرتنەبەری سەفەری هات و نەهات، سەرەتاکانی عیرفان بڕینی زەویە پان و بەرینەکانە و پڕە لە چێڕ و سرووڕ، بەاڵم ناوەڕاستی عیرفان سەرکەوتنە بە چیایەکی مەزندا کە دوو مەترسی گەورەی تێدایە: ماندوو بوون و ئەگەری وەبەردان و گەڕانەوە، لەگەڵ لێ بزربوونی ڕێگەکە و بەربوونەوە و هەڵدێران...

"موهتەدا"لە سەرکەوتن بە چیا مەزنەکەدا بەردەوام بوو، تینوێتی زۆری بۆ هێنا و بیری لەوە دەکردەوە کە پێدەچێت سەر لووتکەی چیایەکە کانیاوی تێدا بێت، دوای زیاتر لە یەک کاتژمێر لە بڕینی ئەو تووڵە ڕێگانە و بەرزبوونەوە و نزیک بوونەوە لە ئاسمان گەیشتە سەر لووتکەی چیاکە، سەرەوەی چیاکە پانتاییەکی بەرین بوو، سەراپای لە سەوزی هەڵژەنرا بوو، گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ لە سەر تەختی سەوز تابلۆیەکی نەخشاندبوو کە بە هەزار هونەرمەندی دەستڕەنگین ڕەنگەکانی پێ ڕێکنەدەخرا، ئەو بە دوای تەپی و سەوزییەکدا دەگەڕا ئاوی لە دەوروبەر بێت، بەرەو چەند گابەردێک کە چەند دارێکی بە دەوردا ڕووا بوو بەسەرکەوت، یەکێک لە بەردەکان دەمی کردبوەوە و کانیاوێکی ڕۆشنی لە گەروو هەڵدەقوواڵ و ئاوەکەی دوای چەند هەنگاوێک بە دیوی خۆرئاوای چیایەکەدا شۆڕ دەبوویەوە و لە ناو تاشە بەردەکاندا بزر دەبوو، تێر لە کانیاوەکە ئاوی خواردەوە و پاراو بوو، پاشان هەستا و کەوتەوە سەر ڕێگەکەی خۆی و بەرەو دیوی دووەمی چیاکە بەڕێکەوتەوە، ڕێگەکە بەو دیوەدا شۆڕ بوویەوە و بەرەو دۆڵێکی فراوان کە ئەم بەر و ئەو بەری بە ڕەز تەنرا بوو بە ڕێ کەوت، لە چەند ڕەزەوانێک پرسیاری کاک"عەبدوڵڵا"ی کرد و ئەوانیش شوێنەکەیان پێ نیشان دا و ڕۆیشتە لایان و بەخۆشییەوە کاک"عەبدوڵڵا و سمکۆ"بەخێرهاتنیان کرد و تا ئێوارەیەکی درەنگ لەسەر ڕەزەکان پێکەوە مانەوە و پاشان بەرە وماڵەوە گەڕانەوە، لە ڕێگەی گەڕانەوەیان"موهتەدا" باسی ئەو ئاوەی بۆ"عەبدوڵڵا"ی خەزوری کرد و پرسیاری کرد کە: بۆچی سوود لەو ئاوەی سەر لووتکەی چیایەکە نابینن؟

کاک"عەبدوڵڵا"لە وەڵامی"موهتەدا"وتی: (تاکو ئێستا لەسەر ئەو چیایە ئاو نەبینراوە، زۆرم پێ سەیرە باسی بوونی ئاو دەکەیت!)

موهتەدا: (بۆخۆم تێر ئاوم لێ خواردەوە!)

عەبدوڵڵا: (کە چووینە سەر چیاکە پێم نیشان بدە)

هەرکە بە لووتکەی چیاکە گەیشتن"موهتەدا"کاك عەبدوڵڵا و سمکۆ"ی بۆ ناو تۆقە بەردەکە برد و چوونە پاڵ ئەو بەردەی کە دەمی کردبووەوە و بینی نەك ئاوی لە گەروو هەڵناقووڵێت، بەڵکو گژوگیای وشك ناو دەمی بەردەکەی پڕ کردووە،"موهتەدا"بەسەر سوڕمانەوە وتی: (لێرەدا، ئا لێرەدا! لێرەوە هەڵدەقوڵا! ئەی کوا ئاوەکەی؟!)

"سمکۆ"هەندێك پێکەنی و وتی: (پێدەچێت سەردەمانی پێشوو ئەم جێگە ئاو بوو بێت و تۆش ڕێت لەم جێگە کەوتبێت، یا لەوانەیە خەونت بینی بێت؟!)

کاك"عەبدوڵڵا"لەوە حاڵی بوو کە ئەو ئاوە تەنها بۆ ئەو بووە و دڵنیاش بوو لەوەی"موهتەدا"لەو ئاوەی خواردۆتەوە، چونکە ئەو"موهتەدا"دەناسی و دەیزانی مرۆڤێکی زانا و عاریفێکی مەزنە..

"موهتەدا"لەوە گەیشت کە ئەو کانیاوەی لەسەری پاراو بوو کانیاوی عیرفان بووە، بۆیە داوای لێبووردنی کرد و وتی: (پێدەچێت ئەوەندە سەرکەوتن بە چیایەکەدا ماندووی کردبم شەپۆلی گەرمام لێ بووبێت بە ئاو..)

هەرسێکیان دایان لە قاقای پێکەنین و بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە، لەبەر دەرگاکەدا"نازداری مەلەکووتی"لە پاڵ"سمکۆ"ی کوڕی و"عەبدوڵڵا"ی هاوسەریدا لە"موهتەدا"ی پرسی: (لە کانیاوی سەر لووتکەی چیاکە تێر ئاو بووید؟)

موهتەدا: (بڵێم چی؟!)

سمکۆ: (ناشێ تۆ ناونیشانی کانی و ئاوت لەسەر ئەو چیایە پێدابێت؟! دایە بۆ خاتری خودا، هەزاران ساڵە ئەو چیایە چیایە و کەسێك ئاوی لەسەر نەبینیوە، تۆ بۆ ئەم هەژارەت بە هەڵەدا برد؟ ئەو قسەکەی تۆی لێ بوو بوو بەڕاست)

"سمکۆ"پێکەنینێکی بۆ کرد و ڕۆیشت،"موهتەدا و کاك عەبدوڵڵا و نازدار"یش چوونە ژوورەوە،"موهتەدا"سەیرێکی"نازدار"ی خەسووی کرد و وتی: (ئەی بۆ زوو وشکی کرد؟)

نازدار: (وشکی نەکردووە، بەڵام هەموو کەسێك بەشی لەو کانیاوەدا نی یە)

موهتەدا: (خۆزگە کاك"عەبدوڵڵا و سمکۆ"ش لێیان دەخواردەوە)

کاك عەبدوڵڵا – بە شۆخییەوە –: (بۆ"نازدار"دەهێڵێت دوو خێرمان دەستگیر ببێت؟!)

نازدار – بە پێکەنینەوە –: (من و هەرچی خێری منە هەمووی تۆ خاوەنیتی)

عەبدوڵڵا – دیسان بە شۆخییەوە –: ("موهتەدا"ئەم خەسوەت بەم قسانە منی فریوداوە، بە خودا لە ڕۆژی دادگادا دەڵێم: خودایە گەر دەمنێریت بۆ دۆزەخ دەبێ ئەو ژنەشم لەگەڵ بێت، چونکە من بە بێ ئەو ناحەوێمەوە...)

نازدار: (بە خودا گەر خودا بەهەشتم بە نسیب بکات ناچمە ئەو بەهەشتە تاکو تۆم لەگەڵ نەنێرێت، دەبێت دەستمان لە ناو دەستی یەکتر بێت کاتێك یەکەم هەنگاو بۆ ناو بەهەشت هەڵدەگرین)

عەبدوڵڵا: (خودا بۆم ڕێك بخات بەر لە تۆ بچمە بەهەشت، تاکو تۆ دێیت من سێ و چوار ژنم هێناوە)

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد و"مەریەم"سفرەی ئێوارەی بۆ ڕاخستن...

-٣-

دوو ئەقڵی یاخی
یەك شێوازیٰ بیرکردنەوە

شــەو بــۆ نووســتن"موهتــەدا و سمکــۆ"لــە ژوورێکــدا جێگــەیان بــۆ ڕاخرا،"موهتەدا"بۆ گوێگرتن لـە"سمکۆ"تامـەزرۆ بـوو، ئـەو دەیزانـی"سمکـۆ" گەنجێکی خوێنەری بێوێنەیـە و کەوتۆتـە نـاو دەریایـەکی قـووڵی ئەندێشـەوە و شەپۆلەکانی بیرکردنەوە کەشتی وجوودی ئەو ئەم دیو ئەودیو پێ دەکەن...

لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆژە تا ئێوارە"سمکۆ"کـاری کـرد بـوو کەچـی کتێبێکـی قەبارە"چوارسەد"لاپەڕەیی هێنا و دەستی بە خوێندنەوەی کرد، ئەو زۆر بـاکی بە"موهتەدا"نەبوو، نەیدەویست پابەند بێت بەو هەڵسوکەوتە تەقلیدییەی لەگەڵ میواندا بەڕی دەکرێت، بۆیە لەسەر جێگەکەی خۆی بە خامۆشی لێی دانیشت و دەستی بە خوێندنەوە کرد،"موهتـەدا"ش بـۆ ئـەوەی ئـارامی ئـەو نەشـێوێنێت هیچی لێ نەپرسی و لەسەر جێگەکەی خۆی ڕاکشا، چەند کاتـژمێرێك بـەوجۆرە بـــە ســـەریاندا تێپـــەڕی،"سمکـــۆ"دەیخوێنـــدەوە و"موهتـــەدا"ش لـــەناو بیرکردنەوەیەکی قوواڵدا بوو، لە پڕ"سمکۆ"پەردەی خامۆشییەکەی لادا و ئارامی ژوورەکـەی بـە پرسـیارێك لـە"موهتـەدا"شـڵەقاند: (مـن دەپرسـم لەوانەیـە پرسیارەکەشم لـە خـۆم بێـت نـەك لـە تـۆ: بڵێـی شـتێك لـە ژیانـدا هـەبێت مانـا

ببەخشێت، یاخود مانادار بێت؟ بڵێی ژیان – بە مـن و تـۆ و پرسـیارەکانمەوە– مانایەکی تێدا هەبێت؟)

موهتەدا: (ئەگەر پرسیار لە خۆت دەکەیت ئەوا من مافی وەڵامدانەوەم نی یە، بەڵام گەر پرسیارەکە ڕوو بە منە ئەوا دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین)

سمکۆ: (تۆش هەروەك منی، من و تۆ وەکو هـەموو مرۆڤێـك نـوقمی هـەزاران پرسـیاری بـێ سـەروبەر بـووین، بۆیـە مـن بـە دوای وەڵامـدا بگـەڕێم یـان تـۆ جیاوازییەکی نی یە و لام یەکسانە)

موهتەدا: (گرفت لەو جێگەدا نی یە کە پرسیارمان هەیە، چونکە کاتێك مـرۆڤ مرۆڤە پرسیاری هەبێت، هەرکاتێك مرۆڤ پرسیاری لێبڕا، یاخود وای هەست کـرد پرسیاری نەماوە ئەو کەسە لە مەرگەوە نزیکترە تا ژیان و زیندەگی)

سمکۆ: (پـێم سـەیرە مرۆڤێکـی ئایدۆلۆژیسـتی وەك تـۆ کـە لێـوان لێـوی بـە ئایـدۆلۆژیای ئـایینی بـاس لـە گرنگـی پرسـیار دەکـەیت، یـاخود پێتوایـە مـرۆڤ پێویستە خاوەنی پرسیار بێت!)

موهتەدا: (نازانم ئەو بڕیارە پێشینە لە کوێوە هاتووە کە لەناو ئایینـدا پرسیار نی یە، بە پێچەوانەوە ئایین پرسیار بۆ مرۆڤ دەخولقێنێت، کام مرۆڤەی دەگاتە لووتکەی باوەڕی ئایینی هێشتا لێوان لێوە بە پرسیار و دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، قووڵبوونەوە لە ئایینـدا و بەرزبوونەوە لە باوەڕدا لە پرسیارەوە دەست پێدەکات و پرسیاری قووڵتر و مەزنتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، نابینی موسـا – سـەلامی خودای لەسەر بێت – داوا لە خودا دەکات خۆی پێنیشان بدات؟! ئەو بە تـەنها قسەکردن لەگەڵ خودادا دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، دەیویست بە چاوانی سەری خودا ببینێت، سەرنجی پرسیارەکەی ئیبراهیم – سەلامی خودای لەسەر بێت – نادەیت داوا لە خودا دەکات نیشانی بدات چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە؟! کاتێك خودا دەپرسێت بۆ باوەڕت بە زیندوو بوونەوە نی یە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: با، بەڵام

بۆ ئەوەی دڵم ئاو بخواتەوە و سوکنایم بۆ بێت... سەرنج بدە پێغەمبەرێکە و هێشتا دەڵێت: بۆ ئەوەی دڵم ئاو بخواتەوە و سووکنایی بۆ بێت...)

سمکۆ: (بەڵام ئایدۆلۆژیا پرسیار دەمرێنێت و وەهمی ئەوە بۆ شوێنکەوتوانی دروست دەکات کە سەرجەم پرسیارەکان وەڵام دراونەتەوە)

موهتەدا: (کاك"سمکۆ"ئایدۆلۆژیا و فۆرم گرتنی ئایدۆلۆژیا کاری مرۆڤە نەك ئایین، ئایین لە ئەوپەڕی ڕەهایی و بەرینیدایە تا ئەو کاتەی مرۆڤ دێت و بیرو تێگەیشتنەکانی خۆی دەکات بە پۆشاکێکی بەرتەسك و بە بەر ئایینیدا دەکات، ئایدۆلۆژیای ئایینی ئەو پۆشاکە کەم و کورتەیە بە بالأی ئایینیان بڕیوە و ئایین لە ڕەهایی و گەردوونی بوونەوە بۆ چوارچێوەکان دادەبەزێت و زۆرێك لە مانا بەرز و بڵندەکانی خۆی لە دەست دەدات..)

سمکۆ: (بەڵام دەقەکانی ئایین بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ بەجێهێڵراوە و بمانەوێ و نەمانەوێ مرۆڤ خوێندنەوە بۆ ئەو دەقانە دەکات و لەوێشەوە ئایدۆلۆژیای ئایینی فۆرم دەگرێت)

موهتەدا: (دروستە، گرفتەکە لەو جێگەدا نی یە مرۆڤ خوێندنەوە بۆ ئایین دەکات)

سمکۆ: (ئەی لە کوێدایە؟)

موهتەدا: (لەو جێگەدایە تێگەیشتنی مرۆڤمان لێ ببێت بە ئایین، یاخود تێگەیشتنە مرۆییەکانمان بە ئایین پێ بفرۆشن، لەو بارەدا پیرۆز و ناپیرۆز، ڕەها و سنووردار، ئاسمانی و زەمینی، خودا و مرۆڤ، تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن، لەوێشەوە کارەساتە جەرگبڕەکانی مێژوو کە بە ناوی ئایینەوە ئەنجام دراوە ڕوودەدەن، جەنگەکانی مرۆڤ دەبن بە جەنگی خودا و ناوی جەنگی پیرۆز: (Holly War) ی بۆ دادەتاشرێت، ئەمەیە مەرگەساتی مرۆڤ، کەسانێك بەناوی

ئایینەوە دێن و حەز و بیر و بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ بە ئایین دەکەن و کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی پڕ بە قەیران و توند و تیژی دەکەن)

سمکۆ: (بەڵام ئایین پرسیارکردن بە ڕەوا بزانێت یان بە ناڕەوا هیچ لە ڕەشبینی من بەرانبەر بە ژیان کەم ناکاتەوە)

موهتەدا: (پێشتر وتم: گرفت لەو جێگەدا نی یە کە پرسیارمان هەیە)

سمکۆ: (ئەدی گرفت لە کوێدایە؟)

موهتەدا: (گرفت لەو جێگەدایە نەتوانین و نەزانین چۆن بە دوای پرسیارەکاندا بگەڕێین، مرۆڤ لە سارایەکدا بە دوای کانیاوێکدا دەگەڕێت تاکو خۆی لێ تێر ئاو بکات، بەڵام یەکەم دەبێ گەشبین بێت و ئیرادەی گەڕانی هەبێت و دەستە ئەژنۆ لێی دانەنیشێت، دووەم بزانێت چۆن دەگەڕێت و کوێ دەگەڕێت)

سمکۆ: (گرفتەکە لەو جێگەدایە ئاو لە ساراکەدا نی یە)

موهتەدا: (گرفتەکە لەم جێگەدایە کە تۆ باوەڕت بەوە هێناوە ئاو لە سارەکەدا نی یە، دەمەوێت بپرسم ئەو بڕیارەت لە کوێ هێنا و چۆن باوەڕت بە خۆت هێنا ئاو لەو سارایەدا بوونی نی یە؟)

سمکۆ: (کاتێك سەیری چوار دەوری خۆم دەکەم کەلاکی هەموو ئەوانەم دێتە پێش چاو بە دوای ئاودا گەڕاون و ئاویان نەدۆزیوەتەوە، سەرئەنجام لە تینوێتیدا خنکاون)

موهتەدا: (بەڵام ژمارەی کەلاکەکان زۆر کەمترن لە ژمارەی ئەو کەسانەی ڕوویان لە ساراکە کردووە، دەبێ ئەوانی دی بە ئەنجامێکی تر گەیشتبن، ناکرێت بڵێین هەموو ئەوانەی ڕوویان لەو سارایە کرد لە تینوێتیدا مردن)

سمکۆ: (ئەو بڕیارەت لە کوێ هێنا ژمارەی موسافیرانی سارا لە ژمارەی کەلاکەکان زۆرتر و زیاترن؟)

موهتەدا: (تۆ ئەو بڕیارەت لە کوێ هێنا کە هەموو ئەوانەی کاروانی سارایان گرتەبەر جەستەکانیان ئەو کەلاکانەن لە ساراکەدا بەجێماون؟)

سمکۆ: (لەو جێگەوە کە ناکرێت سارا ئاوی تێدا بێت)

موهتەدا: (ئەمەش دیسان بڕیارێکی بێ بەڵگەیە)

سمکۆ: (بەڵام بڕیارەکەی تۆش کە دەڵێیت ئەو سارایە ئاوی تێدا هەیە، زۆر بێ بنەما و بێ بەڵگەیە)

موهتەدا: (بەڵێ، ئەگەر سارا ئەو مانا و مەدلولەی هەبێت کە لە زەینی تۆدایە ئەوا ئاوی تێدا نی یە، بەڵام گەر تێگەیشتنی خۆمان بۆ سارا و بیابان گۆڕی، ئەوا دەگونجێت سارا ئاو و باخ و بێستانیشی تێدا هەبێت)

سمکۆ: (سارا هەر سارایە، ژیانیش هەر ئەم دۆزەخەیە)

موهتەدا: (بەم قسەیەدا دەیسەلمێنی تۆ ئایدۆلۆژیستی نەک ئەمن، بۆ دەبێت بڕیار بدەی سارا تەنها یەک مانا و مەدلولی هەیە؟!)

سمکۆ: (چۆن دەتوانیت بیسەلمێنیت مانایەکی تر بۆ ژیان هەیە؟)

موهتەدا: (لەو جێگەوە کە چاویلکەی ڕەشی بیری ئاڵۆز و ئایدۆلۆژیای بەرتەسک دابکەنین و بە چاوی سەر لە سارای ژیان ورد ببینەوە)

سمکۆ: (لە مەبەستت ناگەم!)

موهتەدا: (هەموو ئەو تێڕوانینانەی بۆ ژیان لامان خولقاوە ئێمەی مرۆڤ دروستمان کردووە، مرۆڤ بیروباوەڕ دەخولقێنێ و دواتر پێیەوە گیرۆدە دەبێت، ئەو بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری زیاتر بیری خۆی بەگەڕخستووە، بەڵام زۆرجار بیر و تێڕوانینەکان ئاسوودەیی لێوەردەگرنەوە و دەبێت بە کۆیلەی بیروباوەڕەکانی)

سمکۆ: (بەڵام ناکرێت مرۆڤ لە بیر و تێڕوانین خاڵی ببێتەوە!)

موهتەدا: (بەڵێ وایە، بەڵام نابێت بە تەنها بە یەك جۆر بیر و یەك تەرز لە بیرکردنەوە و تێڕوانینەوە خۆی ببەستێتەوە)

سمکۆ: (باشە، گریمان تۆ بە کانیاوی سارا گەیشتووی، پێمان بڵێ یەکەم: چۆن باوەڕ بە تۆ بهێنین کە کانیاو لە سارادا بوونی هەیە، دووەم: پێمان بڵێ چۆن بگەینە ئەو کانیاوە؟)

موهتەدا: (قسەکانی من بۆ ئەوە نەبوو بە بەڕێزت ڕابگەیەنم وەرە ڕوو لە کانیاوی سارا بکەین، بەڵکو بۆ ئەوە بوو پێت بڵێم: ئەو بیر و بڕیارەی تۆ لە تێڕوانێن بۆ سارا گرتووتەتە بەر با دواپین بڕیارت نەبێت و گەشبینانە تر لە ژیان بڕوانە و بە یەك جۆر لۆژیکی بیرکردنەوەوە خۆت مەبەستەوە، تەکانی زۆرتر و زیاتر بە خۆت بدە، گەرەکە ئەوە بزانیت لە سارادا کەس فریادڕەسی کەس نی یە و دەبێت خۆت بە هانای خۆتەوە بێیت، تۆی بیر دەکەیتەوە و هەر تۆشی بڕیار دەدەیت، من ناتوانم لە جێگەی تۆ بڕیار بدەم)

موهتەدا: (باسی تەجروبەی خۆتم بۆ بکە)

موهتەدا: (هەر مرۆڤێك تەجروبەیەکە، بەڵام دەکرێت کەڵك لە تەجروبەی یەکتری وەربگرین، پرسیار لە تەجروبەی من بکە با وەڵامت بدەمەوە)

سمکۆ: (چۆن باوەڕت بەخۆت هێناوە کە ژیان دۆزەخ نی یە؟)

موهتەدا: (لە تەمەنمدا هەمیشە هەوڵمداوە بە وێستگەیەکی بیرکردنەوەوە خۆم نەبەستمەوە، هەوڵمداوە لە تۆپکڵی شتەکانەوە بۆ ناوەڕۆك و لەوێشەوە بۆ ڕۆح و جەوهەری شتەکان بگوێزمەوە، ڕوالەتی دەرەوەی ژیان پڕ لە بێزاری و وەڕسییە، بەڵام کرۆك و جەوهەری پڕ لە چێژ و مانایە، ژیان لای من خواردن و خواردنەوە و لەزەتەکانی جەستە و حەزی دەسەڵات نی یە، هەموو ئەوانە ڕوالەت و تۆپکڵی ژیانن، کرۆك و ڕۆحی ژیان شتێکی ترە، ئەو شتەش لە دەرەوە بەدەست نایەت، بەڵکو لەناوەوەی مرۆڤدایە، دەگونجێت دیلێك لە چوارچێوەی

بەندیخانەدا لە کەسێکی ئازادی سەر شەقامەکان زۆر ئاسوودە تر بێت، لە کاتێکدا کەسە ئازادەکە هیچی لە ژیان کەم نەبێت و دیلەکەش لە هەموو زیندەگییەک مەحروم کرابێت)

سمکۆ: (لەوانەیە دیلەکە بە وەهم و خەیاڵ خۆی ئاسوودە کرد بێت)

موهتەدا: (تۆ مافی خۆتە ناوی وەهم و خەیاڵی لێ بنێیت، بەڵام دەبێت ئەو مافەش بە من بدەی کە بڵێم: گەورەترین حەقیقەت لەو جیهانەدایە و شتەکانی ئەم جیهانە باوەی مرۆڤ بەراورد بەوانەی ناوەوەی سێبەرێکە و هیچی تر)

سمکۆ: (بەڵگەی ڕاستبوونی ئەو جیهانە لە چیدایە؟)

موهتەدا: (ئەگەر سروشتی ئەو فەزا مەعنەویە لەم جیهانە باوە جودا بێت، ئەوا بەڵگەکانیشی لە بەڵگە و بورهانەکانی ئەم جیهانە جیاوازە)

سمکۆ: (پێتوانییە بەو قسەیەت دەتەوێت لە بەڵگە هێنانەوە هەڵبێیت، چونکە هیچ بەڵگەیەکت لە لا نی یە؟)

موهتەدا: (با، چونکە ئەو بەڵگەیەی تۆ داوای دەکەی لە لام نی یە، تۆ بەڵگەی ماددی و مەلموس لە من داوادەکەی، منیش بۆ ئەو جیهانەی ناوەوەی مرۆڤ هیچ بەڵگەیەکی ماددی شك نابەم، چۆن بە تۆی بسەلمێنم دوێنێ لەسەر لووتکەی چیایەکە من تێر ئاوم لە کانیاوێك خواردەوە، چ بەڵگەیەکی ماددی و ئەقڵی بۆ تۆ بهێنمەوە کاتێت دەچینە شوێنی ئەو کانیاوە و جگە لە پووش و پەڵاش و بەردێکی ڕەق و تەق شتێکی ترمان بەرچاوان ناکەوێت؟!)

سمکۆ: (خەیاڵت بەرین بووە و لە تینوێتیدا سەرابت لێ بووە بە ئاو)

موهتەدا: (دەبێت پێت بڵێم تۆ ڕاست دەکەی، چونکە هیچ ئەقڵ قوبوڵی ئەو قسەیەی من ناکات و بەوجۆرەش بیرناکاتەوە، بەڵام کاتێك تەنها دەکەوم و دێمەوە بۆ ناو خۆم باوەڕی تەواوم بەخۆم هەیە کە من دوێنێ چوومە سەر

کانیاوەکە و ئاوم خواردەوە و دەم وچاوم شۆری، ئینکارکردنی تۆ لە باوەڕی ناوەوەی من ناگۆڕێت، مافی خۆتە دانیش نەنێیت بەو ڕاستییەی لە لای منە، چونکە ژیری و لۆژیك باوەڕ بەو حەقیقەتەی ناوەوەی من ناکات، ئەوانە حەقیقەتێکن تەنها لە ناوەوەی منداڵ ڕاست و ماناداڕن، بۆیە کاتێك دەکرێن بە قسە و دەخرێنە دەرەوە لە مانا خاڵی دەبنەوە)

سمکۆ: (ناتوانم ئەقڵ و زانست و لۆژیك وەلا بنێم و باوەڕ بە خەون و خەیاڵ بهێنم)

موهتەدا: (بەڵام منیش ناتوانم کۆی نهێنییەکانی مرۆڤ و ژیان و گەردوون لە زانست و لۆژیکێکدا کۆ بکەمەوە، زانست و لۆژیکێك مرۆڤ دایهێناوە و میتۆدی بۆ داڕشتووە، مرۆڤ مەزنترە لەو مرۆڤەی زانست پێناسەی دەکات، ژیان بەرینترە لەو ژیانەی ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، گەردوونیش ئەفسووناوییە و لێوان لێوە بە نهێنی و گۆشەیەکی بچووکی بۆ مرۆڤ ئاشکرا بووە)

سمکۆ: (گرنگ ئەوەیە زانست و ئەقڵ لەگەڵ منە)

موهتەدا: (منیش زۆر باوەڕم بە ڕاستییەکانی ناوەوەی خۆمە)

کە گەیشتنە ئەو قسەیە هەردووکیان خامۆشییەك دایگرتن و چاوەکانیان چووە خەو...

"سمکۆ"کەڵکەڵەی چوونە"ئەوروپا"کەوتبووە سەری، بێزی لەو کولتوور و ئایین و پەیوەندییانە دەکردەوە مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی تێکەوت بوو، پاش هەوڵێکی زۆر توانی کوردستان بەجێبهێڵێت و خۆی بگەیەنێتە"ئەوروپا"...

-٤-

نەختینەی ناو ژوورەکە و نهێنی ناو سندووقەکە

لەمێژ بوو"موهتەدا"تامەزرۆی بینینی ناو ژوورە تایبەتەکەی باوکی بوو، ئەو لە منداڵییەوە خولیای ئەو ژوورە بیری داگیر کرد بوو، چەند جار هەوڵی دابوو کلیلەکان لە باوکی وەربگرێت و دەرگای ئەو ژوورە بکاتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك باوکی ڕێگەی پێ نەدەدا، داوای لە دایکی دەکرد کلیلەکانی بۆ پەیدا بکات، بەڵام دایکی دەیوت: کلیل تەنها لە لای بابتە..

یەك دوو جار ویستی پەنجەرەی پشتەوەی ژوورەکە کە دەیڕوانی بەسەر باخچەکەی دواوەی خانوەکەیاندا بشکێنێت و هیچ نەبێت سەیرێکی ناو ئەو ژوورە بکات، بەڵام دەترسا باوکی دڵگران ببێت، بۆیە لە کارەکەی پەشیمان دەبوویەوە...

ئەو ژوورە لە لای"موهتەدا"تەلیسمێك بوو کە دەبوا بیشکێنێت، دەریایەك بوو دەبوا تیایدا فێری مەلە ببێت، پەیکەرێکی داپۆشراو بوو نەیدەزانی هێمایە بۆ چ جۆرە مەزنێتییەك، بیری دەکردەوە جارێك لەگەڵ چوونە ژوورەوەی باوکی خۆی بکات بە ژووردا و بە خێرایی چاوێك بە ژوورەکەدا بگێڕێت، بەڵام

باوکی کە دەیویست دەرگای ژوورەکە بکاتەوە هەموو جارێك سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکرد و دواتر دەرگاکەی بە ئەسپایی دەکردەوە و دەچووە ژوورەوە و بەدوای خۆیدا دەرگاکەی کڵۆم دەکرد،"موهتەدا"نەیدەزانی ئەو گشتە حەز و خولیایە بۆ چوونە ناو ئەو ژوورە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ! ئەو منداڵێکی بێ هاوڕێ بوو کە لە قوتابخانە دەگەڕایەوە دەبوا سەرقاڵی پێداچوونەوەی وانەکانی ببوایە و دوانیوەڕوانیش بۆ وەرگرتنی زانستە شەرعییەکان ڕووی لە خوێندنگە ئایینییەکەی"مەلای گەورە"بکردبایە، ئەو کاتانەی لە ماڵەوە بوو لە تەنهاییەکی قوواڵدا دەژیا، چونکە بە ڕۆژدا تەنها خۆی و"مەعسومە"ی دایکی لەو خانووبەرە فراوانەدا بوون، دایکی سەرقاڵی ئیش و کار دەبوو"موهتەدا"ش تاوێك بە ژوورەکاندا خولی دەخوارد و پاشان دەچوو بۆ باخچەکە و ماوەیەك بە قوڕ خانووی دروست دەکرد و هەندێکیش لەگەڵ بۆقە قوڕینەکاندا کاتی بەسەر دەبرد، دواتر دایکی دەهات و دەیبردە گەرماوەکە و جلوبەرگەکانی دەگۆڕی و دەست و دەم و چاوی دەشۆری، پاشان دەگەڕایەوە بۆ نێو تەنهایی خۆی و ئەمجارەیان نەیدەوێرا لە باخچەکەدا خۆی لە قوڕ هەڵبژەنێت، چونکە کەمێك پێش ئێستا دایکی جل و بەرگەکانی گۆڕی بوو، بۆیە بیری لە کارێکی تر دەکردەوە بۆ ئەوەی خۆی پێوە خەریك بکات، بیری دەکردەوە بەڵام شتێکی نەدەدۆزییەوە خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، دواجار بیری ژوورە تایبەتەکەی باوکی دەکەوتەوە سەری و هەوڵی دەدا شتێکی لە بارەوە بزانێت...

"موهتەدا"وێنەی جۆراوجۆری لەسەر ناوەوەی ئەو ژوورە لە زەینیدا لا دروست بوو بوو، سەردەمێك وایدەزانی ئەو ژوورە ژووری پادشایە و هەموو ڕێك باوکی سەر لە پادشا دەدات، وێنەی پادشا دەهاتە پێش چاوی: لەسەر تەختێکی زێڕی شکۆدار دانیشتووە و تاجێکی پادشایی لەسەر ناوە، بەڵام

نەیدەزانی پادشا لەو ژوورەدا دەبێ چی بکات؟! ئەی چۆن خواردن و خواردنەوە ناخوات؟ دیارە پادشا نان و ئاو ناخوات...

لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنیدا وێنەی ناو ژوورەکەش لە زەینی"موهتەدا"دەگۆڕا، لەوە گەیشت نابێت پادشا لەو ژوورەدا بێت،"ئەی چی لەو ژوورەدایە؟! ئەو ژوورە خەزێنەکەی باوکمە و پڕە لە زێڕ و زیو و پارە، باشە باوکم ئەو هەموو پارەیەی بۆ چی یە؟ لە کوێ هێناویەتی؟ لەوانەیە خەزنەی دۆزیبێتەوە! هەموو ئەو زێڕ و زیوە بۆ منە، کەس ناتوانێت لێمی داگیر بکات، منیش وەکو باوکم کلیلەکەی لە گیرفانم دەنێم، شەوان دەرگاکەی دەکەمەوە، چرایەك لەگەڵ خۆم دەبەمە ژوورەوە، با کەس نەزانێت، ئەی ئەگەر دز هات چی بکەم؟ واباشە تفەنگێك بکرم، دەیکوژم، نا، نایکوژم، بەڵام دەیترسێنم، دزەکە هەڵدێت، منیش هەندێك لە دووی ڕادەکەم، تا کوێ لە دووی ڕا بکەم؟ تا سەر کۆڵانەکە... نا، زۆرە، دزەکە بۆم دەگەڕێتەوە، زۆر ناچم لە دووی، تا بەر دەرگاکەی خۆمان، تا ئەو جێگە بەسە"

بەڵێ، بەوجۆرە"موهتەدا"ئەو قۆناغەشی بەڕێ کرد، دواتر لەوە گەیشت لەو ژوورەدا شتێك هەیە لە زێڕ و زیو بەنرخترە بۆیە بەو چەشنە باوکی پارێزگاری لێدەکات، لەوە گەیشت ئەو ژوورە بریتییە لە میژوو و سەروەری بنەماڵەکەیان، بەڵام زۆر تامەزرۆ بوو بۆ بینینی تەواوی ئەو نهێنیانەی لەو ژوورەدا پارێزگاری لێکراوە...

شەوێك"موهتەدا"لە ژوورەکەی خۆی خەریکی خوێندنەوە بوو، باوکی تەقەی لە دەرگا دا و هاتە ژوورەوە،"موهتەدا"لەبەری هەستا و فەرمووی لێکرد، بەڵام باوکی پێی وت: (دەمەوێ ئەم شەو دەرگای ژوورەکە بکەمەوە و هەموو نهێنییەکانت بۆ والآ بکەم)

"موهتەدا"لەخۆشیدا هەموو گیانی کەوتە لەرزین و وتی: (لە منداڵییەوە تامەزرۆی بینینی ناو ئەو ژوورەم)

مەنسوور: (هەستە وەرە لەگەڵم)

"مەنسوور"لە پێشەوە و"موهتەدا"بە دوایدا بە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕین و لەبەردەم ژوورەکەدا وەستان،"مەنسوور"کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و قوفڵە زەبەلاحەکەی پێ تەرازان و پاشان کلیلێکی درێژی دەرهێنا و لە کێلۆنی دەرگاکەی نا و یەک دوو جارێك بەلای ڕاستدا چرکەی پێ کرد و کلیلەکەی دەرهێنایەوە و لە گیرفانی نا، بە وتنی ناوی خودا دەستی برد بۆ دەسکی دەرگاکە و کردییەوە، پێشەکی خۆی چووە ژوورەوە و"موهتەدا"ش بە دوایدا...

ژوورەکە بە بۆنی خۆش لێوان لێو بوو، زۆر بە جوانی شتەکانی ناو ژوورەکە ڕێکخرا بوو، ژوورێکی بەرین کە درێژییەکەی خۆی لە"هەشت"مەتر نزیك دەکردەوە و پانییەکەشی لە"شەش"مەتر کەمتر نەبوو، یەك فەرشی گەورەی"هەزار"ڕەنگ لە ژوورەکەدا داخرا بوو، دیار بوو"مەنسوور"ی باوکی بە تایبەت بۆ ئەو ژوورەی بە دروستکردن دابوو، لای ڕاستەوە و نزیك بە دەرگاکە خەنجەر و شمشێر بوو کە لە ناو جامی شوشە نرابوون، هەر پارچەیەك ناوێکی لەسەر نوسرا بوو کە بۆ باپیران و گەورە پیاوان دەگەڕایەوە، لە ڕیزی خەنجەر و شمشێرەکان پێنج- شەش جۆر تفەنگ و دەمانچە لە پاڵ یەکتردا- بە نووسینی ناو لە سەریان- دانرابوون، هەموو ئەوانەش لە شوشە نرا بوون، لەو دیو ئەوانەوە چەندین جۆر جل و بەرگ دەق کرا بوو، دیار بوو بۆ سەردەمەکانی پێشووتر دەگەڕایەوە، هەندێك لەو جلوبەرگانە جلوبەرگی سەربازی بوون، دواتر ئەو دیاری و بەخششانەی لە"مەروان"ی باپیرە گەورەیانەوە تا"مەنسوور"بە دەستیان گەیشتبوو بە جوانترین شێوە ڕێکخرا بوون، پەیکەری فیلێك لە زیو

دروست کرابوو، قەلایەك لەگەڵ سەربازی ناو قوللەکانی کە لە قورقوشم دروست کرابوو، ئەو قەلایە لە لایەن یەکێك لە گەورە پیاوانی شێخانی نەهری یەوە پێشکەش بە باوکی "مەنسوور" کرا بوو، قووتوویەکی تووتن، بەڵام لە زێڕ دروستکراو لەگەڵ چەندین جۆری چەرخ، پەیکەری گایەکی لە زیو دروستکراو شاخەکانی لە شێوەی شمشێردا بوون، چەندین مەدالیای زێڕ و زیو کە پێشکەشی باپیرانی کرا بوو، لە پشتی دیاریەکانەوە چەند دار عەسا و گۆچان ڕێز کرا بوون، دار سەوڵەجانێك بەسەر هەموویاندا هەڵواسرا بوو، "موهتەدا" نووسینەکەی خوێندەوە کە لەسەری نوسرا بوو "سەوڵەجانی دەستی میر محەمەدی ڕەواندز"، یەکێك لە دار عەساکان بۆ "پیری مەزن" دەگەڕایەوە، "مەنسوور" ڕووی لە "موهتەدا" کرد و وتی: (ئەو دار عەسایە داری دەستی پیری مەزن بوو، کاری سەیر و سەمەرەی بەو دار عەسایە دەکرد، بە بەرکەوتنی ئەو دار عەسایە نەخۆش لە جێگەدا ڕاست دەبوویەوە، کام کارەی سەخت و گران بوایە "پیری مەزن" عەساکەی بۆ ڕەوانە دەکرد و کارەکەی جێ بەجێ دەبوو، لە کاتی ترس و شڵەژاندا ئەو دار عەسایە بە پشتی هەر کەسێکدا بهێنرابایە بە ئارامی و ئازایەتی لێوان لێو دەبوو، من بۆخۆم هەندێك شتم بەو دار عەساوە بینیوە کە ناتوانم تەنانەت لە لای تۆش باسی لێوە بکەم"..

ڕیزی لای چەپ کۆمەڵێك قاپ و دەوری و فەخفوری و کەوچك و قۆری شوشە و شەکردان و چەندین پارچەی تری گرانبەها بوو کە هەندێکیان لە چین و ئێرانەوە بە تایبەت هێنرا بوون، چەند فەرشێك بە لووڵەکراوی هەڵگیرا بوو نرخی هەریەکەیان هەزاران دینار بوو، فەرشێکی دوو بە یەك بەسەر دیوارەکەدا داکوترا بوو مێژووەکەی بۆ زیاتر لە چوار سەد سالّ دەگەڕایەوە و لە ژێریدا نوسرا بوو "تان و پۆیەکانی بە ئاوی زێڕ ئاو دراوە"، لەسەر مێزێك و لەناو شوشەدا قورئانێکی دەستنووس هەڵگیرا بوو کە دایکی "مەروان" بە دەستی خۆی

نووسیبوویەوە و سەیرکەرانی بە جوانی خەتەکەی مەدهۆش دەکرد، بەرمالێکی لە تەنیشت دانرا بوو"مەنسوور"دەیوت: دەڵێن باوکی ئەو ئافرەتە خواناسە کە قورئانەکەی نووسیوەتەوە هیچ داوایەکی لەسەر ئەم بەرمالە لە لای خودا نەگەڕاوەتەوە، لە سالێ بێ بارانیدا لەسەر ئەو بەرمالە دوعا کراوە و ئاسمان بە ماوەیەکی کەم ڕەحمەتی خۆی دابارانداووە...

پاشان هەردوو لە بەردەم سندووقێکی زۆر گەورەدا وەستان و"مەنسوور" ڕووی لە"موهتەدا"کرد و وتی: (دەزانی ئەم سندووقە چی تێدایە؟)

موهتەدا: (نەخێر بابە، چی تێدایە؟)

مەنسوور: (ئەم سندووقە چەند کتێبێکی دانسقەی تێدایە کە لە هەموو دونیادا زۆر دەگمەنن، بەڵکو دەتوانم بڵێم لە هیچ جێگەیەکی تر وێنەی ئەوانەی تیا بەرچنگ ناکەوێت)

موهتەدا: (ئەو کتێبانە لەسەر چین و دەربارەی چی قسە دەکەن؟)

مەنسوور: (**کتێبی یەکەمیان** لە دەستی"پیری مەزن"ەوە بە من گەیشتووە و قسە لە عیرفانێك دەکات کە لە کۆن و نوێدا باسی لێوە نەکراوە، نالێم کتێب لەسەر عیرفان نەنوسراوە، بەڵکو دەڵێم ئەو مەنهەجەی ئەم کتێبە لە عیرفان دەیگرێتە بەر پێشتر بەرچاو نەکەوتووە، پیری مەزن دەیوت:"ئەو ڕێگایەی لەو کتێبەدا بەیان کراوە کورتترین و ئاسانترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە خودا..")

کتێبی دووەمیان باس لە زانستی پیت (علم الحروف) دەکات، لە"محەمەد"ی باپیری باوکمەوە بۆمان بەجێماوە، زانستی پیت شێخی گەورە"ئیبن عەرەبی"کاری گەورەی تێدا کردووە و یەکێکە لەو زانستانەی لە دونیای ئیسلامدا سەرەتای بۆ دامەزراوە و دواتر لە گەشە وەستاوە و پووکاوەتەوە...

کتێبی سێیەم باسی زانستی لێکدانەوەی خەون (تأویل الرؤیا) دەکات، بە ڕێگەیەکی زۆر زانستیانە قسە لە خەون بینین و لێکدانەوە و ڕەمزییەتی خەون دەکات، دەڵێن بۆ بنەماڵەی داپیرە گەورەم هاوسەری"مەروان"دەگەڕێتەوە...

کتێبی چوارەم باس لە زانستی بۆن و چۆنێتی دروستکردنی بۆنە نایابەکان دەکات، لە نووسینی"پیری مەزن"خۆیەتی، زانستێکی زۆر ورد و تایبەتە و هەمۆو کەسێك پەی بە نهێنییەکانی نابات،"پیری مەزن"بەڵێنی لێوەرگرتووم زانستی ناو ئەو کتێبە پارێزگاری لێ بکەم، بەڵام لە کاری بازرگانی کردن بە بۆن دەستی هەژاران و کاسپکاران بگرم و فێری کەسابەتیان بکەم و بازاڕیان بۆ بکەمەوە، زانستی ناو کتێبەکە زانستێك نی یە مرۆڤ بە خوێندن لێی حاڵی ببێت، بەڵکو ڕۆحی بالاّ و بیری قوولّ و خەیاڵی بەرینی گەرەکە، بۆیە بلاّوەکردنی ئەو زانستە بە زیان بەسەر مەردووماندا دەشکێتەوە...

ئەم چوار کتێبە دەستنووسە و تاکو ئەمڕۆ بە چاپ نەگەیەنراوە، ئومێد دەکەم تۆ بتوانی کاریان تیا بکەیت و بە چاپیان بگەیەنیت...)

موهتەدا: (چی تر لەناو سندووقەکەدایە؟)

مەنسوور: (یاداشتنامەیەکی"محەمەد"ی باپیری باوکمی تێدیە کە کتێبێکە و بە دەستی خۆی نووسیویەتەوە و بە وردی باس لە ژیانی خۆی و بەشداری ڕاپەڕینەکەی"شێخ عەبدولسەلام و شێخ سەعیدی پیران"دەکات...)

موهتەدا: (ئەو کتێبەت خوێندۆتەوە؟)

مەنسوور: (بەڵێ، زۆر بە وردی)

موهتەدا: (دوای گەڕان بەم باخچە هەزار ڕەنگەدا پێمخۆشە کورتەیەکم لەسەر ژیانی"محەمەد"ی باپیرمان بۆ باس بکەیت)

مەنسوور: (من بۆت باس دەکەم، بەڵام خۆت دەبێت بە وردی کتێبەکە بخوێنیتەوە)

موهتەدا: (چی تر لە سندووقەکەدایە؟)

مەنسوور: (کۆمەڵێك نامە و وەسێتنامەی تێدایە کە لە باپیران و کەس و کارەوە بۆمان بەجێماوە، ژیانی"عوبەیدوڵڵا"ی باوکم لە لایەن باوکمەوە نووسراوەتەوە و لەم سندووقەدا پارێزراوە، کۆمەڵێك وێنەی تێدایە هەندێکی بەدەست کێشراوە و هەندێکی فۆتۆغرافە، قورئان و بەرماڵ و تەزبێحەکەی دایکم لەم سندووقەدا پارێزگاری لێکراوە، هەموو جارێك دەریان دەهێنم و تێر بۆنیان دەکەم و یادی منداڵی خۆم و گەنجێتی دایکم دێتەوە بەر خەیاڵم، ئێستاش ئەو شتانە بۆنی دایکمیان لێ دێت...)

دوای چەند کاتژمێرێك مانەوە و بینینی چەندین توحفە و شتی دەگمەن و نایاب لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و"مەنسوور"دەرگاکەی قوفڵ کرد و بۆ دیوەخانەکە هاتنەوە،"مەنسوور"دوو کلیلی دەرهێنا و لە یەکتری جیاکردنەوە و دانەیەکیانی دا بە"موهتەدا"و دانەکەی تریانی خستە گیرفانەوە و بە"موهتەدا"ی وت: (پارێزگاری لەو کلیلە پارێزگاری یە لە ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەکەت، بۆیە لە جێگەیەکی زۆر نهێنیدا هەڵیبگرە و تەنها ئەو کاتانە دەری بهێنە کە دەتەوێت سەردانی ژوورەکە بکەیت، مۆڵەتت نی یە جگە لە خۆت کەسی تر ببەیتە ناو ئەو ژوورە، چەندین ساڵە ئەو ئەمانەتانەم پارێزگاری لێکردووە تۆش وەکو گیان و چاوی خۆت بیانپارێزە، بە درێژایی تەمەنم ئەگەر شەوێك لە ماڵەوە نەبوو بم دوو پاسەوانم بۆ ئەم ماڵە گرتووە بۆ ئەوەی تاکو بەیانی پارێزگاری لێبکەن، من خەمی مالّ و پارە و سامانم نەبووە خەمی ئەو شتانەم بووە بە ئەمانەت دراونەتە دەستی من...)

موهتەدا: (ئێستا کاتی ئەوەیە کورتەیەکم لە ژیانی"محەمەد"ی باپیرمان بۆ باس بکەیت)

مەنسوور: (سەرەتا دەبێت دەستت بخەیتە ناو دەستم و پەیمان و بەڵێنێکت لێ وەربگرم)

موهتەدا: (لەسەر چی پەیمانم لێ وەردەگری؟!)

مەنسوور: (لەسەر پارێزگاری لە ئەمانەتی بنەماڵەکەمان)

موهتەدا: (بابە سەردەمی من سەردەمێکی جیاوازە و دەترسم نەتوانم بەڵێنەکەم ببەمە سەر و شەرمەزاری لای خوا و تۆش ببم)

مەنسوور: (چەندە دەتوانی ئەوەندە پارێزگاری لێ بکە و لەسەری بەردەوام بە، دروست من نەمتوانی وەکو باوکم ڕەوگەی باپیرانم بگرمە بەر، دەشزانم تۆش بە ئەندازەی منت پێ ناکرێت، بەڵام وەرگرتنی بەڵێنەکە بۆ ئەوەیە کەمتەرخەمی نەکەیت و کەم بایەخ تەماشای ئەو ڕەگ و ڕیشەیە نەکەیت)

موهتەدا: (ئەمەیان دەتوانم)

مەنسوور: (کەوابوو دەستت بهێنە)

موهتەدا دەستی خستە ناو دەستی باوکی و ئەویش پێی وت: (هەرچیم وت بە دوامدا بیڵێرەوە)

موهتەدا: (بەڵێ)

مەنسوور: (بەڵێن دەدەم پارێزگاری لە هەموو ئەو شتانە بکەم لە بنەماڵەکەمەوە بۆم بەجێماوە)

موهتەدا: (بەڵێن دەدەم پارێزگاری لە هەموو ئەو شتانە بکەم لە بنەماڵەکەمەوە بۆم بەجێماوە)

مەنسوور: (بەڵێن دەدەم ڕێگە و ڕەوگەی ئەوان بزر نەکەم کە ڕێگەی پیاوچاکان و جوامێرانە)

موهتەدا: (بەڵێن دەدەم ڕێگە وڕەوگەی ئەوان بزر نەکەم کە ڕێگەی پیاوچاکان و جوامێرانە)

مەنسوور: (بەڵێن دەدەم هەرچی لە توانامدا بێت بۆ خزمەتی میللەت و نەتەوەی خۆمی بەخت بکەم)

موهتەدا: (بەڵێن دەدەم هەرچی لە توانامدا بێت بۆ خزمەتی میللەت و نەتەوەی خۆمی بەخت بکەم)

مەنسوور: (خودایە تۆ شاهید بە لەسەر ئەم پەیمان و بەڵێنانە)

موهتەدا: (خودایە تۆ شاهید بە لەسەر ئەم پەیمان و بەڵێنانە)

، پاشان دەستیان لە دەستی یەکتر دەرهێنا و"مەنسوور"وتی: (کوڕی خۆم من چۆن بەڵێنم لە تۆ وەرگرت باوکم هەر بەم جۆرە بەڵێنی لە من وەرگرت و داوای لێکردم منیش بەڵێن لە منداڵەکانم وەربگرم،، بۆیە دەبێ تۆش بەڵێن لە نەوە و وەچەکانی خۆت وەربگریت)

موهتەدا: (ئێستا ژیانی"محەمەد"ی باپیرە گەورەتم بۆ باس دەکەی؟)

مەنسوور: (بەڵێ، محەمەد کوڕە تاقانەی"میران"ە، وەك پێشتر باسم کرد باوکی لە قەلای"شەبتان"شەهید کرا و کوڕێك و دوو کچی لە شوێن بەجێما، دایکیان ئازایانە و مەردانە پەروەردەی کردن و لەسەر وەسێتی باوکی محەمەدی نارده بەرخوێندن و بوو بە یەکێك لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی، پەیوەندی ڕۆحی و تێکەڵی کۆمەلایەتی لەگەڵ شێخانی بەرزاندا هەبووە و سالانە بە سەردانیان چووەتە ئەو ناوچەیە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی شێخ عەبدولسەلام دا محەمەدی باپیرم وەك زانایەك و خەباتگێڕێك ڕوو لەو ناوچەیە

دەکـات و بەشـداری جـەنگی"سـەری بـاز"دەکـات و زیـانێکی گـەورە بـە هێزەکەی"فازڵ پاشا"والی موسڵ دەگەیەنن و دواتریش هەمان والی سـوپایەکی گەورە پێکەوە دەنێت و بۆجاری دووەم هێرش دەکاتەوە سـەر ناوچـەکانی ژێـر دەسەلاتی شێخ عەبدولسەلام و لە ئەنجامدا بە خراپترین شێوە تێك دەشکێت و چـەك و تەقەمەنییـەکی زۆریـش دەسـتی بەرهەڵسـتکارانی زۆڵمـی عوسمـانی دەکەوێت، لە ئەنجامـدا تورکـەکان ناچـاری ئاشـتی دەبـن و دوای گـۆڕینی والـی موسڵ"فازڵ پاشای داغستانی"بە"نازم پاشا"ئاشتی لەسـەر چـەند مـەرجێك لـە ناوچەکەدا کەوتە نێوان ئەمارەتەکەی شێخ عەبدولسـەلام و سـوپای دەسـەلاتی تورکەکانەوە، بە پێی بەندەکانی ڕێکەوتنامەکە ئەو چەك و تۆپانەی لە جەنگدا دەستی سوپاکەی شێخ عەبدولسەلام کەوت بوو دەبێت بۆ تورکەکان بگەڕێتەوە و بەرانبەر بەوەش تورکەکان دان بە ئەمارەتی بەرزان دا بنێن و باربووی هەموو زیانـەکانیان بـۆ بکەنـەوە و خزمـەتگوزاری لـە قوتابخانـە و خەستەخانە بگاتـە ناوچەکەیان، پاشانیش مەدالیای پلە سێ لە لایـەن دەوڵـەتی عوسمانییـەوە بـە شێخ عەبدولسەلام درا، دوای کودەتای سێیەمی ئیتیحادییەکان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا"سلێمان نەزیف"لە جێگەی"نازم پاشا"کرا بە والی موسڵ، ئەم والـی یە کـورد بـوو، بـەڵام سـەر بـە ئیتیحـاد و تـەرەقی بـوو، بـانگی بـۆ تۆرانییـەتی تورکەکان دەکرد و لەوان بەجۆشتر بوو بۆ بڵاوەکردنی فیکرەی تورانییەت، ئەو کەسـێکی دڵ ڕەق و کینـەدار بـوو بەرانبـەر بـە گـەلی کـورد، وێسـتی ئەمارەتی"بەرزان"بشێوێنێ و دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت، بۆ ئەو مەبەستە داوای لە"شێخ عەبدولسەلام"کرد خۆی تەسلیم بکـات، شـێخ داواکـەی"سـلێمان نەزیف"ی ڕەد کردەوە و کەوتە ئامادەباشـی،"سـلیمان نـەزیف"بـە سـوپایەکی گەورە و بە کۆمـەکی هەنـدێ لـە عەشایەرە داخ لـە دڵـەکانی ناوچـەکە هـەڵیان کوتایـە سـەر ئـەمارەتی بـەرزان، سـوپاکەی"شـێخ عەبدولسـەلام"بەرگرییـەکی

بێوێنەیان لە دێی"بلە"دا کرد و داستانێکی قارەمانێتیان تۆمار کرد، دواتر شێخ بۆی دەرکەوت سوپاکەی"سلێمان نەزیف"و عەشایەرە ناپاکەکان چوار دەوری سوپاکەی ئەویان داوە و خوێنێکی زۆر لەو مەیدانەدا دەڕژێت، بۆیە سوپاکەی بەرە و سنووری ئێران پاشەکشێ پێکرد، بەهاری"هەزار و نۆ سەد و چواردە"شێخ گەیشتە دێی ڕازان و چاوی بە شێخ"تەهای نەهری"کەوت کە کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵڵایە، دواتر بە هاوەڵی"سمکۆ ی شکاک"دەچێتە ئازربایجان و لەوێ چاوی بە جێگری قەیسەر و سەرۆکی سوپای خواروو دەکەوێت، دیارە ڕووسەکان لەو سەروبەندەدا بە گژدا چوونی تورکەکان لە بەرژەوەندییان نابێت، بۆیە وا بە چاک دەزانن"شێخ عەبدولسەلام"چاوەڕوانی بکات، شێخ دەگەڕێتەوە و بڕیاری بەرگری و بە کڕاچوونی تورکەکان لە بادینانداا دەدات، بەڵام تورکەکان هەنگاو بە هەنگا و چاوەڕوانی گەڕانەوەی"شێخ عەبدولسەلام"یان دەکرد، سەر ئەنجام بە ڕێگەی خیانەت و بەهۆی دەستەیەک مرۆڤی ناپاکەوە بە دیل دەگیرێت و ڕەوانەی موسڵ دەکرێت و لە دادگایەکی عەسکەریدا بە فەرمانی"سلێمان نەزیف"حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرێت و بە بێ ڕازیبوونی سوڵتان حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکەن)

موهتەدا: (محەمەدی باپیرە گەورەمان سەرئەنجامی چی بوو؟)

مەنسوور: (دوای لە سێدارەدانی"شێخ سەلام"بێهیواییەک ڕوو لە پیاوانی شۆڕشەکە دەکات و بە ئازارەوە بۆ ناو ماڵ و خانەوادەیان دەگەڕێنەوە، بەڵام لە ساڵی هەزار و نۆسەد و بیست و پێنج دا جارێکی تر شۆڕشی کوردان لە سەر دەستی شێخ سەعیدی پیران دژ بە تورکەکان بەرپا دەبێت و محەمەدی باپیرمان بەشداری لەو شۆڕشەدا دەکات و هەر لەوێش شەهید دەبێت و ئێستا گۆڕەکەی لە گوندێکی نزیک"پیران"ە)

موهتەدا: (شۆڕشەکەی شێخ سەعید تا کەی بەردەوام بوو؟)

مەنسوور: (لە شوباتی ساڵی هەزار و نۆسەد و بیست پێنج ڕاپەڕین وەک ئاگر بەربوویە پووشی وشک و ناوچە کوردییەکانی گرتەوە و سوپایەکی گەورە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە لە دەوری شێخ کۆبوویەوە، بەڵام دیسان خیانەت بەرۆکی کوردی گرتەوە و لە نیسانی هەمان ساڵدا لە ڕێگەی کوردێکی خائینەوە بە ناوی"قاسم بەگ"کە خزم و متمانەپێکراوی شێخ سەعید بوو لە سەر پردی جهارپوور شێخ بە دیلی دەگیرێت و دواتر تورکەکان لە سێدارەی دەدەن، گیرانی شێخ وورەی شۆڕشگێڕان ناڕوخێنێ و لە جەنگی جەبهەوە بۆ جەنگی پارتیزانی سیاسەتیان دەگۆڕن و لەو ناوەندەدا قارەمانێک بە ناوی"حاجو بەگ"سەرکردەی عەشیرەتی"هافرنکی"وەک سەرکردەی موجاهیدەکان دەردەکەوێت و تا ساڵی"هەزار و نۆسەد و بیست و حەوت" بەردەوامی بە شۆڕشەکە دەدات، بەڵام دواتر بەهۆی نەبوونی پشتیوانییەوە چەک دادەنێن و سوود لەو لێبوردنە وەردەگرن کە حکومەتی تورکیای کەمالی بۆی دەرکردن..)

موهتەدا: (کێ لە دوای محمەدی باپیرمان بەجێ دەمێنێت؟)

مەنسوور: (سێ کوڕ و یەک کچ کە کوڕی بچووکیان عوبەیدوڵڵای باوکی منە)

موهتەدا: (ئەدی دوو کوڕ و کچەکەی تر؟)

مەنسوور: (دوو کوڕە گەورەکەی"محەمەد"بەشداری شۆڕشەکەی"شێخ مەحمودی نەمر"دەکەن و لەو شۆڕشەدا و لە"دەربەندی بازیان"دا هەردووکیان لە پاڵ یەکتردا بە شەهیدی سەر دەنێنەوە...)

موهتەدا: (سەرئەنجامی شێخی نەمر چی دەبێت؟)

مەنسوور: ("مەلیکی عێراق"زەندەقی لە شێخی نەمر چوو بوو، بۆ تیابردنی"شێخ"و شۆڕشەکەی هەموو شکستێکی تری قبوڵ بوو، لە ژێر

چاودێری دەوڵەتی"بەریتانیا"دا"مەلیکی عێراق"و"ڕەزا شا"ناکۆکییە سیاسی و سنووریيەکانی خۆیان وەلا نا و لە"تاران"ڕێککەوتن لەسەر هێرش کردنە سەر"شێخ"و پێشمەرگەکانی، ئەوکاتانە"شێخ"بۆ سەر سنووری"عێراق – ئێران"پاشەکشێی کرد بوو، لە"پیران"ی"کوردستانی ئێران"نیشتەجێ بوو بوو، دوای هێرش و پەلاماری دوو دەوڵەت بۆ سەر"شێخی نەمر"بە ناچاری خۆی تەسلیم بە"سەرتێری مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق"کرد کە لە"پێنجوێن"ەوە چاودێری جموجوڵی سەربازی شێخی دەکرد...)

موهتەدا: (دوای شەهیدبوونی دوو براکەی"عوبەیدوڵڵا"ی باوکت لەگەڵ دایکی و خوشکێکی مانەوە، پاشان چییان بەسەر هات؟)

مەنسوور: (باوکم تەمەنی شازدە سالآن دەبێت کاتێك"مەلا محەمەد"ی باوکی لە شۆڕشەکەی"شێخ عەبدولسەلام"دا بەشداری دەکات، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی"قازی محەمەد"دا لە"کوردستانی ئێران"باوکم بە بێ دوو دڵی ڕوو لە"مهاباد"دەکات و بەشداری ئەو شۆڕشە مەزنە دەکات، ئەو کاتە تەمەنی"پەنجا"ی تێپەڕاند بوو، بە شاهیدی ئەوانەی لەگەڵی بوون نموونەی ئازایەتی و قارەمانێتی بووە لە بەرگری شاری"مهاباد"دا، دوای ڕووخانی"کۆماری مهاباد"و لە سێدارەدانی"قازی نەمر"بۆ"کوردستانی عێراق"گەڕایەوە و ئەو بەشە زۆر کەمەی تەمەنی بە گۆشەنشینی و خواپەرستی بەسەر برد، لە یەکێك لە گوندەکانی نزیك بە سنوور – لە ترسی گرتنی لە لایەن حکومەتی مەلەکییەوە – لەگەڵ دوو دۆستی تری نیشتەجێ بوو، تەنها یەك سالّ لەو گوندە دا ژیا و کۆچی دوایی کرد کە تۆ ئەو کاتە تەمەنت چوار سالآن بوو...)

موهتەدا: (مردنەکەی"عوبەیدوڵاً"ی باپیرم زۆر بە مردنەکەی"مەروان"ی باپیرە گەورەمان دەچێت، هەردووکیان بە ئازاری شکستەوە گیانیان لە دەست

داوه، هـەردوو سـەرکردەکانیان شـەهید دەکـرێن و گیانفیـداکانیان بـەجێ دەهێڵن...)

مەنسوور: (بەڵێ ڕاستە، بەڵام باوکم مەرگ مۆڵەتی نەدا ئەگینا ئەو بـێ هیـوا نەبوو بوو، چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شـۆڕش بـوو تـاکو پەیوەنـدی پێـوە بکـات، بەڵام مەرگ بەرۆکی گرت و شۆڕشی تری بە چاوی خۆی نەبینی...

لە"مەروان"ی باپیرە گەورەمانەوە وەسێت کرا بوو کە بەشـداری شـۆڕش و ڕاپـەڕین لەسـەر یـەک بـە یـەکی ئەنـدامانی ئـەم بنەماڵەیـە واجبـە و نـەکردنی دەرچوونە لە ڕەوگەی باوک و بـاپیران و وەرگرتنـەوەی شـەرەفی بنەماڵەیـە لـەو کەسە، ئەمەیە نهێنی بەشداربوونی بەردەوامی بنەماڵەکەمان لە شۆڕشە یەک لـە دوای یەکەکاندا..

تەنها من ئەو شەرەفەم پێنەبڕا و وا خـۆم دەبینـم فـەرمانی بـاوک و بـاپیرانم شکاند بێت..)

موهتەدا: (بابە تۆ ئەوەندە سەرەکۆنەی خۆت مەکە و خۆت سزا مـەدە، مـن دەبـێ هـەموو جارێـک یـادی تـۆی بخەمـەوە کـە تـۆ بـە فـەرمانی"سـەرکردەی گەورە"لە شاردا ماویتەوە ئەگینا تۆ لە هەموو کەس زیاتر ئارەزووی هـەڵگرتنی چەکت هەبووە)

مەنسوور سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: (بڵێم چی؟)

پاش بێدەنگی و خامۆشییەک"موهتەدا"سەیرێکی باوکی کرد و وتی: (بابە بۆ دەبێت مێژووی کورد مێژووی شکستە یەک لە دوای یەکەکان بێـت؟ بڵێـی کـورد بۆخۆی هۆی ئەو شکستە زۆرانە نەبێت؟)

مەنسوور: (دەبـێ بزانیـت ئـەوەی بـۆم بـاس کـردووی نیـوەی شکسـتەکانە، هێشتا نیوەی ماوە و باسم لێوە نەکردووە)

موهتەدا: (دەمەوێ بپرسم بەشی کورد لەو شکستانەدا کامەیە؟ چەندە خۆی تیایدا بەرپرسیارە و چەندە تاوانی دوژمنەکانی بووە؟)

مەنسوور: (چەند شتێك بە بەردەوامی لە مێژووی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە، لەوانە:

یەك نەبوونی کوردان، خیانەت و ناپاکی، نەبوونی سوپای مەشقدرا و ڕاهێنراو، لەگەڵ نەبوونی پشتوپەنای باوەڕ پێکراو...)

موهتەدا: (پرسیارەکە ئەوەیە بۆ وانەمان لە شکستەکانی یەکتر وەرنەگرتووە؟ بۆ شۆڕشەکان بە هەمان هەڵەی پێشینی خۆیاندا تێپەڕیوون؟)

مەنسوور: (لە کوێ کورد پەرژاوەتی مێژووی شۆڕشەکان بنووسێتەوە و پاشان بیخوێنێتەوە و دەرسی لێ وەربگرێت؟! ئێمە گەلێك بووین دوژمنان نەیان هێلاوە ببین بە خاوەنی فەرهەنگی گەورە، چونکە هەمیشە جەنگمان بۆ مان و نەمان بووە، جەنگاوەر دەزانێت بجەنگێت، وانە وەرگرتن لە مێژوو کۆمەڵێك جەنگاوەری تری گەرەکە، بەڵام چەکی دەستی ئەو جۆرە جەنگاوەرە قەڵەمە، قەڵەم بە دەست دەتوانێت هۆی شکستەکان و خاڵە لاوازەکان دیاری بکات و نەوەی نوێی لێ ئاگادار بکاتەوە، جەنگاوەرانی قەڵەمداری ئێمە دوژمن ناچاری کردوون و قەڵەمەکانیان داناوە، ئەوان پەلاماری شمشێریان داوە و شان بە شانی جەنگاوەرانی شمشێر بەدەست بەرانبەر دوژمن جەنگاون، لەگەڵ ئەوەشدا مەیدانی قەڵەم بە تەواوی فەرامۆش نەکراوە و بناغەیەکمان بۆ داڕێژراوە و گەرەکە کەسانی وەك تۆ کاری لەسەر بکات و چینی نوێی لەسەر دابنێت...)

لێرەدا بێدەنگییەك باڵی بەسەریاندا کێشا و"مەنسوور"سەرینێکی لەخۆی نزیك کردەوە و سەری لەسەر دانا و چاوەکانی خەو دایگرتن و"موهتەدا"ش بە ئەسپایی دەرگاکەی داخست و ژوورەکەی بەجێهێڵا...

-٥-

جیلوه له چاوەکانی میهری دا

خوێندنگەکەی"مەلای گەورە"پۆژ بە پۆژ لە گەشە و بەرە و پێشچووندا بوو،"مەلای گەورە"تەنها شاگردی بالاّ و بە توانای لە خوێندنگەکەیدا قبولّ دەکرد، ئەو شاگردانەی کە قوولّبوونەوەیەکی تەواویان لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا هەبوو لە خوێندنگەکەی"مەلای گەورە"تاقیکردنەوەیەك دەکران و ئەگەر سەرکەوتنیان بە دەست بهێنابایە لەو خوێندنگەیە وەردەگیران، ئەوانەی دەردەچوون و لەو خوێندنگەیە قبولّ دەکران شەرەفێکی زۆر گەورەیان پێّ دەبەخشرا، چونکە زۆر دەگمەن بوو ئەوانەی لەو تاقیکردنەوەیەدا دەربچن و شەرەفی وەرگرتن بەدەست بهێنن...

ئەو شاگردانەی لە خوێندنگەکەی"مەلای گەورە"بڕوانامەیان بەدەست دەهێنا کەسانی زانا و هەلّکەوتوو بوون و جێگەی ڕێزی مامۆستایان و زانایان بوون، ئەوەی خوێندنگەکەی"مەلای گەورە"ی بەناوبانگ کرد بوو کەسایەتی زانستی"مەلای گەورە"و بە توانایی"موهتەدا"بوو، ئەو دوو زانایە لەسەرجەم زانستەکاندا مەلەیان دەکرد، ئەوان لە قالّبی تەقلیدی وتنەوەی زانستەکان هاتبوونە دەرەوە و لەسەر زانستە ئایینییەکان ڕاوبۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو...

یەکێك لە شاگردە بالاکانی "مەلای گەورە" بە ناوی "مەلا عاسی بەرقەلا" لە کەڵکەڵەی گەورەبوون و بەدەست هێنانی ناوبانگی زانستیدا بوو، بۆخۆی کەسێکی زۆر زیرەك بوو، بەڵام خۆپەرست و عاشق بە دەسەڵات بوو، شەوی دەخستە سەر ڕۆژ و زانستەکانی موتالاً دەکرد، کۆکردنەوەی زانستی بۆ خۆ گەورەکردن و ململانێ لەگەڵ "موهتەدا" دەویست، ئاواتی دەخواست لە قۆناغی یەکەمدا- دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی مەلایی- بۆ وتنەوەی وانە لە خوێندنگەکەدابمێنێتە و وەکو "موهتەدا" شاگردی هەبێت و جێگەی سەرنجی "مەلای گەورە" بێت،، پاشان لە قۆناغی دووەمدا بتوانێت گرەو لە "موهتەدا" بباتەوە و پاش مردنی "مەلای گەورە" خوێندنگەکەی بکەوێتە دەست و ناو و ناوبانگی خۆی پێ گەورە بکات، بەم مەبەستە کەوتە هەوڵی شەو و ڕۆژ و جێگەی خۆ کردنەوە لە دڵی "مەلای گەورە" و شاگردەکانیدا...

"مەلا عاسی" دژ بە عیرفان و ڕێچەکە عیرفانییەکان بوو، عاریفە مەزنەکانی بە نەزان و گومڕا لە قەڵەم دەدا، مرۆڤێ بوو تا سەر ئێسقان ڕووالەتگەرا و دوور لە مانا و جەوهەری ئایین، بەڵام لە زانستی کەلام و عیلمی زاهیردا بە قەدەر "دە" شاگرد زانستی کۆ کردبوەوە و بەوەش کەسانێکی سەرەتا لە ئایین و زانستە ئایینییەکان پێی سەرسام بوو بوون...

زۆرجار بۆ نیشاندانی فراوانی زانستی پرسیاری گرانی لە زانستەکاندا ئاراستەی "موهتەدا" دەکرد و دەیویست پرسیارێکی لێ بگیرێ و لە لای شاگردەکان مەزنی کەسیەتی زانستی "موهتەدا" لەکەدار بکا و خۆی لەبەرچاویان گەورە بکات...

ئەو لە ئیدارەکردنی کاروباری شاگردەکانی ناو خوێندنگەکەدا کەسێکی زانا و لێزان و بە توانا بوو، "مەلای گەورە" ئەرکی ئیدارە کردنی خوێندنگەکەی بەو سپارد بوو، ئەو ئەرکەش خەونی بە دیهاتووی "مەلا عاسی" بوو....

"مەلا عاسی"بڕوانامەی مەلایی لە لای"مەلای گەورە"وەرگرت و لەسەر داوای خۆی و ڕەزامەندی"مەلای گەورە"لە خوێندنگەکەدا مایەوە و لە وتنەوەی وانە و بەڕێوەبردنی خوێندنگەکە بەردەوام بوو...

ئەو شەو و ڕۆژ لە قایمکردنی پێگەی دەسەلآتی خۆیدا بوو،"موهتەدا"ی بە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم گەیشتن بە حەزەکانی تەماشا دەکرد، لە دوای چەسپاندنی جێگەپێی خۆی لە خوێندنگەکەدا کەوتە بەگەڕخستنی پیلانەکانی دژ بە"موهتەدا"..

هەندێك جار بە تەنها دەچووە لای"مەلای گەورە"و قسەوباسی لەسەر"موهتەدا"بۆ"مەلای گەورە"دەگواستەوە، وای لە"مەلای گەورە" دەگەیاند گوایە"موهتەدا"لای شاگردەکان وا نیشان دەدا"مەلای گەورە" شاگردی ئەوە و بە زانستە نایابەکانی"موهتەدا"ئاتاجە،، یاخود دەیوت: "موهتەدا مێشکی شاگردەکانی بە هەندێك پا و بۆچوونی خراپ و دژ بە ڕێگەی سەلەفی سالّح تێکداوە، گەر کار ئاوا بڕوات ئەم شاگردانە تێك دەچن و خوێندنگەکەشمان لەکەدار بێت"

"مەلا عاسی"بەو قسانە سینەی"مەلای گەورە"ی لە"موهتەدا"پڕ کرد و کەوتە بیرکردنەوە لەوەی گەر بۆ ماوەیەکیش بێت"موهتەدا"کەنارگیر بکات،"مەلای گەورە"چەند شاگردێکی بانگ کرد و ڕاستی و ناڕاستی ئەو قسانەی لێپرسین و ئەوانیش – جگە لە یەك کەسیان کە"مەلا عاسی"بە گوێیدا چرپاند بوو – هەر هەموو شاهیدی پاکی و چاکی"موهتەدا"یان داو هەموو ئەو قسانەیان ڕەد کردەوە،، پاشان"مەلای گەورە"بانگی"موهتەدا"ی کرد و لەگەلّی کەوتە گفتوگۆ و ناڕاستەوخۆ ئەو قسانەی بۆ خستە ڕوو،"موهتەدا"زۆر بە ئەدەبەوە شاگردیی خۆی بۆ"مەلای گەورە"نیشان دا و ئەگەری بوونی هەر حەز و کەلّکەلّەیەك کە مامۆستای گەورە پێی ڕازی نەبێت نەرێ کرد...

"مەلا عاسی"لە هەوڵی شەو و ڕۆژیدا بۆ لەکەدار کردنی"موهتەدا"دەگەڕا و ئەوەندە قسەو باسی بۆ"مەلای گەورە"گواستەوە تا بڕیاریدا – بۆ تاقیکردنەوەش بێت – ماوەیەك"موهتەدا"کەنارگیر بکات و داوای لێ بکات وانە بە شاگردەکان نەڵێتەوە...

"موهتەدا"زۆر بەڕێزەوە داواکەی"مامۆستای گەورە"ی وەرگرت و زۆر سوپاسی کرد بۆ ئەو ماوە مۆڵەتەی کە پێیداوە و تیایدا دەتوانێت بەخۆی وکاروبارەکانیدا بچێتەوە...

"مەلا عاسی"ڕێگەی بۆ تەخت بوو، وانە و کاروبارەکانی"موهتەدا"ی گرتە دەست و هەوڵی دەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جێگە و پێگەی خۆی لە خوێندنگەکەدا قایمتر بکات،"مەلای گەورە"ش بە وردی کەوتە چاودێری"مەلا عاسی"و خوێندنگە و شاگردەکان تاکو بزانێت بە دیارنەبوونی"موهتەدا"چ گۆڕانێك لەو خوێندنگەیەدا ڕووەدات...

"مەریەم"مژدەی دا بە"موهتەدا"منداڵیان بەڕێوەیە، ئەو مژدەیە بۆ"موهتەدا"و دایك و باوکی خۆشییەکی بێسنوور بوو، مانای ڕۆشنی وەجاخ و کوێر نەبوونەوەی ئاگری بنەماڵەکەی دەگەیاند، دوای نۆ مانگ خودا کوڕێکی چاوگەشی پێ بەخشین و بە ناوی باپیرە گەورەیانەوە ناویان نا"مەروان"، "مەروان"ڕۆشنایی ماڵەکەیان بوو،"مەنسوور"ی باپیری لە"موهتەدا"ی زیاتر خۆشدەویست، ئەو هەموو جارێك دەیوت:

"ئێستا دوو کوڕم هەیە:"موهتەدا و مەروان..."

نزیکەی ساڵێك بەسەر کەنارگیر کردنی"موهتەدا"تێپەڕی، لەو ماوەیەدا بە کاری مامۆستاییەوە لە قوتابخانەدا سەرقاڵ بوو، ئەو وەك مامۆستایەکی"فیزیا" لە لای هەموو مامۆستایان و قوتابیانی شارەکەی ناسراو بوو، لە قوتابخانەکانی

تره‌وه بۆ گوێگرتن له وانه‌کانی ده‌هاتن، چه‌ند جارێك پـه‌روه‌رده ده‌یویست بـۆ قوتابخانه‌یه‌کی نموونـه‌یی بیگوێزێته‌وه، بـه‌ڵام لـه یه‌کـه‌مین قوتابخانـه‌ی خـۆی مایه‌وه و ده‌یوت"پـێم خۆشـه له‌گـه‌ڵ منـدالأنی هـه‌ژاران و نه‌دارانـدا بمێنمـه‌وه، چونکه قوتابخانه‌که لـه گـه‌ڕه‌کێکی هـه‌ژاری شـاردا دروسـت کـرا بـوو، زۆربـه‌ی خوێندکاراکانیش له خانه‌واده هه‌ژاره‌کانه‌وه هات بوون...

له‌سه‌ر داوای به‌ڕێوه‌به‌ر و چه‌ند مامۆستایه‌ك – له سه‌ره‌تای سالّه‌وه– پـۆلی پێنجـه‌می زانسـتی وه‌رگـرت و ده‌سـتی بـه وانـه وتنـه‌وه کـرد، هـه‌ر قۆناغێـك "موهته‌دای موده‌ڕیس"وانه‌ی"فیزیا"ی پێ بوتبانایه ئه‌و قۆناغـه خۆشـبه‌خت و سـه‌رکه‌وتوو بـوون، زۆرجـار لـه نێـوان خوێنـدکارانی قۆناغـه جیاجیاکـان دا له‌سـه‌ر"موهتـه‌دای مـوده‌ڕیس"گرفـت سـه‌ری هه‌ڵـده‌دا و ئیـداره‌ی ناچـار بـه ده‌ستێوه‌ردان ده‌کرد...

قۆناغی پێنجه‌می زانستی"شه‌ش"پۆل بوو، خوێندکاره‌کانی ژووری سێیه‌م که به"هۆبه‌ی جیم"به‌ناوبانگ بوو به ئارامی و ئه‌ده‌ب و زیره‌کی لێـوان لێـو بـوون، یه‌کێك بوون له‌و پۆلانه‌ی وانه‌ی فیزیایـان ئه‌وه‌نـده لا شـیرین بـوو لـه کاتـه‌کانی پشووشـدا ده‌هاتنـه لای مامۆسـتا"موهتـه‌دا"و گوێیـان لـه وانه‌کـه‌ی ده‌گـرت، "موهته‌دا"باڕێکی ده‌روونی تایبه‌ت به‌رانبه‌ر به"هۆبه‌ی جیم"داگیری کرد بوو، ئه‌و ترس و سامێکی زۆری له‌و هۆبه‌یه هه‌بوو، زۆرجار بۆ خۆ ڕزگارکردن له‌و هۆبه‌یـه خوێندکاره‌کانی"هۆبه‌ی جیم"ی بۆ پۆلێکی تـر ده‌گواسـته‌وه، لـه هۆبه‌کـه‌ی تـر ترسی که‌م ده‌بوویه‌وه، به‌ڵام به ته‌واوی بنبڕ نه‌ده‌بوو...

ترسی"موهته‌دا"له‌و پۆله نامۆیه ڕۆژ له دوای ڕۆژ زیاتر ده‌بوو، له یـه‌کێك لـه ڕۆژه ساردەکانی زستاندا"موهته‌دا"ڕووی له"هۆبه‌ی جیم"کرد و ئه‌و ڕۆژه سـام و ترسی له لووتکه‌دا بـوو، چـه‌ند جارێـك ویسـتی ژووره‌کـه بـه‌جێبهێڵێت، بـه‌ڵام له‌به‌ر پرسیاری ئیداره و خوێندکاره کچه‌کان خۆی ڕاگرت و نه‌چووه ده‌ره‌وه، له

کاتی نووسین له سەر تەختە ڕەشەکە یەک- دووجار دەیویست بەربێتەوە، بەڵام بە دەست گرتن بە دیوارەکەوە خۆی ڕادەگرتەوە، خوێندکارێکی کچ پرسیاری تەندروست باشیی لە مامۆستا کرد و ئەویش لە وەڵامیدا وتی"من باشم کچم..."

خوێندکارە کچەکان هەستیان بە تێکچوونی باری تەندروستی مامۆستاکەیان کرد، کورسییەکیان بۆ هێنا و لەسەری دانیشت و داوای لە یەکێك لە خوێندکارە زیرەکەکان کرد بڕۆ، واتە جێگەی ئەو و وانەکە بۆ خوێندکارەکان تەواو بکات....

"میهری"یەکێك بوو لە خوێندکارە کچەکان، ئەو کەسێك بوو لێوان لێو بوو بە ئارامی و شەرم، دەریایەك بوو مەڵەوانی شارەزاش نەێنییەکانی بۆ دەرنەدەهات، لە خانەوادەیەکی هەژار بوو، بەڵام بە قەدەر کچی پادشایەك سەنگ و قورسایی هەبوو...

"موهتەدا"ڕوو بە خوێندکارە کچەکان دانیشت بوو، سەرنجێکی"میهری"دا، بە بینینی چاوەکانی"میهری"هاوارێکی لێ بەرز بوویەوە و لەسەر کورسییەکەی بەربوویەوە، خوێندکارە کچەکان مامۆستایان بەرز کردەوە و ئیدارەیان لێ ئاگادار کرد، یەکێك لە مامۆستاکان بە هاوکاری چەند مامۆستایەك سواری ئۆتۆمبێلێکیان کرد و گەیاندیانە نەخۆشخانە، چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە بە بێ هۆشی مایەوە، پزیشکەکان لە نەخۆشییەکەی"موهتەدا"سەریان دەرنەدەکرد، ئەوەندەیان دەزانی لێدانێکی کتوپڕ بەسەریدا هاتووە و تووشی ئەو حاڵەتەی کردووە،"موهتەدا"لە نەخۆشخانە دەرکرا و لە ژێر چاودێری خێزانەکەیدا لە ماڵەوە مایەوە....

"مەنسوور"ی باوکی چووە ژوور سەری"موهتەدا"و لە حاڵەتەکەی پرسی: (کوڕم چیت بەسەر هاتووە، لە چییەوە ئەم حاڵەتە ڕووی تێکردی؟)

موهتەدا: (بابە لە چاوەکانیەوە نوور هەڵدەقوولّی!)

مەنسوور: (چاوی کێ؟)

موهتەدا: (چاوەکانی"میهری")

لەگەڵ وتنی:"چاوەکانی میهری"، هاوارێکی توند لە"موهتەدا"بەرز بوویەوە و جارێکی تر لە هۆش خۆی چوو، پاش ماوەیەك بە ئاگا هاتەوە و باوکی داوای لێکرد هێمن ببێتەوە، چونکە ئەو حاڵەتە بەسەر عاریفە مەزنەکاندا هاتووە...)

"موهتەدا"پرسیاری لە باوکی کرد: (نهێنی ئەو حاڵەتە لە چیدایە)

مەنسوور: (ئەو دیاردەیە بریتی یە لە تەجەللیاتی نووری خودا لە دروستکراوەکانیدا، ئەوانەی دەگەنە پلەی بالای نزیك بوونەوە لە خودا دەگەنە تەجەللیاتی ئەو نوورە پاکە...)

"موهتەدا"لەسەر جێگەکەی بەرزبوویەوە و بەرلەوەی لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت بەربوویەوە و دیسانەوە ئاگای لەخۆی بڕا...

بە درێژایی چەند مانگێك"موهتەدا"ژیانی لە نێوان بێهۆشی و ئاگاهیدا بوو،"مەریەم"ی هاوسەری و"مەعسومە"ی دایکی بەزۆر خواردن و خواردنەوەیان دەرخوارد دەدا، هاواری دەکرد و دەیوت:

"پیسیم دەرخوارد مەدەن..."

"مەنسوور"ی باوکی داوای لێ دەکردن لەوە زیاتر ئازاری نەدەن و بەزۆر خواردنی دەرخوارد نەدەن، جەستەی"موهتەدا"توایەوە و بوو بە چڵ و چێو، مامۆستایان و خوێندکارە کچەکان چەندجار سەردانی"موهتەدا"یان کرد و نەیانتوانی ببینن، چونکە لە بێئاگایدا بوو...

لە ماوەی دوور کەوتنەوەی"موهتەدا"لە قوتابخانە"میهری"یش پەستی و شێواوییەك ڕووی تێ کرد و قوتابخانەی بەجێهێڵا، مامۆستایان و کەس و کاری

زۆریـــان هەوڵـــدا"میهـــری"بـــۆ قوتابخانـــە بگێڕنـــەوە، بـــەڵام ســـوودێکی نەبوو،"میهری"هێزی زاڵبوونی بەســەر خۆیدا لـە دەسـت داو شـەو ڕۆژ هـاواری دەکرد:

"مامۆستا، موهتەدا، داری زەیتوون، کێوی تووڕ"

هاوەڵەکانی"میهری"سەردانیان دەکرد و پێیان دەوت"بۆچی خـۆت ئـاوا لـێ دەکەیت؟ تۆ نابێت ئازاری خۆت بدەیت، بەزەیی یەکت بەخۆت و بە ئێمـەش دا بێتەوە"

"میهری"بەم هۆنراوەیە وەڵامی هاوڕێ کچەکانی دەدایەوە و دەیوت:

ئێمە بەوەوە زیندووین

کە ئارام نەبین

شەپۆلین و

بە ئارام گرتن لە بەین دەچین...

پـاش ماوەیـەک کـەس و کـاری ڕەوانـەی نەخۆشـخانەی دەروونییـان کـرد و خستیانە ژێر چاودێریی پزیشکییەوە...

"مەلا عاسی"و نەیارانی"موهتەدا"کەوتنە توانج و تانە لە"موهتـەدا"و لـەناو خەڵکیدا بڵاویان کردەوە گوایە"موهتەدا"عاشقی یەکێک لە خوێندکارە کچـەکانی خۆی بووە و لەو ڕێگەیەدا ئەقڵی لـە دەسـت داوە و شـێت بـووە، ئـەوان تێیـان دەپەڕاند و دەیانوت:

چ تاوانێکی گەورەیە مامۆستایەک کچێکی تەمەن حەڤدە سـاڵ فریـو بـدات و تووشی شێتێتی و نەخۆشخانەی بکات...!

"مەنسووری عەتتار"هـەموو ئـەو قسـانەی لـە بـازاڕدا دەبیسـتەوە و پـڕ بـە دونیایەک خەمی لێ دەخوارد، خەمی لە نەزانی و بێ وێـژدانی خـەڵک دەخـوارد،

ئەو دەیزانی "موهتەدا"ی کوڕی مرۆڤێکی چاك و پاکە و لە پلەیەکی گەورەی عیرفاندا دەژی و ئەوەی بەسەری هاتووە تاقیکردنەوەیەکی خودایە و ڕۆژێ دێت لەو تاقیکردنەوەیە دەردەچێت و بۆ مەقامی بەرزی "تەمکین" دەگەڕێتەوە...

"موهتەدا" پەتی ژیری چڕا و لە جێگەی نەخۆشیەکەی هەستایەوە و کەوتە ناو بازاڕ و سەرشەقامەکان، "مەنسوور"ی باوکی چەند جارێك هەوڵی دا لە مااڵوە بەندی بکات، یاخود ڕەوانەی ناو نەخۆشە دەروونییەکانی بکات، بەاڵم بە ڕێگە نهێنی و مەعنەوییەکەی خۆی ئاگادار دەکرایەوە و فەرمانیان پێ دەدا بەر لە "موهتەدا" نەگرێت و لێگەڕێت با بە شەقامەکاندا بسووڕێتەوە...

"موهتەدا" بەیانی زوو لە مااڵوە دەردەچوو، شێوان دەگەڕایەوە، سەرەتا دەچوو بۆ مزگەوتی "پیری مەزن" و ماوەیەك لەوێ دەمایەوە و دواتر ڕووی لە باخچە بەرینەکەی ناو چەقی شار دەکرد و تا نزیکی نیوەڕۆ تیایدا پاڵ دەکەوت، دوانیوەڕۆ دەهاتەوە بۆ بازاڕ و دەستی بە گەڕان دەکرد، سەرێکی ئەو شەقامەی دەدا دەرگای قوتابخانەکەی خۆی دەکەوتە سەر، دواتر دەچوو بۆ ئەو شەقامەی بە پاڵ نەخۆشخانەی دەروونیدا تێدەپەڕی، پشتی بە دیواری حەوشەی نەخۆشخانەکەوە دەنا و تا نزیکی عەسر لەو جێگەیە دەمایەوە، سەیر لەوەدا بوو لە دیوی دووەمی دیواری حەوشەکە و لە ناو نەخۆشخانەکەوە "میهری" دەهات و پشتی بەو جێگەوە دەنا کە "موهتەدا"لە دیوەکەی ترەوە پشتی پێوە نابوو، زۆرجار پاسەوانەکان "موهتەدا"یان دەر دەکرد و بەرگرییان دەکرد لەوەی لەو جێگەیە دابنیشێت، کاتێك "میهری" دەیزانی دەست بە ڕووی "موهتەدا"وە نراوە دەیدایە قوواڵپەی گریان و هەموو نەخۆشەکانی تری نەخۆشخانەکەی لەخۆی کۆ دەکردەوە...

"موهتەدا" بە شەقامەکاندا دەگەڕا و ناو بە ناوێك بە هاوار و نااڵ و گریانەوە دەیوت:

چ مەیخانەیەکە چاوەکانی میهری!

سووتاوخانەیەکە سارای دڵی میهری!

لە دوای عەسر بۆ تەنیشتی مەیخانەکە دەکشا و هەتا شەو دادەهات لەو جێگەیە دەمایەوە، هەندێك لەوانەی بە پاڵیدا تێ دەپەڕین ناوی"میهری"یان دەهێنا و"موهتەدا"هاوارێکی لێ بەرز دەبوویەوە و ماوەیەك بێ ئاگا دەبوو، ئەو یەکێك بوو لە شێتەکانی بازاڕ، لای خەڵکی شار بە"موهتەدای میهری"ناوبانگی دەرکرد، شەوانیش بۆ نووستن بە شەکەتی بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە و"مەریەم"و دایکی و"مەنسوور"ی باوکی پەلیان دەگرت و دەیانبردە حەمام و خاوێنیان دەکردەوە و هەندێك خواردنیان بە دەمەوە دەکرد...

حەوت ساڵ"موهتەدا"شێتی ناو کوچە و سەر شەقامەکان بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیەش"میهری"لە نەخۆشخانەی دەروونیدا بوو، لەو سالأنەدا"مەنسووری عەتتار"داوای لە"مەریەم"ی هاوسەری"موهتەدا"کرد خۆی بە"موهتەدا"وە نەبەستێتەوە و بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە و ژیانی خۆی بۆ"موهتەدا"تیا نەبات، چەند جارێك داواکەی لە"مەریەم"دووبارە کردەوە، لە دواجاردا"مەریەم"بۆ ماڵی باوکی گەڕایەوە و منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی برد،"مەریەم"بەو کارەی ماڵەکەی"مەنسوور"ی بێ ناز کرد و خانەی دڵی ئەو و"مەعسومە"ی هاوسەری وێران کرد، لە دوای ڕۆیشتنی"مەریەم"و منداڵەکەی سروور و پێکەنین لە خێزانەکە بڕا و تەم و مژی خەم و پەژارە هەموو سوچێکی ماڵەکەی تەنییەوە...

"مەنسووری عەتتار"کۆڵی خەمەکان چەماندی و بە دونیایەك ئێش و ئازارەوە کۆچی دوایی کرد و"موهتەدا"و"مەعسومە"ی هاوسەری بە تەنها بەجێهێڵا، خەمەکانی"مەعسومە"ی دایکی"موهتەدا"زیادی کرد و لە بەیانییەوە تاکو شێوان چاوەڕوانی گەڕانەوەی"موهتەدا"بوو، لەگەڵ تەقەی دەرگای

حەوشەکەدا بە خۆشییەوە هەڵدەستا و پێشوازی لە"موهتەدا"دەکرد و خاوێنی دەکردەوە و خواردنی بە دەمەوە دەکرد...

لە دوای"حەوت"ساڵ بەیانییەک بە پێچەوانەی عادەتی جارانی"موهتەدا"درەنگانێك لەخەو هەستا و هات بۆ چێشتخانەکە و سەلامی لە دایکی کرد، دایکی گەشایەوە و سەلامەکەی وەلامدایەوە،، پاشان"موهتەدا" پرسیاری کرد: (دایە باوکم لە کوێ یە؟ بۆسەر ئیش چووە؟)

دایکی: (کوڕم، ئێستا باشی؟! ئاگات هاتۆتەوە بەر خۆت؟!)

موهتەدا: (بۆ من چیم بەسەر هاتووە؟ نەخۆشم؟ شتێك ڕوویداوە من لێی ئاگادار نەبم؟)

"مەعسومە"ی دایکی بە دوور و درێژی باسی تێکچوونەکەی بۆ کرد و پێی وت: باوکت بە خەمی تۆوە سەری نایەوە و"مەریەم"یش لەگەڵ منداڵەکەی بۆ مانّی باوکی گەڕایەوە)

"موهتەدا"هەموو گیانی لە فرمێسك هەڵژەنرا، دەستەکانی دایکی ماچ کرد، پێی ڕاگەیاند: (وام دەزانی خەونم بینیوە، نەم زانی خەونەکەم"حەوت"ساڵی خایاندووە..)

"موهتەدا"چەند هەفتەیەك لە ماڵەوە دەرنەچوو، دایکی کەس و کار و دۆستان و ناسراوانی"مەنسووری عەتتار"ی لەو هەواڵە خۆشە ئاگادار کردەوە و خەڵکی دەستە دەستە دەهاتنە ماڵیان و خۆشحاڵی خۆیان بۆ"مەعسومە" خاتوون و"موهتەدا"ی کوڕی دەردەبڕی، سەیر لەوەدا بوو"مەلای گەورە"و شاگردەکانی ناو خوێندنگەی"مەلای گەورە"کەسیان بە میوانیی نەهاتن و لە تەندروستی"موهتەدا"یان نەپرسی،"موهتەدا"ش لەوبارەیەوە پرسیاری لە کەس نەکرد، چونکە دەترسا هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو بە گوێیدا بدرێت، دوای

تـەواوبوونی میوانـەکان"موهتـەدا"ویسـتی سـەردانێکی خوێندنگەکـەی"مـەلای گەورە"بکات، سەرلە بەیانییەك خۆی کرد بە مزگەوتەکەدا و بەرەو خوێندنگەکە هەنگاوی هەڵگرت، گەیشتە بەردەم حوجرەی فەقێکان و بینی دەرگای داخراوە و بێدەنگییەك ناوەوەی حـوجرە و خوێندنگەکـەی داگـیر کـردووە، گەڕایـەوە و بەرەو ژوورەکەی"مەلای گەورە"دیسان دەرگای داخرا بوو، بەناو مزگەوتەکـەدا گەڕا و مجەوەرەکەی بینییەوە و دەستیان لە گەردنی یەکتری ئاڵاند و ماوەیـەك پێکـەوە فرمێسـکیان هەڵوەرانـد،، پاشـان پرسـیاری"مـەلای گـەورە"و خوێندنگەکـەی لـە مجەوەرەکـە کـرد، ئـەویش بـە هەنسـك و فرمێسـکەوە سەرگوزشتەی ئەو"حەوت"ساڵەی بۆ گێڕایەوە:

: (لە دوای دەرکردنی تۆ و دەستگرتن بەسەر خوێندنگەکەدا"مەلا عاسـی"ی نەفرەتی لە پیلانەکانی بەردەوام بوو، لە پیاوانی دەوڵەت خۆی بردە بـەرەوە و بوو بە ئیمامی ڕەسمی مزگەوتەکـە و بـە تـەواوی خـۆی بەسـەر خوێندنگەکـەدا سەپاند،"مەلای گەورە"بە پیلانەکانی زانی و ویستی دەری بکات، بـەڵام مـەلای نەفرەتی پشتیوانی قـایم بـوو، بـاکێکی بـە"مـەلای گـەورە"نـەبوو، تـا گەیشـتە ئەوەی"مەلای گەورە"ی بە خانەنشین داو تەنانەت حوجرەکەشی لێ داگیر کرد، ماوەیـەك خوێندنگەکـەی بـەردەوام بـوو، بـەڵام کۆمـەڵێك شـاگردی هـەبوو کـە هەروەك خۆی خراپەکار و دوور لە خودا بـوون، بـە ئەنجامـدانی چـەندین کـاری خراپـەوە لـەم مزگەوتـەدا چـاوم پێیـان کـەوتووە، بـە"مـەلا عاسـی"م دەوت و ئەویش بە کڕ منداڵ دەهات و دەیوت:

"تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستی..."

لە دواییـن جاردا هەڕەشەی لێکـردم گـەر لەسـەر ئـەو تۆمەتانـە بـەردەوام بم لـەلای ئـەوقاف بـە دەرکـردنم دەدا،، بۆیـە منـیش وازم لـە قسـەکردن هێنـا و

تەسلیمی دەستی خودام کردن، سێ سالّ لەمەوبەر"مەلای گەورە"کۆچی دوایی کرد، هەتاکو مرد ناوی تۆی لەسەر زمان نەبڕا، بە خەم و ئازاری تۆوە سەری نایەوە..

لە کۆتاییدا وادەی تۆلّەی خودایی لە"مەلا عاسی"نزیك بوویەوە، بە شاهیدی چەند شاگردێك"مەلا عاسی"بەکارێکی زۆر ناشیرینەوە لە حوجرەکەی خۆیدا گیرا و لەم مزگەوتە دەریان کرد و خوێندنگەکەیان پێ داخست، ئەویش لەشەرمەزاریدا سەری خۆی هەلّگرت و ئەوە دوو سالّە ناو و ناونیشانی بزر بووە...)

"موهتەدا"داوای لە مجەوەرەکە کرد ژوورەکەی"مەلای گەورە"ی بۆ بکاتەوە و تاوێك بۆ مەزنی ئەو لە ژوورەکەیدا دابنیشێت و چاوێك بە کتێبخانەکەیدا بخشێنێت...

عەسرێکی درەنگ بەرەو مالّەوە گەڕایەوە، لە ڕێگە چەند منداڵێك بەلایدا گوزەریان کرد، ئاگای لێ بوو دەیانوت:

(ئەوە"موهتەدا"ی"میهری"یە...)

، پاشان دەستیان بە گاڵتە پێ کردنی کرد و ئەویش سەری خۆی داخست و بە پەلە بۆ مالّەوە گەڕایەوە،"موهتەدا"تێگەیشت لەوەی"حەوت"سالّ شێتی سەر شەقامەکان بووە،، بۆیە بیری لەوە کردەوە دایکی هەلّبگرێ و ڕوو لە لادێیەکی زۆر دوور بکات و خۆی لەو شارە بشارێتەوە..

شەو لەگەلّ دایکی لە باخچەکە دانیشت بوون، ڕووی لە دایکی کرد و وتی: (دایە گیان من"حەوت"سالّ شێتی سەر شەقامەکان بووم، لە لای خەلّکی ئەم شارە بە شێت ناسراوم، منداڵان بە شێت ناوم دەبەن و شوێنم دەکەون،، بۆیە یان دەبێت لە مالّەوە دەرنەچم یان دەبێت ئەم شارە بەجێبهێڵین، نازانم تۆ چی دەڵێیت؟)

دایکی: (کوڕی خۆم دوورکەوتنەوەم لەم شارە و بەجێهێڵانی ئەم ماڵە بە مەرگی خۆم دەزانم، چونکە هەرچی یادگاری خۆشی من و باوکتە لەم شارە و لەم ماڵەدایە، بەڵام من دەستبەرداری ژیان و زیندەگی خۆم دەبم لە پێناوی ئاسوودە کردنی تۆدا، بۆ کوێ دەچیت لێت جیا نابمەوە تەنها داوامە ئەم ماڵە نەفرۆشیت و با وەکو خۆی بمێنێتەوە، پارە و دوکان و زێڕمان هەیە و پێویستمان بە فرۆشتنی ئەم خانووە نابێت)

پاشان دایکی بە"موهتەدا"ی وت (لە ساڵی یەکەمی نەخۆشییەکەتەوە واتە"شەش"ساڵ لەمەوبەر نامەیەکت بۆ هاتووە و هەڵم گرتووە و نەم کردۆتەوە، بچم بۆت بهێنم؟)

موهتەدا (بەڵێ دایە گیان)

"مەعسومە"ی دایکی هەستا و چووە ژوورەوە و دوای ماوەیەك گەڕایەوە و نامەکەی دایە دەستی"موهتەدا"، ئەویش نامەکەی کردەوە و بزەیەکی شیرین هاتە سەر لێوەکانی و وتی (دەزانی نامەی کێ یە؟)

دایکی (نامەی کێ یە؟)

موهتەدا (نامەی"سمکۆ"ی برای"مەریەم"ە)

پاشان مۆڵەتی لە دایکی خواست و چووە ژوورەوە و لەسەر جێگەکەی ڕاکشا و دەستی بە خوێندنەوەی نامەکەی"سمکۆ"کرد:

برای ئازیز و لە دڵا شیرینم"موهتەدا"نازانم لە چی یەوە دەست پێ بکەم و چۆن خۆشەویستی خۆمت بۆ دەربڕم، تامەزرۆی هەموو ئەو ساتانەم شەوان گفتوگۆمان دەکرد، تۆ بە ڕۆحی مەزنت و منیش بە بیری ئاڵۆزمەوە بیر و ڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد، یەك بە یەکی وشەکانت لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، نازانم بۆ ئەو کاتانە قەدرزانی تۆم نەکرد و لە بوونی خۆم نەبینییەوە؟

هەرچۆنێك بێت من ئێستا "سمکۆ" یەکی تـرم و مـرۆڤێکم بـە قـەدەر کیشوەری "ئاسیا" ناخ و بیرم فراوان بووە، من جاران بە قەدەر گوندەکەی خۆمان بیرم دەکردەوە، بەڵام ئێستا بە قەدەر زەوی بیر و ئەندێشەم بەرینە، ژیان لە "ئەورووپا" پێی سەلماندم مرۆڤی بێ نیشمان، بێ کلتوور، بێ ئایین وەك پەڕی باڵندەیەکی گەڕیدەیە و لەگەڵ بەربوونەوە و جیابوونەوە لە باڵەکانی ئەو مەلە دەکەوێتە بەر بەزەیی ڕەشەبا و هەر ڕۆژێك پێی لە خاکێك گیر دەبێت...

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی پووشی دەم باین و نیشتمانێك لە ئامێزمان ناگرێت، "ئەورووپا" خەونی من بوو، بەڵام بۆم دەرکەوت ئێمەی مرۆڤ ئازارەکانمان، مەینەتییەکانمان بە کۆڵی خۆمانەوەیە و ڕوو لە هەر جێگەیەك بکەین لێمان جیا نابێتەوە، مرۆڤ لە زێد و نیشتمانی خۆیدا لە بەختەوەرییەوە نزیك تـرە چونکە دەتوانێت زووتر کۆڵی مەینەتییەکان فڕێ بدات.. ئازیز و خۆشەویستم "موهتەدا" من ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ ناو بەرائەتی منداڵی و سادەیی مرۆڤی لادێکەمان، من ئێستا ناوەوەی خۆم بۆ بەختەوەری دەپشکنم، دەزانم بەختەوەری لەناو مرۆڤدایە نەك لە تەکنۆلۆژیا و شوێنی جوغرافیادا، ئێستا لەگەڵ خۆم ئاشتبوومەتەوە، ڕقم لە خۆم نی یە، خۆم لا ناشیرین نی یە، ڕقم لە نیشتمان و نەتەوە و ئایین و کولتـورم نابێتەوە، بەڵکو هەموو ئەوانەم خۆش دەوێت، چونکە بەشێکن لە بوونی من...

ئێستا تۆ لای من مرۆڤێکی مەزن و ڕەسەنی بە پێچەوانەی جارانەوە کە بە مێشك وشك و دواکەوتوو سەرنجم دەدایت، من وام دەزانی هەرکەس بیر و بۆچوونی منی نەبێت دڕ و نەیارە بە پێشکەوتنخوازی، بەڵام ئێستا دەزانم یەك ڕەهەندیی لە بیرکردنەوەدا مرۆڤ دەکوژێ و بیر و گۆڕان زیندە بە چاڵ دەکات...

لێرەوە وێنای تۆ و کارەکانی ئێستات دەکەم، وا دەبینم زانایەکی مەزنت لێدەرچووە و خوێندنگەیەکی گەورەت هەیە و دەیان و سەدان شاگرد لەسەر دەستی تۆ فێری زانست دەبن، هیوادارم بە هەڵەدا نەچووبم..

خوشەویستیم بۆ"مەریەم"گیانی خوشکم و دایك و باوکی بەڕێزت..

ئەگەر تەمەن ڕێگەی دا و گەڕامەوە یەکتر دەبینین و لە چەندین شەودا سنگی خۆمت بۆ والاّ دەکەم و سەربوردەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە...

برات سمکۆ

ستۆکهۆڵم

"موهتەدا"دەستی بە گریان کرد و وتی ("سمکۆ"نازانێت من ئێستا بە شێت ناوم زڕاوە و تەنانەت شاگردێکیش بە دەورمدا نی یە و وەك مەلی باڵ شکاو و بەجێماو تەنها کەوتووم..)

دوای چەند ڕۆژێك موهتەدا"بیری لە جێگەیەك کردەوە خۆی و دایکی ڕووی تێ بکەن، هاتەوە بەو شوێن و جێگە و خەڵکانەی هەموو جارێك باوکی باسی لێوە دەکردن، لە دواجاردا بیری ئەو پیاوەی کەوتەوە کە یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی باوکی بوو، ماڵیان لە گوندێکی سەر سنوور بوو، ناوی"حاجی موحسین"بوو...

دوای خۆ ئامادەکردن بڕیاری دا بەر لە بردنی دایکی بۆخۆی سەردانێکی ئەو گوندە دووڕە بکات، ڕێگەی دووری گرتەبەر و گوندەکەی دۆزییەوە و ڕۆیشتە ماڵی دۆستە دێرینەکەی باوکی، بەڵام دیار بوو ئەویش کۆچی دوایی کرد بوو، چەند کوڕێکی جوامێر و خانەدانی لە شوێن بەجێما بوو، ناو و پیاوەتی"مەنسووری عەتتار"یان لە باوکیان بیست بوو، زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە"موهتەدا"کرد، داوای لێکردن پارچە زەویەکی پێ بدەن و دوو ژووری تیادا بکاتەوە و لەگەڵ دایکی ڕوو لەو لادێیە بکەن، ئەوان وایان دەزانی لە ئاسمانەوە"موهتەدا"بۆ لای ئەوان ڕەوانە کراوە، بەڵێنیان پێدا

گەر"موهتەدا"لادێکەی ئەوانی قبوڵ بێت بۆخۆیان خانووی بۆ بکەنەوە، ئەویش دوایین بڕیاری خۆی بەوان گەیاند و پارەی زەوی و کەرەستەی کردنەوەی خانوویەکی پێدان و ئەوانیش بەڵێنیان پێدا لە ماوەی سێ مانگدا خانووەکەی بۆ بکەنەوە و پاشان خۆیان لە دووی بێن و ماڵەکەی بگوێزنەوە..

دوای چەند مانگێك کوڕەکانی"حاجی موحسین"بە مەبەستی گواستنەوەی ماڵەکەلە دووێ"موهتەدا"و دایکی هاتن و ماڵەکەیان بۆ لادێکە گواستەوە، یەکەمین شتێك"موهتەدا"بیری لێ دەکردەوە گواستنەوەی کەلەپووری بەجێماوی بنەماڵەکەیان بوو، ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بۆ گرت و خۆی و دایکی لەگەڵی سوار بوون، شتە پێویستەکانی تری لە ئۆتۆمبێلێکی تردا بار کرد و دوو کوڕی"حاجی موحسین"ی لەگەڵ سوار بوو، ئەو شتانەی لە ماڵەکەدا مابوونەوە بەجوانی داپۆشران و دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەیان بە مەحکەمی داخست، شەو شتەکانیان بار کرد و بەیانی زوو بەرەو لادێکە بەڕێ کەوتن...

لادێیەکی جوانی دڵڕفێن خەڵکەکەی بە قەدەر جوانی سروشت ناخ و ڕەفتاریان ڕازاوە بوو....

بەیانیان"موهتەدا"ڕووی لە چیا بەرز و بڵندەکە دەکرد و دەمە و عەسر بۆ ناو گوندەکە دەگەڕایەوە، هەندێك جار بە تایبەت بەهاران دایکی لەگەڵ خۆی دەبرد و گەشتی ئەو چیا و دەشت و دۆڵانەی پێ دەکرد،"موهتەدا"و دایکی جێگەی ڕێز و خۆشەویستی هەموو گوندەکە بوون...

"دە"ساڵ ژیان لەو گوندەدا بە دە ڕۆژ تەمەن لە"موهتەدا"و دایکی تێپەڕی،"مەعسومە"خاتوون لەسەر لەش ساغی شەوێك"موهتەدا"ی بانگ کرد و وەسێتنامەی خۆی بۆ خوێندەوە، داوای لێکرد هەر لەم لادێیە بینێژێت، چونکە ڕۆحی"مەنسوور"ی هاوسەری لەم دەوروبەرەدایە، ئەو وتی:

"ده ساڵه لەم گوندەدا هەموو شەوێك تا بەیانی لەگەڵ باوکتم..."

ئەو شەوە "مەعسومە" خاتوون کۆچی دوایی کرد و "موهتەدا" و خانووە تەنهاکەی قەراغ گوندەکەی بەجێهێڵا....

"موهتەدا" سەرچاوەی عیلم و عیرفان بوو بۆ گوندنشینەکان، قەڵایەك بوو لە کاتی گرفت و نەخۆشی و هەژاری دا پوویان تێدە کرد، مامۆستایەك – تەنها بە کردار و ڕۆحی مەزنی – مەردوومانی پەروەردە دەکرد، شەوانی هەینی پیاوانی گوندە نزیکەکان لە مزگەوتەکەی "حاجی موحسین" دا کۆدەبوونەوە و گوێیان بۆ وتەکانی "موهتەدا" دەگرت، لەو کاتەوەی "موهتەدا" ڕووی لەو ناوچەی ئەوان کرد بوو ئارامی و پیت و بەرەکەت سەرجەم ماڵەکانی داگیر کرد بوو، سەردانی "موهتەدا" بۆ ماڵەکانیان ئاواتی هەموان بوو، بەڵام ئەو زۆر کەم دەیتوانی لە ماڵاندا بمێنێتەوە، ماڵە تەنهاکەی خۆی و ئەشکەوتی خەڵوەتگاکەی بە هەموو دونیا نەدەگۆڕییەوە، خەڵکی باوەڕیان وا بوو هەتا "موهتەدا" لە ناویاندا بێت خودا لە هەموو دەرد و بەڵایەك دەیانپارێزێت، موهتەدا بۆ ئەوان هەموو شتێك بوو،، بەڵکو هەموو خێرێکیان لە دوعا و داواکانی ئەودا دەخوێندەوە...

لە دوای مردنی "مەعسومە" زۆر شەوان "موهتەدا" لە چیا بەرزەکان دەمایەوە و بۆ ماڵەوە نەدەگەڕایەوە، ئەو لە ئەشکەوتێکی چیاکەدا جێگەیەکی خۆش کرد بوو، جێگە و بانی تێ برد بوو، پێویستییەکانی ژیانی تیا ئامادە کرد بوو، هەفتەی جارێك بۆ گوندەکە دەگەڕایەوە و هەندێك پێویستی لەگەڵ خۆی دەبرد و تا هەفتەیەك بەو کەمە پێویستییە ژیانی بەڕێ دەکرد، ئەوە "پازدە ساڵ" بەسەر مردنی دایکیدا تێپەڕیوە و بەشێکی زۆری ژیانی "موهتەدا" – کە لە لای گوندنشینەکان بە "مەولانا" ناسراوە – لە سەر چیاکان و لە ناو ئەشکەوتەکەدا بەڕێ دەکرێت...

ئێستا"موهتەدا"تەمەنی"شەست و یەك"ساڵە و زۆر بە کەمی بۆ گوندەکە دەگەڕێتەوە و دانیشتنی لەگەڵ گوندنشینەکان بووە بە مانگی یەك جار، دۆستە زۆر نزیکەکانی ڕوو لە خەڵوەتگاکەی دەکەن و ساتێك لە لای دادەنیشن، بەڵام ماوەیەکە ئەوانیشی ئاگادار کردووە لەوەی کەم سەردانی بکەن و ئارامی خەڵوەتگاکەی لێ نەشێوێنن...

بەشی سێیەم

-١-

ڕاز و مەولانا
یەکەمین دیدار

گەنجێکی تەمەن حەڤدە سالآن بوو، زیرەك لە وانەکانی دا، بەلآم تا ڕادەیەك نامۆ بە دەوروبەری، نەیدەزانی کەی باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەو تەمەنی"هەشت"سالآن بوو"تابان"ی دایکی یان دروستتر بڵێین دایەنی دونیای بەجێ هێلآ...

داپیرەی کە ناوی"فاتمە خان"بوو، ئەو ئافرەتە مەزنە بوو، ئەوی گرتە لای خۆی و ڕۆڵی باوك و دایکی بۆ بینی، باپیری سێ سالآ دوای مردنی"تابان"ی دایکی یان ڕاستر وایە بڵێین دایەنی کۆچی دوایی کرد...

"ڕاز"زۆرتر هۆگری داپیرەی بوو، شەوانە چەندین چیرۆکی گوێئاگری بۆ دەگێرایەوە و ئەویش لە گەڵی دا خەیاڵی فراوان دەبوو، هەندێ جاریش خۆی لێ دەگۆڕا بە پاڵەوانانی ناو چیرۆکە ئەفسانە ئامێزەکانی داپیرە...

خانووەکەیان لە سەر کێڵگە بەرینەکە دروست کرا بوو، باخێکی فراوان بە دەمیەوە بوو کە چەندین سالآ باپیری ڕەنج وماندوبوونی لە گەلآ کێشا بوو، بە

هۆی فراوان بوونی شارەوە خانووی گەڕەکە نوێیەکان لە گێڵگەکەیان نزیك بوو بوویەوە، کێڵگەکەیان دیوارێکی بەرز و قایمی بە دەوردا درابوو، جگە لەوەش دارچنار و گوڵەباخ و تووترکەکان بە دەوری دا بوو بوون بە پەرژینێکی چڕوپڕ...

چەند هەفتە جارێك خاڵی "ڕاز" – کە مامۆستای دواناوەندی بوو – خۆی هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی سواری ئۆتۆمبێلە مۆدێل کۆنەکە دەبوون و سەردانێکی "ڕاز"و داپیرەیان دەکرد، هەندێ جاریش لە سەر زۆر پێداگرتنی "داپیرە"شەو لە لایان دەمانەوە و تا درەنگانێك نەدەنووستن، ماوەیەك لە ناو باخەکەدا پیاسەیان دەکرد و ماوەیەکیش لە ژێر کەپری دارمێوەکە دادەنیشتن، خۆ ئەگەر کەش وهەوا ڕووی لە ساردبوون بکردبایە دەچوونە ژوورەوە و لە هۆڵە بەرینەکەدا کۆ دەبوونەوە...

سەردانی خاڵی بۆ لای "ڕاز"و داپیرەی بە زۆری شەوانی هەینی بوو،، چونکە خەمی دەوامی قوتابخانەیان نەدەخوارد و بە تێرو تەسەلی لەگەڵ یەکتری دادەنیشتن...

ئارامی و لەسەرخۆیی لە سیما و چاوەکانی "ڕا ز"دا دەخوێنرایەوە، زۆرتر بێدەنگی بە سەری دا زاڵ بوو، ورد سەرنجی دەدایە دەوروبەر و جوان گوێ ی بۆ قسەی بەرانبەری ڕادەگرت،پرسیاری دەکرد، بەڵام پرسیارێکی قوواڵی مانادار، بۆیە "خاڵی"هەموو جارێ دەیوت:"کوڕم ڕاستە من قسە دەکەم و تۆ گوێم بۆ دەگری، بەڵام لە ئاکار و ڕەوشتی بەرزی تۆوە زۆر شت فێر دەبم.."

هەندێك لە مامۆستاکانی بە کەسێکی نامۆ و شەرمنیان دەزانی، بەڵام مامۆستای زمانی کوردی بە چاوێکی تر"ڕاز"ی تەماشا دەکرد و دەیوت:

"راز"قوتابییەکی زیرەکە، قوتابی زیرەکیش لەم قوتابخانەی ئێمەدا زۆرە، بەڵام لەپاڵ ئەو زیرەکییەدا من شتێکی تر لەم قوتابییەدا دەخوێنمەوە..)

که لێیان دەپرسی: (ئەو شتە چی یە؟)

لە وەلأمیاندا دەیوت: (نازانم، ئەوەندە هەیە مرۆڤێکی مەزنی تیادا وێنا دەکەم، هەندێ جار وەك مامۆستا شەرمی لێ دەکەم..)

"ڕاوێژ"یەکێك لە هاوەڵە نزیکەکانی"ڕاز"بوو، پێکەوە بۆ قوتابخانە دەچوون و پێکەوەش دەگەڕانەوە، هەندێ جاریش دوای عەسران سەردانی یەکتریان دەکرد و پیاسەیەکی دەشتە بەرینەکەی ئەو دیو گردۆڵکەکانیان دەکرد،، یاخود لە باخەکەی مالّی"ڕاز"دا دەمانەوە و کاتێکی خۆشیان بە قسە و باسی خوێندن و هاوپۆلەکانیانەوە بەسەر دەبرد، هەندێ جاریش ناوی چەند مامۆستایەك دەهێنرا و وتە و هەڵوێستەکانیان لێ دەدرایەوە...

بەهارێکی تەڕی پاراو بوو، قوتابخانەکەیان بریاری سازدانی سەیرانێکی دا بۆ سەر چیا بەرزەکانی باکووری شار کە نزیکەی"سی"کیلۆمەترێك دوورییەکەی بوو...

دەبوا"بیست وپێنج"کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبێل برۆیشتبانایە وپاشان بە پێیان بەرەو سەر شاخە بەرزەکە بە ڕێ بکەوتنایە...

بەیانی زووی ڕۆژی هەینی لە خەو هەستان و بە هەموو پێویستییەکی سەیرانەوە ڕوویان لە قوتابخانە کرد، کاتژمێر"نۆ"ی سەر لەبەیانی سواری پاسە گیراوەکان بوون و بەڕێ کەوتن، بۆ کاتژمێر"دە"ی سەر لە بەیانی گەیشتنە سەر پانتایی چیا مەزنەکە، ئەمەش دوای نزیکەی پێنج کیلۆمەترێك بەپێیان ڕێگا بڕین..

سەرکەوتن بۆ سەر چیاکە سەخت و ماندووکەر بوو، بەڵام کە گەیشتنە لووتکە و ئەو شوێنە ڕازاوەیان بینی هەموو ماندو بوونەکەیان لەبیر چوویەوە، بەسەر چیا بەرزەکەوە کانیاوێك هەڵدەقوڵا و هەموو سەر چیاکەی بە سەوزی

وگولّ خەملاّند بوو، کۆمەلّێك داری قەزوان لە پشتی کانیاوەکەوە سێبەر و دیمەنێکی دلّڕفێنیان بە دەوروبەری کانیاوەکە بەخشی بوو...

هەلاّلە برمەی سوور و ئالّ بە گەردنە بەرز و سەرکەشەکەیەوە لە پەنای بەرد و ناو دەوەنەکانەوە دەشەکایەوە، بۆنێکی دلّڕفێن بە کزەبایەکی ناسکەوە دەوەزی و هەواڵی

جیهانێکی تری بەگوێی عاشقاندا دەدا، پەلّە هەورێکی سپی بە خڕی لە ئاسمانێکی شینی بەرین دا بە تەنیا هات و چۆی دەکرد، دیاربوو ئەویش لە دووی مەعشوقەکەی خۆی دەگەڕا، چۆلەکەی جڕە و زەردەوەلی ناو بە ناوێك بەرچاو دەکەوتن و بە جریوە و جیکە سەرنجی سروشتیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا، باسی عیشقێکی نەمریان دەگێڕایەوە و خەمی دلّێکی خەفەکراویان بە بادەدا...

دوای پشودان و خواردنی نانێکی پر لە تام و چێژ قوتابییەکان یەك یەك و دوو دوو بە سەر چیاکەدا بلاّو بوونەوە، مامۆستاکان تکایان لێ دەکردن ئاگاداری خۆیان ببن و لە لێواری چیاکە نزیك نەبنەوە، قوتابییەکان کۆمەلّێك گەنج ولاوی سەرکەش بوون، هەریەکەیان بە جۆرێك گەورەیی و ئازایەتی خۆی نمایش دەکرد و هەندێ جاریش ئامۆژگاری مامۆستاکانیان بە چەند قسەیەکی زیاد و دووبارە بوەوە دەزانی کە ڕۆژانە لە دایکان و باوکانیان دەبیست...

"ڕاز"بە درێژایی سەرەوەی چیاکەدا دەستی بە گەڕان کرد، ئەو دەیویست ئەوەندە دوور بکەوێتەوە هەتا هاوار و دەنگی هاوڕێکانی خۆی نەبیستێ، حەزی بە هەندێك ئارامی بوو، ئارامییەك مرۆڤ لەگەلّ سروشت دا ئاشت بکاتەوە، بێدەنگییەك مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەری لەگەلّ یەکتر ئاوێزان بکات، ئەوەندە دوور کەوتەوە تا دلّنیا بوو لەوەی هیچ کام لە هاوڕێکانی ناگەنە نیوەی ئەو ڕێگایەی کە ئەو لە کانیاوەکەوە – بە درێژایی سەرەوەی چیاکەدا– بڕی بووی..

بۆ تاوێك پشوو لێ ی دانیشت، كەوتە تێڕامان لە دەوروبەری، شتە وردەكان بەر لە گەورەكان سەرنجی ڕادەكێشا، لە خەیاڵیدا كەوتە گفتوگۆ: (سەیری ئەو گیاندارە وردە كە بە ئەندازەی سەرە دەرزیەك دەبێت، بە ساقی ئەو چڵە گیایەدا سەردەكەوێت، سەرنج بدە ئەو پەڕە وردە ڕەنگا و ڕەنگانەی ئەم چڵە گیایە هەڵیگرتووە، منیش سەردانی ئەم گوڵەم نەكردبایە ئەو هەر گوڵ بوو، هەر خۆی دەڕازاندەوە و جوانییەكانی خۆی نمایش دەكرد، كەوابوو بە بێ منیش سروشت هەر سروشتە، بە بێ منیش گوڵ هەر گوڵە، كێ دەڵێ ئەو گوڵە لەگەڵ گیاندارە زۆر بچووكەكەدا عاشقی یەكتری نەبوون..؟!)

هەڵفڕینی لە ناكاوی باڵندەیەك بە ئاگای هێنایەوە و سەیری لای ڕاستی خۆی كرد و بینی كەلەبەرێكی زۆر تەسك لەسەر چیاكەوە بۆ لاپاڵی چیاكە شۆڕ دەبێتەوە، هەستا و بەرەو ڕێگا تەنگ و باریكەكە ڕۆیشت، زۆر بە زەحمەت مرۆڤ دەیتوانی لێیەوە دابەزێتە خوارەوە، دوای ماوەیەك سەرنج دان بڕیاری دا بەو ڕێگا تەسكەدا دابەزێتە خوارەوە و گەشتێكی بن چیایەكە بكات، هەر چۆنێك بوو لەسەر چیاكە دابەزی و بەرەو باشوور بە درێژایی چیاكەدا كەوتە گەڕان، دارستانی بن شاخەكە لە سەرەوەی چڕو پڕ تر بوو، لە پشتی گابەردێكی زەبەلاحەوە دابەزی وماوەیەك ڕێگای بڕی، دیوی خۆرئاوای چیاكە دیوێكی نسرم وسێبەر بوو، مرۆڤ هەستی بە سەرما دەكرد، ڕێگایەكی باریك لە بەردەمی دا كرایەوە و كەوتە سەر ڕێگاكە و دوای چەند مەترێك تووڵە ڕێگاكە خۆی خزاندە ناو ئەشكەوتێكەوە، ئەشكەوتێكی بەرین بە ئەندازەی دوو ژووری فراوان كە ئاگرێكی بە دار تیادا كرابوویەوە و قۆریەكی ڕەش لە قەراغی ئاگرەكە دانرا بوو، چەند پشكۆیەك هێنرا بووە لاوە و قۆریەكەی لەسەر نرا بوو، لەتە فەرشێك كە بەتانییەك لەسەری ڕاخرا بوو لە نزیك ئاگرەكەوە داخرا بوو، چرایەكی فانۆس لە سوچێكی لای سەرەوەی ئەشكەوتەكەوە لەسەر بەردێك كز لێی نیشت بوو،

گۆچانێك- كه پێ دەچوو له داری گوێز چەمێنرا بێ- له نزیك دەرگای ئەشكەوتەكەوە بە لەتە بەردێكی تیژی ناو ئەشكەوتەكەدا هەڵواسرا بوو، دیار بوو كەسێك لەو شوێنەدا دەژیا، بەڵام خۆی لە كوێ بێت..؟

ئەو بە سەرسامییەوە بە ناو ئەشكەوتەكەدا دەگەڕا، لە ناكاو گوێ ی لە تەپەی پێی كەسێك بوو، بە پەلە لە ئەشكەوتەكە هاتە دەرەوە و لە دەرگای ئەشكەوتەكەدا بە پیرەمێردێكدا ڕووی هەڵشاخا، پیاوێكی تا ڕادەیەك بۆ پێشەوە چەماوە، بەڕیشێكی سپی درێژەوە كلاوێكی لەسەر نابوو، پەستەكێكی بێ قۆڵی لە بەردا بوو، كراسێك و شەروالێكی كوردی پۆشی بوو، كە چاوی كەوت بە"ڕاز"وتی: (ئاھ... ئەوە تۆی... سەلام....))

ڕاز: (سەلام... ببووره بێ پرسی تۆ هاتمە ژوورەوە...)

پیرەمێردەكە: (ئەشكەوت مالّی هەموانە، بفەرموو بچینە ژوورەوە...)

"ڕاز"بە هەندێك ترسەوە بە دوای پیرەمێردەكەدا بۆ ناو ئەشكەوتەكە گەڕایەوە و ئەویش فەرموی لێكرد و لەسەر لەتە فەرشەكە دانیشت وپیرەمێردەكەش كوپێكی هێنا و لە قۆری پاڵ ئاگرەكە چایەكی بۆ"ڕاز"تێكرد و دایە دەستی و وتی: (چای دەشت و شاخ لە چای مالّەوە خۆشترە!)

"ڕاز"چایەكەی لێ گرت ولەگەڵ یەكەم قووم لێدانی وتی: (باپیرە تۆ لەم ئەشكەوتەدا ژیان بەسەر دەبەی؟)

پیرەمێردەكە: (بەشێك لە كاتەكانم..)

ڕاز: (ئەی مالّتان لە كوێ یە؟)

+: (لەو گوندەی لاپالّی چیای ئەو سەر)

-: (لێرە چی دەكەی؟)

+: (بە دوای گەنجێتی خۆم دا دەگەڕێم، لە دووی مەعشوقەكەم وێلّم...)

-: (جا تازە لاوێتی بۆ تۆ چۆن دەدۆزرێتەوە؟)

+: (لەوانەیە بتوانم)

"ڕاز"زۆر سەری لەم پیرەمێردە سوڕ دەما و لە بیری خۆیدا دەیوت: (بڵێ ی کەسێکی ساغ و ئاسایی بێت، بڵێ ی مەبەستی تری لە ناخی خۆی دا حەشار نەدابێ؟ گەنجێتی چۆن بۆ ئەم پیرەمێردە دەبینرێتەوە؟)

پیرەمێردەکە پرسیارەکانی ناوەوەی بە ئەو بڕی، دەتوت گوێی لە قسە پەنهانەکانی ناوەوەی ئەو بووە، وتی: (بۆچی نە؟ لەوانەیە... پێم بڵێ تۆ لە کوێوە هاتووی؟

-: (لە شارەوە)

"ڕاز"سەری لەوە سوڕما چۆن ئەم پیرەمێردە پرسیارەکانی دەروونی وەلآم دەداتەوە لە کاتێکدا ئەو بە زمان هیچی نەدرکاند...

دواتر پیرەمێردەکە وتی +: (شار..! شار خۆشە؟)

-: (هەموو کاتێ نە...)

+: (ئەشکەوتیش هەموو کاتێ خۆش نی یە)

-: (بەلآم من زۆرم خۆش دێ لەم ئەشکەوتە)

+: (لەوانەیە منیش زۆر حەزم لە شار بێت، چی لە شارا ناخۆشە؟)

-: (قسەرەبالّغی و زەلّە و دەنگی زۆر و بێ وێژدانی خەلّکەکەی، ئەدی ئەشکەوت کوێ ی ناخۆشە؟)

+: (تەنهایی...)

-: (من زۆر حەزم لە تەنهایی یە)

+: (بۆ؟)

-: (کە تەنها دەبم زۆر ئارامم)

+: (دایك و باوکت ماون؟)

-: (مردوون)

+: (له قوتابخانەدای؟)

-: (بەڵێ لە قۆناغی"پێنجەم"ی ئامادەییم بۆ قۆناغی"شەش"ە م دەردەچم)

+: (له خوێندن چ شتێکی زۆر گرنگ فێربووی؟)

-: (نازانم، ئەی تۆ خوێندەواریت هەیە؟)

+: (دەزانم بخوێنمەوە)

-: (بەڵام بە قسەکانت دا وادیارە تۆ کەسێکی خوێندەواری)

+: (بە زۆر قسە باوەڕ مەکە...)

-: (گەر نزیك بوومایە زوو زوو بۆ ئەم ئەشکەوتە دەهاتم)

+: (بۆچی دەهاتی؟!)

-: (نازانم، لەوانەیە حەزم بە سەردانی تۆ بێت)

+: (حەزت لە نان وخورما نی یە؟)

-: (نا، زۆر سوپاس، نانم خواردووە....)

+: (نەمزانی ناوت چی یە؟)

-: ("ڕاز"، ئەی تۆ ناوت چی یە؟)

+: ("ڕاز".... ناوێ خۆشە، منیش ناوم"موهتەدا"یە، خەڵك بە"مەولانا"بانگم دەکەن)

-: (بۆ پێت دەڵێن"مەولانا")

+: (مرۆڤ هەمیشە حەز دەکات کەسێك هەبێت خۆی بداتە پاڵی، بۆیە زۆرجار لە بێکەسیدا ناکەسیان لێ دەبێت بە کەس، ئەوان وەك پەنایەك بۆ خۆیان سەیری من دەکەن، بەڵام من تەنانەت خۆشم پێ پەنا نادرێت)

-: (باپیرە من دەتوانم تۆ ببینمەوە؟)

+: (ئەگەر بتەوێت...)

-: (هەر لەم ئەشکەوتە دەمێنیتەوە؟)

+: (یان لێرەم یان لە مزگەوتی گوندەکەی خۆمانم، بەڵام نەمزانی بۆ دەتەوێ سەرم لێ بدەی؟)

-: (بڵێم چی، یانی... حەزدەکەم... باپیرە ئەم ئەشکەوتە و تۆ زۆر لای من شیرینن)

+: (حەزت لە گوێگرتنی چیرۆك وداستان هەیە؟)

-: (زۆر...)

+: (ئەمجارە کە گەڕایتەوە داستانەکە دەست پێ دەکەین...)

-: (بەڵام لە خەونم دا تۆ بەشێك لەو داستانەت بۆ دەگێڕامەوە...)

+: (بەشەکەی تریشی لە ئاگاهی دا تەواو دەکەین)

-: (من دەبێ بڕۆم، هاوڕێکانم بەجێم دەهێڵن...)

+: (هەندێك ئاو لەو کوپەیە بخۆرەوە و پاشان بڕۆ...)

لە جامێکدا هەندێ ئاوی لە کوپەکە داکرد و نای بە سەریەوە و هەمووی خواردەوە، ئەوجا خواحافیزی کرد، لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا"ڕاز"وتی-: (من لە مێژە تۆ دەناسم!)

+: (منیش لە مێژە چاوەڕوانی تۆم!)

"ڕاز"بـه ڕێگەکـەی خـۆی دا بـۆ سـەر چـیاکه سـەرکەوتەوه و بـەرەو لای هاوڕێکانی گەڕایەوه، هاوڕێکانی به دڵخۆشییەوه بەرەو ڕووی هاتن وپرسیاریان لێکرد: (له بەیانییەوه بۆ کوێ چووبووی؟)

"ڕاز"سەری سوڕ دەما بۆچی بۆ ئەو گەڕاون و هەموو چیاکەیان پشکنیوه، هاته وەلأم و وتی: (من ئەوپەری یەك کاتژمێر دەبێ ئێوەم بەجێ هێلأوه!)

هاوڕێکانی: (لـه پـێش نیـوەڕۆوه تـۆ ئێمـەت بـەجێ هـێلأوه و ئێسـتا تـەنها کاتـژمێرێك ڕۆژی مـاوه، نزیکـەی"حـەوت"کاتـژمێرە تـۆ ون بـووی، ئێسـتا گەڕاویتەوه و دەڵێیت: تەنها یەك کاتژمێرە ئێوەم بەجێهێلأوه!)

"ڕاز"سەیرێکی خۆری کرد، ڕۆژ زۆر درەنگ بوو، بەلأم ئەو هەموو کاته چۆن بەسەر چووه؟! ئەو تەنها ساتێکی کەم لای پیرەمێردەکه دانیشت و هەر زوو به زوو گەڕایەوه، ئەو ڕووداوه مەتەڵێك بوو خۆیشی لێ ی حاڵی نەدەبوو...

یەکێك له مامۆستاکان وتی: (کوڕم تۆ بورانەوەت لەگەڵ نی یه؟)

ڕاز: (نەخێر، مامۆستا)

مامۆستا: (ئەی ئەو هەموو ماوەیه له کوێ بووی؟)

ڕاز: (له ڕاستی دا من لای خۆمەوه وا دەزانم تەنها کاتژمێرێکه ئێـوەم بـەجێ هێلأوه، پێم سەیره ئەو هەموو کاته تێپەڕیوه!)

مامۆستایەکی تر: (هاوڕێیان لێ ی گەڕێن، وەره کوڕم بچـین چـایەك پێکـەوه بخۆینەوه)

دەستی خسته سەر شـانی"ڕاز"و لـه هاوڕێکـانی دووری خسـتەوه و ڕۆیشـت کوپێك چای بۆ هێنا و له کاتی چا خواردنـەوه دا بـۆ ئاسـان کردنـی ڕووداوەکـه لەسەر دەروونی"ڕاز"وتی: (کـوڕم ئـەو حاڵەتـه ئاسـاییه و هەنـدێ جـار بەسـەر کەسانێکدا دێت، ئەو وا دەزانێ کاتێکی کەم له جێگەیەك دانیشـتووه، بـەلأم لـه

ڕاستی دا ماوەی زۆری بەسەردا تێ پەڕیووە، گرنگ ئەوەیە ئاسایی وەری بگریت و بیری لێ نەکەیتەوە...)

"ڕاز"سەری داخست بوو، بیری لە ڕووداوەکە دەکردەوە و جار جارێکیش سەرنجێکی خەیاڵاوی لە کوپە چاکە دەدا...

ئێوارە پاسەکان لە دوورەوە دەرکەوتن و ئەوانیش خۆیان کۆکردەوە و نزیکەی شێوان هەریەك بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە، ئەو شەوە تا درەنگانێك"راز"بیری لەو ڕووداوە سەر سوڕهێنەرە دەکردەوە: (باشە لە کانیاوەکەوە بۆ ئەشکەوتی پیرەمێردەکە بە پێیان ئەوپەڕی چارەکە سەعاتێك ڕێگەیە، چارەکێکیش گەڕانەوە ئەمە نیو کاتژمێر، گریمان چارەکێکیش لەسەر بەردەکە دانیشتبم دەکاتە سێ چارەکە سەعات، خۆ ئەوپەری چارەکێك لای پیرەمێردەکە دانیشتم، هەمووی دەکاتە یەك کاتژمێر، تۆ بڵێ کاتژمێر و نیوێك... ئەی ئەو"حەوت"کاتژمێرە چۆن بەسەرم دا تێپەڕیوە؟! نهێنی ئەو زوو تێپەربوونەی کات لە چیدایە؟!)

سەر شاخەکە؟ ڕێگاکە؟ دانیشتنی سەر بەردەکە؟ یاخود پیرەمێرد و ئەشکەوتەکە؟

"سەر شاخەکە"خۆ هاوڕێکانیشم لەوێ بوون ئەدی بۆچی وەکو منیان بەسەر نەهات؟!

"ڕێگەکە"خۆ لە کاتی گەڕانەوەم دا ئاگام لە کات بوو، زۆر بە زوویی بۆ لای هاوڕێکانم گەڕامەوە...گومانم لە دانیشتنی"سەر بەردەکە"هەیە، باشە لەو شوێنە بیرم لە چی دەکردەوە؟ گیاندارە بچووکەکە؟ ئەو چڵە گیایەی پیای دا سەردەکەوت؟ هەڵفڕینی باڵندەکە؟ لەوانەیە ماوەیەکی زۆر فیکرو خەیاڵم بەلای ئەو شتانەدا ڕۆیشتبێت...

ئەی بۆچی لەسەر ئەو بەردە هەستم بە سڕبوون و ماندووبوون نەکرد؟! تۆ بڵێ ی ئەو"ئەشکەوتە"ئەشکەوتێکی سیحراوی بێت، بڵێ ی پیرەمێردەکە

سیحرباز بێت؟ سیحرباز؟ بۆ نە؟ لەوانەیە... بەڵام سیحرباز پێویستی بە خەڵکە و لە ناو خەڵکدا ئەو هونەرانەی خۆی نمایش دەکات، سیحرباز چۆن ئاوەدانی بەجێ دەهێڵێ و ئەشکەوتێك دەکات بە ماوای خۆی؟! هەرچییەك بێت دەبێ لەم نهێنی یە تێبگەم... کە گەیشتە ئەم سەرئەنجامە چاوەکانی چوونە خەو و بەیانی بە دەنگی کەڵەشێرە سپی یە کلك کورتەکەی داپیرە و جریوە جریوی پاساری سەر دارتووەکان بە ئاگا هات...

لە کاتی دەم وچاو شۆرین دا خەونێکی ئەو شەوەی بەبیر هاتەوە: لە خەونی دا سوارێ کەشتی یەك بووە و لە ناوەڕاستی دەریایەکدا هات وچۆ دەکات و شەپۆلەکان خۆیان دەکێشن بە کەشتیەکەدا و خەریکن ژێرە و ژوورێ دەکەن، لەو دونیا ترس و سەرسامییەدا، پیرەمێردێك- کە زۆر لە پیرەمێردی ئەشکەوتەکە دەچوو- هات و کەشتی یەکەی گەیاندە قەراغ دەریاکە و ئەوی لە خنکان قوتار کرد: (چەند خەونێکی سامناك بوو! ئەو پیرەمێردەی ڕزگاری کردم زۆر بە پیرەمێردی ناو ئەشکەوتەکە دەچوو، ها... زۆر بە پیرەمێردی ناو ئەشکەوتەکە دەچوو، ئا... بەو دەچوو...)

"ڕاز"لە وێنەی ناو ئاوێنەی پشتی دەستشۆرەکە ڕاما بوو: (بڵێ ی ئەو وێنەیە من بم؟ کەی من ڕوخسارم بەو جۆرە بوو... بڵێ ی گەورە بووبم؟ قۆناغی منداڵیم بەجێ هێڵابێ و بووبم بە پیاو؟! ئەی بۆ لەگەڵ قسەکردنم دا لێوەکانم نابزوێن؟ ئەگەر ئەو وێنەیە منم دەبێ قسان بکات و لێوەکانی ببزوێت..)

بە بانگی داپیرە بە ئاگا هاتەوە و هێشتا هەر لە بیری وێنەی ناو ئاوێنەکەدا بوو، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت هەموو ئەو قسانە لە خەیاڵدا کردوونی و لێوەکانی نەبزواندووە تاکو وێنەی ناو ئاوێنەکە ببزوێت...

❁ ❁ ❁

-٢-

وەرگرتنی مانا و لەخۆ ڕامان

داپیرە کەرێ و هێلکەی لەگەڵ کوپێ چا بۆ"ڕاز"ئامادە کرد بوو، بەڵام ئەو بەیانی یە داوای لێبوردنی لە داپیرە کرد و هیچی پێ نەخورا، لە قوتابخانە چاوی بە"ڕاوێژ"ی برادەری کەوت و باسی سەیرانەکەی دوێنێیان لێدایەوە...

ڕاوێژ وتی: (سەیرانێکی خۆش بوو ئەگەر خەمی ون بوونی تۆمان نەخواردبایە)

ڕاز: (نازانم چۆن بوو لە ئێوە دوور کەوتمەوە!)

ڕاوێژ: (هەتیو تۆ دەڵێ ی"تەیرولحوبی"چاوت بە گوڵ و گوڵزار دەکەوێ عاشقی دەبیت)

ڕاز- بە بزەیەکەوە-: (ئەم عەسرە سەردانێکی سەر گردۆڵکەکان بکەین؟)

ڕاوێژ: (بۆچی نە؟ ئەگەر دیسان ون نەبیتەوە..)

کە گەڕایەوە لە قوتابخانە داپیرە خواردنی باشی بۆ ئامادە کرد بوو، چونکە دەیزانی برسییەتی و بەیانی هیچی نەخواردووە...

ڕاز: (سەلام داپیرە)

داپیرە: (سەلام، ڕۆحی داپیرە، کتێبەکانت لە ژوورەکەت دابنێ و دەست و دەم و چاوت بشۆ و وەرە خواردنی بەلەزەتی دەستی داپیرە بخۆ)

ڕاز: (داپیرە، زۆر سەیرە، دوێنێ نیوەڕۆ نانم خواردووە لەگەڵ ئەوەش دا تاکو ئێستا زۆر تێرم و هەست بە برسێتی ناکەم...)

داپیرە: (دوێنێ زۆر ماندوو بووی، کوڕم خۆ نەخۆش نیت؟)

ڕاز: (لە گوێزی ساغ ساغترم..)

داپیرە: (برۆ دەم و چاوت بشۆ و وەرە، ئەو شتەی بۆم دروست کردووی تێر ببینێ برسی دەبێ...)

"ڕاز"پاش کەمێك گەڕایەوە لای داپیرە و بینی بە فڕن مریشکی بۆ برژاندووە و سەوزە و خەیار و تەماتەی بە قاژکراوی بۆ ئامادە کردووە....

ڕاز: (بەڵام لەگەڵم نەخۆی، ناخۆم)

داپیرە: (کوڕم بەر لە هاتنەوەی تۆ من نانی خۆمم خواردوە...)

ڕاز: (یەك پارو بە دەستی"ڕاز"هەڵبەت لەبەر خاتری داپیرە بە دەستی ڕاست...)

"ڕاز"پارووپەکی بۆ کرد و لە دەمی داپیرەی نزیك کردەوە...

داپیرە: (بەم زیادە خۆریانە تۆ من نەخۆش دەخەی، دوایی کەس نابێت خزمەتت بکات...)

ڕاز: (داپیرە گیان خۆم خزمەتت دەکەم، کوڕی تەمبەڵی بێ کارەی خۆت لە خزمەتتدایە...)

داپیرە: (تۆ ئازا بە ژنێك بهێنە خزمەتمان بکات...)

ڕاز: (ژنێکیشت بۆ دەهێنم، بەڵام بۆ خۆم نە، بۆ... تۆ..)

داپیرە نەرمە پێکەنینێکی بۆ کرد و بە دەم ئیشکردنەوە چێشتخانەکەی بەجێ هێلاً...

عەسرەکەی "ڕاوێژ" سەردانی "ڕاز"ی کرد و پێکەوە بەرەو گردۆڵکەکانی ئەوسەری دەشتە بەرینەکە بە پیاسە بەڕێکەوتن... هەردووکیان کتێبی "زیندەوەرزانییان" بۆ خوێندن لەگەڵ خۆیان هێنا بوو....

ڕاوێژ: (ئەوڕۆ مامۆستای زمانی عەرەبی خراپ دابارێ بە سەرمان دا)

ڕاز: (بەراستی پۆلەکەی ئێمەش ناخۆشیان کردووە، ئەو دوو سێ قوتابییەی ناوەڕاست هەموو شتێك بە فشقیات دەگرن، وانەیەك نی یە ئەوان هەڵنەدەنێ و گۆبەند دروست نەکەن...)

ڕاوێژ: (بەڵام مامۆستا حەق نی یە بە هۆی دووسێ کەسەوە هەموومان تەرزەکوت بکات...)

ڕاز: (مامۆستا کە ئەو قسانە دەکات مەبەستی قوتابی نەزان و بەزمچی یە...)

ڕاوێژ: (حەقە هەموو پۆلەکە بەو سێ قوتابی یە بڵێین: لێرە بەدواوە مافی ئێمە پێشێل نەکەن و پۆلەکەمان لە قوتابخانەکەدا بەدناو نەکەن...)

ڕاز: (سبەینێ قسەی لێ دەکەین...)

ڕاوێژ: (ئێستا زۆر لە یەکتر دوور ناکەوینەوە و هەریەکەمان بە تەنها کاتژمێرێك "زیندەوەرزانی" دەخوێنین..)

"ڕاز" بە نیو کاتژمێرێك وانەکەی بە باشی بۆ سبەینێ ئامادە کرد و لە ناو کۆما گیایەکدا لێ ی دانیشت، پیرەمێردەکە کەوتەوە بەر خەیاڵی، حەزی بە سەردانێکی تری ئەو بوو – لەخەیاڵیدا–: (ئەگەر بۆ شەممە تاقیکردنەوەمان بۆ دانەنرا ئەوا ڕۆژی هەینی سەرێکی لێ دەدەم... هەر خۆم بە تەنیا بڕۆم یان کەسێك لەگەڵ خۆم دا بەرم؟)

پاشان هاتە سەر ئەوەی بە تەنیا سەردانی بکات... دوای کەمێك تێڕامان لە گیا و گوڵەکانی دەوروبەری "ڕاوێژ" کێشای بە پشتیا و لە تەنیشتی یەوە دانیشت...

- : (لەبەرت کرد؟)

ڕاز: (بەباشی)

- : (باشە، پرسیارت لێ دەکەم)

+: (دەی فەرموو...)

- : ("یۆگلینا"بە هۆی چی یەوە دەجوولێ؟

+: (قامچی)

- : (ئەوەت زانی... بۆچی جوولەی قامچی شەپۆلی یە؟)

+: (چونکە... چونکە گرژبوونی لە بنکەوە دەست پێ دەکات و بە درێژایی تەوەرەی قامچییەکە بۆ سەرە بەرەلاکەی دەگوێزرێتەوە... ئەوجا نۆرەی منە پرسیار لە تۆ بکەم...)

- : (پرسیار بکە)

+: (جوولەی"پڕبوونە پەستان"لە چ جۆرە ڕووەکێکدایە؟

- : (لە ڕووەکە مێروگرەکاندا)

+: ("پەرامیسیۆم"بە هۆی چی یەوە دەجوولێ؟

- : (بە هۆی..... قا... بە هۆی کولکەوە...

+: (گود، ڤێری گود...)

ئەو ڕۆژە بۆ ماڵەوە گەڕانەوە و بەیانی لە قوتابخانە هەردووکیان کەوتنە گفت وگۆ و وت و وێژ لە مەڕ گرفتی پۆلەکەیان و ئەو چەند خوێندکارە گێرەشێوێنە... بڕیاریاندا لەگەڵ مامۆستای وانەی"فیزیا"دا باسی بکەن، کە مامۆستایەکی ڕۆشنبیریی فراوان و ڕۆح سووکە و لای زۆرینەی خوێندکاران خۆشەویستە، هەوڵبدەن قسە و گفتوگۆ دەربارەی کێشەکانیان بکەن و چارەسەرێکیش بۆ ئەو چەند خوێندکارە بدۆزنەوە...

که زەنگی پشوو لێدرا هەردووکیان شوێنی مامۆستای وانەی"فیزیا"کەوتن و داوایان لێکرد هەندێ لە کاتی خۆیان پێ ببەخشێ...

مامۆستای فیزیا: (بفەرمون، بە خۆشحاڵییەوە...)

هەردووکیان باسەکەیان لا کردەوە و ئەویش بەڵێنی دا وانەی داهاتوو بۆ ئەو گرفتە تەرخان بکات و هەوڵی چارەسەری کێشەی پۆلەکەیان بدات...

ئەو ڕۆژە بە خۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە، چونکە هەستیان دەکرد ئەوان کەسێکی گەورە و خەمخۆرن و گوێیان بۆ دەگیرێت، بە دەمەوە هاتنی داواکەیان لە لایەن مامۆستای بەڕێزەوە ئەوانی هەڵدەنا بۆ کاری چاکە و خزمەتکردن بە کۆمەڵ...

دوای نیوەڕۆکەی تاوێك نوست و پاشان هەستا و چوو بۆ ناو باخچەی حەوشەکە، لە سەر جۆلانەی ژێر دارتووە قەشەنگەکە دانیشت و گوڕێکی بە خۆی دا و جۆلانەکە کەوتە هات و چۆ، ئەویش سەری بۆ پشتەوە و هەردوو باڵەکانی بە سەر جۆلانەکەدا بڵاو کردبوەوە و بە سنگێکی قوول پر بە سییەکانی هەناسەی هەڵدەمژی...

لەگەڵ ڕۆشتن و هاتنی جۆلانەکەدا کەوتە بیرکردنەوە لە یاسای جوواڵە: (مامۆستای"فیزیا"دەیوت: **جوواڵە گۆڕانی یەکبینەی شوێنی تەنێکە لە چاو شوێنی تەنێکی تردا کە بە نەگۆڕ دابنرێت**، بەپێ ی ئەم پێناسەیە من لە یەك کاتدا وەستاوم و لە جوواڵەش دام، من بە نیسبەت زەویەوە لە جوواڵە دام، بەاڵم بە نیسبەت جۆلانەکەوە وەستاوم، چونکە لە ناو جۆلانەکەدام... سەیرە، کۆبوونەوەی دوو مانای دژ بە یەکتر لە یەك شتدا و لە هەمان کاتدا! من وەستاوم، من لە جوواڵە دام! کێ ناڵێ من ئێستا کە بە ئاگام بەراورد بە هەندێ شتی تر نەنووستووم!، هەروەها من زیندووم، بەاڵم پێدەچێ مردوو بم، من ڕاستەقینەم و لە هەمان کاتدا خەیاڵی ڕۆمانووسێکی دەست بەتاڵم... لەوانەیە ڕۆمانووسەکە جۆلانەکە ببزوێنێ نەوەك"ڕاز"، ئەم باخە بەم هەموو جوانی و

پازاوەیی یەوە ئەو ڕۆمانناووسە وێنەی دارەکانی دەکێشێ و بە فڵچە و بۆیاخی نیگارەکانی سەوزیان دەکات... کێ نالێ داپیرە داهێنراوی ئەندێشەی ڕۆمانناووسێك نییە؟!

لەو کاتەدا داپیرە بە سۆندەیەکەوە خەریکی ئاودانی باخچەی گوڵەکان بوو"پاز"بانگی لێکرد: (هۆ داپیرە تۆ خەیاڵیت یان داپیرەی پاستەقینەیت؟! ئەو گوڵانە تۆ ناشتوونت یان ڕۆمانناووسەکە؟ ئەو ئاوە ئاوی پاستەقینەی بیرەکەیە یان لە نووکی قەڵەمی نووسەری ڕۆمانەکەوە دادەچۆڕێ؟

داپیرە سەرنجێکی قوواڵی دایە"پاز"و وتی: (کوڕم، وڕێنە دەکەی؟ خۆ نەنوستووی؟!

پاز: (نەنوستووم، بەڵام لەوانەیە نووستبم، وڕێنە ناکەم، بەڵام لەوانەیە وڕێنەم پێ بکەن، یاخود پاستییەکان لەسەر زمانی من بدرکێنێ...)

داپیرە: (کێ یە پاستییەکان لەسەر زمانی تۆ دەدرکێنێ؟

پاز: (ڕۆمانناووس...)

داپیرە: (دەڵێم ئەوەندە کتێب مەخوێنەرەوە، دوو دینارت پێ دەدەم بە کتێبی دەدەی و دێنیتیەوە بۆ گیانم، شەڵاڵ کتێبەکانیش کتێب بوونایە، کۆمەڵێك نووسەری شێت کە تەنانەت خۆشیان لەخۆیان تێناگەن...)

ماوەیەکی تر لە جۆلانەکەدا مایەوە و پاشان چوو بۆ لای داپیرە و سۆندەکەی لێگرت و دەستی بە ئاودانی گوڵەکان کرد، داپیرە لەسەر کورسی یە دارەکەی ناو چیمەنەکە

لێ ی دانیشت و سەیری"پاز"ی دەکرد: (تۆقە گوڵی لای دارمێوەکەت لە بیر چوو ئەوانیش ئاو بدە)

پاز: (ئاھ... ڕاست دەکەیت، دەگەڕێمەوە بۆ لایان)

داپیرە: (دەترسم ڕۆمانناووسەکە نەهێڵێ ئاویان بدەیت...)

ڕاز: (به پێکەنینەوە.... ئەو نووسەرە شێتە خۆشی بێ و ترشی بێ هەر ئاویان دەدەم...)

داپیرە هەستا و وتی: ("ڕازە"گیان کە تەواو بوویت پلاکی موزەخەکەت لەبیر نەچێت، بیکوژێنەوە...)

ڕاز: (ئەگەر ڕۆمانووسەکە لە بیری نەچوو، باشە بە سەر چاو...)

شەو هەندێك بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشت و لە یەکێك لە کەناڵەکانەوە هەواڵەکانی جیهانی گوێ لێگرت: (بوومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوژمی"شەش"پلەی ڕێختەر گەورەترین شار لە"یابان"دەهەژێنێ... سەندیکای کرێکاران لە"فەرەنسا"بڕیاری مانگرتن دەدەن... زانایانی"بۆماوە"ی بەریتانیا بیر لە کۆپی کردنی بەرخێك دەکەنەوە... فیلێك لە شانۆیەکی نمایشی سێرکدا یاخی دەبێت و خاوەنەکەی خۆی دەکوژێت...، پاشان"ڕاز"هەستا و هۆڵی دانیشتنەکەی بە تەلەفزیۆنەکەوە بەجێ هێلاّ و هاواری کرد: (داپیرە من دەچم بۆ ژوورەکەی خۆم...)

داپیرە لە چێشتخانەکەوە: (کوڕم، کاکاوێکم بۆ تێکردووی)

"ڕاز"گەڕایەوە و کوپەکەی لێگرت و وتی: (دەچم لە ژوورەکەی خۆم دەیخۆمەوە، خوێندنم هەیە...)

لە ژوورەکەی خۆی دا بە دەم خواردنەوەی کوپە کاکاوەکەوە- لە بیری خۆی دا- : (ئەگەر قوربانیانی کارەساتی بوومەلەرزەکە بە دەستی ڕۆمانووس بوو بێت، دەبێ ئەو ڕۆمانووسە بدرێ بە دادگا... جا لای کێ شکات لە ڕۆمانووس دەکرێت؟

چ دەسەلاّتێك هەیە ڕۆمانووس پابەندی بەها ئەخلاقیەکان بکات؟ هیچ هێزێك ناتوانێ ڕۆمانووس ناچار بکات) پاش ماوەیەك لە وەستان: (با، ویژدانی

خۆی... ئەی ئەگەر وێژدانی نەبوو؟ بڵێ ی کەسی بێ وێژدان ببێ بە ڕۆماننووس؟ پێم وانی یە... بۆ پێت وانی یە؟)

پرسیارەکانی بێ وەڵام بەجێ هێڵا و کەوتە ئامادەکردنی چاپتەری "هەشت"ی کتێبی ئەدەبی ئینگلیزی: (ئۆلیڤەر تویست:

مامۆستای زمانی ئینگلیزی چیرۆکەکەی لای قوتابییەکانی شیرین کرد بوو، ئەوان بۆ سەرئەنجامی "ئۆلیڤەر"یە پەرۆشەوە بوون... مامۆستاش هەر وانە و بەشێکی بۆ باس دەکردن، وانەی داهاتوویان خاڵی: (A) و: (B) لە چاپتەری "هەشت"ئەرکی ماڵەوەیان بوو..

دوای لەبەرکردنی ئەو دوو بەشەی بە سەریاندا درا بوو لەسەر پشت بە سەر جێگەی نوستنی دا ڕاکشا و کەوتە خەیاڵی "ئۆلیڤەر": (چەند منداڵێکی کەم بەخت و بێ چارەیە! دایك و باوکی خۆت نەبینی و لە کۆمەڵگایەکی بێ بەزەیی وەك ئەو سەردەمەدا ژیان بەسەر بەریت! هەموو ئازارەکانی ئەم منداڵە تاوانی چیرۆکنووسەکەیە، "چارلس دێکنز"دەیتوانی "ئۆلیڤەر"بکات بە منداڵی خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و خۆش گوزەران.. بەڵام بۆ نایکات؟ بۆ ئەوەی ئێمە هەست بە ئازارەکانی یەکتری بکەین... چیرۆکنووس "ئۆلیڤەر"ی کردە قۆچی قوربانی هەموو ئەو منداڵانەی ئەورۆ لە "ئەورووپا"دا خۆشترین زیندەگی بەسەر دەبەن.. بەڵام ئەی "ئۆلیڤەر"گوناهی چی بوو؟ بۆ دەبێ لە پێناوی ئەوانی تردا بکرێتە قوربانی؟ کێ پاداشتی "ئۆلیڤەر"بداتەوە و قەرەبووی زیانەکانی بۆ بکاتەوە؟ من لە "بەریتانیا"بوومایە لە دادگا داوایەکم لەسەر "چارلس دێکنز"تۆمار دەکرد و داوای گێڕانەوەی مافەکانی "ئۆلیڤەر"م دەکرد...

لەوانەیە ئەو هەموو بەرگریەی من لە "ئۆلیڤەر"ی دەکەم، "ئۆلیڤەر"وەکو من بیر نەکاتەوە، کێ نازانێ ئەویش داوایەك لەسەر من تۆمار ناکات و تیای دا بەوە تۆمەتبارم ناکات کە ڕۆڵم لێ تێك داوە، ئەو ویستوویەتی منداڵێکی هەژاری بێ دەرەتان بێ و "ڕاز"یش دەیەوێ بە ڕۆڵەی خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی بکات؟)

بـۆ سـبەینێ لـە قوتابخانـە لەگـەڵ"ڕاز و ڕاوێـژ"بـە دەم تێپـەڕبوونی مامۆستای"فیزیا"وە بـە هۆڵەکـەدا بەڵێنەکـەی دوێنێیـان بـە بـیر هێنایـەوە، مامۆستاش وتی: لە بیرمە... وانەی سێ یەم وانەی"فیزیا"بوو، مامۆستا دوای ڕۆژباش وتی: (ئەوڕۆ دەمەوێ وانەی"فیزیا"باس نەکـەم و گفتوگۆیـەک لـە گـەڵ یەکتردا بکەین...)

قوتابیان: (زۆرمان پـێ خۆشە، سوپاس مامۆستا...)

مامۆسـتا: (دەمـەوێ گفتوگۆیەکـەمان بـە پرسـیارێك دەسـت پـێ بکـەم ئایـا پێویستە بە ئەخلاق بین؟)

پرسیارەکەی بە تەباشـیرێکی سـوور لەسـەر تەختەڕەشـەکە نوسـی و وتـی: (بۆیە بە سوور پرسیارەکە دەنووسم، چونکە پرسیارێکی تابۆ و قاچاخە)

چەند قوتابییەك لـە شـوێنی خۆیانـەوە دەسـتیان بـەرز کـردەوە و مامۆسـتا سەرەتا"جوتیار"ی هەستاند و پـێ ی وت: وەرە سەر تەختەڕەشـەکە و مـن لـە جێگەی تۆ دادەنیشم...

"جوتیار"هاتە سەر تەختەکە و وتی: (بـە ڕای مـن ئـەخلاق کۆمـەڵێ کـۆت و بەند و باوە و هیچ پێویست ناکات ئێمە پابەندی شتێك ببین نە بەرهەمی دەستی خۆمانە و نە پێشمان خۆشە بەو شتانەوە ببەسترێینەوە...)

مامۆستا ڕووی کردە قوتابییەکان و وتی: (کێ پرسیاری هەیە لە"جوتیار"بـا بیکات...)

زۆر قوتـابی دەسـتی هـەڵبڕی و مامۆسـتا ئامـاژەی بـۆ یـەکێکیان کـرد، قوتابییەکە لە جێگەی خۆی هەستایە سەر پـێ و وتی: (کاك"جوتیار"بەدیلی بـە ئەخلاق بوون چی یە، ئێمە گەر نامانەوێت بە ئەخلاق بین دەبـێ چیتر بین؟)

جوتیار: (هەرچییەك بێت لەم کۆت و زنجیرە کۆمەڵایەتییانە باشترە)

قوتابیەکی تر: (هەر کەسێك ئەم جۆرە لە ئەخلاقی قبوڵ نی یە دەبێ لە خۆیەوە دەست پێ بکات، ئایا کاك"جوتیار"ئامادەیە لەو شتانەی ئەوڕۆی کۆمەڵگە یاخی ببێت؟)

جوتیار: (ئەگەر تۆم لە گەڵدا بێت، بەڵێ)

مامۆستا: (سوپاس کاك"جوتیار"، فەرموو دانیشە، کێیتر دەیەوێ وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە؟)

"یوسوف"دەستی بەرز کردەوە و مامۆستاش فەرمووی لێکرد بۆ سەر تەختەکە

یوسوف: (بە ڕای من دەبێ پێناسەی ئەخلاق بکەین، ئەوجا بڕیارمان پێ دەدرێت ئایا بە ئەخلاق بین یان بێ ئەخلاق؟)

مامۆستا: (قسەیەکی زۆر باشە، خۆت دەتوانی پێناسەیەکمان بۆ بکەی؟ یاخود هەر قوتابییەکی تر بتوانێت پێناسەیەکی ئەخلاقمان بۆ بکات؟)

یوسوف: (لای من ئەخلاق ئەوەیە: کۆمەڵگا باوەڕی پێ هێناوە و بە ڕاستی دەزانێت،، واتە خەیاڵگەی گشتی کۆمەڵ بە ڕەوای بزانێت)

مامۆستا: (پێناسەیەکی تر؟)

قوتابیەك: (هەموو ئەو شتانەی ئایین بە پەسەندی دەزانێت لای من پەسەندە و پابەندبوون پێیانەوە ئەخلاقە...)

قوتابییەکی تر لە ڕیزی لای پەنجەرەکەوە: (من ئەوەی ئایین دەیڵێ قبوڵم نی یە و خۆشم بە بێ ئەخلاق تەماشا ناکەم)

مامۆستا: (کەسی تر هەیە بیەوێ هەستێتە سەر تەختەکە؟

"شاروخ"دەستی بەرز کردەوە و مامۆستاش فەرمووی لێکرد: (ئەخلاق پێوەرێکی ڕێژەیی هەیە و هەندێ شت لای ئێمە و لەم کۆمەڵگای ئێمەدا بە ئەخلاق سەرژمێر دەکرێ و لە گۆمەڵگەیەکی وەکو"سوید"دا سەرژمێری بێ

ئەخلاقی بۆ دەکرێت یان بە پێچەوانەوە، بۆیە هەر کۆمەڵگەیەک بە پێ ی فەرهەنگ و کولتوری تایبەت بە خۆی ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە...)

مامۆستا وتی: (کەس پرسیاری لە کاك"شاروخ"هەیە؟)

ڕاز: (بەڵێ، کاك"شاروخ"پێت وانی یە لە نێوان هەموو فەرهەنگ و کولتووره جیاجیاکاندا پانتاییەکی هاوبەش بۆ ئەخلاق بوونی هەبێت؟ بۆ نموونە کوشتنی منداڵێکی شێرەخۆرە لە تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بە تاوان سەرژمێر دەکرێت، هەر بەو جۆرە: درۆکردن و ڕاستگۆیی، دزی و داگیرکردنی سامانی مەردوومان، دەستگیرۆیی و یارمەتی دانی هەژاران و بێ نەوایان، بە زۆر و بێ مارە و دەستوری خواستن داگیرکردنی ئافرەتێك و بە زۆر کاری سێکسی لەگەڵ کردنی، بەکارهێنانی منداڵ بۆ کاری دزی و لاشە فرۆشی....ئەمانە و دەیان و سەدان لەم نموونانە بەڵگەی بوونی کۆ ناوەندێك نی یە کە ناکەوێتە ژێر پێوەری ڕێژەیی بوونەوە؟)

بەر لەوەی"شاروخ"وەڵام بداتەوە، مامۆستا هەستا و بۆ دانیشتنەوە فەرمووی لە"شاروخ"کرد و"شاروخ"یش لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و پاشان مامۆستا چاوێکی گێڕا بە سەر هەموو قوتابییەکاندا و وتی: (لە کۆی قسەکانی ئێوەوە دەگەینە چەند دەرئەنجامێك کە بە خاڵ دەتوانین لەسەر تەختەڕەشەکە بینووسین:

* کۆمەڵێك بەندوباوی کۆمەڵایەتی هەیە ئێمەی مرۆڤ دروستمان کردووە و لە پرۆسەیەکی گۆڕانی بەردەوامدا دەتوانرێ بە پێ ی"ئاکتیف"بوون و"پاسیف"بوونی ئەو ئەخلاقانە گۆڕانیان تیا بکەین و دەستبەرداری هەندێکیشیان ببین، تا چەند ساڵ لەمەوبەر بووك ئافرەتێکیان لە ماڵی باوانەوە تەك دەخست بە ناوی"پێخەسوو"، بەڵام ئێستا ئەو خووە ناپەسەندە لە گۆڕ نراوە و نەماوە...

* بـه دیلـی بـه ئـەخلاقبوون بریتییـه لـه"بـه ئـەخلاقبوون"نـەك"بـێ ئەخلاقبوون"، چونکه ئەخلاقێکی دزێو له ئەمرۆدا و پەسەند له دوێنێ ی دووردا لا دەبەین و ئەخلاقێکی پەسەند له جێگەی دادەنێین، یان پەسـەندێ لادەبـەین پەسەنترێك دێته ئاراوه...

* گۆران هەوڵی تاکه کەسێك نی یه و له چەند ڕۆژێکدا گۆران بەرهەم نایەت، بۆ ئەوەی دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی ناڕەسـەن- لـه ئـەمڕۆدا- بـه دیاردەیـەکی چالاك و پەسەند بگۆڕین دەبێ بەشێکی زۆری کۆمەڵگه یان هیچ نـەبێ نوخبـەی ڕۆشنبیر و دەسەڵات بەشدار بین لەو گۆڕانەدا...

* بـۆ پێناسـەی ئـەخلاق چـەندین پێـوەر ڕۆڵـی هەیـه: ئـایین، ڕۆشـنبیری، پەیوەندی یه ئابوریەکان، یاسا، عورفی کۆمەڵ، هـەموو ئەمانـه کـۆ دەبنـەوه و مۆری ئەخلاق به دیاردەیەك، پەیوەندیەك، یاخود نەریتێکدا دەنێن....

* ئـەخلاق لـه دوو ئاسـت دایـه، ئاسـتێکی گـۆڕا و کـه ڕێـژەیی بـوون لـه گۆمەڵگەیەکەوه بۆ کۆمەڵگەیـەکی تـرو لـه فەرهەنگێکـەوه بـۆ فەرهـەنگێکی تـر وەردەگرێت، گۆڕان لەم بەشەدا کارێکی سروشتی یـه، ئاسـتی دووەم ئاسـتێکی نەگۆڕه و ئەو پانتاییـه نەگۆڕەیـه کـه"ڕاز"ئاماژەی پێکـرد، ئێمـه نـاتوانین لـه ڕۆژهەڵات دا ڕاستگۆ بین و له ڕۆژئاوادا درۆزن، ڕاستگۆیی لەسەرو زەمەنەوەیە و بەهایەکی قبوڵکراوی سەرجەم مرۆڤایەتی یه..

لەم"پێنج"خاڵەوه که بریتی یه لـه"پێـنج"بنـەما بـۆ سـەیرکردنی"ئـەخلاق" دەگەمه سەرئەنجامێك ئەویش ئەوەیه: مادام بڕیارماندراوه لـه گۆمەڵگـەدا بـژین دەبێ بەشـێك لـه حـەزەکانی خۆمـان بپەرچـێنین یـاخود بچـەپێنین بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگه فرێمان نەداته دەرەوەی ڕەحم و هەناوی خۆیـەوه، ئەگـەر دەشـڵێ ی من ئەو بەند و باوانەم قبوڵ نی یه ئەوه کـەس زۆری لـێ نـەکردووی و دەتـوانی کۆمەڵگه بـەجێ بهێڵـی و ڕوو لـه ئەشکەوتێك بکـەیت، هـەر لێـرەوه پـێم باشـه بڵێم: ئەم پۆلەی ئێوه نموونەی کۆمەڵگەیەکی بچووك کراوەیـه، هـەر یـەکێك لـه

ئێوه بەشێك لە حەز و خواستەکانی خۆی لەم پۆلەدا ون دەکات، چونکە ئامانجێکی دەستە جەمعی ئێوەی لەم پۆلەدا کۆ کردۆتەوە، هەر کارێك لەم پۆلەدا پێچەوانەی ئەو ئامانجە بێ کە خوێندن و فێربوونە پۆلەکە مۆری ناشەرعییەتی پیا دەنێ و پێی قبوڵ ناکرێت، من دەزانم لەوانەیە کەسانێك هەبن لە کاتی ئەم وتوویژەی خۆماندا حەزیان بە سیاچەمانە، یاخود هەڵپەڕکێ بوو بێت، بەڵام دەبێ بیر لەوە بکەنەوە ئەم پۆلە نە ناو باخە گوێزەکانی هەورامانە نە تیپی هەڵپەڕکێ ی کوردستانە، ئێرە پۆلە و ئامانجێك لە کۆبوونەوەماندا هەیە و دەبێ بە ڕاستترین و ئاسانترین ڕێگە ئامانجەکانی خۆمان دەستەبەر بکەین، بۆیە تکامە حورمەتی پۆلەکەتان بگرن و مافی گشتی پێشێل مەکەن...)

لەگەڵ وتنی ئەو ڕستەیەدا زەنگی پشوو لێ ی دا و مامۆستا پۆلەکەی بەجێ هێڵا...

لە کاتی گەڕانەوەیاندا باسی نێوان"ڕاز"و"ڕاوێژ"بابەتەکەی ئەوڕۆی مامۆستای"فیزیا"بوو،"ڕاوێژ"پرسیاری کرد: (باشە بۆ مامۆستایانی تر وەك مامۆستای"فیزیا"ناوە بە ناوە گفتوگۆیەك لەگەڵ قوتابیان ساز ناکەن؟

ڕاز: (لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرجەم مامۆستایان هەندێ مامۆستا پێ ی وایە ئەگەر خۆی دابەزێنێت بۆ ئاستی قوتابییەکانی ئەوا کەسایەتی لەکەدار دەبێت و بە چاوێکی نزم تەماشا دەکرێت)

ڕاوێژ: (بەڵام هەموو قوتابییەکیش شایستەی ئەوە نی یە مامۆستا لەگەڵی وەك دوو برادەر هەڵسوکەوت بکات)

ڕاز: (بۆ؟)

ڕاوێژ: (چونکە هەندێك قوتابی فورسەتباز و ناڕۆشنبیرە و ئەو پەیوەندییەی نێوان مامۆستا و قوتابی بە ئاقارێکی تردا دەبات)

ڕاز: (بەڵام بە هۆی چەند قوتابییەکی لەو جۆرەوە نابێ ئەو یاسا دروستەی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی واز لێ بهێنرێت کە ئەویش گفتوگۆ و گوێگرتنە بۆ یەکتری)

کاتێك"ڕاز"خواحافیزی لە ڕاوێژ کرد، کەوتە بیرکردنەوە لەو قسەی مامۆستا کە دەیوت:"**ئەگەر بەهاو داواکانی کۆمەڵگەت لا قبوڵ نی یە دەتوانی کۆمەڵ بەجێ بهێڵی و ڕوو لە ئەشکەوتێك بکەیت**"، لە خەیاڵی خۆیدا: (بڵێ ی پیرەمێردی ئەشکەوتەکە لە کۆمەڵ یاخی بووبێت و نەیەوێ بچێتە ژێر نیر و هەوجاڕی جوتی کۆمەڵەوە؟! بۆ نە؟ لەوانەیە..)

شەو دوای خوێندی وانەکانی هەموو گفتوگۆیەکەی ئەو ڕۆژەی نێوان مامۆستا و قوتابیانی هێنایەوە بەر زەین و لەڕاستی و ناراستی قسەی هەریەکێکیان دەکۆڵیەوە: (مامۆستای"فیزیا"ش بۆخۆی ڕۆمانووسێکە، ئەو بەڵگە و بورهانی ئەقڵی لە ئاستێکدایە دەتوانێت بەردت لێ بکات بە ووشتر و بۆ بەرانبەرەکەشی بسەلمێنێ...بڵێی ئەم ڕۆڵە باش و کاریگەرەی ئەقڵ دیسان کاری دەستی ڕۆمانووسەکە بێت؟! کاری ئەو بێت و بیەوێ لە کەسێکی وەك مامۆستای"فیزیا"دا گەورەیی و دەسەلاتی ژیری مرۆڤ نمایش بکات..؟!

من تا ئەو ڕۆمانووسە نەبینم ڕاستی و ناڕاستی شتەکانم بۆ یەکلا نابێتەوە....جا چۆن کارەکتەری ناو ڕۆمان- کە منم- دەتوانێ ڕۆمانووس ببینێ؟! هەریەك لە ئێمە بەشێکە لە زەینی ڕۆمانووس، واتە ئێمە ئەوین، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوین لە ئەو، کەسێك میهری بەسەردا ڕژاوە و کەسێکی تر قار، کەسێك دەوڵەمەندی و یەکێکی تر هەژاری...

کەوابوو ئەو قسەیە دروستە کە دەڵێت:"هەرکەسێك خۆی بناسێ ئەو دەناسێت"، چونکە ئەو کەسە بەشێکی دانەبڕاوە لەوێنەکانی زەینی ئەو.... ئەم تێڕوانینە بۆ بوون شتەکانمان لا دەکات بەسێبەر، ئەو کتێبخانەیە، ئەو پەردەیە، ئەو منداڵە گەدایەی تابلۆی سەردیوارەکە، هەر هەموو

سێبەرن...تابلۆی سەر دیوارەکە سێبەری سێبەرە، نیگارکێشەکە بۆ خۆی سێبەرە چونکە وێنەی سەری ڕۆمانووسەکەیە کەچی هاتووە و سێبەرێکی لە زەینیدا خولقاندووە ئەویش تابلۆی منداڵە گەداکەیە..گوناهی ئەم منداڵە چییە لە زەینی نیگارکێشدا ڕۆڵی گەدایی پێدراوە؟ بۆچی وەک منداڵەکانی تری ناو پۆلەکە- وەک لە تابلۆکەدا هاتووە- دڵخۆش و خۆشنوود نەبێت؟ بۆ بەشی ئەم منداڵە لە زەینی وێنەکێشەکەدا کەشکۆڵێک و پۆشاکێکی کۆن و وێڵبوون بێت بەدوای پاروویەک نان دا، بەڵام منداڵەکانی ژوورەوە - وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێ- خۆشبەختن و منداڵی دەوڵەمەندن و خەریکی خوێندنن؟ ئێمە ئەگەر لە نیگارکێشەکە بپرسین بۆچی لە کێشانی تابلۆکەتدا قوڕت بەسەر ئەو منداڵە گەدایەدا کرد و ئەوانی ترت لەمیهرو بەزەیی خۆتدا نوقم کرد؟ دەبێ نیگارکێشەکە وەڵامی چی بێت؟

لەوانەیە بڵێت: من واقیعێکم باس کردووە، ژیان پڕە لە منداڵی گەدا و منداڵی کامەران، دەمەوێ سەرنجی تۆ بۆلای حەقیقەتی ژیان ڕابکێشم...

بەڵام منیش پێی دەڵێم: ئەو منداڵەی ناو تابلۆکە چ گوناهێکی کردووە کە تۆ کردت بە هێمای گەدایی و دەربڕی ئەو واقیعەی باسی لێوە دەکەیت؟

لەوانەیە ئەویش بڵێ: ئەو وێنەیە حەقیقەتی نییە، ئەو وێنەیە هێمای ئازارەکانی منە، ئەوە منداڵە گەداکە نی یە ئازاری مەینەتییەکانی ژیان دەچێژێ، بەڵکو منم بە گەدایی منداڵەکە هەڵدەقرچێم، منم بە شادومانی منداڵەکانی تری ناو تابلۆیەکە شادمان دەبم....

کەوابوو تابلۆیەکە لە ناو نیگارکێشەکەدایە، ململانێی نێوان هێزەکانی ناوەوەی نیگارکێشەکە خولقاندوویەتی... نیگارکێشی تاوان نییە، تاوانە؟ نیگارکێشەکەش بێگوناهە، چونکە لە زەینی ڕۆمانووسەکەدا ڕۆڵی نیگارکێشی بۆ دیاری کرا بوو..)

بەیانی زوو لە خەو هەستا و بۆ هەڵمژین و چێژ وەرگرتن لە نەسیمی بەرەبەیان چوو بۆ ناو باخەکە.. دەنگی کوختییەکان و جریوە جریوی پاساریەکان و گومە گومی کۆترە مالّییەکان لە گەڵ شنەبای ئەو بەرەبەیانەدا سەمفۆنیایەکی پڕ لە سیحری ئاوازی خولقاند بوو.. دووگمەی سینەی گوڵەباخەکان ترازا بوو، بانگیان لە هەنگ و پەپوولە دەکرد بۆ ئەوەی بێن و تێر تێر بۆنی ئەو سینە ناسك و بۆنداره بکەن... لقی درەختەکان بۆ شنەبای بەیانی سەمایان دەکرد، قومریە عاشقەکە دڵی ڕەنجا و لەسەر لقەکە هەڵفڕی، پێ ی ناخۆش بوو لقی داری مەعشوقی ئەو خۆشەویستی خۆی بدات بە شنەبا و سەمای بۆ بکات... لەو بەرەبەیانەدا هەموو شتێك هەناسەی دەدا... جوانترین ڕەنگ ڕەنگی ئەو بەرەبەیانە بوو، ڕەنگەکان کە تێکەڵ دەکرێن هونەری لێوە پەیدا دەبێت، ڕەنگی سەوزی درەختەکان و ڕەنگی شنەبا و ڕەنگی خوێندنی باڵندەکان، تێکەڵ بە یەکتر کرابوون و بۆیەیەکی ئەفسووناویی پێك هێنا بوو کە بەسەر لێوی گوڵ و سینەی گەلاّ و بەژنی باوە دەبریسکایەوە.... هەموو بەرەبەیانێك حەشرێکە... هەنگی هەستی شاعیر بەو بەرەبەیانە لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ ئیلهامی شیلەی شیعری دەمژی و دەیبرد شانەی شیعری هەنگوینی لێ دروست دەکرد...

جوانی سروشت هۆنراوەی شاعیری هێنایەوە بەر یاد کە دەڵێت:

سەرم کێشایە ناو

باخی ئەو دێ یە

ماچی دەمی گوڵی هەنار

بۆ کێ یە؟!

لە پەنایەك گوڵەباخ

لە ژووانە

لەگەڵ هەنگ دا

دەستییان لە ملانە،

شورەییە

ماچ کراوە لە ناو باخ!

بە چی دیارە؟

لێوی تەڕە گوڵەباخ...

سەیری پەپوولە

چەندە بێ ئابڕووە

ئاوێزانی سینەی

شەستپەڕە بووە....

ئەو گەلآیە

بوو بە سوخمەی شەمامە

دای دەپۆشێ

ئەو میوە پڕ لە تامە..

"ڕاز"لە هەموو ئەمانە ڕامابوو، هەموو شتێك سەرنج ڕاکێش بوو: بەرەبەیان تابلۆیەکی زیندووی نیگارکێشە.. لە ناو ئەم تابلۆیەدا هەرکەسە و سەرقاڵی ئەرك و کاری خۆیەتی... کەسەکانی ناو ئەم تابلۆیە ناڕازی نین بەو ڕۆڵەی پێیان بەخشراوە...

کەی پەپوولە ڕۆژێك سکاڵانامەیەکی بۆ کورتی تەمەنی بەرز کردەوە؟، لە کوێ پاساریپەکان بۆ کەمی خۆراك ڕۆژێ مانیان گرت؟ لە کەم بارانیدا کەی گیا بڕیاری خۆکوشتن دەدات؟ بۆچی نەسیمی بەرەبەیان لە زوو کەوتنە ڕێ ڕۆژێ

ناوچاوانی گرژ نەکرد؟ قالاوێکم نەبینی عەرزەوحاڵێك بۆ سپی کردنەوەی ناوچاوانی بەرز بکاتەوە؟ لە زەڕافەیەك نەبیسترا گلەیی لە گەردنی بەرزی خۆی بکات؟ کەرۆیشکێك، ئاسکێك نەهات و بڵێ من مەزڵومم؟

بەڵام ئایا بێ دەنگی ئەوان نیشانەی بێ خەمی و ڕازیبوونیانە؟)

داپیرە بانگی"ڕاز"ی کرد و"ڕاز"یش باخچەکەی بەجێ هێڵا و هاتەوە بۆ لای ئەو، داپیرە ژەمی بەیانی بۆ ئامادە کرد بوو، سەماوەرە زەردەکەی پێ کرد بوو، قۆریە شوشە جوانەکەی لەسەر دانا بوو، داپیرە بە قۆریەکەی دەوت کچە بچکۆلەکەم.. کاتی خۆی"وەستا مەحمود"ی هاوسەری خۆشەویستی لە"سنە"وە بە دیاری بۆی هێنا بوو، ئەویش زەنگیانەی هۆنی بوەوە و کرد بوویە مل و گۆپکەی سەری قۆریەکە و بە زەنگیانەی تر سەری قۆریەکەی بە دەسکەکەیەوە بەستبوەوە، داپیرە قۆریەکەی زۆر خۆش دەویست، بۆیە لە بۆنە و جەژنەکاندا نەبوایە چای تیادا لێ نەدەنا، جار جارێکیش لە سەر داوای"وەستا مەحمود"دەری دەهێنا و عەسرە چایەکی تیا دەرخواردی هاوسەرە خۆشەویستەکەی دەدا.... سفرە بچووکە دووکەسییەکەی ڕاخست بوو، کەرێی کوردی و پەنیر و قاپێك هەنگوینی پاڵفتەی لەسەر دانا بوو...

ڕاز وتی: (داپیرە گیان چۆن بوو ئەم بەیانی یە قۆریە شوشەکەت دەرهێنا؟)

داپیرە: (ئەم شەو لە دانیشتنێکی وەکو ئەم دانیشتنەی خۆماندا باپیرتم بینی، لە قۆریە شوشەکەدا چام بۆ لێنا بوو، زۆر ڕووگەش و بە شەوق بوو، وتی: ئافرەت جارجار لەو قۆریە شوشەدا چا بۆ"ڕازە"گیان لێ بنێ، ئەوا منیش چام لە کچە بچکۆلەکەم دا بۆ لێناوی...

-٣-

تیپی شانۆی ئاژەلان

ئەو ڕۆژە لەوانەی"ئایین"دا گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لە نێوان مامۆستا و قوتابی یەکاندا ئەنجام درا، وانەکەیان بریتی بوو لە حیکمەتەکانی پەرستش و بەندایەتی بۆ خودا (عیبادەت) .

مامۆستا دەیوت: هەر جۆرێك لە پەرستش حیکمەتێکی لە پاڵدایە، کۆی هەموو حیکمەتەکانیش (پاك بوونەوە) یە...

ڕاوێژ پرسیاری کرد: (مامۆستا بۆ دەبێ خوا ئێمە بە پیس دروست بکات و پاشان داوای پاکبوونەوەمان لێ بکات؟)

مامۆستا: (ئێمەین ناخ و دەرەوەی خۆمان پیس دەکەین، بۆیە دەبێ خۆشمان بە کاری خۆ پاککردنەوە هەڵبسین...)

قوتابیەکی تر: (خودا نەیدەتوانی ئێمە بە پاك بخولقێنێ و ئەو غەریزە و حەزە شەیتانیانەمان تیادا نەڕوێنێ؟

مامۆستا: (بەڵێ دەیتوانی، ئەوە نی یە فریشتەکانی بەو جۆرە خولقاندووە، ئێمەشی بە پاك خولقاندووە، لە لای خودا هیچ دروستکراوێکی لە بنچینەدا پیس

و ناپاك نی یه، تەنانەت شەیتان بنچینەکەی پاك و بێگەردە و ویست و بڕیاری شەیتان خۆیەتی گۆڕیویەتی بە هێمای شەڕ و ناپاکی؟)

هەمان قوتابی پێشو: (دەی با ئێمەشی بە فریشتە دروست بکردبایە، بۆ دەبێ من مرۆڤێکی شەڕەنگێز بم؟ بۆ پرسێکی پێ نەکردم؟)

مامۆستا: (بۆچی تۆی نەکرد بە فریشتە و بە مرۆڤی کردی؟ ئەوەیان نازانم، بەڵام دەزانم دەبێ خودا پرسیاری لەو چەشنەی لێ نەکرێت، ئەو بۆیە خودایە کە دەسەڵاتی هەبێت، ئەگەر دەسەڵاتی لێ وەربگیرێتەوە پێ ی ناوترێت خودا... من پێم وایە ئەگەر هەندێکمان خودا بە فریشتە خەڵقی بکردباین پرسیارمان لە خودا دەکرد و دەمانوت: خودایە بۆ دەبێ مرۆڤ ئەو هەموو ڕێزەی لێ بنرێ و ئێمەی فریشتەش بە هەمیشەیی سوژدەت بۆ ببەین، ئەی بۆ بە مرۆڤت نەخولقاندین؟ بەو پرسیارەش لە فریشتەیی دەکەوتین و دەبووین بە هاوەڵی شەیتان...)

هەمان قوتابی (بەڵام ئەگەر فریشتەبانیایە ئەو پرسیارەمان لە خودا نەدەکرد، مرۆڤبوونە ئەم گشتە پرسیارەی بۆ ئێمە و لای ئێمە خولقاندووە!)

مامۆستا (شەیتان لە خانەی فریشتەکاندا بوو بەهۆی ڕەخنەوە ئەو سەرئەنجامەی بۆ دروست بوو، ئەو قسە دروست نی یە پێمان وا بێت فریشتە پرسیاری نی یە، ئەوان پرسیار لە خودا دەکەن، کاتێك خودا پێیان دەڵێت: دەمەوێت زەوی ئاوەدان بکەمەوە و جێنشینێك بۆخۆم دیاری بکەم، فریشتەکان بە یەك دەنگ لە پرسیارێکدا دەڵێن: پەروەردگارا کەسانێك لە زەویدا دادەنێیت خوێن بڕێژن و شەڕ و خراپە بەرپا بکەن؟!

بۆ ئەو بەشەی پرسیارەکەشت کە دەڵێیت: بۆ دەبێ مرۆڤێکی شەڕەنگێز بین؟ من پرسیارەکە دەکەمەوە بە پرسیار: کێ زۆری لێکردووی مرۆڤێکی شەڕەنگێز بیت؟)

قوتابیەکی تر: (غەریزە شەپەنگێزەکانم زۆرم لێ دەکەن بۆ ئەوەی شەپەنگێز بم)

مامۆستا: (ئایا ئەو غەریزە تەنها لە تۆدا ڕوواوە یان لە هەموو مرۆڤێك دا بوونی هەیە؟)

هەمان قوتابی: (لە هەموو مرۆڤێك دا بوونی هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جۆراوجۆر، چونکە من پێم وایە مرۆڤ کائینێکی شەپەنگێزە..)

مامۆستا: (بۆ کەسانی تر کاری شەپەنگێزییان لێ ناوەشێتەوە و زۆر مرۆڤدۆستانە هەڵسوکەوت دەکەن، ئایا ئەوانە فریشتەن؟ ئایا تۆ ناتوانی وەکو ئەوان وابیت؟)

هەمان قوتابی: (نەخێر ناتوانم، چونکە لە منداڵ بڕێکی زۆرتر لە شەپەنگێزی ڕوواوە...)

مامۆستا: (تۆ پێت وایە ئەوان غەریزەی شەپەنگێزییان بێ هێزە، بۆیە مرۆڤدۆستن؟)

هەمان قوتابی: (وەڵامێکم پێ نی یە)

قوتابیەکی تر: (گریمان بەڵێ)

مامۆستا: (بەڵگەت چی یە ئەوان هێزی شەپەنگێزییان دوو بەرانبەری غەریزەی مرۆڤە شەپەنگێزەکە نی یە؟)

جوتیار: (بەڵگەم تاوان نەکردنیانە)

مامۆستا: (تاوان نەکردن بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیر بوون دەگەڕێتەوە... ئێمە هەموومان – بە غەریزە– حەز دەکەین زۆرترین مااڵ و خۆشترین ژیان و جوانترین هاوسەر بەدەست بهێنین، بەڵام ئەگەر ئەم حەزە تێر نەکرا دەبێ چی بکەین؟ دەست بدەینە کوشتن و داگیرکردن و تااڵن و بڕۆ، یان بە ڕێگەی

دروست بکەوینە هەوڵی بەدەست هێنانی؟ ئەو هێزە چی یە وا لە ئێمە دەکات بە ڕێگەی دروست شوێنی حەزەکانمان بکەوین؟ وەلامەکەی دیارە، بریتی یە لە پەروەردە و ڕۆشنبیربوون... هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی پەروەردەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو دەیەوێ ڕۆڵەکانی بەو جۆرە بار بهێنێ کە خۆی

-مەبەستم کۆمەڵگەیە- دەیەوێت...)

یوسوف: (ئەگەر کەسێك نەیویست ئەو جۆرە لە پەروەردە و ئەو مۆدێلە لە ڕۆشنبیری قبوڵ بکات، دەبێ چی بکات؟

مامۆستا: (دەبێ یەکێك لەم ڕێگانە بگرێتە بەر: یان کۆمەڵگە بگۆڕێ تاکو ئەو جۆرە لە پەروەردە کە ئەو لە لای پەسەندە لەو کۆمەڵگەدا وەربگیرێت، یان ڕوو بکاتە کۆمەڵگەیەکی تر کە باوەڕی بە جۆری پەروەردەکەی هەیە،، یاخود کۆمەڵ بەجێ بهێڵێ و ڕووبکاتە دەشت و سارا...)

شاروخ: (ئەگەر هیچ یەکێك لەوانە نەکەم و پەروەردەی کۆمەڵیشم قبوڵ نەبێت، چی دەبێت؟)

مامۆستا: (کۆمەڵ نەفرەتی خۆیت لێ دەکات، سزاکانی دەسەپێنێ بە سەرت دا و فرێت دەداتە دەرەوەی هەناوی خۆیەوە یان لە سووچی بەندیخانەدا ونت دەکات...)

ڕاز: (لەم کێشەی نێوان مرۆڤ و غەریزەکانی و مرۆڤ و کۆمەڵگەدا هەڵوێستی ئایین کامەیە و چیمان پێ دەڵێ؟)

لەگەڵ پرسیارەکەی"ڕاز"دا زەنگی پشوو لێدرا و مامۆستا وتی: (سوپاس بۆ گوێگرتنتان، پرسیارەکەی"ڕاز"بۆ وانەی داهاتوومان هەڵدەگرین...)

عەسرەکەی"یوسوف و ڕاوێژو جوتیار و شاروخ"سەردانی"ڕاز"یان کرد و لە فرێزی خوارەوەی باخەکەدا لەسەر کورسی لێی دانیشتن..

"ڕاز"پێنج شەربەتی لیمۆی هێنا و لە بەردەم هاوەڵەکانی داینا و دووبارە زۆر بەخێرهاتنی لێکردنەوە...)

"ڕاوێژ"بە شۆخیەوە و بۆ خۆشکردنی دانیشتنەکەیان ڕووی کردە"ڕاز"و وتی: (ئەم باخ و فرێزە دڵڕفێنە باشە ڕۆژێ بە بولبولت ناکات!!)

ڕاز: (من ببم بە بولبول تۆش دەبیت بە پاساری)

یوسوف: (منیش"کەرۆێشک")

شاروخ: (لەبەر خاتری ئێوە، برای خۆتان:"کەڵەباب")

جوتیار: (بۆ ڕێزنان لە جووت و جوتیار دۆستی دێرینتان"گاجووت")

هەر هەموو دایانە قاقای پێکەنین و"ڕاوێژ"وتی: (وەرن با هەر یەکێکمان ڕۆڵی ئەو گیاندارە ببینێ و گفتوگۆیەک لەسەر جیهانی ئاژەڵان ڕێك بخەین...)

هەر هەموو: (با... با... با...)

گاجووت"جوتیار": (ئەوڕۆ ئەو مرۆڤە بێ ویژدانە زۆر ماندووی کردم، هاوجووتەکەم گوێدرێژێ بوو لە جووت کردندا فێڵی لێ دەکردم، شانی خۆی نزم دەکردەوە و کێشی هەموو گاسن و هەوجارەکە دەکەوتە سەر شانی من و نەم دەتوانی ڕایبکێشم، جوتیارەکەش لە جێگەی"کەر"ە فێڵبازەکە لە منی دەدا)

کەرۆێشک"یوسوف"(ئەھ... ئەھ... ئەھ... گاجووت گوێدرێژ گاجووتی خەڵەتاند؟)

گاجووت: (مرۆڤە کەرەکان ناوی کەریان لێناوە، ئەگینا بەقەدەر"دە"مرۆڤی فەیلەسوف دەزانێ، شەیتانێکە بۆ خۆی و لە پێستی کەردا خۆی نمایش دەکات...)

کەڵەباب"شاروخ"- دووجار لەسەر کورسییەکە باڵی دا بە یەکدا و قووقەیەکی ناسازی بۆ کرد- داپیرە لە هەیوانەکەدا سەیری دەکردن و لەبەر

خۆیەوە دەیوت: (ئەپرۆ، ئەو گەنجە جوانانە تێك نەچووبن! ئەوەیان ئەو قووقە قوقەی لە چی یە!)

پاشان کەڵەباب هاتە زمان و وتی: (ئەوڕۆ ژنی جوتیارەکە دانی بۆ دانەکردین، نازانم لە بیری چوو بوو یان سزامان دەدات؟)

گاجووت: (مردوو مرێ، تۆ چی بۆ ئەو مااڵە جوتیارە دەکەی؟ تەنها دوو قووقەت لەسەرە و بەیانی زوو جوتیارەکە بۆ گیانی من و گوێدرێژەکە بە ئاگا دێنیت!)

کەڵەباب: (مامە گاجووت ئەو دوو قووقەیە نەکەم دڵم دەتەقێ، ئەو دوو قوقەیە مانای زۆرە).

پاساری"ڕاوێژ": (جیك جیك، جیك جیك، منداڵی جوتیارەکە دارلاستیکێکی کڕیوە و ژیانی لێ هەراسان کردووین...)

کەروێشك"یوسوف": (ئەو هەتیوە خوروزەك لێدراوە، جەرگی بەخوێن بێ، لە پێڕێوە بەردێکی داوە بەلای ڕاستما، بڕسکی بڕیووم، خەتای دایکە بێ سەلیقەکەیەتی، ڕۆژ تا ئێوارە بە قوربانی دەبێ و ئێوارەش دار و لاستیکەکەی بۆ دەشارێتەوە تاکو باوکی پێ ی نەزانێت...)

گاجووت: (ئەگەر پێتان باش بێت سبەی گەڕامەوە لە جووت شۆقێکی لێ دەدەم، چش لەو تێ هەڵدان و کلکە خاکەناز شکاندنە لە سەرو گوێم دا، بەڵکو جوتیارەکە دەستێکم بشکێنێ و چەند ڕۆژێ پشوو بدەم و ڕزگارم بێت لە جووت و وێڵداشە کەرەکەم...)

بولبول"ڕاز": (گای بڵێ، قۆچ مەوەشێنە، منداڵە، چاك دەبێت)

پاساری: (ئەو بەچکە شەیتانە چۆن چاك دەبێ؟)

گاجووت: (گەورەش بێت، هەر وەکو باوکی ئێمە دەخاتە ژێر نیر و هەوجارِ)

کەڵەباب: (ئەو چاو بۆقە، فریشتەی بەیانیان چاویان پێ ی دەکەوێ زەندەقیان دەچێ) .

کەرۆیشک: (داخی ئەوە کوشتوومی دەچێتە بندەستی دایکی و دەڵێ بە بابە بڵێ حەزم لە گۆشتی کەرۆیشکە) .

کەڵەباب: (بە قوزەڵقورتی بێت، بە بیانوو گرتن جووچکە و مریشک و کەڵەشێری لەم ماڵە بڕیوە...)

پاساری: (بەوەش تێر ناخوات، پاساری دەکوژێت...)

گاجووت: (ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن ڕۆژێك منیش لە پێناوی وورگیدا بە سەربڕین دەدات)

کەڵەباب: (چاو بۆق... چاو بۆق، قەستمە بە دەنووك چاوی دەربهێنم..) .

بولبول: (ئەی هاوار! ئەم منداڵەتان کرد بە چی؟!)

پاساری: (گۆشتت ناخورێ ئەگینا تۆشی هەڵدەلووشی)

کەڵەباب: (چاو بۆق...)

کەرۆیشک: (بۆ بیر نەکەینەوە لە هەڵهاتن لە دەستی ئەم منداڵە؟)

گاجووت: (جا بۆ کوێ بچین؟)

کەڵەباب: (بۆ دارستان...)

پاساری: (لە دارستان هەموومان تیا دەچین، یاسای جەنگەڵ لە بەرژەوەندی لاوازەکان نی یە...)

بولبول: (ئاھ.. ئاھ... من لەم قەفەسەدا ناتوانم بێمە دەرەوە و لەگەڵتان گەشتی دارستان بکەم..)

کەڵەباب: (برای خۆت، کەڵەشێر بە دەنووك بۆت دەکاتەوە)

گاجووت: (له گورگ زۆر دەترسم)

کەڵەباب: (داوەشێیت، لاشەی تۆم پێوەبایە سڵم لە فیل نەدەکردەوە)

کەرۆشك: (پێوی و چەقەڵی لێ یە؟)

بولبول: (نا، گێزەری لێ یە...)

کەرۆشك: (ئای کە خۆشە، کێ لەوێ پرواندوویەتی؟)

پاساری: (مام پێوی، دۆستی گیانی بە گیانیت)

کەڵەباب- بە کەرۆشك-: (ترسی ناوێ، ترسی ناوێ، برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لە لای خودا بێ)

گاجووت: (خۆزگە منیش وەك ئێوە لاشەم بچووك دەبوو، ئێوە دەتوانن خۆتان بشارنەوە، من ناتوانم)

کەڵەباب - بە گاجووت-: (خەمت نەبێ، هەر کە بۆت هاتن لەسەر دارەکەوە قووقەیەك دەکەم و تۆش بەو قاچ و سمە زەبەلاحەتەوە هەڵبێ)

کەڵەباب قووقەیەکی تری کرد، داپیرە لەو کاتەدا گەلاڵمێوی لە دارمێوەکە دەکردەوە، لایەکی بە لای ئەواندا کردەوە و وتی: (قووقەی یەکەمیان نیوەشەو بوو، بەم دانەیان رۆژ بوویەوە)

قسەکانی داپیرە بە ئاگای هێنانەوە و لە جیهانی ئاژەڵانەوە هاتنەوە ناو دۆخەکەی جارانیان، هەموو دایانە قاقای پێکەنین و پاش کەمێکی تر لە دانیشتن، خوا حافیزیان لە"ڕاز"و داپیرە کردو ڕۆیشتن.

سبەینێ لە قوتابخانە"ڕاز"و برادەرەکانی بە یەکتر گەیشتن و"جوتیار"دواهەمینیان بوو، هات و وتی: (سەلام لە برادەرانی تیپی شانۆی ئاژەڵان)

برادەران: (سەلام)

"ڕاوێژ" ڕووی کرده "جوتیار" و وتی: (ئەم شەو له خەونا خۆت لێ نەبوو بە گاجووت؟)

جوتیار – لەشێوەی شیعردا–: (ئەگەر جوتیار ببێت بە گاجووت، ئەوا بۆ دەنووك دەگۆڕێت سەری لووت، چونکه تۆش پاساریت)، جوتیار بۆ وتنی ئەو چەند وشەیە دانی پیادا دەنا و زۆر بە خاوی دەیوتن...

هەموو دایانە قاقای پێکەنین....

یوسوف: (کوڕینه من له دانیشتنەکەی دوێنێمانەوە، بیرۆکەیەکم لەلا گەلاڵە بووە)

ڕاز: (خوایە خێر بێ)

یوسوف: (دەڵێن چی، کورته شانۆیەك لەسەر زمانی گیانداران بنووسین و وەك چالاکییەکی قوتابخانەکەمان نمایشی بکەین؟)

هەموان: (زۆرمان پێ باشە)

شاروخ: (بەڵام کێ بینووسێت؟)

یوسوف: (من دەینوسم و پاشان ئێوەش چاوی پیا بخشێننەوە....)

جوتیار: (هەر ئەو "پێنج" کەسە بین یان کەسی تری بۆ زیاد بکەین)

ڕاوێژ: (بە پێ ی کەسەکانی ناو کورتە شانۆکە)

ڕاز: (هەر ئەو "پێنج" گیاندارە ڕۆڵ ببینن؟)

یوسوف: (ئەویش دیسان بە پێ ی بۆهاتنی کورتە شانۆکەیە)

شاروخ: (هەرچییەك بێت بیرێکی باشە و خۆشمان لەگەڵ دونیای شانۆدا تاقی دەکەینەوە)

زەنگی چوونە ژوورەوە لێدرا و هەموو چوونە ناو پۆلەکە و مامۆستای "کیمیا" خۆی کرد بە ژووراً، ئەو ڕۆژە خشتەی تاقیکردنەوەکانی

مانگی دووەمی دوای نیوەی سالّیان پێدرا و لەگەلّ برادەران بڕیاری خوێندن و خۆ ئامادەکردنیان دا.

❁ ❁ ❁

"ڕاز و یوسوف و راوێژ"لەناو فرێزی حەوشەکەی مالّی"ڕاز"دا دانیشتوون و"راوێژ"هەوالّپرسی ئێوارەی پۆژی پێنج شەممەی لە"ڕاز"کرد و وتی: (تەلەفونم بۆ کردی، داپیرەت وەلاّمی دایەوە و وتی: ڕۆیشتووە بۆ سەردانی برادەرێکی زۆر خۆشەویستی، وام دەزانی سەردانی من یان برادەران دەکەیت، بەلاّم نە دەنگت هەبوو نە ڕەنگ!)

"ڕاز"حەزی گۆشەنشینی لا دروست بوو بوو، هەندێك جار خۆی لە برادەرەکانی دەدزییەوە و بە تەنها ڕووی لە دەشتە پان و بەرینەکە دەکرد، ئەو بۆ خۆ قوتارکردن لە هەڵوێستەکە هاتە وەلاّم و وتی: (هەندێ جار بۆ چوونە دەرەوە شتێك بە داپیرە دەڵێم بۆ ئەوەی دڵی لەلام نەبێت ئەگینا تەنها چوونە دەرەوەیە و بەس...)

یوسوف: (یان کەسێکی لە ئێمە نازدارترت بینیوەتەوە، کاکی بولبول؟!)

ڕاز: (دڵنیابن ئێوە تەنها دەستە هاوڕێیەکن بۆ من و لە ژیانی منداا..)

ڕاوێژ: (ئێمە برا....دەرین، دەترسم خوشك... ناوێکت دۆزی بێتەوە!)

ڕاز: (من ئەو جۆرە کارانە لە ئێوە ناشارمەوە...)

یوسوف: (ئەی ئەو جۆرە کارانە چین پێویستی بە شاردنەوەیە؟)

ڕاز: (هەر مرۆڤێك بەشێك لە تاریکی لە ژیانیدا هەیە و حەزناکات هیچ کەس پێ ی ئاگادار بێت.. ئێوەش هەروەك من وان...)

راوێژ: (بەڵام ئێمە بڕیارمان دابوو لەگەڵ یەکتر ڕوون و ئاشکرا و شەفاف بین!)

ڕاز: (ئێستا کاکە ئەمە دادگایە یان شوێنی کۆبوونەوەی برادەرانە؟!)

"یوسوف و ڕاوێژ"کە زانیان"ڕاز"بە چوونە ناو ئەو باس و خواسانە خۆش حاڵ نییە بابەتەکەیان گۆڕی و هاتنە سەرباس کردنی کورتە شانۆکە....

یوسوف ڕووی کردە"ڕاز"و وتی: (کورتە شانۆیەکی زۆر نایابم ئامادە کردووە، پێم خۆشە ئەم شەو بیخوێنیتەوە و تێبینی خۆتی لەسەر بنوسی و سبەینێ لەگەڵ خۆت بیهێنیتەوە بۆ قوتابخانە...)

ڕاز: (زۆر دەستت خۆش بێت، هەر ئەوڕۆ تەواوی دەکەم و سبەینێ لەگەڵ خۆم دەیهێنمەوە...)

داپیرە بانگی لە"ڕاز"کرد و سێ شەربەتی پرتەقاڵی بە سەر سینییەکەوە بۆ ناردن بەدەم شەربەت خواردنەوەوە"ڕاوێژ"وتی: (سبەینێ داوا لە مامۆستای ئایین بکەین باسەکەمان بۆ تەواو بکات..)

یوسوف: (باسەکە چی بوو؟)

ڕاوێژ: (وەڵامی پرسیارێکی"ڕاز"ە کە لە سەر ئایین و غەریزە شەڕەنگێزەکانی مرۆڤ قسە دەکات...)

ڕاز: (زۆر چاکە بۆخۆم بیری دەخەمەوە)

پاش کەمێکی تر لە دانیشتن"ڕاوێژ و یوسوف"مالّی"ڕاز"یان بەجێهێڵاو خواحافیزییان کرد..."ڕاز"گەڕایەوە ناو جۆلانەکە و بە پەرۆشەوە دەفتەری کورتە شانۆکەی هەڵگرت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد...

ناوی کورتە شانۆکە"یاساکانی جەنگەڵ"

لەلاپەرەی یەکەمیدا شانۆکەی پێشکەش بە: (تیپی شانۆی ئاژەلآن) کرد بوو..

لاپەڕەی دوو سپی بوو، لەلاپەرەی سێ یەم دا پەردەی یەکەم بەم جۆرە دەستی پێکرد بوو:

❁ ❁ ❁

پەردەی یەکەم

گاجووت پادشای گیاندارانی لەسەر تەختی پادشایی لێی دانیشتووە و دەستەیەک لە ڕاوێژکارانی دیوان لە خزمەتی خاوەن شکۆدا بە پێوە وەستاون، ڕاوێژکارەکان ئەمانەن:

کەرۆێشک: ڕاوێژکاری ئاسایش،

کەڵەشێر: ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن،

بولبول: ڕاوێژکاری یاسایی،

پاساری: ڕاوێژکاری کاروباری دیوانی مەلەکی،

پادشا: (گاجووت) ڕوو دەکاتە ڕاوێژکاری ئاسایش (کەرۆێشک) و دەڵێ: (دەربارەی پادشای جەنگەڵستانی باکوور چی دەزانیت؟ هیچ زانیاریەکت بە دەست گەیشتووە؟)

کەرۆێشک: (دەڵێن پادشایەکی بەهێزە و کەس ناوێرێ لە فەرمانی دەربچێت..)

گاجووت: (ئەم هەواڵەت لە کێوە بۆ هاتووە؟)

کەرۆێشک: (قوربان، لە "دال"ی ڕەعیەتتەوە)

گاجووت: (ئەو لە کێ ی بیست بوو؟)

کەرۆێشک: (گەورەم ئەو دەتوانێ بە هۆی باڵەکانییەوە بە سەر ڕووبارەکەی نێوان مەملەکەتی ئێمە و ئەوان دا بفڕێ و هەواڵەکانی ئەولامان بۆ بهێنێتەوە)

گاجووت: (دەترسم جاسوسی"بەینەلمیلەل"بێت! پێ ی بڵێ بە بەردەوامی چاودێری سوپای ئەو پادشایە بکات و ناوە بە ناوە هەواڵمان پێڕا بگەیەنێت)

کەرۆشك: (فەرمانت بەجێیە قوربان)

گاجووت ڕووی وەرچەرخان بۆلای ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن و وتی: (کەڵەباب، تاکو ئێستا چیت کردووە و چشتێکت بە ڕەعیەتەکانم ڕاگەیاندووە؟)

کەڵەشێر: (پادشام بەرقەرار بێت، هەموو ڕەعیەتەکانم لە گاجووتی پادشای گەورەمان تێگەیاندووە، پێم وتوون بەرلەوەی ببێت بەپادشای ئەم جەنگەڵە زیاتر لە"دە"ساڵ لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە و لێیانەوە پەند و ئامۆژگاری و سیاسەتی بەڕێوەبردن فێر بووە...)

گاجووت: (باسی دەنگ و قۆڕەی منت بۆ کردوون؟)

کەڵەشێر: (پادشام پایەدار بێت، پێم ڕاگەیاندوون کاتێ پادشا دەقۆڕێنێ لەو سەری مەملەکەتەکەیەوە دەنگی دەبیستێ..)

گاجووت: (باسی شاخەکانم، سەرو کەللەم، کلك و ناوشانم بۆ ڕەعیەتەکانم بکە)

کەڵەشێر: (خاوەن شکۆ ئێوە لەسەر و مەدح و پیاهەڵدانی ئێمەوەن، من زمانێکم نییە گەورەیی ئێوەی پێ مەدح بکەم..)

گاجووت سەیرێکی ڕاوێژکاری یاسایی (بولبول) کرد و پێی وت: (یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی زوڵم و ستەم دەربکە، ڕێوی لە فرت و فێڵ ئاگادار بکەرەوە، بە گورگ بڵێ سنوورێك بۆ چاوچنۆکی و ملشکاندنی ئاژەڵان دابنێت، ئەو هەتیوە لارو لەوێرە مەبەستم"کەمتیارە"ئاسکی لەم جەنگەڵەدا قڕکردووە، لەکردەوە نایاساییەکانی ئاگاداری بکەرەوە، بەبزن بڵێ لەوەڕ و گەلای داری لەم ناوە بڕیوە، بەهۆی بەڕێوەبردنی ئومووری ڕەعیەتەوە ناتوانم بۆ لەوەڕ دوور بکەومەوە، پێویستە ئەم دەوروبەرە بکرێت بە پاوەن و لەوەڕگای من..)

بولبول: (بەڵێ قوربان بەسەر چاو، فەرمانەکانت بەجێ یە)

پاشان"پادشا"داوای لە کەرۆشك و کەڵەباب و بولبول کرد بچن بەدەم هەڵسووڕاندنی کارەکانیانەوە و دیوانی پادشایی بەجێبهێڵن..

هەرسێ بەپەلە چوونە دەرەوە و پادشا (گاجووت) و ڕاوێژکاری کاروباری دیوانی مەلەکی بەڕێز"پاساری"دوو بە دوو مانەوە..

"پادشا"داوای لە پاساری کرد لێی نزیك ببێتەوە و گوێی بۆ بگرێت، ئەویش لە گاجووت نزیك بوویەوە، گاجووت بە دەنگێکی نزم وتی: (بەڕێز پاساری، بڵێی بتوانین دەست بەسەر ئەم جەنگەڵستانەدا بگرین؟!)

پاساری: (قوربان بۆ ئەوەی یاسا بچەسپێ دەبێ زەبرو زەنگ نیشان بدەیت)

گاجووت: (مەبەستت چییە؟)

پاساری: (دەبێ رەعیەتەکانت لێت بترسێن)

گاجووت: (چی بکەم بۆ ئەوەی لێم بترسن؟)

پاساری (هەرچییەکمان کردووە دەبێ قاتێ جلی ئەو"پادشا"زاڵمەی جەنگەڵی باکوور پەیدا بکەین)

گاجووت: (ئەی جل و بەرگی خۆمان چ عەیبێکی هەیە؟)

پاساری: (ئەو پادشایە جل و بەرگەکەی زۆر ترسناکە، هەر گیاندارێك دەیبینێت لەبەردەمی دا چۆك دادەدات)

گاجووت: (ئەو پادشایە ناوی چی یە؟)

پاساری: (ناوی"شێرە"سەدان ساڵە باوك و باپیری – دیکتاتۆرانە– حوکمی جەنگەڵستان دەکەن)

گاجووت: (ناوی مەهێنە موچرکە بە گیانمدا دێت... جا چۆن قاتێ جلی ئەومان بەردەست بکەوێت؟)

پاساری: (ئەو ئەرکە بەمن بسپێرە)

گاجووت: (ئەوا ئەو کارەم بە تۆ سپارد)

پاساری: (بە سپاردنی ئەو ئەرکە شەرەفێکی گەورەت بە من بەخشیوە)

پاش ماوەیەك بێدەنگی گاجووت هەڵیدایە: (پاساری خۆشەویستم، داوایەکی بچکۆلەم هەیە)

پاساری: (ئەمر بفەرموو قوربان)

گاجووت: (ئەم تەخت و تاجی پادشاییە شاژنێکی پێویستە، بزانە"نێون مانگایەك"م بۆ پەیدا ناکەیت...)

پاساری: (قوربان جوانترین مانگا لە لەوەڕگاکەی خوارەوە هەیە، دانەیەکت بۆ دەهێنم)

گاجووت: (ئەگەر"نێون مانگا"بێت پێم باشترە لە مانگا... مانگا فرت و فێڵی زۆرە، بەڵام نێونەکە هێشتا مێردی نەکردووە و فێری مەکرو حیلە نەبووە)

پاساری: (قوربان دڵ لە دڵ نەدەی نێونێکی شیکت بۆ دەهێنم)

گاجووت: (چۆلەکەیەکی مێیەش بۆ تۆ لەسەر خۆم... ئێستا بڕۆ و بزانە گوێدرێژ گیای باشی هێناوە یان نە؟)

پاساری: (بەڵێ قوربان هێناویەتی، سفرەم لە ئاخوڕەکاندا ڕازاندۆتەوە، بۆ سەر جۆ و کا وئاڵف با پادشای گەورەمان بفەرموێت..)

گاجووت قۆڕەیەکی بۆ کرد و دیوانی پادشایی بە جێهێڵا و بەرەو گەوڕ و ئاخوڕی لەوەڕ بەڕێکەوت..)

❁ ❁ ❁

پەردەی دووەم

پاساری گاجووتی بە پادشایەکی لاواز و نەزان تەماشا دەکرد، دەیزانی ڕۆژێك پادشای جەنگەڵی باکوور بەخۆی و سوپاکەیەوە دەدات بەسەر مەملەکەتی گاجووتدا و تەخت و تاجی لەبێخ دەردەهێنێت، بیری کردەوە لەوەی پەیوەندییەکی نهێنی لەگەڵ پادشای جەنگەڵی باکووردا ببەستێ و خۆی لە مەرگ و کوشتنی داهاتوو قوتار بکات، بۆیە بە نهێنی پاساری "قالا" وی بانگ کرد و پێی وت: (نامەیەکی سەرزارەکیم هەیە، بە دەستی پادشای جەنگەڵی باکووری بگەیەنە)

قالاّو: (جەنابی پاساری هەرچی تۆ فەرمان بدەی جێبەجێ دەکرێت)

پاساری: (بەو پادشایە بڵێ: پاساری ڕاوێژکاری دیوانی مەلەکی یە و دەیەوێ دڵسۆزی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ پادشای پادشاکان ڕابگەیەنێت... پیلانێکم دژ بە گاجووتی- بە ناو پادشا- داڕشتووە تەنها بەڕێزتان قاتێك جل و بەرگی خۆتانم بۆ بنێرن و لە ماوەیەکی کەمدا لەسەر تەختی پادشایی لای دەدەم و خۆی و مەملەکەتەکەی پێشکەشی بەڕێزتان دەکەم، ئەم قسانەشمان دەبێ زۆر نهێنی بێت و تەنها لە نێوان من و تۆدا بێت...)

"قالا" و دای لە شەقەی باڵ و فڕی، پاساری چوو بۆ لای پادشا و دوای سەر نەوی کردن بۆ گاجووتی مەزن، ڕۆیشتە نزیکی یەوە و پێ ی وت: (بۆ هێنانی قاتێ لە جل و بەرگی پادشای سامناك "قالا" وم ناردووە)

گاجووت: (ئەی بۆ هێنانی شاژن مەبەستم "گاژنە" هیچت کردووە ؟)

پاساری: (ئەویش بەڕێوەیە)

گاجووت: (خۆزگە بەر لە هاتنی"گاژن"قاتە جلە سامناکەکەم بەدەست دەگەیشت)

پاساری: (قوربان، تۆ ئێستاش سامناکی و کەس ناوێرێ سەیری دەم و چاوت بکات)

گاجووت: (هەڵبژاردنی تۆ بە ڕاوێژکاری دیوانی مەلەکی ئەقڵ و کەمالّی من نیشان دەدات)

پاساری: (بەڵێ قوربان، بەڵی، هەمیشە لە سێبەری پادشای مەزندا دەبێت کەسی گەورە بوونی هەبێت)

لەو قسانەدا بوون"قالا"و تەقەی لە دەرگا دا و پاساری ڕۆیشت بە دەمیەوە و قاتەکەی لێوەرگرت و هێنای بۆ گاجووت، گاجووت بەرگی شێرەکەی بە بەر خۆی دا کرد و ڕووی کردە پاساری و وتی: (ئێستا شان و شکۆم چۆن دەکەوێتە پێش چاوت؟)

پاساری: (قوربان چەند بە هەیبەت بووی دە ئەوەندەت بۆ زیاد بووە)

لەو قسانەدا بوون، کەرۆشك و کەڵەشێر و بولبول خۆیان کرد بە ژووردا و بۆ پادشای مەزن سەری خۆیان نەوی کرد و پیرۆزبایی ئەو پۆشاکە تازەیان لێکرد...

"پاساری"مۆڵەتی لە پادشا وەرگرت و ڕۆیشتە دەرەوە و"قالاو"ی بانگ کرد و پێ ی وت: بڕۆ بە ئاژەلاّن بڵێ، لە بنەماڵەی"گا"دا پادشا هەڵنەکەوتووە، بۆیە گاجووت بەرگی شێری لەبەر خۆی کردووە، ئەو دەزانێ تەنها لە بنەماڵەی شێران دا پادشا پەیدا دەبێت، ئەگەر پادشا (گاجووت) هاتە ناوتان داوای لێ بکەن پێستی شێرەکە فڕێبدا و وەکو گاجووت هەڵسوکەوت بکات..) پاشان

وتی: (دەبێ بڕۆی بە پادشای جەنگەڵی باکوور بڵێ ی بـە خـۆی و سـوپاکەیەوە ئامادە بێت و بەرەو باشوور بۆ داگیر کردنی مەملەکەتی"گا"بکەونە ڕێ...)

پاساری هاتەوە بۆ لای پادشا و پێی وت: (قوربان ڕەعیەتەکانت خراپیـان لێ قەوماوە)

گاجووت: (چی قەوماوە؟)

پاساری: (گیانداران دەڵێن گومانمان لە پادشایی گاجووت هەیە، سبەینێ لـە کۆنگرەی سااڵنەماندا ئەگەر داوایان کرد ئەو جلـە سـامناکە لەبـەر داکـەنیت بـە گوێیان نەکەیت، چونکە مەبەست لە داواکەی ئەوان دابـەزینی تۆپـە لـە تـەختی پادشایی)

گاجووت کەوتە قۆڕە و نەڕە نەڕ و سمکۆاڵن، ڕاوێژکاران تکایان لێکرد ئـارام بێ و ئەوەندە سەرنەکوتێ بە دیوارەکەدا، گاجووت وتی: (سـبەینێ دەزانم چـی بەسەر ئەو تاوانبارانەدا دەهێنم، موئامەرەم لێدەکەن؟ دان نـانێن بـە پادشـایی مندا؟ لەگەڵ پادشای باکوور ڕێکەتوون و خیانەت بـە تـەخت و تـاجی پادشـایی من دەکەن؟ من دەزانم هەموو گیانداران خۆشەویستی و ملکەچی بۆ مـن نیشـان دەدەن، ئەوانـە تـەنها تـاقمێکی سەرلێشـێواون و خۆیـان خزاندۆتـە نـاو ڕیـزی گیاندارانەوە، ئەو کارە دەستی ڕێوی تێدا هەیە و سبەینێ بـە تۆمـەتی خیانـەت لـە سـێدارەی دەدەم) پاشـان کەوتـە قـۆڕە و سمکـۆاڵن و سـەر کێشـان بـە دیواردا...

پەردەی سێیەم

هەموو گیانداران کۆبوونەتەوە و گاجووت وتاریان بۆ دەدات: (من و باوك و باپیرم خزمەتکاری مرۆڤ بووین و لەوانەوە هەموو ئەقڵ و زیرەکییەك فێر بووین، ئێمە شایستەی تەختی پادشایین و هیچ کەس لە ئێوە نابێت گومانتان لە لێوەشاوەیی ئێمە هەبێت، من بۆخۆم"دە"ساڵ مرۆڤ جووتی پێکردووم، خەباتم هەیە و تێکۆشاوم)

جەماوەری گیانداران: (ئەگەر خۆتان بە شایستە دەزانن و گاجووت پادشای ڕاستەقینە و خاوەن دادە بۆچی پۆشاکی زاڵمانی لەبەر کردووە؟! ئەو جل و بەرگە فڕێ بدە و وەك گاجووتی ئاسایی فەرمانڕەوامان بە)

گاجووت نەڕاندی و کەوتە بۆڕە و هاوار، پاساری ڕووی کردە جەماوەر و وتی: (ئەگەر ئێوە گومانتان لە پادشای مەزنمان هەیە دەتوانن داوای لێ بکەن لەگەڵ پادشای جەنگەڵی باکوور دا زۆرانێك بگرێ، تاکو بزانین کامیان ئازایە و شایستەی ئەوەیە پێ ی بوترێت پادشا...)

جەماوەر: (با بجەنگێ، با بجەنگێ...)

لە پڕ"قالا"و هات و وتی: (پادشای جەنگەڵی باکوور بە سوپایەکی گەورەوە بەڕێوەیە و هەڕەشە لە پادشای مەزنمان دەکات)

کە گیانداران ئەو قسەیان بیست هەموو هەڵهاتن و دەوری گاجووتیان چۆڵ کرد... گاجووت گەڕایەوە بۆ سەر تەختی پادشایی و بە ڕاوێژکارانی وت: (چی بکەین؟)

کەرویشك: (من دەڵێم بەر لە هاتنی ئەو پادشا زاڵمە لێرە هەڵبێین و خۆمان بشارینەوە)

کەڵەشێر: (هەڵهاتن ترسنۆکی یە، با لە پێناوی ولاتی خۆماندا بجەنگێین...)

بولبول: (لە ڕاستی دا بە پێ ی دەستوری جەنگەڵ گاجووت و پادشایەتیان نەوتبوو، هەڵەیەك بوو هەموومان تێ ی کەوتین...)

پاساری: (من دەڵێم: پادشای مەزنمان بڕوات بۆ لای ئەو پادشا زاڵمە و داوای لێبوردنی لێ بکات، جا یان دەی بەخشێ یان دەیخنکێنێ...)

گاجووت: (هەمووی خەتای ئێوە بوو، بە"پادشا، پادشا"شوێنم کەوتن، من و باوك و باپیرم بە درێژایی تەمەنمان گاجووت بووین، جگە لە ئێرەق و هەوجارِ شتێکی ترمان بەچاو نەبینی کەچی بە قسەی لووس منتان فریو دا و خۆمم لێ گۆڕا...)

پاساری: (ئێستاش هیچ نەبووە، جلی پادشایی دابکەنە و لە پەنایەکەوە خۆت بخەرەوە ناو گاگەڵی گوندەکە، ئەوپەڕی بۆ ئەو چەند ڕۆژەی ون بوونت جوتیارەکە چەند دارێك لە سەرو گوێت دا دەکێشێ)

کەڵەشێر: (ئەی من چی بکەم؟)

پاساری: (تۆش هەتا مام"ڕێوی"نەیزانیوە بە دوو سێ فڕە خۆت بکەرەوە بە گوندەکەدا)

لە ناکاو"قالا"و خۆی کرد بە ژووردا و وتی: (پادشای ڕاستەقینە بە خۆی و سوپاکەیەوە گەیشتە بەرەوە)

گاجووت و ڕاوێژکارانی هەریەك بە لایەکدا هەڵهات و خۆیان شاردەوە...

پاساری چوو بۆ پێشوازی شێرو سوپاکەی، شێر وتی: کەسی ناپاکم خۆش ناوێت، پاساری ببەن و لە گەردنی بدەن...

"مـام رێـوی"داوای لـه پادشـا کـرد شـەرەفی لـه سـێدارەدانی پاسـاری بـەو بسپێرن،"شێر"یش بە رێوی وت: چڵێسـی ساختەچـی ئەگـەر پاسـاری گۆشـتی نەدەخورا بە دوای شەرەف و شکۆمەندیدا نەدەگەڕایت، برۆ لە پەنایەکەوە بیکە بە قەپێ و مەرگەموویشی بکە...

پەردە دادرایەوە و شانۆکە کۆتایی هات...

-٤-

سەردانی خاڵی بۆ لای "ڕاز"

ئێوارەی شەوی هەینی خاڵی "ڕاز" و هاوسەرەکەی و هەردوو منداڵەکەی سەردانی "ڕاز"یان کرد، هاوسەرەکەی مامۆستا "ئەحمەد" واتە "سێبەر خان" فەرمانبەری دائیرەی تاپۆ بوو، دوو منداڵەکەشیان "لاڤە" پۆلی چوارەمی ناوەندی بوو، لە خوێندن و وانەکانی دا تا ڕادەیەك باش بوو...

"لاڤە" لە زمانی "عەرەبی و ئینگلیزی" دا پێویستی بە خۆ بە هێزکردن هەبوو، بۆ زمانی ئینگلیزی "ڕاز" یارمەتی دەدا و، باوکیشی هەفتەی چەند شەوێك زمانی عەرەبی پێ دەخوێند...

"لاڤە" سیمای ئارامی و بێ دەنگی تیا دیار بوو، کچێکی تا ڕادەیەك شەرمن بوو، بەڵام کە پرسیاری لێ دەکرا زۆر بوێرانە وەڵامی دەدایەوە و هەمیشە وەڵامەکانیشی بە ئەندازەی پرسیارەکە بوو..

برا بچووکەکەی ناوی "ئالان" بوو پۆلی سێیەمی سەرەتایی بوو، لە وانەکانی دا زۆر زیرەك بوو، هەموو جارێ خاڵی "ڕاز" (مامۆستا ئەحمەد) لەگەڵ "سێبەر خان" ی هاوسەری دەکەوتە شۆخی کردن و دەیوت: "ئالان" لە من دەچێ و "لاڤە" ش لە دایکی، ئەو دەیویست بە دایکی "لاڤە" بڵێ: من لە تۆ زیرەکترم...

سێبەرخانیش دەیوت: ("لاقە"گیان بەژن و بالاّ و شەرم و جوانییەکەی لە دایکی دەچێت) .

لە چوارشەممەوە داپیرە بە"پاز"ی وتبوو تەلەفون بۆ خالّت بکە ئێوارەی شەوی هەینی با میوانی ئێمە بن...

داپیرە جوانترین خوانی ئامادە کردبوو: بوریانی بە سینگی مریشك و گۆشتی برژاوی بەرخ بە فرنە کارەبایی یەکە و شلەی لۆبیای سەوز و تەپسی و سوپی خەست و زەلاتەیەکی مزر کە بە دەستی"پاز"ئامادە کرا بوو، لیمۆ و خەیار بە قاژکراوێی و سەوزە و پیازی تەڕ و زەیتوونی زەرد و ترشیات بە ئاوی میوە کە پوورە"فاتم"بۆ خۆی دروستی دەکرد...

پوورە"فاتم"خواردنەکانی ئامادە کرد و"سێبەرخان و لاقە"ش سفرەکەیان پێ ڕازاندەوە...

سفرەی پوورە"فاتم"سفرەیەکی سادە و ئاسایی نەبوو، ئەو هەموو شتەکانی نایاب و دەگمەن بوو، بۆ خۆی داپیرە ئافرەتێکی فرە دەگمەن بوو، تەمەنی لە"شەست"سالاّن تێپەڕی بوو، بەلاّم لەو تەمەنەش دا جوانی و پێکەوتوویی و زیندوویێتی پێست و دەم و چاوی پاراست بوو، زمانێکی کوردی پاراو، جل و بەرگی کوردی بە قوماشی تایبەت و گران بەها...

ئەو هەمیشە حەزی لە نوێبوونەوە بوو، سالێ جارێك یان دووجار پیاداچوونەوەی بە هەموو شتەکانی ناو مالّدا بە تایبەت چێشتخانەکە دەکرد و شتە کۆنەکانی بە باخەوانەکە دەبردە مەخزەنەکەی پشتەوە و بە باشترین شێوە قوماشی تێ دەگرتن و دەیپاراستن، ئەو مەخزەنە نەختینەیەکی گەورە بوو کە شتومەك و کەل و پەلە جوان و خۆشەویستەکانی داپیرەی تیا پارێزراو بوو...

مامۆستا"ئەحمەد"بە سروشتی خۆی هەموو جارێ لەسەر سفرە دەکەوتە قسەی خۆش و نوکتە گێڕانەوە، ڕووی کردە"سێبەر خان"و وتی: (ڕۆژێ خۆت و

دەستە خوشکەکانت وەرن بۆ لای پووره"فاتم"بۆ ئەوەی خولێکی فێربوونی چێشت لێنانتان بۆ بکاتەوە...

سێبەر خان: (پووره"فاتم"لە جێگەی دایکم دامناوە نەك تەنها چێشت لێنان، بەڵکو زۆر شتی جوانی لێوە فێر دەبم)

پووره فاتم: (مامۆستا"ئەحمەد"سێبەر خان کچی خۆمە و ئافرەتێکی ژیر و بە سەلیقەیە...)

ڕاز: (داپیرەم هەموو جارێ مەدحی خاڵۆژنم دەکات، ئەگەر توانای ڕێکخستنی شتێکی نەبێت دەڵێ:"سێبەر"گیانی بۆ بانگ دەکەم...)

مامۆستا ئەحمەد: (کاکە من تەسلیم، ئێوە زۆر و ئەمن تەنها)

سێبەرخان: (تەنها ئالای سپی هەڵکردن بەس نی یە، بەڵکو دەبێ بدرێیت بە دادگا و قەرەبووی زیانەکانت پێ بکەمەوە...)

مامۆستا ئەحمەد: ("لاڤە و ئالان"پشتیوانی لە باوکیان دەکەن)

لاڤە: (من پشتیوانی کەسێکم لەسەر حەق بێت...)

مامۆستا ئەحمەد: (ئەویش کچی دایکیبەتی... ئالان گیان، کوڕم خۆ دەبینی چۆن بە تەنها لە مەیدانەکەدا ماومەتەوە، یارمەتییەکی باوکت بدە...)

ئالان: (من هەردووکتانم خۆش دەوێ)

مامۆستا ئەحمەد: (لە پێنج کەس تەنها نیو نەفەرم بەدەستەوە ماوە...)

ئالان: (بابە نیو نەفەر یانی دوو کەباب؟!)

قسە خۆشەکەی"ئالان"هەموویانی هێنا پێکەنین و پووره"فاتم"وتی: (ئاخر زەمانە منداڵی ئێستا زیاتر لە گەورەکان لە قسان دەگەن و وردی دەکەنەوە...)

پاشان پووره"فاتم"پارچەیە گۆشتی ناسکی برژاوی خستە بەردەم"سێبەر خان"و وتی: (بۆ ئەوەی ئاشتببنەوە تۆش ئەو پارچەیەی خۆت بکە بە پارووێك و بیدە دەستی مامۆستا"ئەحمەد")

سێبەر خان: (ناتوانم لە داوای دایکم دەربچم، ئەم پاروو لە دەستم بگرە..)

مامۆستا ئەحمەد: (بەقوربانت بم پووڕە"فاتم"، ڕزگارت کردم، لە ئێستاوە خەمی مەحکەمەکە داگیری کرد بووم...)

ڕاز قاپێ زەلآتە– کە بە دەستی خۆی دروستی کرد بوو– لە"لاڤە"نزیک کردەوە و بوتڵە ساردییە ئەفراکەی هەڵگرت و هەموو پەرداخەکانی پڕ کرد....

پووڕە"فاتم"هەستایە سەرپێ و دوو پارچە گۆشتی برژاوی تری لە فڕنەکە دەرهێنا و پارچەیەکی دا بە"لاڤە"و پارچەیەکیش بە"ڕاز"و وتی: (ئەم دوو پارچەیە گەرمە)

مامۆستا"ئەحمەد"یش لە بەلەمی بوریانییەکە هەندێ پلی سنگە مریشکی کۆ کردەوە و خستی یە سەر قاپی بوریانییەکەی بەردەم"ئالان"...

"ئالان"لە هەموو گۆشتەکاندا ماسی و سنگی مریشکی دەخوارد، زۆرتر لە منداڵێکی ڕووەکی دەچوو، هەموو خواردنێکی پێ نەدەخورا...

مامۆستا ئەحمەد: (یاخوا پووڕە"فاتم"دەست و چاوت خۆش بێ و هەتا ئێمە دەمێنین ئەتۆش بۆمان بمێنی، بە ڕاستی خواردنێکی تا بڵێ ی بە تام و بەلەزەت بوو...)

پووڕە فاتم: (مامۆستا"ئەحمەد"زۆر کەمت خوارد، ئەو کاتە بەعومر دەزانم تۆ و"سێبەر خان"و منداڵەکان لێرە بن، خۆزگە مااڵتان نزیکمان بایە و هەموو ئێوارەیەك ئاوا بەخۆشی پێکەوە دابنیشتینایە...)

سێبەر خان: (دایە"فاتم"تۆ خەریکی"چا"یەکە بە و من و"لاڤە"ش سفرە و قاپەکان کۆ دەکەینەوە و دەیانشۆین...)

ڕاز: (من سفرە و قاپەکان کۆ دەکەمەوە و شۆردنی لە سەر ئێوە، خاڵم و"ئالان"یش دەچن بۆ هۆڵەکە و تەلەفزیۆنەکە پێ دەکەن و چاوەڕێی ئێمە دەبن...)

پووره"فاتم"سەماوەر و پیالە و قۆریە شوشەکەی برد بۆ هۆلەکە و لە شوێنە تایبەتەکەیدا کە بەردەم کووڕەی دیوارەکە بوو ڕێکی کرد و پاش کەمێك هەموو لە هۆلەکە بۆ"چا"خواردنەوە و سەیرکردنی تەلەفزیۆن کۆ بوونەوە...

چالێنان لای پووڕە"فاتم"مەراسیمێکی تایبەتی هەبوو، سەرەتا سەماوەرەکەی لە ئاوی بیرە ئیرتیوازییەکە پڕ دەکرد، ئەو ئاوی تەنکییەکانی سەربانی بۆ چالێنان بەکار نەدەهێنا، پاشان لێ دەگەڕا تا ئاوی سەماوەرەکە بە جوانی دەکوڵا، ئەوجا باشترین چای پاکەتی دەهێنا – کە لە تێکەڵکردنی چەند چایەك پێکی هێنا بوو– دەی کردە ناو قۆریەکە و دەنکێك هێل و پارچەیە دارچینی هەڵدەدایە ناوی و لە ئاوی کوڵاوی سەماوەرەکە قۆریەکەی پڕ دەکرد، هەندێك گڕی سەماوەرەکەی کز دەکرد ئەوجا قۆریەکەی لەسەر دادەنا، یەك دوو جارێ سەری قۆریەکەی لا دەدا و سەیرێکی چاکەی دەکرد، ئەو نەیدەهێڵا"چا"بێتە کوڵان و چەپۆکان، هەر ئەوەندە چاکە دەکەوتە مرولەکردن و سەر ئاوەکە دەکەوت دای دەگرت و هەندێ ئاوی گەرمی سەماوەرەکەی بە سەریدا دەکرد و کەمێك دای دەنا، تا جارێکی تر تڵپی چایەکە ژێر ئاو بکەوێت، ئەوجا بە دەستە سپی یە جوانەکانی کە هەمیشە لە مەچەکی دا بە فەقیانەی جلە کوردییەکانی بەست بووی چاکەی دەچۆڕاندە پیالە زەڕی و ژێرپیالە شین و چاو پانەکان کە تەمەنی هەندێك لەو پیالە و ژێرپیالانە بۆ"دە سالێ و پازدە سالێ"دەچوو، نیوەی پیالەکە چای تێ دەکرد و نیوەکەی تری ئاوی گەرمی سەماوەرەکەی بەسەر دا دەکرد...

چای پووڕە"فاتم"لە دووڕەوە بۆنی خۆشی هەست پێ دەکرا و هەندە بە جوانی و شیرینی و خان و مانی لە پاڵ سەماوەرەکەدا دا دەنیشت ئەگەر نیگارکێشێك بیتوانیبایە مانا قوولەکانی ئەو فەزایەی بکێشابایە تابلۆیەکی گرانبەهای جیهانی لێ دەردەچوو، بە داخەوە مانا قوولێ و مەزنەکانی ناخ و

ژیانی مرۆڤ لەم ولاتەی ئێمەدا پەی پێ نابرێ و نیگارکێشێك نی یە جوانییەکانمان بۆ بە نیگار بکات، شاعیرێك نییە هەستە قوولەکان لە ناو وشەدا جێ بکاتەوە، ڕۆمانووسێك نەهات دەستمان بگرێت و بە سەرچاوەی مانای بەرز و بڵند ئاشنامان بکات...

داپیرە ڕیزێك چای تێ کرد و تەنها چاکەی خۆی و مامۆستا"ئەحمەد"چای دیشلەمە بوو... پووڕە"فاتم"شەکردانی داری بۆ شەکر شکاندن تیایدا بەکار دەهێنا، پەڕۆیەکی سپی و پانی لە بەردەمی خۆی دادەخست و شەکردانە دارەکەی لەسەر دادەنا و بە شەکرشکێنە دەم تیژەکە دەکەوتە شکاندنی پارچە گەورەکانی کەللە شەکرە ئێرانییەکان، پاشان دوو- سێ سووراحی شوشەی لێ پڕ دەکرد و بۆ کاتی پێویست ئامادەی دەکرد...

مامۆستا"ئەحمەد"هەموو جارێ دەیوت: پووڕە"فاتم"گیان لەپاڵ سەماوەرەکەدا دابنیشە و قۆریەکە بخە سەر سەماوەرەکە و دەست بکە بە شەکرشکاندن بۆ ئەوەی چەندین وێنەی قۆتۆگرافیت بگرم..."

ئەو چەندین وێنەی فۆتۆگرافی پووڕە"فاتم"ی لەپاڵ سەماوەرەکەدا گرت بوو، یەکێك لەو وێنانەی گەورە کرد و لە مااڵی خۆیان هەڵیواسی...

پووڕە"فاتم"خۆشی لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن دەهات، مامۆستا"ئەحمەد"و"ڕاز"پاش"چا"خواردنەوە و گرتنی چەند هەواڵێکی جیهانی بۆ پیاسەکردن بە ناو باخەکە و دانیشتن لە فرێزەکەدا چوونە دەرەوە،"پووڕە فاتم و سێبەر خان و لاڤە و ئاالن"یان لە هۆڵەکەدا بەجێ هێاڵ...

باسی ئەم جارەی مامۆستا"ئەحمەد"لەگەڵ"ڕاز"دەربارەی هاوڕێیەتی و برادەرگرتن بوو، مامۆستا"ئەحمەد"پێ ی وابوو مرۆڤ ناتوانێ بێ دۆست و برادەر ژیان بەسەر ببات، بەاڵم گرتنی برادەریش کارێکی ئاسان نی یە، ئەو پرسیاری لە"ڕاز"کرد: (لە قوتابخانە دۆست و برادەری نزیکت هەیە یان نە؟)

ڕاز: (چەند برادەرێکی کەم)

مامۆستا ئەحمەد: (برادەر جۆرا و جۆرە، هەیانە لەسەر فیکرەیەک دەبنە برادەر، هەیانە لەسەر یاری و هیوایەت کۆ دەبنەوە، هەشیانە گروپ و کۆمەڵە کۆیان دەکاتەوە، بەم جۆرە دەیان شێوەی برادەرایەتی هەیە، نازانم برادەرانی تۆ کام لەم جۆرانەیە؟)

ڕاز: (لە ڕاستیدا هاوپۆلی و خوێندنی قوتابخانە ئێمەی بە یەکتر ناساندووە)

مامۆستا ئەحمەد: (بەڵام بۆ لەو گشتە قوتابی یە هاوپۆلانە تەنها چەند دانەیەکیان دیاری دەکەیت و دەبنە برادەرت؟ بۆ ئەوانە؟ بۆ کەسانیتر نە؟)

ڕاز: (مرۆڤ جاری وایە سەرنجی کەسێك دەدات- بەبێ ئەوەی ناویشی بزانێت- خۆشی دەوێت، هەشە یەکەمین جارە دەیبینی، بەڵام وا هەست دەکەیت کەسێکە لە تۆ نزیك نی یە و بە تۆ ناخوات کە لەوانەیە واش نەبێت، ئەو چەند کەسەم بەم جۆرە هەڵبژاردووە، هەستم کردووە کەسانێکن دەتوانین قسە بە یەکەوە بکەین و لە یەکتر بگەین، ئەو لە من و منیش لە ئەو نزیك بوومەتەوە، بەبێ ئەوەی بیر لە فیکرە و خانەوادە و حەز و هیوایەتی یەکتر بکەینەوە...)

مامۆستا ئەحمەد: (خۆشت دەوێن؟)

ڕاز: (هەریەکەیان لە لای من چێژ و تامێکی هەیە، خواردنی سێو میوەی پرتەقاڵ لە مرۆڤ هەڵ ناخات، هەریەکەیان سوودێك دەبەخشێت، لای من برادەر بە نەست و ڕۆح دیاری دەکرێ و دەبێتە دۆستی گیانی بە گیانی، دۆستایەتی لەسەر بنچینەی فیکرو شتی تری لەو جۆرە زۆر باوەڕم پێ ی نی یە، چونکە هەر کاتێك بیر و بۆچوون گۆڕا دۆستایەتی بۆ دوژمنایەتی دەگۆڕێ...)

مامۆستا ئەحمەد: (خۆشحاڵم کە دەبینم بەو جۆرە بیر دەکەیتەوە و بەو شێوازە برادەر هەڵدەبژێریت، بەڵام دیسان دەبێ مرۆڤ برادەرەکانی خۆی بناسێ و تاقیان بکاتەوە...)

ڕاز: (خاڵە گیان هەر مرۆڤێك كۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، من نابێ داوا لە برادەرانم بكەم وەكو من وابن، ئەوەندە بەسە بە بینینی یەكتر خۆشحاڵین و ناشمانەوێ درۆ لەگەڵ یەكتردا بكەین...)

مامۆستا ئەحمەد: (بە چیدا دڵنیایی لەوەی ئەوان نایانەوێت تۆ بەكار بهێنن و زیانێكت پێ بگەیەنن؟)

ڕاز: (لە چیدا بەكارم بهێنن؟)

مامۆستا ئەحمەد: (چوزانم، لەو هەموو بەزم و گۆبەندەی ئەوڕۆ ژیانی لە خەڵكی هەڵراسان كردووە..)

ڕاز: (تاكو ئەوڕۆ نیوەڕۆ كە لە یەكتر بڕاوین قسەیەكم لە یەكێكیان نەبیستووە زەرەر و زیان بە من بگەیەنێت، مرۆڤیش ئەقڵی هەیە دەتوانێ خۆی لە هەر شتێك لابدا كە خۆش بەختی نەكات... باشە خاڵە، بڵێ ی ئەوانیش خاڵ و كاك و مامیان لە دۆستایەتی من ئاگاداریان بكەنەوە و پێ یان بڵێن: وریا بن برادەرەكەتان فریوتان نەدەن؟! بە ڕاستی ئەگەر وابێت دونیایەكی پڕ لە بێ متمانەییە!)

مامۆستا ئەحمەد: (من داوا لە تۆ ناكەم بەرانبەر برادەرەكانت بێ متمانە بیت، بەڵكو دەڵێم بە متمانەوە برادەر دیاری بكە، ئەوان چەندە دڵنیان لە تۆ تۆش ئەوەندە دڵنیا بیت، تۆ چۆن بە بینینیان خۆش حاڵیت ئەوانیش وەكو تۆ وابن...)

ڕاز: (من دڵنیام و بۆ خۆم خۆشحاڵم، ئەگەر برادەرەكەم وانی یە گرفتی خۆیەتی، ئەو دەتوانێ یان خۆی وەكو من لێ بكات و بەختەوەر بێت یان برادەریم نەكات، ئێمە بە زۆر نەكراوین بە برادەری یەكتری، بەڵكو بە حەز و ویستی خۆمان بووە...)

مامۆستا ئەحمەد: (مادام تۆ ئەم هەموو وەڵامە دروست و وردەت لە لایە، هیچ خەمێكم نییە و لە من باشتر دەتوانی دۆست و برادەر بۆ خۆت هەڵبژێریت...)

ڕاز: (خاڵە گیان لە بەڕێزت و مامۆستا دڵسۆزەکانی تڕەوە فێری بیرکردنەوەی دروست و ڕەفتاری شیاو بووم، ئێوە مامۆستا و گەورەی ئێمەن و ئازایی نی یە ئەگەر ئێمە شتێکی باشتر لەوەی ئێوە بە ئێمەی دەڵێن پەی پێ ببەین، چونکە تەجروبەی ئێوەمان لە بەردەمدایە و هەوڵی خۆشمان دەخەینە گەڕ...)

مامۆستا ئەحمەد: (ئەم قسەشت لەوانەی وترا جوانتر و بەپێز تر بوو...)

ڕاز: (سوپاسی گەورەییت دەکەم...)

مامۆستا ئەحمەد: (با بچینەوە بۆ لای پوورە "فاتم" و منداڵەکان...)

هەردووکیان گەڕانەوە بۆ لایان...

پوورە فاتم وتی: (دوو چای گەرمتان بۆ تێ دەکەم)

سێبەر خان وتی: ("ڕازە" گیان هەندێ وانەی ئینگلیزی بە "لاڤە" بڵێرەوە)

تۆزێك دوور لە ئەوان "ڕاز و لاڤە" دوو کورسی و مێزێکیان دانا و کەوتنە خوێندنی زمانی ئینگلیزی...

مامۆستا ڕووی کردە پوورە "فاتم" و وتی: (شوکر بۆ خودا کاکە "ڕاز" ئەقڵ و تەجروبەی پیاوێکی تەمەن چل ساڵەی لەلایە و زۆر دڵخۆشم کە گوێ لە قسە و بۆچوونەکانی دەگرم..)

پوورە فاتم: (مامۆستا "ئەحمەد" گیان زۆرم پێ خۆشە هەموو جارێ قسەی بۆ دەکەیت و لەگەڵی دادەنیشیت...)

سێبەر خان: ("ڕاز" نموونەی گەنجێکی ڕۆشنبیر و بەڕەوشتە، خۆزگە "ئالان" یش وەکو "ڕاز" دەردەچوو...)

ئەو شەوە یەکێك بوو لە شەوە خۆشەکانی تەمەنی "ڕاز"، هەموو شتێك لەو شەوەدا سپی بوو، ڕووخساری داپیرە، قسە خۆش و بەتامەکانی خاڵە "ئەحمەد"، پێکەنینە ناسك و لەسەرخۆکانی "سێبەر خان"، شەرم و

سەرنجی"لاقە"، بەرائەت و ڕۆح سووکی"ئالان"هەر هەموو تارایەکی سپی بەسەردا درا بوو...

ڕەنگی سپی لای"ڕاز"سروور و ئاسودەیی دەگەیاند، ئەو هەر کاتێك خەم و پەژارە دەرگای دڵی بگرتبایە، ڕەنگی ڕەش وەکو قەتران بەسەر هەموو شتەکانی دەوروبەری دا دادەچۆڕا، لەگەڵ ڕەوینەوەی تەم و مژ و لێڵی حوزن و خەفەت خۆری سپی لە ئاسۆی شتەکان هەڵ دەهات و دونیا ڕوونـاك دەبوویەوە...

سپێتی لای ئەو مانایەکی قوواڵتر لە سادەیی دەگرتە ئامێز، سپێتی ئاوێزان بوونێ سێ ڕەنگی سەرەکی یە لەگەڵ یەکتردا، نوغرۆ بوونی هەموو ڕەنگەکانە لە یەك ڕەنگ دا..

سپی ڕەنگی فەیلەسوفەکانە، چونکە ئەوان قووڵتر و گشتگیرتر لە هەموان سەرنجی"ژیان و بوون"دەدەن، ڕەنگی سپی مانای دەست لە ملان بوونی عاشقانە، شکاندنی تامەزرۆیی و تینوێتی ڕۆحی یە، باڵە تەپێ ی گیانە لە دەریای سرور دا، چەند دڵۆپە فرمێسکێکی شادومانی یە لە دوای زەمەنێك چاوەڕوانی، ڕەنگی سپی لێوان لێو بوونی ناوەوەی مرۆڤە بە ئارامی و دڵنیایی، ڕەوینەوەی وەحشەت و غوربەتە، ڕەنگی سپی هێمای بەرائەتی ژیانە، چونکە ژیان لەناو ڕەنگی سپی دا هەموو شتە شاراوەکانی خۆیمان بۆ دەخاتە ڕوو، جوواڵە و بزوان، هەوڵ و تێکۆشان، شکاندنی قاوغی سڕ بوون و مت بوون، هەموو لە ژێر دەسەلاتی ڕەنگی سپی دایە....

لاپەڕەی ئەو شەوە، وەکو زەمەن پێچرایەوە، بەاڵم یادگاری یە جوانەکانی، لێشاوی خۆشییەکانی لە خەیاڵ و زەینی مرۆڤ دا نەقش بوو بوو، ئەو شەوە ڕووبارێکی زیندوو بوو لە سەرچاوەوە تا دەریالووش درێژ دەبوویەوە...

-٥-

داستانی "ئادۆ"

بەیانی ڕۆژی هەینی مامۆستا "ئەحمەد" و منداڵەکانی خواحافیزیان کرد و بۆ ماڵی خۆیان گەڕانەوە... پووره "فاتم" خاڵە مەولودی باخەوانی بانگ کرد و داوای لێکرد، چەند مەترێك زەوی بۆ ئامادە بکات و هەندێك تۆوی کەرەوس و پیازی پیا بوەشێنێت....

"ڕاز" بڕیاری دا سەردانێکی "کێوی نەمران" (ئەو چیایەی سەیرانەکەیان لەسەر کرد) بکات و چاوێکی بە پیرەمێردەکە بکەوێتەوە....

"کێوی نەمران" مەزارگەی چەندین مرۆڤی قارەمان بوو کە لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکاندا و لە سەر ئەو چیایە لەگەڵ دوژمنان دەستە و یەخە بوو بوون و گیانی خۆیان بۆ سەروەری خاك و خەڵك فیدا کرد بوو، بۆیە خەڵکی ناوچەکە بە "کێوی نەمران" ناویان دەبرد..

"ڕاز" نەی دەوێرا بە داپیرە بڵێ دەیەوێ سەردانی ئەو جێگەیە بکات، مۆڵەتی چوونە دەرەوەی لێ خواست و پێ ی وت: ئەگەر نیوەڕۆ نەهاتمەوە لای برادەرێکی زۆر خۆشەویستم...

داپیرە داوای لێکرد ئاگای لە خۆی بێت و لە گەڕانەوە درەنگ نەکەوێت...

"ڕاز"چوو بۆ گەراجی پاسی گوندە دوورەکان و بەرەو باکووری شار بە ڕێکەوت، کە نزیك بوویەوە لە چیایەکە داوای دابەزینی کرد و شۆفێرەکە پرسی: (برادەر بۆ کوێ دەچی وا لێرە دادەبەزی، غەریب دەکەویتە پێش چاوان؟)

ڕاز: (دەچم بۆ سەر ئەم چیایە...)

شۆفێرەکە: (خێرە؟ کارت چی یە؟)

ڕاز: (هەفتەی ڕابردوو سەیرانێکی سەر ئەو چیایەمان کرد و لەوێندەرێ شتێکم ون کردووە، دەمەوێ هەوڵی دۆزینەوەی بدەم)

شۆفێرەکە: (باشە خوات لەگەڵ، وتم نەبادا شارەزا نەبیت و ڕێگەت لێ بزر بوو بێت...)

ڕاز: (نا، سوپاس تا ڕادەیەك شارەزام.. خواحافیز..)

شۆفێرەکە: (خواحافیز...)

بە دەشتە پڕ گردۆڵکەکاندا بەرەو چیاکە بەسەر کەوت، لە ئاوی دۆڵە گەورەکە دەم و چاوی شۆرد و خۆی فێنك کردەوە و چەند لاگوێلێکیش ئاوی خواردەوە و دوبەیەکی یەك لیتری نایلۆنی لە ئاوەکە پڕ کرد و دیسان بەرەو چیاکە بەگەڕ کەوتەوە...

سەرکەوتنی چیاکە ماندووکەر بوو، بەڵام هەرکە مرۆڤ پێ ی دەنایە سەری و بە پانتاییەکەی شاد دەبوو، هەموو ماندو بوونێکی لە بیر دەچوویەوە...

سەرکەوتن بەسەر چیادا کۆسپ و هەڵدێرەکانی ژیانی بە بیری مرۆڤ دەهێنایەوە، ئەو کەسانەی زۆر بە چیادا سەر دەکەون زۆرتر بەرگەی مەینەتی و ئازارەکان دەگرن، بەڵام زیاتر ئاڵۆز دەبن...

بە ئارەقە کردن و هەناسە بڕکێوە خۆی گەیاندە سەر چیاکە و ڕووی لە کانیاوەکەی نزیك دارقەزوانەکان کرد، دوای پشوویەکی کەم کانیاوەکەی بەجێ

هێلاً و بۆ سەرەوە بەگەڕ کەوت، بە کەلەبەرە تەسکەکەدا هاتە خوارەوە و تووڵە ڕێگەکەی جاری پێشووی گرتەوە بەر و بەرەو ئەشکەوتەکە ڕۆیشت...

زۆری نەخایاند لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا خۆی بینی یەوە، پارچەیەک کاغەزی سپی بە دەرگای ئەشکەوتەکەدا داکوترا بوو لە سەری نوسرا بوو: (ئەی ڕێبواری ماندو دەبێ تا کاتی گەڕانەوەم لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا چاوەڕوان بیت...)

"ڕاز"کەوتە بیرکردنەوە لەو چەند وشە هەڵواسراوە: (بڵێ ی مەبەستی بە ڕێبواری ماندو من بێت؟ ئەگەر مەبەستی منە، چۆنی زانیوە من بەڕێوەم و دەمەوێ سەردانی بکەم؟!)

لە دەرەوە سەرنجێکی ناو ئەشکەوتەکەی دا کەسی لێ نەبوو، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی ئەو بوو ئاگری ناو ئەشکەوتەکە بوو، ئاگرو قۆریەکەی پاڵ ئاگرەکە بەڵگەی ئەوە بوو پیرەمێردەکە دوورنەکەوتۆتەوە و بە زوویی دەگەڕێتەوە، لە بیری خۆی دا دەیوت: (ئەگەر پیرەمێردەکە پرسیارم لێ بکات بۆچی بۆ لای ئەو و ئەشکەوتەکە گەڕاومەتەوە، چی بڵێم؟)

پاشان لە بیری خۆیدا دەیوت: (ئەگەر مەبەستی بەو ڕێبوارە ماندووە من بێت دەزانێ بۆچی هاتووم، بەڵام بەڕاست من بۆچی هاتووم؟ خۆشم نازانم! هەر ئەوەندە دەزانم هۆگری ئەم ئەشکەوت و پیرەمێردە بووم... بەڵام بۆ؟ دیسان نازانم..!)

ئەو لەو باس و ڕازەی ناوەوەی خۆی دا بوو تەپەی پێ ی کەسێک ڕای چڵەکاند و بە ئاگا هاتەوە، بەڵام سەیری دەور وپشتی کرد و هیچی نەبینی، دووبارە لەگەڵ خۆیدا کەوتەوە گفتوگۆ: (دەبێ زۆر نەمێنمەوە، نەبادا وەکو جاری پێشووم بەسەر بێت... داپیرە چاوەڕوانم دەبێت... بڵێ ی لەم شوێنە دوورانەوە ماشێن هەبێت بۆ شار؟)

لە پڕ دەنگێکی بەهێز کەوتە بەر گوێ ی، سەری بەرز کردەوە دالّێکی مەزن بوو لە لووتکەی چیاکەوە بەرەو دامێنی چیاکە و بەسەر سەری ئەودا فڕی، کەوتە بیرکردنەوە لە دالّ (دالّیش گیاندارێکی تەنیایە، غوربەت لە سیمای دا دەخوێنرێتەوە شاعیر دەڵێ:

"بۆچی دەڵێن ئەسپ حەیوانێکی نەجیبە، کۆتر جوانە؟

بۆ کەس لە قەفەسی خۆی دا دالّ ڕاناگرێت؟"

بۆ دەبێ لە بالّداراندا تەنها بولبول لای مرۆڤ جوان و ڕۆح سووک بێت؟!

دەنگێک لە دوورەوە بیسترا، گوێ ی هەڵخست و کەوتە سەیرکردنی دەوروبەری، دەنگەکە کۆکەی کەسێک بوو کە چەند جارێک کەوتە بەر گوێ ی، دیار بوو وردە وردە نزیک دەبوویەوە... بە تەپەی پێیەکانی دا دیار بوو کەسەکە بەرەو لای ئەو دێت، زۆری نەبرد پیرەمێردەکە بە باوەشێک دارەوە دەرکەوت و لە دوورەوە وتی: (باش بوو پارچە کاغەزەکەم بۆ هەڵواسیت)

کە نزیک بوویەوە "ڕاز" هەستایە سەر پێ و سەلامی لێکرد و ئەویش بۆ ناو ئەشکەوتەکە فەرمووی لێکرد...

پیرەمێردەکە ئاگرەکەی خۆشکرد و یەک دوو پارچە داری تری خستە سەری، هەندێک پشکۆی دارە سووتاوەکانی ڕاکێشایە لاوە و تۆزێک چای وشکی ڕژاندە ناو قۆریەکە و لەسەر پشکۆیەکان داینا، لە تووڕەکەیەکدا هەندێ قارچکی دەرهێنا و پاش ورد کردنی نایە ناو مەنجەڵێکی بچووک و لەگەڵ هەندێ ئاودا لە نزیک ئاگرەکەوە داینا...

پیرەمێردەکە ڕووی لە "ڕاز" کرد و وتی: (دەزانی بۆچی بۆ ئێرە هاتووی؟)

ڕاز: (ئەگەر بڵێم نازانم باوەڕم پێ بکە...)

پیرەمێردەکە: (ڕاست دەکەیت، چونکە مرۆڤ بە هەندێک کار هەڵ دەستێ و لە نهێنییەکانی ناگات، تۆ دەبێ گوێ بیستی داستانی ئادۆ ببیت..)

ڕاز: (داستانی "ئادۆ" چییە و "ئادۆ"کێ یە؟)

پیرەمێردەکە: (داستانی "ئادۆ" داستانی من و تۆیە، "ئادۆ"ش من و تۆین)

-: (کێ ئێمەی کردووە بە داستان، مەبەستمە بڵێیم کێ ئێمەی نووسیوە؟)

+: (ئێمە و بوونی ئێمە لەم ژیانەدا داستانێکە)

-: (هیچ لە قسەکانت تێناگەم!)

+: (ئەگەر لەگەڵ یەکتر بژین لەیەکتر دەگەین)

پیرەمێردەکە چایەکەی لەسەر پشکۆکان کێشایە لاوە و دوو کوپ چای بۆ خۆی و "ڕاز"تێ کرد...

"ڕاز" چایەکەی لە دەستی وەرگرت و قومێکی لێدا و وتی: (پەیوەندی من بە تۆوە چییە؟)

+: (داستانەکە پەیوەندییەکان ڕۆشن دەکاتەوە)

-: (کەی دەست دەکەین بە خوێندنەوەی داستانەکە؟)

+: (لە ئەوڕۆوە تۆ دەبێ هەموو ڕۆژێکی هەینی سەردانی ئێرە بکەیت تا بە تەواوی داستانەکە گوێ بیست دەبیت)

-: (بەڵام...)

+: (لەم ئەرکەدا، بەڵام نییە، تۆ دەبێ لێبڕاو بیت، ئەگەر نا ژیانت لێ دەبێت بە دۆزەخ)

-: (ئامادەم بۆ گوێ گرتن، زۆریش بە پەرۆشم، بەڵام دەبێ ڕێگەی پرسیار کردنم لێ نەگریت)

+: (ئەوەی پەیوەندی بەداستانەکەوە هەبێت دەتوانی پرسیاری لەبارەوە بکەیت)

-: (داپیرەم تەنهایە و دەبێ زوو بگەڕێمەوە بۆ لای و خەمی بۆ دروست نەکەم)

+: (کارێك دەکەین زوو بگەیتەوە ماڵەوە)

-: (ئامادەم بۆ بیستنی داستانەکە)

+: (منیش لەم ساتەوە دەچمە سەر باسی داستانەکە و هەوڵ دەدەم گەشتێکی ئەو جیهانەت پێ بکەم)

-: (کێ ئەم داستانەی داڕشتووە؟)

+: (ئاهو)

-: ("ئاهو"کێ یە؟)

+: (ئاهو ڕۆمانnووسە)

-: (ئاهو؟ کەی بەو ناوەوە ڕۆمانnووس بوونی هەیە؟)

+: ("ئاهو"خواوەندی داستان و داستانnووسەکانە)

-: ("ئاهو"خواوەندی داستان! کەی و لە کوێوە داستانەکەی بە دەستی تۆ گەیاند؟)

+: (من و تۆ بەشێکین لە داستانەکەی ئەو)

-: (سەیرە! خەریکە تۆم لا دەبێت بە بوونەوەرێکی خەیاڵی، چاکترواپە دەست بەگێڕانەوەی داستانەکە بکەیت، چونکە تا پرسیار بکەم زیاتر بیرم ئاڵۆز دەبێت)

پیرەمێردەکە مەنجەڵە قارچکەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرت و ئاوەکەی ڕژاندە دەرەوەی ئەشکەوتەکەو هەندێك خوێ و ڕۆنی کردە ناو قارچکەکە و ئەوجا چەند چڵێك پیچکی سەوزی کوێستانەکانی تێجنی و دیسان نزیکی کردەوە لە ئاگرەکە، پاشان دەستێکی بەڕیشە سپییەکەیدا هێناو ڕووی کردە"راز"و دەستی بە گێڕانەوەی داستانەکە کرد:

(سەرەتای ئەو کاتە نەدەزانرا کە فیکرەی داستانەکەی لەلا گەلاڵە بوو بوو، ئایا داستانەکە سەرەتایەکی هەبوو؟ کەس وەلامێکی یەکلاکەرەوەی لە لا نەبوو،

زەمەنێکی دوورو درێژ"ئاهوی مەزن"بەو فیکرەوە – فیکرەی داستانەکە– ژیانی بەسەر برد بوو، بەر لە نووسینەوەی داستانەکە تەواوی وردەکارییەکانی بۆ تۆمار کرد بوو، داستانەکە وەکو فیکرو ئامادەیی لە خەیاڵی داستاننووسدا بوونی پەیدا کرد بوو، بەڵکو درێژی تەمەنی داستانەکە – وەک بیر و ئامادەیی لە ناخی داستاننووسدا– بە قەدەر تەمەنی داستاننووس بوو...

بۆچی ئەو ماوە دوور و درێژە بە فیکری داستانەکەوە ژیا و لە قاڵبی نووسیندا دای نەدەرێژا؟ بۆچی تا ئەو کاتە داستانەکە لە بیری داستاننووسدا مایەوە و نەدەخرایە نێو قاڵبی پیت و وشە؟ چ پێویستییەکی بە نووسینی ئەو داستانە هەبوو؟ کەس وەڵامێکی تێرو تەسەڵی بۆ ئەو پرسیارانە لەلا نەبوو...

یەکێك دەیوت: بە نووسینی ئەم داستانە ویستی خۆی بناسێنێ... بە کێ؟ بە کاراکتەرەکانی ناو داستانەکەی، بیر بکەرەوە ڕۆماننووسێك خۆی بە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەناسێنێت! چ ڕۆمانێك؟ ئەو ڕۆمانەی زادەی بیر و خەیاڵی خۆیەتی... ئەو کەسێك بوو سەردەمانێك لە پەنهانی و بێ ناویدا ژیانی بەسەر دەبرد... کەسێکی زیندووی مردوو بوو، زیندوو لە خۆیدا و لە ناو خۆیدا، بەڵام مردوو لە ناو بیر و ئەندێشەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیدا، ئەو بە نووسینی ئەو ڕۆمانە دەیویست کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە مەدح و سەنای بکەن... بۆچی مەدح و سەنای بکەن؟ بۆ ئەو ڕۆڵەی لە ژیانی ناو ڕۆمانەکەدا بە یەك بە یەکی کارەکتەرەکانی بەخشیوە، بەڵام خۆ ڕۆڵی مەدح و سەنا کردنیش دیسان ڕۆماننووس بە کارەکتەرەکانی دەبەخشی...!

لە ناو داستانەکەدا هەندێ نهێنی لە مەڕ خۆی و ژیانی خۆی درکاند بوو، وتبووی: لە دوورگەیەکی ناو دەریایەکی بێ پەیدا ژیان بەسەر دەبات، ئەو خۆشی نەدەهات لەوەی پێ ی بوترێت ڕۆماننووس، یاخود داستاننووس، چونکە وتبووی: (نووسینەکانی من تەنها وشەی بێ گیان نین، بەڵکو ژیانن، قسەی سەر

زارەکی و پەرش و بلاوی ناو هەوا نین، بەڵکو ڕۆحیان لەبەردایە و دەتوانن لەگەڵ زیندووەکاندا زیندوو بن)

بەر لەوەی کاراکتەرەکانی ناو داستانەکە دابەزێنێت مەملەکەتێکی بۆ خولقاندن، کارەکتەرێکی ژمارە کەم لە مەملەکەتێکی فراوان و بەرین دا، چەند ڕۆمانێکی سەیرە ! پانتاییەکی بەرین لە شوێن داگیر دەکات و ڕۆڵ بە بە چەند کەسایەتییەك دەبینێ، ڕۆمانووس دەیەوێ خۆی بکات بە پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکەی، ئەو لە ناو داستانەکەدا ڕۆڵی پادشای بە خۆی بەخشی بوو، تەخت و تاج و دەست و پێوەندی لە ناو ڕۆمانەکەدا لە خۆی کۆ کردبوەوە، دیارە ژیانی تەنهایی ناو دوورگەکە بێزاری کردووە و دەیەوێ کۆمارێك لە سێبەر بۆ خۆی بخولقێنێ، بۆ بەرز ڕاگرتنی شکۆمەندی خۆی فەرمانی دابوو بە دەست و پێوەندەکان بە دەوری دوورگەکەدا و بە قەراغی دەریا فراوانەکەدا ئەڵقە ببەستن...

پادشا پلە و پایەی بۆ هەریەکەیان دیاری کرد بوو، کەس بۆی نەبوو بە بێ فەرمانی ئەو پەنجە بە ئاودا بکات، هیچ کەسێك لە دەست و پێوەندەکان – بە بێ پرسی ئەو– نەی دەتوانی بە دوورگەی پیرۆزی پڕ لە شکۆمەندی دا هات و چۆ بکات...

دارستانێکی چڕ هەموو دوورگەکەی داپۆشی بوو، پادشای مەزن لەو دوورگەدا زیندەگی خۆی بەسەر دەبرد، تەنها چەند کەسێکی کەم مافی نزیك بوونەوەیان لەو پادشا شکۆمەندە هەبوو، ئەوانیش لە سنوورێکی دیاری کراودا، ئەو کەسانە فەرمانیان لە پادشای دوورگەکە وەردەگرت و بەسەر دەست و پێوەندەکاندا دابەشیان دەکرد، لە بیرمان نەچێت پادشای ناو ڕۆمانەکە ڕۆمانووس خۆی بوو، دەسەلاتی ڕەهای بە جۆرێك بەسەر دەست و پێوەندەکاندا سەپاند بوو کە بۆ تەنها چرکە ساتێك لە فەرمان و یادی ئەو بێ ئاگا نەدەبوون، بەڵکو چێژو لەزەتیان لەو گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری یە دەبینی....

شکۆمەندی پادشا و کاری شەو و ڕۆژیان خەو و خواردنی لە بیر بردبوونەوە، ئەوان لە بەردەم دەسەلاتداری مەزن دا بەرپرسیار بوون لە سەراپای ئەو مەملەکەتەی لە ڕۆمانەکەدا خولقاند بووی، هەواڵی وردەکاری مەملەکەتی ڕۆمانیان بۆ ڕۆمانووس بەرز دەکردەوە و هەر بەو جۆرەش فەرمانەکانی ئەویان بە سەر کۆماری سێبەردا پەرش دەکردەوە، لە هەردوو بارەکەش دا ڕۆمانووس خۆی بوو ڕۆڵی بە دەست و پێوەندەکانی دەبینی...

"جابۆ"سەرکردەی دەست و پێوەندەکان بوو، کەس بۆی نەبوو لە فەرمانەکانی ئەو لابدات، بەرزبوونەوە و دابەزینی پلە و پایەی دەست و پێوەندەکان دەبوا لە ڕێگەی ئەوەوە بوایە، ئەمەش هونەرێکی تری ڕۆمانووس بوو کە دەیویست شکۆمەندی و پیرۆزی خۆی ڕابگرێ و تەنها"جابۆ"ڕوو لە تەختی پادشاهی بکات و کاروبارەکانی لەگەڵ دا تاوتوێ بکات...

لەو دیو دەریاکەوە مەملەکەتێکی"حەوت"هەرێمی بوو، بۆ هەر هەرێمێك بەرپرسێك و کۆمەڵێك دەست وپێوەندی دانابوو، بەرپرسی هەرێمەکان ڕاپۆرتی خۆیان بۆ"جابۆ"ی سەرۆکی گشتی بەرز دەکردەوە و ئەویش ڕەوانەی تەختی پادشاهی دەکرد و وەڵامەکانی بۆ دەگێڕانەوە...

ڕۆژێك"جابۆ"لە کاتی چوونی دا بۆ تەختی پادشاهی چاوی بە لەوحێکی زێڕین کەوت، لەوحەکە نووسینی لەسەر نەقش کرا بوو، بە ترسێکەوە لەمەڕ ئەو لەوحە زێڕینە پرسیاری لە پادشای مەزن کرد، ئەو لە وەڵامدا وتی: لەوحە زێڕینەکە ڕۆمانەکەیە بە نووسین، ئێوەش پیت و وشەی بەرجەستە بووی ناو ئەو لەوحە نوسراوەن..

"جابۆ"بوێری دایە بەر خۆ و وتی: (ئەگەر لەم لەوحی نووسینەدا پلە و پایەم دابەزێت هەر بەو جۆرە لە ناو دەست و پێوەندەکاندا شانوشکۆم کەم دەکات؟)

"ئاهو"شکۆمەندانە وەڵامی دایەوە وتی: (بەڵێ...)

جابۆ: (ئێمەی دەست و پێوەند دەتوانین نووسینەکانی ناو لەوحەکە دەستکاری بکەین؟)

ئاهو: (هەندێکی کەمتان، بەڵام ئەگەر دەستیشی تێوەر دەن هەر"ئاهو"ی مەزنە ڕۆڵی بە ئێوە داوە و ڕێگەتان پێ دەدا گۆڕانکاری بەسەر نەقشی سەر لەوحەکەدا بهێنن، هەرچی بکەن ئەوە ئەنجام دەدەن کە خۆم دەمەوێت، ویست و جوولەی ئێوە لە ناو ویست و جوولەی بەرینی زەینی منداینە، چۆنم بوێت وا هەڵتان دەسوڕێنم، ئێوە نابێت لە بیرتان بچێت کارەکتەری ناو ڕۆمانێکن...)

لە هەر چوونێکی دا بۆ لای"ئاهو"ی مەزن"جابۆ"لاپەڕەیەکی لە لەوحە زێڕینەکە دەخوێندەوە، ڕۆژێك ناوێکی سەیری لە لاپەڕەیەکدا بەرچاو کەوت و بڕیاری دا لەو بارەیەوە پرسیارێك لە پادشای مەزن بکات: (خاوەن شکۆ،"ئادۆ"کێ یە؟)

ئاهو: (ئادۆ کەسێکی کۆیلەیە)

جابۆ: (یەکەمین جارە وشەی"کۆیلە"دەبیستم، مانای کۆیلە چی یە؟)

ئاهو: (کۆیلە کەسێکە لە ڕۆمانەکەدا سەربەست و ئازادی دەکەم، ڕۆڵی پێ دەدەم ئەگەر بیەوێت دەتوانێت فرمانەکانی من بشکێنێ)

جابۆ: (بۆ کەس هەیە بتوانێ لە فرمانەکانی تۆ دەربچێت؟)

ئاهو: (تەنها ئەو کەسانەی شایستە دەبن بە ڕۆڵی فەرمان شکێنی)

جابۆ: (شوێن و جێگەی"ئادۆ"لە کوێ یە؟)

ئاهو: (سەرەتا لە هەرێمی"حەوت"دا دایدەنێم و پاشان ئاوارەی هەرێمی"یەك"ی دەکەم..)

جابۆ: (خاوەن شکۆ ئەم قسانەی نێوانمان بە دەست و پێوەندەکان ڕابگەیەنم؟)

جابۆ: (ئێمەی دەست و پێوەند دەتوانین نووسینەکانی ناو لەوحەکە دەستکاری بکەین؟)

ئاهو: (هەندێکی کەمتان، بەڵام ئەگەر دەستیشی تێوەر دەن هەر"ئاهو"ی مەزنە ڕۆڵی بە ئێوە داوە و ڕێگەتان پێ دەدا گۆڕانکاری بەسەر نەقشی سەر لەوحەکەدا بهێنن، هەرچی بکەن ئەوە ئەنجام دەدەن کە خۆم دەمەوێت، ویست و جووڵەی ئێوە لە ناو ویست و جووڵەی بەرینی زەینی منداینە، چۆنم بوێت وا هەڵتان دەسوڕێنم، ئێوە نابێت لە بیرتان بچێت کارەکتەری ناو ڕۆمانێکن...)

لە هەر چوونێکی دا بۆ لای"ئاهو"ی مەزن"جابۆ"لاپەڕەیەکی لە لەوحە زێڕینەکە دەخوێندەوە، ڕۆژێك ناوێکی سەیری لە لاپەڕەیەکدا بەرچاو کەوت و بڕیاری دا لەو بارەیەوە پرسیارێك لە پادشای مەزن بکات: (خاوەن شکۆ،"ئادۆ"کێ یە؟)

ئاهو: (ئادۆ کەسێکی کۆیلەیە)

جابۆ: (یەکەمین جارە وشەی"کۆیلە"دەبیستم، مانای کۆیلە چی یە؟)

ئاهو: (کۆیلە کەسێکە لە ڕۆمانەکەدا سەربەست و ئازادی دەکەم، ڕۆڵی پێ دەدەم ئەگەر بیەوێت دەتوانێت فرمانەکانی من بشکێنێ)

جابۆ: (بۆ کەس هەیە بتوانێ لە فرمانەکانی تۆ دەربچێت؟)

ئاهو: (تەنها ئەو کەسانەی شایستە دەبن بە ڕۆڵی فەرمان شکێنی)

جابۆ: (شوێن و جێگەی"ئادۆ"لە کوێ یە؟)

ئاهو: (سەرەتا لە هەرێمی"حەوت"دا دایدەنێم و پاشان ئاوارەی هەرێمی"یەك"ی دەکەم..)

جابۆ: (خاوەن شکۆ ئەم قسانەی نێوانمان بە دەست و پێوەندەکان ڕابگەیەنم؟)

ئاهو: (بەڵێ، پێیان بڵێ کە پادشای مەزن دەیەوێ ناوچەی"ئەرسا"لە هەرێمی"یەك"بە"ئادۆ"ئاوە دان بکاتەوە،"ئادۆ"کۆیلەیەکە و مانای کۆیلەشیان تێ بگەیەنە، دەزانم دەست و پێوەندی گوێڕایەڵم خۆشیان نایەت لە کەسێك فرمانەکانی من بشکێنێ و سنوورەکانم ببەزێنێ، بەڵام پێیان بڵێ کە هەر پادشا خۆیەتی ڕۆڵی بەو بەخشیوە و هەر خۆشی دەزانێ چی دەکات.)

ڕۆژێك پادشا پەیکەرێکی قوڕینەی دایە دەستی"جابۆ"و فرمانی دا لە جەنگەڵی هەرێمی"حەوت"دا دابنرێت...

"ئەهرا"ی فەرمانڕەوای هەرێمی"حەوت"کەوتە ماخۆلان و بیرکردنەوە، ترسی ئەوەی کەوتە سەر پادشای ڕۆمانووس ڕێز لەو پەیکەرە قوڕینە بنێت و ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕۆمانەکەدا پێ ببەخشێ...

"ئەهرا"لە پەیکەرە قوڕینەکە نزیك بوویەوە و چەند جارێك بە دەوری دا پێچ و خولی خوارد و لێ ی ڕاما، ئەو دەیزانی فیکری ڕۆمانووس زۆر فراوانە و لە داهاتوودا ئیشێکی بەم تۆپەڵە قوڕە هەیە، دەترسا لەوەی ڕۆژێك پلەو پایەی بەرزی ئەو تۆ بڵێ ڕۆڵی گرنگی ناو ڕۆمانەکە بخرێتە سەر شانی پەیکەرە قوڕینەکە، لە ناخەوە جۆرێك لە ڕق و کینەی بەرانبەری حەشار دابوو، بیری دەکردەوە بۆچی دەبێ لە هەرێمەکەی ئەودا ئەم قوڕە قنج بکرێتەوە؟! بوێریشی نەدەکرد پرسیار لە پادشای گەورە بکات...

"ئەهرا"هەموو گیانی گۆڕا بە پارچەیەك لە گڕی ڕق و تووڕەبوون...

"جابۆ"پرسیاری لە پادشا کرد: (خاوەن شکۆ، ئەو پەیکەرەت چۆن و لە چی دروست کردووە؟)

پادشا"ئاهو": (ئاو و خۆڵی ئەم دوورگەیەم تێکەڵ کرد و قوڕم لێ پێك هێنا، سەردەمێك قوڕەکە مایەوە و بوو بە قوڕێکی ترشاو پاشان خەستبوویەوە و قوڕێکی مچی لێ دەرچوو، لە دوایی دا بە دەستی خۆم ئەو پەیکەرەم لێ دروست

کرد، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە فووی دەمی من هەڵبگریت و بیکەیت بە لاشەی ئەو پەیکەرە قوورپینەدا...

"جابۆ"فووی دەمی پادشای مەزنی هەڵمژی و بەرەو هەرێمی"حەوت"بەگەڕ کەوت و ڕووی کردە جەنگەڵستانەکە و خۆی گەیاندە هەیکەڵی قوڕینە و پڕێك لە هەوای سی و دەمی خۆی – کە بە ڕۆحی ئاهو تێر بوو بوو – کرد بە ناو لاشەی پەیکەرەکەدا و لە دوورەوە وەستا تاکو بزانێ چی ڕوودەدات...

گەورەیی و شکۆمەندی بۆ پادشای مەزن، بینی پەیکەرە قوڕینەکە کەوتە جووڵە و خرۆش، سەرەتا چاوی کردەوە و پڕمەیەکی تۆندی بۆ کرد و دەستەکانی کەوتە بزوان و پاشان لاقەکانی دەستی بە جووڵە کرد و بەرەو"جابۆ"بە گەڕ کەوت....

"جابۆ"دیمەنەکەی زۆر لا سامناك بوو، خەریك بوو لە دەستی هەڵبێت، بەڵام هەیکەلە قوڕینەکە بانگی لێکرد: ("جابۆ"،"جابۆ"مەترسە، ڕاوەستە دەمەوێ گفتوگۆت لەگەڵ بکەم...)

"جابۆ"بەسەر سوڕمانەوە وەستا و کەوتە سەرنج و تێڕامان لەم بوونەوەرە ناوازەیە...

"ئادۆ"داوای لە"جابۆ"کرد بۆ لای"ئاهو"پادشای مەزن بەرزی بکاتەوە..

"جابۆ"پرسیاری لێکرد: (چۆن"ئاهو"دەناسیت؟!)

"ئادۆ"لە وەڵامدا وتی: (لەناخەوە ئارەزوومە بگەڕێمەوە بۆ لای"ئاهو"ی مەزن، ئەو فووە بەرزو بڵندەی تۆ کردت بە جەستەی منداعاشقی بینین و گەڕانەوەیە بۆ لای"ئاهو"، من بەشێکم لە"ئاهو"ی مەزن، بۆیە تکا دەکەم بمگێڕەرەوە بۆ ئەو سەرچاوەی لێ یەوە هاتووم)

جابۆ: (تۆ تەنها فووی دەمی ئاهو نیت، بەڵکو خاك و خۆڵیشی، ئەی بۆ ئارەزووی گەڕانەوە بۆ خاك ناکەیت؟)

ئادۆ: (تۆ دەزانی خاك و قوڕی جەستەم دارای هێزو جوولّە و ژنەوتن نەبوو، فووی دەمی پادشای مەزن منی خستە جۆش و خرۆش، بۆیە نهێنی من لە فووی دەمی پادشای مەزندایە)

جابۆ: (ئەگەر بە تەنها فووی پیرۆزی دەمی"ئاهو"دەبووی دەمتوانی بۆ باوەشی پادشای مەزن بتگێڕمەوە، بەلاّم جەستەی قوڕاوی تۆ فووی موبارەکی لە گەردش و دەوران خستووە و لەم قالّبەدا توانای گەڕانەوە و بینینی ئەوت نییە، تاکو فەرمانم پێ نەکات ناتوانم تۆ بەو بگەیەنم، لەم جەنگەلّەکەدا بمێنەرەوە تا هەواڵت بۆ دەگێڕمەوە...)

"ئادۆ"کە ئەوەی بیست پشتی هەلّکرد لە"جابۆ"و بە ناو جەنگەلّەکەدا کەوتە گەڕان...

"جابۆ"گەڕایەوە بۆ دیوانی پادشای مەزن و وتی: (شکۆمەندی بۆ پادشای مەزنمان، فووی دەمی پیرۆزی ئێوە قوڕ دەکات بە زیرۆح...)

ئاهو – پادشای مەزن–: (تەواوی کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکان و لێپرسراوی هەرێمەکان کۆدەکەیتەوە و فرمانی منیان پێ ڕادەگەیەنیت)

جابۆ: (فرمانی ئێوە هەمیشە لەسەر سەرە و جێ بەجێ کراوە)

ئاهو: (فرمان بەسەر هەموان دا دەردەکەم کە سوژدەی ڕێزو نەوازش بۆ"ئادۆ"ببەن، هەرکەسێك لە فرمانم یاخی ببێت ئەلّقەی گوێڕایەلّی وبەندایەتی لە گوێ ی دەکەمەوە و وێلّی مەملەکەتی تاریکستانی دەکەم)

جابۆ: (فەرمانی پادشای مەزن جێبەجێ کراوە)

"جابۆ"تەواوی بەرپرسان و دار و دەستەی پادشای مەزنی لە هەرێمی"حەوت"دا کۆکردەوە و فەرمانی پادشای بەسەردا خوێندنەوە: (پادشای مەزن، خاوەن شکۆ"ئاهو"فەرمانی داوە بەسوژدە بردن بۆ"ئادۆ")

"جابۆ"بۆخۆی بەرلە هەموان سەری ڕێز و حورمەتی بۆ"ئادۆ"نەوی کرد و بە دوایدا سەرجەم بەرپرسان و دەست و پێوەندەکان چەمینەوە.....

"ئەهرا"ئاگری تووڕەیی و ئیرەیی بەربووە گیانی وەاواری کرد: (کارێکی ئاوا نەشیاوە، چۆن دەبێ ئێمەی مەزن و پیرۆز سوژدە بۆ شتێك ببەین کە تادوێنێ قورپێکی بۆگەنی بەر خۆرەتاو بوو؟!)

دەنگێك لەدارستانەکەوە دەبیسترا کە گوێ ی هەموانی پرکرد بوو، ئەو دەنگەش دەنگی"ئاهو"ی مەزن بوو دەیوت: ("ئەهرا"بۆچی بۆ"ئادۆ"سوژدە نابەیت، من"ئادۆ"م لە شێوەی خۆمدا و بە دوو دەستی خۆم دروست کردووە، پاشان لە ڕۆحی خۆمم بە بەردا کردووە؟)

ئەهرا: (ناتوانم سوژدە بۆ شتێك ببەم لە قورپێکی بۆگەنی وشکەوەبووی بەرخۆر دروستت کردبێت، من لەو بەرز و بڵندترم، لە ئاگر منت دروست کردووە، بەڵام ئەوت لە قوڕ خولقاندووە)

ئاهو: (ئەگەر سوژدە نەبەیت دەکەویتە بەر ڕق و قین وخەشمی پادشای مەزنەوە)

ئەهرا: (باکم نی یە، هەرخۆتی ڕۆڵت پێ بەخشیوم و بە کاراکتەرێکی یاخیم دەکەی)

ئاهو: (بەڵام من فەرمانت بە سوژدە بردن بۆ"ئادۆ"پێ دەکەم)

ئەهرا: (بەڵام پێشتر فەرمانت داوە کارەکتەرێکی یاخی بم)

ئاهو: (ئەی تۆ بۆ وەك هەموان سوژدەی بۆ نابەی؟ چی بەرت لێ دەگرێت؟)

ئەهرا: (ئەوەی ڕێگەم لێ دەگرێت فەرمانی پێشینەی تۆیە، تۆ وێستووتە من یاخی و گومڕابم)

ئاهو: (تۆی وادەزانی من بڕیاری پێشینەم لەسەر گومڕاکردنی تۆ داوە، بڕۆ بەرنەفرەتی خۆمت دەخەم...)

ئەهرا: (تەنها ڕۆڵم پێ بدە و تەمەنم درێژ بکە تاکو تۆڵەی خۆم لەو تۆپەڵە قوڕە بکەمەوە، سوێند بێت بە شکۆمەندی تۆ هەموویان وەکو خۆم گومرا

دەکەم، ڕێگە نادەم بەندەیەکی گوێڕایەڵی تۆ بن، بەڵکو لەغاویان دەکەم و لە هەموو لایەکەوە بۆیان دێم، هەموو ئەوانەش یاخی دەبن هەروەك من تۆ یاخییان دەکەیت و ڕۆڵی یاخی بوونیان پێ دەبەخشی...)

ئاهو: (تۆ هێز و دەسەڵاتت تەنها لەسەر کەسانێکە شوێنت دەکەون و گوێڕایەڵیت دەکەن، بەندە دڵسۆزەکانم بە تۆ گومڕا ناکرێن، بڕۆ تا ڕۆژی دوایی ڕێگەت پێ دەدەم، بەڵام تەنها ئەوانە شوێنی فەرمانەکانت دەکەون کە وەك تۆ وان، بەندە ڕاستەقینەکانم دەسەڵاتی تۆیان بەسەردا زاڵ نابێت)

ئەهرا: (ئەوە تۆی ڕۆڵی گومرا و سەرلێشێواوت لە ڕۆمانەکەتدا بەمن بەخشیوە تاکو ببمە هۆی گومڕاکردنی هەموو ئەوانەی کە خۆت گومڕایان دەکەیت، بەڵام باش بزانە سەرجەمی گومڕابوونەکان من بم یان ئەوان تەنها بۆ تۆ دەگەڕێتەوە...)

ئاهو: (دیارە شایستەی ئەو ڕۆڵەی، بەڵگەی شایستەبوونت بۆ گومرایی ئەم قسانەی ئێستایە کە دەیکەیت...)

ئەهرا: (ئەم قسانەش من خاوەنی نیم، بەڵکو هەر بۆ تۆ دەگەڕێتەوە)

ئاهو: (تۆ هەموو شتێك بۆ من دەگێڕیتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئەم گشتە تەسلیمبوونەدا ڕاستت بکردبایە گوێڕایەڵیت لێ دەکردم و سوژدەت بۆ"ئادۆ"دەبرد، بەڵام تۆ خۆت لەبەردەم دەسەڵاتی منـدا بەرز کردۆتەوە، کەسی"ئاهوناس"و ملکەچ بە فەرمانەکانی خۆی ناکات بە دوژمنی سەرسەختی"ئاهو"چونکە دەزانێت هەموو شتێك بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، ئەم قسەشت خستە سەر قسەکانی پێشووت، تۆمەتبار کردنی من لەیەن تۆوە بەڵگەی شایستە بوونتە بۆ ڕۆڵی یاخیبوون، دەمت دابخە و لەوە زیاتر پێ ڕامەکێشە، چونکە لە ژێر دەسەڵاتی خۆمدای)

ئەهرا: (دەزانم لەژێر دەسەڵاتی تۆدام، بەڵام تۆ وتت مۆڵەتت دەدەم و تەمەنت درێژ دەکەمەوە تاکو تۆڵەی خۆم لە نەوەی"ئادۆ"بکەمەوە)

ئاهو: (بەڵێ، ئێستاش دەڵێم تۆ ڕێگەت پێ دراوە و هەرچی لە دەستت دێت ئەنجامی بدە..)

ئەهرا: (هەرچیم لەدەست بێت تۆ پێم ئەنجام دەدەی..)

ئاهو: (من شەڕ و خراپەم گەرەك نی یە)

ئەهرا: (بەڵام شەڕت خولقاندووە !)

ئاهو: (ژیان بۆ مرۆڤ تاقیکردنەوەیە، بە بێ بوونی شەڕ مرۆڤ تاقیناکرێتەوە)

ئەهرا: (بەڵام منت گێڕا بەو شەڕە !)

ئاهو: (من تەنها پۆشاکێکم دووری بوو، تۆ دەتوانی ئەو پۆشاکی شەڕە نەپۆشیت، خۆت بڕیارت دا پۆشاکەکە بکەیت بە کالاّی بالاّت)

ئەهرا: (بەڵام دەبوا کەسێك بیپۆشیبایە !)

ئاهو (بۆ دەبێت تۆ خۆت بەو کەسە بگێڕی؟ کێ زۆری لێکردی تۆ ئەو کەسە بیت؟)

پیرەمێردەکە مەنجەڵە قارچکەکەی لەسەر ئاگرەکە لادا و لە قاپێکدا هەندێ قارچکی سوورکراوەی بۆ"ڕاز"تێ کرد و لەگەڵ دەستە نانێکدا نایە بەردەمی و پێ ی وت: (نان بخۆ...)

"ڕاز"سەرنجێکی پڕ لە پرسیاری لە پیرەمێردەکەدا و هاتە وەڵام: (نانی چی بخۆم دەیان پرسیارم لا هوروژاوە و دەمەوێ تێ بگەم)

پیرەمێردەکە: (نانەکەت بخۆ و برۆ، بۆ خۆت بە دوای وەڵامی پرسیارەکاندا بگەڕێ، هەر پرسیارێکیش بێ وەڵام مایەوە هەفتەی داهاتوو پێکەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین...)

"ڕاز"هەندێك نان و قارچکی سوورکراوەی خوارد و هەستایە سەر پێ و خواحافیزی لە پیرەمێردەکە کرد و بەر لە چوونە دەرەوە پیرەمێردەکە داوای لێکرد پەرداخێ ئاو لە کوپەکە بخواتەوە،"ڕاز"یش پەرداخێکی پڕ کرد و نای بە

سەریەوە و بەپەلە لە ئەشکەوتەکە چووە دەرەوە، ماوەیەک بە لاپاڵی چیاکەدا هاتە خوارەوە و لە ناکاو کپ بوونەوەیەک هەموو هەستەکانی داگیرکرد و خەوە نوسکێ داگیری کرد، بەدەم ڕێوە چاوەکانی لێک نا، کاتێ چاوی کردەوە خۆرئاوایەکی درەنگە و بە تونديی لە دەرگای ماڵەوە دەدات، داپیرە دەرگاکەی بۆ کردەوە و باوەشی پیادا کرد و دەستەکانی لە ملی ئالاند و وتی: (کوڕم، لە کوێ بووی بۆ درەنگ کەوتیت؟ لە عەسرەوە چاوەڕوانم...)

"ڕاز"سەلامی کرد لە داپیرە و بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت، داپیرە پرسیاری لێکرد: (خواردنت بۆ ئامادە بکەم؟)

لەوەلامدا وتی: (نە، داپیرە گیان، زۆر ماندووم، دەمەوێ هەندێ بنووم، ئەگەر بە ئاگا هاتم دێم بۆ هۆڵەکە...)

"ڕاز"هەر ئەوەندە خۆی گەیاندە ناو جێگەکەی کەوتە ناو خەوێکی قوواڵەوە، داپیرەی یەک- دوو جارێ سەری کێشایە ژوورەکەی، بەاڵم ئەوەندە خەوەکەی خۆش بوو دڵی نەهات بە ئاگای بهێنێت...

سبەینێ شەممە یەکی ئایار بوو، ئەو ڕۆژەش لە سەراپای ولاّت دا پشوو بوو، بەیانی درەنگ بە ئاگا هات، دەتوت بە مەکوکێکی فەزایی لە گەشتێکی گەردوونی گەڕاوەتەوە...

باخە گەورەکە و دەرەوە و ناوەوەی خانوەکە و تەنانەت داپیرەش لەبەر چاوی"ڕاز"گۆڕابوون، لە دەستشۆری هاتووخانەکەدا دەستی شۆری و چوو بۆ لای داپیرەی کە لە چێشتخانەکە دانیشتبوو: (بەیانی باش داپیرە)

داپیرە: (بەیانی باش، کوڕی شیرینم، وەرە پاڵم دابنیشە...)

بە دەم خواردنی ژەمی بەیانی یەوە"ڕاز"پرسیاری لە داپیرەی کرد: (ڕوخسار و دەم و چاوم نەگۆڕاوە؟)

داپیرەی دەستێکی هێنا بە سەر سەری دا و وتی: (خۆ نەخۆش نیت گیانی داپیرە؟)

"ڕاز"دەستی بۆ پارووپەکی تر برد و وتی: (نا... مەبەستم ئەوە بوو هەست ناکەیت گەورە بووم؟)

داپیرەی بزەیەك کەوتە سەر لێوانی و وتی: (ماشەلآت لێ بێت پیاوێکی کاملّیت، خودا لە تیری حەسوودان بە دوورت بگرێت)

پاش خواردنی ژەمی بەیانی سفرەکەی بۆ داپیرە پاك کردەوە و پیالّەکانی بۆ شۆری و لە دۆلآبەکەدا ڕێکی کردن، ئەوجا کتێبێکی بە دەستەوە گرت و ڕۆیشت بۆ ناو باخەکە...

سەرەتا لە ناو جۆلانەکەدا دانیشت و گوڕێکی بە خۆی داو جۆلانەکە کەوتە هات و چۆ...

قسەکانی دوێنێ ی پیرەمێردەکە هاتەوە بەر زەینی: (بلّێ ی ئەم پیرەمێردە کەسێکی ڕاستەقینە بێت؟!، یاخود خەیالّێکی دروستکراوی زەینی من بێت، تۆ بلّێ ی کارەکتەری ڕۆمانێکی نەنوسراوی من بێت؟، یاخود خەونێکە و دوێنێ شەو بینیومە؟ ئەو دونیایە بە جۆرێکی دی دەکەوێتە پێش چاوان... دەلّێ ی گابەردێکم و لە شوێنی خۆم هەلّکەنراوم، دارگوێزێکم باڕەشی بەهێز پەل و پۆکانی تێك شکاندووم، باخێکی میوەم بەهار تەرزەکوتی کردوم و هموو گوڵەکانی وەراندووم، هەناوم دەلّێ ی دۆلّێکە و لافاو دایدڕیووە، لەو مێش هەنگانە دەچم مرۆڤە چلّێسەکان دەست بەسەر پلوورەکەیاندا دەگرن و هەموو شانە هەنگوینەکانی بە تالآن دەبەن، من پەپوولەیەکم ڕەشەبا هەلّیگرتووم و مەملەکەتی خۆمی لێ بزر کردووم، گەرا ماسییەکم دایکم لە دەریالوشەوە هاتووە و منی لە قولآخی بن بەردی ڕووبارێك دا هەلّ ڕشتووە و بەجێ ی هێلآوم...

بلّێ ی من و داپیرە بەشێك لە داستانەکەی ئەو نەبین؟! ئەگەر وابێت خۆشەویستی نێوان من و داپیرەم ئەو خولقاندوویەتی، چەندە تالّە من و ئازیزانم ئەکتەری فیلمی ئەم پیرەمێردە بین! بلّێ ی ئێمە سەرقالّی ڕۆلّێك بین نووسەر و دەرهێنەرەکەی خۆمان نەبین؟! دەبێ کێ بێ دەرهێنەری ئەم شانۆیە؟! پیاوی

ناو ئەشکەوتەکە؟ کابرای دوورگە سیحراوییەکە؟ جابۆ؟ ئادۆ؟ ئەهرا؟ خۆم؟ بە ڕاستی ئێمەی مرۆڤ لە قەیرانێکی تەواو ڕاستەقینەدا دەژین... ئەگەر قەیرانیان بۆ خولقاندبین، دەبێ کێ بێت بەرپرسی یەکەم لەم هەموو تەنگەژەی ڕوو بە ڕووی دەبینەوە...؟!

پاشان پوختەی شانۆکەی"یوسوف"کە لەسەر زمانی ئاژەلاٚن نووسی بووی هێنایەوە بەر کامێرای خەیاڵ و لە یەك بە یەکی ڕووداوەکان ڕا دەما، کورتە شانۆکەی زۆر لا شیرین بوو، پڕ بە دڵ بەو سەرئەنجامەی ڕوو بە ڕووی"گاجووت"بوویەوە پێکەنی، کورتە شانۆکەی لەسەر تەپڵەکەکەی بەردەمی دانا و لەناو خۆی دا کەوتە پرسیار و بیرکردنەوە (یوسوف نووسەری کورتە شانۆکەیە، لە بیری خۆیدا هەندێك لە کارەکتەرەکانی سەر خست و سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و هەندێکی تریان دۆڕاو و هەڵهاتوو...

"شێر"ی کرد بە شێری مەیدان و براوە لە جەنگدا،"گاجووت"یشی کرد بە گاجووتیکی ترسنۆك و هیچ لەبارا نەبوو، ئایا نەی دەتوانی ڕۆڵی شێر و گاجووت پێچەوانە بکاتەوە، گاجووتی بکردبایە بە پادشای ڕاستەقینە و جەنگەڵی لە دەستی زوڵم و زۆری"شێر"قوتار بکردبایە؟

"یوسوف"هاتووە یاساکانی جەنگەڵ چۆنە بەو شێوەیە سەرئەنجامەکانی دیاری کردووە، ئەویش لە ژێر دەسەلاتی یاسای جەنگەڵدایە، واتە شانۆنووس لە ژێر کاریگەری شانۆدایە، هەر بەو جۆرە ڕۆمانووس لە ژێر کاریگەری ڕۆماندایە...

"قالاو و پاساری"تاوانیان چی یە بە ڕووڕەش و ناپاك دەردەچن، ئەی بۆ دوو قارەمانیان لێ دروست نەکرا، تاوان لە ئەوانەوەیە یان لە نووسەری کورتە شانۆکەوە؟ بۆ دەبێ"پاساری"ئەو سەرئەنجامە تراژیدی یە ڕوو بە ڕووی ببێتەوە؟ خیانەت و کوژران دوو مەرگەساتی بێ وێنەیە! ئێمە چی لەم کورتە شانۆوە فێر دەبین؟ ئەم کورتە شانۆیە کوێ ی ئێمە ئاوەدان دەکاتەوە؟ ئەم کورتە شانۆیە پێمان دەڵێ: هیچ شتێك ناگۆڕێت، ئەگەر بتەوێ بیگۆڕی خراپی

دەکەیت، نووسەری ئەم شانۆیە دەڵێ: ئەوەی پادشایە دەبێ هەر پادشا بێت و کەس ناتوانێ لە دەرەوەی دەسەلاتی "شێر"ژیان بەسەر بەرێت، هەموان لە جەنگەڵدا ڕەعیەتی "شێر"ن و ئەگەر چەند گیاندارێك یاخی بن سەرئەنجامیان وەکو گاجووت و ڕاوێژکارانی دەبێت، ئەگەر گۆڕان بوونی هەبێت ئەوە تەنها لە ڕۆڵی "پاسارێ"دایە، بەڵام کام گۆڕان؟ گۆڕان سەرئەنجامێکی وای بە "پاسارێ"بەخشی هیچ کەسێك نەوێرێ لە ژیانیدا بیر لە گۆڕان بکاتەوە...

بە کورتی شتەکان چۆن هاتوون هەروا دەبن، کەس ناتوانێت گۆڕان لە یاسا سروشتیەکاندا بکات، ئەگەر گۆڕانێکی کەمیش بکرێت تێکدان و کاولکاری یە، ئایا ئەم تێڕوانینەی "یوسوف"بۆ ژیان دروستە یان هەڵەیە؟ بە پێوەری واقیع دروستە چونکە ئەم شانۆیە باسی واقیعێك دەکات کە هەیە، "شێر"بالاّ دەستە و کەس ناوێرێ لێ ی نزیك بکەوێتەوە، بەڵام **بە پێوەری دادێك کە لە قوواڵیی ناخی ئێمەدا بوونی هەیە نابێت ژیان بەو جۆرە بێت**... خەونی ئێمە بۆ عەدالەت شتێکی تر و واقیعی عەدالەت وێنەیەکی ترمان نیشان دەدات... ئێمە نامانەوێ زاڵم بە هۆی هێزو زۆرییەوە پایەدار بێت، پێمان خۆشە لاواز و مەزڵوم دەسەلاّت لە دەست بگرن، بەڵام کە لە واقیعدا ئەم خەونەی ئێمە دێتە دی، واتە زاڵم دەڕوخێ و مەزڵوم سەردەکەوێت زۆرجار ئەو سەرکەوتنە ئەنجامێکی پێچەوانەی لێدەکەوێتتەوە...

زۆرجار کە مەزڵوم دەستی دەگاتە کورسی دەسەلاّت بۆ زاڵمێکی ترسناك دەگۆڕێت، بە جۆرێك ژیان و زیندەگی لە مەردومان تاڵ دەکات خەڵکی خۆزگە بە پادشا زاڵمەکەی پێشتر دەخوازن، کەوابوو پادشای پێشوو زاڵم نەبوو کورسی دەسەلاّت زاڵمە، "شێر"لە خۆیدا ستەمکار نییە، سروشت ستەمکارە، مرۆڤ لە خۆیدا زۆردار نییە بەڵکو ئەوپلە و ئەستێرانەی لە سەر شانی دانراون زوڵم کردن دەخوازن، هاتنی شیوعییەکان بۆ سەر دەسەلاّت هاتنە دی خەونی کرێکاران و هەژاران بوو، بەڵام دواتر خەڵکی خۆزگەی بە سەردەمی "قەیسەر"دەخواست...

هەمیشە کۆیلە کە دەگاتە دەسەلآت زەبر و زۆری چەند بەرانبەری زۆر و داری سەردارەکانە... کۆیلە بە نەفسییەتی کۆیلەیی خۆی دەیەوێ لە کەمترین ماوەدا دونیای دەرەوە بەو جۆرە لێ بکات کە ئەو دەیەوێ، ئەمەش ناچاری دەکات زەبرو زۆر بەکار بهێنێ...

مومارەسەی دەسەلآتی کۆیلە وەک نانخواردنەکەی وایە لەسەر سفرە، کۆیلە لەسەر بنچینەی لەزەت سفرە دەڕازێنێتەوە، سەردار لەسەر بنچینەی تەندروستی پاروەکانی دەجاوێت، کۆیلە هەموو ئەوەی دادەنرێت حەپەلووشی دەکات، سەردار لە هەر خواردنێك چەند کەوچکێك دەخوات، کۆیلە بە خێرایی و لە کاتێکی کەمدا شتەکانی سەر سفرە هەڵ دەلووشێ، سەردار یەک- دوو کاتژمێر بە مەراسیمی خواردن و خواردنەوەوە بەسەر دەبات، کۆیلە لەسەر سفرەدا جگە لە مڕە مڕ شتێکی تری لێ نابیستی، سەردار بەشێك لە قسەکانی خۆی بۆ سەر سفرە هەڵ دەگرێت، کۆیلە نایەوێت کەس لەگەڵی دا نان بخوات تەنانەت ژن و منداڵەکانیشی، سەردار لەگەڵ کەسانی تردا نەبێت نانی پێ ناخورێت، کۆیلە دوای تێربوون داوای ڕابواردن و ژووری نوستن دەکات، سەردار باسکردنی چەندین بابەتی گرنگ بۆ دوای نانخواردن هەڵ دەگرێت...

گەورەترین ترس کە ڕووبە ڕووی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەبێتەوە ئەوەیە کۆیلەکان دەسەلآت بگرنە دەست، کۆیلە بەر لەوەی ڕقی لە هەر شتێك ببێتەوە ڕقی لە کۆیلەیە، واتە ڕقی لە خۆیەتی، بوونی کۆیلە ئازارەکانی کۆیلەیەتی بەبیر دێنێتەوە، بۆیە دەیەوێ هەموو کۆیلەکان ڕەشەکوژی بکات...

"ستالین"ی کۆیلە دەیان ملیۆن مرۆڤی کۆیلەی لە کۆمارەکانی ڕووسیادا قەتڵ و عام و زیندەبەچاڵ کرد، ڕووخانی پادشایەتی و هاتنی دەسەلآتی کۆماری لە زۆربەی ولآتانی ڕۆژهەلآ تدا هەڵەیەکی مێژوویی بوو.... بۆ؟ چونکە کۆیلە نازانێت چۆن سیاسەت بەرقەرار دەکرێت، بەشێك لە هۆکاری کۆیلەبوونی کۆیلە نەزانی و تەمبەڵی خۆیەتی، بۆیە دەیەوێ ولآت پڕ ئاشووب بێ و ئەو لە

بێ یاسایی و تالآن و برۆ سوودمەند بێت، ئەم هەموو ڕقەی من لە کۆیلە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆشم کۆیلەم..

بەڵێ منیش کۆیلەم، بەڵام ڕق و کینەی کۆیلەیەکی وەکو من لە کۆیلەکان ڕاستێتی قسەکانم دەربارەی کۆیلە دەسەلمێنێ، کۆیلە بە قەدەر"گاجووت"دەسەلآتەکەی بەردەوام دەبێت، ماوەیەك هەوا دەکاتە خۆی و پاش کەمێك وەکو باڵۆن فش دەبێتەوە، کۆیلەکانی"یەکێتی سۆڤیەت"ی جاران تەنها"سێ"چارەکە سەدە توانیان لە دەسەلآت دا بمێننەوە، پاشان دانیان بە کۆیلەیی خۆیاندا نا و کلکیان بە دوای خۆیاندا گووشی، نەفرەت لەو کەسانەی لە مێژوودا کۆیلەکان هەڵ دەنێن بۆ ئەوەی لە ڕێگای زەبرو زۆرەوە دەسەلآت بگرنە دەست...)

"ڕاز"بە دەنگی داپیرەی بە ئاگا هاتەوە کە لە بەردەمی دا وەستا بوو، پێ ی وت: (کوڕم بۆ لەبەر خۆتەوە قسە دەکەیت؟ نەفرەت بۆ سەر کێ دەنێری؟)

دیار بوو"ڕاز"نەفرەت کردنەکەی بە زوبان گۆ کرد بوو، هاتە وەلآم و وتی: (ئاگام لە خۆم نەمابوو، بیرم لە شتێك دەکردەوە...)

داپیرە: (بیرت لە چی دەکردەوە؟)

ڕاز: (باشە داپیرە بنەماڵەی ئێمە ڕەگ و ڕیشە و بنەچەی لە کوێوە هاتووە و بۆ سەر کێ دەگەڕێتەوە؟)

داپیرە لەسەر یەکێك لە کورسییەکان دانیشت و وتی: (چەند جار لە"وەستا مەحمود"ی باپیرتم بیستووە ئەویش لە باپیرانیەوە بۆی باس کراوە گوایە بنەماڵەکەی ئێوە لە"ئێران"ەوە ڕووی لەم ولآتە کردووە...

کاتێك حکومەتی"کەریم خانی زەند"لە"ئێران"دا دەڕوخێ عەشیرەتی"زەندی یەکان"دەکەونە بەر هێرش و پەلاماری عەشیرەتەکانی ترو بەشێکیان ڕوو دەکەنە دەشتی"هەولێر"و بەشێکی تریان ڕووله"شارەزوور"و"گەرمیان"دەکەن،"وەستا

مەحمود"دەیوت: ئێمە لەو بنەماڵە ئاوارانەین کەلە ترسی زوڵم و زۆر بەرەو ئەم ولاتە هەڵهاتووین...لە باوەڵی نەختینەکەدا شەجەرەکەی تێدایە و تاکو ئێستا پارێزگاریم لێکردووە...)

ڕاز: (داپیرە خۆت بۆ سەر چ عەشیرەت و بنەماڵەیەك دەگەڕێیتەوە؟)

داپیرە: (من دایکم لە سەیدەکانی بەرزنجەیە و باوکیشم لە بەگزادەکانی هەورامانە)

ڕاز: (شەجەرەی ئێوەش نوسراو و دیارە؟)

داپیرە: (بەڵێ، لای کوڕەکانی مامی گەورەم پارێزراوە...)

ڕاز: (دایکم و خاڵەکانم ڕەگ و ڕیشەیان دیارە؟)

داپیرە: (باوکی دایکت، واتە"باپیرت"پیاوێکی هەژار بوو، بەڵام عیززەتی نەفسی بە قەدەر پادشایە بوو، ئەو پیاوێکی سنگ فراوانی نەجیب بوو، حەزی بە میوان و خزمەتی خەڵکی بوو، هەموو کەسێك خۆشی دەویست، پیاوێکی جوانخاسی پێکەوتو بوو، هەموو جارێ بە شۆخییەوە بە"وەستا مەحمود"م دەوت: حەیفە تۆ میرو بەگ بی و خەزوری کوڕەکەشت پێ ی بوترێت مسکێن.... وەستا مەحمود – بە ڕەحمەت بێت یاخوا – تێر بە قسەکەم پێ دەکەنی و دەیوت:"مام ڕەحمان"زۆر لە میرو بەگ گەورەترە، ئەو خوا دڵ و دەروونێکی پێ بەخشیوە لە ئاوێنە سپیترە... جوانی ناوەوەیەتی ڕووخسار و دەرەوەی پێکەوتوو کردووە...)

ڕاز: (بۆچی تاکو ئێستا ئەم قسانەت بۆ باس نەکردووم؟)

داپیرە: (حەزم کردووە پۆژێك لات ببێتە پرسیار ئەوجا بۆتی باس بکەم... هەستە با بچین بۆ چێشتخانەکە و شتێك پێکەوە بخۆین...)

ڕاز: (با برۆین.....)

عەسرەکەی ئەو رۆژە خەریکی ئامادەکردنی وانەکانی بوو، شەوەکەشی هەندێکی لە ئەدەبی عەرەبی خوێندن و پاشان لە سەر جێگەکەی ڕاکشا و کەوتە بیرکردنەوە لە گەڕانەوەی دوێنێی لە ئەشکەوتەکەوە بۆ ماڵەوە: (بە ڕاست لە ئەشکەوتەکەوە بۆ ماڵەوە"بیست تا سی"کیلۆمەترە و بەچی ئەو ماوەیەم بڕیوە؟ بە پێیان؟ یان بە ئۆتۆمۆبێل؟ یا بە فڕین؟ نایەتەوە بیرم سواری ئۆتۆمۆبێل بوو بم، خۆ باڵیش ناگرمەوە، بە پێیان هاتوومەتەوە، بەڵام چۆن لەو بێ ئاگاییەدا ڕێگەم لێ وون نەبوو؟ نازانم؟ چۆن هەستم بە ماندووبوونی ڕێگا نەدەکرد؟ دیسان نازانم...)

سبەینێ کورتە شانۆکەی لەگەڵ خۆی دا برد بۆ قوتابخانە و دایەوە دەستی"یوسوف"و دەستخۆشانەی لێکرد و هەموو سەرنجەکانی خۆی دەربارەی شانۆکە پێ ڕاگەیاند...

هەموان کۆبوونەوە و بۆ پرۆڤەکردنی کورتە شانۆکە ڕۆژێکیان بڕیار دا...

"یوسوف"ڕۆڵەکانی دابەش کرد و هەر کەسە و دەقی تایبەت بە خۆی دایە دەست تاکو خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، شوێنی پرۆڤەکە باخەکەی ماڵی"ڕاز"بوو، بۆ کاتی یەکتر بینیان ئێوارەی ڕۆژی"سێ شەممە"یان دانا...

ئەو ڕۆژە دوای دەوامی قوتابخانە سەرقاڵی لەبەر کردنی ئەو دەقە بوو کە"یوسوف"بەوی دابوو، تاکو بۆ پرۆڤەکە خۆی ئامادە بکات، ڕۆڵی بولبول (ڕاوێژکاری یاسایی پادشا) تا ڕادەیەك ئاسان بوو، وای هەست دەکرد ڕۆڵەکە بەو دەخوات و جۆرێك لە هەماهەنگی لە نێوان کەسایەتی"بولبول"و"ڕاز"دا هەیە...

لە ژوورەکەیدا بیری لە ڕۆڵی"بولبول"و بەدیهێنەری ڕۆڵەکە، واتە "شانۆنووس"دەکردەوە،"یوسوف"بەدیهێنەری شانۆکە و ڕۆڵەکەیە،"بولبول" کارەکتەری ناو شانۆکەیە و"ڕاز"یش کە ڕۆڵی"بولبول" دەبینێت"ئەکتەر"ی ڕۆڵەکەیە...

"یوســـــوف"،"بولبـــــول"،"پاز"، واتـــــه (نووســـــەر، کارەکتـــــەر، ئەکتەر)،"کاراکتەر"لە بوونی نووسەرەوە سەرچاوە وەردەگرێت، واتـە بـوونی کاراکتـەر وابەستەی بـوونی نووسـەرە، ئەگـەر نووسـەر بـوونی نـەبێت شـانۆ و کاراکتەریش بوونی نابێت، ئەکتەریش ڕۆڵی بێ گیان و مردوو زیندوو دەکاتەوە، ئەکتـەر ڕۆح بـە کارەکتـەر دەبەخشـێت، ئـەو زەمـەنی ئێستا سـفر دەکـات و ڕووداوەکـان دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو ساتە وەختانـەی کـە ڕوویـان داوە، یـان بـە پێچەوانەوە زەمـەنی نـاو دەقـی شـانۆ لـە ئێستادا زیندوو دەکاتـەوە، ئەکتـەر دەبێت بە بوونێك کـە بەشـێکە لـە نووسـەر و بەشـێکیش نـی یـە لـە نووسـەر، بەشـێکە لـە نووسـەر، چـونکە ڕۆڵـی کارەکتـەرێك دەبینـێ کـە لـە نووسـەرەوە هـەڵقوڵاوە، بەشـێك نـی یـە لـە نووسـەر، بـەڵکو ڕۆح بـە شـتەکانی نووسـەر دەبەخشێت، چونکە ئازادە لە هەڵبژاردنی جۆری ڕۆڵەکاندا، ئەو دەتـوانێ ڕۆڵـی بولبول ببینـێ، دەتـوانێ ڕۆڵـی پاسـاریەکی ناپـاکیش هەڵببـژێرێ، لـە سـەرێکی تـرەوە هەمیشە ئەو ڕۆڵەی وەری دەگرێت بەو جۆرە نمایشی دەکـات کـە خـۆی دەیـەوێ و تـێ ی دەگـات و لێ ی دەزانـێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناتوانێـت گـەر ڕۆڵـی"بولبـول"ی وەرگرتبێـت ڕۆڵـی"گـاجووت"نمـایش بکـات، واتـە بـە نـاوی ڕۆڵی"بولبول"ەوە ڕۆڵی"گاجووت"ببینێت، چونکە لەو بارەدا لە چەقی دەقەکە لای داوە، بەڵکو ڕۆح و حەقیقەتی دەقەکەی تیا بردووە...

نووسەر بە دیاری کردنی ئاڕاستەی ڕۆڵەکان ئەکتەر سنووردار دەکات، من لە ناو ڕۆڵی"بولبـول"دا نـاتوانم ڕۆڵـی"کەرۆێشـك"ببیـنم، چـونکە ئاڕاسـتەی ڕۆڵـی بولبول ڕوون و ئاشکرایە...

نووسەر گیـان دەکـات بـە بـەر ئەکتـەردا لـە ڕێگـەی ئـەو ڕۆڵـەی کـە پـێ ی دەبەخشـێ، ئەکتـەریش جوولـە و گیـان بـە کارەکتـەرەکانی نـاو شـانۆکە دەبەخشـێ، گـەر لـە گۆشـەیەکی تـرەوە سـەرنجی بـدەین: ئەکتـەر بـوونێکی سەربەخۆی هەیە و لە گەمەیەکی شانۆیی دا ڕۆڵی کارەکتەرێك دەبینێ، واتە من

(ڕاز) بولبول نیم، من"ڕاز"م، بەلأم خۆم دەکەم بە"بولبول"، لە ڕاستی دا ڕۆلّی"بولبول"بەشێکی زۆر کەمە لە تەمەن و ڕۆلّەکانی"ڕاز"، لە شانۆیەکدا ڕۆلّی"بولبول"دەبینم لەوانەیە لە شانۆیەکی تردا ڕۆلّی پیاوێکی دز ببینم...

کارەکتەر نەمرە و هەتا مرۆڤ بوونی هەبێ ئەویش لە ناو شانۆکەدا بوونی هەیە، هەتا مرۆڤ بێت"ماکبێس"کارەکتەری شانۆگەری"ماکبێس"ی نووسەری ئینگلیزی"شکسبیر"ە. کارەکتەر نەگۆڕە، بەلأم ئەکتەر گۆڕاوە، لە سەردەمی نووسینی شانۆگەری"ماکبێس"ەوە تاکو ئێستا لەوانەیە دەیان "ئەکتەر"ڕۆلّی"ماکبێس"ی بینیبێت، بەلأم کارەکتەری "ماکبێس" هەر"ماکبێس"ە و نەگۆڕاوە....)

سەبەینێ لە وانەی ئایین دا مامۆستا وانەکەی تەرخان کرد بۆ پرسیارەکەی"ڕاز"کە لە ڕۆژی پێشوتردا لە مامۆستای کرد و زەنگی پشوی بە سەردا هات،"ڕاز"پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و وتی: (ئایین چ ڕۆلّێکی هەیە لەو ململانێ ی دەکەوێتە نێوان مرۆڤ و غەریزەکانی لە لایەکەوە و مرۆڤ و کۆمەلّگە لە لایەکی ترەوە؟)

مامۆستاپرسیارەکەی"ڕاز"ی ڕووبەڕووی قوتابییەکان کردەوە، یەکێك لە قوتابییەکان هەستا و وتی: (ئایین دژ بە غەریزەکانی ئێمەی مرۆڤ دەوەستێتەوە، مرۆڤیش کەوتۆتە نێوان مومارەسەکردنی حەز و چێژی غەریزەکانی و هەڕەشەی ئایینەوە، مرۆڤ یان دەبێ بە گوێ ی حەزەکانی بکات یان بە گوێ ی ئایین، واتە یان دەبێ گوێڕایەلّی خۆی بێت یان ملکەچی خودا، لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا ڕێگای مام ناوەند بوونی نی یە، یان خۆت یان خودا، یان چێژ و بەختەوەری یان ئازار و دلّەڕاوکێ...)

مامۆستا: (قسەکانت سەرنج ڕاکێشن، من وەك مامۆستا چ جای قوتابی بەو بۆچوونانە سەرسامم، بەلأم ورد کردنەوەی مەبەست و مەرامی قسەکان بۆ هەموومان پێویستە...)

قوتابیەکی تر: (ئەگەر ئێمە خودا دروستی کردووین غەریزەکانیشمان ئەو دروستی کردووە، خودا کاری ناپەسەند و ناجوانی لێ ناوەشێتەوە، بۆیە هەموو غەریزەکانی ئێمەی مرۆڤ چاك و پاکن و نابێ بە شەرەنگێز و نەفرەت لێکراو تەماشایان بکەین...)

مامۆستا: (ئەم قسەش بە قەدەر ئەوەی پێشوو جوان و سەنگینە...)

شاروخ: (من دەڵێم ئەم جەنگە خوێناویەی نێوان مرۆڤ و غەریزەکانی مرۆڤ کۆمەڵگە خولقاندووویەتی، ئەگینا لە بنچینەدا هەموو غەریزەیەك لە مرۆڤدا بۆ کارپێکردن ڕوواوە، بەڵام کۆمەڵ دێت و ڕشتەیەك بەها و کلتور بە سەرماندا دەسەپێنێ و ناچارمان دەکات دەستبەرداری حەزەکانی خۆمان ببین و غەریزەکانمان لەغاو بکەین و بیەرچێنین، لە ولاتانی خۆرئاوادا ئەم جەنگە خوێناوییە بوونی نی یە، مرۆڤ ئازادانە موماڕەسەی حەزەکانی خۆی دەکات...)

مامۆستا: (ڕایەکی باش و ماقوولە...)

قوتابییەك کە لە ڕیزی ناوەڕاست و لە پێشەوە دادەنیشت دەستی هەڵبڕی و وتی: (ڕاستە لە بنچینەدا غەریزەکان شەرعییەت لە بوونیاندا هەیە، بەڵام ئەو غەریزانە هەڵچوون و داچوونیان تیادا هەیە و دەبێ سیستم و یاسای بۆ دابنرێ و چوارچێوەیەك بۆ غەریزەکان دیاری بکرێت..)

قوتابییەکی نوکتەباز و قسەخۆش: (ئەو چوارچێوانە پشتی ئێمەیان شکاندووە، کە لە ماڵەوە هەڵدەکەمە سەر بانەکەمان باوکم بە بڵتە دەمهێنێتە خوارەوە و دەڵێ: سەگی سەگباب دەخوێنی یان سەیری کچەتیوەی گەڕەکم بۆ دەکەی؟!)

هەموو پۆلەکە دایە قاقای پێکەنین و مامۆستا تکای کرد لە قوتابیەکە نوکتەکانی بۆ کاتێکی تر هەڵ بگرێت...

پاشان مامۆستا ڕووی کردە هەموان و وتی: (هەموو ڕایەکان جێگەی دەست خۆشی یە بەوەشەوە کە هەموانی هێنایە پێکەنین، ئایین باوەڕی وایە مرۆڤ

دارای ویست و ئیرادەیە، خودا دوو هێزی لە ناخی مرۆڤدا ڕووانـدووە کە هێزی"چاکە"و هێزی"شەڕەنگێزی"یە، بە هێزی شەڕەنگێزی- یاخود بە بوونی ئامادەیی بۆ خراپە کردن- دەتوانێت گەورەترین کاولکاری لە ژیان و گەردوون دا بەرهەم بهێنێ، هەر بەو جۆرە بە هێزی چاکە دەتوانی ئاوەدانی و چاکە و سەعادەت دروێنە بکات...

مرۆڤ – بە تێڕوانینی ئایین – دەبێ خۆی لە بەشی شەڕەنگێزی پاکژ و پاك بکاتەوە و گرنگی و پەروەرش بە بەشی چاکە بدات، گەورەترین سەعادەت لەو ساتەدایە کە دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ دەبێ بە یەك، هەماهەنگی لە نێوان حەز و مومارەسەدا پەیدا دەبێت، قسە و گوفتاری یەك دەگرنەوە، لە دەستەکەی تڕەوە تاڵترین و دژوارترین ژیان ژیانی کەسێکە دەرەوەی شتێك بێ و ناوەوەی شتێکی تر، ئایین دێت و ئەو ناهاوسەنگی و دۆزەخ و دژوارییەی نێوان ناخی مرۆڤ و شاخی مرۆڤ، نێوان پەنهان و ئاشکرای مرۆڤ هەڵ دەگرێت و چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە، ئەگەر ئایین تەنها فەرمان کردن بێت بە جڵەوکردنی حەزەکان و غەریزەکان- بە بێ خستنە ڕووی چارەسەرێك- ئەوە دۆزەخی بۆ مرۆڤ خولقاندووە، بەڵام ئایین پرۆسەی

"پاکژبوونەوە"دەکات بە بەدیل...

یوسوف: (پرۆسەی پاکژبوونەوە چی یە؟)

مامۆستا: (پرۆسەی پا..... کژبوونەوە....)

لێرەدا زەنگی پشوو لێدرا وباسەکە بە کراوەیی بۆ کاتێکی نەزانراو دواخرا....

❁ ❁ ❁

-٦-

ژیانێکی ساده و فەلسەفەیەکی مەزن

دوای تەواوبوونی دەوامی ئەو رۆژەی قوتابخانە "راز"لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا سەرێکی کتێبخانەی ناو قەیسەریەکەیان دا و چاوێکیان بە کتێبەکاندا گێڕا، "راز" پۆژنامەیەک و یەک دوو گۆڤار و ڕۆمانی "چاوەکانی" پۆماننووسی مەزنی ئێرانی "بوزرگی عەلەوی" کڕی...

بۆ ژەمی نیوەڕۆ داپیرە چاوەڕوانی بوو کە گەڕایەوە ماڵەوە داوای لێبوردنی لە داپیرە کرد و لە دواکەوتنەکەی تێ ی گەیاند، داپیرەی لە کاتی نانخواردندا پێ ی وت: ("سێبەر خان"تەلەفونی کرد)

ڕاز: (خێر بوو؟)

داپیرە: (داوای دەکرد شەوی هەینی لە ماڵی ئەوان بین...)

ڕاز: (یانی دەعوەت بین؟ جا چی لەوە خۆشترە..؟!)

داپیرە: (دەزانم پێت خۆشە، بۆیە پێم ڕاگەیاندی...)

ڕاز: (ئەی مەگەر تۆ پێت خۆش نی یە؟)

داپیرە: (چۆن پێم خۆش نی یە، بەڵام تۆ زۆر زۆرت پێ خۆشە...)

ڕاز: (داپیرە گیان ڕاست دەکەی من زۆر زۆرم پێ خۆشە)

داپیرە: (کەوابوو خۆشییەکەی من دوو خۆشی یە، خۆشییەك کە خۆم پێم خۆشە، خۆشییەك کە دەبینم تۆ پێت خۆشە...)

ڕاز: (داپیرە گیان خوا بۆ منت بهێڵێ...)

داپیرە: (کوڕم کەس بۆ کەس نامێنێ، هەمووی ماوەیەکە و پاشان لە یەکتر دادەبڕێین)

ئەو قسەی کۆتایی زۆر بە حوزنەوە کرد، وشەکانی بۆنی ترسی مەرگی لێ دەهات...

"ڕاز"پاروەکەی بۆ قووت نەدەدرا کاتێ بینی ترسی مەرگ داپیرەی داگیر کردووە، بۆ دڵدانەوەی ئەو وتی: (داپیرە گیان ئیشەڵڵا بە یەکەوە دەژین و بە یەکەوە دەمرین)

داپیرە: (خوا نەکات کوڕی خۆم، یاخوا لە دوای من"دووسەد"ساڵ تەمەنت بێت)

دوا نیوەڕۆ تا نزیکی عەسر لە ژوورەکەی خۆیدا نووست، لە دوای عەسر چوو بۆ ناو باخەکە، لە ناو جۆلانەکەدا بە کزی لێ ی دانیشت، هێشستا کاریگەری قسەکانی داپیرە کە نیوەڕۆ بۆی کرد لەسەری نەسڕا بوویەوە، لە ناو جۆلانەکەدا کەوتە بیرکردنەوە لە"مەرگ و ژیان"(ئایا مرۆڤ ناتوانێ نەمرێت؟ چارەسەرێك نی یە بۆ مەرگ؟ بۆ دەبێ مرۆڤ بمرێ؟ مردن چ مانایەکی هەیە؟ بۆ هەندێ کەس زۆر دەژی و هەندێکی تر کەم؟ ئای کە پرسیار زۆرە و مرۆڤ بیری لێ ناکاتەوە! وەی لەو هەموو لوغز و نهێنی و بێ وەڵامییەی مرۆڤ گیرۆدەی بووە! یاسای مردن زۆر بێ بەزەییە، بیر ناکاتەوە لە گریان و دڵشکانی ئازیزان بۆ یەکتری، ئەگەر مەرگ بە قەدەر سەرە دەرزییەك بەزەیی هەبێت من و داپیرە لە یەکتر ناکات..)

باخەوانە پیرەکە بیری مۆتەکەی مەرگی لە سەر ڕەواندەوە و سلاوێکی لە"ڕاز"کرد...

ڕاز: (سەلام،"خاڵە مەولود"، با کورسییەکت بۆ بهێنم و تاوێك پێکەوە دابنیشین؟)

باخەوانەکە: (پێت خۆشە؟)

ڕاز: (بەڵێ، ئەگەر تۆ پێت خۆش بێت؟)

باخەوانەکە بە دەستی خۆی یەکێك لە کورسییە پلاستیکەکانی ناو فرێزەکەی هێنا و بەرانبەر بە جۆلانەکە داینا و"ڕاز"کەوتە پرسیارکردن لە"خاڵە مەولود": (خاڵە تۆ لە مردن ناترسی؟)

باخەوانەکە: (نەخێر...)

ڕاز: (چۆن ناترسی؟)

باخەوانەکە: (بۆ بترسم؟)

ڕاز: (بترسە لە ئازاری مەرگ، لە ژیان بەجێ هێلان، لە دابڕانی خۆشەویستان و ئازیزان، لە نادیاری سەرئەنجامی مەرگ..)

باخەوانەکە: (من تەنها کەسێکم دەمرم یان هەموو مرۆڤێ دەبێ بمرێ؟)

ڕاز: (هەموو مرۆڤێ دەبێ بمرێ...)

باخەوانەکە: (کەس دەتوانێ ڕۆژی مردنی خۆی دوابخات؟)

ڕاز: (نەخێر)

باخەوانەکە: (کە هەموومان دەمرین و کەس ناتوانێ وادەی مردن دوابخات، ئیتر لە چی بترسم؟)

ڕاز: (لە پاش مردن بترسە..)

باخەوانەکە: (پاش مردن یەکێکە لەم دووانە: یان دەبینەوە بە خۆڵ و ژیانی تر بوونی نی یە لەم بارەدا هەر کە مردین ئازار کۆتایی پێ دێ و هەست بە هیچ جۆرە خەم و مەینەتییەك ناکەین، یان ژیانێکی تر بوونی هەیە، ئەگەر هەبوو ئەوە دەبێ سەعادەت و شەقاوەت بە پێ ی کردارەکانی ژیانی دونیامان بێت، بۆ ئەمەشیان من بە درێژایی تەمەنم پیاوێکی هەژار و کەم دەست بووم، زەرەڕ و زیانم – نە بە دەست و نە بە زمانم– بۆ کەس نەبووە، بەو کەمەی هەمبووە قەناعەتم کردووە، ئێ خۆ خواش بەڕەحم و بە بەزەیی یە، ئیتر بۆ دەبێ لە مردن بترسم؟)

ڕاز: (خۆزگەم بە خۆت"خاڵە مەولود"ئاوا بە سادەیی و دروستی لە ژیان و مەرگ تێگەیشتووی...)

باخەوانەکە: (خاڵە گیان ئەوەندە قوڵ بۆ ژیان دامەچۆ، سادە سەیری شتەکان بکە، ژیان سادەیە...)

"ڕاز"لە حیکمەت و زانایی باخەوانەکە سەری سوڕما بوو، بیری دەکردەوە: (تێگەیشتن لە ژیان بە خوێندەواری و بڕوانامە نی یە، ئەم پیرەمێردە نەخوێندەوارە زۆر دروست لە ژیان حاڵی بووە، بەو حاڵی بوونەش سەعادەتی ژیانی بە دەست هێناوە...)

پاشان دەنگی هەڵبڕی و وتی: (باشە"خاڵە مەولود"کە خەڵکی دەبینی دەوڵەمەندن و تۆش هەژاری دڵگران نابیت؟)

باخەوانەکە: (کوڕی خاڵۆی گەر دوو کەس یەکێکیان"سەد"کۆشکی هەبێ و ئەویتریان کۆڵێتێکی هەبێ سکیان بە قەدەر یەکترە)

ڕاز: (بەڵام خاوەن کۆشکەکە خواردنی خۆشتر دەخوا و لەوانەیە زیاتر بکاتە وورگییەوە)

باخەوانەکە: (ڕاست دەکەی، بەڵام کە هەردووکمان تێرمان خوارد من لە نانە ڕەق و ئەو لە لاقە مریشك دیسان یەکسان دەبینەوە، لەوانەشە من باشتر بم،

چونکه ئەو لەبەر ئەوەی خواردنەکەی خۆشە زۆر دەکاتـە ووزگییـەوە و پاشـان پێ یەوە گیرۆدە دەبێت، بەڵام من هەر ئەوەندەم بۆ دەخورێت ئازاری برسـێتیم لە کۆڵ بکاتەوە...)

ڕاز: (ئەی سەیارە و مالّ و ڕێزی خەڵک و پارە و پووڵی زۆر و ئافرەتی جـوان چی لێ دەکەی؟!)

باخەوانەکـە: (دروسـتە، دەوڵەمەنـد هـەموو ئەوانـەی هەیـە، بـەڵام ئەوانـە هەمووی خۆشی و لەزەتی ڕووت نین، هەریەکەیان دەیان گۆبەندی بە دواوەیـە، ڕێزی خەڵک بۆ من ئەگەر بە هۆی دەوڵەمەندی و پارە و پووڵەوە بێت گێلێتی یە گەر دڵم پێ ی خۆش بێت، خەڵکی عاشقی پارە بـووە نـەک عاشـقی مـن، ڕێزێـک ڕێزە بۆ من بێت نەک بۆ پارەکەی من، بۆیە کە پارەکەت بە دەستەوە نـامێنێ و دەچێتە دەستی کەسێکی تـرەوە خەڵکی ڕێزەکـەت لێوەردەگرنـەوە و دەیـدەن بەو کەسەی پارەکەی لە دەستدایە، ئەمەش گەورەترین قار و خەفەت لای مرۆڤ دروست دەکات.. مرۆڤ هەرچەندی لە دونیا هەبێت تێـری پـێ نـاخوات، ڕۆژێـک، ساتێک نی یە بڵێ ئۆخەی دونیا تاسەم لێت شـکا، ئەگـەر تێـر خـواردن هەبوایـە زۆرینەی دەوڵەمەندەکان وازیـان لـە کـارو کاسـپی و بازرگـانی دەهێنـا، چـونکە ئەوەنـدە سـامانیان هەیـە بەشـی هـەزار سـاڵی تەمـەنیان بکـات، بـەڵام بـۆ واز ناهێنن؟ چونکە تینوێتیان بە دونیا ناشکێ...

مـرۆڤ هـەتا زۆری هـەبێت زیـاتر ژیـانی لا شـیرین دەبـێ و ڕقـی لـە مـردن دەبێتەوە، بەڵام دەبێ ڕۆژێک بێت ئەو و دونیـا خواحـافیزی لـە یـەکتری بکـەن، ئەگـەر دەوڵەمەندەکـە بـە ئـەقڵ و ووریـایی خـۆی نـەهێڵێ دونیـای لـە دەسـت دەربچێ و خۆی لە زەرەر و زیان و موفلیس بوون دەپارێزێ ئەوا بە ناچاری لـە کۆتاییدا دەبێ ئەو لە دەستی دونیا دەربچێت و مردن دەرگای پێ بگرێت...

جا کوڕی خاڵۆی پیاو باری سووک بێت باشترە یان گران؟ ئەگـەر دەوڵەمەنـد بیت یان دونیا لە دەستی تۆ دەردەچێ یان تۆ لـە دەسـتی دونیـا دەردەچـیت،

بەلأم بابای هەژار و ژیان سادە زۆر دۆستایەتی لەگەلّ دونیادا نەبووە تا بیرکردنەوە لە جیابوونەوەی ئازاری بدات، ئەو پیرەمێردەی کچێکی چوارده سالّ دەکات بە هاوسەری خۆی هەر کاتێك بیر لە جیابوونەوەی دەکاتەوە دونیایەك ئازار دەچێژێ، بەلأم ئەو پیاوە لاوەی بە پیرەژنێکەوە گیرۆدە بووە چاوەڕوانی ڕۆژی دوورکەوتنەوە و جیابوونەوە دەکات، ئەمەش نموونەی دەولّەمەند و هەژارە لەگەلّ دونیادا)

"ڕاز"زۆر بە قوولّی لە فەلسەفەی قسەکانی"خالّە مەولود"ڕاما بوو: (پیاوێکی سادە و فەلسەفەیەکی قوولّ، فەلسەفەیەك ئەزموونی ژیان فێری کردووە، ژیان تاقیگەیەکی گەورەیە و مرۆڤ زۆر مانای وردی تیادا بە دەست دەهێنێ، تەجروبە مامۆستایەکی گەورەیە..)

باخەوانەکە: (بیر لە چی دەکەیتەوە؟)

ڕاز: (لەو هەموو ئەزموونەی کە ژیان فێری کردووی...)

باخەوانەکە: (تۆش دەتوانی ئەزموونەکانی ژیان فێر ببیت)

ڕاز: (لە تۆوە؟)

باخەوانەکە: (نا، لە ژیانەوە، من بەشێکی زۆر بچووکم لە ژیان)

داپیرە لێیان نزیك بوویەوە و پێ ی وتن: ("چا"م لە بن کەپری مێوەکە ئامادەکردووە، وەرن لەوێ دابنیشین..)

"ڕاز"داوای لە"خالّە مەولود"کرد بچن بۆ ژێر کەپرەکە...

خالّە مەولود پێ ی وت: (تۆ برۆ منیش دێم، با سەیرێکی دار هەنارەکان بکەم)

پاش کەمێك چاو خشاندن بە باخەکەدا بە گشتی و هەنارەکان بە تایبەتی"خالّەمەولود"ی باخەوان ڕۆیشت بۆ لای"ڕاز"و داپیرەی و ڕووی کردە پوورە"فاتم"و وتی: (خوشکە"فاتم"شوکر بۆ خوا کورەکەت ئاقلّ و تێگەیشتووە)

داپیرەی ڕاز: (کاکە"مەولود"ئومێد دەکەم"ڕاز"وەجاخی بنەماڵەکە ڕۆشن بکاتەوە و نەهێڵێت ئاگرمان بکوژێتەوە)

باخەوانەکە: (خوا بۆت بهێڵێ و سااڵحی بکات، بەاڵم کارەکانی خودا سەیر و سەر سوڕهێنەرە، پێدەچێت ئەم گەنجە جوانە وەجاخی بنەماڵەی گەورە و کەسی مەزن ڕۆشن بکاتەوە)

لەم قسەی"خاڵە مەولود"نە"ڕاز"و نە داپیرەی باش حاڵی نەبوون، وا لێکیان دایەوە مەبەستی بنەماڵەکەی"وەستا مەحمود"ە، بەاڵم لەراستیدا"خاڵە مەولود"پەیی بە نهێنییەك برد بوو کە لە داهاتوودا پەردەی لەسەر الدەدرێت...

ڕاز: ("خاڵە مەولود"بۆچی مرۆڤ حەز دەکات لە دوای مردنی کەسێك لە دوای بەجێ بمێنێ و ناونیشانی لە بیر نەچێتەوە؟)

باخەوانەکە: (گیانی"خاڵۆ مەولود"، کاتی خۆی ماڵمان لە الدێ بوو، من ئەو کاتە گەنجێك بووم تازە پێدەگەیشتم، مەاڵیەکی زانا و خواناسمان هەبوو خەڵکی گوندەکە دوای عەسران لە دەوری کۆ دەبوونەوە و پرسیاریان دەربارەی هەموو شتێك لێ دەکرد، لە بیرمە ڕۆژێك پرسیارێکی لەم جۆرەی لێ کرا و لە وەاڵمدا وتی: مرۆڤ حەز دەکات نەمرێت، حەزی بە ژیانی نەمری و هەتا هەتایی یە، کە دەبینێ بە ناچاری دەبێت بمرێت، ئەو کات بیر دەکاتەوە لەوەی هاوشێوەیەك لە جێگەی خۆی دابنێت تاوەکو بەردەوامیی بە ژیان و کاروبارەکانی ئەو بدات، نزیکترین هاوشێوە بۆ مرۆڤ ڕۆڵە و وەچەکانێتی، بۆیە حەزی بە منداڵە و نایەوێ ئاگردانەکەی کوێر ببێتەوە...

هەمان بیرکردنەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات حەز بکات لە دوای خۆی ناوی چاك و پاکی هەبێت، ئەو نایەوێ بە مردنی شوێنەوارەکانیشی لە ژیاندا بسڕێتەوە، منداڵ و ناو و شوێنەواری باش وێنەیەکن لە ئەو و بەردەوامی بە ژیانی ئەو دەدەن)

ڕاز: (بێ کوڕ و کچی بۆ تۆ سەخت نی یە؟)

باخەوانەکە: (هەندێ جار بـا، سـەختە، بـەڵام دڵنـەوایی خـۆم بـە شـتی تـر دەکەم)

ڕاز: (وەکو چی؟)

باخەوانەکە: (من پاکێتی و چاکە خوازی شارێگەی ژیانمە، بۆیە هەموو پاك و چاکێك بە نەوە و ڕۆڵەی خۆم دەزانم، لە دوای مردنی من چـاکان هـەر دەمێـنن، ئەوەی من بۆی دەژیام و ئاواتم بوو ئەوان لـە سـەری بـەردەوام دەبـن، ئـەوەش وەك ئەوە وایە خۆم لە ژیاندا بم، چی بکەم لە ڕۆڵەیەك لە دوای خۆم نەفرەتم لێ بکات و بە گێل و نەفامم بزانێ؟ ئەو کەسەی ڕێگەی چاکەکاری من دەگرێتە بەر جگەر گۆشەی منە...)

باخەوانەکە سەری داخست و پەردەیەك لە حوزن بە دەم و چاو و ڕووخساری دا کێشرا...

"ڕاز"و داپـیرەی هەسـتیان بـە فرمێسـکەکانی ژێـر عەینەکەکـەی"خاڵـە مەولود"کرد و هەر زوو باسەکەیان گۆڕی...

داپیرە: (کاکە"مەولود"گیان با چایەکی ترت بۆ تێ بکەم؟)

باخەوانەکە: (خوشکە"فاتم"، تێی بکە...)

ڕاز: ("خاڵە مەولود"دار هەڵۆژەکان ئەو ساڵ بەری باشیان گرتووە!)

باخەوانەکە: (بە پێ ی تەجروبەی پێشینانمان ئەو ساڵ دەبێ درەخت پڕ بەر بێت)

پاش کەمێکی تر دانیشتن،"ڕاز"مۆڵەتی لە داپیرە و"خاڵە مەولود"وەرگرت و ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی...

حوزنی قوواڵی داپـیرە و باخەوانەکـە – لەگـەڵ بـاس و خواسـی مـەرگ دا – مانایەکی قوواڵی دەبەخشی،"ڕاز"بۆ دۆزینەوەی ئەو مانایە لە ژوورەکـەی خـۆی

ڕاکشا و کەوتە بیرکردنەوە: (گەشتی تەمەنی مرۆڤ بە چەند وێستگەیەکدا تێ دەپەڕێت، بەجێ هێلانی هەر وێستگەیەك دەبێتە مایەی ئازار و غوربەت... ڕەحمی دایکمان بەجێ دەهێڵین بە گریان پێ دەنێینە وێستگەی سەر زەوی، زەوی بەجێ دەهێڵین ئازار و گریان سەر هەڵ دەدات... ژیانی سەر زەویمان چەندین وێستگەیە: منداڵی، لاوێتی، کامڵ بوون، پیری، ئەفتادەیی و پاشانیش مەرگ، مرۆڤ لە هەر وێستگەیەکدا بیر لە وێستگەکانی پێشتری دەکاتەوە، هەست بە غوربەت دەکات و ئاهو حەسرەتی بۆ هەڵ دەکێشێ، کۆی ژیانی مرۆڤ تراژیدیایەکی گەورەیە، مرۆڤبوون تراژیدیاکەی خولقاندووە... ئەو کە هێنراوەتە سەر شانۆی ژیان پرسی پێ نەکراوە، کە لەم شانۆیەش دا ڕۆڵی تەواو دەبێت دیسان بە ویست و حەزی ئەو نی یە، تەمەنی مرۆڤ لە نێوان دوو نەویستراو دایە...)

سبەینێ لە قوتابخانە برادەران کورتە شانۆکەی"یوسوف"یان هێنایەوە بەر باس، کات و شوێنی بە یەکتر گەیشتنەکەیان بۆ پرۆڤەکردن وە بیری یەکتر هێنایەوە...

ئەو ڕۆژە ئیدارەی قوتابخانە بڕیاری پشکنینی سەرجەم پۆلەکانیان دابوو، چونکە ماوەیەك بوو چەند دیاردەیەکی دزێو لە قوتابخانەکەیان سەری هەڵدا بوو، وانەی"بیرکاری"یان هەبوو لە ناکاو بەڕێوەبەر و"سێ"یاریدەدەرەکەی بە پەلە خۆیان بە ژووردا کرد، هەموو قوتابیان هەستان و بەڕێوەبەر داوای کرد کەس دانەنیشێتەوە، پاشان فەرمانی بە یاریدەدەرەکانی کرد دەست بە پشکنینی گیرفانی قوتابیان و ناو مێزەکان بکەن...

قوتابییەك هەڵیدایە و وتی: (مامۆستا ئەمە پۆلە یان گرتووخانەیە؟)

بەڕێوەبەر: (ئەمە پۆلە، بەڵام ئێوە ناچارمان دەکەن وەکو بەندیی مامەڵەتان لەگەڵ بکەین...)

قوتابیەکی تر: (چۆن دەبێ لە سەر چەند قوتابییەکی یاسا بەزێن هەموو قوتابخانەکە سووکایەتی پێ بکرێت؟...)

بەڕێوەبەر: (سەرەتا بزانە چەند قوتابییەك نی یە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆرە لە قوتابی، دووەم حەز ناکەم وشەی سووکایەتی بۆ ئەم کارە بەکار بهێنی، چونکە رێگایەکی تر شك نابەین یاسا شکێنەکانی پێ بناسینەوە جگە لە پشکنین)

ڕاز: (ئەو کارانە چین ناوی یاسا بەزێنی لێ نراوە؟)

بەڕێوەبەر لە سەر میزێك عەلاگەیە شتی سەیر و سەمەرەی هەڵڕشت و وتی: (ئەم شتانە لە پۆلەکەی ئەو دیو گیراون: خەنجەر بۆکس – پاکەتی جگەرە – ئەڵقە و ئەنگوستیلەی زێڕ – کاسێتی گۆرانی – وێنەی کچە هونەرمەندە جیهانی یەکان – تەزبێ – زنجیری دەست – چەقۆ – دەڕنەفیز – دەستەیە دۆمینە، پاشان زەرفێکی بەرز کردەوە و وتی: (مەپرسن چی لەم زەرفەدایە)

زۆربەی قوتابیان: (چی لەو زەرفەدایە؟)

بەڕێوەبەر: (من وتم مەپرسن، بەڵام با بزانن ناو ئەم زەرفە گۆڤارێکی سێکسی یە کە هەرچی ئابڕو غیرەت و مرۆڤبوونە تیای دا نییە..)

قوتابی یە قۆشمەکە: (مامۆستا بۆ نیشانمان نادەی بۆ ئەوەی هەریەکە و تفێکی تێ بکەین...)

پێکەنین بە ڕووخساری بەڕێوەبەرەوە دەبینرا، بەڵام بۆ نیشاندانی هەیبەت و دەسەڵاتی ئیدارە بە پەلە ئەوەشی لە ڕووخساری دا سڕیەوە و وتی: (بە ڕای ئێوە ئیدارە قوتابی ناچار بە پشکنین دەکات، یان قوتابی ئیدارە ناچار دەکات؟)

پۆلەکە بێدەنگ بوو، کەسێك نەبوو بتوانێ وەڵام بداتەوە، چونکە ئەو شتانەی لە پشکنین دا گیرا بوون هەندێکیان بۆ قوتابی و قوتابخانە ناشایستە بوون، یەکێك لە یاریدەدەرەکان قەڵەمێکی سووراوی لە گیرفانی قوتابی یەکی

کورِدا دەرهێنا و هەر زوو بە زوو لە ناو لەپی دەستی دا ونی کرد بۆ ئەوەی قوتابییەکانی تر پێ ی نەزانن...

بەڕێوەبەر وتی: (ئێمە لە ئێوە پرسیار دەکەین: ڕێگایەکی تر پێ شك دەبەن بۆ دۆزینەوەی ئەم دیاردە دزێوانە جگە لە پشکنین؟)

ڕاز: (بەڵێ...)

بەڕێوەبەر: (فەرمووی لە هەموو قوتابیان کرد بۆ دانیشتنەوە و ڕووی کردە "ڕاز"و وتی: (ئەو ڕێگەیە کامەیە؟.)

ڕاز: (پەروەردە و ڕۆشنبیرکردن و تێگەیاندن...)

بەڕێوەبەر: (بە ڕای جەنابت ئێمە بە کاری پەروەردە و ڕۆشنبیرکردن هەڵ نەستاوین؟)

ڕاز: (ئەگەر پەروەردەیەکی دروست و پڕۆسەیەکی ڕۆشنبیری فرە ڕەهەند بوونی هەبوایە ناوەندی خوێندن وەك دەڵاڵ خانەی لێ نەدەهات، مامۆستا گیان ئەو شتانەی بەڕێزت لە ناو ئەو عەلاگە و زەرفەت ناوە شتی ناوەندی خوێندن نین، ئەوانە شتگەلێکن لە دەڵاڵ خانە دەفرۆشرێن، ئێستا من پرسیارەکە لە بەڕێزت ئەکەم: ئێمە لە دەڵاڵ خانەداین یان لە ناوەندی خوێندن دا؟)

بەڕێوەبەر هەندێ بە تووڕەیی یەوە: (ئێرە ناوەندی خوێندنە ئەگەر مرۆڤی بەرەڵا و بێ سلوك نەیگۆڕن بۆ دەڵاڵ خانە)

ڕاز: (مامۆستا گیان کەوا بوو پەروەردەیەکی دروست بوونی نی یە، بۆیە ئێمەی خوێندکاران ئەو جۆرە ڕەفتارە دزێوانەمان لێ دەوەشێتەوە)

بەڕێوەبەر هەندێك بە تووڕەیی یەوە: (بە ڕای بەڕێزت دەبێ چی بکەین؟)

ڕاز: (مامۆستای بەڕێز، دەبێ ئێمە ئەو پرسیارە لە ئێوە بکەین، چونکە ئێمە خوێندکارین، ئێوە ئیدارە و مامۆستا، ئێمە ناکاملێین، ئێوە تەواو و کامڵ، ئێمە ناڕۆشنبیر، ئێوە زانا و ڕۆشنبیر...)

بەڕێوەبەر: (ئێمەی مامۆستا کە دوێنێ قوتابی بووین مامۆستاکانمان هەر بەم جۆرە پەروەردەیان دەکردین، هەمووشمان مامۆستا و کەسی چاك و هەڵکەوتوومان لێ دەرچووە...)

ڕاز: (مامۆستا گیان سەردەمی ئێمە سەردەمێکی تڕە، بەڕێزتان باشتر دەزانن پەروەردە وابەستەی کات و سەردەمە، ئێوە جۆرێك لە پەروەردەتان پێویست بوو ئێمە جۆرێکی تر، ئەو پەروەردە و شێوازەی جاران بۆ ئێوە شیاو بوو، بەڵام ناتوانێ بۆ ئێمە لە ئاستی پێویست دا بێت)

بەڕێوەبەر: (یاسا و تەعلیماتی قوتابخانەکان چی داوا بکات ئێمە وا دەکەین و ناتوانین لێ ی لا بدەین)

ڕاز: (دەزانم میتۆدی پەروەردە بە تەنها بەڕێزت ناگوڕرێ، بەڵام ئێوەش بە ئەرکی سەر شانی خۆتان سەروی خۆتانی لێ ئاگادار بکەن، بەڵکو لە چەند لایەکەوە فشار دروست ببێت و وەزارەتی پەروەردە پیاچوونەوەیەکی ستراتیژی پەروەردە و فێرکردن بکاتەوە)

بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان پۆلەکەیان بەجێ هێلاّ و بە دوای ئەواندا زەنگی پشوو لێ درا...

عەسری هەمان ڕۆژ هەموو برادەران لە باخەکەی مالّی "ڕاز"کۆبوونەوە، هەریەکە و دەقی ڕۆلّەکەی خۆی لە چەند لاپەڕەیەکدا نووسی بوەوە، "یوسوف"نووسەری کورتە شانۆکە بوو، بە کاری دەرهێنانی شانۆکە هەڵدەستا و ڕۆلّی کەرۆێشکیشی دەبینی...

"ڕاز"ڕۆلّی بولبول، "جوتیار"ڕۆلّی گاجووت و "ڕاوێژ"پاساری و "شاروخ"یش دەوری کەڵەشێری دەبینی... تەنها برادەرێکی تازە ئەمڕۆ بەشداری کرد بوو "سەیوان"بوو کە ڕۆلّی قالاّوی پێدرا بوو...

ماوەی "دوو"کاتژمێرێ سەرقالّی پڕۆفە بوون، کاتێکی خۆش و بە تام بوو، وایان دەزانی چەند ساتێکی کەم بووە....

مرۆڤ کە بیر لە زەمەن ناکاتەوە ئارام و خامۆشە، دژوارترین سات ئەو ساتانەیە مرۆڤ هەستی بە زەمەن بۆ دروست دەبێت و دەیەوێ خێرا بە سەریدا گوزەر بکات، فەرامۆش کردنی زەمەن لە بیر کردنی ئازارەکانە، ئازار مرۆڤ دەگێڕێتەوە ناو خۆی و هەستی بە زەمەن لا دروست دەکات، گەڕانەوەش بۆ ناخی خۆ ئازارێکی گەورەیە.. بۆ؟ ژیانی ڕاستەقینە ئەو ژیانەیە مرۆڤ لەگەڵ خۆی دا و لە ناو خۆی دا دەژی، ژیان لە دەرەوەی خۆ وەهم و ئەندێشەیە، ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڕاستەقینە ئازار بەخشە، لە کاتێك دا ئەسپی خۆ تاودان لە وەهم و خەیاڵدا چێژێکی گەورە لە ئامێز دەگرێت...

مەرگ گەورەترین ئازارە، چونکە مەزنترین حەقیقەتە، ژیان (ژیانی دەرەوە) ئەندێشەیەکی گەورەیە، بۆیە جێگەی تێر کردنی حەز و ئاواتەکانی ئێمەیە، ئەگەر ملکەچی ئەو لۆژیکە ببین کە دەڵێ: لە پشتی هەموو ئازارێکەوە چێژ و لەزەتێکی گەورە حەشار دراوە، هەر بەو پێودانە: لە دوو تۆێ ی هەموو خۆشییەکدا ئازارێك لەگەڵمان سەرەتاتکێ دەکات، لە پشتی ئازارەکانی بوونەوە جیهانێکی ئارامی بەخش چاوەڕوانمان دەکات و لە ئاسۆی لەزەتە وەهمییەکانەوە شالاوی ئێش و ژان هێرشمان بۆ دەهێنن...

ئازارەکانی بوون ئەو ساتانە بەرجەستە دەبن کە مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی دەکات... هۆشیاری بە خۆ"لە خۆ ڕامان"ەوە سەر هەڵ دەدات،"لە خۆ ڕامان"خۆ کردنە بە بابەت (ئۆبجێکت)، خۆ کردن بە بابەت پەی بردنە بە هەموو ئەو دەهلیزانەی دەروون چەندین ساڵە لە بەر تاریکی و ترسناکی کەم کەس وێراویەتی ڕوویان تێ بکات، کەشف کردنی ئەو دەهلیزانە دۆزینەوەی شاراوەکانی مرۆڤە، ئاشکرا کردنی ئەو شاراوانەش مرۆڤ بە حەقیقەتی خۆی ئاشنا دەکات، دەرکەوتنی ئەو حەقیقەتە تەواو پێچەوانەی ئەو کەسایەتی یە وەهمیەیە خۆمان و کۆمەڵگە دروستمان کردووە و نەخشاندوومانە، ئەم دژایەتییەی نێوان ناوەوە و دەرەوە دەبێتە مایەی ڕووخاندنی کەسایەتی

دەرەوەی مرۆڤ و سەرکەوتنی کەسایەتی ناوەوە کە کەسایەتی ڕاستەقینەیە، لێرەوە "دوو" جۆر ئازار سەرهەڵ دەدات ئازاری دژایەتی ناوەوە و دەرەوە لەلایەکەوە و ئازاری داڕووخانی کەسایەتی دەرەوە لە لایەکی ترەوە...

دەرهێنەری کورتە شانۆکە (یوسوف) دەیویست هەموو ئەکتەرەکان بهێنێتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە و بەو جۆرە ڕۆڵەکە ببینن کە ئەو وێنای کرد بوو، ئەکتەرەکانیش هەریەکەیان بە ڕۆڵی خۆی دەیویست بەو جۆرە دەور ببینێ کە خۆیٔ دەیویست و لەگەڵی هەماهەنگ دەبوو هەردووش (دەرهێنەر و ئەکتەر) لە چوارچێوەی ئەو کورتە شانۆیە دەرنەدەچوون کە نووسەرەکە دیاری کرد بوو...

لە یەك شانۆدا "سێ" دەسەلأت ململانێ ی لەگەڵ یەکتردا دەکرد: دەسەلأتی شانۆنووس، دەسەلأتی دەرهێنەری شانۆ، لەگەڵ دەسەلأتی ئەکتەر، بە هەر سێکیان وێنەیەکی زیندوویان خولقاند بوو...

"یوسوف" خاوەنی هەر سێ جۆرە دەسەلأتەکە بوو: خۆی شانۆکەی نووسی بوو، خۆشی دەرهێنەری شانۆکە بوو، وەك ئەکتەرێکیش ڕۆڵی "کەرۆشك" ی دەبینی، ئەو مومارەسەی دەسەلأتی خۆی لە سەر خۆی دەکرد، وەك نووسەرێك "یوسوف" دەرهێنەری شانۆکەی ناچار دەکرد بە پابەند بوون بە ئاڕاستە و چوارچێوەیەکی تایبەتەوە، وەك دەرهێنەریش "یوسوف" ئەکتەری ناچار دەکرد بە نمایش کردنی ڕۆڵێك کە دەرهێنەر لێ ی حاڵی بوو بوو...

کەسی "یوسوف" ئەو پانتاییەیە کە هەر "سێ" هێزەکە (هێزی نووسەر، هێزی دەرهێنەر و هێزی ئەکتەر) تیای دا کۆ دەبنەوە و دەکەونە ململانێوە، هەرسێ "یوسوف" هکە یەك "یوسوف" ە، یەك "یوسوف" هکەش سێ "یوسوف" ە، "یوسوف" هەم تاکە و هەم کۆ، بەڵأم لە پشتی ئەو چەند جۆرە "یوسوف" هوە "یوسوف" یك هەیە ئیدارەی ململانێی "یوسوف" هکان دەکات، تاوێك "یوسوف" ی نووسەر بە هێز دەکات، دەمێك "یوسوف" ی دەرهێنەر بالأدەست دەکات، هەندێ کاتیش ویست و توانینی "یوسوف" ی ئەکتەر دەردەخات...

لە بێ ناوی دونیای ئەدەبـەوە"یوسـوف"جیلـوە دەکـات و کورتـە شـانۆیەك دەنوسـێت و نـاوی دێتـە نێـو ناوانـەوە، جیلـوە کردنـی دووەم هەسـتانە بـە دەرهێنانی کورتە شانۆکە، جیلوەی سێیەم پڕۆڵی ئەکتەر بینیینە، ئەو (یوسوف) لە دونیای خامۆشی و بێ ناوییەوە بەو سـێ جیلـوە کردنـە خـۆی بـە دەرەوەی خۆی ناساند...

بۆچی"یوسوف"دەیەوێ خۆی بناسێنێ؟

ئەدەب وُ هونەر وەکو هێزێکی شاراوە لە ناخی ئەودا پـەنگی خواردۆتـەوە، لەگەڵ ڕەخسانی زەمینە و هاتنی وەرزی ئەدەب دا هێزە شاراوەکە لە شـێوەی شیعر و ڕۆمان و چیرۆك و شانۆ، هتد... خۆی نمایش دەکـات و دێتـە دەرەوە، حەز و توانایەك لـە"یوسـوف"دا بـوونی هەیـە کـە هێـزی شـاراوەی ئـەدەب بـۆ شاکارە ئەدەبیەکان دەگۆڕێت، ئەو حەزە بریتـی یـە لـە"حـەزی خۆناسـاندن"، لەوانەیە ئـەو حـەزە لـە چـەندین شـوێنەوە سەرچـاوەی گرتبـێ: سەرچـاوەیەك دەیەوێ"یوسوف"لە نـاو بـرادەران و هاوڕەگـەزەکانی دا بـالآترین و بـەهێزترین کەسایەتی بێت، سەرچاوەیەکی تر دەیـەوێ"یوسـوف"لـە جـوانی و بـەهرەکانی خۆی بە دەوروبەری ببەخشێت، دواهەمین سەرچاوە ئەوەیە"یوسـوف"شـاکارە ئەدەبیـەکانی دەکـات بـە ئاوێنەیـەك و دەیـەوێ وێنـەی نـاوەوەی خـۆی تیـادا ببینێت،"یوسوف"دەیەوێت پەنهان و تاریکییەکانی نـاوەوەی خـۆی بـە نـووری ئـەدەب ڕۆشـن بکاتـەوە و لێ ی ڕا بمێنـێ، خـۆ بیـنین لـە ئاوێنـەدا چـێژێکی تایبەتی هەیە....

دوای تەواوکردنی پڕۆژەکەیان سەرو شـەربەتیان نـۆش کـرد و خواحافیزیـان لە"ڕاز"کرد و ڕۆیشتن...

سـبەینێ لـە قوتابخانـە لەگـەڵ مامۆسـتای"هونـەر"بـاس و خواسـی کورتـە شانۆکەیان کردەوە و داوایان لێکرد لەگەڵ ئیدارەدا باسی بکات و مۆڵـەتیان بـۆ وەربگرێت تاکو بتوانن کورتە شانۆکە لە هۆڵی قوتابخانەکە نمایش بکەن...

چەند رۆژێك بە خوێند ن و رۆتینی قوتابخانەوە خەریك بوون و "ڕاز"بۆ هاتنی شەوی هەینی و سەردانی مالّی خالّی بە پەرۆش بوو، رۆژی پێنج شەممە دوای گەڕانەوەی لە قوتابخانە لەگەڵ داپیرە دەربارەی چوونیان بۆ مالّی خالّی گفتوگۆیان کرد، داپیرەی دەیوت: (کوڕم من لە مێژە نەچوومەتە مالّی خالّت، دەبێ بمبەی بۆ بازاڕ و دیاریی بۆ "سێبەر خان و لاڤە"گیان بکڕم)

ڕاز: (داپیرە گیان، پێویست بەوە دەکات؟)

داپیرە: (بەڵێ، پێویست دەکات)

هەردوو بڕیاریان دا عەسرەکەی بچنە بازاڕ و داپیرە دیاری یەکانی خۆی بکڕێ و هەر لەوێوە بچنە مالّی مامۆستا "ئەحمەد"(خالّی ڕان)...

"سێبەر خان"بۆ میوانداری داپیرە و "ڕاز"زەحمەتی بەر خۆی دابوو، سفرە و خوانێکی جوان و ڕازاوەی – شایستە بە میوانەکان – ئامادە کرد بوو...

مامۆستا "ئەحمەد"و خێزانی و "لاڤە"ی کچی زۆر بەخێرهاتنی "پوورە فاتم و ڕاز"یان کرد و بە عادەتی جوانی خۆی مامۆستا "ئەحمەد"تا دانیشتنی سەر سفرەش خۆشهاتنی میوانەکانی دووبارە دەکردەوە...

لە سەر سفرە پوورە "فاتم"ڕووی کردە "سێبەر خان"و وتی: (بەھ.. بەھ.. لەم سفرە پڕ و ڕازاوەیە ! دەستی کچی شیرینی خۆم "سێبەر خان"خۆش بێت..)

سێبەر خان: (زۆر بەخێر بێن دایە گیان، شایستەی ڕووی بەڕێزتانی نی یە)

پوورە فاتم: (وا مەڵێ کچی خۆم، لە خودا بە زیاد بێت لە هیچی کەم نی یە، تەنها شوکری ناز و نیعمەتی خودای دەوێ)، پاشان ڕووی لە مامۆستا "ئەحمەد"کرد و وتی: (مامۆستا ئەحمەد، "سێبەر خان"دەرسی چێشت لێ نانی نەخوێندووە و ئەو هەموو خواردنە بە تامەشی ئامادە کردووە..)

پووره"فاتم"مەبەستی بە قسەکەی پێشوتری مامۆستا"ئەحمەد"بوو کە لە میواندارییەکەی مالّی پووره"فاتم"دا بە"سێبەرخان"ی وت: پێویستە وانە بۆ چێشت لێنان لای پووره"فاتم"وەربگرێت...

مامۆستا"ئەحمەد"بە پێکەنینەوە: (ئەو هەموو جارەی ئێمە دێینە لای ئێوە و تۆ و"سێبەر"دوو بە دوو قسە و گفتوگۆ دەکەن جگە لە وانە وەرگرتن دەبێ چیتر بێت؟!)

سێبەر خان: (کچ لە دایکی خۆیەوە دەبێ هەموو شتێکی باش فێر ببێت)

ڕاز: (خاڵە تکا دەکەم وەک جاری پێشو خۆت تووشی دادگا و گەمارۆی ئابوری دەکەیەوە، ئەوەندە لە خاڵۆژنم مەخوێنە)

مامۆستا ئەحمەد: (کوڕم تازە من تەسلیمی خاڵۆژنت بووم، خودا ڕەحمی خۆی بە تۆ بکات)

"ڕاز و لاڤە"هەردوو سەریان داخست و بە خواردنەکەوە خۆیان خەریک کرد و قسە تۆپکلّ دارەکەی مامۆستا"ئەحمەد"یان تێ پەڕاند...

پووره فاتم: (ئینشەلاّ کچی جوانم"لاڤە"گیانیش لە ڕەوشت و سەلاریی دا دەچێتەوە سەر دایکی)

سێبەر خان: (مرۆڤ تا مردن پێویستی بە مامۆستا هەیە، من ئەوەندەی لە دایە"فاتم"سوودم وەرگرتووە ئەوەندە خوێندن و کتێب وانەی دانەداوم)

هەموو ئەم قسانە لە پشتی یەوە ماناو مەرامێکی حەشار دابوو، قسەکان حەزی"مامۆستا ئەحمەد و سێبەر خان و پووره فاتم"ی بۆ ژنهێنانی ڕاز و مێرد کردنی"لاڤە"نیشان دەدا... دیارە تەنها کەسێک بە شایستەی"ڕاز"ی بزانن"لاڤە"ی کچە خاڵی"ڕاز"ە...

"لاڤە و ڕاز"لە قسەکان حاڵی دەبوون، بۆیە ناو بە ناو شەرم دای دەگرتن و بە تەنها بزەیەک هەڵوێستەکەیان دەگوزەراند...

بـه دریـژایی دانیشـتنی سـەر سـفرەیان تـەنها جاریـك چـاوەکانی"ڕاز"لـه چـاوانی"لاڤـه"گـیرا و هـەر زوو بـه زوو لـه یـەکتر هەڵخلیسـکان و سـەریان داخستەوە...

"ئـالان"کـه قسـەو بیرکردنـەوەی لـه منـداڵ نەدەچـوو داوای لـه"ڕاز"کـرد پـەرداخێ پیپسـی بـۆ پـڕ بکـات، کـه لـه دەسـتی"ڕاز"ی وەرگـرت پـێ ی وت: پەرداخێکیش بۆ"لاڤه"پڕ بکات..."ڕاز"یش بـه هەنـدێك شـەرمەوە پـەرداخێکی تری پڕ کرد و ویستی له ڕێگەی"ئالان"ەوە به لاڤەی بگەیەنێت، بەڵام ئـالان بـۆ شەرمەزارکردنی لاڤه – فێڵبازانه – ڕووی کرده"لاڤه"و وتی: (له دەستی بگره، بۆ تۆی تێ کردووه)

"لاڤه"به چاوێکی کەمێك ڕقاوییەوە بەرانبەر به"ئالان"دەستی بۆ پەرداخەکه دریژ کرد...

باش بوو ئەم گفتوگۆیەی نێوان"ڕاز و ئالان و لاڤه"له کاتێك دا بوو"مامۆستا ئەحمەد و سێبەر خان و پووره فاتم"سەرقاڵی قسەکردنی خۆیان بوون...

دوای چا خواردنەوە، کاتی خوێندنی"لاڤه و ڕاز"هاته بەرەوە، لـه ڕاستی دا لـه پـاڵ پـێ خوێنـدنی"لاڤـه"لەلایـەن"ڕاز"ەوە مـەرامێکی تـر حەشـار درابـوو،"مامۆسـتا ئەحمـەد و سـێبەر خـان"دەیانویسـت لێك نزیـك ببنـەوە و تێگەیشتن له نێوان ئەو دووانەدا پەیدا ببێ و خۆیان بگەنـه ئـەو ئەنجامـەی کـه ئایا دەتوانن ژیانێك پێکەوە دروست بکەن یان نه..؟ دانیشـتنی"لاڤـه و ڕاز"لـه ژووری کتێبخانەکـەی مامۆسـتا"ئەحمـەد"دا بـوو کـه تـا ڕادەیـەك لـه هـۆڵی دانیشتنەکەیان دوور بوو...

دوای نیو کاتژمێر له خوێندن دیار بوو"لاڤه"حەز و توانای گوێ گرتنـی نـەما بوو... هەردوو پێیان خۆش بوو باسێکی تر جگه له خوێندن به نێوانیاندا گوزەر بکات...

ڕاز: (مامۆستاکانتان چۆنن؟)

لاڤه: (هەندێکیان زۆر زیرەکن، هەشیانە بەو جۆرە نی یە)

ڕاز: (مامۆستایان تێدایە بتوانێ ئێوە بە ژیان ئاشنا بکات؟)

لاڤه: (لە مەبەستت ناگەم...)

ڕاز: (هەیانە بتوانێ لە چوار دیواری وانە و مەنهەج دەربچێت و ئەوەی مرۆڤ تینووە بۆی قسەی لێ بکات؟)

لاڤه: (بەڵێ، مامۆستای مێژوومان تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆشنبیر و بە توانایە، زۆر شتی ورد و بە تاممان لە مێژوو بۆ باس دەکات)

ڕاز: (یەکێك لە قسەکانیت لە بیر ماوە؟)

لاڤه: (هەموو جارێ دەڵێ: دانە بە دانەی مرۆڤەکان مێژوونووس بن ئەوجا مێژوو ڕاست و دروست دەنوسرێتەوە، هەر مرۆڤێك مێژوویەکە، لە بیرکردنی ئەو مێژووە یاخود ئەو مرۆڤە) گەردێك لە گەردەکانی جەستەی مێژوو لە بەین دەچێت، یاخود وون دەبێت، لەوێشەوە ڕاستییەك لە ڕاستی یەکان زیندە بەچاڵ دەکرێت...)

ڕاز: (بە ڕاستی وتەیەکی قوولّ و مەزنە، ئەو مامۆستایە شایستەی ئەوەیە قوتابی جوان گوێ ی بۆ بگرێ و دروست لێ ی حاڵی ببێت، دەتوانم سەردانێکی بکەم؟)

لاڤه: (نازانم، با پرسی پێ بکەم... ئەو ئافرەتە مامۆستای پیاو نییە)

ڕاز: (هەرچیەیك هەیە، من ئەقڵ و بیری ئەو دەدوێنم و ئێمە فێرخوازین و ئەوانیش مامۆستا...)

لاڤه بۆ دوورخستنەوەی"ڕاز"لە داوایەکەی بۆ بینینی مامۆستاکە وتی: (ئا... بە ڕاست ئێوە لەگەڵ مامۆستاکانتان چۆنن؟)

ڕاز: (بە ڕاستی – وەك سوهراب دەڵێ –**"باشترن لە ئاوی ڕەوان"**، مامۆستاکانی ئیمە بۆ سارای دڵ و فیکرمان بارانی لێزمەن، خۆزگە خوێندن لە

قوتابخانەکەماندا بیست سالێ دەبوو)

لاڤە: (هەموو مامۆستاکان پیاون؟)

ڕاز: (تێکەڵن) پاش بێدەنگییەک ("لاڤە"تۆ بۆ خۆت چۆن لە ژیان گەیشتووی؟)

لاڤە: (لای من ژیان مانووبوون و کۆشانێکە دەبێ ڕوو بە ڕووی ببینەوە، عیشقێکە دەبێت بە بالأی دا سەر بکەوین، سەفەرێکە دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، دایکێکە دەبێ بە حورمەتەوە سەیری بکەین، وەک تۆ دەڵێ ی ئاوێکی ڕەوانە پێویستە لە تینوێتی دا بینی لێ بگرین، کەشتی یەکە سوارمان دەکا و لە بەندەر و دوورگە جیا جیاکاندا دامان دەبەزێنێ، ئاوێنەیەکە دەبێ حەقیقەتی شاراوەی خۆمانی تیا نمایش بکەین، پەلکە زێڕینەیەکە بە دوای دا ڕادەکەین و پێ ی ناگەین، مانگە شەوێکە پەڵە هەورە چڵکنەکان ناو بە ناو لێمان تاریک دەکەن، ژیان ئەم ساتەیە من و تۆی پێکەوە گرێ داوە، ئەو حەزەیە من و تۆ دەخاتە پەنایەکەوە و حەز ناکەین کەسی سێ یەم ڕوومان تێ بکات، ئەو شەرمە قوولّەیە بەرانبەر بە یەکتر هەڵمان گرتووە، تاسە و تینوێتی یەکە عاشقێک بۆ مەعشوقەکەی هەیەتی...)

ڕاز– بە سەرسامییەوە–: (بەسە، ڕاوەستە... بۆ خاتری خوا تۆ چیت؟ تۆ کێیت؟ تۆ مرۆڤێکی قسە دەکەی یان فریشتەیەک؟ تۆ کەی"لاڤە"یت؟ لای من"لاڤە"کچێکی سادە و ساکار بوو، ئێستا ئەم هەموو حیکمەت و مانا قوولأنە لە کوێوە دەهێنی؟ ئەی هاوار من لە هیچ نەگەیشتووم! نزیکترین کەس بە من"لاڤە"یە و تاکو ئێستا نەم ناسیوە، نزیکترین کەس بە من دوورترین کەس بووە...)

لاڤە: (تۆ بۆ من سەرچاوەی مانا و حیکمەتی، بە چاوانیش نەم توانیوە ئەوەی لامە بەرانبەرت بۆت دەربڕم، بێ باکی تۆ زۆری ئازار داوم، بەلأم دانم بە

خۆم دا دەگرت و چاوەڕوانی ئەو ساتە بووم کە قسە لە نێوانماندا دروست دەبێت...)

ڕاز: (من هیچم پێ ناوترێت، هەستە بچینەوە لای ئەوان)

لاڤە: (ئەمەش جۆرێکی تر نی یە لە بێ باکی؟)

ڕاز: (بەرگەی قسەکانت ناگرم، دەترسم ئەوان بە حاڵم بزانن)

هەردوو هەستان و گەڕانەوە بۆ لای "پووڕە فاتم و مامۆستا ئەحمەد و سێبەر خان"

"ڕاز" ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، کپی و بێ دەنگییەک بە سەریدا دابارى بوو، زەنگی قسەکانی "لاڤە" لە گوێ ی دا دەزرنگایەوە...

ئەو شەوە هەرچەند مامۆستا "ئەحمەد" بەسەرهات و نوکتەی خۆشی دەگێڕایەوە "ڕاز" حاڵەتەکەی نەدەڕەوییەوە و بەری نەدەدا، ناو بە ناو بۆ ڕازی کردنی مامۆستا "ئەحمەد" بزەیەکی قورس دەکەوتە سەر لێوەکانی، بەڵام هەر زوو بە زوو ئەویش باڵی دەگرتەوە و لێوە وشک هەڵهاتووەکانی بەجێ دەهێڵا...

تا درەنگانێکی شەو مانەوە و بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن "ڕاز" و داپیرەی بۆ ماڵەوە گەڕانەوە...

ئەو ڕۆژە دەستەخوشکی دێرینی داپیرە "نەسرین" خان سەردانی داپیرەی کرد، "نەسرین" خان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ناوەندی کچان بوو، هاوەڵ و خۆشەویستی سەردەمی منداڵی پووڕە "فاتم" بوو، ئەو چەند هەفتە جارێک بە سەردانی پووڕە "فاتم" دەهات و ڕۆژێک تا ئێوارە پێکەوە دەمانەوە و هەرچی یادەوەری و قسەی خۆشی جارانە دەیانهێنایەوە بەر یاد، ئەم جارەیان "نەسرین" خان باسی سەردەمی زانکۆی خۆی بۆ پووڕە "فاتم" کرد، خۆشییەکانی سەردەمی گەنجێتی دەهێنایەوە بەر هەست، لە درێژەی باسەکەیدا ناوی یەک بە یەکی ئەو کوڕ و کچانەی دەهێنا لە کۆلیژەکەی ئەودا

بوون و ئێستا هەندێکیان مردوون و هەندێکیان نەخۆش و کەمیان هەیە بە دەردی پیرییەوە گرفتار نەبوو بێت، لە ناو ئەو کەسانەدا باسی گەنجێکی کرد بە ناوی"موهتەدا"و ووتی (ئەو گەنجە"چوار"ساڵ لە یەک کۆلێژدا بووین تەنها هەڵەیەکم لێ نەبینی، مرۆڤێکی دامەزراو بوو، کەسێکی زانا و ڕۆشنبیر بوو، هەموومان لێی بەهرەمەند بووین، دیار بوو لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و ناودار بوو، لێتی ناشارمەوە بە ڕەوشت و ئاکاری سەرسام بووم، حەزم دەکرد زیاتر بچمە ئاو ناخییەوە، لە هەموو کەس زیاتر لێی نزیک بوومەوە، زیرەکی و بلیمەتییەکەی بێوێنە بوو، لە کەمترین ماوەدا بە زانستەکەی کێشی دەکردی و حەزت دەکرد هەموو گیانت بکەیت بە گوێ و سوودی لێ ببینی، من لەگەڵ هاوسەری ڕەحمەتیمدا کە ئەو کات پێکەوە قوتابی زانکۆ بووین بڕیاری هاوسەرگیریمان دابوو، ئەڵقەی دەستگیرانیم لە دەستدا بوو،"موهتەدا" نزیکبوونەوە لە ڕادەبەدەرەکەی منی بە باش نەدەبینی، ڕۆژێک من و دەستگیرانەکەمی بانگ کرد و پیاسەیەکی مەیدانە بەرینەکەی ناو زانکۆی پێکردین و باسی خۆشەویستی و وەفاداری و چۆنێتی دروستکردنی خێزانی بۆ کردین، تا ئەو کاتە باسی لەو جۆرەمان نەبیست بوو، ئێمە بە جۆرێکی تر سەیری ژیان و خێزان و خۆشەویستیمان دەکرد، لەو باسەوە تێگەیشتنمان بە تەواوی گۆڕا و لە ماوەی"سی و پێنج"ساڵی هاوسەرداریماندا بۆ تەنها جارێکیش دڵی یەکترمان نەڕەنجاند، هەموو جارێک قسەکانی"موهتەدا"مان دەهێنایەوە یادی خۆمان و گوڕ و تینێکی بە ژیانمان دەبەخشی، نازانم ئەو گەنجە چی لێهات و ڕووی لە کوێ کرد، من دڵنیام ئەو مرۆڤێکی مەزنی لێدەرچووە، بەڵام نازانم چی بەسەرهات؟!)

پووره فاتم: (چیم بۆ دەکەی ئەگەر هەواڵی ئەو مرۆڤەت پێ بدەم؟)

نەسرین خان: (شۆخی دەکەی یان بەڕاستە؟!)

پووره فاتم (بەڕاستمە)

نەسرین خان (چۆن دەیناسیت؟ ئەو لە کوێیە و ئێستا چی دەکات؟)

پووڕە فاتم (من لە ڕێگەی خاڵە"مەولود"ەوە ناسیومە، ئەو لە ڕێگەی پیرانەوە ئەوی ناسیوە)

نەسرین خان (مەبەستت چی یە"لە ڕێگەی پیران"؟)

پووڕە فاتم (ئەو پیرەی خاڵە"مەولود"ی پەروەردە کردووە لە دوای مەرگی خۆی"موهتەدا"ی پێ ناساندووە)

نەسرین خان: (یانی ئێستا"موهتەدا"یەکێکە لە پیران؟)

پووڕە فاتم (ئەو عاریفێکی مەزنە و لەو مەیدانەدا کەسی پێناگات)

نەسرین خان (ئێستا ئەو لە کوێ دەژی؟)

پووڕە فاتم (لە گوندێکی نزیك سەر سنوورە)

نەسرین خان (تۆ بینیوتە؟)

پووڕە فاتم (بەڵێ، چەند جارێك لەگەڵ خاڵە"مەولود"سەردانم کردووە)

نەسرین خان (من دەتوانم بیبینم؟)

پووڕە فاتم (دەبێ پرس بە خاڵە"مەولود"بکەم)

نەسرین خان (زۆرم پێخۆش دەبێت ئەگەر پێکەوە بچین سەردانێکی بکەین)

پووڕە فاتم (جوابت لێ دەگێڕمەوە)

بەشی چوارەم

و

کۆتایی

رۆژێکیٰ هەینی"ڕاز"بیانوویەکی بۆ داپیرە هێنایەوە و لە ماڵەوە بەرە و ئەشکەوتی پیرەمێردەکە بەڕێ کەوت، ئەمجارەیان پیرەمێردەکە لە ناو ئەشکەوتەکەدا چاوەڕوانی دەکرد کە"ڕاز"ی بینی وتی: (هاتی؟)

ڕاز: (بەڵێ، هاتم... هاتنم بە دەستی خۆم نی یە، سەلام..)

پیرەمێردەکە (سەلام...)

دوای کەمێك پشوودانی"ڕاز"پیرەمێردەکە دەستی بە گێڕانەوەی داستانەکە کرد: (ئادۆ لە جەنگەڵەکەدا ژیانی بە سەر دەبرد، لە دەروونی خۆی دا هەستی بە غوربەتێکی قوڵ دەکرد، ئەو تەنها بوو، هاوشێوەی خۆی نەبوو، لە بن دار خورمایەکدا خەوی لێ کەوت... دوای خەوێکی قوڵ بە ئاگا هات، بەڵام چی بینی؟ کەسێکی هاوشێوەی خۆی، بە بینینی تەمی غوربەت لە ناخیدا ڕەویەوە و بە بێ قسە لێ ی نزیك بوویەوە، لێ ی ڕامـا، ئەویش بە سەرسامییەوە سەیری"ئادۆ"ی دەکرد، کاتێك"ئادۆ"لێ ی نزیك دەبوویەوە ئەو دەست و لاقەکانی بە دەوری خۆیدا گرمۆڵە دەکرد، ترسی ئەو بوونەوەرە حەزی نزیك بوونەوەی لە لای"ئادۆ"زیاتر کرد، زۆرتر لێ ی نزیك بوویەوە، ئەویش زیاتر خۆی گرمۆڵە دەکرد..

"ئادۆ"لە تەنیشتی یەوە دانیشت و بە ترسێکی زۆرەوە دەستی چەپی لە گەردنی ئەو ئالاند، ئەویش خۆی هاوێشتە ئامێزی"ئادۆ"، تێر تێر یەکتریان

گووشی، حەز و تاسەی"ئادۆ"پاراو بوو، ئارامییەکی قوولّ بە سەریاندا دابـاری، هەستی خۆشەویستی و ئولفەت کەوتە نێوانیانەوە،"ئادۆ"لێ ی پرسی ناوت چی یە؟ ئەویش وتی ناوم"ئاوا"یە، ئەی تۆ ناوت چی یە؟

ئادۆ: (ئادۆ... ناوم"ئادۆ"یە)

"ئادۆ و ئاوا"لە ژیانی پڕ لەتام و لەزەتی جەنگەڵستان دا نوقم بوون، شەوانە دەستیان دەئالآندە گـەردنی یـەکتر و لێ ی دەنوسـتن، سـەرما و گـەرما لـەو دارستانەدا نەبوو، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەسان و گەشتی دارستان و پنینـی بەری دارەکانیان دەست پـێ دەکرد، دەگـەڕان و بـەری دارەکانیـان بـە پـێ ی حەزی خۆیان دەکردەوە و دەیـانخوارد، ئـەوان مالّیـان نـەبوو، خواردنیـان کـۆ نەدەکردەوە و لە هەر جێگەیەکدا شەویان بە سەردا بهاتبایە خۆیان لە یـەکتری دەئالآن و دەنوستن...

ڕۆژێـک"جـابۆ"سـەردانی کـردن و سـەلامی پادشـای مـەزنی پـێ گەیانـدن، "جابۆ"پـێ ی وتن: خواردنی هەرچی بەر و میوەی ئەم دارستانەیە ڕەوایە تەنها یەک درەخت نەبێت، پادشای گـەورە فـەرمانی داوە نـابێ لـەو درەختـە بخـۆن، چونکە خواردنی دەبێتە هۆی ژیانی تاڵ و کوێرەوەری...

داواکەی پادشای گەورە بە نەخواردنی بەری ئەو درەختە – کە"جـابۆ"پێـی ڕاگەیاندن– جێگەی سەرنجی"ئادۆ و ئاوا"نەبوو، چونکە درەختگـەلێکی بـەردار ئەوانی لە بەری ئەو تەنیا درەختە بێ نیاز کرد بوو، ئەوان پێویستی یەکیان بەو درەختە نەبوو، بۆیە لە مەرامی نامەکە نەگەیشتن و جێگەی تێڕامانیـان نـەبوو، ئـەم بـێ بـاکی یـە سـەری کێشـا بـۆ لـە بیرچـوونەوەی نامەکـە و لـە یـادکردنی ناوەڕۆکەکەی...

"ئەهرا"کە بە هۆی"ئادۆ"وە دەسەلآت و پلە و پایەی لە دەست دابـوو گـڕی ڕق و کینە بەر بووە گیانی، بـیری تۆڵـە کەوتـە سـەری و بڕیـاری دا پیلانێـک دژ بە"ئادۆ"و هاوسەرەکەی گەلآلە بکات...

"ئادۆ"و هاوسەرەکەی مانای پیلان و ڕق و کینەیان نەدەزانی، لەو سەرو بەرەدا بوو پادشای مەزن داوای لە"جابۆ"کرد بە هەموو دەست و پێوەند و کاربەدەستەکان ڕابگەیەنێ کە پادشای مەزن دەیەوێ ناوچەی"ئەرسا"ی هەرێمی یەك ئاوەدان بکاتەوە و بەرپرس و جێنشینێکی بۆ دابنێت...

"جابۆ"فەرمانەکەی پادشای مەزنی پێ ڕاگەیاندن، ئەوانیش بە کۆی دەنگ و بە ئەدەبێکی پڕ لە نازەوە بە"ئاهو"ی مەزنیان وت: (قوربان ناوچەی"ئەرسا"جێگەی شەڕو ئاشووب و خوێنڕێژی یە، خاوەن شکۆ ئاگادارە پێشتر خێڵی"جانا"گەورەترین فەساد و وێرانکاریان لەو ناوچەیەدا ئەنجام داوە، ئێمە شکۆمەندی پادشای مەزن ڕادەگرین و کارەکانی ڕادەپەڕێنین، ئیتر بۆ دەبێ جارێکی تر ئەو ناوچەیە کاری ناڕەوا و دژ بە حەزی"ئاهو"ی مەزنی تیا ئەنجام بدرێت؟!...)

پادشای مەزن لە وەڵامیاندا وتی: (من پادشام و لە ئێوە باشتر دەزانم چۆن کارەکانم ئەنجام دەدەم)

دەست وپێوەندەکان: (دروود و شکۆمەندی بۆ پادشای مەزن)

"ئاهو"- پادشای مەزن- فەرمانی دا بە"جابۆ"بۆ دەرخستنی گەورەیی"ئادۆ"نهێنی هەموو ناوەکانی فێر بکات،"ئادۆ"فێری هەموو ناوەکان بوو، هەر شتێکی دەبینی دەیتوانی ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە، زمانی بە قسەکردن پاراو بوو...

"ئاهو"- پادشای مەزن- بە دەست و پێوەندەکانی وت: (ئەگەر دارای زانستن ناوی ئەوانەم پێ بڵێن، ئەوانیش بە یەك دەنگ وتیان: گەورەیی و شکۆمەندی بۆ پادشای مەزنە ئێمە هیچ شتێك نازانین جگە لەوەی فێرت کردووین، تۆی ڕۆڵەکانمان پێ دەبەخشی و قسەکانیشمان فێر دەکەیت، ئێمە چیترین جگە لە چەند کاراکتەرێکی ناو داستانێکی مەزن؟) بە فەرمانی"ئاهو"سەرجەم ناوەکان فێری"ئادۆ"کرا، فەرمانی بە"جابۆ"دا تەواوی

دار و دەستەکانی کۆ بکاتەوە و"ئادۆ"ببات بۆ ناویان و لە هەریەکەیان ناوێك بنێت، ئەمەش بۆ دەرخستنی ڕێز و پلە و پایەی"ئادۆ"بوو...

کاتێ هەریەك لە دار و دەستەی پادشای مەزن بوو بە خاوەنی ناوی خۆی و لە ڕاستی یەکانی خۆی گەیشت"ئاهو"بە دەنگێکی پڕ لە هێز و پڕ لە شکۆمەندی وتی: (پێم نەوتن من زاناترم بە شتانێك کە ئێوە نایزانن؟ بینیتان"ئادۆ"چۆن کارەکتەرێکە، ئەو دەتوانێ خۆی و دەرەوەی خۆی بناسێت، بەڵام ئێوە تەنها من دەناسن، نە خۆتان و نە جگە لە من کەسێکی تر ناناسن"ئادۆ"دەتوانێ لە خۆی ڕابمێنێ و پەنهانەکانی خۆی پەی پێ ببات، بە هەمان شێوە لە دەوروبەری ڕادەمێنێ و پەردە لە سەر نهێنی یەکانی بوون ڕادەماڵێ، بە هۆی کەشفکردنی ئەم دوو جیهانەوە: (جیهانی ناوەوە و جیهانی دەرەوە) من دەناسێ و ئاشنایم لە گەڵدا پەیدا دەکات، هەر کەسێك ناوی خۆی بزانێ خۆی دەناسێت، ئەگەر توانی لە پاڵ زانینی ناوی خۆیدا ناویش لە شتەکان بنێت ئەوا شتەکانیش دەناسێت، سەرچاوەی خۆناسینی ئێوە"ئادۆ"یە، بەڵام سەرچاوەی خۆناسین و دەرەوەی خۆناسینی"ئادۆ"منم، من ناوەکانم فێری"ئادۆ"کردووە، بەڵام"ئادۆ"یە ئێوەی فێری ناوەکانتان کردووە، ئێوە دەبێ لە خزمەتی"ئادۆ"دا بن، کارەکانتان و داواکانتان لە پێناوی ئەودا بێت

"ڕاز"گێڕانەوەی داستانەکەی بە پیرەمێردەکە بڕی و وتی: (گرنگی و نهێنی فێربوونی"ناو"لە چی دایە؟)

پیرەمێردەکە: (ناو بەڵگە و نیشانەیە، بەدەست هێنانی زانست – هەر زانستێك – کۆکردنەوە و ئاشنا بوونە بە کۆمایەك لە بەڵگە و نیشانە)

ڕاز: (حەقیقەتی"ناو"چی یە، ئەو وشە و دەنگانەیە ئێمە گۆیان دەکەین، یاخود شتێکی ترە؟)

پیرەمێردەکە: (ناو مانا و حەقیقەتی هەر شتێکە، بەم پێ یە"ناو و ناولێنراو"مەبەستم"دال و مدلول"ە یەك شتن، ناو شتێك نی یە و ناولێنراو

شتێکی تر، بەڵکو ناو ڕووی دەرەوەی شتەکەیە و حەقیقەت و مانای"ناو"یش ڕووی ناوەوەیە، هەمیشە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە شتێك تۆپکڵەکانی دەرەوە ببڕیت تا دەگەیتە کرۆك و جەوهەر، واتە دەبێ ناوی سەر زارەکی ببڕین تا دەگەینە مانا و ناوەڕۆکی"ناو"کە حەقیقەتی شتەکەیە، با ئەوەش بڵێین: مەعریفە و زانست لە نێو"زمان"دا گەشە دەکات، ئەگەر زمان (لغە) نەبوایە زانیاری مرۆڤ گەشەی نەدەکرد، زمانیش کۆمایەکی گەورەیە لە"ئاماژە و ئاماژەبۆکراو"واتە (دال و مەدلول) ..

پاشان پیرەمێردەکە گەڕایەوە سەر داستانەکە و وتی: ("ئادۆ"گەڕایەوە بۆ ناو جەنگەڵستانی هەرێمی حەوت،"ئەهرا"پیلانێکی دژ بە"ئادۆ"و هاوسەرەکەی ئامادە کرد، لە"ئادۆ"نزیك بوویەوە و پێ ی وت: (دەتەوێ درەختی نەمریی و مووڵکی هەمیشەیت پێ نیشان بدەم؟

"ئادۆ"زۆر لە مردن و تیا چوون دەترسا، هەمیشە بیری لێ دەکردەوە، مۆتەکەی مردن یەخەی بەر نەدەدا، شالاوی مەرگ لە بەر چاوی ون نەدەبوو، بۆ ڕەواندنەوەی ترسی مەرگ بیری لە مووڵکێکی هەمیشەیی و بەردەوام دەکردەوە، مووڵکێك ببێتە مایەی مانەوە و خۆشگوزەرانی ئەو...)

ڕاز (یانی ڕەگ و ڕیشەی مەرگ لە ناخی ئێمەدا بوونی هەیە؟! مەرگ لەگەڵ هەویری سروشتماندا شێلراوە؟ ئەگینا"ئادۆ"بۆ لە مەرگ دەترسا خۆ نموونەی کەسێکی نەدی بوو لە بەرچاوی بمرێت؟ ئەگەر ترسی مەرگ بەشێك نەبوو لە سروشتی"ئادۆ"ئەی چۆن دزەی کردبووە ناو بیر و ئەندێشەیەوە؟!)

پیرەمێردەکە (پرسیارەکەت بەجێ یە، ترسی مەرگ حاڵەتێکی وجوودی یە، ئەگەر منداڵێك لە یەکەمین چرکەی لە دایکبوونەوە لە ناو دارستانێکدا بژی و چاوی بە مرۆڤ و گیاندارانی تریش نەکەوێت ئەو هەر لە مەرگ دەترسێت چونکە مەرگ بەشێکە لە بوونی ئەو، مەرگ بەشێکە لە ژیان...)

دوای وەلامی پرسیارەکەی "ڕاز"گەڕایەوە سەر داستانەکە و وتی (ئەهرا لەو دوو خاڵە لاوازەی "ئادۆ"وە هاتە ژوورەوە: (دەروازەی نەمری و دەروازەی مولکی هەر هەری....)

"ئادۆ"بەر لەو قسەیەی"ئەهرا"ی دوژمن وتەی درۆ و ناڕاستی نەبیست بوو، لەگەڵ درۆدا هیچ تەجروبەیەکی نەبوو، ئەو پێ ی وابوو هەموو قسەیەك ڕاست و دروستە، بۆیە هەر زوو بە زوو کەوتە ناو پیلانەکەی"ئەهرا"وە...

"ئەهرا"هەردوو"ئادۆ و ئاوا"ی بردە لای درەختە قەدەغە کراوەکە و پێ ی وتن: (دەزانن بۆ"ئاهو"ی مەزن ڕێگەتان پێ نادات لەم درەختە بخۆن؟)

ئادۆ: (بۆ؟)

ئەهرا: (چونکە هەر کەسێك لەم درەختە بخوات نەمریی بە دەست دەهێنێ و دەبێ بە خاوەنی مولکی نەبڕاوە،"ئاهو"بڕیاری داوە تەنها خۆی نەمر بێت و هەموو شتەکانی تر تیا ببات، ئەگەر تۆ لەم درەختە بخۆیت لەگەڵ نەمری"ئاهو"دا نەمر دەبیت)

"ئادۆ و ئاوا"بۆ ڕزگاربوون لە مەرگ باوەڕیان بە قسەکەی"ئەهرا"کرد و کەوتنە خواردنی بەری درەختەکە، تام و چێژی بەری درەختەکە هەر ئەوەندە بوو کە لە زاریان نا، لەگەڵ قووتدانی چەند دەنکێك لە بەری ئەو درەختە هەستکردنیان بە عەورەت و نەنگی خۆیان لا دروست بوو، ئەوان بەر لە خواردنی بەری درەختەکە ڕووت بوون، بەڵام هەستیان بە ڕووتی خۆیان نەدەکرد، خواردنی ئەو بەرە مانای ڕوتیی تێ گەیاندن،، بۆیە دەستیان لە سەر عەورەتی خۆیان دانا و بە گەڵای درەختەکان دایان دەپۆشی...

"ئەهرا"دایە قاقای پێکەنین و پشتی لێ کردن، ئادۆ و ئاوا ی هاوسەری زانیان فەرمانی پادشای مەزنیان شکاندووە و کەوتنە گریان و پاڕانەوە، لە ناکاو دەنگی"ئاهو"ی مەزن هەموو دارستانەکەی پڕ کرد و وتی: (پێم نەوتن لە بەری

ئەو درەختە مەخۆن، پێم نەوتن"ئەهرا"دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە، بۆ بە قسەکانی خەڵەتان و سنوورەکانی منتان بەزاند؟)

"ئادۆ و ئاوا"نەیان دەزانی چی بڵێن،"ئاهو"بەزەیی پێیاندا هاتەوە و"جابۆ"ی نارده لایان و فێری کردن بڵێن: (ئەی پادشای مەزنمان ئێمە خەتاکار و گوناهکارین، ستەممان لە خۆمان کردووە، ئەگەر لێمان نەبووری و بەزەییەکت بە ئێمەدا نەپەتەوە چووینەتە ڕیزی خەسارۆمەندان و ڕەنجەڕۆیانەوە)

"ئادۆ و ئاوا"بە پێچەوانەی"ئەهرا"وە تاوان و گوناهەکەیان دایە پاڵ خۆیان و پادشای مەزنیان بەوەی ئەو کارەکەی پێ ئەنجام دابن تۆمەتبار نەکرد، هەردوو شانیان دایە ژێر کۆڵی قورسی تاوانی خۆیان و تەنها خۆشیان بە زیانۆمەند تەماشا کرد، چونکە پادشای مەزن باکێکی نی یە لە تاوانی دەست و پێوەندەکانی،"ئاهو"ی مەزن بڕیاری دا"ئادۆ"و هاوسەرەکەی و"ئەهرا"ی نەفرەتلێکراو نەفی بکات و ڕەوانەی هەرێمی یەك و ناوچەی"ئەرسا"یان بکات...

کە گەیشتە ئەم خاڵە پیرەمێردەکە سەرێکی داخست و لە قسەکردن وەستا و پاش ماوەیەك بێ دەنگی سەری هەڵبڕی و وتی: (لێرەدا دەوەستم، ئەگەر بە یەکتر گەیشتینەوە باسەکەت بۆ تەواو دەکەم... هەستە با درەنگت لێ نەکات و جامێ ئاوی کوپەکە نۆش بکە و بۆ لای داپیرەت بگەڕێرەوە...)

لەگەڵ چەند هەنگاوێك دوورکەوتنەوە لە دەرگای ئەشکەوتەکە"ڕاز"لە جیهانێکی پڕ ئەفسوون دا نوغرۆ بوو، گوێ یەکانی پەردەیەك درا بە سەری دا و لە دەوروبەری دابڕا، پاش ماوەیەك لە کپبوون سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و بینی هەرچی ڕەنگی جوان هەیە لە قوواڵیی ئاسمان دا پەرش بوونەتەوە، بوونەوەرە سپی یەکان ئەڵقەیان بەستووە و لە ناو دەریایەك لە ڕەنگ دا سەما دەکەن، یەکێك لەو پەری یە نازدارانە بانگی"ڕاز"ی دەکرد و بە زمانێکی شیرین و سیمایەکی سپی بلوورینەوە بەرەو"ڕاز"باڵی دەگرتەوە، تەنی لاشەی سووك بوو، چڕی ماددە ڕەویەوە، وردە وردە لاقەکانی لە زەوی دەبڕان، باڵەکانی وەك

شاپەڕی باڵی دااڵێك بلاو دەبوونەوە، پڕ بە سنگی هەوای هەڵ دەمژی، تا سەر ئەنجام کەوتە باڵەتەپێ، فڕین بەرەو ڕەنگە زیوینی یەکان، بەرەو بوونەوەرە سپی یەکان، بەرەو کۆڕی عیشق و ئەڵقەی سەمای پەری یەکان، فڕی تا ئەو جێگەی مرۆڤ دەبێت بە چێژ، دەبێت بە ڕەنگ، بە بۆن، پاشان وردە وردە بەرەو زەوی گەڕایەوە لەگەڵ بەرکەوتنی پێیەکانی لە زەوی بە ئاگا هاتەوە و بینی لە سەر جێگەی نوستنە و داپیرەی بە دیاریەوە دانیشتووە و فرمێسك دەڕێژێ، لە سەر جێگەکەی ڕاست بوویەوە و دەستەکانی لە گەردنی داپیرەی ئاڵاند، پاشان پرسیاری لێکرد: (داپیرە گیان بۆچی دەگریت؟)

داپیرەی: (چوزانم، ناساغ نیت شوکر؟)

ڕاز: (نا، زۆر باشم، چی ڕوویداوە؟)

داپیرە: (لە دوێنێوە بێ ئاگایت، دکتۆرم هێنا و وتی: هیچی نی یە تەنها خەوی لێ کەوتووە)

ڕاز: (کێ منی هێنایەوە بۆ ئێرە؟)

داپیرە: (بۆ خۆت هاتیتەوە، بەاڵم هەرچی پرسیارم لێ دەکردی هیچ وەاڵمت نەبوو، ڕاستەوخۆ خۆت خزاندە ژوورەکەت و خەوت لێ کەوت)

ڕاز– لە دڵی خۆی دا–: (بە ڕاستی جیهانێکی سەیرە، هەرچی ئەو پیرەمێردە دەبینم ڕووداوێکی ناسروشتی لێم ڕوو دەدات) پاشان بە دەنگی بەرز: (داپیرە گیان برسیمە)

داپیرە: (گیانی داپیرە، هەستە با بچینە چێشتخانەکە)

"ڕاز"ئەو ڕۆژە نەیتوانی بچێت بۆ قوتابخانە، عەسرەکەی بۆ هەواڵ پرسین چەند برادەرێکی بە دەر کەوتن،"یوسوف"بە گەرمی لە جێگەی مامۆستایان و هەموو پۆلەکەیان هەواڵ پرسی"ڕاز"ی کرد و وتی: (هەموان خەمی دیار نەبوونی

تۆیان بوو، دەیانوت"ڕاز"زۆر دەگمەن لە قوتابخانە دوا دەکەوێت، خوا بکات شتێك ڕووی نەدابێت)

"ڕاز"سوپاسی هەموویانی کرد و ناساغی کرد بە بیانووی نەچوونی بۆ قوتابخانە...

"ڕاوێژ"سەیرێکی قوواڵی"ڕاز"ی کرد و وتی: (لە ناوەوە وا هەست دەکەم ڕووداوێکی سەیر لەتۆ ڕوویدابێت، من بە حوکمی زۆر نزیکیم لە تۆوە هەموو شتێك لە سیمات دا دەخوێنمەوە، دەم و چاوت شتێکی تر بە من دەڵێت...)

ڕاز: (تۆ هەمیشە بە هۆی خەمخۆریتەوە بۆ من شتێك هەست پێ دەکەی لەوانەیە وا نەبێت، هیچ خەمی منت نەبێت، هەمان"ڕاز"ە کەی جارانم)

ڕاوێژ: (من تەندروستی و ئاسودەیی تۆم دەوێت)

، پاشان باسەکەیان بە ئاقارێکی تردا گۆڕی و"جوتیار"پرسیاری کرد: (یارییەکەی ئەم شەوتان بینی؟)

شاروخ: (من بینیم.. بەڵام خۆزگە نەمبینیبایە)

یوسوف: (بۆ؟)

شاروخ: (یەکەمجارە هەڵبژاردەی"بەرازیل"تووشی ئاوا شکستێك دەبێتەوە)

یوسوف: (ژیان ڕستێکی درێژکراوەیە لە سەرکەوتن و شکست، مرۆڤ بە بێ شکست تامی سەرکەوتنەکان ناکات، کەسی زانا و ئازا ئەو کەسەیە لەشکست سەرکەوتن دروست بکات...)

جوتیار: (مرۆڤ چۆن دەتوانێ لە شکست سەرکەوتن بە دەست بهێنێ؟)

یوسوف: (هەڵبژاردەی بەڕازیل شکستی خوارد، هەموو هەڵبژاردەکە بە تاکە کەسێك بشوبهێنە، ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە ئەقڵی تاکە کەسەکەیە، ئەگەر ڕاهێنەر ئەو خاڵە لاوازانەی بوو بە هۆی دۆڕانی تیپەکەی دیاری بکات و بە وردی لە سەر یاریزانەکان کار بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان بکات ئەوا ئەو شکستە

سەرکەوتنێکی گەورە دەستەبەر دەکات، کەوابوو سەرەتای دەست پێ کردنی سەرکەوتن لە ناوەڕاستی شکست دایە، مرۆڤ لە کاتی شکست دا توانای پیاچوونەوە و دیاری کردنی هۆکارەکانی شکستی هەیە، بەڵام لە کاتی سەرکەوتن دا خاڵە بەهێزەکان لە لای بەرجەستە دەبێت، ئەو لە کاتی سەرکەوتن دا بیر لەو هێز و توانایانەی خۆی دەکاتەوە کە سەرکەوتنی بۆ ئەو دەستەبەر کردووە، وەڵێ لە کاتی شکست دا بە پێچەوانەوەیە)

شاروخ: (مەرج نی یە هەموو شکستێك سەرکەوتنی بە دوادا بێت، مرۆڤ هەیە شکست دەخوا و لە هەموو ژیانی دا ڕاست نابێتەوە)

یوسوف: (بەڵێ ڕاستە، بەڵام من وشەی"شکست"بۆ ئەو دیاردەیە بەکار ناهێنم، ئەوەی تۆ دەیڵێ ی شکست نی یە، بەڵکو تێکشکانە، شکست کەوتنێکە هەستانەوەی بە دوادا بێت، لە کاتێك دا تێکشکان کۆتا خاڵە و جارێکی تر ئەگەری بەرزبوونەوەی لێ ناکرێت)

شاروخ: (جا کەوابوو"شکست و سەرکەوتن"تەنها ناوی"سەرکەوتن"ی لێ بنێ و"تێکشکان"یش ناو بنێ"شکست"، چونکە ئەگەر"شکست"جۆرێك بێت لە"سەرکەوتن"کەوابوو تەنها"سەرکەوتن بوونی هەیە)

یوسوف: (دەتوانین بڵێین سەرکەوتن دوو جۆرە: جۆرێکیان لە خاڵە بەهێزەکانەوە بە دەست دەهێنرێ، جۆرەکەی تریان لە پیاداچوونەوە و دیاری کردنی خاڵە لاوازەکانەوە سەرەتاکەی دادەمەزرێت)

ڕاز: (کاك"یوسوف"ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێ و بەهێزیی ئەقڵ و بیری تۆ نیشان دەدات گەمەکردنی تۆیە بە وشە و یاریکردنتە لە ناو زمان دا...)

یوسوف: (حەز دەکەم ڕۆشنتر لە مەبەستت بگەم)

ڕاز: (تۆ جارێك وشەی"شکست"لە بەرانبەر، یاخود دژ بە وشەی"سەرکەوتن"بەکار دەهێنی و ئێمەش بەو بەکارهێنانە قەناعەت پێ

دەهێنی، دواتر وشەی"شکست"و وشەی"سەرکەوتن"هاوملی یەکتر دەکەیت و دەیانکەیت بە هاوتا و هاومانای یەکتری، ئەمەش زیرەکی و بەراعەتی تۆ بە گەمەکردن لە ناو زمان دا دەسەلمێنێ، کە"شاروخ"ڕێگەت لێ دەگرێت و پێت دەڵێ: مەرج نی یە هەموو شکستێك سەرکەوتنی بە دوادا بێت، ڕاستەوخۆ دێیتە دەست و گەمەیەکی تر دەدۆزیتەوە ئەویش دۆزینەوەی وشەی"تێکشکان"ە، ئەمەش دیسان هونەرێکی تری لە گەمەکردنی تۆ لە ناو زماندا)

یوسوف: (منیش بە توانایەکی لە ڕادەبەدەری تۆ مەدهۆشم)

ڕاز: (ئەو توانایە کامەیە؟)

یوسوف: (تۆ دەتوانیت هەموو شتێك پێناسە بکەیت، دەتوانیت چوارچێوە بۆ هەموو قسە و بیر و فەلسەفەیەك بدۆزیتەوە، تۆ بەو پێناسەکردن و چوارچێوە دۆزینەوەیە بۆ بەرانبەرەکەت خۆت بە تواناتر و بالآتر لە کەسی پێناسەکراو نیشان دەدەیت، تۆ هەمیشە ئەو بازنە بەرینەیت بە دەوری بازنەکانی تردا دەهێنرێیت)

ڕاز: (پێت وانی یە بەم پێناسەیەی تۆ بۆ منی دەکەیت منت چوارچێوەدار کرد و بووی بەو بازنە فرە بەرینەی بە دەوری بازنە بەرینەکەی منـدا دەهێنرێیت؟)

یوسوف: (بەڵێ من ئەو بازنە بووم بازنەی تۆم هێنایە ناو خۆمەوە، بەڵام بازنەکەی من تا ئەو کاتەی تۆ پرسیارەکەت نەکرد بوو بازنەی بەرین بوو کە ئەم پرسیارەی دوایت کرد دیسان منت هێنایەوە ناو خۆت و ژێر دەستەت کردمەوە)

ڕاز: (ئەمەش گەمەیەکی تری زمانە)

یوسوف: (، ئەمەش پێناسەکردن و چوارچێوەدار کردنێکی تری)

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و پاش ماوەیەکی تر لە دانیشتن خواحافیزیان کرد و ڕۆیشتن..

پـــوورە "فـــاتم" داواکـــەی "نەســـرین" خـــانی بـــۆ ســـەردانی "مـــەولانا" بـــە خاڵـــە "مـــەولود" گەیانـد و ئـەویش ڕۆژێکـی دیـاری کـرد و هەرسـێ بـە یـاوەری مامۆستا "ئەحمەد" و بە ئۆتۆمبێلەکەی ئـەو سـەردانی گوندەکـەی "مـەولانا" یـان کرد، لە ڕێگـەدا خاڵـە "مـەولود" پرسـیاری لـە مامۆسـتا "ئەحمـەد" کـرد: خـەم و پـەژارە بـە ڕووخسـارتەوە دەبیـنم، چـیت لێقـەوماوە؟ مامۆسـتا "ئەحمـەد" لـە وەڵامیدا وتی: باس و خواسێك ناخی داگیر کردووم و دەمەوێت هیچی لە بارەوە نەدرکێنم تا دەگەینە لای ئەم پیاوەی کە ئێوە زۆر بە مەزن ناوی دەهێنن...

گەیشتنە بەرەوە و لایاندایە مااڵی "مەولانا" و خۆشبەختانە گوندەکەی بـەجێ نەهێاڵ بوو، "مەولانا" پێشوازی لێکردن، "نەسـرین" خان بە بینینی "مەولانا" دایـە قوڵپەی گریان و ماوەیـەکی بـاش فرمێسـکی داباراند، مـەولانا "نەسـرین" خـانی ناسییەوە، بە بینینی ئەو ژیانی "چوار" ساڵی زانکۆی هاتەوە بەر یاد...

مامۆستا "ئەحمەد" گلەیی لە پووڕە "فاتم" و خاڵـە "مـەولود" کـرد بۆچـی تـاکو ئێستا باسی "مەولانا" یان لای ئـەو نـەکردووە، ئـەوان چـەند جارێـك سـەردانیان کردووە بەاڵم ئەویان لەگەڵ خۆیان نەبردووە...

"مەولانا" بۆ دامەزراندنی متمانـەی مامۆسـتا "ئەحمـەد" بـە هێـزی عیرفـان و دەســـەاڵتی مەعنـــەوی عاریفـــان و وەاڵمدانـــەوەی ئـــەو پرســـیارەی نـــاخی مامۆستا "ئەحمەد" ی داگیر کرد بوو وتی (ئەو قسانەی میوانەکـەی ئـەم شـەوت بۆی کردی هەموو ناڕاستە، بەاڵگەش بۆ ناڕاستی قسـەکانی کـە گەڕایتـەوە پێـی بڵێ: چەندە پارەت بۆ کردنی ئەو قسـە ناڕاسـتانە وەرگرتـووە، ئەگـەر حاشـای لێکرد پێی بڵێ: بەو ناونیشانەی کەسەکە شەو هاتە مااڵتـان و نیـوەی پارەکـەی پێ دایت و وتی: نیوەکەی تری دواتر بۆت دەهێنم...

موهتەدا بە "نەسرین" خانی وت (لە نەخۆشییەکەت مەترسـە، چـونکە تـرس و دڵەڕاوکێت هۆکاری زیادکردنی نەخۆشییەکەیە، باری دەروونـی خـۆت ئاسـوودە بکە، خەمی داهاتووی منداڵەکان کارێکی باشـە بـەاڵم دڵـەڕاوکێ و خـەمۆکی لـە

خۆت دوور بخەرەوە، منداڵەکانت هەموو کەسانی چاك و پاك دەردەچن بە تایبەت کوڕە بچووکەکەت...

بە پووڕە"فاتم"ی وت (خۆزگە"فاتمە"خان بە قەدەر تۆ دڵ و دەروونم گوشاد بوایە، خۆزگە خودا دەرونێکی وەك دەروونی تۆی پێ دەبەخشیم، ئەو پاکێتی و ڕۆح سووکییەت پیرۆز بێت، ئومێد دەکەم خودا بە هۆی ئەو دڵە مەزنەی تۆوە ئێمەش ببەخشێت، دواتر ڕووی کردە خاڵە"مەولود"وتی: دوێنێ شەو هەتا بەیانی لەگەڵت بووم...

خاڵە"مەولود"یش وتی: ئەی بۆچی داوایەکەت جێبەجێ نەکردم و کارەکەت بۆ ئەنجام نەدام؟

مەولانا وتی: ئاخر"پیری مەزن"ڕازامەندی لەسەر نەبوو، ئەو پلەیە زۆری دەوێت تاکو مرۆڤ هەنگاوی یەکەمی بۆ بنێت..)

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە میوانەکان لە لای"مەولانا"مانەوە و دواتر سواری ئۆتۆمبێلەکەی مامۆستا"ئەحمەد"بوون و بۆ شار گەڕانەوە، لە ڕێگەدا خاڵە"مەولود"پرسیاری لە مامۆستا"ئەحمەد"کرد و وتی (وەلاّمی خۆتت بەر دەستکەوت؟)

ئەویش وتی (بەڵێ، مەمنونی هەموتانم کە لەم سەفەرەدا منتان لەگەڵ خۆتان هێنا، بەر لەوەی سنگی خۆمتان بۆ والاّ بکەم دەمەوێ ئەو پرسیارە لە خاڵە"مەولود"بکەم: ئەو چەند قسەیە چی بوو بە نێوان تۆ و"مەولانا"دا گوزەری کرد؟)

خاڵە مەولود (ئەو شەوەی مەولانا ئاماژەی پێکرد بۆ من شەوێکی زۆر تایبەت بوو، من لە خزمەتی"مەولانا"و"پیری مەزن"دا بووم، ڕۆحەکانمان ئاوێزانی یەکتر بوو بوون، داوام لە"مەولانا"کرد: لە مەقامی چاودێری (المراقبە) دا کارم لەسەر بکات و بەو پلە باڵایەم بگەیەنێت، ئەویش ڕازی نەبوو، چونکە"پیری مەزن"ئاماژەیەکی بەو دا کە من لێی تێنەگەیشتم، تاکو ئەمڕۆ خۆی

فەرمووی"پیری مەزن"لەسەر داوایەکەم ڕازی نەبووە، ئێستا تۆش باسەکەی خۆتمان بۆ بگە و پێمان بڵێ خەم و پەژارەکەت چی بوو؟)

مامۆستا ئەحمەد (دوو ڕۆژ لەمەوبەر ناسراوێکم هات و هەواڵێکی زۆر تاڵ و ناخۆشی دا بە گوێمدا، هەواڵەکە دەربارەی کچێکی برازام بوو، دوو ڕۆژە هەموو دونیام لێهاتۆتەوە یەک و نەمدەزانی چی بکەم و لە چییەوە دەست پێ بکەم، ئەو کچە باوکی نی یە و هەموو ڕاز و نیاز و گرفت و پرسێکیان لە لای منە، ئەو مرۆڤە ناپەکە هات و تۆمەتی ناپاکی دایە پاڵ ئەو کچە بێ تاوانە، ئەم هاتنە ژیانی پێ بەخشیمەوە و لە زەلکاوی گومان دەری هێنام، ئێستا ماوە بچم بۆ گیانی ئەو مرۆڤە ناپاکە و ئەوەی"مەولانا"فەرمووی لەگەڵی ساغ بکەمەوە، بەڵام خاڵە"مەولود"یەک داوام لە خزمەتتدا هەیە، ئەویش ئەوەیە لەگەڵم بێی و پێکەوە ئەو مرۆڤە ناپاکە بانگ بکەین و لێی ببپێچینەوە)

خاڵە"مەولود"لەسەر داواکەی مامۆستا"ئەحمەد"ڕازی بوو، بەڵێنی پێدا کە گەڕانەوە چاویان پێی بکەوێت...

بۆ سبەینێ مامۆستا"ئەحمەد و خاڵە"مەولود"پیاوەکەیان بانگ کردە مااڵی مامۆستا"ئەحمەد"و پێیان وت (لە پێناوی چیدا ئەو تۆمەتە گەورەیەت دایە پاڵ ئەو کچە بێ گوناهە؟)

پیاوەکە کە ناوی"کەمال"بوو وتی (کەسێکی زۆر باوەڕپێکراو بۆی باس کردووم)

مامۆستا ئەحمەد (دەتوانیت ناوی ئەو کەسەمان پێ بڵێیت؟)

کەمال (ناتوانم چونکە داوای لێکردووم ناوی نەهێنم)

مامۆستا ئەحمەد (لەبەر چی بوو تۆ ئەو هەواڵەت بە من گەیاند؟)

کەمال (هیچ، تەنها ئاوسێمی و ڕێزت لە لام هەیە و پێم ناخۆش بوو بنەماڵەکەتان لەکەدار بێت)

- (یانی تۆ بەهۆی خەمخۆرییەوە ئەو هەواڵەت بە من گەیاند؟)

+ (گومانت نەبێت)

- (ئەی ئەگەر ئێمە سەلماندمان تۆ بەهۆی شتێکی تردوە ئەو هەواڵەت بە من گەیاندووە، تۆ چی دەڵێیت؟!)

لێرەدا"کەمال"ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و زمانی بە باشی گۆی نەدەکرد و وتی

+ (لە مەبەستت تێناگەم؟!)

- (باش لە مەبەستم حاڵی دەبیت، ناوی ئەو کەسمانە پێ دەڵێیت تۆی ڕەوانەی لای من کردووە یان بەڵگەت بۆ بهێنینەوە؟)

+ (ئاخر ناتوانم ناوی بهێنم!)

- (بۆ؟ خۆ باجت لێ وەرناگرێت؟!)

+ (نا، مەبەستم ئەوە نی یە، ئەو نایەوێت ناوی ئاشکرا بێت)

- (بڕوانە"کەمال"، ئەم شێر و ڕێوی یە بۆ من مەهێنەرەوە، ناوی کەسەکەمان پێ بڵێ، چونکە بەڵگەی تەواومان لەسەر تۆ و ئەو کەسە بە دەستەوەیە)

+ (بەڵێنم پێدەدەیت لە لای ئەو ناوم نەهێنیت؟)

- (بەڵێ تۆش بەشی خۆت تاوانباریت!)

+ (بۆ من تاوانبارم؟!)

- (لە بەرئەوەی بە پارە وەرگرتن تۆمەتی ناڕاست بڵاوە پێدەکەیت)

+ (پارەی چی؟ من پارەم وەرنەگرتووە)

- (ئەی ئەگەر ناونیشانی پارەکەمان پێدایت، تۆ چی دەڵێیت؟)

+ (فەرموو بیڵێن با بزانم پارەم وەرگرتووە یان نە؟!)

- (بەو ناونیشانەی نیوەی پارەکەت وەرگرت و نیوەکەی تری وتی: دواتر بۆت دەهێنم)

که مامۆستا"ئەحمەد"ئەو قسەی کرد"کەمال"شلەژان و تێکچوون ڕووی تێکرد و وتی +(مامۆستا"ئەحمەد"تەنها ئەم جارە بمبەخشە، ئەو کابرا ناپاکە کارەکەی پێ کردم، هەژاری پاڵی پێوەنام بەو کارە هەڵبسم، بە هەرچی شێخ و پیرە حەزم نەکردووە بنەماڵەکەتان لەکەدار بێت بەلأم...) لێرەدا "کەمال" دەستی بە گریان کرد و خۆی خست بەسەر دەست و پێی مامۆستا "ئەحمەد"دا...

مامۆستا ئەحمەد وتی – (جارێ ناوی کەسەکەمان پێ بڵێ)

+ (کەسەکە"شاوەیس"ی جیرانی مالی کاکتە)

مامۆستا ئەحمەد – لەبەرخۆیەوە – (ئەی"شاوەیس"ی ناپاک! ئێستا تێدەگەم بۆچی ئەو تۆمەتەی بۆ ئەو کچە بێ بابە بەستەزمانەی کاکم هەڵبەستووە، ناهێڵم لە دەستم دەربچیت، تۆڵەت لێدەکەمەوە)

خاڵە مەولود (مامۆستا"ئەحمەد"مرۆڤ کە خودای لەگەڵ بوو با ترسی لە هیچ شتێك نەبێت، تۆ کە خودا کۆمەك و پاڵپشتتە پێویست ناکات تۆڵەی تاکە کەسی بکەیتەوە، تۆ پێویستە لێبوردە بیت، ئەوەندە بەسە کەسەکان شەرمەزار بوون و کچەکە و بنەماڵەکەشتان لە درۆ و تۆمەت بە سەلامەت دەرچوون، "مەولانا" ڕازی نی یە تۆ بەکاری تۆڵە سەندنەوە هەڵبستیت، ئەو گرفت و خەمەکەی لەسەر تۆ ڕەواندەوە و سوپاس بۆ خودا کچەکەش پاك و بێگەرد دەرچوو، بۆیە نابێت بە هیچ جۆرێك بیر لە تۆڵە کردنەوە بکەیتەوە)

مامۆستا ئەحمەد (خاڵە مەولود، ماوەیەك لەمەوبەر ئەو مرۆڤە ناپاکە داوای ئەم کچەی کرد بۆ یەکێك لە براکانی و کچەکە پێی ڕازی نەبوو، لەراستیدا منیش حەزم بە خزمایەتی ئەوانە نەبوو، بۆ تۆڵە سەندنەوە لە من و ئەو کچە بەم کارە چەپەڵەی هەستاوە و ئەم مرۆڤە خۆفرۆشەی ڕەوانەی لای من کردووە)

خاڵە مەولود (خودا بەرگری لە تۆ و ئەو کچە کرد بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بن نەوەك تۆڵە بکەیتەوە، تۆ دەبێت لە جێگەی تۆڵە بە منیان ببەخشی)

"کەمال"کە ئەوەی بیست خۆی خست بەسەر دەست و پێیەکانی خاڵە"مەولود"دا و داوای لێکرد لە لای مامۆستا"ئەحمەد"تکاکاریان بێت...

مامۆستا ئەحمەد (کاتێك لێیان دەبوورم هەردووکیان بێنە ماڵەکەم و دان بە تاوانەکەی خۆیاندا بنێن و دەستی بەڕێزت ماچ بکەن و بەڵێن بە تۆ بدەن نەچنەوە سەر ئەو کارە دزێوەیان)

کەمال وتی (تۆ تەنها لێمان خۆش ببە ئێمە ئامادەین تەنانەت پیسیش بخۆین بەڵام بۆ خەڵك پێمان نەزانێت)

ئەو ئێوارەیە"کەمال و شاوەیس"چوونە لای خاڵە"مەولود"و تکایان لێکرد لەگەڵیان بێت بۆ ماڵی مامۆستا"ئەحمەد"، خاڵە"مەولود"یش وتی (بە یەك مەرج لەگەڵتان دێم)

شاوەیس (مەرجەکەت لەسەر سەرمانە)

خاڵە مەولود (بەڵێنم پێبدەن لە کاری خراپە دەست بکێشنەوە و جارێکی تر نەچنەوە سەری)

هەردووکیان (بەڵێن بێت لەسەر دەستی تۆ خاڵە"مەولود"جارێکی تر نەچینەوە سەر خراپە)

خاڵە مەولود (دەزانن ئەگەر بەڵێنەکەتان بشکێنن چیتان بەسەر دێت؟)

کەمال (چیمان بەسەر دێت؟)

خاڵە مەولود (پووبەڕووی بەڵای گەورە دەبنەوە)

هەردوو لەگەڵ خاڵە"مەولود"چوونە ماڵی مامۆستا"ئەحمەد"و دوای دەربڕینی دونیایەك خەجاڵەتی و دەریایەك لە پاڕانەوە و بەڵێن دان مامۆستا"ئەحمەد"لێیان بووردا)

خاڵە"مەولود"یش وتی (پێشنیار دەکەم هەفتەی داهاتوو هەر چوارمان بە ئۆتۆمبێلەکەی مامۆستا"ئەحمەد"سەفەرێکی ئەو گوندانەی نزیك بە چیاکە

بکەین و کێ نالێت لەوێش چاومان بە پیاوێکی گەورە ناکەوێت و هەموومان لێی بەهرەمەند نابین!)

خاڵە "مەولود" مەبەستی بینینی "مەولانا" بوو، بۆیە هەموو بەڵێنیان دا سەردانەکەیان بکەن...

لە دوای ئەو سەردانە بۆ لای "مەولانا" کەمال و شاوەیس و مامۆستا ئەحمەد بوون بە برای گیانی بە گیانی و برازاکەی مامۆستا "ئەحمەد" یش بۆ برایەکی خێزانەکەی "شاوەیس" داواکرا و خۆشەویستی و تەبایی جێگەی ڕق و کینەی گرتەوە...

❁ ❁ ❁

دوای نیوەڕۆیەک "مەولانا" لە ئەشکەوتەکەدا لە بیرکردنەوەیەکی قوڵ دا بوو، چاوەکانی لێک نابوو، بە دەنگی پێ بە ئاگا هاتەوە و چاوەکانی کردەوە، زۆری نەخایاند دوو کەس خۆیان بە ئەشکەوتەکەدا کرد، یەکێکیان گەنجێکی خەڵکی گوندەکەی "مەولانا" بوو، ئەویتریان پیاوێکی ڕیش سپی بوو، دیار بوو گەنجەکە وەک ڕێ نیشاندەر بۆ لای "مەولانا" لەگەڵ پیاوە ڕیش سپییەکەدا هات بوو، سەلامیان کرد و گەنجەکە هەندێ خواردن و شتومەکی بۆ "مەولانا" لەگەڵ خۆی هێنا بوو، کۆڵەکەی دانا و بە پیاوە ڕیش سپییەکەی وت: (ئەم پیاوە "مەولانا" یە) پاشان ڕووی لە "مەولانا" کرد و وتی (گەورەم من دەبێ بگەڕێمەوە، داوای یارمەتیت لێ دەکەم)

"مەولانا" گەنجەکەی بەڕێ کرد و ڕۆیشت، پاشان ڕووی لە پیاوە ڕیش سپییەکە کرد و وتی (بەخێر بێیت، زۆر لەبەرچاوم نامۆ نیت)

پیاوە ڕیش سپییەکە – بە گریانەوە – (برای شیرینم "موهتەدا" بۆ ئەوەندە پیر و لاواز بوویت؟!)

مەولانا (بڵێم چی؟ گەنجێتی نامێنێتەوە و زوو کۆچمان لێدەکات)

پیاوەکە (گەر ئەو گەنجە تۆی نیشان نەدابام هەرگیز نەمدەناسیتەوە!)

مەولانا (تۆ کێیت؟)

پیاوەکە (من"سمکۆ"م،"سمکۆ"چەتوونە یاخییەکەی جاران)

"موهتەدا و سمکۆ"چەند کاتژمێرێك چاوەکانیان وشك نەبوویەوە و بێدەنگی بااڵی بەسەریاندا کێشا بوو، تەنها تەماشای یەکتریان دەکرد و فرمێسکیان هەڵدەوەراند...

موهتەدا بە"سمکۆ"ی وت (با بگەڕێینەوە بۆ گوندەکە و لە ماڵەوە میوانداریت لێ بکەم)

سمکۆ (ئێرەم پێ خۆشە، لە ئاوەدانی هەڵدێم، لە چوارچێوەی دیوارەکان بێزارم)

ئەو شەوە"سمکۆ"کەوتە گێرانەوەی سەربوردەی مەینەتییەکانی و وتی (ئازار و مەینەتییەکانی تۆیان بۆ باس کردووم، حەز دەکەم گوێ بۆ بەسەرهاتی من بگریت، بە گێڕانەوەی مەینەتییەکان بۆ تۆ ئاسوودە دەبم)

موهتەدا (بە بەشێکی ئاگادارم، پێم خۆشە گوێبیستی بەسەرهاتەکانت ببم)

سمکۆ (بە هەر دەردی سەرییەك بوو گەیشتمە"ئەوروپا"و تێکەڵ بە دونیایەك بووم کە بۆی تامەزرۆ بووم، خۆم لە هەرچی حەزی جەستەیە خاڵی کردەوە، تێرکردنی وورگ و داوێن بوو بە خەمی شەو و ڕۆژم... خواردن، خواردنەوە، ڕابواردن سێ خەمی بەردەوامم بوون، لە چێژێکی ماددیەوە بۆ چێژێکی تر، لە حەزێکی جەستەوە بۆ حەزێکی تر، لە خواردنەوەیەکی بێهۆشکەرەوە بۆ خواردنەوەیەکی تر، بەو جۆرە داهێنانم لە چێژی مادیدا دەکرد، تێرم نەدەخوارد، دانەدەمرکامەوە، بە دوای چێژی گەورەتر و گەورەتردا دەگەڕام، شەوێك چەند برادەرێك لام مانەوە و باسی تام و چێژ و سوودەکانی تلیاك و

ماددەی سڕکەریان بۆ کردم، منیش لەسەر زمانی ئەوانەوە عاشقی ئەو مادده بێهۆشکەرە بووم، پرسیارم کرد: چۆن بەدەستی بهێنم؟ وتیان: ئێمە دەتوانین بۆت پەیدا بکەین، بەڵام بە مەرجێك کارمان لەگەڵ بکەیت... پرسیم: چ کارێك؟

وتیان: بازرگانی تلیاك...

بەڵێ، تێکەڵ بە جیهانی ئەو دەستە مرۆڤە ناپاکە بووم و کەوتینە بازرگانی کردن بە تلیاك، چەند ساڵێك خەریك بووین و دەستمان بە چەندین تاوان سوور بوو، سەرئەنجام دەستی یاسا گەیشتە سەرمان و من و دوو کەسی تریان دەستگیر کرد و لە دادگا "بیست و پێنج" ساڵ زیندانی درا بەسەرمدا و ماوەی چەند مانگێکە لە بەندیخانە – دوای تەواوکردنی ئەو ماوەیە لە زیندان– هاتوومەتە دەرەوە، بەندیخانە منی گۆڕی بە مرۆڤێکی تر، کەوتمە بیرکردنەوە لە هەڵەکانی تەمەنم، قسەکانی تۆم هاتەوە بەر یاد، گەڕامەوە بۆ بەرائەتی منداڵی و سادەبوونەوە، "بیست و پێنج" ساڵ زیندانی رۆحی منی لە زیندانی جەستەم قوتار کرد، تەنها کەسێك لەم نیشتمانەدا بیرم لێ دەکردەوە تۆ بووید، شەوان دەهاتیتە لام و دڵنەوایت دەکردم، رێگەت نیشان دەدام، ئاواتت لا دروست دەکردم، هیوات پێ دەبەخشیم، "بیست و پێنج" ساڵ لە زیندانداا من لەگەڵ تۆدا بووم، زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ من بوون خەم و ئازارەکانی زیندان فەوتاندنی، بەڵام من بە هیوای دیداری تۆوە، بە هیوای ئەو رۆژەی دەرگای زیندانم لێ دەکرێتەوە شەوم دەدایە دەم رۆژ، تۆ شەوانە پێت دەوتم: "سمکۆ" من و تۆ یەك دەگرینەوە، پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمرین، ئارام بە، بە ژیان گەشبین بە... ئەوا یەکمان گرتەوە، ئیتر من تۆ بەجێناهێڵم، منیش دەمەوێت لەم ئەشکەوتەدا بژیم، نامەوێت شەو و رۆژ لێت جیا ببمەوە، ئەم تەمەنەی کە ماوە پێکەوە بەسەری دەبەین و پێکەوەش دەمرین، تۆ بۆخۆت لە بەندیخانەدا پێت وتم: پێکەوە دەمرین، لە یەك رۆژدا دەمرین...)

موهتەدا (ژیان لەم جێگەدا ئارامی گەرەکە)

سمکۆ (من ئازاری زۆرم چەشتووە، ئەم جێگەیە لای من بەهەشتە، خەمی منت نەبێت..)

موهتەدا (هەرچەندە تۆ پێت خۆش بێت لام بمێنەرەوە)

❁ ❁ ❁

شەوێك"ڕاز"تەلەفونی بۆ مالّی خالّی کرد و دوای هەوالّ پرسینی خالّی و"سێبەر خان"داوای کرد هەندێ قسە لەگەلّ"لاڤە"دا بکات،"ڕاز"داوای چاوپێکەوتنێکی لە"لاڤە"کرد، ئەویش ئامادەیی دەربڕی، بەلاّم لە کوێ یەکتر ببینن؟ باشترین شوێن مالّی داپیرەیە و بەلّێنی دا سبەی دوای نیوەڕۆ لەگەلّ"ئالان"ی برای سەردانی مالّیان بکات...

مامۆستا"ئەحمەد"و"سێبەر خان"یش ئەو نزیکبوونەوەی"لاڤە و ڕاز"یان پێ خۆش بوو، بە تایبەت کە دەیانبینی"ڕاز"گەنجێکی ڕۆشنبیری ڕەوشت بەرزە و داپیرەش ئافرەتێکی ماقوولّی پڕ لە سۆزو میهرە...

هاتنی"لاڤە"پووڕە"فاتم"ی زۆر دلّخۆش کرد، ناوچاوانی"لاڤە"ی ماچ کرد و"ئالان"ی لە ئامێز گرت و دەم و چاوی خستە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە، پووڕە"فاتم"بە ڕادەیەك میهرەبان بوو تەنها یەك جار بینین بەس بوو بۆ خۆشویستنی، ئەو لەو یەك جارە بینینەدا هەندە ڕێزو سۆز و قسەی شیرینی بۆ بەرانبەرەکەی دەردەبڕی کە دلّڕەقترین مرۆڤی دەهێنایە جۆش و خرۆش، ئەو ئافرەت بوو بە مانای قوولّ و پیرۆزی وشەی"ئافرەت"، لە ناخی دا کەسێکی مەزن بوو، دوور بوو لەڕق و کینە، بە یاسای خۆشەویستی یاخیترین مرۆڤی کەمەندکێش دەکرد و دەیهێنایە ژێر بار، ژیان و ڕەفتاری پووڕە"فاتم"فەلسەفەیەکی نەنوسراوەی تایبەت بوو، هەڵسوکەوتەکانی لەگەلّ دەوروبەردا بە ڕادەیەك ورد و پڕ حیکمەت بوو واهەستت دەکرد حەکیم و

عاریفێکی زەمانەیە و لە ڕشتەیەکی فەلسەفی قوولّەوە کردارەکانی سەرچاوە وەردەگرێت، بەلاّم لە ڕاستی دا هیچ کام لەوانە نەبوو، بەڵکو لەوانە مەزنتر بوو، ئەو مرۆڤێکی سینەسافی پڕ لە میهر و جوانی بوو، لە سروشتی پاك و پەری ئاسای خۆیەوە کارەکانی ئەنجام دەدا، ئەمەش واتە"سادەبوونەوە"کە مەزنترین فەلسەفەیە...

"ڕاز"بە ڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لە"لاڤە"کرد، پووڕە"فاتم"بە بیانووی سەیرکردنی باڵندەکان و گوڵە ڕەنگا و ڕەنگەکانەوە دەستی"ئالان"ی گرت و ڕۆیشتن بۆ ناو باخچە بەرینەکە...

تەنها کەوتنی"لاڤە"لەگەڵ"ڕاز"دا شەرمێکی زۆری بە سەردا هێنان و بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو هەستەدا بە باس و خواسی قوتابخانە دەستیان پێ کرد، دوای ماوەیەك قسە و باسی دووبارە و پڕ لە ڕۆتین"ڕاز"وتی: (دەزانی بۆ حەزم بە بینینت بوو؟)

لاڤە: (تا ئێستاش نازانم بۆچی دەتەوێ بمبینی!)

"ڕاز"هەندێ خۆی کۆکردەوە، هەردوو دەستی لێك ئاڵاند و بە شەرم و سەر داخستنەوە وتی: (من... دەمەوێ پێت بڵێم... ئە... ژیان یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و بە سەر مرۆڤ دا دەیسەپێنێ... ئە... یەکێك لەو یاسایانە هاوسەرگیری یە... لە ڕاستی دا... من تۆ بە کچێکی ژیر و ڕەوشت بەرز تەماشا دەکەم...، ئیتر نازانم...)

لاڤە: (هەر ئەوەندە، ژیرم و ڕەوشت بەرزم، چیتر؟)

ڕاز: (لە ڕاستی دا لە ناوەوە هەستێکی غەریبم بەرانبەرت هەیە)

لاڤە: (دەتوانی تەعبیر لەو هەستە غەریبەی خۆت بکەی؟)

ڕاز: (یانی هەست بە سۆز و بەزەیی دەکەم بەرانبەرت)

لاڤە: (جا بۆ بەزەیت پیامدا دێتەوە، خۆ شەل و کوێر نیم؟!)

ڕاز: (مەبەستم بە بەزەیی، ئەوەیە...)

لاڤە: (چی یە؟)

ڕاز: (مەبەستم ئەوەیە کە من... یانی"من تۆم خۆش ئەوێ")

لاڤە: (ئەی بۆ لە سەرەتاوە وا نالێ ی؟)

ڕاز: (ترسام بە هەڵە لێم بگەیت)

لاڤە: (هیچ کەسێك لە خۆشەویستی بە هەڵە حاڵی نابێت، خۆشەویستی زمانێکی تڕە و بەر لەوەی بکرێت بە قسە لە دڵەوە هەستی پێ دەکرێت)

ڕاز: (جا ئەگەر بە دڵ هەستت دەکرد کە من خۆشم دەوێ ی بۆ دەتویست بە زمان ئیقرارم پێ بکەی؟)

لاڤە: (شایەتمان تەنها لە دڵەوە بەس نی یە، بەڵکو دەبێ بە زمانیش ڕای بگەیەنی)

ڕاز: (پێم خۆشە بزانم هەستی تۆ بەرانبەر بە من چۆنە؟)

لاڤە: (ئەگەر بە دڵ نەزانی هەستم چۆنە بەرانبەرت دیارە دڵت زیندوو نی یە... وەکو تۆ و لە تۆش زیاتر، بەڵکو خۆت و خۆشەویستی یەکەی ناو دڵت دوورگەیەکی بچووکن لە دەریای خۆشەویستی مندا)

ڕاز: ("لاڤە"گیان لە بەردەم میهرو خۆشەویستی تۆدا هەست بە بچووکی خۆم دەکەم)

لاڤە: (مەزنی تۆیە منی کردووە بە دەریایەکی بێ سنوور، ئەگەر ڕۆحی شیرینی تۆ نەبووایە من بیابانێکی چۆڵ و بێ ئاو دەبووم)

ڕاز: (خۆشەویستی نێوان من و تۆ خۆشەویستی منداڵی یە، لە بیرت دێ بە منداڵی دەمگرتیتە باوەش و لە گۆمە ئاوەکان دەمپەڕاندیەوە؟!)

لاڤە: (ئەی لە بیرتە پێڵاوەکانت کەوتە ناو ئاوی چەمەکە و پێڵاوەکانی خۆمم لە پێت کرد؟)

ڕاز: (هەندێ جاریش دڵمان لە یەکتر دەڕەنجا و پێم دەوتیت: دایە گەورەم گەزۆم بۆ

دەکڕێ، بەشی تۆ نادەم)

لاڤە: (منیش دەموت: جا منیش نانە قەیسیت بەش نادەم)

هەردوو دەستیان بە پێکەنین کرد، زۆری نەخایاند داپیرە بە سینییەك و دوو چاوە خۆی کرد بە ژوورەدا و بە بزەیەکی شیرینەوە وتی: (ئیشەڵڵاێ ئەم چایە چای خۆشی دەبێ، من و"ئالان"تێر بۆنی گوڵمان کرد، سەیری کۆتر و قومرییەکانمان کرد، بەڵام وادەزانم قسەکانی نێوان ئێوە لە گوڵ بۆن خۆشترو لە قومری جوانتر بووە)

"ڕاز و لاڤە"بە ڕوویەکی گەش و هەستێکی پڕ لە خۆشی لە بەر داپیرە هەستان و فەرموویان لێکرد، بەڵام داپیرە چایەکەی دانا و وتی: (دەچمەوە بۆ لای"ئالان"دەمەوێ چەپکە گوڵێکی جوان بۆ مامۆستا"ئەحمەد و سێبەر خان"ئامادە بکەم)

دوای چەند کاتژمێرێك لە قسەی خۆش و سەربوردەی منداڵی و باسی ژیانی داهاتوویان،"لاڤە"داوای مۆڵەتی کرد و لەگەڵ"ئالان"بۆ ماڵەوە گەڕایەوە...

ئەو پاش نیوەڕۆیە بۆ"ڕاز و لاڤە"کاتێکی زێڕین بوو، تا درەنگانێکی شەو"ڕاز"بیری لە یەك بە یەکی قسەکانی نێوان خۆیی و"لاڤە"دەکردەوە، بە دەم بیرکردنەوەوە خەیاڵ بردیەوە و چاوەکانی خەو دایگرت و نوست...

لە خەونیدا سەردانی ئەشکەوتەکەی کرد، سەری بردە ناو ئەشکەوتەکە پیرەمێردەکەی نەبینی، ئاوڕی دایەوە لە ئاسۆیەکی زۆر دوورەوە پیرەمێردەکە بە پۆشاکێکی سپی یەوە بانگی"ڕاز"ی دەکرد، تەکانی دایە بەر خۆی تاکو بەرەو لای پیرەمێردەکە بڕوات، بەڵام بە ئاگا هات و بینی لە جێ ی نوستنەکەی دوور کەوتۆتەوە...

بەیانیەکەی کاریگەری خەونەکەی پێوە دیار بوو، بەڵام خەیاڵی لای ئەشکەوت و پیرەمێردەکە بوو، نەیزانی ئەو ڕۆژەی خوێندنی چۆن بەسەر برد، برادەرە نزیکەکانی لە تەندروستی ئەویان پرسی، بەڵام هیچی لا نەدرکاندن، بۆ سبەینێ هەندێ لە فەزای خەونەکە دوور کەوتەوە و باشتر کەوتە بەر چاوی برادەرانی، ئەو ڕۆژە قوتابییەك لە وانەی"فیزیا"دا پرسیارێکی دەربارەی "کات"لە مامۆستاکەی کرد کە: ئایا"کات"بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە؟ ئەگەر هەیە جێگیرە بان گۆڕاوە؟

مامۆستای فیزیا: (جیاوازی چی یە لە نێوان بەرسیلە و تریێ ی پێگەیودا؟ دیارە هۆکاری زەمەن"کات"بەرسیلە دەگۆڕێ بۆ میوەیەکی پێگەیو، "کات"هێلکەیەکی پیتراو دەگۆڕێت بۆ گیاندارێکی کاملّی تەواو،"کات"ە هاوین دەگۆڕێ بۆ زستان، ڕۆژ دەکات بە شەو.. بۆیە کات بوونێکی بابەتیانەی هەیە، بەڵام بوونێکی بەرجەستە نە، بوونێکی واتایی)

قوتابییەکە: (مامۆستا تۆ دەڵێ ی"کات"بەرسیلە بۆ تریێ دەگۆڕێت، لە ڕاستی دا خواردنی بەردەوامی دار میوەکەیە بەرسیلە بۆ تریێ دەگۆڕێ، ئەگەر ئەو بەرسیلەیە لە دار میوەکە بکەینەوە و سالێك بە سەریدا تێ بپەڕێ، ناگۆڕێت بۆ تریێ)

مامۆستا: (ڕاستە خۆراکی دار میوەکە هۆکارێکە، بەڵام ئەو خۆراکە لە کاتێکی دیاریکراودا گەرەکە وەری بگرێت، ئەگەر ئەو بڕە خۆراکەی لە سێ مانگدا بەرسیلەکە وەری دەگرێت، بە یەك جار بیدەین بە بەرسیلەکە نەك نابێتە هۆی پێ گەیاندنی، بەڵکو دەبێتە هۆی فەوتانی دار میو و بەرسیلەکەش)

قوتابییەکە: (ئەو قسەش وەڵامی هەیە، دەتوانم بڵێم کەم کەم و بڕ بڕ دەبێ خۆراك بە بەرسیلەکە بدرێ و هیچ پەیوەندی بە کاتەوە نی یە)

مامۆستا: (دروستە، کاتیش بریتی یە لەو ماوەیەی کە تۆ کەم کەم و بڕ بڕ خۆراکەکە بە بەرسیلەکە دەدەی)

قوتابیەکە: (گریمان"کات"بوونی هەیە، باشە جێگیرە یان گۆڕاو؟)

مامۆستاکە: ("کات"ئەگەر لە کار و ڕووداو و شوێنی دابڕین یەکەیەکی جێگیرە، کاتێك تێکەڵ بە جوولّە و کار و ڕووداو دەبێ بە پێ ی شتەکان دەگۆڕێ، لای"ئەنیشتاین"کات ڕێژەییە و دەگونجێ یەك ڕووداو بۆ دوو کەس دوو کاتی جیاواز بێت)

قوتابییەکە: (من وا هەست دەکەم ئامێری کاتژمێر جوولّەی مرۆڤ دەپێوێ نەك کاتی تێ پەڕ بوو، کات هێلّێکی درێژ کراوەیە و مرۆڤ لە سەری جوولّە دەکات، کاتژمێریش ئەو جوولّانە نیشان دەدات)

مامۆستاکە: (دروستر وایە بلّێین ئامێری کاتژمێر ئەو بڕە گۆڕاوەی"کات" نیشان دەدات کە مرۆڤ جوولّەی تیادا کردووە)

قوتابییەکی تر: (مامۆستا ئێمە هیچ لەم قسانە تێ ناگەین، تکا دەکەم باسەکەتان بگۆڕن)

مامۆستا: (مافی خۆتە باسەکەمان پێ ڕابگری، ئێستا دەست بە وانەی ئەمڕۆمان دەکەین)

پرسیاری قوتابییەکە دەربارەی کات و وەلاّمەکانی مامۆستا"ڕاز"ی گێڕایەوە بۆ ناو ئەو چەند ڕووداوە سەیرەی کە لێ ی ڕوویدا بوو: (ئایا گەڕانەوەم لە ئەشکەوتەکەوە بۆ ماڵّەوە چەندە کاتی بردووە؟ ئایا کاتم بە سەردا تێ پەڕی بوو؟ ئەی بۆ هەستم پێ نەکرد؟)

هەموو ئەو پرسیارانە لای ئەو بێ وەلاّم بوون و هەر واش بە کراوەیی بەجێ ی هێلاّن...

عەسرەکەی کورسییەکەی برد بۆ بن دارگوێزەکە و لێ ی دانیشت،"خاڵّە مەولود"ی باخەوان لە خوارەوە خۆی بە ڕێکخستنەوەی کەپری دار مێوەکانەوە خەریك کرد بوو، زۆری نەخایاند هات بۆ لای"ڕاز"و لە سەر بەردە سافەکەی بن

دار گوێزەکە لێ ی دانیشت و پشتی نا بە دار گوێزەکەوە و وتی: (ژێری ئەم دار گوێزە شوێنی حەوانەوەی منە، بمبورە داوای مۆڵەتم نەکرد و لێ ی دانیشتم)

ڕاز: ("خاڵە مەولود"گیان، دەزانم شوێنی تۆیە، بۆیە منیش هاتم هەندێ قسەی جوانت لێوەر بگرم)

خاڵە مەولود: (من تا پرسیارم لێ نەکرێت ناتوانم قسان بکەم)

ڕاز: ("خاڵە مەولود"هەست بە ئاڵۆزییەك دەکەم لە ناخ و بیرمدا، نازانم چۆن بگەم بە حەقیقەت، چۆن دروست لە ژیان بگەم؟ وا هەست دەکەم لە ناوەوە بە سەر چەند تەوەرەیەکدا دابەش بووم: تەوەرەی فیکرو مەعریفە، تەوەرەی ڕۆح، تەوەرەی عیشق و مەحەببەت، هەروەها تەوەرەی زانست، ئەم وانانەی بەڕێزیشت تەوەرەی تەجروبەی ژیان، هەموو ئەمانە ئاڵۆزم دەکەن، چارەسەر چی یە؟ بە بۆچوونی بەڕێزت چی بکەم باشە؟)

خاڵە مەولود: (کوڕی خاڵۆی لەوانەیە لە بەشێکی قسەکانت حاڵی نەبم، چونکە من پیاوێکی نەخوێندەوارم و سادە دەژیم و بیر دەکەمەوە، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێ مرۆڤ چۆن خۆی بەختەوەر بکات، ئەوا هەمیشە"عەودالّی حەق و ڕاستی ببە"و"خۆت خاڵی بکەرەوە لە ڕق"و"سادە لە ژیاندا بژی..."

ڕاز: ("خاڵە مەولود"ئەوەی بەڕێزت فەرمووت سێ خاڵی زۆر کورت و بچووکن، بەڵام بە قەدەر مرۆڤ و ژیان فراوان و مەزنن)

خاڵە مەولود: (کوڕی خۆم ئەگەر بەو جۆرە بژیت کە بۆم باس کردیت دەست بۆ هەر شتێك ببەی بە حەق و ڕاستیت دەگەیەنێت)

ڕاز: ("خاڵە مەولود"گیان من دەمەوێ بزانم – جارێکی تریش پرسیارم لێکردیت – ئەم هەموو حیکمەتە چۆن و لە کوێوە فێر بوویت؟!)

خاڵە مەولود: (کاکە"ڕاز"گیان، باوکی من عاریفێکی گەورە بوو، دەیتوانی مرۆڤ بخاتە سەر سکەیەك تاکو لە سەری بە دروستی بەگەڕ بکەوێت، ئەو دەستی منی گرت و لە زۆر هەڵەی ژیان قوتاری کردم)

ڕاز: (نابێتە بێ ئەدەبی ئەگەر بپرسم باوکت لە کوێوە فێری ئەو حیکمەتە بوو بوو؟)

خاڵە مەولود: (باوکم بەشێکی زۆر لە عومری بە گەشت و گەڕانەوە خەریك بوو، تا دوا جار لە گوندێکدا نیشتەجێ دەبێت و بیر لە ژن هێنان دەکاتەوە)

ڕاز: (یانی گەڕان فێری ئەو حیکمەتانەی کرد بوو؟)

خاڵە مەولود: (گەڕان بە تەنها بەس نی یە بۆ فێر بوونی حیکمەت، بەڵکو دەبێ مرۆڤ بزانێ بە دوای چیدا دەگەڕێ، دیار بوو ئەوەی باوکم بۆی دەگەڕا و لە پێناویدا ماندوو بوو بوو بە دەستی هێنا بوو)

ڕاز: (حەز دەکەم زیاتر باسی ژیانی ئەو عاریفەم بۆ بکەی)

خاڵە مەولود: (ئەو شتەی باوکم دەستی کەوت بوو زۆر لە لای بە نرخ بوو، وەك خەزنەی چاوچنۆك دەیشاردەوە، پێ ی خۆش بوو خەڵکی بە گێل و نەزان و هەندێ جاریش خراپەکار تەماشای بکەن تاکو ئەوەی لە لایەتی بە دەر نەکەوێ...

شەوان بە ئاگا دەهاتم و باوکمم لە ژوورەکەیدا دەبینی بە ئاگایە و بە کاری خۆیەوە خەریکە، سەر لە ئێوارە دەنوست و کاتێك خەڵکی چاوانیان دەچووە خەو ئەو بە ئاگا دەهات، هەندێ شەو بۆ شۆخی سەرێکم دەکێشایە ژوورەکەی و دەموت: (وەك پارەی پیسکە بیشارەوە و بە تەنها بیژمێرە)

ئەویش سەیرێکی دەکردم و دەیوت: (هەتیوو بەم نیوەی شەوە بۆ بە ئاگا هاتووی؟)

منیش بە پێکەنینەوە دەموت: (دەمەوێ بزانم بەم نیوە شەوە چی دەکەی، لیرە دەژمێری، خەزێنەت هەیە؟!)

وەلامی دەدامەوە و دەیوت: (بە خوا ئەگەر بە تەمای خەزێنە و لیرەی من بیت بە بێ شێو سەر دەنێیتەوە)

"ڕاز"خاڵە مەولودی لە قسەکردن ڕاگرت و وتی: (ئەو کە شەوان بە ئاگا دەهات چی دەکرد و بە چی یەوە خۆی خەریك دەکرد؟!)

خاڵە مەولود: (نهێنی و ڕازی بابم دەتوت ڕازی مێش هەنگە، من لە هەموو کەس–تەنانەت لە دایکیشم – زیاتر لە باوکمەوە نزیك بووم، بەڵام کەمێکی کەم لەو تێگەیشتم، ئەو شارێکی مەزن بوو لە ئەسرار، من تەنها لە دوورەوە گڵۆپەکانی ئەو شارەم بەر چاو دەکەوت و نەگەیشتمە شەقام و کۆشك و تەلارەکانی)

ڕاز: (کارو کاسپی باوکت چی بوو؟)

خاڵە مەولود: (بەرگ دروو بوو، بە پارەیەکی کەم ژیانێکی زۆر نایابی بۆ ئێمە بەرهەم هێنا بوو)

ڕاز: (سەیر لەوەدایە لەم ژیانەدا هیچ کەسێك نی یە هەموو نهێنییەکانی خۆی دەربخات، باوکت هەموو شتەکانی خۆی بە تۆ نەگەیاند، تۆ هەموو ئەوەی کە لە لاتە بە منی ناگەیەنیت، من ئەوەی لە لامە بە برادەرەکانمی نالێم!)

خاڵە مەولود: (هەر دەبێ وابێ، تۆ دەبێ خۆت بۆ خۆت شار بونیاد بنێیت، شاری من بۆ تۆ شیاو نی یە، بینینی شاری من تەنها خەونێك لای تۆ دروست دەکات، بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە دەبێ خۆت هەوڵبدەیت و بکۆشیت)

ڕاز: ("خاڵە مەولود"سەیر ئەوەیە منێکی خوێندەواری هۆشیار لە بەردەم باخەوانێکی نەخوێندەواردا دەبم بە کەسێکی نەزان)

خاڵە مەولود: (دەبێ وردترو قوواڵتر لە ژیان بڕوانی)

لێرەدا"خاڵە مەولود"هەستا و خواحافیزی لە"ڕاز"کرد و ڕۆیشت...

"ڕاز"بە تەنها لە ژێر دار گوێزەکە مایەوە و کەوتە بیرکردنەوە: (ئەوەی زۆر گرنگ بوو بۆ من لە"خاڵە مەولود"م نەپرسی: ئەو ڕێچکە و سکەیە کامەیە مرۆڤ

دەکەوێتە سەری و بە هۆیەوە جوولّە و ئاڕاستەی دروست وەردەگرێ، چۆن بکەومە سەر ئەو سکەیە؟ دڵنیام ئەگەر ئەو پرسیارەم بکردبایە دەیوت: ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، سکەی هیچ کەسێك بە کەسێکی تر ناخوات، بەڵام خۆ"خاڵە مەولود"وتی: باوکم دەیتوانی مرۆڤ بخاتە سەر سکەی دروست، ئەو وتی: باوکم دەستی گرتم و لە زۆر هەڵەی ژیان قوتاری کردم؟! جارێکی تر پرسیاری ئەوەی لێ دەکەم: بە چ شێوازێك باوکت دەستی تۆی گرت و لە سەر سکەی دروستی ژیان ڕاوەستاوی کردیت؟ چۆن دەزانی ئەوەی تۆ لە سەری دەژیت دروست و بێ هەڵەیە؟ دروست و نادروست چی یە؟

ئێوارە لە سەر سفرەی نانخواردن"ڕاز"باسی وتووێژەکەی نێوان خۆی و"خاڵە مەولود"ی بۆ داپیرە کرد، داپیرەی لە وەڵامدا وتی: ("خاڵە مەولود"برا گەورەی منە و مامۆستا و مورشیدی"وەستا مەحمود"ی باپیرەتە)

بۆ یەکەمین جار بوو"ڕاز"قسەیەکی لەو جۆرە لە داپیرەی دەربارەی"خاڵە مەولود"ببیستێ، قسەکە ناخ و هەست و بیری"ڕاز"ی هەژاند، ماوەیەك بێ دەنگ بوو، پاشان سەیرێکی داپیرەی کرد و وتی: (داپیرە گیان مەبەستت چی یە لە برا گەورە و مامۆستا و مورشید؟)

داپیرە: (کوڕی خۆم من پەروەردەی دەستی یەکێك لەو ئافرەتانەم کە پیری مەزن پەروەردەی کرد بوو، بەر لە مەرگی وەسێتی بۆ کردم خاڵە مەولود بە برا گەورەی خۆم بزانم و لە مەیدانی ئایینداری خۆمدا پرسوڕای پێ بکەم، دەبێ بزانیت هیچ کەس لە خۆیەوە نابێت بە"کەس"، تۆ پێت وایە ئەم داپیرەی کە شوکر بۆ خودا پیر و گەنج و ژن و منداڵ و گەورە و بچووك خۆشیان دەوێت لە خۆیەوە بووە بەو کەسە؟ نا.. بەڵکو ڕێگای دروستی ژیانم بینیوەتەوە، لەگەڵ خۆمدا ماندوو بووم تاکو گۆڕاوم بەم کەسە، خەڵکانێکی مەزن دەستیان گرتووم و ڕێگەی دروستیان نیشان داوم،"خاڵە مەولود"باخەوانمان بوو، نێوان خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر لە نێوان"وەستا مەحمود"ی باپیرت و"خاڵە

مەولود"دا هەبوو، من دەمزانی ئەو پیاوێکی ئایینداری و گەورەیە بەڵام نەمدەزانی دەسەڵاتی ڕۆحی ئەو لەو ئاستەدایە، نەمدەزانی مامۆستا و مورشیدی"وەستا مەحمود"ە، تا شەوێك نیشانیان دام و بۆ بەیانی سوێندی"وەستا مەحمود"م دا تاکو ئەو ڕاستییەم لێ نەشارێتەوە و ئەویش پێی وتم کە"خاڵە مەولود"مورشیدی ڕۆحی ئەوە و لەوەوە زۆر مانای بەرز و بڵند فێر بووە و ڕێگای دروستی ژیانی بینیوەتەوە...)

ڕاز: (داپیرە نزیکترین کەس لە من تۆ بووی کەچی تۆشم نەناسی، نەناسینی"خاڵە مەولود"کە باخەوانمانە و ڕۆژانە دەیبینم بە هەر حاڵ، بەڵام چۆن تۆم نەناسیوە؟ چۆن لەوە نەگەیشتم کە تۆ مرۆڤێکی سادە نیت؟ بەڵکو شارێکی لە ئەسرار؟)

داپیرە: (کوڕی خۆم من هیچم بە تۆ نەوتووە؟!)

ڕاز: (با... بەو چەند قسەیە زۆر شتت بە من وت، ئەو چەند قسەیە گڵۆپی شاری نهێنی تۆیە کە من لە دوورەوە سەیری دەکەم، ئەو چەند قسەیە نهێنی پەیوەندی"خاڵە مەولود"ە لەگەڵ باوکی خۆیدا، نهێنی پەیوەندی تۆیە بە"خاڵە مەولود"ی عاریفەوە، قسەکانی"خاڵە مەولود"قسەی خۆی نی یە بە تەنها، قسەی خۆی و باوکی و تۆ و دەیانی وەك ئێوەیە، داپیرە دەمەوێ لە ئێوە بگەم، دەمەوێ لە ئێوەوە لە ژیان بگەم، داپیرە توو ئەو شتەی لاتان پیرۆزە بمخەنە سەر ئەو ڕێگای ئێوەی لە سەرە، چۆن ئەم بەختەوەرییەتان بە دەست هێناوە؟ چی بکەم وەك ئێوەم لێ دێت؟ هەستم بەوە کرد بوو شتەکانی تۆ و"خاڵە مەولود"زۆر لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام نەم دەزانی ناخێکی قوواڵ ئێوەی بە یەکەوە گرێداوە، دەزانم ئێوە تەنها نین، کەسێکی تریش شك دەبەم وەکو ئێوە وایە...)

داپیرە: (کوڕی شیرینم ئەو پرسیارانە لە"خاڵە مەولود"بکە، من جگە لە خۆشەویستی شتێکی ترم لە لا نی یە بە تۆی ببەخشم..)

شەوەکەی دوای تەواو کردنی ئەرك و خوێندنی قوتابخانە کەوتە بیرکردنەوە لە"خاڵە مەولود"و داپیرەی، ئەو شەوە بڕیاری دا دەفتەرێك دابنێ و ڕۆژانە ئەو حیکمەتانەی تیا بنووسێتەوە، هەر ئەو شەوە دەستی کرد بە نووسینەوەی وت و وێژەکانی نێوان خۆی و پیرەمێردی ناو ئەشکەوتەکە، بڕیاری دا بوو دەفتەرەکە بۆ چەند بەشێك دابەش بکات، بەشی یەکەمی بۆ حیکمەتی پیرەمێردی ئەشکەوتەکە، ئەم بەشەی ناو نا"حیکمەتی پیران"، بەشی دووەمی تەرخان کرد بۆ حیکمەتەکانی"خاڵە مەولود"و ناوی لێنا"حیکمەتی باخەوان"، بەشی سێ یەم تەرخان کرا بوو بۆ قسەو ژیان و هەڵسوکەوتەکانی داپیرە و ناوی نابوو"حیکمەتی داپیرە"، بەشی چوارەم بۆ قسە و گفتوگۆکانی نێوان خۆی و"لاڤە"ی خۆشەویستی تەرخان کرد بوو ناوی لێ نابوو"حیکمەتی ئەوین"، بەشی پێنجەم و کۆتایی بۆ قسەو باس و ژیانی ڕۆژانەی خۆی و مامۆستاکانی و برادەرانی لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە دانا بوو ناوی"حیکمەتی لاوان"ی لێنا بوو، بە خەتێکی گەورەش لە سەر پشتی دەفتەرەکە نوسیبووی"کۆماریك لە سێبەر"، دیار بوو هەر پێنج بەشەکەی بە سێبەر و خەیاڵ دەهاتە پێش چاو...

بە درێژایی دوو هەفتە شەوانە دەفتەرەکەی دەهێنا و ئەوەی پێشتر لە ژیانیدا تێپەڕی بوو دەینووسییەوە، ئەو بڕیاری دابوو پرسیار و پەیوەندی یەکانی ڕابگرێت بۆ ئەوەی باس و خواسەکان بە سەریدا کەڵەکە نەبێت و ئەوەی لەوەوبەر نەینوسیوەتەوە پیایدا بگات و تۆماریان بکات...

دوای نووسینەوەی هەموو حیکمەتەکان هەستی بە بارسووکی و ئارامییەك کرد، دەفتەرەکەی بە خەزێنەیەکی گەورە لە سەرمایەی مەعنەوی تەماشا دەکرد، جانتایەکی تایبەتی لە بازاڕ بۆ کڕی و بە جوانی دەفتەرەکەی بەرگ گرت و تیایدا هەڵیگرت...

ئەو شەوەی لە نووسینەوە بوویەوە شەوێکی پڕ لە ئارامی و بەختەوەری بوو، لە سەر پشت بە سەر جێگەکەیدا ڕاکشا و هەردوو دەستی خستە ژێر

سەریەوە و لە بیری خۆیدا دەیوت: (ئەو حیکمەتانەی مرۆڤ دەیبیستێ تا نەیان نوسێتەوە لێیان تێ ناگات، من جاران بە جۆرێك لەو حیکمەتانە دەگەیشتم و ئێستا جۆرێکی تر، جاران تەنها تۆێکڵی حیکمەتەکانم لە بەر دەستدا بوو ئێستا کرۆك و جەوهەر، نووسین خۆ دواندنە، دەورکردنەوەی هەموو ئەو مانایانەیە کە پۆژانە مرۆڤ وەریان دەگرێت..)

بەیانی زوو بە ئاگا هات و لە ژوورەکەی چووە دەرەوە و ڕووی لە باخچەکە کرد، لە سەرەتاوە داپیرەی لە چێشتخانەکەدا بینی خەریکی داگیرسانی سەماوەرەکە بوو، خۆی گەیاندە لای گوڵە باخەکان و تێر تێر بۆنی کردن، چەند جارێك پڕ بە سنگی هەوای خاوێنی بەرەبەیانی هەڵمژی، جریوە و دەنگی پاسارییەکان و خوێندنی چەند باڵندەیەکی سەوزی جوان تێکەڵ بە یەکتر بوو بوون، سەمفۆنیایەك بەرهەم هات بوو هیچ ئاواز دانەرێك نەی دەتوانی زمانەکەی پەی پێ ببات و نۆتەی بۆ دابنێت...

ئەو بەرەبەیانە بەختەوەری نم نم وەك باران بە سەر ژیاندا دادەباری، شەپۆلی ئاسودەیی لە لێوی تەپی گوڵە باخەکانەوە هەڵ دەقوواڵی، گوڵە خونچەکان بە بزەیەکی شیرینەوە پێشوازی ئەو ڕۆژە نوێیەیان دەکرد، نەسیمی بەرەبەیان دەچووە ژێر باڵی گەاڵکان و سەمای فێر دەکردن، لە بەرەبەیاندا ڕۆحی شتەکان دێنە لێوار و دەکەونە شنە و لەرە، کە خۆر هەڵدێ دەگەڕێنەوە بۆ ناخ و قووڵایی بوون و لێمان دەشارێنەوە، لە بەرەبەیاندا هەوا تامی هەیە، ئاسمان بۆنی هەیە، بەرد ڕووناکی دەبەخشێ...

دوای تێربوونی لە تام و بۆن و ڕەنگ، پڕ بوونی بیر و ئەندێشەی بە جوانی سروشت گەڕایەوە بۆ لای داپیرە و بەیانی باشێکی لێکرد، داپیرە سەری هەڵبڕی و وتی: (ژیانت باش، گیانی داپیرە، چۆن بوو ئەو بەیانی یە زوو هەستای؟)

ڕاز: (ئەو بەیانی یە لاشەم زۆر سووك بوو)

داپیرە: (دیارە زوو نووستووی؟)

ڕاز: (هەروەك جاران)

بێ دەنگییەك"ڕاز"و داپیرەی داگیر کرد و تا کاتی چوون بۆ قوتابخانە هیچ قسەیەك بە نێوانیاندا تێ نەپەڕی.....

شەوی هەینی مامۆستا"ئەحمەد"لەگەڵ خێزانی و منداڵەکانی میوانی مااڵی داپیرە بوون، ڕێ و ڕەسمی خواردن و خواردنەوە بە ڕسومی جاران بەڕێوە چوو...

مامۆستا"ئەحمەد"و پووزە"فاتم"کەوتنە قسە و باسی سەردەمانی پێشوو، دیار بوو هەردووکیان لەزەتیان لە باس و خواسی پێشینان وەردەگرت و لە ناخەوە مەیل و حەنینیان بۆ ئەو ڕۆژگارانە قووڵپی دەدا، جار جارێکیش دەکەوتنە ناوهێنانی کەسانێك کە تەنها خۆیان دەیان ناسین و بە گەورە و مەزن یادیان دەکردن..

"سێبەر خان"بە خاوێن کردنەوە و ڕێکخستنی مااڵی پووزە"فاتم"ەوە خەریك بوو،"ئااڵن"بەری تەلەفزیۆنەکەی بەر نەدەدا،"لاڤە و ڕاز"یش لە الیەکەوە بە باس و خواسی خوێندنەوە خەریك بوون، لە ناو قسەکاندا – لاڤە بە دەنگێکی نزم – پرسیاری دیار نەبوونی"ڕاز"ی کرد، لە وەاڵمیدا وتی: (ئەو چەند هەفتەیە سەرقاڵی نووسین بووم)

لاڤە: (نووسینی چی؟)

ڕاز: (نوسینەوەی حیکمەتەکانی ژیان)

لاڤە: (دیارە نووسین منی لە بیر بردوویتەوە!)

ڕاز: (بە پێچەوانەوە بەشێك لە نووسینەکانم تۆی)

لاڤە: (مەبەستت ئەوەیە هۆنراوەم بۆ دادەنێ ی؟)

ڕاز: (نـــەخێر، هـــەموو ئـــەو حیکمەتانـــەی عیشـــقی تـــۆ فێـــرم دەکـــات دەینووسمەوە)

لاڤە: (مەبەستت بە حیکمەت چی یە؟)

ڕاز: (لای من هەر شتێ مرۆڤ داگیر بکات، بیخاتـە بیرکردنـەوە، گـۆڕانی بـە سەردا بهێنێ، ئاڕاستەی بگۆڕێ، ئەقڵ و ڕۆحی گەشە پێ بدات، حیکمەتە)

لاڤە: (جا من توانیومە ئەو کاریگەرییانە لە سەر تۆ بەجێ بهێڵم؟)

ڕاز: (تۆ یەکێکی لەو حەکیمانەی حیکمەتت لێوە فێر دەبم)

لاڤە: (مـن بـۆ خـۆم وا هەسـت ناکـەم فەلسـەفەیەك لـە پشـت قسـە و کـار و هەڵوێستەکانمەوە بوونی هەبێت!)

ڕاز: (خۆشەویستی مەزنترین فەلسەفەیە، ئەو گۆڕانەی خۆشەویستی دروستی دەکات هەزار"ئەرەستۆ"بەرهەمی ناهێنێ)

لاڤە: (ئەگەر من حەکیم بم ئەوا تۆ مامۆستای ئەو حەکیمەی)

ڕاز: (خۆ ئەگەر من عاریف بم ئەوا تۆ سەرچاوەی عیرفان و ئیلهامی منی)

ئەگەر کەسێك بهاتبایـە و"ڕاز و لاڤـە و مامۆسـتا ئەحمـەد و پـووره فـاتم"ی ببینیبایە، سەری لەو فەزایە سوڕ دەما کە ئەو چوارەی داگیر کرد بـوو،"پـووره فاتم و مامۆستا ئەحمەد"لە قسە و باسەکەیاندا بوو بوون بە یەك ڕۆح، لە دەورو بەر دابڕابوون، دیار بوو باسی پێشینان دەستپێك و سەرەتای دەست پێ کـردن بوو ئەگینا باسێکی تر بە نێوانیاندا تێ دەپەڕی...

"لاڤە و ڕاز"یش لە قوولّترین شوێنی دڵ و دەروونەوە گەوهەری قسەی پڕ لە مەحەببەتیان دەدۆزیەوە و پێشکەشی یەکتریان دەکرد...

هەر چواریان بـە دەنگـی"سـێبەر خـان"بـە ئاگـا هاتنـەوە کـە بـە سـینییەك کاکاوەوە هاتە ژوورەوە و داوای لێکردن هەموو کۆ ببنەوە...

لەگەڵ خواردنەوەی کاکاودا بێ دەنگییەك هەموو لایەکی داگیر کرد بوو، دیار بوو هێشتا لە فەزای باسەکان نەهاتبوونە دەرەوە و کاریگەرییەکەی بەری نەدابوون، "سێبەر خان"وتی: (داوای لێبوردن دەکەم، خۆ قسە و باسەکانم پێ نەبڕیون؟)

مامۆستا ئەحمەد: (بڵێین قسە و باسمان پێ نەبڕاوە ڕاست ناکەین، بەڵام هەموومان دەبێ مەمنونی تۆ بین کە بە ئاگات هێنایەوە ئەگینا لەو فەزایە دانەدەبڕاین و وەکو کەشتی لە دەریادا نوغرۆ دەبووین)

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و تا درەنگانێکی شەو بە خۆشی بە سەریان برد...

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی "ڕاز"لەگەڵ برادەرانی: (ڕاوێژو شاروخ و جوتیار) سەردانی "یوسوف"یان کرد کە دوو ڕۆژ بوو بە هۆی پێکرانی لە یاریدا دەوامی قوتابخانەی نەکرد بوو...

"جوتیار"لە سەر تەرزی جارانی خۆی هەندێ بە "یوسوف"ی ڕابوارد: (کاك"یوسوف"یاری تۆپی پێ چیرۆك نووسین نی یە... یاری هێزی لاق و بازوی دەوێ و چیرۆکیش بیری قوولێ)

یوسوف: (باوەڕ بکە کاك"جوتیار"کەوتنەکەم زۆر ئاسایی بوو، نازانم چۆن بوو لاقم زەبری پێ گەیشت)

شاروخ: (تۆ ڕۆڵی کەرویشکت پێدرا بوو، کەرویشکیش ڕەمزی ترس و کەم بەختی یە، بۆیە ئەم پێکرانەش بەشێکە لە ڕۆڵی کەرویشك)

ڕاوێژ: (سبەینێ بۆ قوتابخانە دەگەڕێیتەوە؟)

یوسوف: (پێم وایە بتوام)

ڕاز: (خەمی وانەکانت نەبێ بۆمان نووسیویتەوە، مامۆستایان هەواڵیان دەپرسیت)

یوسوف: (سوپاسیان دەکەم، دەستی ئێوەش خۆش بێت بۆ ماندووبوونتان)

شاروخ: (من دەمەوێ بپرسم ئەم"پێنج"کەسە چ شتێك کۆی کردووینەتەوە و پێکەوە گرێ ی داوین، ئەگەر ڕۆژێك یەکێکتان نەبینم هەست بە خەمۆکی و بێزاری دەکەم)

جوتیار: (بۆی هەیە بیر و ئایدۆلۆژیامان لە یەکترەوە نزیك بێت)

شاروخ: (بە ڕای تۆ پەیوەندیەکەی ئێمە پەیوەندیەکی فیکری و ئایدۆلۆژی یە؟)

جوتیار: (بەڵێ)

ڕاوێژ: (وا نازانم بیر و باوەڕ ئێمەی پێکەوە گرێ دابێت، لەوانەیە تەنها ئولفەت و تێکەلاوی قوتابخانە بێت)

جوتیار: (ئەگەر ئولفەت و تێکەلاوی قوتابخانەیە بۆ لەگەڵ کەسانی تردا ئەو جۆرە پەیوەندی یە دروست نەبووە؟)

یوسوف: (لەوانەیە خولیاکانمان، خۆزگەکانمان، خەمەکانمان ئێمەی کۆ کردبێتەوە)

ڕاز: (من وا هەست دەکەم ئێمە لە سەرەتای پەیوەندیەکداین هێشتا خۆشمان لە مانا و مەرامی ئەو پەیوەندی یە نەگەیشتووین)

شاروخ: (بۆچوونەکەت زۆر ڕوون نی یە)

ڕاز: (دەمەوێ بڵێم نهێنی یەك ئێمەی کۆکردۆتەوە کە هێشتا پەی پێ نەبراوە)

جوتیار: (هۆی پەی پێ نەبردنەکەی چی یە؟)

ڕاز: (وا دەزانم سەرەتای بوونی ئێمە بێت لە ناو ڕستی پەیوەندییەکدا)

شاروخ: (نازانم بۆ هەمیشە"ڕاز"تەفسیری میسالی بۆ شتەکان دەکات؟!)

ڕاز: (، چونکە هەست بە شتێك دەکەم، لەوانەیە تۆ هەستت پێ نەکردبێ)

شاروخ: (حەقیقەتی ئەو شتە چی یە؟)

ڕاز: (من بەر لەوەی ئێوە بڵێن بە دۆست و برادەرم یەك بە یەکی ئێوەیان لە خەوندا پێ ناساندووم، پێشیان وتووم سەرئەنجامی ئێمە بەرەو کوێ دەچێت)

ڕاوێژ: (مردوو مرێ خۆتم لێ مەکە بە شێخی تەریقەت)

یوسوف: (ببووڕە کاك ڕاوێژ، باس لە خۆکردن بە شێخی تەریقەت نی یە، منیش هەندێ شتم لە هاوشێوەی ئەوەی لای کاك"ڕاز"ە لە لایە)

شاروخ: (دەترسم بچینەوە بۆ دارستان و ببین بە گاجووت و کەرووێشك و کەڵەشێر و بولبول...)

ڕاز: (من بە پێچەوانەوە دەیبینم، وا دەزانم لە دارستان هەڵدێین)

یوسوف: (کاك"ڕاز"مەبەستت بە دارستان جەنگەڵستانی کۆمەڵگەیە؟)

ڕاز: (بەڵێ، چونکە بێر و خولیا و خەیاڵی ئێمە بەرەو ڕووگەیەکە و کۆمەڵگەش ڕوو بە ڕووگەیەکی تر پاڵمان پێوە دەنێت)

ڕاوێژ: (ئێمە ناتوانین ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بوەستینەوە)

یوسوف: (، بۆیە یان دەبێ ڕووگەی خۆمان وەك ئەوان لێ بکەین، یان کۆمەڵگە بەجێ بهێڵین)

شاروخ: (یان کۆمەڵگا بەو جۆرە لێ بکەین کە خۆمان دەمانەوێ)

جوتیار: (مەبەستت ئەوەیە ڕووگەی کۆمەڵگە بگۆڕین بۆ ڕووگەی خۆمان؟!)

شاروخ: (بەڵێ)

ڕاوێژ: (ئەوە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە و پێویستی بە تەمەنێکی درێژی هەزارانی وەك ئێمەیە)

ڕاز: (هەرچۆنێك بێت، دەبێ چاوەڕوان بین، بەڵام چاوەڕوانییەکی پڕ لە ئارامی... هەریەکەمان با سەرقاڵی خەون و خولیای خۆی بێت، دوو تووێ ی داهاتوو هەواڵی سەیرو مەزنی لە خۆ گرتووە)

ڕاوێژ به شۆخییەوە: (ئەم هەتیوە ئاوا بڕوات تێکمان دەدات)

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد، جگە لە"یوسوف"کە زۆر بە حوزنەوە سەیری دەم و چاوی"ڕاز"ی دەکرد...

ڕۆژی شەممە لە وانەی کوردی دا گفتوگۆیەکی گەرم لە مەڕ زمان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی کرا، لە سەرەتاوە لە مەڕ یەکەم زمان لە سەر زەویدا ڕاوبۆچوونی جیاواز ئاڵوگۆڕ کرا، یەکێك پێ ی وابوو مرۆڤ لە دەنگە جۆرا و جۆرەکانەوە فێری زمان بووە، هەشبوو پێ ی وابوو زمان هەزاران ساڵ بە سەریدا تێپەڕیوە ئەوجا بووە بە زمان، چونکە وردە وردە مرۆڤ ناوی لە شتەکان ناوە و ناوەکەی بە زمان گۆ کردووە، لە ناو ئەوانەشدا کەسانێك هەبوو پێی وابوو خودا بۆ خۆی مرۆڤی فێری زمان کردووە، مامۆستای وانەی کوردی هەموو ئەو بۆچوونانەی بە کراوەیی بەجێ هێڵاو وتی: (تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە مرۆڤ چۆن فێری زمان بووە، چاکتر وایە لە گۆشەیەکی ترەوە لە زمان قسە بکەین ئەویش: هۆکارەکانی گەشەسەندنی زمانە، بۆچی زمانێك گەشە دەکا و زمانێکی تر دەپووکێتەوە؟

قوتابیان لە مەڕ ئەم پرسیارەش بۆ چەند گروپێك دابەش بوون، هەندێك هۆکاری گەشەسەندنی زمانی بە گەشەسەندنی فەرهەنگ و کولتوورەوە دەبەستەوە، هەشبوو دەسەلآتی سیاسی و بوونی دەوڵەتی بە هۆکارێك دادەنا و لە ناو ئەوانەشدا هەبوو گەشەسەندنی زانستی و تەکنۆلۆژی بەهۆکاری گەشەی زمان لێك دەدایەوە...

مامۆستا هەموو ئەوانەی بە ڕاست و دروست لە قەڵەم دا و پێ ی وابوو ڕێژە و ژمارەی قسەکەرانی هەر زمانێك کاریگەری خۆی هەیە لە سەر پێشکەوتن و دواکەوتنی زمان، چونکە کەم قسە پێ کردنی زمانێك سەر دەکێشێ بۆ پووکانەوە و ئاوابوون و تیا چوونی ئەو زمانە...

"ڕاز"ئاڕاستەی باسەکەی بە پرسیارێك گۆڕی: (ئایا ئێمەی مرۆڤ تەنها زمان- مەبەستم ئەم پارچە گۆشتەی ناو دەممانە- شك دەبەین بۆ یەکتر تێ گەیاندن، یاخود بە چەندین ڕێگەی تر دەتوانین یەکتر حاڵی بکەین؟)

مامۆستا: (بە دڵنیاییەوە جگە لە قسەکردن چەندین زمانی تر بۆ ئاخافتن هەیە، نووسین زمانە، هێماکانی ترافیك لایت زمانە، سوور بوەستە، سەوز بڕۆ، ئیشارەتی دەست و دەم و چاو زمانێکی تایبەتە، کەڕوالاڵەکان زمانی ئاماژەی تایبەت بە خۆیان هەیە)

ڕاز: (ئایا دەکرێت بە بێ قسە و ئاماژە و جووڵە یەکتری حاڵی بکەین؟ ئایا لە پشت هەموو ئەو زمانانەوە کە بەڕێزت باسی لێوە دەکەیت زمانێکی تر بوونی هەیە؟)

مامۆستا: (پرسیارەکەت لە لام ڕۆشن نی یە)

ڕاز: (دەمەوێ بڵێم ئایا دەکرێ تۆ لە مااڵی خۆت و من لە مااڵی خۆمەوە بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە ئامێرێك بەکاربهێنین گفتوگۆ بکەین، بە بێ ئەوەی مەبەستەکانمان بگۆڕین بۆ دەنگ و وشە یەکتری حاڵی بکەین؟)

مامۆستا: (تاکو ئەمڕۆ داهێنانێکی زانستی وا نەکراوە و نەبیستراوە، لەوانەیە لە داهاتوودا بتوانرێ کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدرێ)

قوتابییەك: (وا دەزانم ئەو پرسیارەی"ڕاز"لە دەرەوەی زانستە و ئەقڵ و بیری مرۆڤ ناتوانێ وەاڵمی بداتەوە)

مامۆستا: (بۆ ناتوانێ؟ لەوانەیە چەندین توانا و هێزی شاراوە لە مرۆڤدا هەبێت و تاکو هەنووکە پەی پێ نەبرابێت)

باسەکە تا زەنگی پشوو درێژەی کێشا و هەتا قسەی لەسەر بکرابایە لق و پۆپی لێ دەبوویەوە، مامۆستا لە خاڵێکدا وەستا و داوای لێبوردنی لە قوتابییەکان کرد...

عەسری ڕۆژی دوشەممە بوو"ڕاز"بە نیازی دواندنی"خاڵە مەولود"ڕووی لە باخچەکە کرد و داوای لە"خاڵە مەولود"کرد ڕێگەی پێ بدا چەند پرسیارێکی لێ بکات، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی و فەرمووی لە لێکرد...

سەرەتا پرسیارەکەی بەم جۆرە دەست پێ کرد: ("خاڵە مەولود"بەڕێزت پێشتر فەرموت: باوکم دەستی گرتم و چوومە سەر سکەی دروستی ژیان و لە زۆر هەڵە منی پاراست، وات نەفەرموو؟)

خاڵە مەولود: (بەڵێ وام وت)

ڕاز: (ئێستا پرسیارەکەی من ئەوەیە: چۆن چۆنی و بە چ شێوازێك تۆی هێنایە سەر ئەو سکە دروستە؟)

خاڵە مەولود: (باوکم بە خۆشەویستی مامەڵەی لەگەڵ ئێمە دەکرد، لەپاڵ ئەوەش دا نموونەیەکی کرداریی و زیندووی قسەکانی خۆی بوو، شتێکی بە من نەدەوت خۆی ئەنجامی نەدابایە، سەرباری هەموو ئەوانە باوکم قسە و داواکاری زۆر کەم بوو، ئەوەندەی بە ڕۆحی بالاّی کاری دەکردە ئێمە ئەوەندە قسە و بڕۆ و مەکەی نەبوو، ئەو شتەی لای باوکم بوو ئەوەندە شیرینی کرد بوو هەر کەسێك ماوەیەك لە گەڵی بژیابایە بۆی تامەزرۆ دەبوو)

ڕاز: ("خاڵە مەولود"هێشتا ئەوەی من عەودالّیم باست نەکردووە، ئەو مانا و شتە جوانانە چی بوون کە لە باوکتەوە فێری بووی؟)

خاڵە مەولود: (لە باوکمەوە فێری زۆر شت بووم:

١. فێر بووم ڕقم لە هیچ کەس و هیچ شتێك نەبێتەوە...

٢. فێربووم بە ڕۆحێکی گەش و پڕ لە هیواوە ژیان بەسەر بەرم...

٣. فێربووم ڕاستگۆ و ڕاست ڕەو بم...

٤. فێربووم بەزەییم بە هەژار و لاواز و لێ قەوماواندا بێتەوە...

٥. فێربووم هەڵپە نەکەم و بە ژیانێکی سادە ڕازی بم...

٦. فێربووم لە هیچ شت و هیچ کەسێك نەترسم...

٧. فێربووم چەند کاتژمێرێك بەر لە بەرەبەیان بە ئاگا بم و لێشاوی نوور و ئارامی هەڵ بمژم...

٨. فێربووم هەموو شەوێك سەر دەکەمە سەر سەرین بە تەواوی قسە و کردارەکانی خۆمدا بچمەوە و ئەگەر مافی کەسێکم پێشێل کرد بێت سبەینێ بچمە لای و مافەکەی بۆ بگێڕمەوە...

٩. فێربووم هیچ قسە و کردارێك ئەنجام نەدەم تاکو بە باشی بیر لە سەرئەنجامەکەی نەکەمەوە...

١٠. فێربووم هیچ کەسێك نەکەمە دۆست و برادەری خۆم تا هەڵی نەسەنگێنم...

"ڕاز"داوای کرد لە"خاڵە مەولود"گوێ ی بۆ بگرێ تاکو ئەو"دە"یاسا زێڕینەی بۆ بڵێتەوە و بزانێ بەو جۆرە لێی گەیشتووە کە"خاڵە مەولود"وتی...

"خاڵە مەولود"گوێ ی بۆ گرت و"ڕاز"یەك لە دوای یەك هەر"دە"یاساکەی بۆ دووبارە کردەوە و"خاڵە مەولود"ئافەرینی لە"ڕاز"کرد و داوای لێکرد تەنها قسە نەبێ و کاریان پێ بکات...

ڕۆژی هەینی بە مەبەستی بینینی پیرەمێردی ناو ئەشکەوتەکە"ڕاز"شاری بەجێ هێلاّ و ڕووی لە چیای پڕ لە نوور و ئارامی کرد، ئەو هەر کاتێك بەرەو ئەو چیایە بەڕێ دەکەوت ڕۆحی لە دەریایەکی ئاسودەیی هەڵ دەژەنرا، چیاکە شوێنێکی ئاسایی نەبوو، دەتوت موگناتیسێکی زەبەلاحە و مەعدەنی وجوودی"ڕاز"ڕادەکێشێ،"ڕاز"نەی دەزانی نهێنی ئەو کەمەندکێش بوونە لە چیاکەدایە یان لە ئەشکەوتەکەدا، یاخود لە هیچ کامێکیاندا نییە و نهێنی یەکە

پەیوەستە بە پیرەمێردەکەوە، ئەمجارەیان "ڕاز" زۆر بە پەرۆشەوە ڕووی لە ئەشکەوتەکە دەکرد، ئەو وای دەزانی ژیان دەریایەکە و ئەشکەوتەکە گەمێ ی ڕزگاریە و پیرەمێردەکەش زەریاوان...

"ڕاز" موسافیرێکی بیابان بوو ئاوی لێبڕا بوو، تەنها سەرچاوەیەك لێ ی پاراو ببێ کانیاوی ئەشکەوتەکە بوو...

گەیشتە بەردەم ئەشکەوتەکە و بیری لە ناو ئەشکەوتەکە دەکردەوە (بڵێ ی پیرەمێردەکە لەوێ بێ؟ دەبێ بە چی یەوە خەریك بێت؟ لەوانەیە ئاگادار بێ بە هاتنی من، ئەمجارەیان چی لە گەڵدا باس بکەم؟)

بە دەم بیرکردنەوەوە خۆی بە ئەشکەوتەکەدا کرد، ئەشکەوتەکە سارد و سڕ بوو، ئاگری تیادا نەکرابوویەوە، دەستی خستە ناو خۆڵەمێشی کۆ ئاگرەکە، هەستی بە هیچ جۆرە گەرمییەك نەکرد، لەوەوە بۆی دەرکەوت پیرەمێردەکە چەندین ڕۆژە ئەشکەوتەکەی بەجێ هێڵاوە، بە وردی ناو ئەشکەوتەکەی پشکنی، لە سەر بەردێکی ناو ئەشکەوتەکە دەفتەرێك دانرا بوو، بەردێك خرابوویە سەری، "ڕاز" دەستی بۆ برد و لاپەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە و لە سەری نوسرابوو: "بۆ دەستی هاوەڵی ئەشکەوتم، ڕاز"

دەفتەرەکەی بە سنگیدا گووشی و بە پەلە هاتە دەرەوە و بڕیاری دا بۆ بینینی پیرەمێردەکە ڕوو لە گوندەکەی لاپاڵی چیای ئەو سەر بکات، گوندەکە کاتژمێرێك ڕێگا بە پێیان لە ئەشکەوتەکەوە دوور بوو، بە گردێکدا سەرکەوت و گەیشتە سەر تەپۆڵکەکەی و بە دیوی خۆرئاوایدا گوندەکە بەدەرکەوت، بە لاپاڵی گردەکەدا دابەزی و لە دوورەوە و نزیك بە مزگەوتی گوندەکە خەڵکێکی زۆری کەوتە پێش چاو، ڕووی کردە خەڵکەکە و بینی هەموو چاو بە گریانن، پیاو و ژن و گەورە و بچووکی گوندەکە ڕاوەستاون و لە دەریای حوزن و فرمێسکدا نوقم بوون...

"ڕاز"له ناخەوە زەنگێکی بۆ لێ درا و دڵەڕاوکێ و نائارامی ڕووی تێ کرد، لەگەڵ گەیشتن بە یەکەم کەس پرسیاری لێکرد: (چی ڕوویداوە؟ کێ مردووە؟ ئەم خەڵکە بۆ دەگرین؟)

پیاوەکە بە چاوێکی پڕ لە حوزنەوە سەیرێکی ئەو مرۆڤە نامۆیەی کرد و وتی: (مەولانا...)

ڕاز: (مەولانا؟ چی بە سەر هاتووە؟!)

پیاوەکە: (مەولانا مرد)

ڕاز (ئەی ئەو کەسەی تر کێ یە لەگەڵ ئەودا مردووە؟)

پیاوەکە (دەڵێن برای ژنەکەی"مەولانا"بووە، ماوەیەک لەمەوبەر هاتە ئەم گوندە و هەواڵی"مەولانا"ی پرسی و ئێمەش شوێنەکەمان نیشان دا، لەو کاتەوە لە ئەشکەوتەکەدا لەگەڵ"مەولانا"دا پێکەوە دەژین، دیارە ئەویش مەرگ ڕاپێچی لای"مەولانا"ی کردووە..)

ڕاز: (بۆ"مەولانا"مرد؟ چۆن دەبێ بمرێ؟ بە چی مرد؟)

پیاوەکە: (تۆ کێیت؟ چۆن"مەولانا"دەناسی؟)

ڕاز: ("مەولانا"باوکی ڕۆحی من بوو)

لەگەڵ وتنی ئەو قسەیەدا بارانی فرمێسک لە چاوەکانی دابارێ و بەرەو تابووتەکەی"مەولانا"بەڕێکەوت، سەری نا بە تابووتەکەیەوە و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە وتی: (بۆ بەجێت هێڵام؟ من زۆر تەنهام، تۆ باوکم بوویت، من وام دەزانی ژیان زۆری بەدەمەوە ماوە، کۆچەکەت بۆ من ناوەخت بوو، لێم ببووردە درەنگ گەڕامەوە بۆ لات، لەوانەیە چاوەڕوانم بوو بیت)

خەڵکەکە لە نێو خۆیاندا دەیانپرسی: (ئەم لاوە کێ یە؟)

دیار بوو هیچ کام لەوانە"ڕاز"یان نەدەناسی، بەڵام لایان سەیر نەبوو کەسێکی نەناسراو بۆ"مەولانا"فرمێسک بڕێژێ، چونکە ئەوان مەزنی دەسەڵاتی

رۆحی "مەولانا" یان بۆ دەرکەوت بوو کە دەیان و سەدان مرۆڤ وەک پەروانە بە دەوری شەمعی پڕ لە نووری ئەودا دەسوڕانەوە...

دەم دەم قەرەبالّغیەکە زیادی دەکرد، چونکە لە هەموو گوندەکانەوە خەلّکی پۆل پۆل بە دەم بیستنی مەرگی "مەولانا" وە دەهاتن، هەر کەسێک بە جۆرێک خەم و پەژارەی خۆی ڕادەگەیاند...

"ڕاز" لە تابوتەکەی "مەولانا" کەمێک هاتە دواوە و پرسیاری لە پیاوێکی ڕیش سپی کرد: (کامانەن کەس و کاری "مەولانا"؟)

پیرەمێردەکە: (ئێمە هەموو کەس و کاری ئەوین)

ڕاز: (مەبەستم کوڕ و برا و خزمە نزیکەکانیەتی)

پیرەمێردەکە: (ئەو پیاوێکی غەریب بوو، خوشک و برا و کوڕ و کچی نەبوو)

ڕاز: (ئەدی لە کوێوە هات بوو؟)

پیرەمێردەکە: (نزیکەی "سی" سالّە هاتۆتە ئەم گوندە)

ڕاز: (نەیوت لە کوێوە هاتووە؟)

پیرەمێردەکە: (مەولانا کوڕی عاریفی مەزن "مەنسووری عەتتار" ە کە خاوەنی بنەماڵەیەکی گەورە و گرانن، دوای مردنی باوکی شار بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ "مەعسومە" خانی دایکی لەم گوندەدا نیشتەجێ بوون، مەولانا ناوی "موهتەدا" یە و لە شار خاوەنی موڵک و سەروەت و سامانێکی بێ وێنەیە، بەڵام ئەو بڕیاری دا ژیانی زوهد و دونیا نەویستی هەڵ ببژێرێ، ئەو بەر لە مەرگی داوای لە من کرد بەڵگە و تاپۆی موڵک و سەروەت و سامانەکەی لەگەڵ ئەو شتانەی لە بنەماڵەکەیەوە بۆیان بەجێ ماوە بگرمە لای خۆم و تەسلیمی دەستی کەسێکی بکەم کە کوڕەزایەتی و لە داهاتوودا سەر هەڵ دەدات)

ڕاز: (کەسێک هەیە کوڕەزاکەی بناسێت؟)

پیرەمێردەکە: (نەخێر، بەڵام دڵنیام سەر هەڵ دەدات، چونکە"مەولانا"لە خۆیەوە قسە ناکات)

"ڕاز"لەگەڵ خەڵکەکەدا جەنازەکەی"مەولانا"و"سمکۆ"یان هەڵگرت و بەرەو قەبرستانی"گردی یاران"بەڕێکەوتن، لەو جێگەیە"مەولانا" و"سمکۆ" ئەسپەردەی خاك کران و خەڵکی گوندەکان دەستە دەستە بەرەو شوێنی خۆیان گەڕانەوە،"ڕاز"یش دوای خواحافیزی لە گڵکۆی"مەولانا"بەرەو پێ دەشتەکە بەڕێ کەوت، بەر لە خۆرئاوابوون گەیشتە ماڵەوە...

سڵاوی لە داپیرە کرد و پێی وت: دەیەوێت ماوەیەك لە ژوورەکەی خۆیدا تەنها بێت، خۆی گەیاندە ژوورەکەی و لە دوای خۆیەوە دەرگاکەی داخست، لە سەر جێگەکەی دانیشت و دەفتەرەکەی دەرهێنا و لە سەرەتاوە هەندێك بۆنی کرد و چەند دڵۆپە فرمێسکێکی بە سەریدا دابارااند، دەفتەرەکە بۆنی"مەولانا"و ئەشکەوتەکەی لێ دەهات، لە بەرگەکەی زۆر ورد بوویەوە، ڕەنگێکی شینی تۆخ: (بڵێ ی لە هەڵبژاردنی ئەم ڕەنگەدا مەبەستێکی بوو بێ؟)

دەفتەرەکەی کردەوە و لاپەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە و بەم جۆرە نامەکەی دەست پێ کرد بوو:

: (کوڕی شیرینم،"ڕاز"هیوام ئاسودەیی و بەختەوەریتە...

چاوەڕوانت بووم، بەڵام دیار بوو لەو ماوەیەدا تۆ سەرقاڵ بوویت...

ئازیزەکەم بەشێکی داستانەکە مابوو، دەبوا تەواوم بکردبایە، لەم نامەیەدا دواین بەشت بۆ باس دەکەم: وتمان"ئاهو"ی مەزن"ئادۆ و ئاوا"ی هاوسەری و"ئەهرا"ی نەفرەت لێ کراوی ڕەوانەی هەرێمی یەك و ناوچەی"ئەرسا"کرد،"ئادۆ و ئاوا"هاتنە ناو ژیانێکی نوێوە، ئەوان مانگی هەنگوینیان لە باخ و دارستانە چڕو پڕەکەی هەرێمی"حەوت"دا بەسەر برد و ئێستا لە مانگی هەنگوینی گەڕانەتەوە و دەیانەوێ ململانێ لەگەڵ ژیاندا بکەن، بۆ ڕەواندنەوەی غوربەتی تەنهایی

خۆشترین شتێك بۆ"ئادۆ و ئاوا"له دایك بوونی منداڵ بوو،"ئاوا"دوو دوو منـداڵی دەبوو، هەر دوانەیەك كوڕ و كچێك بوو، پاشان لەگەڵ دوانەیەكی تردا خێزانیان لێ پێك دەهێنان و كوڕ و كچەكان ئاڵ و گۆڕ دەكران، بەو جۆرە هەرێمی"ئەرسا"بە نەوەی"ئادۆ"ئاوەدان كرایەوە،"ئاهو"ی مەزن پەیامـەكانی خـۆی بـە"جـابۆ"دا بۆ"ئادۆ"ڕەوانە دەكرد، منداڵەكانی"ئادۆ"ناكۆكی و ململانێ كەوتە نێوانیانەوە، هەندێكیان بە دەستی هەندێكی تریان خوێنیان ڕژا،"ئاهو"ی مەزن ئاگاداری شەڕ و خوێن ڕێژییەكان بوو،"ئـاهو"ی مـەزن دوای مردنـی"ئـادۆ و ئـاوا"بـەزەیی بـە نەوەكانیاندا هاتەوە و لە ناو ئەوانەدا كەسانێكی دیـاری دەكـرد و"جـابۆ"ی بـۆ لایان ڕەوانە دەكرد،"ئاهو"ی مەزن لە پەیامەكانیدا داوای بوو نەوەكانی"ئادۆ و ئاوا"ژیان لە خۆیان تێك نەدەن و زەوی بە خوێن سوور نەكەن، بەڵام ئـەوان لـە شەڕەنگێزی خۆیان دەستیان نەكێشایەوە،"ئاهو"ی مەزنیش لـە نـاردنی پـەیام بە"جابۆ"دا بەردەوام بوو، ئەو لـە پیلانـەكانی"ئـەهرا"و پێڕ و دەسـتەكەی بـە بەردەوامی"ئادۆ"و وەچەكانی ئاگادار دەكـردەوە، پـێ ی دەوتـن:"ئـەهرا"بـوو ئێـوەی لـە هـەرێمی"حـەوت"بـە دەركـردن دا، بـە گـوێ ی"ئـاهو"ی مـەزن و پەیامەكانی بكەن و لە فێڵ و پیلانەكانی"ئەهرا"خۆتان بپارێزن...

نەوەكانی"ئادۆ"بە ناوچەی"ئەرسا"دا بلاو بوونەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شوێنە نادیارەكانی"ئەرسا"یان دەدۆزییەوە، پەییان بە نهێنی یەكانی دەبرد، ژمارەیان زیادی دەكرد، بەرانبەر بەوەش"ئاهو"ی مەزن پـەیامنێرەكانی بـۆ لایـان زۆرتـر دەكرد...

نەوەكانی"ئادۆ"هەندێ جار لە ڕادەبەدەر سنووریان دەبەزاند و گاڵتەیان بـە دەسەلاتی"ئاهو"ی مەزن دەكرد، ئەویش بۆ دەرخستن و سەپاندنی دەسـەلاتی خۆی بەسەر ڕۆڵـەكانی"ئـادۆ"دا لێیـان دەهاتـە دەسـت و بـا و بـاران و هـەورە تریشـقە و بوومەلـەرزەی بـە گـەڕ دەخسـت و سـەدان و هـەزارانی لێ بـەرباد دەكردن...

زنجیرەیەکی دوور و درێژ لە نەوەکانی"ئادۆ"سەری هەڵدا، بە هەناوی زەمەن دا هـەزاران سـاڵیان بـڕی و بـە فراوانـی زەوی"ئەرسـا"پـەلیان هاوێشـت و بـلاو بوونەوە...

دوای هـەزاران سـاڵ سـەرکردەیەك بـەناوی"مـەروان"- کـە سـوپا سـالاری میرێکی مەزن بوو - پەیدا دەبێت، بنەماڵەیەك لە دوای ئەو و لە وەچەکانی ئـەو سەر هەڵ دەدا، لەو بنەماڵەیە پیاوێکی مەزن بـە نـاوی"مەنسـووری عـەتتار"لـە شارێکی گەورەدا پەیدا بوو، ئەو پیاوە بە چوار پشت دەچوەوە سەر"مەروان"ی باپیرە گەورەی...

"مەنسوور"بە زانایی و عیرفان بە ناوبانگ بوو، خاوەنی تەنها کوڕێك بوو بـە ناوی"موهتەدا"، ئەو زۆر حەزی دەکرد گەورەیی بنەماڵەکەی و ڕەگ و ڕیشـەی خۆی بە"موهتەدا"بناسێنێت، بۆیە لە هەوڵی شەو و ڕۆژیدا مێژووی ئەو بنەماڵـە مەزنەی بۆ"موهتەدا"ی تاقە کوڕی دەگێڕایەوە..

ئافرەتێـك بـەناوی"مەریـەم"بـوو بـە هاوسـەری"موهتـەدا"، یـەکێریان زۆر خۆشدەویست، خودا کوڕێکی پێ بەخشین و بە ناوی باپیرە گەورەیانەوە ناویان نـا"مـەروان"، دواتـر"موهتـەدا"بـە جیلـوەکردنی نـووری خـودا کـە لـە چـاوی کیژۆڵەیەکەوە- بـە نـاوی میهـری- هـەڵ دەقـوڵاێ ئـەقڵی لـە دەسـت دا و وەکـو شێتێك کەوتە ناو کوچە و سەر شـەقامەکان،"میهـری"ش هـەروەك "موهتـەدا" هاوسەنگی بیر و دەروونی نەما و پـاش"پێـنج"سـاڵ مانـەوە لـە خەسـتەخانەی نەخۆشە دەروونییەکاندا کۆچی دوایی کرد..

"حەوت"ساڵ شێتێتی"موهتەدا"ی لە زانایەکەوە گۆڕی بۆ کەسێك منـدالآنی شـار یارییـان پـێ دەکـرد و بـەردیان لـێ دەدا، لـەو سـاڵانەدا"مەنسـووری عەتتار"کۆچـی دوایـی کـرد و"مەریـەم"یـش بـە منداڵەکەیـەوە بـۆ مـاڵی بـاوکی گەڕایـەوە، پـاش"حـەوت"سـاڵ لـە شـێتێتی هاوسـەنگی بـۆ ئـەقڵی"موهتـەدا" گەڕایەوە و بوویەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام مرۆڤێك کـە هـەموو شـتێکی لـە

دەست دا بوو: باوك، ژن، منداڵ، مامۆستایی، ناوبانگ، تەنانەت"میهری" خوێندکاریش، هتد...

لە بیرت نەچێت تاکو ئەم جێگە و لێرە بە دواوەش من داستانەکەی"ئاهو"ی مەزنت بۆ دەگێڕمەوە...

"موهتەدا"شاری بەجێهێڵا و لەگەڵ دایکی ڕووی لە لادێیەك کرد و پاش"دە"ساڵ ژیان لەو لادێ یەدا"مەعسومە"ی دایکی کۆچی دوایی کرد،"موهتەدا"لە دوای مردنی دایکی کەمتر بۆ ئاوەدانی دەگەڕایەوە و ژیانی تەنهایی ناو ئەشکەوتی لا پەسەند بوو...

"مەریەم"ی ژنی"موهتەدا"لە سەردەمی شێتێتی"موهتەدا"دا مێردی کردەوە، بەڵام – وەك ئافرەتێکی مەرد–"مەروان"ی تاقە کوڕی بە باشترین شێوە پەروەردە کرد، مااڵی بۆ پێکەوە نا و لە تەمەنی"هەژدە"ساڵی دا ژنی بۆ هێنا، خودا وای کرد"مەریەم"لە هاوسەری دووەمی منداڵی نەبێت، بە چەند مانگێك دوای ژن هێنانی"مەروان"ی تازە لاو"مەریەم"کۆچی دوایی کرد، پێشتریش"نازداری دایکی و عەبدوڵای باوکی"بە خەمی"مەریەم و موهتەدا"وە کۆچیان دوایی کرد بوو...

هاوسەرەکەی"مەروان"ناوی"ژیان"بوو، دوای ساڵێك لە هاوسەرگیری ژنەکەی دووگیان بوو، هێشتا منداڵەکەی دا نەنا بوو"مەروان"ی هاوسەری بە بۆمبی فڕۆکە گیانی لە دەست دا، ژنێکی سك پڕی بەجێهێڵا، دوای"شەش"مانگ لە مردنی مێردەکەی کاتی منداڵ بوونی ئافرەتەکە هاتە پێشەوە، لەبەر ترسناکی حاڵەتی منداڵ بوونەکەی فڕێنرایە خەستەخانەی پارێزگا، لە شەوێکی ساردی زستاندا لەگەڵ"سێ"ئافرەتی تردا و لە یەك کاتدا منداڵەکانیان لێ بوویەوە، منداڵەکەی"ژیان"کوڕ بوو، سستەر و پزیشکەکان منداڵەکەی"ژیان"یان لێ گۆڕا و دایان بە ئافرەتێکی تر بە ناوی"تابان"...

"ژیان"لەگەڵ منداڵی ئافرەتێکی تردا گەڕایەوە و منداڵەکەی ئەویش لە باوەشی"تابان"نرا و هەردوو- زۆر بە خۆش حاڵییەوە- بۆ ناو خانەوادەی خۆیان گەڕانەوە،"تابان"منداڵەکەی ناو نا"ڕازۆ"...

پاش"هەشت"ساڵ لە منداڵبوونەکەی"تابان"ی بەناو دایکی"ڕازۆ"کۆچی دوایی کرد و"ڕازۆ"ی بەجێهێڵا...

خەسووی"تابان"، واتە"فاتمە"خان ئافرەتێکی میهرەبان بوو، وەک کوڕەزای خۆی باوەشی میهری بۆ"ڕازۆ"کردەوە و پەروەردەی کرد، ئەو نەیدەزانی داپیرەی ڕاستەقینەی"ڕازۆ"نی یە و"ڕازۆ"ی بەناو کوڕەزا منداڵی کەسێکی ترە...

لە بیرت بێت تاکو ئێستا لەسەر گێڕانەوەی داستانەکەی"ئاهو"ی مەزن بەردەوامم...

"ڕازۆ"گەورە بوو، ناردیانە بەرخوێندن و قوتابییەکی زیرەک بوو، ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆ سەیران ڕوویان لە چیایەک کرد،"ڕازۆ"هاوڕێکانی بەجێهێڵا و لێیان دوور کەوتەوە،، پاشان لە سەر چیاکە دابەزی و ڕووی لە ئەشکەوتێک کرد، لە ئەشکەوتەکەدا ڕێ ی کەوت لە پیرەمێردێک بە ناوی"مەولانا"تۆ بڵێ"موهتەدا"...

ناردنی پەیام لە لایەن"ئاهو"ی مەزنەوە بۆ نەوەکانی"ئادۆ"بەردەوامە و ئەو زنجیرە ڕۆحی یە کۆتایی پێ نەهاتووە، دوای هەزاران ساڵ پیاوێک بە ناوی"پیر خدر"تۆ بڵێ"پیری مەزن"ئەرکی پەیامی دەکەوێتە سەر شان و لە دوای خۆی سێ کەس جێگەی دەگرنەوە:

یەکێکیان دەبێتە سەرچاوەی عیرفان بۆ باخەوانێک بە ناوی"خاڵە مەولود"، دووەمیان بە ڕۆحی مەزنی خۆی لە شارۆچکەیەکدا ئافرەتێکی میهرەبان پەروەردە دەکات و دەیکات بە داپیرەی"ڕازۆ"بەڵام لەراستیدا ئەو

داپـیرەی"ڕانۆ"نـەبوو، سـێ یـەمیان بـاپیری"ڕانۆ"ناوێـك پـەروەردە دەکـات، کەوابوو پیری مەزن سێ کەسی لە دوای خـۆی بـەجێهێلاّ، سـێ کەسـەکە بـریتی بوون لە: باوکی"خالّە مەولود"و باوکی"موهتەدا"و ئافرەتێك بـە نـاوی"حەبیبـە خان"، ئەم سێ کەسەکەش هەریەکەیان کەسێکی پەروەردە کرد کە بریتی بوون لە"خالّە مەولود و موهتەدا و فاتمە خاتوون"، ئەو سـێ کەسـە پـەروەردەکراوە دەبوا یەك کەس سەرۆکاری بکەن و پێی بگەیەنن کە"ڕانۆ"بوو...

"ڕانۆ"بـۆ پـەیامێك ئامـادە دەکـرا، دەبوایـە سـێ سەرچـاوەکەی تـر لـە سەرچاوەی ئەودا یەکانگیر ببوونایە، واتە هەر سێ سەرچـاوەکە لـە یـەك کـەس دا- کە"ڕانۆ"ی لاو بوو - تێکەڵ ببوونایە...

"ئـاهو"ی مـەزن بـە جۆگەلـەی باخـەوانێك دا بـە نـاوی"مـەولود" سەرچـاوەی یەکـەمی گەیانـدە"ڕانۆ"، بـۆ سەرچـاوەی دووەم"ڕانۆ"بـە زۆر کرایـە کـوڕەزای ئافرەتـە مەزنەکـە و بـە ڕۆحێکـی لێـوان لێـو بـە میهرەبـانی - وەکـو کـوڕەزای خـۆی -"ڕانۆ"ی پـەروەردەی کـرد، بـۆ سێیەم سەرچـاوەش "ڕانۆ"درایـە بـەرو سـەری لـە ئەشـکەوتێکەوە دەرچـوو، پیرەمێردێـك لـە ئەشـکەوتەکەدا بـوو، فـەرمان بـەو پیرەمێـردە کـرا بـوو تـاکو عیرفـان و نهێنـی یەکانی بە"ڕانۆ"بگەیەنێت...

ئەو پیرەمێردە لە چەند ئەڵقەیەکدا داستانێك بۆ"ڕانۆ"دەگێڕێتـەوە کـە ئـەم بەشە دواین ئەڵقەیەتی...

"ڕانۆ"دوو جـار سـەردانی پیرەمێردەکـەی کـرد و ئـەویش دوو بەشـی داستانەکەی بۆ گێڕایەوە و لە گێڕانەوەی بەشی سێ یەم و کۆتایی دا مـەرگ لـە پیرەمێردەکە نزیك بوویەوە و هەر ئەوەندە فریا کەوت بە نووسین بەشی کۆتایی بۆ بگێڕێتەوە و دوا لاپەڕەکانی دەفتەرەکەش تەرخان بکات بۆ نهێنی عیرفان کە دەبوا وەك ڕاسپاردەیەك بە"ڕانۆ"ی بگەیەنێت...

به مردنی پیرەمێردی ناو ئەشکەوتەکە زویر مەبە، چونکە"ئاهو"ی مەزن لە داستانەکەیدا هەر ئەوەندە ڕۆڵی پێ بەخشی بوو، من لە ژیاندا چیژم لە مەرگ بینیوە، ڕۆحم ڕۆحی ئەو شاعیرە بوو کە دەیوت:

مردن لە بوونی شەوی گوند دا قسە لە سبەی دەکات،

مردن لەگەڵ هێشوە تریێ دا دێتە ناو دەم،

مردن لە قوڕگی"سوورگەروو"دا دەخوێنێت،

مردنُ بەرپرسی جوانیی پەڕی"شاپاڵە"،

مردن زۆرجار ڕێحانە دەچنێ،

زۆرجار لە سێبەر ڕۆنیشتووە، لێمان دەڕوانێ...

تۆش چەند ڕۆڵێکت لەو داستانە مەزنەدا پێ دەبەخشرێ و چەند لاپەڕەیەکت پێ ڕەش دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی خۆت و ڕۆڵی خۆتت لێ نەبێت بە خەیاڵی ڕۆمانووسێك لەو نهێنیانە بگە لە کۆتایی دەفتەرەکەدا ئامادەم پێ کردوون...

ئەم چیرۆکە کورتەش بە ناوی"**خەونی مێروولەیەك**"دەکەمە دیاریت، هیوادارم لە مانا و مەبەستە شاراوەکانی بگەیت:

"شا مێروولەیەك لە پەنای چیایەکی مەزندا کۆمەڵێك گەرای کرد بە ژێر خاکەوە و پاش ماوەیەك شا مێروولەکە ڕووبەڕووی مەرگ بوویەوە و کۆتایی بە ژیانی هات، زۆری نەبرد گەراکان تڕووکان و لە پەنای چیا مەزنەکەدا چاویان بە دونیا هەڵهێنا...

یەکێك لە گەراکان گەرای شاهانە بوو، گەورە و بەهێز بوو، خۆی کرد بە شای مێروولەکان و شاریان دروست کرد، ئەوان چیاکەیان بە پشت و پەنای خۆیان دەزانی، مەزنی ئەو چیایە سەرسامی کرد بوون، شەو و ڕۆژ باسی چیاکە ویردی سەر زمانیان بوو، لە بەردەم شکۆمەندییەکەیدا بە چۆکدا دەهاتن و کڕنووشیان دەبرد...

مێرووله‌کان ده‌ستیان به زۆر بوون و نه‌وه خستنه‌وه کرد، نه‌وه‌یه‌کی مێروولە له دایك بوو پاش چه‌ند رۆژێك له بینین چاوه‌کانیان ده‌پووکایه‌وه و نابینا ده‌بوون، مێرووله‌کان چاوه‌کانی خۆیان له ده‌ست ده‌دا و بۆ هه‌تا هه‌تایه چیا مه‌زنه‌که‌یان له‌به‌رچاوان ون ده‌بوو، ئه‌وان چاویان نه‌بوو تاکو چیاکه‌ی پێ ببینن، بۆیه کوێرییه‌که‌یان سه‌ری کێشا بۆ حاشا کردن له بوونی چیا مه‌زنه‌که، هه‌رچه‌ند مێرووله چاوساغه‌کانی تر هه‌ولّیان ده‌دا بینینه‌کانی پێشوویان به بیر بهێننه‌وه و پێیان ده‌وتن: ئێوه سه‌رده‌مانێك که‌سانێکی بینا بوون و له پەنای چیا مه‌زنه‌که‌دا ده‌حه‌وانه‌وه، به‌لاّم به بیرهێنانه‌وه‌کان سوودێکی نه‌بوو...

مێرووله‌کان له ده‌ربڕینی هه‌ستی خۆیان به‌رانبه‌ر به چیاکه جیاوازی که‌وته نێوانیانه‌وه، یه‌کێکیان ده‌یووت: پێویسته پەیکه‌رێك له شێوه‌ی چیا مه‌زنه‌که‌دا دروست بکه‌ین و کڕنووشی بۆ ببه‌ین، یه‌کێك ده‌یووت : هه‌ر ئه‌وه‌نده به‌سه که دان به بوونی چیا مه‌زنه‌که‌دا ده‌نێین و شکۆمه‌ندی ده‌ده‌ینه پاڵی، دانه‌یه‌کی تریان ده‌یوت: ئێمه و چیا مه‌زنه‌که هیچ پەیوه‌ندییه‌ك له نێوانماندا نی یه و ئه‌وه ئێمه‌ین خه‌یاڵ ده‌که‌ین و ئه‌ندێشه‌ی جۆراوجۆر له‌مەڕ چیا مه‌زنه‌که ده‌خولقێنین و ده‌یده‌ینه پاڵی، به‌لاّم چیا مه‌زنه‌که گه‌وره‌تره له هه‌موو ئه‌و ئه‌ندێشانه‌ی ئێمه خولقاندوومانه و داومانه‌ته پاڵ ئه‌و، مێرووله‌یه‌کی تر خه‌ونی بینی و تیایدا چیا مه‌زنه‌که کۆمه‌ڵێك ڕاستی له‌مەڕ خۆی و مێرووله‌کان درکاند بوو، داوای له مێرووله‌کانی تر کرد: وه‌رن با له‌م خه‌ونه‌وه چیاکه بناسین و خۆشه‌ویستی خۆمانی بۆ ده‌ربڕین، هه‌ندێك ملکه‌چی داواکه‌ی بوون و هه‌ندێکی تریان پشتیان تێکرد، ژماره‌ی ئه‌و مێرووله‌نه‌ی خه‌ونیان ده‌بینی زۆر بوو، هه‌ریه‌که‌یان پەرده‌ی له‌سه‌ر نهێنییه‌کی چیا مه‌زنه‌که لا ده‌دا، فره‌یی تێڕوانییان بۆ چیا مه‌زنه‌که جیاوازی له شاره مێرووله‌که‌دا دروست کرد، هه‌ر مێرووله‌یه‌کی خه‌ون بین ده‌سته‌یه‌ك شوێنکه‌وته‌ی بۆ پەیدا بوو، مێرووله خه‌ون بینه‌کان کاره‌کانیان به ته‌واوکه‌ری کاری یه‌کتری ده‌زانی و له‌گه‌ڵ یه‌کتر له ئه‌وپەڕی خۆشه‌ویستی و

تەباییدا بوون، بەلأم شوێنکەوتەکانیان خەونی مێرووڵەکانیان بە پێچەوانە و سڕینەرەوەی یەکتر لێك دەدایەوە، ناکۆکی نێوانیان سەری کێشا بۆ یەکتر تیا بردن و ڕژانی خوێنی یەکتری...

کەسانێکی زۆر کەم هەبوون کۆی ئەو ناکۆکیانەیان بە ناکۆکی ڕووالەتی لێك دەدایەوە و پێیان وابوو ململانێکان دەستەیەك مێرووڵەی هەلپەرست و بەرژەوەندی پەرست خولقاندوویانە، ئەگینا گەر مێرووڵە خەون بینەکان جیاوازی لە نێوانیاندا نەبێت و خۆیان بە تەواوکاری کاری یەکتری بزانن ئیتر ئەم گشتە ململانێ و خوێنڕێژییە چ مانایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟!

مێرووڵەیەك لەو گشتە قسە و باسەی نێوان مێرووڵەکان کە لەمەڕ چیا مەزنەکە دەیان کرد بێزار بوو، بڕیاری دا شار بەجێبهێڵێت و بە چیا مەزنەکەدا سەر بکەوێت، ئەو باکێکی بە سەختی ڕێگەکە و دژواری سەرکەوتنەکە نەبوو، بەردەوام بوو لە سەرکەوتن: بە پێی قۆناغە جیا جیا کانی سەرکەوتن بە چیاکەدا وێنا و تێگەیشتنی بۆ چیایەکە دەگۆڕا، لە سەرەتای سەرکەوتنەوە وێنایەك و لە ناوەڕاستی چیاکەدا وێنایەك و لەسەر لووتکەی چیاکەش وێنایەکی تر، کە گەیشتە لووتکە چەند ڕاستییەکی بۆ دەرکەوت، یەکەم: ئەوەی ئەوان بە چیا مەزنەکەیان دەبینی تەنها بەشێکی کەمی بوو، چونکە چیاکە تا چاو هانا بکات درێژ بووبوویەوە و سنوورەکانی دیار نەبوو، دووەم: ئەو سەرکەوتنە کە ئەم سەردێکە پێیەوە خەریکە سەرکەوتن بووە بە ئەندێشە و خەیاڵ، لەڕاستیدا ئەو بە جەستە شارە مێرووڵەکەی بەجێنەهێڵاوە و تەنها خەیاڵی سەرکەوتنی کردووە، سێ یەم: چیا مەزنەکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەوێتە گفتوگۆ کە دەگەنە تڕۆپك و بە لووتکەکەی شاد دەبن، چوارەم: ئەو گفتوگۆ و قسەکردنەش لە ناخی مێرووڵەکە خۆیدایە و پەیوەست نی یە بە هەستەکانی دەرەوە لە بیستن و بینین...

مێرووله‌که له دوای گه‌رانه‌وه‌ی له گه‌شته پۆحییه‌که‌ی هه‌ندێك له‌و نهێنیانه‌ی درکاند، باس کردنی ئه‌و نهێنیانه شاره‌مێرووله‌ی لێخڕ کرده‌وه و دوای لێدانی مۆری بێ باوه‌ڕی پارچه پارچه‌یان کرد...

مێرووله‌یه‌ك که‌وته بیرکردنه‌وه له‌م گشته قه‌یرانه‌ی به‌رۆکی یه‌ك به یه‌کی شاره مێرووله‌که‌ی گرت بوو، بڕیاری دا سه‌ری خۆی هه‌ڵبگرێ و شاره‌که به‌جێبهێڵێت، ئه‌و ده‌یزانی دوورکه‌وتنه‌وه له شاره مێرووله‌که کارێکی ئاسان نی یه، ئه‌و گه‌ره‌که برسی بێت، گه‌ره‌که هه‌ناوی تینوێتی هه‌ڵی بقرچێنێت، ئه‌و ده‌بێ له ته‌نهایی نه‌ترسێت، به‌ڵکو بگاته چێژ وه‌رگرتن له ته‌نهایی، بیری کرده‌وه له دوای ده‌رچوون له شاره مێرووله‌که له چییه‌وه ده‌ست پێ بکات؟ دوای سه‌رده‌مێك ڕۆچوون له‌ناو بیرکردنه‌وه‌دا گه‌یشته ئه‌و ئه‌نجامه‌ی که ده‌بێت له هه‌موو ئه‌و شتانه ڕابمێنێ که له چیا مه‌زنه‌که‌وه سه‌رچاوه وه‌رده‌گرن، سه‌ره‌تا له‌و کانیاوه ڕاما که له لاپاڵی چیا مه‌زنه‌که‌وه بۆ پێده‌شته‌که شۆڕ ده‌بوویه‌وه، که‌وته شوێن پێی ئاوی کانیاوه‌که، به‌شێکی به لاپاڵ و ده‌شته‌که بلاّو بوو بوویه‌وه و لێوی وشکی گڕ و گیا ی ته‌ڕ ده‌کرده‌وه و هه‌ناوی تینوی گوڵه‌کانی پاراو ده‌کرد، گوڵێك سه‌رنجی ڕاکێشا، لێی نزیك بوویه‌وه، ئولفه‌تی پێوه گرت، ئولفه‌ت گۆڕا بۆ خۆشه‌ویستی، خۆشه‌ویستی زیادی کرد و به‌سه‌ر دڵی مێرووله‌دا زاڵ بوو، پاش ماوه‌یه‌ك خۆشه‌ویستی گۆڕا بۆ عیشق، عیشق زیادی کرد و ناوه‌وه‌ی مێرووله‌که‌ی به خۆی لێوان لێو کرد، مێرووله بوونی خۆی لێگۆڕا به بوونی گوڵ، ئه‌و نه‌یده‌زانی مێرووله بووه، وایده‌زانی گوڵبوون له ناخیدا هه‌رهه‌رییه و به گوڵی له دایکبووه و وه‌کو گوڵیش سه‌رده‌نێته‌وه، مێرووله‌که سه‌رده‌مێك وه‌کو گوڵ ژیا، به‌یانییه‌ك له خه‌و هه‌ستا و بینی مێرووله‌یه، له‌وه گه‌یشتن ئه‌و گوڵ نه‌بووه و خه‌یاڵی به گوڵ لێوان لێو بووه و خۆی به گوڵ لێگۆڕاوه، له گه‌ڕان ماندوو بوو، له‌و ڕاستییه گه‌یشت به هه‌ولّی خۆی ناتوانێت له چیا مه‌زنه‌که تێبگات، ڕێگه‌چاره‌ی له‌به‌رده‌مدا نه‌ما، دوای

تەمەنێك گەڕان ڕوو بە دەرگایەکی کۆتوم هەڵشاخا، خەمی بێ ئەنجامی هەوڵەکانی داگیری کرد، لە خواردن و خواردنەوە دابڕا، لە ژێر دار گوڵەکەدا کونێکی دروست کرد و لە ناویدا ڕاکشا، هانای بردە لای چیا مەزنەکە و داوای لێکرد بە هانەیەوە بێت و چارەیەك بۆ دەردەکەی ببینێتەوە، ئەو بە تەواوی تەسلیم بوونی خۆی بۆ چیا مەزنەکە ڕاگەیاند، حەز و ویست و پەلکوتینی واز لێ هێنا، خۆی دایە دەستی ویست و بڕیاری چیا مەزنەکە، شەوێك چیاکە هاتە خەونی و پێی وت: دەتەوێت خۆمت پێ بناسێنم؟

مێرۆولەکە زۆر بە تامەزرۆییەوە وتی: بەڵێ..

چیاکە پێی وت: سبەینێ لە گوڵەکە ڕابمێنە، من لەناو ئەو گوڵەدا خۆم تەجەلا دەکەم و تۆش بمبینە..

بەیانی تاریك و لێڵە هەستا بۆ تێڕامان لە گوڵەکە، ئەو بۆ تەنها ساتێکیش نەیدەویست لە گوڵەکە دوور بکەوێتەوە، یاخود لێی بێ ئاگا ببێت، هەتا نیوەڕۆ هیچ گۆڕانێك بەسەر گوڵەکەدا نەهات، دوای نیوەڕۆ خەریك بوو ماندوو دەبوو، جار جارێکیش بیری لە خەونەکەی دەکردەوە و لە خۆی دەپرسی: بڵێی خەونەکەم ڕاست بێت و ئەمڕۆ بێتە دی؟! لە دوای عەسر و بەر لە خۆر ئاوابوون ڕووی گوڵە سوورەکە زەرد هەڵگەڕا و وردە وردە بوونی گوڵەکە گۆڕا بۆ پارچە نوورێك، پارچە نوورێك کە مانای چیا مەزنەکەی دەگەیاند، مێروولەکە کە ئەو نوورەی بینی و لە حەقیقەتی چیا مەزنەکە گەیشت هۆش و ژیری لە دەست دا و بوو بە یەکێك لە شێتەکانی سارای بەردەم چیا مەزنەکە، پاش ماوەیەك هۆشی بەرهاتەوە و ژیری بۆ گەڕایەوە، هەموو ئەوەی لە تەجەلیاتی چیا مەزنەکەوە بەدەستی هێنا بوو لە دڵ و بیریدا تۆمار کرا بوو، بیری کردەوە ئەو پێویستە بۆ ناو شارە مێروولەکە بگەڕێتەوە، گەڕانەوەی ئەو شادییەکی گەورەی بە شاری مێروولەکان بەخشی، چونکە ئەو ڕاستییەیان بۆ ساغ بوویەوە کە مێروولە لە دەرەوەی شار ناتوانێت بژیت، ئەگەر ماوەیەکیش کەنارگیری بکات ئەوا دواجار

دەبێت خۆی بە شاری مێرووڵان تەسلیم بکاتەوە، بیری کردەوە چۆن ئەو ڕاستییانە بە مێرووڵەکان بگەیەنێت، وتنی ئەو ڕاستییانە بوێرییەکی گەورەی دەوێت، ئەو پێویستە لە پاڵ بوێریدا زمانێك بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستییانە بدۆزێتەوە، دەربڕینی ئەوەی دەرکی کرد بوو بە زمانێکی سادە زۆر گران بوو، بۆیە هاتە سەر ئەوەی ڕاستییەکان بە زمانی ئاماژە و نموونە بۆ هێنانەوە بۆ مێرووڵەکان دەربڕێت،"زمانی ئاماژە و نموونە هێنانەوە"ئەو دووپایەیە بوون کە تەواوی قسەُ و باسەکانی ئەوی لە ئامێز دەگرت، مێرووڵەکان بە زمانی ئاماژە و نموونەکانی مێرووڵەی زانا ڕاهاتن، بە ئاسانی لێی تێدەگەیشتن، ئارامی و ئاسوودەیی بۆ شاری مێرووڵەکان گەڕایەوە"

ئایا ئەو نەوانەی بە دوای ئەواندا دێن دروست لە پەیامەکەی مێرووڵەی زانا تێدەگەن و پارێزگاری لە ئارامی و ئاسوودەیی شارەکەیان دەکەن، یاخود دەکەونە لێکدانەوەی بێ بنەما و ئارەزووبازی و بەرژەوەندگەرایی بۆ پەیامەکە؟ پرسیارێکە و گەرەکە بیری لێ بکەیتەوە...

تەواو...

ئەو کەسەی تر کە لەگەڵ من ئەسپەردەی خاک دەکرێت ناوی"سمکۆ"یە خاڵی ڕاستەقینەی تۆیە...

من بەجێت دەهێڵم، بەڵام هێشتا دوو کەسی تر ماون:"خاڵە مەولود و پووزە فاتم...."

تێبینی / مولك و مالّ و بەجێماوی بنەماڵەکەمان لەگەڵ تەواوی بەڵگەنامەکان و قەوارە تاپۆدا لە ژوورێکی ماڵەکەمان دا یە و لە ناو سندووقێکی گەورەدا پارێزراوە، بۆ وەرگرتنیان پەیوەندی بە بنەماڵەی"حاجی موحسین"ەوە بکە ئەوان لەو گوندەن من تێیدا ژیاوم..

شاد و بەختەوەر بیت...

باپیری ڕاستەقینەت

مەولانا (موهتەدا)

* بە بیرتی دەهێنمەوە تاکو نووسینی ئەم بیرهێنانەوەیە من داستانی"ئادۆ"ی مەزنم بۆ تۆ باس کردووە، لە دوای ئەم دێڕەش هەرچی لە تۆ ڕوو دەدات بەشێکە لە داستانە مەزنەکە...

لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنەوەی داستانەکەدا خۆی و هەموو شتەکانی دەوروبەری لێ بوو بە بوونەوەری خەیاڵی: (من چی دەکەم لەم ژوورەدا، ئەمە ژوورە یان خەیاڵە، بوونی من لە کوێدایە؟ لە بنچینەدا"من"بوونی هەیە؟"بوون"چ مانایەکی هەیە؟ ئەم دەفتەرە خەیاڵە یان واقیع؟ ئەو پیرەمێردە بوونەوەرێکی ئەندێشەیی بوو یان لەراستیدا بوونی هەبوو؟ ئەی من لە کوێم؟ کوا داپیرەم؟ کوانێ جوانی، خۆشەویستی، ناسکی؟ مانای هەموو

ئەمانە لە کوێ یە؟ بۆ شتەکان لە مانا خاڵی دەبنەوە؟ بۆچەقیقەت بااڵی گرتەوە؟ کوانێ"لاقە"؟ بۆ بوو بە سەراب؟ کوا نوکتە خۆشەکانی خاڵە"ئەحمەد"؟ حیکمەتەکانی"خاڵە مەولود"لە کوێن؟ ئەو قسانە قسەی ئەو بوون یان قسەی ڕۆمانووس؟ کوا شەرم و شکۆ؟ شەرم و شکۆ چ مانایەکی هەیە؟

ئەو هەتا ڕۆژی ،لێ بوویەوە لە سەر پرسیاری بێ وەاڵم بەردەوام بوو، بەیانی لەگەاڵ سپێدەی بەرەبەیاندا خۆی ڕووت کردەوە و هەموو پۆشاکەکانی بەری فڕێ دایە ناو باخچەکە و بە ڕووتی کەوتە ناو بازاڕەوە، خەڵکی بە بینینی قسەی سەیر و سەمەرەیان دەکرد، یەکێك دەیوت: (شێتی دین بووە)

یەکێکی تر: (خوێندنەوەی کتێب بەو دەردەی بردووە)

سێیەمیان: (دەڵێن عاشق بووە)

لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەنگ و باسی"ڕاز"هەموو شاری داگیر کرد...

هاوڕێکانی بەپەلە خۆیان گەیاندە مامۆستا"ئەحمەد"و لە حاڵی"ڕاز" ئاگاداریان کردەوە، هەر زوو بە زوو خۆیان گەیاندە"ڕاز"و ویستیان سواری ئۆتۆمبێلەکەی مامۆستا"ئەحمەد"ی بکەن، بەاڵم لە دەستیان هەڵهات و بەرەو مەزاری مەردان لە ڕۆژهەاڵتی شار بە ڕاکردن بۆی دەرچوو، ئەو پڕ بە قوڕگی هاواری دەکرد: (خەڵکینە ئەو بەرگە پەاڵسە لەبەر خۆتان بکەنەوە، وەرن با شارێك لە ڕووتان دروست بکەین... وەرن... وەرن...)

لەگەاڵ بینینی ئەو دیمەنە نامۆیەدا هەر چوار هاوڕێ ئازیزەکەی"ڕاوێژ، یوسوف، شاروخ، جوتیار"پۆشاکی بەریان فڕێ داو کەوتنە هاوار و ڕاکردن: (مەڕۆ،"ڕاز"، مەڕۆ بەجێمان مەهێڵە...)

ئەویش بەدەم ڕاکردنەوە ئاوڕی دایەوە و بانگی دەکردن: (ڕاکەن وەرن، با خۆمان بە شاری ڕووتان دلارام کەین.. دوام بکەون... ڕاکەن...)

مامۆستا"ئەحمەد"بە نائومێدی گەڕایەوە و"ڕاز"و هەرچوار هاوڕێکەی بەرەو زنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی شار بەڕێ کەوتن، شێوان گەیشتنە ئەشکەوتێك کە ناوی"ئەشکەوتی ڕووتان"بوو، دوای کەمێك پشوو خەویان لێ کەوت کاتێ بەئاگا هاتن"خاڵەمەولود"ی باخەوانیان لە ئەشکەوتەکەدا بینی ، جل و بەرگی هەر پێنجیان و دەفتەرەکەی"مەولانا"کە بۆ"ڕاز"ی بەجێهێڵا بوو لەگەڵ خۆی هێنا بوو ، داوای لە"ڕاز"کرد گوێی بۆ بگرێ و ڕاڤەی نهێنی لاپەڕەکانی کۆتایی دەفتەرەکەی بۆ باس بکات، ئەو نهێنییانەی"مەولانا" بۆ"ڕاز"ئاماژەی پێ کرد بوو...

"ڕاز"بە وردی گوێی بۆ لێکدانەوەکانی"خاڵەمەولود"گرت، وشە زێڕینەکانی"خاڵە مەولود"بەقوولّی کاری کردە سەر ناخ و بیری"ڕاز"....

"خاڵەمەولود"لە بەشی کۆتایی دەفتەرەکەی"مەولانا"چەند دێڕێکی بۆ"ڕاز"و چوار هاوەڵەکەی خوێندەوە:

"ڕۆمان بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی"ڕۆمانناووس"، ئەگەر بڵێین: ڕۆمان"ڕۆمانناووس"ە بە هەڵەدا نەچووین، چونکە کۆی بیرو ئەندێشەکانی ئەو لە ناو ڕۆمانەکەدایە، بیر و ئەندێشە بەشێکە لە"ڕۆمانناووس"ناتوانین بڵێین شتێکی سەربەخۆیە و لە دوای نووسینی بە خودی"ڕۆمانناووس"ەوە پەیوەندی نی یە، بەڵام ڕۆمانەکە بوونێکە کە"ڕۆمانناووس"دەیخاتە دەرەوەی خۆیەوە، بۆیە ئێمە و تەواوی بوون بەشێکین لە بوونی"ڕۆمانناووس"، ڕۆمان بریتی یە لە بیرو هەست و نەست و خەیاڵی کەسێك کە بە نووسینەوە بەرجەستەیان دەکات ، ئێمە و ژیان و گەردوون – لە لایەن ڕۆمانناووسەوە – نووسراوینەتەوە، سەراپای بوون ڕۆمانێکی نووسراوی دەستی"ئاهو"ی مەزنە...

"ڕۆمانناووس"و"زانست و بیر و خەیاڵ و هەست و نەستی"و"قەڵەم و کاغەز" و"ڕۆمانی نووسراو"هەر هەموو یەك بوونی زەبەلاحە و ناتوانین لە یەکتریان دابڕین، بەڵام هەریەکەیان لە ئاستێکی تایبەتی بوونداید،

بوونی "ئاهو"ی مەزن لە بوونی "ڕۆمان"ە کەی بالآترە، بەڵکو "ئاهو"ی مەزن لە لووتکەی کەمالّی بێسنووردایە، "ڕۆمانووس" دەیەوێت لە خەزێنەی ئەسراری بوونی بالأی خۆی بخاتە دەرەوە، ئەو دەیەوێت خۆی لە شکۆمەندی خۆیدا نوقم ببێت، دەیەوێت خۆی بناسێنێت، خۆی بە کێ بناسێنێت لە کاتێکدا تەنها "ئەو" بوونی هەیە و بوونەکانی تر سێبەری ئەو بوونەن؟ دەیەوێت خۆی بە خۆی بناسێنێت، واتە خۆی ببێت بە ئاوێنە بۆ خۆی، بۆیە وتراوە: "هەرکەس خۆی بناسێت خوداش دەناسێت"، دەزانن بۆ؟، چونکە گەر مرۆڤ بیەوێت خۆی بناسێت دەبێت خۆی هەڵ بکۆڵێت، دەبێت لە نهێنییەکانی ناوەوەی خۆی بخاتە دەرەوە، پەی بە شاراوەکانی خۆی ببات، تاریکستانەکانی ناوەوە ڕۆشن بکاتەوە، دەریای خامۆش بشڵەقێنێت و شەپۆلی هەڵچوو بە کەنارەکانی وجوودی خۆیدا بدات..

تەجەللیاتەکانی "ڕۆمانووس" کۆتایی نایەت، ئەو لە ئەزەلەوە "ڕۆمان" دەنوسێت، لە ئەزەلەوە تەجەللیات دەکات و مرواریەکانی دەریای ناوەوەی خۆی دەخاتە دەرەوە، کردنی تەجەللیات و دەرهێنانی مرواری لە خودی ئەو کەسە شکۆمەندە کەم ناکاتەوە، بەکارهێنانی چەمکی "کەم و زۆر" بۆ "ئاهو"ی مەزن – کە لە کەمالّێکی ڕەهادایە – بێ مانایەکی گەورەیە...

ئەو هەر ڕۆژێکی نوێ لە شان و شکۆمەندییەکی بێ وێنەدایە: (کل یوم هو فی شأن)، هەموو شکۆمەندییەکانی ڕەها و بێسنوورە و ئەمڕۆی لە دوێنێی کاملّ تر نییە، چونکە گەر وابێت "دوێنێ" بۆ "ئاهو"ی مەزن دەبێت بە ناتەواوی، ئەمەش بۆ گەورەیی و شکۆمەندی ئەو نەشیاوە..

"ڕۆمانووس" بوونی بەڕۆمان بەخشی، "ڕۆمان" یش ناو و ناوبانگی "ڕۆمانووس"ی بە "ئاهو" بەخشی...

"ئاهو"ی مەزن – لە بوونی خۆی– ئێمەی هێنایە بوون، ئێمەیش بوونی ئەومان ئاشکراکرد، ئێمە "ڕۆمانووس"ین لە دۆخێکی تریدا، ئێمە بەفری

کەوتووی قەراغ دەریایەکین لە وەرزێکی گەرما دا دەتوێینەوە و – وەک دڵۆپی ئاو– دەچۆڕێینەوە ناو دایکی دەریا...

"ڕۆماننووس"لە ڕۆمانەکەیدا خۆیشی بەیەکێك لە کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانە زەبەلاحەکەی باس کردووە...."

"ئاهو"ی مەزن"ڕۆماننووس"ە و کەچی خۆی کردووە بە یەکێك لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، ئایا بوون بە کارەکتەری ناو ڕۆمان بۆ"ئاهو"ی مەزن چ ماناییەك دەگەیەنێ؟ ئەو بوون بە کارەکتەرە"ئاهو"ی مەزن دەکات بە بوونێکی خەیاڵیی؟ یان دەیەوێت پێمان بڵێت: بوونی ئێوە بەشێکە لە بوونی"ئاهو"ی مەزن؟ بە هەموومان کار و ڕۆڵی ڕۆمانێك ڕادەپەڕێنین...؟

لەکۆتاییدا هەموو ڕازیبوون پۆشاکەکان بە بەریاندا بکەنەوە، دانیان بە بوونی خۆیاندا نا و باوەڕیان بە ژیان بۆ گەڕایەوە، ئەوان لەگەڵ"خاڵەمەولود"بۆ شار گەڕانەوە، گەڕانەوەی ئەوان بۆ شار گەڕانەوەی"ڕوتەکان"بوو بۆ ناو کەڵێوشەکان ، کەڕانەوەی"شێتەکان"بوو بۆ ناو"ئاقلاّن"، تەسلیم بوونەوەی"یاخییەکان"بوو بە دەسەلاّت ، هاتنەوەیان بۆ شار ڕووخانی"شاری ڕوتەکان"بوو، هاتنەوەیان بۆ کۆمەڵگە ڕمانی کۆمارەکەیان بوو بەڵام بەڕووت بوونەوەیان سەلماندیان مرۆڤ دەتوانێ بەسەر هەموو خووخدەیەکدا زاڵ بێت ، سەلماندیان شارێکی تر هەیە ناوی شاری ڕوتەکانە ، ڕووت بوونەوەی ئەوان دابڕانیان بوو لە هەموو ئەوەی مرۆڤ خوڵقاندویەتی...

"کۆمارێك لە سێبەر"کە تیایدا بوونی ڕاستەقینە تەنها بوونی ڕۆماننووسە، ئێمە خاڵ و پیت و وشەین، ئێمە ژیانمان لەگەڵ یەکتر چەند ڕستەیەکە، ئەو ڕستانەی مانای نوێ بە وشەکان دەبەخشن، ئەو وشانەی کە هەریەکەیان لە خودی خۆیدا مانایەکی هەیە و زۆرجار لە دوو توێی ڕستەدا مانا بنچینەییەکەی خۆی لە دەست دەدا،"کۆمارێك لە سێبەر"کە هەموو شتێکمان بە خەیاڵ لێ دەگۆڕێ و تەنها"حیکمەتی پیران"ە مانا بە بوونمان دەبەخشێتەوە...

لەو پۆژەوە دەسەلآت و کۆمەلگە نەیاندەوێرا فشار بخانە سەر لاوەکان، چونکە دەترسان خۆیان پووت بکەنەوە، دەترسان شاری پووتان ئاوەدان بکەنەوە و تیایدا"کۆماری پوتەکان"ڕابگەیەنن".

تەواو...

ناوەرۆك

	پێشکەش	٥
	نووسەر لە چەند دێڕێکدا:	٧
	کەسایەتییە دیاریەکانی ناو ڕۆمانەکە:	٩
	بەشی یەکەم (١١.....١١٣)	
١	مەنسووری عەتتار	١٣
٢	موهتەدا: زانست و عیرفان، ئەرکی مامۆستایی	٢٩
٣	خانەوادەی"مەنسوور"لە گەشتێکدا	٩١
	بەشی دووەم (١١٥.....١٩١)	
١	مانگی هەنگوینی و ژیانی خێزانی	١١٧
٢	بەگەڕکەوتنی لەتیفەکان و سەرهەڵدانی عیرفانێکی بەڵگەدار	١٣١
٣	دوو ئەقڵی یاخی یەک شێوازی بیرکردنەوە	١٤٩
٤	نەختینەی ناو ژووڕەکە و نهێنی ناو سندووقەکە	١٥٧
٥	جیلوە لە چاوەکانی میهری دا	١٧٣

بەشی سێیەم (۱۹۳.....۳۰۷)		
۱	ڕاز و مەولانا یەکەمین دیدار	۱۹۵
۲	وەرگرتنی مانا و لەخۆ ڕامان	۲۰۷
۳	تیپی شانۆی ئاژەلاّن	۲۲۵
	پەردەی یەکەم	۲۷۳
	پەردەی دووەم	۲٤۱
	پەردەی سێ یەم	۲٤٤
٤	سەردانی خالّی بۆ لای"ڕاز"	۲٤۷
٥	داستانی"ئادۆ"	۲٥۷
٦	ژیانێکی سادە و فەلسەفەیەکی مەزن	۲۸٥
بەشی چوارەم و کۆتایی (۳۰۹.....۳۷۳)		